# کـــورد لە ململانێی
# پێکهاتەکانی خیلافەتی عەبباسی

دیــار مــاهر باپشتی

لەبڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان
٢٠٢٦

**ناوی کتێب:** کورد لە ململانێی پێکهاتەکانی خیلافەتی عەبباسی

**نووسینی:** دیار ماهر باپشتی

**دیزاینی بەرگ:** دیار سەعید شێخۆ پیرانی

**دیزاینی ناوەڕۆک:** هێما ئەحمەد شێخۆ

**سەرپەرشتی چاپ:** مستەفا نەجم فەیلی

**ساڵ و شوێنی چاپ:** هەولێر- ٢٠٢٦

**چاپخانە:** ڕۆژهەڵات

**تیراژ:** ١٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٣٢٥٥) ساڵی ٢٠٢٥ پێدراوە.**

ئــەم توێژینەوەیــە لــە بنەڕەتــدا بەشــێکە لــە پێداویســتیەکانی بەدەســتهێنانی بڕوانامــەی ماســتەر لــە مێــژووی ســەدەکانی ناوەڕاســت، بــە سەرپەرشــتی پ.د. مەهــدی عــوسمان هەروتــی، لەلایــەن توێــژەرەوە پێشکەشــی فاکەلتــی ئــاداب/ زانکــۆی ســۆران کــراوە.

# ناوەرۆك


**پێشەکی...................................................................................٩**

**بەشی یەکەم**

**ناساندنی پێکهاتەکان و ڕیشەی مێژوویان و هۆکارەکانی ململانێ و کێبڕکێیان لە خیلافەتی عەباسیدا**

تەوەری یەکەم: **پێکهاتە جیاوازەکان...........................................٢١**

یەکەم: عەرەب...........................................................................٢١

دووەم: فارس.............................................................................٢٨

سێیەم: دەیلەم............................................................................٣٤

چوارەم : تورك............................................................................٤٠

پێنجەم: کورد.............................................................................٥٠

**تەوەرەی دووەم:** هۆکارەکانی ململانێی نێوان پێکهاتەکان..................٥٩

یەکەم: دەسەڵاتخوازی.................................................................٦٠

دووەم: ئابووری..........................................................................٦٨

سێیەم: نەتەوەیی و ڕەگەزی............................................................٧٦

چوارەم: ئاینی و مەزهەبی..............................................................٨١

**بەشی دووەم**

**ڕۆڵی کورد لە ناکۆکی نێوان پێکهاتەکانی ناو دەسەڵات لە سەردەمی عەبباسییدا**

**تەوەری یەکەم:** بەشداریی کورد لە ململانێی پێکهاتەکان لە چوارچێوەی دەسەڵاتداری بوەیهیدا...........................................٩٣

باسی یەکەم: کێشەی نێوان عەرەب و بوەیهییەکان..........................٩٥

باسی دووەم: نــاکۆکی نــاوخۆیی لەناو بنەماڵەی بوەیهیدا..................١٤٣
باســی ســێیەم: شــەڕ و کێشــەکانی نێــوان دەســەڵاتدارانی بوەیهــی و هێــزەکانی ڕۆژهــەڵات.......................................................................١٥٣
باســی چــوارەم: بــەرەو ڕووبوونەوەکانــی بوەیهــی لەگــەڵ دەیلەمــەکان (مرزبانــی ســالاری)..................................................................١٥٩
**تــەوەرەی دووەم:** هاوبەشــی کــورد لــە کێشــە و ناکۆکــی و ململانێــی نێــوان پێکهاتــەکان لــە ســەردەمی فەرمانڕەوایــی ســەلجوقیدا......................١٦٣
باسی یەکەم: ڕووبەڕووبوونەوەی سەلجوقی و بەساسیری.......................١٦٣
باســی دووەم: گرفتەکانــی دەســەڵاتداریەتیی ســەلجوقی لەگــەڵ خیلافەتــی عەباســیدا......................................................................١٧٥
باسی سێیەم: ململانێیی نێوخۆیی تورکەکان.........................................١٨٧

## بەشی سێیەم
## ڕەنگدانــەوەی ناکۆکــی و ململانێــی پێکهاتەکانــی نــاو دەســەڵاتی عەباســی لەســەر کوردســتانەوە

**تــەوەرەی یەکــەم:** کاریگــەری ململانێــەکان بەســەر رەوشــی سیاســی و ســەربازیی ناوچــە کوردنشــینەکاندا..................................................٢١١
باسی یەکەم: سەرهەڵدان و لەناوچوونی دەسەڵاتە خۆجێیەکان.............٢١١
باسی دووەم: لێکەوتە سەربازییەکان...................................................٢٣٣
**تــەوەرەی دووەم:** دەرئەنجامــە ئابوورییەکانــی ململانێــکان لەســەر ناوچــە کوردنشــینەکان...........................................................................٢٤٩
باسی یەکەم: شوێنەوارەکان لەسەر کشتوکاڵ و بڵاوبوونەوەی دەرەبەگایەتی.٢٤٩
أ. خاپووربوونی کێڵگە کشتوکاڵییەکان....................................................٢٤٩
ب. لەناوچوون و دەستبەسەرداگرتنی سامانی ئاژەڵی.............................٢٦١
ج. بڵاوبوونەوەی ڕژێمی دەرەبەگایەتی.....................................................٢٦٩

باسی دووەم: سەپاندنی باجی زۆر.......................................................٢٧٧
باسی سێیەم: شڵەژانی ئاسایشی خۆراک و بارودۆخی بازرگانی...............٢٨٧
**تەوەرەی سێیەم:** لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی ململانێی پێکهاتەکان بەسەر کۆمەڵگەی کوردییەوە.......................................................٢٩٧
باسی یەکەم: گۆرانکاری لە دیمۆگرافیا و پێکهاتەی دانیشتوان.................٢٩٧
باسی دووەم: لێکەوتە کلتووری و فەرهەنگیەکان (زانست و زمان).........٣١٣
**ئەنجام.........................................................................................٣٢٧**
**لیستی سەرچاوەکان.............................................................٣٣١**

## پێشەکی

یەکێک لە قۆناغە گرنگەکانی مێژووی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، دەکەوێتە نێوان ساڵانی (٣٣٤—٥٩٠ك/٩٤٥-١١٩٣ز) لە چوارچێوەی خیلافەتی عەبباسیدا، ئەم قۆناغە سەردەمی گۆڕانکاریی بەرچاوە لە ناوەندی خیلافەت و سەردەمی خۆسەپاندن و هەژموونی هێزەکانە بووە، کە لە ململانێی و کێبڕکێدا بوون بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆیان، بەشێکی مێژووش پەیوەندی بە ململانێ جۆراوجۆرەکان و شەڕ و لەشکرکێشیەکانەوە هەیە، وەك ئامرازێك بۆ خۆسەپاندن و بەدیهێنانی ئامانجە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکاندا، لە داوێنی هەر ململانێ و شەڕ و لەشکرکێشیەك دەکرێت کاریگەری و شوێنەواری جیاوازی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لێبکەوێتەوە، بارودۆخێك بێتە ئاراوە کە لە سروشتی پێش خۆی جیاواز بێت.

## گرنگیی بابەتەکە

گرنگیــی ئــەو توێژینەوەیــە لــەوە ســەرچاوە دەگرێــت، کــە بابەتــی ململانێــی پێکهاتــەکان بابەتێکــی زینــدووە و پــەردە لەســەر پرســێکی گرنگــی تایبەتــی نــاو مێــژووی کــورد هەڵدەداتــەوە، کــە تــا ئەمــڕۆش بەردەوامــی هەیــە، ئــەوەی ئاشکراشــە ناوچــە کوردنشــینەکان لــە ئەنجامــی ململانێــی ئــەو پێکهاتانــە کەوتونەتــە بــەر شــاڵاوی داگیــرکاری و کاریگــەری لەســەر لایەنــی سیاســی و ئابــووری و کۆمەڵایەتــی هەبــووە، بایــەخ و گرنگــی توێژینەوەکــەش لەوەدایــە کــە ڕۆڵــی کــورد لــەو ململانێیانــە و لێکەوتەکانــی ئــەو ململانێیانــە بەســەر کــورد دەخاتــەڕوو، کــورد خــاوەن کۆمەڵێــك دەســەڵاتی خۆماڵــی بــوون ڕەهەنــدی ناوەندخــوازی وەکــو کلتوورێــك درێژنەبۆتــەوە بــۆ دوای خۆیــان، ئــەوەش کاریگەریــی زۆری بەســەر بارودۆخــی کــورد هەبــووە، کــورد خــۆی لــە چوارچێــوەی هەژموونــی پێکهاتــەکان دەربــاز نەکــردووە، بەڵکــو پەیوەســتی پێکهاتەکانــی تربــووە و وەکــو پاشــخانێکی مێژوویــی بــە کــورد ئــاڵاوە و لەگەڵــی درێــژەی بــە زیندوویەتــی خــۆی داوە، هەرچەنــدە کــورد خاوەنــی کۆمەڵێــك دەســەڵاتی خۆماڵــی بــووە، بــەڵام ڕەهەنــدی ناوەندخــوازی وەکــو کلتوورێــك درێژنەبۆتــەوە بــۆ دوای خۆیــان، ئــەم بارودۆخــە کاریگەریــی گــەورەی بەســەر کــورد و کۆمەڵگەکەیــەوە هەبــووە، هەنگاوێکــی نوێشــە لــە پــەردەلادان لەســەر ڕەهەندەکانــی پشــت ڕووداو و ململانێیــەکان، کــە ڕەهەنــدی هەمەجــۆر لەپشــت ئــەو ململانێیانــە هەبــووە، کــە لێکەوتــە و کاریگەریــی ئەرێنــی و نەرێنــی لــەدوای خــۆ بەجێهــێڵاوە، بۆیــە گرنگیــی تایبەتــی خــۆی هەیــە.

## هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:

هەڵبژاردنـی ئـەو ناونیشـانە بـۆ چەنـد ڕووداوێکـی گرنـگ لـە مێـژووی هەرێمـە کوردنشـینەکان دەگەڕێتـەوە ئەویـش ڕەهەندەکانـی ململانێـی نێـوان پێکهاتـەکان و لێکەوتەکانیـان بەسـەر ناوچـە کوردنشـینەکان لـە سـەدەکانی ناوەڕاسـت. جگـە لـەوەی ئـەم بابەتـە بابەتێکـی زینـدووی مێـژووی کـوردە و تائێسـتاش گرنگیـی خـۆی لەدەسـتنەداوە. دیارکردنـی مـاوەی توێژینـەوە لـە مـاوەی نێـوان (٣٣٤-٥٩٠ك/٩٤٥-١١٩٣ز) دەگەڕێتەوە بـۆ ئـەو ڕووداوە سیاسـی و سـەربازییانەی لـەو ماوەیـە ڕوویانـداوە، بەهـۆی دەرکەوتنـی هێـز و پێکهاتـەی نـوێ لـە هەرێمـە کوردنشـینەکان، پاڵنەرێکـی تـری هەڵبژاردنـی ئـەم بابەتـە، ئەوەیـە کـە گرنگتریـن قۆناغـی مێـژووی کـوردە لەسـەر خاکەکـەی. ئـەم لێکۆڵینەوەیـە دەیەوێـت دەروازەیـەك بکاتـەوە، لەبـارەی ململانێـی ناوەندخـوازی و گرفتەکانـی بـەردەم پەراوێزبوونـی کـورد لەپـاڵ هێـزی زاڵبوونـی ناوەنـد، بوونـی بـە بەشـێك لـە ململانێـی پێکهاتـەکان کـە دواجـار بـە زیانـی کـورد کۆتایهـات. هەرچەنـد ئـەم بابەتـە لابـەلا لـە نامـەی ماسـتەر و تێزەکانـی دکتـۆرا بـە شـێوەیەکی دیاریکـراو باسـکراوە، بـەڵام هەریەکـەو لـە چوارچێـوەی بابەتەکـەی خۆیـدا بـووە، هەوڵـی بەدواداچوونـی هـۆکاری ئـەو ململانێیانـە و لێکەوتەکانـی بەسـەر ناوچـە کوردنشـینەکان بـە ڕوونـی نەخراونەتـەڕوو، بۆیـە لێـرە توێـژەر مەبەسـتی ئەوەیـە بـە گشـتگیری و شـیکارییانە لـەم بابەتـە بکۆڵێتـەوە.

## گیروگرفتی بەردەم توێژینەوەکە

پەرشــوبڵاویی زانیارییــە مێژووییــەکان و کەمــی ئــەو ســەرچاوانە بــوو لەبــارەی ژیــان و کۆمەڵگــەی کــوردی، هەروەهــا زانیاریەکانــی نــاو سـەرچاوەکان زیاتـر لـە ژێرسـایەی هێزەکانـی ناوەنـد (عەبباسـی و بوەیهـی و سـەلجوقیدا) نـووسراون، زۆربـەی ئـەو سـەرچاوانە زیاتـر گرنگییـان بـە ژیانــی سیاســی و ســەربازیی هێزەکانــی ناوەنــد و پێکهاتەکانــی دیکــە داوە، کـەمتر پڕژاونەتـە سـەر لایەنـی فەرهەنگـی، کلتـووری و کۆمەڵایەتـی و ئابـووری، نەخاسـمە ئـەم زانیارییانـە لەمـەڕ هەرێمـە کوردنشـینەکان بن، کە لـە بنەڕەتـدا مێژووەکـەی بـە دەسـت کەمـی سـەرچاوە دەناڵێنێـت، کـورد و هــەواڵ و هەوڵەکانیشــیان تاڕدەیەکــی زۆر لــە پەراوێــزی باســەکاندابوون، ئەمـە وایکـرد هەندێـک کات توێـژەر ناچـار بـووە لـە سـێبەری ڕووداوەکان و بەبەکارهێنانـی ژێـدەرەکان زانیاریـی نـوێ بخاتـەڕوو، ئـەوەش ماندووبـوون و شــەونخوونی زۆری توێــژەری ویســت تاکــو توانــرا بــە ئاوێتەکردنــی هــزری فەلســەفی شــیکردنەوەی بابەتــەکان بکــرێ، هەڵبەتــە لەگــەڵ ویســتنی کاتێکـی زۆر لـەوە زیاتـر بـۆ تەواوکردنـی بابەتەکـە.

**پرسیاری توێژینەوەکە:**

توێــژەر بــە پشــت بــەستن بــە زانیــاری نــاو ســەرچاوەکان و لێکدانــەوەی ڕووداوەکان و شــیکارکردنیان، مەبەســتیەتی بــەدوای وەڵامــی چەنــد پرســێکی گرنــگ لەســەر بابەتــە بداتــەوە، لــە نموونــەی ئەوانــە: ڕیشــەی مێــژووی و هۆکارەکانــی ململانێــی ئــەو ڕەگــەز و پێکهاتانـە بـۆ چـی دەگەڕێتـەوە؟ ڕۆڵـی کـورد لـە کوێـی ململانێـی نێـوان پێکهاتەکانــدا بــووە؟ بەردەوامبوونــی سروشــتی پەراوێزکەوتنــی کــورد کــەوای کــردووە کــورد ببێتــە بەشــێك لــە ململانێـی نێـوان پێکهاتــەکان چیــن؟ بۆچــی کــورد نەیتوانــی وەك پێکهاتەیەکــی ســەرەکی ململانێــی پێکهاتەکانــی ناوەنــد بــکات؟ هەروەهــا ململانێــی نێــوان پێکهاتــەکان چ کاریگەرییەکـی لەسـەر هەرێمـە کوردنشـینەکان لەسـەر لایەنـی سیاسـی، سـەربازی، ئابـووری، کۆمەڵایەتـی، دیمۆگرافـی و زانسـتی هەبـووە؟ ئـەو پرسـیارانە و چەنـدان پرسـیاری تـری هاوشـێوە، پەیوەسـت بـە ململانێـی و لێکەوتەکانــی بەســەر ناوچــە کوردنشــینەکان هەوڵدەدرێــت لــەم لێکۆلینــەوە وەڵامیــان بدرێتــەوە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانج لەم توێژینەوەیە ڕاڤەکردنی زانستییانەی وردە، بۆ زانینی هۆکارەکانی ململانێی پێکهاتەکان و دەرخستنی لێکەوتەکانی ئەو ململانێیە بەسەر ناوچە کوردنشینەکاندا، کاریگەریی بەردەوامی ئەو دۆخە لەسەر کورد، بۆ ئەم مەبەستە پشتمان بە تیۆری ئیبن خلدون بەستووە بە ئامانجی ئەوەی خزمەتی مێژووی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بکەین، توێژینەوەکە دەرچەیەک بێت بۆ توێژینەوەی شیکاریی نوێ لەبارەی ململانێی و لێکەوتەکانی بەسەر ناوچە کوردنشینەکاندا لە سەردەمەکانی دیکەدا، ئامانجی ئێمە سودوەرگرتنە بەشێوەیەکی واقیعگەرایی لە تیۆری ئیبن خەلدون یەکانگیریکردنی لەگەڵ مێژووی کورد و شیکارکردنی بابەتەکان بە شێوەیەکی پشتبەستوو بە دەقە مێژووییەکان. بایەخی توێژینەوەکەش لەوەدا دەردەکەوێت کە پەردە لەسەر ڕۆڵی کورد لەو ململانێیانەو ئەو لێکەوتانەی دەرئەنجامی ئەو ململانێیانە کەوتونەتەوە لەسەر ناوچە کوردنشینەکان لەو ماوەیە خراونەتە ڕوو.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا بۆ گەیاندنی مەبەست و شیکردنەوەی بابەتەکان پشتمان بە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی میژوویی بەستووە، لەگەڵ شیکردنەوەی دەقە مێژووییەکان بە تێگەیشتنی هزریی ئیبن خلدوون، کە شیکاریی ململانێی پێکهاتەکان و ڕەنگدانەوەی لەسەر ناوچە کوردنشینەکان کراوە، چونکە شیکردنەوەی هیچ بابەتێك پڕاوپڕ و تەواو نابێت ئەگەر نەگەڕێتەوە بۆ پاشخانی هزری و مێژوویی، ڕەگ و ڕیشەی سەرهەڵدانی بابەتەکە و خوێندنەوەی وردیشی تێدانەکرێت، ئەویش لەڕێگەی پشتبەستن بە ڕێبازی شیکاری، کە بۆ بابەتیبوونی بابەتەکە سوودمان لێ وەرگرتوون.

## توێژینەوەکانی پێشوو

لـە مـاوەی ڕابـردوودا چەنـدان توێژینـەوەی جیاجیـا ئەنجـام دراون، بـە شـێوەی ناڕاسـتەوخۆ یـان ڕاسـتەوخۆ تیشـکیان خسـتۆتە سـەر بارودۆخـی سیاسـی و سـەربازیی کۆمەڵـگای کـوردی لـە سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا و ئـەو قۆناغـە بـە تایبەتـی لـە هەرێمـە کوردنشـینەکان، لەوانـە (پێکهاتەکانـی کوردسـتان لـە سـەردەمی عەباسـیدا)ی (رسـول ابراهیـم رسـول) کـە بـاس لـە پێکهاتەکانـی کوردسـتان دەکات لـە سـەردەمی عەباسـی و هۆکارەکانـی کـۆچ و ڕۆڵیـان بەسـەر ژیانـی کۆمەڵایەتـی لـە کوردسـتاندا، جگـە لـەوەی هەمـان توێـژەر لـە ماسـتەرنامەکەی بـە نـاوی (کاریگەرییەکانـی لەشکرکێشـیی هێـزە بیانیـەکان بـۆ سـەر کوردسـتان لـە مـاوەی"٤_٨ک/ ١٠_١١ز")، بـاس لـە ژمارەیـەک لەشکرکێشـی بـۆ سـەر کوردسـتان دەکات، تـا چەنـد ئـەو لەشکرکێشـیانە کاریگـەری بـە سـەر هەرێمـە کوردنشـینەکان هەبـووە، لـەم بارەیـەوە سـوودی زۆرمـان لـێ بینیـوە، هەروەهـا نیشـتیمان بەشـیر محەمـەد لـە کتابەکـەی بـە نـاوی (کـورد و سـەلجووقیەکان)، باسـی کـورد و سـەلجووقییەکان دەکات کـە چـۆن هەژموونـی خۆیـان بەسـەر کـورددا سـەپاندووە، هەروەهـا ڕۆڵـی گرنگیـان لـە پەراوێزکردنـی کـورددا بینیـوە، ئـەوەی توێژینـەوەی ئێمـە جیادەکاتـەوە لەمانـە بریتییـە لـە توێژینەوەیەکـی گشـتی دەربـارەی کـورد لـە ململانێـی ئـەو پێکهاتانـەی کـە توانیـان دەسـت بەسـەر ناوەنـدی خەلافەتـی عەباسـیدا بگـرن و ڕۆڵ و کاریگەریـی کـورد لـەو ململانێیانـە و ڕەنگدانـەوەی بەسـەر ناوچـە کوردنشـینەکان لـە مـاوەی نێـوان (٣٣٤—٥٩٠ك/٩٤٥-١١٩٣ز) لەژێـر ڕۆشـنایی تیـۆری ئـیبن خەلـدوون، بریتییـە لـە توێژینەوەیەکـی گشـتی لەبـارەی هۆکارەکانـی پشـت پەراوێزمانـەوەی کـورد و بوونـی

بــە بەشــێك لــە ململانێــی نێــوان پێکهاتــەکان و نەبوونــی گیانــی کێبڕکێــکاری لــەلای کــوردەکان وەك پێکهاتەیەکــی ســەرەکی هاوشــانی هێزەکانــی دیکــە بــۆ ئــەوەی بتوانێــت ململانێــی پێکهاتەکانــی دیکــە بــکات و ڕەنگدانــەوەی ئــەو ململانێیانــە بەســەر ناوچــە کوردنشــینەکان و هۆکارەکانــی پشــت ئــەو ململانێیانــە و لێکەوتەکانــی خراونەتــەڕوو.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە

سـەرەتای توێژینەوەکـە بریتییـە لـە پێشـەکی و سـێ بـەش، ئەنجـام، لیسـتی سـەرچاوەکان، پاشـکۆ و پوختـەی نامەکـە بـە زمانەکانـی عەرەبـی و ئینگلیـزی لـە خۆدەگرێـت.

**بەشـی یەکـەم:** تایبەتکـراوە بـە ڕیشـەی مێژوویـی پێکهاتـەکان و هۆکارەکانـی ململانـێ و کێبڕکـێ لـە خیلافەتـی عەباسـی، کـە خـۆی لـە دوو تـەوەرەدا دەبینێتـەوە، لـە تـەوەری یەکەمـدا باسـی پێکهاتـە جیاوازەکانـی وەك عـەرەب و فـارس و تـورك و دەیلـەم دەکەیـن ڕیشـەی مێژوویـان و تـا گەیشـتنیان بـە ناوەنـدی خەلافەتـی عەباسـی، کوردیـش وەك پێکهاتەیـەك باسـکراوە، تـەوەری دووەمیـش هۆکارەکانـی ململانێـی نێـوان پێکهاتـەکان خراوەتـەڕوو.

**بەشـی دووەم:** بـاس لـە ناکۆکـی لـە نێـوان پێکهاتەکانـی دەسـەڵات لـە سـەردەمی عەباسـی و ڕۆڵـی کـورد لـەو ململانێیانـە دەکەیـن و بەسـەر دوو تـەوەرە دابـەشمان کـردوە، لـە تـەوەرەی یەکـەم بـاسمان کـردوە لـە ململانێـی نێـوان بوەیهییـەکان و خەلیفـەی عەباسـی و هێـزە عەرەبییەکانـی وەك حەمدانـی و عوقەیلـی دەکات لەلایەکـی دیکـە ململانێـی نێـو بنەماڵـەی بوەیهـی سـەرەڕای ململانێیـان لەگـەڵ هێـز و لایەنـە فارسـییەکانی دیکـە و ڕۆڵـی کـورد لـەو ململانێیانـە و ڕەهەندەکانـی بەشـداریکردنی کـورد لـەو ململانێانـە خراونەتـەڕوو، لـە تـەوەری دووەم: بـاس لـە گرفـت و ناکۆکیـی پێکهاتـەکان لـە سـەردەمی فەرمانڕەوایـی سـەلجوقی و چۆنیەتیـی زاڵبونـی سـەلجووقییەکان بەسـەر بوەیهییـەکان دەکەیـن و ناوەنـدی دەسـەڵاتی عەباسـی و ڕووبەڕووبوونـەوەی بەساسـیری و گرفتەکانـی دەسـەڵاتداریەتی سـەلجووقی لەگـەڵ خەلیفـەی عەباسـی و

هێزەکانی دیکە سەرەرای قوڵبونەوە لەسەر ململانێی نێو بنەماڵەی سەلجووقی و ڕۆڵ و کاریگەریی کورد لەو ململانێیانە تا لاوازبوونی سەلجووقییەکان و هاتنە کایەی سیستەمێکی نوێی بەڕێوەبردن لە ناوچە کوردییەکان و دەرکەوتنی ئەتابەکییەکان، ڕەهەندی پەرتەوازەی کورد، وەکو بابەتێکی هەستیار و پەیوەندیدار بە بابەتی کەوتنە ژێرکاریگەریی ئەو ململانێیانە، لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەیان لەبارەوە کراوە.

**بەشی سێیەم:** تەرخانکراوە بۆ ڕەنگدانەوەی ناکۆکی و ململانێی پێکهاتەکان بەسەر ناوچە کوردنشینەکان خراوەتەڕوو بە تێگەیشتن لەو ئامراز و هۆیانەی، کە هێزەکانی ناوەند لە ململانێی پەراوێزخستنی کورددا بەکاریانهێناوە و ئەم بەشەش لە سێ تەوەرە پێکهاتووە، لە تەوەرەی یەکەم: کاریگەریی ململانێیەکان بەسەر ڕەوشی سیاسی و سەربازی و سەرهەڵدانی میرنشینە کوردییەکان و هۆکارەکانی لەناوچوونیان، شوێنەوارە سەربازییەکان خراونەتەڕوو، لە تەوەرەی دووەم: دەرئەنجامە ئابوورییەکانی ململانێکان لەسەر کوردستان و شوێنەوارەکان لەسەر کشتوکاڵ و سامانی ئاژەڵ و سەپاندنی باجی زۆر شڵەژانی ئاسایشی خۆراك و ڕێگا بازرگانییەکان خراونەتەڕوو، لە تەوەرەی سێیەم: لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی ململانێی پێکهاتەکان بەسەر کۆمەڵگەی کوردی و گۆڕانکاری لە دیمۆگرافیا و پێکهاتەی دانیشتوان و لێکەوتە کلتووری و فەرهەنگییەکان، (زانست و زمان) وەك گرنگترین ئەو لێکەوتانە باسکراون کە دەرئەنجامی ململانێی پێکهاتەکان بوونە بەسەر ناوچە کوردنشینەکان، کاریگەری و هەژموونی پێکهاتەکان وەکو جەدەلێکی بێبڕانەوە لە مێژووی کورددا خراوەتەڕوو.

# بەشی یەکەم

## ناساندنی پێکهاتەکان و ڕیشەی مێژوویان و هۆکارەکانی ململانێ و کێبڕکێیان لە خیلافەتی عەباسیدا

**تەوەری یەکەم:** پێکهاتە جیاوازەکان

**تەوەری دووەم:** هۆکارەکانی ململانێی نێوان پێکهاتەکان

# تەوەری یەکەم

## پێکهاتە جیاوازەکان

خیلافەتی عەباسی لە چەندین پێکهاتەی جیاواز پێکهاتبوو، کە بەردەوام لە ململانێدا بوون، لێرەدا مەبەستمانە باس لە ڕیشەی مێژوویی گرنگترین ئەو پێکهاتانە و چۆنیەتیی گەیشتن و دەستگرتنیان بەسەر ناوەندی خیلافەتی عەباسی بکەین بۆیە گرنگترین ئەو پێکهاتانە دەخەینەڕوو.

**یەکەم:** عەرەب

پێکهاتەی عەرەبی لە بنەچەدا دانیشتوانی نیمچە دوورگەی عەرەبین، ناوچەکانیان لە فارس و عەبادان بۆ ڕووباری دیجلە درێژبۆتەوە، ئینجا بەرەو عومان و کەناراوەکانی یەمەن و ئینجا بەرەو کەناراوەکانی دەریای ناوەڕاست تا ناوچەکانی ڕەقە و ڕووباری فورات درێژدەبێتەوە، شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەکیان نیمچە دوورگەی عەرەبی و ناوچەکانی یەمەن و حیجازە، بەهۆی هەلومەرجی جوگرافیی ناوچەکەیان کاری سەرەکییان شوانکاری و چادرنشینی بووە، بە توندی وابەستەی نەریتی خێڵەکی بوون، بەهۆی ئەوەی بەشی زۆری خاکەکەی بیابانە، بۆیە لەماوەی قاتوقوڕیی سەختدا کەوتوونەتە کۆچکردن بەرەو باکوور و کلتووری ناسراو بە ڕەگەزی ڕۆژهەڵاتی نزیک وەردەگرن، بە ڕەگەزی ڕۆژهەڵاتیش دەناسرێن، بەڵام پارێزگارییان لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی زمانەکەیان کردووە، سەرەڕای

ئــەو گۆڕانــە گەورەیــەی بەســەریدا هاتــووە، لــە ڕەگــەزی زمانــە ســامییەکان هەژمــار دەکرێــن[١].

ســەرهەڵدانی ئاینــی ئیــسلام لــە نیمچەدوورگــەی عەرەبــی و هەوڵــدان بــۆ پەرەپێــدان و بڵاوکردنــەوەی لــە دەرەوەی ســەرزەمینی خۆیــان بــە ســەرەتایەکی نــوێ دادەنرێــت بــۆ کۆچــی ئــەو ڕەگــەزە و هەڵکشــانیان بــەرەو ناوچەکانــی دەوروبــەر جــا چ بــە ئاشــتیانە بێــت یــان شــەڕ، ســەرئەنجام بــووە هــۆی بەریەککەوتــن و پێکــدادان لەگــەڵ دوو هێــزی گــەورەی ئــەو ســەردەمە کــە ئیمپراتۆریەتــی ساســانی و ئیمپراتۆریەتــی بێزەنتــی بــوون، دواییــن تێکهەڵچوونیــش لــە ســاڵی (٢١ك/٦٤٢ز)لــە نەهاوەنــد ڕوویــدا لەگــەڵ فارســەکان کــە نــاوی (فتــح الفتــوح)ی لــێنراوە[٢]، لــەوە بــەدواوە کۆتایــی بــە هەژموونــی دەوڵەتــی ساســانی هــێنرا تــا ڕووخانــی لــە ســاڵی (٣١ك/٦٥١ز)لــەوە بــەدواوە باڵادەســتیی عەرەبــە موســڵمانەکان بەســەر وڵاتــی فــارس دەســتیپێکردووە[٣]، بێگومــان ناوچــە کوردییــەکان مەیدانــی یەکلایکردنــەوەی ململانێیــەکان بــوون، هەرچەنــدە ســەرەتاکانی کۆچــی ڕەگــەزی عەرەبــی بــۆ پێــش هاتنــی ئاینــی ئیــسلام دەگەڕێتــەوە و بــە تایبــەت هۆزەکانــی وەکــو (بنــي تغلــب و بنــي ایــاد

---

(١) **ابــن حوقــل**: صــورة الأرض، (بيروت:١٩٩٢)، ص١٧؛ **كارل بــرۆكلمان**: مێــژوی گەلانــی مســولمان، و: عومــەر عەلــی غەفــور، ناوەنــدی توێژینــەوەی جمیــل ڕۆژبەیانــی، (ســلێمانی:٢٠١٧) ل١٩-٢١؛ **حەســەن ئەرفــەع**: كــوردەكان، و: ســەردار محمــد، دەزگای چــاپ و پەخشــی ســەردەم، (ســلێمانی:٢٠٠١)، ل٨.

(٢) الـبلاذري: فتـوح البلـدان، ت: شـوقي ابـو خليـل، مكتبة الأسـد، مج١(دمشـق :١٩٩٧)، ص٣٤٣-٣٤٤؛ أنـور الجنـدي: بەراوردی ئاینەكان، و: نهاد جلال حبيب الله، (هەولێر:٢٠١٢) ل٥٣-٥٤؛ احمـد سوسـة: مفصـل العـرب و اليهـود في تاريـخ، (جـدة:٢٠١٢)، ص٢٥٨؛ صالح حمـد العلي: امتـداد العرب في صـدر الأسلام، (بيروت:١٩٨٣)،ص١٦-١٧.

(٣) موسـى محمـد خضر: وێنـەی كـورد لـە سـەرچاوە مێژووییـە فارسـییەكاندا،چاپخانەی ڕۆژهـەلات، (هەولێـر:٢٠١١) ل٢٨.

و بنـي أسـد و بنـي تميـم)[١] لـە ناوچەکانـی (هەرێمـی جەزیـرە) و هۆزەکانـی (قیـس و بکر)یـش لـە (هەرێمـی چیـاکان) نیشـتەجێ ببـوون[٢]، لـە سـەرەتای بڵاوبوونـەوەی ئیسلامیـش هۆکارگەلێـك بوونـە هـۆی ئـەوەی ڕەگـەزی عەرەبـی لـە ناوچەکانیـان کـۆچ بکـەن، سروشـتی نائاسـایی و ژینگـەی کۆمەڵایەتـی و خراپیـی ئاسـتی بژێـوی و فاکتـەری جوگرافـی بـووە هـۆی ئـەوەی بەبەردەوامـی بـەرەو ئـەو ناوچانـە کۆچبکـەن. هەوڵدەدەیـن لـەو گۆشـەنیگایەوە تیشـك بخەینـە سـەر خزینـی ڕەگـەزی عەرەبـی بـەرەو ناوچەکانـی عێـراق و کوردسـتان[٣]، ئـیبن خەلـدوون سـەرباری بـە کۆچـەر دانانـی عـەرب و تـورك و کـورد، بـەڵام پێـی وایـە لـەم نێوەنـدەدا عـەرەب لەهەموویـان زیاتـر کۆچـەریتر بـوون[٤]. عەرەبـەکان توانیـان کۆگەلێك-ئومەتێـك دروسـت بکـەن کـە هێـز حوکمـی دەکـردن، هەروەهـا توانیـان هەمـوو خێڵـەکان لـە خۆبگـرن.

لـە ڕووی سیاسـییەوە بارودۆخـی ناوچەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ئیسلامـی جێگیـر و هێمـن نەبـوون، بەڵکـو ململانێـی زلهێزەکانـی ساسـانی و بێزەنتـی لەسـەر ناوچەکـە بـاری سەرشـانی گەلانـی ناوچەکەیـان قـورس کردبـوو، کاتێکیـش سـوپای ئیـسلام گەیشـتە ئـەو ناوچانـە و بەسـەر ئـەو

---

(١) ابـن حـزم الأنـدلسي: جمهـرة انسـاب العـرب، ت: عبدالـسلام محمـد هـارون، ط٥ (القاهـرة:د.ت)، ص٣٠٣؛ فيصـل السـامر: الدولـة الحمدانيـة في الموصـل و حلـب، مطبعـة الايمـان، (بغـداد:١٩٧٠)، ص١٧٣-١٧٤.

(٢) فيصـل السـامر: الدولـة الحمدانيـة في الموصـل و حلـب، ص١٦٥؛ رضـا بـن حـسين: ولايـة الجزيـرة التحـولات الأجتماعيـة والسياسـية مـن بدايـة القـرن الثـاني هجـري (الثامن مـيلادي) إلى نهايـة حكـم المعتصـم، رسـالة دكتـوره- كليـة العلـوم الانسـانية والاجتماعيـة، جامعـة تونـس الأولى، (تونـس:٢٠٠٠) ص١٧.

(٣) فـوزی عبـد سهاونە-موسـی عبـودە سـمحە: جوگرافیایـی دانیشـتوان، و: هیـوا ئەمیـن شـوانی، (هەولێـر٢٠٠٩) ل١٦٨.

(٤) موقەدیمە، و: سەعید بەشیر، (سلێمانی:٢٠١٦)، ب١، ل٣٨٢.

دوو هێـزە سـەرکەوت قورسـایی ئـەو دوو هێـزە نەمـاو ڕێگـە بـە ڕووی ڕەگـەزی عەرەبـی ئاوەڵابـوو کـە دەسـەڵاتی سیاسـیی خۆیـان بەسـەر ناوچەکـە بڵاوبکەنـەوە[١]. سـەرەڕای بارودۆخـی سیاسـی، دەکرێـت هـۆکاری سروشـتی و ئابووریـش لەپشـت کۆچـی ڕەگـەزی عەرەبـی بێـت بـەرەو ناوچەکانـی باکـوور بەهـۆی ئـەو ژینگـە سروشـتییەی کـە تیایـدا دەژیـن و وشکەسـاڵی و کەمبوونـەوەی بەرووبـووم و لـەوەڕگاکان و بـەراورد بـە ژمـارەی دانیشـتوان، بۆیـە فاکتـەری ئابـووری بـە هۆکارێکـی گرنـگ دادەنرێـت بـۆ گۆڕانـکاری لـە ژیانـی هـەر کۆمەڵگایـەك بـە مەبەسـتی بەرزکردنـەوەی ئاسـتی گـوزەران و گـەڕان بـەدوای پەیداکردنـی بژێویـی ژیـان، سـەرەڕای ئـەوەی ئـەو هۆزانـە لەگـەڵ کۆچیـان و نیشـتەجێبوونیان لـە ناوچـە کوردنشـینەکان گشـت دابونەریتەکانـی خۆیـان گواسـتەوە بـۆ ئـەو شـوێنانەی کۆچیـان بـۆ کردبـوو، بەتایبـەت ئەوانـەی لـە بـاب و باپیرانیـان بۆیـان مابـووەوە [٢]، بۆیـە لـە دیـدی ئیبن خەلـدوون یەکێـك لـە بنەماکانـی کۆبوونـەوەی مرۆیـی پێویسـتیەکانییەتی و سـەرەڕایی ئـەوەی ڕەگـەزی عەرەبـی بـە داگیرکـەر ناودەبـات، پێیوایـە لـە هەوڵـی بەتـاڵانبردن و سـەپاندنی باجـن بـۆ ئـەو ناوچانـەی کـە دەسـتی بەسـەردادەگرن[٣]. دیـارە فتوحـات هـۆکاری سـەرەکیی گواسـتنەوەی ئیـسلام بـوو بـۆ ناوچـە فەتحکـراوەکان، لەبـەر ئـەوە ئـەو پرۆسـەیە کاراکتـەری سـەرەکی ئاوێتەبوونـی ژیانـی کۆمەڵایەتـی و شارسـتانیەتی نێـوان پێکهاتـە و

---

(١) أبـن الأثير: الكامـل في التاريـخ، تحقيـق: ابوصيـب الكرمـي، (عمان:د.ت)ج٢، ص٣٦١؛ احمـد میـرزا میـرزا: بڵاوبونـەوەی ئاینـی ئیـسلام لـە کوردسـتان، و: بورهـان حاتـم گۆمەتاڵـی، (هەولێـر:٢٠١٦) چ١، ل ٦.

(٢) محمود ياسـين التكريتي: الدور السـياسي للقبائل العربية في الشـام و الجزيرة الفراتية منـذ منتصـف القرن الرابع الهجري، مجلة أداب الرافديـن (الموصل:١٩٧٦)، ع٧، ص١٧٠.

(٣) موقەدیمە، ب٢، ل٤٠٧-٤٠٨.

ڕەگــەزی عەرەبــی بــوو لەگــەڵ پێکهاتــە و ڕەگەزەکانــی تــر[١]، ئــیبن خەلــدوون بەســەرهات و گۆڕانکاریــی عەرەبــی بــە نمونــە هێناوەتــەوە کاتێــك پەیامــی ئیسلامیــان هەڵگــرت و لــە ســەردەمی پەیامەکــە و خەلیفەکانــی ڕاشــدین ئایــن ڕێــی نیشــاندان سیاســەت بەپێــی شــەڕیعەت ئەنجامبــدەن خەلیفەکانیــش هەمــان ڕێگایــان گرتەبــەر، بۆیــە گەیشــتنە ئــەو پایــە و دەســەڵاتە[٢].

لــە ســەردەمی خیلافەتــی ئومەویشــدا (٤١-١٣٢ك) شــەپۆلی کۆچــی هــۆزە عەرەبــەکان هاوشــان لەگــەڵ ناوچــە ئازادکــراوەکان بەردەوامــی هەبــووە، بــە تێپەڕبوونــی کات لەپــاڵ ڕەگەزەکانــی ناوچەکــە بوونــە بەشــێکی ســەرەکی لــە پێکهاتــەی دانیشــتوانی ناوچــە تــازە ئازادکــراوەکان بــە نمونــە (هەرێمــی ئازەربێجــان) کاتێــك فەتــح دەکرێــت هۆزەکانــی مصر و شــام کۆچیــان بۆکــرد و هەریەکــە و دەســتی بەســەر ناوچەیەکــدا گــرت و خەڵکەکــەی بوونــە جوتیــاری ئــەو هــۆزە عەرەبانــە [٣].

بەهاتنــە ســەر دەســەڵاتی (عەباســییەکان) (١٣٢-٦٥٦ك/٧٤٩-١٢٥٨ز) کــە زیاتــر مەیلیــان لــە ڕۆژهــەڵات بــوو، ڕۆژئــاوای ئیسلامیــان فەرامۆشــی کردبــوو[٤]، ئەمــەش گۆڕانێکــی ڕیشــەیی نــاو کۆمەڵگــەی ئیسلامــی بــوو

---

(١) موقەدیمــە، ب٢، ل٥٧٠؛ هەروەهــا بروانــە: ابــن الاجــدابي: الأزمنــة والأنــواء، ت: عــزة حســن،دار أبي رقــراق، ط٢ (الربــاط:٢٠٠٦)، ص١٥.

(٢) نـجمان ياسـين: التاريـخ الأقتصـادي لـعصر الرسـالة و الراشـدين، دار الكتـب العلميـة (بيروت:١٩٧١)، ص١٨٢.

(٣) الهمـذاني: مخـتصر كتـاب البلـدان، تحقيق: يوسـف الهـادي، (بيـروت:١٩٩٦)، ص٥٨١-٥٨٢؛ هاشــم یحیــی الملاح: مێــژووی ســەردەمی پێغەمبــەر و خولەفــای ڕاشــیدین، و: هۆشــیار عبداللــە ســەنگاوی، (هەولێــر:٢٠١١) ل٥١٢-٥١٣ .

(٤) ابــن الطقطقــي: الفخــري في الآداب الســلطانية والــدول الأسلاميــة، (بيــروت: د.ت)، ص١٤٣؛ محمــد ســهيل تقــوش: مێــژووی دەولەتــی عەباســی، و: نهــاد جلال، (هەولێــر:٢٠٠٩) ل٢١.

چونکـە عەباسـییەکان بـە یارمەتـی ڕەگـەزی عەجەمـی هاتنـە سـەر دەسـەڵات، کـە ئەمـەش بەسـەرەتای ناکۆکـی و ململانێـی نێـوان ئـەو دوو پێکهاتـە و ڕەگـەزە دادەنرێـت، کۆچـی ڕەگـەزی عەرەبـی لـە سـەردەمی عەباسـی بـە شـێوەیەکی فـراوان پـەرەی سـەند و لەلایـەن خەلیفـەوە هانـدەدران کـە بـەرەو ناوچـە تـازە ئازادکـراوەکان کـۆچ بکـەن، ئەمـەش بـەردەوام ڕێـژەی ئـەو ڕەگـەزەی زیادکـردووە، دواتریـش کاریگـەری لەسـەر گۆڕانـی پێکهاتـەی شـارەکان کـردووە، کۆچـی هۆزەکانـی (بنـي الشـيبان) بـۆ هەرێمـی ئـاران[١] و هـۆزی (الازد و کنـدة) بـۆ هەرێمـی ئازەربێجـان و عوقیلییـەکان و حەمدانییـەکان بـۆ هەرێمـی جەزیـرە باشتریـن نموونـەن[٢]، ناوچەکانـی دەوروبـەری موسـڵ لـەوەڕگای هاوینـەی هۆزەکانـی (ربیعـة) و (مضر) بـووە[٣]، کـە خـاوەن مەڕومـاڵات بوونـە و دەکرێـت ئەمـەش بەیەکێـك لـە هۆکارەکانـی کۆچـی ڕەگـەزی عەرەبـی دابنرێـت، بەمـەش دەردەکەوێـت کـە فاکتـەری سـەرەکی لـە کۆچکردنـی پێکهاتـە و ڕەگـەزی عەرەبـی بـۆ ئـەو ناوچانـە دەرهاوێشـتەی پڕۆسـەی فتوحاتـی ئیسلامـی بـووە، کـە کاریگـەری لەسـەر دیمۆگرافیایـی ئـەو شـار و هەرێمانـە بەجێهێشـتووە، کـە تیایـدا نیشـتەجێ بـوون، خەلیفـەی

(١) هەرێمـی ئـاران: ئـەو ناوچانـەن کـە کوردیـان تێـدا نیشـتەجێ بـوون، سـنووری جوگرفیـای هەرێمـی ئـاران لـە ڕۆژهەڵاتـی دەریـای قەزوینـە و لـە باشـووری هەرێمـی ئازەربیجـان لـە خۆرئـاوا ئەرمینایە و بەشـێکی گورجسـتانە لـە باکووری چیاکانـی قفقازن، شـارەکانی ئـەم هەرێمـە پێکهاتـوون لـە: بەرزغـە، گەنجـە، شـەماخی، ئانی، دبیـل یاخود (دویـن)، بابوئەبـواب (بـاب الابـواب)، باکـۆ، شروان، تفلیس، بەیلقـان، شـەمکور و بەرزە. ابـن حوقـل: صـورة الأرض، ص٢٨٧؛ یاقـوت الحمـوی: معجـم البلـدان، مـج١،ص١٣٦؛ زرار سـدیق: کـورد و کوردسـتان لـە ڕۆژگاری خیلافەتـی ئیسلامیـدا، ل١٤٢-١٤٣.

(٢) کلیفورد.ا.بـوزورث: الاسرات الحاکمـة في التاریـخ الإسلامـي، (کویـت:١٩٩٥) ص٩٠؛ أحمـد امیـن: ظهـر الأسلام، ت: أحمـد سـعید سـلیمان، (القاهـرة:١٩٤٦) ج١، ص٥٧-٥٨.

(٣) الاصطخري: المسالك والممالك، مطبعة بریل، (لیدن:١٩٣٧)، ص٧٧.

عەباسـی لـە پلەوپایـەی خۆیـدا دەبێتـە جێنشـینی پێغەمبـەری خـودا، کـە فەرمانڕەوایەتیـی مسـوڵمانان دەکات و ئاینـی ئیـسلام بڵاودەکاتـەوە و سـنوورەکانی خـودا دەپارێزێـت و شـەریعەتەکان جێبەجـێ دەکات[١]، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە سـەردەمی عەباسـییەکان خەلیفـەی عەباسـی نوێنەرایەتیـی پێکهاتـە و ڕەگـەزی عەرەبـی دەکـرد، دوای فراوانبوونـی سـنورەکانی دەوڵەتـی ئیسلامـی و هاتنـە نـاوەوەی چەندیـن پێکهاتـە و ڕەگـەزی جیـاواز خیلافەتـی ئیسلامـی تووشـی ناسـەقامگیریی سیاسـی بـوو، پێکهاتـەی عەرەبـی نەیتوانـی وەك پێشـوو پارێـزگاری لـە جومگـە و پێگـە هەسـتیارەکانی دەوڵـەت بـکات، ئـیبن خەلـدوون دەوڵەتـی عەباسـی بـە نموونـە دەهێنێتـەوە و پێیوابـووە ئـەو جـۆرە دەوڵەتـە زیاتـر توشـی ناتـەواوی دەبنـەوە، چونکـە گواسـتنەوەی دەسـەڵات لـە دەمارگیرییەکـی گشـتییەوە بـۆ دەمارگیرییەکـی هاوشـێوەی خـۆی، کـە هیـچ پەیوەندییەکـی دەمارگیرییانـە کۆیانناکاتـەوە، دەبێتـە هـۆی ناتەواویەکـی قەبـە و گـەورە لـە ئاوەدانیـدا[٢]. سـەرەڕای ئـەوەی عەرەبـەکان کاتێـك گەیشـتنە دەسـەڵات و نیشـتەجێبون و کەوتنـە نـاو نـاز و نیعمـەت و خویـان بـە ژیانـەوە گـرت سـیفات و نەریتـە دەشـتەکییەکانیان کەمبوویـەوە و دلاوەری و دەمارگیریـان بـەرەو لاوازی چـوو[٣]، ئەمـەش هۆکارێکـی سـەرەکی بـوو بـۆ دەرکەوتنـی ڕەگـەزی نـوێ کـە لـە دواتـردا دەبنـە جێـی باسـی توێژینەوەکـە.

---

(١) علـی عبدالـرزاق: ئیـسلام و بنەماکانـی فەرمانڕەوایـی، و: ئـارام حاجـی، چاپخانـەی تاران، چ٢(سـلێمانی:٢٠١٥)ل٣٠-٣١.

(٢) محمد عابد الجابری: فکر ابن خلدون العصبیه و الدولة، ط٦(بیروت:١٩٩٤)، ص٢١٦.

(٣) ئیبن خەلدون: موقەدیمە، ب٢، ل٣٨٢.

**دووەم:** فارس

ناوچەکانــی فــارس بــە بەرزایــی و پانتاییەکــی فــراوان پێکدێــت، کــە لــە باشــوورەوە تــا کەنــاری هیندســتان درێژدەبێتــەوە، لــە ڕۆژئــاواش تــا کەنــداوی عــەرەب و لــە ڕۆژهــەڵات بــۆ ســند و لــە باکووریــش بــۆ دەریایــی قەزویــن درێژدەبێتــەوە[١]، فارســەکان بــۆ مــاوەی چەندیــن ســەدە لــە ڕۆژهــەڵات باڵادەســت بــوون تــا گەیشــتنی ســوپای موســڵمانان بــە ســنوورەکانی ئیمراتۆریەتــی ساســانی لــە عێــراق، بەڕیەککەوتنــی یەکلاکــەرەوەی ڕەگــەز و پێکهاتــەی فارســی و عەرەبــی بــۆ جەنگــی (قادســیە)[٢](١٦ك/٦٣٧ز) دەگەڕێتــەوە، کــە تیایــدا موســلمانەکان گەورەتریــن ســەرکەوتنیان تۆمارکــرد و شــکۆی ئیمراتۆریەتــی ساســانی شــکا و دواتــر شاربەشــاری وڵاتەکــە کەوتۆتــە دەســت موســوڵمانان[٣]، بەناوچــە کوردییەکانیشــیەوە، ئەمــەش هاتنــە ئــارای وەرچەرخانێکــی ئاینــی بــوو لەنێــو کــورد بــۆ ســەر ئیــسلام[٤].

لــە ســەردەمی ئومەوییــەکان فارســەکان لــە هەلێــك دەگــەڕان بــۆ گەڕانــەوەی شــکۆی لەدەســتچوویان، کاتێکیــش بانگــەوازی عەباســی لــە

(١) الأدريسي: نزهـة المشـتاق في اختراق الافـاق، مكتبـة الثقافـة الدينية، (القاهـرة:٢٠٠٢)، مـج١، ص٤٠٤؛ على عبدالرحمـن العمـرو: أثـر الفـرس السـياسي في العصر العبـاسي الأول، (د.م :١٩٧٩) ص٤٣؛ محمـد الـخضري بـك: محـاضرات في تاريـخ الأمـم الإسلاميـة الدولـة العباسـية، مؤسسـة المختـار (القاهـرة:٢٠٠٣)، ص٣٨-٤٢.

(٢) بۆ زیاتر زانیاری لەسەر جەنگەکە بڕوانە: البلاذري: فتوح البلدان، ص٣٢٨-٣٣٧ .

(٣) الدينـوري: اخبـار الطـوال (القاهرة:١٣٣٠هــ)، ص١٢٣-١٢٤؛ الثعالبـي: غـر اخبـار الملـوك الفـرس وسيرهـم، (القاهـرة:١٩٦٣) ج٢، ص٦١٦؛ الذهبـي: الـعبر في خبرمـن غبر، دار الكتــب العلميــة (بيــروت:١٩٨٥)، ج١، ص١٥.

(٤) کامـەران عزیـز عبداللـە: جەدەلـی کەنـارو سـەنتەر لـە مێـژووی کـورددا، گۆڤـاری تویـژەر، ژ١، ب٣(سـۆران:٢٠٢٠)، ل٤٣٤.

(خوراسـان)، دەسـتپێکرد دژی ئومەوییـەکان پشـتگیریان کـرد و دوای ئـەوەی عەباسـییەکان توانیـان تەوژمـی دژ بـە ئومەوییـەکان لـە ڕۆژهەڵات بـۆ بەرژەوەندیـی خۆیـان بگـۆڕن[١]، بـە جۆرێـك زۆربـەی شـوێنکەوتووانی (ابـو موسـلم الخوراسـاني) کـە ڕابەرایەتیـی بانگەوازەکـەی کـردووە، لـە جوتیارانـی فـارس بـوون، عەباسـییەکان جاڕیـان بـۆ چاککردنی باروگـوزەرانی (مـوالی) و یەکسـانی لـە نێـوان عـەرەب و فـارس دا، کـە بـە هەرەسـهێنانی ئومەوییـەکان کۆتاییهـات[٢]، ڕۆژهەڵاتنـاس (**یولیـوس ڤلهـوزن**) ئامـاژە بەوە دەدات کـە دوای کۆتاییهاتنـی باڵادەسـتیی بنەماڵـەی ئومـەوی عەرەبـەکان بوونـە نەتـەوە و ڕەگەزێکی چەوسـاوە، فارسـەکان پێگەیان بەرز بـووەوە[٣].

دوای سـەرکەوتنی بانگـەوازی عەباسـییەکانیش فارسـەکان هەوڵیانـدا باڵادەسـتیی ڕەگـەزی خۆیـان بسـەپێنن، ئەمـەش لـە ڕێگـەی هەوڵـدان بـۆ بەدەسـتهێنانی سـەربەخۆیی لەناوچەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ئیسلامـی و وەرگرتنـی پۆسـتە بـاڵاکان بـە نیشـاندانی تایبەتمەندییەکانـی ڕەگـەزی فارسـی کـە لەپێـش هاتنـی ئاینـی ئیـسلام خـاوەن شارسـتانیەت بـوون کاریگەیـی شارسـتانی و تەنانـەت زمانـی فارسـیش بەسـەر خیلافەتـی ئیسلامیـەوە دیاربـوو[٤]، (**فـان فلوتـن**)

---

(١) نـورة بنـت إبراهيـم الظوبهر: الأبعـاد التاريخية لعـداء الفرس للعرب مـن ظهورالاسلام حتـى العصر العباسي، مجلة عصور، مـج١٧، ع٢(السعودية:٢٠١٨)، ص٣٢-٣٣.

(٢) کارل بـرۆکلمان: مێـژوی گەلانـی مسـولمان، ل١٤١-١٤٢؛ ئـاراس فەریـق زەینـەل: دیبلۆماسـیەتی کـورد لەسـەردەمی بوەیهیەکانـدا، (سـلێمانی:٢٠١٢) ل٩١؛ رغـدة سـعيد عابـد: أبـو مسـلم الخراسـاني ودوره في قيـام الدولـة العباسـية، رسـالة الماجسـتير كليـة الدراسـات والبعـث العلمـي- جامعـة الخليـل، (الخليـل:٢٠١٥) ص٢٢-٢٤ .

(٣) تاريـخ الدولـة العربيـة مـن ظهـور الأسلام الى نهايـة الدولـة الأمويـة، ت: محمـد عبـد الهـادي ابـو ريـدة، أدارة الثقافـة العامـة، ط٢(القاهـرة:١٩٦٨) ص٥٠٦.

(٤) أبـن الأزرق: بدائـع السـلك في طبائـع الملـك، ت: على سـامي النشـار، دار الـسلام (القاهــره:٢٠٠٨)، ج٢، ص٦٨٤.

دەربـــارەی دڵســـۆزیی فارســـەکان دەڵێـــت: ((لەگـــەڵ دامەزراندنـــی دەوڵەتـــی عەباســـی خوراســـانییەکانی ئێـــران لـــە هەموویـــان زیاتـــر دڵســـۆزتربوون بـــۆ ئـــەو دەســـەڵاتە نوێیـــە))[١]، ململانێـــی ئەبـــو موســـلیم بـــۆ بەدەســـتهێنانی باڵادەســـتیی خـــۆی لەنـــاو دەوڵەتـــی عەباســـی پاڵپشـــت بـــە ڕەگـــەزی فارســـی، ســـەرئەنجام بـــووە هـــۆی کوژرانـــی لەســـەر دەســـتی (ئەبـــو جعفـــری مەنســـور) (١٣٦-١٥٨ك/٧٥٤-٧٧٥ز) لـــە ســـاڵی (١٣٦ك/٧٥٤ز)دا[٢]، کـــە ئەمـــەش لەلایـــەن ڕەگـــەزی فارســـی زنجیرەیـــەك شـــۆڕش و ڕاپەڕینـــی بـــەدوای خۆیـــدا هێنـــا، بـــەڵام بەهـــۆی بەهێزیـــی دەســـەڵاتی ناوەنـــدی لـــە ســـەردەمی یەکەمـــی عەباســـی، توانیـــان یەکبوونـــی دەوڵـــەت بپارێـــزن و ڕووبـــەڕووی هەمـــوو ئـــاژاوە و شۆڕەشـــەکان ببنـــەوە، بۆیـــە فارســـەکان ویســـتیان لـــە ڕێگـــەی دەســـتگرتن بەســـەر کارگێڕیـــی دەوڵەتـــی عەباســـی ئامانجەکانیـــان بهێننـــەدی، لەمەشـــدا ســـەرکەوتووبوون لـــە ڕێگـــەی دەســـتگرتنی بنەماڵـــەی (بەرمەکـــی)، بەســـەر توانـــا کارگێـــڕی و ســـەربازییەکانی دەوڵەتـــی عەباســـی[٣]، تـــا کارگەیشـــتە دەســـتوەردانە سیاســـەتی دەوڵـــەت و ســـۆزیان بـــۆ نەیارانـــی عەباســـییەکان وایکـــرد (هارونـــە ڕەشـــید)

---

(١) السـيادة العربيـة والشـيعة والأسرائيليـات في عهـد بنـي اميـة، ت: حسـن ابراهيـم حســن-محمد زكي ابراهيــم، مطبعــة الســعادة (القاهــرة:١٩٣٤)، ص١٣٤.

(٢) اليافعـي: مـرآة الجنـان وعبرة اليقظـان في معرفـة ومـا يعـتبر مـن حـوادث الزمـان، (بيروت:١٩٩٧)ج١، ص٢٢٩؛ امينـه بيطـار: تاريـخ الـعصر العبـاسي، ط٤ (دمشـق:١٩٩٧)، ص١٣٥-١٣٦؛ جرجــي زيــدان: أبومســلم الخراســانی، (القاهــرة:٢٠١٢)، ص٣١٠-٣١١؛ طـارق فتحـي سـلطان الدليمـي: أبومسـلم الخراسـانی(١٠٠-١٣٩هـ/٧١٨-٧٥٥م) دراسـة تاريخيــة تحليليــة، مجلــة جامعــة موصــل، مــج٢، ع٣ (موصــل:٢٠٠٥)، ص١١٠-١١١.

(٣) محمــد عبداللــة نجــم الجمــيلي: الــوزراء والكتــاب للجهشياري(دراســة تاريخيــة)، رســالة دكتــوراه كليــة الآداب- جامعــة بغــداد، (بغــداد:٢٠٠٥)، ص١٦٦.

(١٧٠-١٩٣کـ/٧٨٦-٨٠٩ز) بەگژیانـدا بچێتـەوە و کۆتایـی بەدەسـەڵاتیان بهێنێـت[١]. ئـیبن خەلـدوون پێیوایـە بەرمەکییـەکان لـە دەربـاری عەباسـییەکاندا بوونـە خانـەدان و شـەرەف و گەورەییـان بەدەسـت هێنـا[٢]، بەمـەش بۆمـان ڕووندەبێتـەوە کـە سـەرۆکایەتی لـە ڕێگـەی هێـز و دەسـەڵاتەوە دێتـەدی و لـە ڕێگـەی دەمارگیریـەوە بەدیدێـت، کـە لەوکاتـەوە عەباسـییەکان توانیبوویـان بەسـەر نەتـەوە و پێکهاتـە و گەلانـی ناوچەکـە بیسـەپێنن.

لـە کێشـەی نێوان(ئەمیـن و مەئمـون)(١٩٥ك/٨١١ز)[٣]، لەسـەر خیلافـەت فارسـەکان ڕۆڵێکـی باڵایـان گێـڕا لەقوڵبوونـەوەی ناکۆکیـی نێوانیـان بـە جۆرێـك (مەئمـون) لـە خوراسـانەوە پشـتی بـە سـەرکردە فارسـەکان دەبەسـت و کاروبـاری بەدەسـتەوە دەدان و پلەوپایـەی گرنـگ و سـەرەکی لـە دەوڵـەت پیبەخشـیبوون، دوای سەرکەوتنیشـی بەسـەر (ئەمیـن)دا، خوراسـانییەکانی بێئومێـد کـرد کاتێـك لـە سـاڵی (٢٠٢ك/٨١٧ز) بڕیـاری گەڕانـەوەی دا بـۆ بەغـداد وەك ناوەنـدی دەسـەڵات[٤]، لـە

---

(١) المقدسـي: البـدء والتأريـخ، ج٦، ص١٠٤-١٠٥ ؛ القزوينـي: تاريـخ گزيـده، (بغـداد:١٩٦٠)،ص٣٠٥-٣٠٦؛

G. Audisio, Harun ar Rashid, Caliph of Baghdad, N, Abbott, Two Queens of Baghdad, (il Chicago 1946) p53-55.

L. Bouvat, Les Barmecides d,après les historiens arabes et person,( Paris, 1912) p86-87.

(٢) موقەدیمە، ب٢، ل٣٧٧ .

(٣) بـۆ درێـژەی ململانێـی نێوانیـان بڕوانـە: الـطبري: تاريـخ الرسـل و الملـك، ت: محمـد ابـو الفضـل ابراهيـم، دار المعـارف، ط٣ (القاهـرة:١٩٦٤)،ج٨، ص٣٧٤؛ المسـعودي: التنبيـه والأشراف، ت: عبداللـة أسماعيـل، المكتبـة المثنـى، (بغـداد:١٩٣٨)، ص٣٠٠-٣٠٥.

(٤) الأصفهـاني: مقاتـل الطالبـين، ت: أحمد صقـر، (القاهرة:١٩٤٩)، ص٥٠٩ ؛ الجهشـيارى: كتـاب الـوزراء و الكتاب، ت: مصطفى السـقا، (القاهـرة:١٩٣٨) ج١، ص٢٩٨-٣١٦.

(٢٠٤ك/٨١٩ز) گەیشـتە بەغـداد[1]، بەمـەش گۆڕانکارییەکـی ڕیشـەیی لـە ڕێـڕەوی خیلافەتـی عەباسـی دەنوێنێـت بەمانـای ئاوابوونـی ئـەو مۆرکـە فارسـییەی کـە لەمـاوەی ڕابـردوو بـە دەوڵەتەکـەوە بـوو و گەڕانـەوە بـۆ بنەڕەتـی عەرەبـی[2]، بـەم کارە قەڵەمـڕەوی و دەسـەڵاتی فارسـەکان ئاوابـوو سـەرەڕای چەندیـن شـۆرش و ڕاپەڕیـن دژی خیلافەتـی عەباسـی، کـە پاشـخانی فارسـییان هەبـوو، بـەڵام نەیانتوانـی سـەرکەوتووبن، بۆیـە جۆرێـك لـە کەمبوونـەوە و پووکانـەوەی پێکهاتـەی فارسـی بـەدوای خۆیـدا هێنـا، کـە دەکرێـت پەیوەنـدی بـە کەمبوونـەوەی ڕۆڵـی سیاسـی و کارگێڕییانـەوە هەبوبێـت. (**أحمـد أميـن**) پێیوایـە ئەگـەر دەوڵەتـی عەباسـیش لەسـەر شـانی فارسـەکانەوە دروسـت بووبێـت و لـە سـەرەتادا بـە دەوڵەتێکـی نیمچـە فارسـیش وێناکرابێـت، بـەڵام ئـەوە نەبـووە هـۆی ئـەوەی کـە خەلیفەکانـی عەباسـی بنچینـەی ڕەگـەزی عەرەبیـی خۆیـان لەیادبکـەن، کاتێکیـش خەلیفەکانـی عەباسـی درکیـان بـەوە کـرد کـە فارسـەکان دەیانەوێـت دەسـەڵاتێکی سـەربەخۆیان هەبێـت، ڕووبەڕوویـان بوونـەوە و سـنورێکیان بـۆ دانـان، وەك چـۆن ڕەشـید بـە بەرمەکیەکانـی کـرد[3]. خەلیفـە (المعتصـم) (٢١٨-٢٢٧ك/٨٣٣_٨٤١ز) بەهـۆی بێمتمانەیـی بـە فارسـەکان و تێکچوونـی هاوسـەنگی نێـوان ڕەگـەزی فارسـی و ڕەگـەزی عەڕەبـی پشـتی بـە ڕەگـەزی سـێیەم بەسـت کـە ئەویـش تورکـەکان بـوون[4]، هۆکارەکەشـی ئـەوە بـوو کـە کۆمەڵێـك

---

(١) اليعقـوبي: تاريـخ اليعقـوبي، ت: عبـد الامير مهنـا، (بيروت:٢٠١٠) مـج٢، ص٣٨٧-٣٩٦؛ أبي الفـدا: المخـتصر في أخبـار الـبشر، دارالمعـارف (القاهـره:١٩٩٨) ج٢، ص٢٣؛ نبيلـة حسـن محمـد: تاريـخ الدولـة العباسـية، دار المعرفـة (الأسـكندرية:١٩٩٣) ص٢٠٣.

(٢) أبي الفدا: المختصر في أخبار البشر، ج٢، ص٢٣-٢٤.

(٣) بروانه: ظهر الأسلام، مطبعة الأعتماد (القاهرة:١٩٣٣)، ج١، ص٤٩،٣٥.

(٤) الدينـوری: الأخبـار الطـوال، ت: عصـام محمـد العـاج علي، دار الكتـب العلميـة

شــۆرش کــە پاشــخانی ئاینــی و مەزهەبییــان هەبــوو لــە فارســەکان و عەرەبــەکان دژی خیلافەتــی عەباســی هەڵگیرســان[1]، ئــیبن خەلــدوون هۆکارەکــەی دەگەڕێنێتــەوە بــۆ خراپیــی دەمارگیــری عەرەبــی لــە ســەردەمی خەلیفــە (المعتصــم)، کــە واییکــرد پشــت بــە تــورك و دەیلــەم ببەسترێــت[2]، بەمــەش ســەردەم و قۆناغێکــی نــوێ لەنــاو خیلافەتــی عەباســی دەســتیپێکرد.

(بیروت:١٩٧١) ص٥٩٠.

(١) الأزدي: تاريخ الموصل، ت: علي حبيبة، (القاهرة:١٩٦٧)، ص٤٢٦.

(٢) موقەدیمە، ب٢، ل٤٢٠.

**سێیەم:** دەیلەم [١]

دەیلەم میللەتێکی کۆن و دێرینی ئێرانن بە یەکێك لە ڕەگەزە موسوڵمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی دادەنرێن، لە ناوچەکانی (طبرستان، جرجان، لێوارەکانی باکووری دەریاچەی خەزەر) نیشتەجێبوون و زمانیان فارسییە، بۆیەش ئەو ڕەگەزە ناوی خۆیان لە ناوی ناوچەکەیانەوە وەرگرتووە و پێی ناسراون[٢]، بەهۆی سەختیی ناوچە شاخاوییەکانیان و زەحمەتیی کۆنترۆڵکردنیان دەیلەمەکان بە سەربەخۆیی لە ناوچەکانیان ژیاون سەرەڕای ئەوەی کەسانی لێهاتوو شەڕکەری بەتوانابوونە، لە کۆندا بەپادشای ناوچە شاخاوییەکان ناسراون[٣]، یەکەم گەیشتنی ئاینی ئیسلام بۆ ناوچەکانیان لە کۆتاییەکانی سەدەی (٣ك/٩ز) بوو، بەڵام بەهۆی شەڕانگێزییان ئاینی ئیسلامیان قبوڵ نەبوو، بەرهەڵستییان کرد و لەسەر دابونەریتی کۆنی خۆیان مانەوە. دیارە بەهۆی سەختی شوێنی جوگرافیاکەیان زەحمەت بووە بە درێژایی سەردەمەکان دەست بەسەر ئەو شوێنە شاخاوییە

---

(١) دیلم: ناوچەیەکی فراوانەو بەهەمووە ئەو ناوچانە دەوترێت کە کەوتونەتە باشوری دەریایی خەزەر لە ڕۆژهەڵاتیانەوە بە ناوچەکانی ڕەی و طبرستان و لە باشوڕ شارەکانی هەرێمی چیا (قزوین)لە رۆژئاواشیەو ئازەربێجان و لە باکوریەوە دەریایی خەزەر دەورە دراوە، ناوچەیەکی بە ئاو و خەڵکێکی ڕەوشت باشن و لەشەڕو جەنگ ئازان. بڕوانە: ابن حوقل: صورة الأرض، ص٣١٨؛ المقدسي: احسن التقاسيم في معرفة الأقاليم، ط٣(القاهرة:١٩٩١)، ص٣٥٣؛ نەوزاد خالد رؤوف: ململانێ ناوخۆیەکانی ناومیرنشینە کوردیەکان لە سەدەی پێنجی کۆچی/یازدەی زایینیدا، نامەی ماستەرە، کۆلێژی ئەدەبیات- زانکۆی سەلاحەددین، (هەولێر:٢٠١٤) ل١٣.

(٢) المسعودي: مروج الذهب و معادن الجوهر، ص١٣١؛ المقدسي: احسن التقاسيم، ص٣٥٣-٣٥٤؛ زرار صديق توفيق: کورد و کوردستان لە رۆژگاری خەڵافەتی ئیسلامیدا ،چاپخانەی رۆژهەڵات، چ٢ (هەولێر:٢٠١٢)، ل١٢٤.

(٣) القزويني: اثارالبلاد وأخبار العباد، ص٣٣٠.

سـەختانه بگیرێـت و تـا درەنـگ نەهاتنـە نـاو ئاینـی ئیـسلام[١]، دواتـر لەسـەر دەسـتی (حسـن بـن علـى العلـوي الأطـروش) موسـڵمان بـوون[٢]، لەبـەر ئـەوەی شـەڕکەری بەتوانـا بوونـە، بـەردەوام هەوڵـی فراوانخوازییـان دەدا بۆیـە زۆرێـك لـە هێـزە باڵادەسـتەکانی ناوچەکـە سـوودیان لـە تواناکانیـان وەرگرتـوون و لـە پێکهاتـە جیاوازەکانـی سـوپا بەکاریانهێنـاون، ئەمـەش ئـەو هەڵـەی لەبەردەمیـان ڕەخسـاندووە بـۆ ئـەوەی بـە ئاسـانی بـەرەو ناوچەکانـی دەوروبەریـان پەلبهاوێـژن و وەك پێکهاتەیەکـی کاریگەریـش ململانێیـان لەگـەڵ هێـز و پێکهاتەکانـی دیکـەی ناوچەکـەدا کـردووە[٣]، بـە تایبـەت دوای ئـەوەی لـە گۆڕەپانـی سیاسـی لـە ژێـر نـاوی زیارییـەکان[٤] کـە بنەماڵەیەکـی دەیلەمـی بـوون بەدەرکەوتـن و میرنشـینێکیان لەسـاڵی(٣١٦ك/٩٢٨ز) دامەزرانـد لـە ژێـرِ سـەرکردایەتی

---

(١) ابراهيـم عبدالمنعـم سلامـة أبوالـعلا: في تاريـخ الدولـة لإسلاميـة المشرقيـة المسـتقلة عــن الخلافــة العباسـية، مركــز الأسـكندرية للكتــاب، (الأسـكندرية:٢٠٠٥)، ص ٣٠٧ ؛ حسـن منيمنـة: تاريـخ الدولـة البويهيـة، الـدار الجامعيـة (بيروت: ١٩٨٧) ص٨٨؛ على حسـن غضبـان: البويهيـون في فـارس، دار الرافديـن، (بغـداد:٢٠١٤)، ص١٠٢-١٠٦.

(٢) السيوطي: تاريخ الخلفاء، ص٣٠٢.

(٣) حسـن أحمـد محمود-أحمـد ابراهيـم شريـف: العـالم الأسلامـي فـى عصر العبـاسي، الـدار الفكـر العـربي، ط٥(القاهـرة: د.ت)،ص٤٩٣-٤٩٤؛ رسـول ابراهيـم رسـول: کاریگەریەکانــی لەشکرکێشــی هێــزە بیانیــەکان بــۆ ســەر کوردســتان ،چاپخانــەی لەریا،(سـلێمانی:٢٠١٣) ل١٣٥.

(٤) زیارییـەکان: بنەماڵەیەکـی دەیلمـی بـوون لـە نێـوان سـاڵانی (٣١٦-٤٨٣ك/٩٢٨-١٠٩٠ز) فەرمانـڕەوای بەشـێکی خاکـی ئێرانیـان کـردووە، ئـەم دەسـەڵاتە لەسـەر دەسـتی میرداویـج لـە ناوچەکانـی (جرجان-طبرستان-الری -دینـور- همـدان) دامـەزرا، هەڕەشـەی لەناوبردنـی خیلافەتیشـان دەکـرد. بڕوانـە: النويـری: نهايـة الأرب في فنـون الأدب، ج٢٦، ص٧؛ الذهبـي: الـعبر في خبرمـن غبر، ج٢، ص١٩١؛ العمـری: مسـالك الأبصـار في ممالـك الأمصـار، ج٢٦، ص١١٥.

(مـرداوج بـن زیـار)[١]، دەسـتیان بەسـەر ناوچەکانـی (جرجـان، طبرسـتان و استرابـاد) داگرتـووە، ئینجـا بـەرەو ناوچەکانـی ڕۆژئـاوای هەرێمـی چیـا و ئازەربیجـان کشـان و دەسـتیان بەسـەرداگرت[٢]، دەیلەمەکانیـش وەك پێکهێنـەری سـەرەکیی سـوپای زیاریـەکان بـە ناوچەکـەدا بڵاوبوونـەوە و دەسـتیان بەسـەر شـارەکانی (ڕەی -قزویـن – زنجـان – همدان-دینـور- ئەهـواز -ئەسـفەهان و کرمـان) داگـرت و ناوچەکانیـان تاڵانکـرد، تاگەیشـتنە حلـوان، هەوڵەکانـی مـڕداوج لـە دەسـتگرتن بەسـەر بەغـداد هۆکارێـك بـوو بۆئـەوەی پێکهاتـەی دەیلـەم کـۆچ بکـەن بـۆ ناوچـە کوردییـەکان و بـووە هـۆی زیادبوونـی ژمارەیـان لـەو ناوچانـە[٣].

بوەیهییـەکان وەك ڕەگەزێکـی دەیلـەم و هێزێکـی کاریگـەر لـە گۆڕەپانی ڕووداوە سیاسـییەکان ڕۆڵیـان هەبـوو توانیبوویـان دەسـەڵاتی خۆیـان لـە ناوچەکانـی ئێـران بسـەپێنن بەهـۆی ئـەوەی کوڕەکانـی (ابـو شـجاع)[٤]

---

(١) مـرداوج بـن زیـار: یەکێـك بـوو لـە فەرمانـدە سـەربازییەکان توانـی بەسـەر سـوپای (مـاکان) سـەربکەوێت، ئەمـەش هـۆکاری ڕاسـتەوخۆی سـەرهەڵدانی بوەیهییـەکان بـوو، لەسـەر دەسـتی دەسـتەیەك لـە سـەربازە تورکەکانـی لـە سـاڵی (٣٢٣ك/٩٣٥ز) کـوژرا. بڕوانـە: ابـن الأثیر: الكامـل في التاریـخ، ج٨، ص٢٩٥؛ النویـری: نهایـة الأرب في فنـون الأدب، ت: نجیـب مصطفى-حکمـت کـشلي، دار الکتـب العلمیـة، ج٢٦ (بیروت:٢٠٠٤)، ص٧.

(٢) القرمـاني: اخبـار الـدول واثـار الاول في التاریـخ، تألیـف: أحمـد حطیط-فهمـي سـعد، عـالم الکتـب، مـج٢(بیروت:١٩٩٢)، ص٤٤٣.

(٣) ابـن الأثیر: الكامـل في التاریـخ، ج٩، ص٣٧٧؛ فـراس سـلیم الحسـني السـامرائي: تاریـخ الإمـارات الإسلامیـة بـالمشرق الإسلامـي، دار الرضـوان (عمان:٢٠١٥) ص١٠٩.

(٤) أبـو شـجاع: نـاوی ئەبـو شـوجاع بویـە کـوڕی فەناخـوسرەو کـوڕی تەمـام کـوڕی کوهـی کـوڕی شـێرزیلە، سـەبارەت بـە سـەرەتای بارودۆخـی، کۆمەڵێک لە مێژوونووسـان پێیـان وایـە کـە ئـەو ماسـیگرێک بـووە و بژێویـی ژیانـی لەسـەر ماسـیگرتن بـووە، دواتـر وەک سـەربازێک خزمەتـی کـردووە، کەسـێکی ئـازا و لێهاتـوو بـووە و خاوەنـی پێنـج منداڵبـووە، بەناوبانگترینیـان بریتیـن لـە: (عـیماد الدولة-ئەبـو الحسـن علـی- روکن

لـە سـوپای مرداوجـی زەیـاری ڕۆڵیـان هەبـوو دوای مردنـی مرداویـج[١]، ئـەو هەلەیـان بـۆ ڕەخسـا کـە دەسـەڵاتی خۆیـان بەسـەر چەندیـن ناوچـە لـە هەرێمـی چیـا بڵاوبکەنـەوە و پەڵبهاوێـژن دوای ئـەوەی تـەرازووی هێـز لـە بەرژەوەندیـی ئـەوان بـوو، (النویـری) بـە ئاماژەدان بـۆ ڕووداوەکانـی سـاڵی(٣٢٣ك/٩٣٥ز) دوای دەستبەسـەرداگرتنی شـیراز لـە لایـەن (علـی بـن بویـە) کەدواتـر نازنـاوی(عماد الدولـة)ی وەرگـرت و سـەپاندنی هەژمـوون و دەسـەڵاتی خـۆی بەسـەر وڵاتـی فـارس، داوا لـە خەلیفـەی عەباسـی (الراضـی باللـە)(٣٢٢-٣٢٩ك/٩٣٤-٩٤٠ز) و وەزیرەکـەی (أبـی علـی بـن مقلـة)دەکات دان بەدەسـەڵاتی بنێـن و بـە نـاوی خیلافەتـی عەباسـی فەرمانڕەوایـی ناوچەکـە بـکات [٢].

دوای ئـەوەی بوەیهییـەکان توانییـان دەسـت بەسـەر ناوچەیەکـی فـراوان بگـرن لـە هەرێمەکانـی چیـا و فـارس ئینجـا (أحمـد کـوڕی بویـە) لـە سـاڵی (٣٣٤ك/٩٤٥ز) توانـی دەسـت بەسـەر بەغـداد دابگرێـت و بەمـەش هـەر سـێ براکـە توانیـان دەسـەڵاتی خۆیـان بسـەپێنن و هـەر یەکیـان لـە مەڵبەندەکانـی ڕەی و شـیراز و بەغـداد لـە چوارچێـوەی بنەماڵەیـی بوەیهـی دەسـەڵات بەڕێوەببـەن[٣]، عەباسـییەکان بـە

---

الدولـة ئەبـو عەلـی حەسـەن- موعیـز الدولـة ئەبـو حسـێن ئەحمەد)سـەرەرای محەمـەد و ئیبراهیـم، کـە سـەرەتا لـە سـوپای (مـاکان ) دواتریـش لـە سـوپای (مـرداوج) بوونـە سـەرباز. بڕوانـە: النویـری: نهایـة الأرب في فنـون الأدب، ج٢٦ (بیروت:٢٠٠٤)، ص٩٣؛ العمـری: مسـالك الأبصـار في ممالـك الأمصـار، ت: کامـل سـلیمان جبـوري، دار الکتـب العلمیـة، ج٢٦ (بیروت:٢٠١٠)، ص١٢.

(١) العمری: مسالك الأبصار في ممالك الأمصار، ج٢٦، ص١٢٧-١٢٨.

(٢) نهایة الأرب في فنون الأدب، ج٢٦، ص٩٨.

(٣) العمـري: مسـالك الأبصـار في ممالـك الأمصـار، ج٢٦، ص١٤٣-١٤٤؛ ریچـارد ن.فـرای: عصر زریـن فرهنـگ ایـران، ت: مسـعود رجـب نیـا، چاپخانـە سروش، (تهـران:١٣٦٣)، ص٢٢٧؛ عبـد النعیـم محمـد حسـنین: دولـة السلاجقـة، ص١٤-١٥.

یارمەتیـــی گەلانـــی نـــا عـــەرەب خیلافەتـــی عەباســـیان دامەزرانـــد و بـــۆ پارێـــزگاری کـــردن لـــە دەســـەڵاتی خۆیـــان و ســـنووری فراوانـــی دەوڵەتەکەیـــان دەبـــوو پشـــت بـــە هێـــزی بەکرێگیـــراوی گەلانـــی نـــا عـــەرەب ببـــەستن، بـــۆ ئـــەم مەبەســـتەش ســـوپای عەباســـی پشـــتی بـــە خەڵکـــی گـــەیلان و دەیلـــەم دەبەســـت، بەهـــۆی ئـــەوەی خەلیفەکانـــی عەباســـی نەیـــان توانـــی بۆشـــایی ســـوپا بـــە ڕەگـــەزی عەرەبـــی پڕبکەنـــەوە بۆیـــە ناچـــار پەنایـــان بـــۆ ســـەربازە بەکرێگیـــراوەکان دەبـــرد، و بەهـــۆی ئـــەوەی ڕەگـــەزە ناعەرەبـــەکان ســـەرچاوەی ســـەرەکی هێـــزی مرۆیـــی ســـوپا بـــوون توانیبوویـــان پۆســـتە باڵاکانـــی ســـوپا کۆنتـــڕۆڵ بکـــەن و نازنـــاوی شاهنشـــاه و ئەمیـــری ئەمیرانیـــان بـــۆ خۆیـــان دادەنـــا، بەمـــەش دەیلەمـــەکان بوونـــە مەترســـییەکی ڕاســـتەقینە لەســـەر دەزگای خەلافـــەت[1].

لـە قۆناغەکانـی دواتـر دەسـەڵاتی دەیلەمـەکان گەیشـتبووە ڕادەیـەك خەلیفـە دەسـەڵاتی دنیایـی و سیاسـی و جەنگـی لەدەسـتدا، بوەیهییـەکان لەبـەر ئـەوەی سـەر بـە ئاینزایـی شـیعە بـوون زۆر جـار سـووکایەتییان بـە خەلیفـەی عەباسـی دەکـرد، درێغیـان نەکـرد لـە هێرشـکردنە سـەر خەلیفەکانـی عەباسـی و کەمکردنـەوە و زەوتکردنـی مافەکانیـان، خەلیفـە هیـچ شـکۆمەندییەکی نەمابوویـەوە تەنهـا نـاوی لەسـەر دراوی لێـدراو وتـاری ڕۆژانـی هەینـی دەهـات، وەك (**البیـروني**) دەڵێـت: ((ئـەو دەسـەڵاتەی کـە بەدەسـتیەوە مابـۆوە شـتێکی ئاینـی و بیروبـاوەڕی بـوو، نـەك پادشـایی و دنیایـی))[2]، ئـەوەش بەڵگەیـە لەسـەر لاوازیـی

(١) نەوشـێروان مسـتەفا: کـورد و عەجـەم مێژویـی سیاسـیی کوردەکانـی ئێـران، چاپخانــەی ڕوون، (ســلێمانی:٢٠٠٧)، ل١٠.
(٢) الآثار الباقية عن القرون الخالية (د.م :١٩٢٣)، ص١٣٢ .

دەسـەڵاتی خەلیفەکانـی عەباسـی هاوشـان دەسـەڵاتی بوەیهییەکانیـش بەرەبـەرە ڕووی لاوازی کـرد و لـە کۆتاییەکانـی فەرمانڕەوایـان بارودۆخـی دەوڵەتـی عەباسـی بـە جۆرێـك خـراپ بـوو، کـە نـە بـە پادشـایەکانی بوەیهـی نـە بـە خەلیفـەی عەباسـی چارەسـەر نەدەکـرا، بەهـۆی ئـەوەی وڵات کەوتبـووە گێـژاوی ململانـێ و کێشـە و ئـاژاوە و ناکۆکیـی نێـوان شـیعە و سـونەکانیش لـە پەرەسـەندن دابـوو، هەمـوو ئەمانـە وڵاتیـان بـە تـەواوی شـپرزە کـرد و بـووە هـۆی دەرکەوتنـی سـەلجووقییەکان، بەمـەش قۆناغێکـی نـوێ لـە مێـژووی دەسـەڵاتی عەباسـی دەسـتیپێکرد.

## چوارەم : تورك

گومانــی تێــدا نییــە کــە تورکەکان(تــورکمان)[1] ڕەگەزێکــی دێرینــی ئاســیای نــاوەڕاستن و ڕۆڵێکــی گــەورە و کاریگەریــان هەبــوو بەســەر ئــەو نەتــەوە و ڕەگەزانــەی کەوتنــە ژێــر هەژموونیــان بەتایبــەت لەلایەنــی سیاســی و کۆمەڵایەتــی و ڕۆشــنبیری، تورکــەکان لــە چەندیــن هــۆز و ئێلــی دەشــتەکی و بیاباننشــین پێکهاتــوون، کــە لــە ناوچەکانــی ئاســیای ناوەڕاســت نیشــتەجێبوون، کــە بــە ناوچەکانــی ئەودیــوو ڕووبار(مــاوراء النهــر)[2] نــاسراوە و دەکەوێتــە نێــوان (تبــت) و چیــن لــە ڕۆژهەڵاتــی ســیبیریا لــە باکــوور و چیاکانــی هەمەلایــا لــە باشــوور و نەتەوەکانــی (ئوغــوڕ) لــە ڕۆژئــاوا و هەمــوو ناوچەکانــی تورکســتانی ئێســتا لەخۆدەگرێــت[3]، (**القزوینــی**) تورکەکانــی بــە میللەتێکــی ئــازا

---

(١) تــورکمان: مەبەســت ئــەو هۆزانــەن کــە ڕەگەزیــان تورکــە و بــە عێلێــك یــان چەنــد عێلێکــی تــورك دەوترێــت کــە غوزەکانــن، تورك و تــورکمان لــە ڕووی چەمکــەوە جیاوازن، بــەراورد بــە چەمکــی (تورك) و مێــژووی بەکارهێنانی کۆنترە لە تــورکمان، کۆنترین دەقیش لــە مێــژووی ئیسلامــدا بــۆ ســەدەی چوارەمــی کۆچــی دەگەڕێتــەوە لەگــەڵ دەرکەوتنــی غـــوز و ســەلجووقییەکان کــە (المقدسي) بەکاریهێنــاوە. بڕوانــە: احســن التقاسیم في معرفــة الأقالیــم، (القاهرة:١٩٩١)، ص٣٧٤؛ رســول ابراهیم رســول: پێکهاتەکانی کوردســتان لــە ســەردەمی عەباســیدا،چاپخانەی نارِیــن، (هەولێــر:٢٠٢٠)، ل٦٧.

(٢) مــا وراء النهــر: موســولمانەکان ئــەو زاراوەیــان داهێنــا و بــەو ناوچانەیــان دەوت کــە دەکەوێتــە نێــوان ڕووبــاری جیحــون و ســیحون کــە بــە خاڵــی یەکلاکــەرەوەی نێــوان تورکــەکان و فارســەکان دادەنرێــت و لــە گرنگتریــن شــارەکانی (بخــارا _ ســمرقند_ کــش_ فرغانە_أشروســنە). بڕوانــە: النرشــخي: تاریــخ بخــاری، ت: أمین عبدالمجیــد بدوي-نصراللــة مــبشر الطــرازی، دار المعارف، ط٢(القاهره:١٩٩٣)، ص٢٥؛ یاقــوت الحموي: معجم البلدان، ت: محمــد محــي الدیــن، دار صــادر (بیروت:١٩٧٧)، ج٥، ص٤٥-٤٦ ؛ محمد ســهیل تقوش: تاریــخ السلاجقــة في خراســان و إیــران و العــراق، دار النفائــس، ط٢ (بیروت:٢٠١٦)، ص١٣.

(٣) المســعودي: مــروج الذهــب و معــادن الجوهــر، ت: کمال حســن مرعــي، المکتبــة العصریــة، (بیــروت:٢٠٠٥) ج١، ص١٢٢-١٢٣؛ الراونــدي: راحــة الصــدور وآیــة السرور

و بەجەرگ و شەڕانگێز ناوبردووە[1]، کە لە بنەڕەتدا لە بیست هۆز پێکهاتبوون و بنەچەیان دەگەڕێنەوە بۆ (ترك بن یافث بن نوح)[2]، هۆزیش پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی مرۆییە، کە لە چەند یەکەیەکی بچووك پێکهاتووە و هەندێك جار چەند خێڵێکن، یان چەند تیرەیەکن، یان زیاترن بەپێی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و لە چوارچێوەی خوێن و ڕەچەڵەك یەکیانگرتووە، بۆیە لە دیدی ئیبن خەلدوون هۆز و دەمارگیری پەیوەستن بە یەکەوە و ((زاڵبوون و هێز و بەرگریش لە ڕێگەی دەمارگیرییەوە بەدیدێت))[3]، لە سەردەمی ئومەوییەکان ئاینی ئیسلام گەیشتە ناوچەکانیان[4].

لەوە بەدواوە تورکەکان دێنە ناو کۆمەڵگەی ئیسلامی، بەڵام هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر کۆمەڵگەی ئیسلامیدا نەبوو تا سەردەمی بانگەوازی عەباسی، کاتێك عەباسییەکان بە یارمەتی گەلانی ناعەرەب کۆتاییان بەدەسەڵاتی ئومەوی هێناوە، بەمەش ژمارەی تورکەکان زیادی کردووە و کاریگەریی ئەو ڕەگەزە لەسەر

---

في تاريخ الدولة السلجوقية، ت: إبراهيم أمين الشواربي، مجلس الأعلى للثقافة، (القاهرة:٢٠٠٥) ص١٤٥؛ ياقوت العموي: معجم البلدان،ج٢، ص٢٣-٢٥.

(١) اثارالبلاد وأخبار العباد، دار صادر، (بيروت:١٩٩٢) ص٥١٤، ٥٨٩-٥٩٠؛ یان بروانە: ابن حسول: تفضيل الأتراك على سائر الأجناد ومناقب الحضرة العالية السلطانية، ت: عباس العزاوي، (انقرة:١٩٤٠)، ص٤٠.

(٢) وهب بن منبه: كتاب التيجان في ملوك حمير، مركز الدراسات والأبعاث، (صنعاء:١٣٤٧هـ)، ص٣٣؛ المسعودى: أخبار الزمان، دار الأندلس، (بيروت:١٩٩٦) ص١٠١؛ الجرديزي: زين الأخبار، ت: عفاف السيد زيدان، مجلس الأعلى للثقافة، (القاهرة:٢٠٠٦)، ص٣٧٠؛ الكاشغرى: ديوان لغات الترك، ت: محمد محي الدين، دار الخلافه العلية (بيروت:١٩٩١) ج١، ص٢٧.

(٣) موقەدیمە، ب١، ل٤١٧.

(٤) بارتولد: تاريخ الترك في أسيا الوسطى، ت: أحمد سعيد سليمان، هيئة المصرية العامة (القاهرة: ١٩٩٦) ص٥٤.

شانۆی ڕووداوەکان وردەوردە دەرکەوتووە، بە تایبەت بەهۆی ئازایەتی و لێهاتووییان لەلایەن خەلیفەی عەباسی چەندین ئەرکی سەربازی بەسەرکردە تورکەکان سپێردران، ئەمەش هۆکار بوو بۆ کۆچی ئەو پێکهاتەیە بۆ ناوچە کوردییەکان و ناوەندی دەسەڵاتی عەباسی، خەلیفە (مەئموون)یش (١٩٨-٢١٨ك/٨١٣-٨٣٣ز) یەکەم جار وەك پاسەوانی تایبەت و دواتر لە سوپا بەکاریهێنان و پشتی پێبەستن، بە مەبەستی ئەوەی جۆرێك لە هاوسەنگیی نێوان ڕەگەزی عەرەبی و ڕەگەزی فارسی بەدیبێنێت[1]. دوای ئەویش خەلیفە (المعتصم) بە شێوەیەکی فراوان پشتی بە تورکەکان بەست، بە تایبەت لەلایەنی کارگێڕی و سەربازی، کە ئەمەش گۆڕانێکی ڕیشەیی دروستکرد لە پەیڕەوکردنی سیاسەتی پشتبەستن بەڕەگەزی فارسی و گۆڕینی بۆ ڕەگەزی تورکی بە مەبەستی پاراستنی دەوڵەتەکەی و مانەوە لە خیلافەت، و بەرگرتن لە تەوژمی ڕەگەزی فارسی و باڵادەستییان لەناو دەوڵەتی عەباسیدا[2].

هێنانی ئەو ڕەگەزە نوێیەش یان لە ڕێگەی کڕینەوە یان بە دیلگرتن یاخود لەلایەن والییەکانی هەرێمەکانی ڕۆژهەڵات بە دیاری بۆ خەلیفە دەنێردران و لە کۆشکەکانی خەلیفە وەك خزمەتکار کاریاندەکرد، بەمەش ناوچەکانی ئەودیو ڕووبار(بخارا، سمرقەند، فرغانە

(١) الطبري: تاريخ الرسل و الملك، ج٨، ص٣٩٢؛ محمد حسن الحيدروس: تاريخ السياسي والحضاري للدولة العباسية، دار الكتب الحديث، (القاهرة:٢٠١١)، ص١٧٣؛ يوسف فويل: تنظيمات الجيش في العصر العباسي الأول، رسالة الماجستير مقدمة الى مجلس كلية العلوم الاجتماعية جامعة بوزريعة، (الجزائر:٢٠١٠) ص٤٨.

(٢) البخاري: الذخيرة البورهانية المسمى ذخيرة الفتاوي في الفقه على مذهب الحنفي، ت: أبو أحمد العادلي، دار الكتب العلمية، (بيروت:١٩٧١) ج١، ص١٤٢؛ نادية حسنى صقر: مطلع العصر العباسي الثاني، دار الشروق، (جدة:١٩٨٣)، ص٤٧؛ عبدالمنعم عبد الحميد سلطان: العرب و الفرس، المكتب الجامعي الحديث، (القاهرة:٢٠١٠)، ص٢٣٨-٢٤١.

، ئەشروسنه) سەرچاوەی سەرەکیی هێنانی ئەو ڕەگەزە بوون[١]، بۆیە لە ماوەیەکی کەم تورکەکان بوونە هێزی باڵادەست لە خیلافەتدا و زۆربەی کایەکانی دەوڵەتیان بەدەستەوە بوو (**المسعودي**) دەگێڕێتەوە، کە تورکەکان ببوونە مایەی سەرئێشە و زەحمەت بۆ خەڵکی بەغداد ئەمەش نارەزایی خەڵکەکەی لێکەوتەوە تا کارگەیشتە دروستبوونی ئاژاوە لە نێوانیاندا، ناچار خەلیفە لە ساڵی (٢٢١ك/ ٨٣٥ز)[٢] شاری (سامراء)ی لەسەر ڕووباری دجلە بۆ دروستکردن [٣].

سەردەمی خەلیفە (المتوكل)(٢٣٢-٢٣٧ك/٨٤٦-٨٦١ز) بە سەردەمی دابڕانی خەلافەت دادەنرێت لە بەڕێوەبردن لە بەرژەوەندیی تورکەکان[٤]، کە سەرەنجام بە کوشتنی (المتوكل) کۆتاییهات، هەروەك (**ابن الطقطقي**) دەڵێت: ((تورکەکان لە دوای کوشتنی (المتوکل) دەستیان بەسەر وڵاتدا گرت و خەلیفەکانیان لاواز کرد و خەلیفە وەك دیلێك وابوو بەدەستیانەوە، ئەگەر ویستیان لەسەر بووایە دەیانهێشتەوە و ئەگەر ویستیان لەسەر بووایە لایان دەدا یان دەیانکوشت)) [٥].

(١) المقريزي: السلوك لمعرفة دول الملوك، ت: محمد عبد القادر عطا، (بيروت:١٩٩٧) ج١، ص١١٨؛ أمينة بيطار: تاريخ العصر العباسي، مطبعة جامعة دمشق، (دمشق:د.ت)، ص٢٢٤؛ أحمد امين: ظهر الأسلام، ج١، ص٣.
(٢) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، مج٦، ص٢١-٢٢ ؛ القلقشندي: مآثر الأناقة في معالم الخلافة، ت: عبدالستار أحمد فراج، عالم الكتب، (بيروت: د.ت)ج١، ص٢٢٠؛ محمود شاكر: تاريخ الأسلامي-الدولة العباسية، المكتب الأسلامي، ط٦ (بيروت:٢٠٠٠)ج١، ص٢٠٠.
(٣) مروج الذهب ومعادن الجوهر، ج٤، ص٤٤-٤٥؛هەروەها بڕوانە: فاروق عمر فوزي: الخلافة العباسية عصر القوة و الأزدهار، (عمان:٢٠٠٩) ج١، ص٢٦١.
(٤) السيوطي: تاريخ الخلفاء، دار ابن حزم، (بيروت: ٢٠٠٣)، ص٢٧٦؛ القيروان: زهر الاداب و ثمر الالباب، ت: محمد محي الدين، دار الجيل (بيروت:١٩٧٢)ج١، ص٣٢٣؛ کەیوان ئازاد ئەنوەر: کوردستان و کورد لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، (تاران:٢٠١٥)، چ١، ل١٠٣.
(٥) الفخرى في الاداب السلطانية و الدول الأسلامية، (بيروت:د.ت)، ص٢٣٩-٢٤٠.

خەلیفــە (محمــد بــن الواثــق «المهتــدي»)(٢٥٥-٢٥٦ك/٨٦٩-٨٧٠ز) هەوڵیــدا بەگــژ هەژموونــی تورکەکانــدا بچێتــەوە، بــەڵام ســەرکەوتوو نەبــوو بەکوشــتنی لەســەر دەســتی تورکــەکان کۆتایــی بــە ژیانــی هــات، بــەڵام ســەرکەوتوبوو لــەوەی ناکۆکــی بخاتــە نێــو ڕیزەکانیــان و ئــەم ناکۆکــی و ململانێیــەش بــووە ســەرەتایەك بــۆ لاوازبوونــی دەســەڵاتی تورکــەکان[١]، خراپیــی بارودۆخــی خیلافەتــی عەباســی بەردەوامــی هەبــوو بــۆ رزگاربــون لــەو دۆخــە سیســتەمێکی نــوێ هاتەکایــەوە ئەویــش هێنانــە کایەیــی پۆســتی(میری میران)[٢]بــوو، بەمــەش خەلیفــە جگــە لــە دەســەڵاتی ئاینــی هیچــی دیکــە بــە دەســتەوە نەمــا، یەکــەم کەســیش ئــەو پۆســتەی وەرگــرت ســەرکردەیەکی تــورك بــوو بــە نــاوی (محمــد بــن رائــق) لــە ڕاســتیدا ئــەو پۆســتە نەبــووە هــۆی باشترکردنــی بارودۆخــی خەڵافــەت، بەڵکــو بارودۆخەکــەی ئالۆزترکــرد، چونکــە ســەرکردە ســەربازییەکان بــۆ بەدەســتهێنانی ئــەو پلەیــە کەوتنــە ململانــێ لەگــەڵ یــەکتر، ئەمــەش دەوڵەتــی عەباســی لاوازتــر کــردوو، بــووە ســەرەتایەك بــۆ دەرکەوتنــی

(١) نـاریمان صـادق عبدالقـادر: الدولـة العباسـية في عصر المعتضـد باللـه، رسـالة دكتـوره كليـة الشريعـة- جامعـة أم القـرى، (مكـة المكرمـة-١٩٨٨) ص٩٧-٩٨؛ نـاريمان صـادق عبدالقـادر: الخلافـة العباسـية و عصر أمـرة الامـراء، رسـالة الماجسـتير كليـة الشريعـة- جامعـة الملـك عبـد العزيـز، (مكـة المكرمـة-١٩٨٠) ص٣١-٣٣.

(٢) میــری میــران: ئــەم پلــەو پایــە لەســەردەمی خەلیفــە (الراضــی) (٣٢٤ك/٩٣٦ز) داهــێنرا خاوەنــی ئــەو پۆســتە دەســەڵاتێکی ڕەهایــی هەبــوو هــەم لەبــواری کارگێــڕی کەسەرپەڕشــتی بــاج و خــەراج و دانانــی فەرمانبەڕەکانــی دیوانەکانــی دەکــرد، هــەم لەبــواڕی ســەربازیش ســەرۆکی ســوپا بــوو وەلەهەمــان کاتــدا خەزێنــەی وڵاتــی لەژێــر دەســتدا بــوو وە لەپــاڵ نــاوی خەلیفــە لەوتــاری ڕۆژانــی هەینــی نــاوی دەخوێندرایــەوە. بڕوانــە: ابــن خلــكان: وفيـات الأعيـان وانبـاء ابنـاء الزمـان، ت: أحسـان عبــاس، دار الصــادر، (بيروت:١٩٧٧)، مــج٥، ص١١٤-١١٥؛ فهــد مطــر المــطيري: تاريــخ الاقتصـادي للدولـة العباسـية في الـعصر العبـاسي الثاني٢٤٧-٣٣٤هــ رسـالة دكتـوراه كليـة الشريعـة و الدراسـات الإسلاميـة- جامعـة اليرمـوك، (اليرمـوك:٢٠١٦)، ص٤٢.

ڕەگەزێکـی نـوێ ئەوانیـش بوەیهیـە دەیلەمـەکان بـوون[١]. توێژەرێـك ئامـاژە بـەوە دەکات، کـە سـەردەمی دەسـەڵاتی بوەیهـی[٢] دەرفەتێکـی لەبـار بـووە بـۆ کۆچـی تورکمانـەکان بـۆ چەنـد ناوچەیەکـی وەك هەولێـر (اربـل) و دەوروبـەری (کەرکـوك)[٣]، تورکـەکان کاریگـەری گەورەیـان لەسـەر ژیانـی موسـوڵمانان بەجێهێشـت کۆنترۆڵکردنـی پایەکانـی دەوڵـەت لەلایـەن تورکـەکان هۆکارێـك بـوو بـۆ هاتنـە نـاوەوەی بەشـێکی زۆر لـەو ڕەگـەزە بـۆ نـاو ئیـسلام و بڵاوبوونەوەیـان بـە ناوچەکانـی سـنوری خانـەی ئیسلامیـدا.

بـە شـێوەیەکی گشـتی کۆچـی ئـەو ڕەگـەزە بـۆ ناوچەکانـی جیهانـی ئیسلامـی و کوردسـتان پەیوەسـتە بـەو شـاڵاوە لەشکرکێشـییانەی کـە دواتـر

---

(١) الصـولي: اخبـار الـراضي باللـة و المتقـي للـه، ت: ج.هيـورث دوني، مطبعـة المـصيرة (بيروت:د.ت)، ص٨٥-٨٦ ؛ ابـن الجـوزي: المنتظـم في تاريـخ الملـوك و الأمـم، ت: محمـد عبدالقادر-مصطفـى عبدالقـادر، دار الكتـب العلميـة (بيروت:١٩٩٢)، ج١٣، ص٨٥؛ محمـد عيسـاوي: الـعصر العبـاسي الثـاني بين سـلطة النفـوذ التركي و الزحـف الزنجـي، مجلـة الجزائريـة للدراسـات التاريخيـة، ع٤، ج٢، (الجزائـر:٢٠١٧)، ص٢٧-٢٨.

(٢) بوەیهیـەکان: سـەبارەت بـە بنچینـەی نەتـەوەی بوەیهیـەکان بۆچوونـی جیـاواز هەیـە و هەندێکیـان لـە مێژوونووسـان پێیانوایـە لـە نەتـەوەی دەیلەمـن، هەندێکـی تـر پێیـان وایـە لـە نەتـەوەی فارسـن، سـەبارەت بـە بیروبـاوەڕی ئاینیشـیان تاوەکـو سـەرەتای سـەدەی ٣ك/٩ز لەسـەر ئاینـی مەجوسـی بـوون، بـەڵام لـە ناوەڕاسـتی هەمـان سـەدە ئاینـی ئیسلامییـان وەرگـرت لەسـەر مەزهەبـی شـیعەی زەیـدی، سـەرەتای دەرکەوتنیـان بـۆ (ابـن بويـە )دەگەڕێتـەوە و لەسـەر دەسـتی کوڕەکانـی (علـی و حسـن و احمد)لەسـەر شـانۆی ڕووداوە سیاسـییەکان بەدەرکەوتـن. بڕوانـە: الـدواداری: کنـز الـدررو جامـع الغـرر، ت: بيرنـد راتکە-محمـد سعيد،عيسـى البابـى حلبـى، ج٥ (د.م:١٩٨٢)، ص٣٨٨-٣٨٩؛ اليافعـى: مـراة الجنـان و عبرة اليقظـان في معرفة ما يعـتبر مـن حـوادث الزمـان، ت: خليـل منصـور، دار الكتـب العلميـة، ج٢(بيروت:١٩٩٧)، ص٢٣٥؛ مەهـدی عـوسمان هەروتـی: ڕۆڵـی سـەربازیی کـورد لـە دەوڵـەت و میرنشـینە نـا کوردیـەکان لـە سـەردەمی عەبباسـیدا، چاپخانـەی خانـی، (دهـۆك:٢٠٠٨)، ل١٣٤.

(٣) عبـد اللطيـف بنـدر اوغلو: التركمان في العـراق الثـورة (تاريخهم،لغتهم،ادابهم،تراثهم)، دار الحريـة، (بغداد:١٩٧٣) ص١٣.

(غـوزە)[١] سـەلجووقییەکان بۆسـەر سـنووری دەسـەڵاتی عەباسـی و ناوچـە کوردییـەکان ئەنجامیـان داوە بـە تایبەتـی دوای ئـەوەی لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی (٤ك/١٠ز) غـــوز موسـڵمان بـوون، مێژوونووسـی ڕووسـی (**تامـارا تالبـوت ڕایـس**) پێیوایـە سـەلجووقییەکان کۆچـەری بـوون و خوویـان بـەوە گرتبـوو لـە هاویـن بـەرەو (سـەمەرقەند) و لـە زسـتانیش بـەرەو (بوخـارا) کـۆچ بکـەن و ژیانێکـی سـادەیان هەبـوو و لە چـادرەکان دەژیـان[٢]، هۆکاری کۆچـی ئـەو پۆلـە غـوزە بـۆ سـەر ناوچەکانـی ڕۆژهەڵاتـی جیهانـی ئیسلامـی بـۆ زۆربوونـی ژمارەیـان و شـەر و ناکۆکیـی نێوانیـان و بەرتەسـکبوونەوەی لەوەڕگاکانیـان و وشکەسـاڵی ناوچەکانیـان دەگەڕێتـەوە، لێبوردەیـی ئاینـی ئیـسلام هۆکارێکـی تـر بوو بـۆ ئەوەی کۆچ بـۆ سـنورەکانی دەوڵەتی ئیسلامی بکـەن، بۆیـە بـەدوای لـەوەڕەوە بـەردەوام لـە جێگۆڕکـێ دابوونـە و کەوتنـە دەسـتدرێژی بـۆ سـەرزەمینی دراوسـێیەکانیان و دۆزینـەوەی لـەوەڕگای نوێ و شـەپۆل لـەدوای شـەپۆل ڕوویـان کـردە مەڵبەندەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوچـە

---

(١) غـــوز: ئێلێکـی شـوانکارەیی ڕەوەنـدی تورکـی بـوو کـە ناویـان غوز یـان ئوغز بوو، لـە ڕۆژگاری کۆنـەوە لـە لێوارەکانـی سـەیحون و گۆمـی ئـاراڵ و دەریایـی خـەزەردا ئەژیـان، غـوزەکان سـەربازی بەجـەرگ و سـەرکەوتوبوون ژمارەیـان زۆربـوون سـوارچاکی بـاش بـوون بـە بوێـری و ئازایـی ڕقـی گـەورە لـە شـەڕکردنەکانیاندا جیاکراونەتـەوە و ئـارەزوی تـاڵان و ڕاوڕوتیـان هەبـووە، دواتـر لـە ناوچەکانـی تورکسـتان کۆچیـان کـرد بـۆ ناوچەکانـی (ئەودیـوی ڕووبـار) لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی (٤ك/١٠ز) غـوزەکان لەگـەڵ ئێلـە کۆچەرەکانـی تـری ئاسـیای ناوەراسـت یەکیـان گـرت، نـاوی سـەلجووقیان لەخۆیـان نـا لەسـەر نـاوی باپیـرە گەورەیـان (سـلجوق بـن تقـاق). بڕوانـە: البنـداري: تاريـخ دولـة ال سـلجوق، مطبعـة الموسـوعات، (مصر:١٩٠٠)، ص٥-٦؛ نەوشـێروان مسـتەفا: کـورد و عەجـەم، ل١٠؛ نافـع توفيـق العمـود: جهـود الخلافـة للتحـرر مـن النفـوذ السـلجوقي خلال القـرن السـادس الهجـري، مجلـة المـورد، مـج١٩، ع١ (بغـداد:١٩٩٠)، ص٤٨.

(٢) سـلجوقيان در آسـياي کـهين، ت: رقيـه بهـزادی، پژوهشـگاه علـوم انسـانی و مطالعـات فرهنگـی، (تهـران:١٣٨٩)، ص٢٨.

کوردنشینەکان بە تایبەت خوراسان و ئازەربێجان، بۆ ژیانیان پشتیان بە تالان و ڕاوڕووتی بەستووە، بۆیە زاڵبوون بەسەریاندا کارێکی ئەستەم بووە[1]. بەمەش مەترسیی سەلجووقییەکان زیاتر بوو، بەوەی لێشاوی شەپۆل دوای شەپۆلی تورکمانە برسی و پێپەتی بە خاوخێزانەوە بەرەو شیو و دۆڵە فێنك و لەوەرگاکانی نێوان دەریای خەزەر هێرشیان هێنا و تیرە کوردەکانی ناوچەکە دژ بە غەوارە تورکمانەکان بۆ پاراستنی لەوەڕگە و ئاواییەکانیان بەرهەڵستکاری و بەرگرییەکی خوێناوی و نەپچراوەیان کردووە، بۆ بەرگریکردن لە سەرزەمین و ماڵ و سامانی خۆیان جەنگاون، بەڵام لە کۆتایی ئەوتوانایەیان نەبوو بیانشکێنن بۆیە ناچار ڕێگایان بۆ کردوونەتەوە بۆ ئەوەی بە ناوچەکانیاندا تێبپەڕن [2].

ململانێی نێوان سەلجووقییەکان و غەزنەوییەکان لە جەنگی (داندقان) کە لە (٧ڕەمەزان ساڵی (٤٣٢ك/١٠٤١ز) لە نزیك (مەرو) ڕوویداوە، کە بەسەرکەوتنی سەلجووقییەکان و دەستگرتنیان بەسەر تەواوی ناوچەکانی ئێرانی ئێستا یەکلایی بوویەوە، بەمەش دەستکراوە بوون بۆ ئەوەی پەلبهاوێژن بەرەو ناوچەکانی دەوروروبەر[3]، (تغرل بەگ) (٤٤٦-٤٥٥ك/١٠٥٤-١٠٦٣ز) لە شاری

(١) البیهقي: تاریخ البیهقي، ت: یحیی الخشاب_صادق نشأت، دار الطباعة الحدیث، (القاهرة:١٩٩٩)، ص٣٤؛ نیشتمان بەشیر محەمەد: کورد و سەلجوقیەکان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، (هەولێر:٢٠٠٦) چ٢، ل٧٤.

(٢) محمد أمین زكي: تاریخ الدول و الأمارات الكردیة في عهد الاسلامي، ت: محمد علي عوني، مطبعة السعادة (مصر:١٩٤٨) ص٤٦؛ ئارشاك سافراستیان: کورد و کوردستان، و: ئەمین شوان، چاپخانەی ئاراس، چ٢ (هەولێر:٢٠٠٥)، ل٤٨.

(٣) البیهقي: تاریخ بیهقی، کتابخانە سینائی، مج٣ (د.م:١٩٤٠)، ص١٤٠٠؛ عباس پرویز: تاریخ سلاجقە و خوارزمشاهیان، شرکت سهامی چپ و انتصارات کتاب ایران، (د.م:١٩٧٣)، ص٩٦؛ عبد الحسین زرینکوب: تاریخ مردم ایران، مؤسسە انتشارات أمیر کبیر، (تهران:١٩٨٩) مج٢، ص٢٦٠.

(ڕەی) فەرمانــی بــە (ابراهیــم ینــال)(٤٣٤-٤٣٨ک/ ١٠٤٢-١٠٤٦ز) كــرد دەســت بەســەر هەرێمەكانــی ناوچەكــەدا بگرێــت و لەدەســت دەیلەمــەكان و میرنشــینە كوردییــەكان دەریبهێنێــت، ئەویــش لــە ناوچەكانــی میرنشــینی عەنــازی دەســتپێدەكات و دەســت بەســەر ناوچەكەدادەگرێــت، دوای ئــەوەی میــر ابوشــوكی عەننــازی(٤٠١-٤٣٧ك/١٠١١-١٠٤٦ز) پاشەكشــە دەكات بــۆ (حلــوان) و لــە ســاڵی (٤٣٧ك/١٠٣٦ز) تێیــدا وەفــات دەكات[١]، كاتێكیــش ســەلجووقییەكان لــە ســاڵی (٤٣٢ك/١٠٤٠ز) داوایــان لــە خەلیفــەی عەباســی(القائم بأمــر اللــە) كــرد كــە دان بــە دەســەڵاتیان بنــێ، خەلیفــەی عەباســی ســڵینەكردەوە لــەوەی دانــی پێدانــان[٢]، (تغــرل بــەك) لــە ســاڵی (٤٤٦ك/١٠٥٤ز)هێرشــی كــردە ســەر ناوچەكانــی ئازەربێجــان و ئــاران دەســتی بەســەرداگرتن، یەكــەم جــار وەهســودانی كــوڕی محمــدی ڕەوادی(٤١٦-٤٥١ك/١٠٢٥-١٠٥٩ز)، دواتریــش ئەبولئەســوار ملكەچبوونــی خۆیــان بــۆ ڕاگەیانــد و بــە نــاوی ئــەوەوە وتاریــان خوێنــدەوە[٣].

لــە ئەنجامــی بەردەوامیــی پەشــێوی و نائارامــی لــە بەغــداد بەساســیری[٤] لــە ســاڵی (٤٤٦ك/١٠٥٤ز) دەســتی بەســەر كاروبــاری

---

(١) البنداري: تاريخ دولة ال سلجوق، ص٨.

(٢) عبد النعيم محمد حسنين: دولة السلاجقة، مكتبة الأنجلو، (القاهرة:١٩٧٥) ص١٠-١١.

(٣) ابــن الأثير: الكامــل في التاريــخ، ج٩، ص٥٩٩؛ ڤ.ف.مینورسـكی: چەنـد لێكۆڵینەوەیـەك لـە مێـژووی كوردەكانـی قەوقـاز، و: عەلی نادر، چاپخانـەی تاران، (سـلێمانی:٢٠٢١)، ل٦٨.

(٤) بەساســیری: نــاوی تــەواوی (ابــو الحــارث ارسلان بــن عبدللــة البســاسیري) وەك ســەركردەیەكی ســەربازی تــورك لەســەر مەزهەبــی شــیعە لــە ســوپای بوەیهییــەكان خزمەتــی دەكــرد و پارێــزەری بەغــداد و ســەرۆكی ســوپا بــوو، ماوەیــەك وەزیــری (القائــم بأمراللــە) بــوو ڕۆڵێكــی كاریگــەری هەبــوو لــە بەرپەرچدانــەوەی ئــەو شــۆرش و ڕاپەڕینانــەی دژی دەســەڵاتی بوەیهییــەكان هەلدەگیرســان، لەمــاوەی كۆتایــی دەســەڵاتی بوەیهییــەكان پشــتگیری گروپــە شــیعەكانی دەكــرد و دواتریــش بــە نــاوی

خەلافــەت داگــرت و خەلیفــەی عەباســیش ناچــار بــۆ ڕزگاربــوون لــەو دۆخــە داوا لە(تغــرل بــگ)ی ســەلجووقی دەکات، کــە بەهانایەوەبێــت بــۆ ڕزگاربــوون لــەو دۆخــەی خیلافەتــی عەباســی تێــی کەوتبــوو[١]، ئەمــەش دەرفەتێــك بــوو بــۆ (تغــرل بــەگ) بــۆ ئــەوەی بــۆ ســاڵی دواتــر بێتــە بەغــداد و دەســت بەســەر خیلافەتــی عەباســیدا بگرێــت، بەمــەش قۆناغێکــی نــوێ لــە ناکۆکــی و ململانــێ دەســتیپێکرد و گۆڕانێکــی بنچینەیــی بــوو لــە مێــژووی ئیسلامــی، کــە بــووە هــۆکاری بڵاوبوونــەوەی ئــەو ڕەگــەزە و ســەپاندنی هەژمــوون و دەســەڵاتی خۆیــان بەســەر جیهانــی ئیسلامــی و گۆڕینــی ڕێــڕەوی ڕووداوە سیاســییەکان[٢].

---

خەلیفــەی فاتمــی مصر دەســەڵاتی بەڕێوەدەبــرد. بڕوانــە: الراونــدي: راحــة الصــدور، ص١٧١؛ الحســيني: زبــدة التواريــخ، ص٥٩؛ الحســيني: أخبــار الدولــة الســلجوقية، ص١٨؛ ابــن الأثير: اللبــاب في تهذيــب الانســاب، ج١، ص١٤٩-١٥٠؛ ابــن تغــري بــردي: النجــوم الزاهــرة فــی ملــوك المصر و القاهــرة، ج٥، ص٦٤-٦٥.

(١) بــۆ وردەکاریــی زیاتــر لــە بــارەی ململانێــی نێــوان بەســایری و ســەلجووقییەکان، بڕوانــە لاپــەڕە٨٢ی توێژینەوەکــە.

(٢) رســول ابراهیــم رســول: پێکهاتەکانــی کوردســتان لــە ســەردەمی عەباســیدا، ل٦٧-٦٨؛ محمــد ســهيل تقــوش: تاريــخ السلاجقــة في خراســان و إيــران و العــراق، ص٨٦.

**پێنجەم:** کورد

کـورد بـە یەکێـك لـەو میللەتانـە دەژمێردرێـت کـە هـەر لـە چاخـە کۆنەکانــەوە پێکهاتــەی دانیشــتوانی ڕۆژهەڵاتــی ئیسلامیــان پێکهێنــاوە و ڕۆڵێکــی کاریگەریشــی هەبــووە لــە ئاڕاســتەکردنی ڕووداوە سیاســی و مێژوویـەکان، کـە لـە ناوچەکـە ڕوویانـداوە، ئەگـەر فاکتـەری جیۆپۆڵەتیـك دەورێکـی کاریگـەر یـان کەمـی لـە بڕیاردانـی چارەنووسـی گەلانـدا نەبـێ، ئـەوا لێکۆڵینـەوە مێژووییـەکان دەریدەخـەن، کـە هەڵکەوتـەی جوگرافـی و شـوێنی ژیانـی کـورد ڕۆڵێکـی کاریگـەری هەبـووە لەسـەر دیاریکردنـی چارەنووسـی ناوچـەی چیـا سـەختەکانی نێـوان بانەکانـی ڕۆژئـاوای ئێـران و وڵاتـی نێـوان دوو ڕووبـار، کـە لـە باشـوورەوە کەنـداوی عـەرەب لـە ڕۆژئـاواوە دەریـای سـپی ناوەڕاسـت و لـە باکـوور تـا نزیـك دەریـای ڕەش درێژدەبێتــەوە و هــەر ســێ کیشــوەرە دێرینەکانــی ئاســیا و ئەوروپــا و ئەفریقیـا بەیـەك دەبەسـتێتەوە و شـاڕێگە بازرگانییەکانـی ئـەو سـێ ناونـدەی پێـدا تێپـەڕ دەبێـت، ئەمـەش وای کـردووە بـە درێژایـی مێـژووی مرۆڤایەتـی گرنگیـی تایبەتـی هەبێـت، جڵـەوی فەرمانڕەوایـی بەشـێك لـە ئاسـیای ناوەنـد و ئاسـیای ڕۆژئاوایـی بەدەسـت بـووە[1]، ڕۆژهەڵاتنـاس و مێــژوو نووســی ڕوســی (**ڤ.ف.مینورســکی**) ناوچەکانــی ســەرووی ڕووبـاری فـورات و دەوروبـەری دەریاچـەی وان بـە شـوێنی سـەرهەڵدانی کـورد دادەنێـت و ناوچەکانـی باشـووری تـۆرۆس و کەناراوەکانـی چەپـی

---

(١) نەوشــێروان مســتەفا ئەمیــن: کــورد و عەجــەم مێژویــی سیاســیی کوردەکانــی ئێــران، چ٣، ل٥؛ ئیحســان نــوری پاشــا: مێــژووی ڕەگ و ڕەچەڵەکــی کــورد، و: حەمــە کەریــم عــارف، چاپخانــەی ســایە، چ٣ (سـلێمانی:٢٠٠٨)، ل٣٢؛ شـوکوڕ مسـتەفا: کـورد و کوردســتان لــە نیگایــی چەنــد گەریدەیەکــی ڕۆژئاوایــی، چاپخانــەی ئــاراس، چ١ (هەولێــر:٢٠١٠)، ل١٩.

ڕووباری دیجلە و بۆتان و زابی سەروو بە نیشتیمانی دایك دادەنێت بۆ دەرکەوتنی کوردەکان[١]، بەگوێرەی دابەشکردنی جوگرافیناس (**سهراب**) بۆ هەرێمەکان زۆربەی ناوچە کوردییەکان کەوتوونەتە (هەرێمی چوارەم)[٢]، کە بە ناوچەیەکی شاخاوی دادەنرێت و ئاوهەوایەکەی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە [٣].

سەبارەت بە سنوری ئەو ناوچە و هەرێمانەش کە کورد تیایدا نیشتەجێبوون، وەك لەلایەن زۆرێك لە مێژوونووس و جوگرافیناسان سنووری بۆ دیاریکراوە، بەرەو ڕووی چەندین کێشە بوونەتەوە بەهۆی گۆڕانی سنووری ئیداریی ئەو هەرێمانەی کە کورد تیایدا نیشتەجێ بووە و ژیاوە، یان بەهۆی کۆچەریبوونی کورد، بەردەوام شوێنی ژیانیان لەگۆڕاندا بووە[٤]، (**المسعودي**) ئاماژەی بە شێوەی ژیانی کۆچەریی کورد کردووە و لەم بارەیەوە دەڵێت: ((ئەوانەی کۆچەرییان تێدا دەرکەوتووە عەرەبن و سەرەڕای نەتەوە کێوییەکانی وەك تورك و کورد و بەربەر ئەوانەی کە

---

(١) الأكــراد ملاحظات وانطباعات، ت: معروف خزنەدار، مطبعة النجوم (بغداد:١٩٦٨)، ص١٤.

(٢) هەرێمی چوارەم: مەبەست لە هەرێمی چوارەم ئەو هەرێمەیە کە لە تبت لە خاکی چینەوە دەستپێدەکات تاوەکو بەشێك لە ئەندەلوس دەگرێتەوە. بڕوانە: القزويني: أثار البلاد و اخبار العباد، ص٢٨٣-٢٨٥.

(٣) كتاب العجائب الأقاليم السبعة الى نهاية العمارة، ت: هانس فون مژيك، مطبعة آدولف هولزهوزن (ڤينا:١٩٢٩)، ص٢٣-٣١؛ الإدريسي: نزهة المشتاق في أختراق الافاق، مج١، ص٦٥٤-٦٥٥؛ حەسەن ئەرفەع: کوردەکان، و: سەردار محمد، چ١، ل٩.

(٤) واسيلى نيكيتين: كرد و كردستان، ت: محمد قاضى، انتشارات نيلوفر (اورميه:١٩٨٧) چ٢، ص٧٨-٨١؛ مەهدی هەروتی: نەهامەتی و کارەساتەکانی کوردستان لەسەدەکانی(٦-٨ك/١٢-١٤ز)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، (هەلێر:٢٠١٥)، ل٢٣.

لـە دەشـتەکان و چیایـەکان جێگیربوونـە))[1]، کـوردەکان زمانـی تایبـەت بەخۆیـان هەیـە و زمانەکەیـان لـە زمانـی عـەرەب و عەجەمـەکان ناچێـت، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە شـێوەی دەشـتەکیانەی زمانـی فارسـییەوە نزیکـە، بەهـۆی ئـەوەی بەشـێك لـە کـوردەکان شـوانکارە بوونـە و کوێسـتان و گەرمیانیـان کـردووە و لـە هـەر هەرێمێـك ژیابـن سـەر بـە فەرمانڕەوایـی ئـەو هەرێمـە بوونـە[2]، سـەرەڕای ئـەوەی کـوردەکان بـە لێهاتوویـی و ئازایەتـی ناوبانگیـان دەرکـردووە، (**الغرناطـي**) دانیشـتووانی هەرێمـی جەزیـرە بـەوە وەسـف دەکات و دەڵێـت: ((ئازاتریـن سـوارن))[3]، هـەروەك چـۆن (**الـدواداري**) لـە باسـی کـوردان بـە: ((نیشـانچی)) ناویـان دەهێنێـت ئەمـەش بـۆ لێهاتوویـی و سـوارچاکییان دەگەڕێتـەوە[4].

وڵاتـی کورد(کوردسـتان)، لـە مـاوەی سـەدە بەرایەکانـی ئیسلامیـدا بـە ناوێکـی نەتەوەیـی و گشـگیر نەهاتـووە، بەڵکـو بـە نـاوی ئـەو هەرێمانـە هاتـووە کەبەسـەریاندا دابەشـببوو، لەمـاوەی زەمەنـی لێکۆڵینەوەکەشمانـدا ناوچـە کوردییـەکان بەسـەر ئـەو هەرێمانـە دابەشـبوون، هەرێمەکانـی: (چیـاکان - جەزیـرەی فوراتـی- ئازەربێجـان

---

(١) مروج الذهب و معادن الجوهر، ص٩٢.

(٢) شـوکوڕ مسـتەفا: کـورد و کوردسـتان لـە نیگایـی چەنـد گەریدەیەکـی ڕۆژئاوایـی، چ١، ل٢٠؛ سـۆران حەمـەرەش: کـورد کێیـە؟، چاپخانـەی yps-publishing، چ١ (لەنـدەن:٢٠١٣)، ل٢٩٣؛ عقیـل سـعید محفـوض: الأکـراد و اللغـة والسیاسـة، المرکـز العـربي للأبحـاث، (بیروت:٢٠١٣)، ص٣٨ .

(٣) أبـو حامـد: تحفـة الالبـاب و نخبـة الاعجـاب، ت: اسماعیـل العـربي، دار الأفـاق الجدیـدة، (المغـرب:١٩٩٣)، ص٨٦.

(٤) کنز الدررو جامع الغرر(الدرة المضیة في اخبار الدولة الفاطمیة)، ج٦، ص١٨٦.

- ئەرمینیا- ئاران)[١]، (**مستوفي القزويني**) پێیوایە ناوچە کوردنشینەکان لە شانزە ویلایەت پێکهاتوون و هاوسنووره لەگەڵ عێراقی عەرەبی و خوزستان[٢] و عێراقی عەجەمی[٣].

ئاینی ئیسلام لە ساڵی(١٦-٢٣ك/٦٣٧-٦٤٤ز) گەیشتە ناوچە کوردنشینەکان و کوردیش وەك زۆربەی پێکهاتەکانی دیکەی ناوچەکە ئاینی ئیسلامیان وەرگرت، لەسەر مەزهەبی شافعی بوون، بەهۆی ئەوەی زۆربەی کوردەکان پێش هاتنی ئاینی ئیسلام لەسەر ئاینی زەردەشتی بوون[٤]، (**الواقدي**) لە کاتی فتوحاتی ئیسلامیدا ناوی خاوەنی وڵاتی هەکاری (صاحب الهكاري) و خاوەنی قەڵای هەتاخ دێنێت لە هەرێمی جەزیرە سەرەڕای فەتحکردنی (آمد)[٥]، لەو ماوەیەدا دەیان هۆز و خێڵ و بنەماڵەی عەرەبی بەرەو ناوچە کوردییەکان کۆچیان کرد و تیایدا نیشتەجێ بوون ئەو ناوچانە لەلایەن والی و سەرکردە موسڵمانەکان بەڕێوەدەبران[٦]،

(١) باسیل نیکیتین: الأكــراد، تقديم: لويس ماسينيون، دار الروائح، (بيروت :١٩٦٠)، ص٢٥؛ نیشتمان بەشیر: کورد و سەلجوقیەکان، ل٩؛ زرار صديق: كردستان في القرن الثامن الهجري، مطبعة وزارة الثقافة، (اربيل:٢٠٠١)، ص٣٧.

(٢) خوزستان: هەرێمی فراوانە لە خۆرئاوا هەرێمی فارسە و دەکەوێتە خۆرهەڵاتی شاری واسیت لە باشووری هەرێمی چیا. بڕوانە: ابن حوقل: صورة الارض، ص٢٢٥-٢٢٦.

(٣) نزهة القلوب: اهتمام: لسترنج، چاپخانە ارمغان (تهران:١٣٤٢)، ص١٠٧؛ ئاراس فەریق زەینەل: دیبلۆماسیەتی کورد لەسەردەمی بوەیهیەکاندا، ل١٣٥.

(٤) بلەج.شیرگوە: القضية الكردية ماضي الكورد و حاضرهم، دار الكاتب (بیروت:١٩٨٦)، ص١٥.

(٥) فتوح الشام، تصعيع: عبد اللطيف عبد الرحمان، دار الكتب العلمية، ج٢(بیروت:١٩٩٧)، ص١٥٢-١٥٣؛ فیلیپ کرێنبروك و کریستییەن ئالیسۆن: کولتوورو ناسنامەی کورد، و: وریا رەحمانی، چاپخانەی خانی، چ١(دهۆك:٢٠٠٨) ل١٣٩.

(٦) حەسەن ئەرفەع : کوردەکان، و: سەردار محمد، چ١، ل١٩؛ أحمد میرزا میرزا:

خیلافەتــی عەباســی دوای مردنــی (المعتصم)لــە ســاڵی (٢٢٧ك/٨٤٢ز) بــەرەو لاوازبــوون هەنــگاوی نــا، بەتایبــەت دوای ئــەوەی تورکــەکان دەســتیان گــرت بەســەر دامودەزگاکانــی دەوڵــەت، بەمــەش خەلیفــەی عەباســی بــە تــەواوی کەنارگیــر بــوو، دەســەڵاتێکی ئەوتــۆی بــۆ نەمایــەوە دەرئەنجــام خیلافەتــی عەباســی دوچــاری چەندیــن تەنگــژە بــوو لــە هەڵگیرســانی شــۆرش و ڕاپەریــن، بەمــەش ئــەو هەڵــەی ڕەخســاند کــە چەندیــن ڕەگــەز و پێکهاتــە لــە هەنــاوی خەلافــەت جیاببنــەوە[1]. بۆیــە شــتێکی ئاســایی بــوو ئــەم بارودۆخــە ڕەنگدانــەوەی لەســەر ناوچــە کوردییــەکان هەبێــت و هەوڵــدان بــۆ جیاخــوازی و خودموختــاری هەبێــت، بــە تایبــەت لــەوەی کوردســتان ناوچەیەکــی شــاخاوییە و خــاوەن دەیــان هــۆز و دەســەڵاتداری ئــازا و بەجــەرگ و قــەڵاو شــاری دەوردراو بــە شــورایە هەمــوو ئەمانــە بنەماکانــی دامەزراندنــی دەســەڵاتی ســەربەخۆن، تەنانــەت مێژوونــوس و جوگرافینــاس (**الیعقــوبي**) هەرێمــی چیــا بــە ((خــانەی کــوردە بەجەرگەکان))نــاو دەبــات[2].

لــە ســەردەمی یەکەمــی عەباســی کــورد ڕۆڵێکــی ئەوتــۆی نەبــووە بەهــۆی بەهێزیــی خیلافەتــی عەباســی و دەســەڵاتی ناوەنــدی بەســەر ناوچــە و هەرێمەکانــی کەنــار، بــەڵام لــە قۆناغــی دووەمــی

---

أشـهر قـادة فتـح كوردسـتان في الـعصر الإسلامـي الأول، مجلـة كليـة العلـوم الأسلاميـة، مـج٨، ع١٥/٢، (اربيـل:٢٠١٤)، ص٧٣٠.

(١) عبدالعزيـز الـدوري: دراسـات في العصـور العباسـية المتأخـرة، مطبعـة السريـان (بغـداد:١٩٤٥) ص١٣-١٩.

(٢) البلـدان، ت:محمـد أميـن ظنـاوي، دار الكتـب العلميـة، (بيروت:٢٠٠٢)، ص٢٠؛ ئەولیـا چەلەبـی: کـورد لـە مێـژوی دراوسـێەکانیدا، و: سـعید نـاکام، چاپخانـەی کـۆری زانیـاری کـورد (بەغـداد:١٩٧٩) ص٩١.

عەباسـی(٢٣٢-٣٣٤ك/٨٤٧-٩٤٥ز) ناوەنـدی دەسـەڵاتی عەباسـی ئـەو کاریگەرییـە بەهێـزەی نامێنێـت بەسـەر ناوچـە و هەرێمەکانـی، ئەمـەش ڕەنگدانـەوەی لەسـەر دەرکەوتنـی دەسـەڵاتدار و میـری سـەربەخۆی کـورد لەناوچـە کوردنشـینەکان هەبـوو کـە (**الـطبري**) ((بەسـەرۆکەکانی کورد-رؤسـاء الأکـراد))[1] ناویـان دەبـات، کاروبـاری ناوچەکانیـان بەدەسـت خۆیانـەوە بـووە، بـەڵام لـە سـنوورێکی بەرتەسـك و دیاریکـراو تێنەدەپـەڕی، شـارۆچکەیەکی وەك شـارەزوور بـۆ ماوەیەکـی زۆر توانیبوویـان دەسـەڵاتێکی خۆبەڕێوەبـەری دامەزرێنـن و هەرگیـز گوێڕایەڵـی دەسـەڵاتی ناوەنـدی نەبـوون و ژێردەسـتەیان قبولنەکـردووە، ئەوەتـا (**ابـن حوقـل**) دەبـاری شـارەزور دەڵێـت: ((شـارێکی بچووکـە کـوردەکان دەسـتیان بەسـەردا گرتـووە لـە ناوچەکانـی عێـراق، نـە ئەمیرێکـی تێدایـە لەلایـەن سـوڵتانەوە بێـت نـە بـاج کۆکـەرەوە))[2]. بەشـێکی تـر لـە کـوردەکان پشـتگیریی ئـەو شـۆرش و بزوتنەوەکانـی نەیاریـان کـرد کـە دژی خیلافەتـی عەباسـی هەڵدەگیرسـاون وەك ئـەوەی چـۆن خەڵکـی (داقوقـا) پشـتگیری بزوتنـەوەی خەوارجیـان کـرد هەروەهـا بەشـێکی تـر پشـتگیری بزوتنـەوەی بابەکـی خورمەیـان کـرد[3]، سـەرەڕای ئـەوەی چەندیـن کەسـایەتی و سـەرۆك هـۆزی کـوردی دژی خیلافەتـی عەباسـی ڕاپەڕیـن دیارتریـن ئـەو بزوتنـەوەی (جەعفـەری فەهرجس)کـە سـەرۆکی هـۆزی (دونبـەڵ) ی کـوردی بـوو لەسـاڵی (٢٢٥ك/٨٤٠ز) سـەرکردایەتی بزوتنەوەیەکـی

---

(١) تاريخ الرسل و الملوك، ج١٠، ص٤٠.

(٢) صورة الأرض، ص٣١٤.

(٣) حسـام الديـن علي غالـب النقشـبندي: الكـرد في لرسـتان الصغرى(الشمالية) وشـهرزور خلال العصر الوسـيط ، مطبعة شـڤان (السـليمانية:٢٠١١)، ص١٢٧-١٢٨.

کـرد لـە ناوچەکانـی موسـڵ، هەروەهـا ڕاپەڕینـی (عەلـی کـوڕی داودی هەزارمێـردی) (٢٦٦ك/٨٨٠ز)لـە ناوچەکانـی (دیـار ربیعـە) و بزوتنـەوەی (موحەمـەدی کـوڕی بیلالـی هەزبانـی) لـە سـاڵی(٢٩٣ك/٩٠٥ز) لـە ڕۆژهەڵاتـی موسـڵ دژی دەسـەڵاتی حەمدانیـەکان ڕاپەریـن و توانیـان بـۆ ماوەیـەك دەستبەسـەر ناوچەکـەدا بگرێـت، دواتـر بـە هاوکاریـی خەلیفـەی عەباسـی توانـرا کۆتایـی بـە ڕاپەڕینەکـە بێنـن[١]، دیـارە ئـەو بزوتنەوانـە دەرئەنجامـی خراپیـی بارودۆخـی ئابـووری و زۆری ئـەو بـاج و خەراجـەی خرابـووە سـەر شـانی خەڵکـی ناوچەکـە کـە لـە ئەنجامـی بڵاوبوونـەوەی سیسـتەمی دەرەبەگایەتـی لـە ناوچەکـە بـاری سەرشـانی خەڵکەکـەی گـران کردبـوو.

لـە قۆناغەکانـی دواتـر چەندیـن دەسـەڵاتدار و میرنشـینی سـەربەخۆ دەرکەوتـن، کـە دەسـەڵاتێکی خۆجێیـی نیمچـە سـەربەخۆیان هەبـوو فەرمانڕەوایـی ناوچەکانیـان دەکـرد، لـە سـاڵی (٣١٥ك/٩٢٦ز) دەیسـەمی کـوردی دەسـەڵاتێکی سـەربەخۆیان لـە ناوچەکانـی ئازەربێجـان دامەزرانـد، بـۆ ماوەیـەك دەسـەڵاتدارێتی ناوچەکەیـان کـردووە[٢]. یەکێکیـش لـە هەنگاوەکانـی هەوڵـدان بـۆ سـەربەخۆیی، سـەرچاوە دەگرێـت لـە هەسـت بـە سـتەمکردن بەرانبـەر خۆیـان لەلایـەن نەیارەکانیـان، ئـیبن خلـدوون پێیوایـە: ((هاوپەیمانـی و خزمایەتـی یاخـود بەهـۆی شـانازیی ڕەگـەزی دەمارگیـری دەجووڵێـت،

(١) کەیوان ئازاد ئەنوەر: کوردستان و کورد لەسەدەکانی ناوەراستدا، چ١، ل٧٥-٧٦.
(٢) أحمد عبد العزيز محمود: الكرد في كتاب تجارب الأمم وتعاقب الهمم، مؤسسة أحمدي (السليمانية:٢٠٠٨)، ص٢٨؛ عمر أحمد: إمارتا العيشانية وديسم الكردي في إقليم أذربيجان، مجلةجامعةالموصل، مج١٣، ع٢ (الموصل:٢٠١٤)، ص٦٧١.

کــە ســتەم دەبینێــت بەرانبەریــان))[١]، بــەم جــۆرە لــە مــاوەی کۆتایــی دەســەڵاتی تورکــەکان و پێــش دەســتگرتنی بوەیهییــەکان بەســەر ناوەنــدی خیلافەتــی عەباســی چەنــد دەســەڵاتێکی خۆجێیــی لەچەنــد ناوچــە کوردنشــینەکان ســەریانهەڵداوە لــە شــێوەی قەڵاداریەتــی و ســەرداری خێلەکــی و هەندێکیــان لەناوبــران و هەندێکــی تریــان بوونــە بناغــەی دامەزراندنــی چەنــد میرنشــینێکی کــوردی لــە قۆناغەکانــی داهاتــووی ســەردەمی دەســەڵاتی بوەیهییــەکان، هــەروەك دەســەڵاتی دەیســەم بــووە بناغــەی دەرکەوتنــی میرنشــینی ڕەوادی لــە هەرێمــی ئازەربێجــان، بەهەمــان شــێوە میرنشــینی عەیشــانی بــووە بنەمــا بــۆ دەرکەوتنــی میرنشــینی حەســنەوەیهی بەرزیکانــی لــە هەرێمــی چیــاکان [٢].

(١) موقەدیمە، ب١، ل٣٦٠.

(٢) زرار سـدیق تۆفیـق: چەنـد لێکۆڵینەوەیـەك دەربـارەی مێـژووی کـورد لـە سـەدەکانی ناوەراسـتدا، چاپخانـەی خانـی، (دهـۆك:٢٠٠٨)، ل١٥.

## تەوەری دووەم:

### هۆکارەکانی ململانێی نێوان پێکهاتەکان

سروشتی مرۆڤ سروشتێکی دەسەڵاتخوازە، پێشبڕکێکارە لە پێناو گەیشتن بەو ئامانجە، هەوڵی زاڵیەتی دەدات بۆئەوەی بتوانێت بە ملکەچیی ئەوانی دیکە بەرژەوەندییە گرنگەکانی خۆی و ئامانجە دوورەکانی خۆی بەدی بهێنێت، جا بەریەکەوتنەکانی دەسەڵاتخوازی یان ئابووری یان ڕەگەزی، یان مەزهەبیبن، لە ئەنجامی ئەم کێبرکێیەی دروست دەبێت، دەبێتە هۆی ئەوەی کە هێزەکان یەکتر بشکێنن بەهەموو ئەو ئامراز و ڕێگا و هۆیانەی کە لە بەردەستیان دان، بەم هۆیەوە هێز دەبێتە پێوەری سەرەکی پێوانەکردنی دەسەڵاتەکان تاکو بتوانن ئەوانی تر ملکەچ بکەن و ئاڕاستەیان بکەن لە بەرژەوەندیی ئامانجەکانیان بۆ ئەوەی لەسەرشانی ئەوانی دیکە فراوانخوازیی دەسەڵاتی خۆیان جێگیربکەن، بەم شێوەیە هێز دەبێتە پێوانەی ململانێی نێوان لایەنە ململانێکارەکان، بەدەستگرتنیش بەوهۆیەوە هەوڵی خۆسەپاندن دەدەن، بێگومان چەند ڕەگەز هۆکارێك لەم نێوەندەدا ڕۆڵ دەگێرن، کە دەبنە جێی قسە لەسەر کردن.

**یەکەم:** دەسەڵاتخوازی:

ململانێ(الصراع) و خۆسەپاندن لەنێوان پێکهاتەکانی دەوڵەتی عەباسی لە پێناو گرتنە دەستی دەسەڵات وایکردووە بەردەوام ئەو پێکهاتانە لە شەڕ و ناکۆکی و ململانێ دابن، دەسەڵاتخوازیش سروشتێکی هاوبەشە لە نێوان هەموو مرۆڤەکان و ڕەگ و ڕیشەیەکی قوڵی هەیە، کە تا ئێستاش بەردەوامە و سروشتی مرۆڤ وایە حەزی زاڵبوون تیایدا هەیە، ئەمەش سەرەتای هەنگاونانە بۆ ئەوەی دەست بەسەر ئەوانی دیکەدا بگرێ و لە بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاریانبهێنێت، مرۆڤەکان لە ڕێگەی زاڵبوون بەسەر ئەوانی دیکە هەموو ئەو دەروازە و دەرەچانەیان بۆ دەبنەوە، کە دەیانگەیەنێتە تەواوکای، هەروەك (**موریس دوڤرجیە**) دەڵێت: ((ململانێ لەلایەك لەنێوان کەس و کۆمەڵ و چینەکانی کۆمەڵگا ڕوودەدات کە هەریەکەیان دەیانەوێت دەسەڵات بگرنە دەستیان و بەشداری لە دەسەڵاتدا بکەن یاخود کاریگەرییان هەبێت لەسەر دەسەڵات، لەلایەکی دیکە لەنێوان دەسەڵات و ئەو هاوڵاتییانەی کە بەرهەڵستی دەسەڵات دەکەن، دەسەڵاتیش بە گشتی لە بەرژەوەندیی دەستە و کۆمەڵە و چینێکی دیاریکراوە))[١].

لە کۆتایی سەردەمی دووەمی عەباسی(٢٣٢-٣٣٤ك/٨٤٧-٩٤٥ز) کە بە سەردەمی دەسەڵاتی تورکەکان دەناسرێت بارودۆخی خیلافەتی عەباسی زۆر نالەبار بوو، تورکەکان دەسەڵاتەکانی خەلیفەیان سنووردار کردبوو، خەلیفە بۆ ڕزگاربوون لێیان و گەڕاندنەوەی هەژموون و دەسەڵاتی لەدەستچوویان پەنا بۆ ڕەگەزێکی نوێ دەبات ئەویش

---

(١) مدخل الى علم السياسة ،ت: جمال الأتاسي-سامي الدوري، دار دمشق (دمشق:د.ت)، ص١٧.

دەیلەمەکان بوون، بۆئەوەی بێنە بەغداد و لە هەژموون و دەسەڵاتی تورکەکان و زوڵم و زۆرداریی سەرکردە سەربازییەکانیان ڕزگاریان ببێت، بۆیە بوەیهییە دەیلەمەکان بەڕابەرایەتی (احمد کوڕی بویە) لە ساڵی (٣٣٤ك/٩٤٥ز) دەستیان بەسەر بەغداد داگرت و تورکەکانی دوور خستۆتەوە، بەمەش توانیان بە یارمەتی خەلیفەی عەباسی کە نوێنەرایەتیی پێکهاتەی عەرەبی دەکرد دەسەڵات و هەژموونی تورکەکان بەسەر ناوەندی خیلافەتی عەباسی دووربخەنەوە و دەسەڵاتی خۆیان بسەپێنن[1]، ئەمەش لە وتەکەی ئیبن خەلدوون ڕەنگدەداتەوە کە دەڵێت: ((دروستکردنی دەوڵەت تەنها لەڕێگەی هێز و زاڵبوونەوە دەکرێت))[2]، خەلیفە هەوڵیدا لەڕێگەی دروستکردنی ململانێی پێکهاتەکانەوە خۆی لەوبارە ناهەموارەی تێیکەوتبوو ڕزگاربکات و هەژموونی خۆی دووبارە بسەپێنێتەوە، بەڵام لە کۆتاییەکەشی بەو جۆرە دەرنەچوو کە مەبەستیبوو، بوەیهییەکان بارودۆخێکی وایان سەپاندووە، کە تیایدا خەلیفە ناچار بوو بۆ میرە بوەیهییەکان دەستبەرداری گشت دەسەڵاتەکانی بێت جگە لە ناوهێنانی خەلیفە لە وتاری هەینی، تەنانەت دەسەڵاتی دانان و لادانی خەلیفەشیان هەبوو، بۆ شەرعیەتدان بە دەسەڵاتیان لەلایەن خەلیفەی عەباسی (المستكفي) (٣٣٣-٣٣٤ك/٩٤٤-٩٤٦ز) هەریەك لە میرانی بوەیهی (احمد) نازناوی (معز الدولة) و علی (عماد الدولة) وحسن (روكن الدولة) یان پێدراوە[3].

---

(١) القضاعي: تاريخ القضاعي كتاب عيون المعارف وفنون أخبار الخلائف، ت: جميل عبدالله محمد، مكتبة ملك فهد (مكةالمكرمة:١٩٩٥)، ص٥٣١؛ الهمذاني: تكملة تاريخ الطبري، ت: ألبرت يوسف كنعان، مطبعة الكاثوليكية، ج١، (بيروت:١٩٥٨)، ص١٥٠؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٨، ص٤٥٠.

(٢) موقەدیمە، ب١، ل٤٢٦.

(٣) مسكوية: تجارب الأمم وتعاقب الهمم، ت: سيد كسروي حسن، دار الكتب

ململانێ دەرهاوێشتەی دید و تێڕوانینە جیاوازەکانە لەسەر شێوازی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی و بەدەستهێنانی دەسکەوتەکان و بڕ و شێوازی بەدیهێنانی ئامانجەکانە، ململانێی سیاسیش دەرهاوێشتەی جیاوازیی دیدەکانە لەسەر شێوازی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی و شێوازی بەدیهێنانی ئامانجەکان و پاراستنی بەرژەوەندییەکان و بەدەستهێنانی دەسکەوتەکان، بۆیە بوەیهییەکان بە دەستبەسەرداگرتنی بەغداد نەوەستان، بەڵکو مەبەستیان بوو دەسەڵاتی خۆیان بەسەر تەواوی سنووری دەوڵەتی عەباسی بسەپێنن کاتێکیش ڕوویان لە ناوچەکانی موسڵ کرد لەگەڵ حەمدانییەکان بەریەککەوتن، کە لە ناوچەکانی موسڵ دەسەڵاتدار بوون و خواستی فراوانخوازییان هەبوو، بەمەش دەردەکەوێت دوای زاڵبوونی پێکهاتەی دەیلەمی بەسەر تورکەکان ئەمجارەیان ململانێیان لەگەڵ پێکهاتەی عەرەبی دەستپێکرد، بەهۆی لەیەکتر گیربوونی بەرژەوەندیی دەسەڵاتخوازیی زیاتر، سەرەڕای نزیکبوونی مەزهەبی بوەیهییەکان لەگەڵ حەمدانیەکانی حلب نەبووە هۆی یەکگرتنیان، (**ابن الأثیر**) باس لە خواستی (معز الدولة)ی بوەیهی دەکات بۆ خاوەنداریکردن و دەستبەسەرداگرتنی ناوچەکانی ژێر فەرمانڕەوایی (ناصر الدولة)ی حەمدانی و سەپاندنی هەژموونی دەسەڵاتی، ئەمەش میری حمدانی ناچار دەکات بچێتە ژێر داواکارییەکانی میری بوەیهی و پێدانی باجێکی ساڵانە لە پێناو دەستهەڵگرتنیان لە هێرشکردنە سەر موسڵ[1].

ناوچە کوردییەکانیش لەو ماوەیە خاوەنی کۆمەڵێك هۆز و تیرە بوون، کە هەریەکەیان لە ناوچەیەك بوون، بوونی ئەو هۆزە

العلمية، ج٥، (بيروت:٢٠٠٣)، ص٢٧٥؛ القضاعي: تاريخ القضاعي، ص٥٣٣.

(١) الكامل في التاريخ، ج٨، ص٤٧٨.

کوردییانــەش بەواتایــی بوونــی دەســەڵاتێکی خێلەکــی و کۆمەڵایەتیــی کــوردی لــەو ناوچانــە دێــت، هەریــەك لــەو هــۆز و تیرانــەش لەلایــەن ســەرۆکی خۆیانــەوە ســەرکردایەتی کــراون و ئەرکــی پــاڕاستن و بەڕێوەبردنــی ناوچەکانیــان کــردووە، هــەر ئــەو هۆزانــەش بوونــە بناغــەی دامەزراندنــی میرنشــینە کوردییەکانــی ســەردەمی بوەیهییــەکان، کــە ڕۆڵێکــی کاریگەریــان لــە ڕووداوە مێژووییەکانــدا بینــی[١]، لەڕاســتیدا لــەو ماوەیــە خەلیفــەی عەباســی دەســەڵاتەکانی بەســەر هەرێمەکانــی ڕۆژهــەڵات لەدەســتدا و ئــەو هەرێمانــە لەلایــەن چەندیــن میرنشــین بــە نــاوی خەلیفــەوە بەرێوەدەبــران، بەشــێك لــەو میرنشــینانە بەویســتی خەلیفــە و بەشــەکەی دیکــە بەبــێ ویســتی خەلیفــە دروســتبوون و خەلیفــەش بەهــۆی بێدەســەڵاتی و نەبوونــی هێــزی پێویســت بــۆ بەرپەرچدانەوەیــان دانیپێدانــان[٢]، بەهەرێمــە کوردنشــین و دەســەڵاتە خۆجێییەکانــی کوردیشــەوە.

کاتێــك تورکــە ســەلجووقییەکان لــە مەیدانــی سیاســی خەلافــەت و لەســەر جەســتەی پێشــینەی بوەیهییــە دەیلەمــەکان دەرکەوتــن بارودۆخــی خیلافەتــی ئیسلامــی بــە جۆرێــك بــوو، کــە خەلیفــە هیــچ دەســەڵاتێکی ڕاســتی خیلافەتــی نەبــوو، خیلافەتــی عەباســی پارچــە پارچــە ببــوو، ئومەوییــەکان لــە ئەندەلــوس و عەبیدییــەکان لــە مصر و باکــووری ئەفریقیــا و بوەیهییــەکان لــە فــارس و ئەودیــو ڕووبــار و چەندیــن میرنشــینی کوردیــش لــە هەرێمــە کوردییــەکان دامەزرابــوون، کــە هەریــەك لەمانــە چاوەڕوانــی دەرفەتێکــی دەکــرد بــۆ لەناوبردنــی ڕکەبەرەکــەی بــە جۆرێــك پەشــێویی

---

(١) المسعودي: التنبيه والأشراف، ص٧٨.

(٢) حسن أحمد محمود - أحمد ابراهيم شريف، العالم الأسلامي في العصر العباسي، ص٤٥٣.

سیاسی و سەربازی هەموو بەشەکانی گرتەوە تا ئاستێك ئەوەی سەیری دەوڵەتی ئیسلامی دەکرد وایدەزانی دەوڵەتی ئیسلام لە بازنەی کۆتا نەزعیدایە[١]، سەلجوقیەکانیش بەچەند شەپۆلێك بەرەو ناوەندی خیلافەتی عەباسی هاتن بە تایبەت دوای ئەوەی لە بازنەی دانانی خەلیفەی عەباسیدا بە ئامانجی لەناوبردنی بوەیهییەکان سەپاندنی هەژموونی خۆیان بەسەر ناوچەکانیان لە هەرێمەکانی فارس و خوراسان، درێژەیان بە سیاسەتی فراوانخوازیی خۆیاندا و دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ناوچەکەدا بڵاوکردەوە و بەمەش ئامادەبون تا بچنە بەغداد[٢]، سەلجووقییەکان لەکاتی پەلهاوێشتنیان و فراوانخوازیی دەسەڵاتیان لەگەڵ هەرێمە کوردییەکان و میرنشینە کوردییەکان بەریەککەوتن و هەرچەند لەسەرەتادا توانیان سنورێك بۆ ئەو فراوانخوازیانە دابنێن، بەڵام دوای ساڵی (٤٣٨ك/١٠٣٧ز) دەسەڵاتی خۆیان بەسەر زۆربەی هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی سەپاند.

میرنشینە کوردییەکانیش وەك میرنشینی عەننازی کە لە سنوورەکانی ڕۆژئاوای هەرێمی چیاکان دەسەڵاتێکی نیمچە سەربەخۆیان دامەزراندبوو لەژێر هەژموونی خیلافەت و بوەیهییەکاندا بوون نەیانتوانی بەرپەرچی فراوانخوازییەکانی سەلجوقیەکان بدەنەوە و ناچار ڕێگەیان بۆکردنەوە و دانیان بە دەسەڵاتی سەلجوقیەکان دانا و بۆ بەردەوامی دەسەڵاتیشیان چوونە ژێر فەرمانی سەلجوقیەکان[٣]،

---

(١) محمد سهیل تقوش: مێژووی دەوڵەتی عەباسی، ل٣١١.

(٢) الراوندي: راحة الصدور، ص١٥٨؛ الحسینی: أخبار الدولة السلجوقیة، أعتناء: ممد أقبال، نشریات کلیة فنجاب (د.م :١٩٣٣)، ص١٠-١١.

(٣) حسام الدین غالب النقشبندي: الکرد في لرستان الصغری، ص٢٢٩-٢٣١.

یەکێك لـە هـۆکارە سـەرەکییەکانی ئـەوەی کـە میـرە کوردییـەکان چوونـە ژێـر دەسـەڵات و گوێڕایەڵـی سـەلجوقیەکان و بەرگریەکـی ئەوتۆیـان نەکـرد، ئـەو هەڵوێسـتەی میـرە کوردیـەکان لـەوەوە سـەرچاوەی گـرت، کـە بوەیهییـەکان و خەلیفـەی عەباسـی هەڵوێسـتێکی ئەوتۆیـان نەبـوو لـە ڕووبەڕووبوونـەوە و بەرپـەرچ دانـەوەی سـەلجوقییەکان، بوەیهییـەکان لـە ئێـران لەسـەر دەسـتی سـەلجوقییەکان ناوچەکانـی خۆیـان لەدەسـتچوو، بۆیـە بوونـە هێزێکـی کاریگـەر و باڵادەسـت لـە ناوچەکـە، ئەمـەش هانـی خەلیفـەی عەباسـیدا دان بـە دەسـەڵاتیاندا بنێـت، بەهـۆی ئـەوەی کـە متمانـەی بـە دەوروبـەری خـۆی نەمابـوو، وای بـە بـاش زانـی پەیوەنـدی بـە هێـزی زاڵبـووەوە بـکات[1]، ئـەم هەڵوێسـتە هاندەرێکـی سـەرەکی بـوو بـۆ خۆنزیککردنـەوەی میـرە کوردییـەکان لـە سـەلجوقییەکان بـە مەبەسـتی پاراسـتنی ناوچەکانیـان، ئەمـەش دوای ئـەوە هـات کـە بوەیهییـەکان دەسـەڵاتیان زۆر لاواز ببـوو توانـای ڕووبـەڕوو بوونـەوەی هێزێکـی کاریگـەری وەك سـەلجووقییەکانیان نەبـوو، بۆیـە کاتێـك (تغـرل بـگ) لـە سـاڵی (٤٤٦ك/١٠٥٤ز) هێرشـی بـۆ ناوچەکانـی ئازەربێجـان و ئـاران دەسـتپێکرد هـەر یـەك لـە میـر (وەهسـوذان رەوادی) و (أبـو الأسـوار الشـدادي) پێشـوازییان لێکـرد و ملکەچیـی خۆیـان بـۆ دوپاتکـردەوە و میـر (نصرالدولـة المـرواني) پێـش ئـەو ماوەیـە ملکەچیـی خـۆی بـۆ دەسـەڵاتی سـەلجووقییەکان دوپاتکردبـووەوە[2]، لـە ڕاسـتیدا سـەلجوقییەکان سـودیان لـە توانـای سـەربازی و دارایـی میرنشـینە کوردییـەکان وەرگـرت لـە

(١) الحسـيني: زبـدة التواريخ أخبـار الأمراء و الملوك السـلجوقية، ت: محمد نورالدين، دار أقـرا، (بيروت:١٩٨٥)، ص٥٩؛ محمـد سـهيل تقوش: مێژووی دەوڵەتی عەباسـی، ل٣١٤.
(٢) ابـن الأثير: الكامـل في التاريـخ، ج٩، ص٥٩٩؛ اسماعيـل شـكر رسـول: الإمـارة الشـدادية الكرديـة في بلاد ئـاران، مؤسسـة موكريـاني، (اربيـل:٢٠٠١)، ص٧٨.

چەسپاندنی دەسەڵاتیان لە ناوچەكە بۆیە كاتێك (تغرل بگ) لە ساڵی (٤٤٤ك/١٠٥٢ز) هەڵمەتێكی سەربازی دەنێرێتە سەر ناوچەكانی نزیك بەغداد و سەركردایەتیی هەڵمەتەكە بە میر (سعدی بن أبی شوك العنازي) دەسپێرێت [1]، بەمەش بۆمان ڕووندەبێتەوە كە كوردەكان سەرەڕای ئەوەی لە ململانێ ڕەگەزییەكان بەشدارییەكی زۆر كارایان نەكرد، وەكو نەتەوەیەك، یان پێكهاتەیەكی سەربەخۆ، بەڵام لە زۆربەی كاتەكاندا بەتایبەتی لەو ماوەیەدا لەپاڵ پێكهاتەی دیكەدا ڕۆڵیان لە ململانێكاندا گێڕاوە بۆ دەسەڵاتخوازیی خەڵكی دیكە.

دوای دەستبەسەرداگرتنی بەغداد لەلایەن سەلجوقییەكان خەلیفەی عەباسی دانیپێدانان و فەرمانی كرد كە وتاری هەینی ناوی سوڵتانی سەلجوقی بخوێندرێتەوە [2]، لە سەرەتای دەركەوتنیشیان بە پەیڕەوكردنی جۆرێك لە لامەركەزیەت بەڕێوەبردنی هەرێمە كوردییەكانیان بە میرە كوردەكان سپارد، بە تایبەتیش سوڵتان (تغرل بگ) لەوە تێگەیشت كە مانەوەی دەسەڵاتی بە پایەداری لەسەر ناوچە كوردنشینەكان بەهۆی هێزەوە مەیسەر نابێت، بەڵكو هەوڵیدا پاڵپشتیی كۆمەڵایەتی لەنێو خەڵك پەیدا بكات بە هێشتنەوەی میرە كوردیەكان و سود وەرگرتن لە تواناكانیان لە سەپاندنی هەژموونی دەسەڵاتیان، بۆ ئەم مەبەستەش سوودیان لە شارەزایی كەسێكی وەكو (هەزار ئەسپ كوڕی بەنكیر عیاز) وەرگرت [3]، لەماوەی سەپاندنی

(١) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩، ص٥٩١؛ ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ت: أبو صيب الكرمي، بيت الافكار الدولية (بيروت: د.ت)، ص٨٥٥.

(٢) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩، ص٦١١.

(٣) سبط ابن الجوزي: مراة الزمان في تواريخ الأعيان، ت: محمد أنس حسن-كامل

دەســـەڵاتیان ڕووبـــەڕووی چەندیـــن بزوتنـــەوە و هەڵگەرانـــەوە بوونـــەوە، بـــەڵام توانـــی ســـەرکەوتووانە بەســـەریاندا زاڵببێـــت بەمـــەش ســـەلجوقییەکان توانیـــان ڕۆژهەڵاتـــی ئیسلامـــی یـــەك بخـــەن و دەســـت بەســـەر زۆربـــەی شـــامدا بگـــرن، دوای ماوەیەکیـــش دەســـەڵاتێکی مەرکەزییـــان پەیڕەوکـــرد، بەهێـــزی و باڵادەســـتیی ســـەلجوقییەکانیش بـــە مردنـــی مەلیکشـــا (٤٦٥-٤٨٥ك/١٠٧٢-١٠٩٢ز) کۆتاییهـات بەهـۆی دروسـتبوونی ململانـێ لەسـەر دەسـەڵات لـە نێـو بنەماڵــەی ســەلجوقی، کــە دەرەنجــام بــەرەو ڕووی لێــکترازان و لاوازی بــردن[1]، ئەمــەش هەلێــك بــوو بــۆ خەلیفــەی عەباســی بــۆ ئــەوەی لــە کۆتایــی مــاوەی دەســەڵاتی ســەلجوقییەکان دەســەڵاتی لەدەســت چــووی بگەڕێنێتــەوە، لێــرەدا بۆمــان دەردەکەوێــت کــە بــە درێژایــی مــاوەی دەسـەڵاتیان پێکهاتـەکان لـە ململانـێ دابونـە لەسـەر دەسـەڵات، بەلاوازبوونـــی دەســـەڵاتی هـــەر پێکهاتەیـــەك پێکهاتەیەکـــی بەهێزتـــر شـــوێنی گرتۆتـــەوە و هـــەر یەکەیـــان لـــە هەوڵدابـــووە لەمـــاوەی بەهێـــزی دەســـەڵاتی هەژموونـــی خـــۆی بەســـەر پێکهاتەکانـــی تـــر بســـەپێنێت، لەپێنـــاو بەدیهێنانـــی بەرژەوەنـــدی و ئامانجەکانـــی.

---

محمـد، دار الرسـالة العالميـة، ج١٨ (دمشـق:٢٠١٣)، ص٤٩٦؛ أحمـد كمال الديـن حلمـي: السلاجقـة في تاريـخ و الحضـارة، دار البحـوث العلميـة، (الكويـت:١٩٧٥)، ص٢٠٩؛ رسـول ابراهيـم رسـول: سیسـتەمی کارگێـری کوردسـتان لـە مـاوەی نێـوان سـەدەکانی (٤-٨ك/١٠-١٤ز)دا، گۆڤـاری زانکـۆی ڕاپەڕیـن، ژ١، (ڕانیـە:٢٠١٤) ل٢٤٤.

(١) محمـد سـهيل تقـوش: مێـژووی دەوڵەتـی عەباسـی، ل٣١٩-٣٢٠ ؛ محمـد عبدالعظيـم أبـو الـنصر: السلاجقـة تاريخهـم السـياسي والعسـكري، عين للدراسـات الأنسـانية والأجتماعيـة، (القاهـرة :٢٠٠١)، ص٩.

**دووەم:** ئابووری

چالاکییــە ئابوورییــەکان و پەرەســەندن و بوژانــەوە مێژووییــەکان و گۆڕانکارییــە کۆمەڵایەتــی و سیاســییەکان لــە مێــژووی مرۆڤایەتیــا ڕۆڵیــان لــە ژیانــی مرۆڤــدا بینیــووە، بــە جۆرێــك پاڵنــەر و ململانێــی ئابــووری فاکتــەری ســەرەکی بــووە بــۆ گۆڕانــکاری لــە ژیانــی هــەر کۆمەڵگایــەك بــە مەبەســتی دابینکردنــی ســەرچاوەکانی داهــات و بەرزکردنــەوەی ئاســتی گــوزەران، دەشــێ گشــت بەریەککەوتنەکانیــش ڕەهەندێکــی ئابوورییــان هەبێــت، ئابــووری ســەرەڕای ئــەوەی بزوێنــەرە، بەدیهێنەریشــە و پاڵنەرەکــە بــۆ ئــەوەی گۆڕانــکاری بکرێــت و هۆکارێکیشــە بــۆ ئــەوەی داهێنــان بکرێت، کــە بریتییــە لــە دەوڵەتــداری، و هۆکارێکیشــە بــۆ ئــەوەی ململانــێ و بەریەککەوتنــەکان لــە نێــوان پێکهاتــە و نەتــەوەکان بــە بەردەوامــی ڕووبــدەن، بۆیــە مێــژووی مرۆڤایەتــی مێــژووی بەریەککەوتنــی نێــوان چینــەکان و پێکهاتــەکان و کێبڕکێکارەکانــە لــە ســەر بنەمــای ئابــووری.

یەکێــك لــە دیارتریــن بنەماکانــی کۆبوونــەوەی مرۆیــی لــەلای ئــیبن خەلــدوون پێویســتیی مرۆڤــە بــۆ خــۆراك[1]، تێکچوونــی بــاری ئابــوری و بەڕێوەبردنــی خیلافەتــی عەباســی و بڵاوبوونــەوەی دیــاردەی بەرتیــل و فرۆشــتنی ویلایەتەکانــی دەوڵەتــی عەباســی بــەو کەســانەی زیاتــری پێــدەدەن ســیمایەکی بــەربڵاوی دوای ســەردەمی دووەمــی عەباســی بــوو، ئەمــەش لاوازی دەزگاکانــی بەڕێوەبردنــی دەرخســت و هانــی پێکهاتەکانــی دا بــۆ ئــەوەی دەســت بەســەر ناوچــە و هەرێمەکانــدا بگــرن، لــەم بــوارەدا هەرێمــە کوردییەکانیــش لــەو بارودۆخــە بێبــەری نەبــوون هەرێمێکــی بەپیتــی کشــتوکاڵی وەکــو ئازەربێجــان ڕووبــەڕووی

---

(١) موقەدیمە، ب١، ل ١٩٠.

چەندیــن هێرشــی حەمدانییــەکان لــە خۆرئــاوا و بووەیهییــەکان لەبــەری خۆرهەڵاتــی بــووەوە[١]، ئەمــەش ڕەنگــە سروشــتی بەشــێك لــە هــۆزە عەرەبــەکان بوویێــت، وەك ئــیبن خەلــدوون دەڵێــت: ((هێنــدە گــوێ نادەنــە خراپــەکاری و ڕێگریکردنــی خەڵکــی لــە شــکاندنی یاســاکان و تەنهــا گرنگــی بــە داگیــرکاری و تــاڵان و وەرگرتنــی بــاج لــە خەڵکــی دەدەن بۆئــەوەی بگەنــە مەبەســت و ئامانجــی خۆیان))یــان دەڵێت:((لــە هەوڵــی زیادکردنــی باجــدان))[٢]، ناوچــە کوردییــەکان ڕێگەوبانــی بازرگانیــی جیاجیایــان پێــدا تێپەڕیــوە کــە جیهانــی ئیسلامــی بەیەکــەوە بەســتۆتەوە، (**المقــدسي**) هەرێمــی جەزیــرەی بــە پــردی پەیوەندیــی نێــوان عێــراق و شــام ناوبــردووە[٣]، کــە لــە ڕوویــی بازرگانییــەوە ناوچەیەکــی بەســوود بــووە، بۆیــە دەستبەســەرداگرتن و قۆرخکردنــی بــاج و گومرگــی ڕێــگا بازرگانییــەکان هۆکارێــك بــوون بۆئــەوەی بــەردەوام پێکهاتەکانــی نــاو دەوڵەتــی عەباســی لــە ململانــێ دابــن بــۆ کۆنتڕۆڵکــردن و ســەپاندنی هەژموونــی خۆیــان بەســەر ئــەو ناوچانــە و بەدەســتهێنانی ســەربەخۆیی ئابــووری[٤]، ئەمــەش کاریگــەری لەســەر ڕۆڵــی ئابــووری هەبــووە بــە

---

(١) الصــابي: تحفــة الأمــراء في تاريــخ الــوزراء، ت: عبــد الســتار احمــد فــراج، مكتبــة الأعيــان (بيروت:د.ت) ص٢٨٧-٢٨٨؛ کەیــوان ئــازاد ئەنــوەر: کوردســتان و کــورد لەســەدەکانی ناوەڕاســتدا، ل٨٢.

(٢) موقەدیمە ،ب١،ل٤٠٨ .

(٣) احســن التقاسـيم في معرفـة الأقاليـم، ص١٣٦؛ بـۆ زانیـاری لەسـەر ڕێـگاکان و دووری نێـوان شـارەکان بڕوانـە: قدامـة بـن جعفـر: الخـراج و صناعـة الكتابـة، ت: محمـد حسـين الزبيــدي، دار الرشــيد للــنشر، (بغــداد:١٩٨١)، ص٢٢٦؛ ابــن رســتة: الأعلاق النفيســة، تأليـف: احمـد بـن ابي يعقـوب، مطبعـة بريـل، (ليـدن:١٨٩٣)، ص١٤٩-١٥٢.

(٤) عبداللـه نـاصر بـن سـليمان العـارثي: الأوضـاع الحضاريـة في أقليـم الجزيـرة فراتيـة في القـرنين السـادس و السـابع الهجـري، ت: سـعيد عبـد الفتـاح عاشـور، دار العربيـة للموسـوعات، (بيروت:٢٠٠٧م)، ص٢٥؛ م.س.لازاريـف: چەنـد کێشـەیەکی دیمۆگرافـی

تایبــەت لــە کێشــکردنی بــازرگان و پیشــەوەران لــە گشــت ڕەگــەز و پێکهاتــەکان بـۆ مەڵبەنـدە بازرگانییـەکان و مانـەوە و تێیـدا نیشـتەجێبوونی، بۆیــە ئــەو ناوچانــە بوونەتــە دەروازەیــەك بــۆ تەراتێنــی هێــزەکان و مەیدانێکیـش بـووە بـۆ شـەڕ و ململانێـی نێـوان پێکهاتـەکان و داگیرکردنـی، ئــەو سیاســەتە ئابوورییــەی ئــەو پێکهاتانــەش پەیڕەویــان کــردووە ئەرکــی سەرشـانی جوتیارانـی قـورس کـردووە و کاریگـەری و شـوێنەواری خراپیشـی لەسـەر بـواری کشـتوکاڵ بەجێهێشـتووە، بـەڵام ئەمـە هـۆکاری سـەرەکیی ئــەو بارودۆخــە نییــە کــە بەســەر ناوچــە کوردییەکانــەوە هاتــووە لــە ململانێیەکانیــان لەســەر ئــەو ناوچانــە، بەڵکــو فاکتــەری ســەرەکی خــۆی لــە خاســیەت و تایبەتمەندییــە کۆمەڵایەتیەکانــی ئــەو پێکهاتانــە و ئـەو ژینگـە سروشـتییەی کـە تیایـدا ژیـاون دەبینێتـەوە، بـە تایبـەت خراپــی بــاری ئابــووری و نزمــی و نالەباریــی ئاســتی گوزەرانــی هەندێــك لــەو نەتــەوە و پێکهاتانــە وژیانــی خێڵەکــی و کۆچــەرەو و جەنجاڵیــی گوزەرانــی دانیشــتوان و شــەڕ و ئــاژاوەی هۆزایەتییــەوە هەبــووە، ســەرەڕای ســەختیی پەیداکردنــی بژێــوی و خــۆراك و گــەڕان بــەدوای لــەوەڕگا و خواســتی دەستبەســەرداگرتن و خۆســەپاندن لــە ســیما هــەرە دیارەکانــی ئــەو پێکهاتانــە بــوون. عەرەبــەکان و دەیلەمــەکان و غــوزەکان لــە نموونــەی دیــاری ئــەو بارودۆخــەن[1]، (**مسـعر بـن مهلهـل**) لـە بـارەی

و مێژوویــی سیاســی و پەیوەندیــی کۆمەڵایەتــی و ئابــووری کــورد، وەرگێڕانــی لــە روسـیەوە: کاوێـس قەفتـان، گۆڤـاری کـۆڕی زانیـاری عێـراق دەسـتەی کـورد، بەرگـی ١٦و١٧ (بەغــداد:١٩٨٧)، ل٣٨٠.

(١) القلقشـندي: قلائـد الـجمال في التعريـف بقبائـل عـرب الزمـان، ت: ابراهيـم الأبيـاري، دار الكتــاب المصري، ط٢(القاهــرة:١٩٨٢)، ص١١٩-١٢٠ ؛ ول واريــل ديورانــت: دروس التاريـخ، ت: علـى شـلش، دار سـعاد الصبـاح، (القاهـرة:١٩٩٣)، ص١٥٦؛ رسـول ابراهيـم رسـول: کاریگەریەکانـی لەشکرکێشـی هێـزە بیانیـەکان، ل٢١٦.

شاره‌زوور ده‌ڵێت: ((شه‌ست هه‌زار ماڵی كوردی تێدا ده‌ژی كه‌ خاوه‌ن زه‌وی و زاری زۆر و به‌ پیتن))بوون[1]، ئه‌مه‌ش هۆكارێكی سه‌ره‌كی بووه‌ بۆئه‌وه‌ی ناوچه‌ كوردییه‌كان سه‌رنجی ئه‌و ڕه‌گه‌ز و پێكهاته‌ بیانییانه‌ به‌لای خۆیان ڕابكێشن بۆ خۆده‌ربازكردن له‌ ناهه‌مواریی بارودۆخی ژیانیان ملیان به‌ وڵاتانی ده‌وروبه‌ریانه‌وه‌ ناوه‌ و ده‌ستیان به‌سه‌ر ماڵ و موڵكی ئه‌و ناوچانه‌ داگرتووه‌.

بوه‌یهییه‌كان له‌سه‌ر داواكاریی خه‌لیفه‌ی عه‌باسی هاتنه‌ به‌غداد بۆ رزگاربوون له‌و بارودۆخ و ته‌نگه‌ژه‌ داراییه‌ی توركه‌كان خولقاندبوویان، له‌گه‌ڵ ده‌ستگرتنیشیان به‌سه‌ر به‌غداد خه‌لیفه‌ (مستكفي باللة) له‌ خیلافه‌ت دووره‌خه‌نه‌وه‌ و چاوه‌كانی كوێر ده‌كه‌ن و كۆشكی خه‌لیفه‌ تالان ده‌كه‌ن و ده‌ست به‌سه‌ر ماڵ و موڵكی خه‌لیفه‌دا ده‌گرن[2]، باج و خه‌راجیش وه‌ك ئامرازێك بۆ خۆده‌وڵه‌مه‌ندكردن به‌كارده‌هێنن و ناوچه‌كانی هه‌رێمی جه‌زیره‌ ببوونه‌ مه‌یدانی ململانێ له‌ نێوان بوه‌یهییه‌كان و حه‌مدانیه‌كان، به‌ تایبه‌ت بۆ حه‌مدانیه‌كان ناوه‌ندێكی گرنگی مرۆیی و ئابووری بوو، زۆرجاریش لایه‌نه‌ ناكۆكه‌كان له‌سه‌ر حسابی ناوچه‌ كوردییه‌كان گه‌یشتوونه‌ته‌ ڕێككه‌وتن، ئه‌وه‌تا هه‌روه‌كو (**مسكويه**) له‌ ڕووداوه‌كانی ساڵی (٣٤٨ك/٩٥٨ز) ده‌گێڕێته‌وه‌ (معزالدولة) (٣٣٤-٣٥٦ك/٩٤٥-٩٦٧ز) بوه‌یهی به‌هۆی پابه‌ندنه‌بوونی حه‌مدانیه‌كان[3] به‌ ناردنی باج بۆ بوه‌یهییه‌كان له‌شكرێكیان

(١) الرسالة الثانية، ت: مينورسكى، مطبعة الجامعة القاهرة (القاهرة:١٩٥٥)، ص١٠.

(٢) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٨، ص٤٥٢.

(٣) حه‌مدانییه‌كان: بنه‌ماڵه‌یه‌كی عه‌ره‌بی ده‌سه‌ڵاتدارن له‌ شام و به‌شێكی زۆری جه‌زیره‌، له‌ نیوه‌ی دووه‌می سه‌ده‌ی سێیه‌می كۆچی نێوه‌ی دووه‌می سه‌ده‌ی هه‌شته‌می زاینی خانه‌واده‌ی خۆیان له‌ مووسڵ جێگیركرد دواتر بووه‌ بناغه‌یه‌ك بۆ ده‌ركه‌وتنی كاری سیاسییان، له‌ سه‌رده‌می (المقتدر) له‌ ده‌سه‌ڵات

ئامادەکـرد بـۆ هێرشکردنەسـەر موسـڵ و هەرێمـی جەزیـرە، لـە پێنـاو دەسـتهەڵگرتنی لـە هێرشـەکەی داوای باجێکـی سـاڵانەی بەبـڕی (دوو ملیـۆن دەرهەم)دەکـەن لـە (سـیف الدولـة الحمـداني) ئەویـش بـە ناچـاری ڕازی بـوو[١]، بێگومـان بەشـی زۆری ئـەو باجـە لـە جوتیارانـی ناوچـە کوردییەکانـی هەرێمـی جەزیـرە کۆدەکرایـەوە بەهـۆی ئـەوەی بەشـێك بـوون لـە قەڵەمڕەویـی حەمدانیـەکان، ئەمـەش وای کـرد بـەر لـە وادەی خـۆی بـاج وەربگیرێـت و بارگرانییەکـی زۆر بـۆ خەڵکـی ناوچەکـە دروسـتبوو، هـەر لەوماوەیـە تورکـەکان چەندیـن جـار بەسـەر شـارەکانی (واسـط- بصرة) دادەدەن و ناوچەکەیـان وێرانکـردوو، مـاڵ و موڵکـی خەڵکیـان تاڵانکـرد، بەمـەش ئەوەنـدەی ببوونـە مایـەی بارگرانـی ئەوەنـدە سـوودیان بـۆ ناوچەکـە نەبـوو[٢].

لـە ڕاسـتیدا سیسـتەمی دەرەبەگایەتـی یەکـەم کاردانـەوەی دوای هاتنـە سـەر دەسـەڵاتیان بـوو، کـە بوەیهییـەکان بـە شـێوەیەکی فـراوان پەیڕەویـان کـرد دوای ئـەوەی نەیانتوانـی ئازوقـە و موچـەی سـەربازانیان دابینبکـەن، کەوتنـە دەسـتڕۆییکردن لـە زیـاد بەخشـینی زەوییـە بەپیتـەکان بەسـەرکردە سـەربازییەکان کـە بـاری سەرشـانی جوتیارانـی زۆر گرانکـرد[٣]، چاوچنۆکـی هێـزە داگیرکـەرەکان زۆربـوو زۆرجـار لەنێـوان

---

هەڵگەڕانـەوە، دواتـر لەنـاو خیلافـەت دەسـەڵاتیان زیادکـرد. ابـن الأثیر: الكامـل في التاریـخ، ج٨، ص٩٣؛ اللبـاب في تهذیـب الانسـاب، ت: قاسـم محمـد الرحیـب، مكتبـة المثنـى، (بغـداد:د.ت)ج١، ص٣٨٦.

(١) تجـارب الأمـم، ج٥، ص٣٢٣؛ هەروەهـا بگەڕێـوە بـۆ: ایلیـا برشـینایا: تاریـخ ایلیـا برشـینایا، ت: یوسـف حبـي، مطبوعـات مجمـع اللغـة السریانیـة (بغـداد:١٩٧٥) ص١٩٦؛ عبـد العزیـز الـدوري: تاریخ العـراق الأقتصادي، مطبعـة المعارف، (بغـداد:١٩٤٨)، ص١٩١.

(٢) ابن الأثیر: الكامل في التاریخ، ج٨، ص٥١٧ .

(٣) مسـكویة: تجـارب الأمـم، ج٥، ص٢٨٣؛ محمـد الـخضري بـك: محـاضرات في تاریـخ

پێکهاتـەکان دەبـووە ململانـێ لەسـەر دەستبەسـەرداگرتنی ناوچەیـەك بـە تایبـەت کاتێـك ئـەو ناوچەیـە لـە ڕووی ئابـووری دەوڵەمەنـد بوایـە و داهاتێکـی باشـی هەبوایـە، هـەروەك چـۆن دوای مردنـی (معزالدولـة)ی بوەیهـی لـە سـاڵی (٣٥٥ك/٩٦٥ز)[١]، لەسـەر فراوانخـوازی و چاوتێبڕینـی مـاڵ و موڵکـی یـەکتری شـەڕی نێوانیـان دەسـتیپێکرد و تـا کۆتاییەکانـی فەرمانڕەواییـان درێـژەی کێشـا و ناوچـە کوردییەکانیـش بەشـێك بـوون لـەو ململانێیـە، سـەرەڕایی ئـەوەی کـورد نەیتوانیـوە بێلایەنیـی خـۆی بپارێزێـت، ئەمـەش کاریگەریـی ململانێیەکانـی لەسـەر کـورد زیاتـر کـرد، بۆیـە لـەو ماوەیـە گەنجینەکانـی دەوڵـەت بەتاڵبـوون (أبـو منصـور بختیـار)(٣٥٦ك/ ٩٦٦ز)ی بوەیهـی چـاوی بڕییـە سـامانی خەلیفـەو دەسـتی بەسـەرداگرت کـە بـە (چـوار سـەد هـەزار دەرهـەم) مەزنـدە دەکـراوە، جگـە لـەوەی هەوڵیـدا دەستبەسـەر موڵکـی (سـبکتکین)ی سـەرکردەی تورکـەکان دابگرێـت ئەمـەش پەشـێوی و نائارامـی و تاڵانـی بـەدوای خۆیـدا هێنـا و بۆماوەیـەك تورکـەکان دەسـت بەسـەر بەغـداد دادەگـرن[٢]، (**ابـن الأثير**) دەگێڕێتـەوە کاتێـك سـەرۆك هـۆزی سـەلغەری تورکمانـی لەگـەڵ هێـزە تورکمانییـەکان یـەك دەگـرن بـۆ هێرشـکردنە سـەر میرنشـینی عەننـازی لـە سـاڵی (٤٩٥ك/١١٠٢ز) لـە سـەردەمی میـر سـورخاب (٤٦٧-٥٠٠ك/١٠٧٥-١١٠٧ز) کـە میرێکـی دەوڵەمەنـد و خـاوەن داهاتێکـی زۆربـوو، توانیـان لـە قـەڵای (خەفتیـان)[٣] دەسـت بەسـەر گەنجینـەی میرنشـینەکەدا

الأمم الإسلامية، ص٣٥٧.

(١) النويـری: نهايـة الأرب في فنـون الأدب، ج٢٦، ص١١٠؛ فاضـل الخالـدي: الحيـاة السياسـية ونظـم الحكـم في العـراق، دار الأديـب (بغـداد:١٩٦٩) ص٣١ .

(٢) فاضل الخالدي: الحياة السياسيةونظم الحكم في العراق، ص٣٢-٣٣.

(٣) خەفتیـان: قەلایەکـە دەکەوێتـە نزیـك شـاری کۆیـە، لەسـەر ڕێـگای هەولێـر- شـارەزوور، یەکێـك بـووە لـە گرنگتریـن ئەوقەڵایانـەی کـە میـر سـورخابی کـوڕی

بگـرن کـە بـە دوو ملیـۆن دینـار مەزەنـدەی دەکات و تەنهـا دوو سـەد هـەزار دینـار بـۆ سـوڵتانی سـەلجوقی دەنێـرن و ئـەویتر بۆخۆیـان قـۆرغ دەکـەن، بـەڵام زۆری پێناچێـت لەسـەر دابەشـکردنی گەنجینەکـە دەبێتـە ناکۆکییـان و سـەرکردەیەکیان هـاوڕێ هاوپەیمانەکـەی دەکوژێـت و بکـوژ بـۆ ڕزگاربوونـی ناچـار پەنـای بـۆ میـر سـورخاب بـردووە، لەپێنـاو پەنـادان و ڕزگارکردنـی لـە بنەماڵـەی کـوژراو ئامادەبـوو گەنجینەکـە و قەڵاکـە بـۆ عەننازییـەکان بگەڕێنێتـەوە[١].

دەستبەسـەرداگرتنی زەوی لەلایـەن خەلیفـەی عەباسـی لـە لایـەك داهاتەکـەی بـۆ بەڕێوەبردنـی کۆشـك و پێداویسـتییەکانی بـوو[٢]. لەلایەکـی دیکـە هەریـەك لـە بوەیهییـەکان و سـەلجوقییەکان بەشـێکی زۆری زەوییـە کشـتوکاڵییەکانیان بـە شـێوەی (اقطـاع) بـە سـەرکردە سـەربازییەکانیان دەدا، کـە ئەمیـش جێگـرەوەی ئـەو موچەیەبـوو کـە پێویسـت بـوو لەسـەر دەوڵـەت بـە سـەربازەکانی بـدات[٣]، وەك بەخشـینی ناوچـەی حلـوان بە(ارتـق کـوڕی اکسـب)

---

بـەدری عەنـازی لەسـەدەکانی ناوەراسـت بـەکاری هێنـاوە بـۆ خۆپـاراستن لـە هێرشـی هـۆزی (سـلغر)ی تورکمانـی. بروانـە: ابـن الأثیر: الکامـل في التاریـخ، ج١٠، ص٣٤٧؛ مەهـدی عـوسمان هەروتـی: نادیاریـی مێـژووی کۆیـە لـە سـەرچاوەکانی سـەدەکانی ناوەراسـتدا، کۆنفرانسـی نێودەوڵەتـی، بڵاوکـراوەی ژمـارە١٨ (کۆیـە:٢٠١٩)، ل٧٧.

(١) الکامـل في التاریـخ، ج١٠، ص٣٤٧-٣٤٨؛ شـەرەف خانـی بەدلیسـی: شـەرەفنامە، و: مامۆسـتا هـەژار، پەخشـانگای پانیـز، چ٦ (سـنە:٢٠١٠)، ل٤١؛ مەهـدی عـوسمان: نادیاریـی مێـژووی کۆیـە لـە سـەرچاوەکانی سـەدەکانی ناوەراسـتدا، ل٧٧.

(٢) الصابـی: رسـوم دار الخلافـە، ت: میخائیـل عواد، دار الرائد العـربي، ط٢(بیروت:١٩٨٦)، ص٣٣٩-٣٤٠؛ محەمـەد شـوانی: ڕۆڵـی چینـی ناوەنـد لـە پێکەوەنانـی ناسـنامەی نەتەوەییـدا، گۆڤـاری زانکـۆی سـلێمانی، ژ٣٢، بB (سـلێمانی:٢٠١١)ل٣٢.

(٣) موحسـین موحەممـەد حوسـێن: هەولێـر لەسـەردەمی ئەتابەگیانـدا، نوسـینگەی تەفسـیر (هەلێـر:٢٠١٣) ل٢٤؛ ابراهیـم علـی طرخـان: النظـم الأقطاعیـة في الشرق الأوسـط في العصـور الوسـطی، الکاتـب العـربي (القاهـرة:١٩٦٨)، ص٢١؛ حسـن أحمـد

لەلایەن مەلیکشا، کە مەبەست لێی لکاندنی ویلایەتەکان بوو بە دەسەڵاتی ناوەندی، کە دواتر بەهۆی لاوازیی دەسەڵاتی ناوەندی ئەو (أقطاع)انە بوونە بناغەی دروستبوونی ئەتابەکیەکان[١] و بەردەوام لەنێوان خۆیاندا لەململانێ دابوون لەسەر فراوانکردنی سنووری دەسەڵاتیان[٢]، لە ڕاستیدا ئەتابەگییەکان دەرئەنجامی بەخشینی ئەو (أقطاع)انە بوون، کە لەسەر پێشنیازی (نظام الملك) وەك شێوازێکی کارگێڕی تایبەت بە سەلجوقییەکان هاتنە ئاراوە، دوای لاوازیی دەسەڵاتی مەرکەزی سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند بۆ دامەزراندنی میرنشینی نیمچە سەربەخۆ و بوونە شوێنگرەوەی میرنشینە کوردییەکان دوای ڕووخانیان لە سەردەستی سەلجوقییەکان بەهۆی جێبەجێکردنی سیاسەتی مەرکەزی[٣].

---

محمود - أحمد ابراهيم شريف، العالم الأسلامي في العصر العباسي، ص٥٧٤.

(١) ئەتابەك: وشەیەکی تورکیە لە دوو برگە پێکهاتووە، ئەتا: پەروەردەکەر، بەگ: پەروەردەکەری ئەمیر، واتای وشەکەش بریتیە لە پەروەردەکەری میر، ئەرکی ئەتابەکیش لەسەرەتاوە پەروەردەکردنی منداڵەکانی سوڵتان بوو، یەکەم کەسیش ئەو نازناوەی پێدرا (نظام الملك)ی وەزیری ملكشاە بوو لەساڵی(٤٦٥ك/١٠٧٣ز). بڕوانە: ابن واصل: مفرج الكروب فى اخبار بني ايوب، ج١، ص٣٣؛ ابن خلكان: وفيات الأعيان وانباء ابناء الزمان، ج١، ص٣٦٥؛ قلقشندي: صبح الأعشى، ج٤، ص١٨؛ العييني: عقد الجمان في تاريخ أهل الزمان، ت: محمود رزق محمود، دار الكتب و الوثائق القومية، ط٢ (القاهرة:٢٠١٠) ج١، ص٥.

(٢) البنداري: تاريخ دولة ال سلجوق، ص٧٠؛ رسول ابراهيم رسول: سيستەمی کارگێری کوردستان، ل٣٤٧.

(٣) حسن أحمد محمود - أحمد ابراهيم شريف: العالم الأسلامي في العصر العباسي، ص٥٧٤.

**سێیەم:** نەتەوەیی و ڕەگەزی:

بوونـی ململانـێ لـە ناوەنـدی خیلافەتـی عەباسـی بەشـێکی بەهـۆی جیـاوازی ڕەگەزییـەوە بـوو، هـەر پێکهاتەیـەك لەناوەنـدەوە ململانێیـەك دەکات بەهـۆی بوونـی جیـاوازی لـە ئەنجامـی بوونـی پێکهاتـەو ڕەگـەزی جیـاواز سـەرچاوەی گرتـووە، پێـش هاتنەسەردەسـەڵاتی بوەیهییـەکان چەندیـن ململانـێ سـەریانهەڵدا لەنێـوان ڕەگـەزە جیـاوازەکان، کـە هەریـەك لـەو هێزانـە بـە ڕەگەزەکەیـەوە دەنـاسرا و لـە ڕووی نەژادییـەوە جیـاواز بـووە، ڕەگەزیـش لـە سـەر بنەمـای نەریـت و کلتـوور و زمـان لەیـەکتر جیادەکرێنـەوە، هـەر ڕەگەزێکیـش سـیفات و تایبەتمەنـدی و بارودۆخـی دەروونیـی خـۆی هەیـە، هـەر ئەوانەشـن وادەکـەن کـە ڕەگەزەکـە جیاوازتـر لـە ڕەگەزێکـی دیکـە دەربکەوێـت سـەرەڕای شـوێنی نیشـتەجێبوونیان کـە فاکتـەری سـەرەکیی جیـاوازی نێـوان ڕەگەزەکانـە، بۆیـە دەبینیـن لـە سـەردەمی خیلافەتـی ئیسلامـی هەنـدێ لـە میللەتـان بـە هاتنـی ئیـسلام زمـان و کلتـووری خۆیـان لەدەسـتدا و زمـان و کلتـووری ئاینـی ئیـسلام و زمانـی عەرەبـی وەردەگـرن، بـەڵام هەریـەك لـە فارسـەکان و تورکـەکان توانیـان پارێـزگاری لـە زمانـی خۆیـان بکـەن بەمـەش توانیـان شوناسـی نامەزهەبییانـەی خۆیـان لـە شوناسـی نامەزهەبیـی عـەرەب جیابکەنـەوە، بـۆ پاراستنیشـی بـە ململانێەکـی بەهێـزدا تێپەڕیـون[1].

گەلانـی ئیسلامـی نزیکـەی دوو سـەدە و نیـو لەژێـر ئـاڵای خەڵافـەت بـە کۆمـەڵ مانـەوە، پاشـان دەسـەڵاتی مەرکـەزی بـەرەو لاوازبـوون و پارچـە پارچـە بـوون چـوو، وای کـرد چەندیـن ڕەگـەزی نـوێ سـەرهەڵبدەن

(١) عرفـان مسـتەفا: بونـی نەتـەوەی کـورد، (سـلێمانی:٢٠١٨) چ٢، ل٥٢٦-٥٢٧؛ ئاکـۆ بورهـان: فەلسـەفەی مێـژوو، چاپخانـەی رۆشـنبیری (هەلێـر:٢٠١٥)ل٤٦؛ هاشـم يحـى الملاح: المفصـل في فلسـفة التاريـخ، دار الكتـب العلميـة، (بيروت:٢٠٠٧) ص٢١٤.

و مەیلیان بەرەو دەسەڵات و بەهێزبوونیان و بەرەو ژیانێکی نوێ و نەتەوەیی بچێت، ئەمەش لە دەرکەوتنی ڕەگەزی فارسی لەسەر شانۆی ڕووداوە سیاسییەکان ڕەنگدەداتەوە، کە بە سەرەتایەکی نوێ لە ململانێی ڕەگەزی لەناو دەوڵەتی عەباسی دادەنرێت[١]، لە ئەنجامی قووڵبونەوەی ململانێی نێوان ڕەگەزی فارسی کە میراتگری شارستانیەتێکی دێرینن لەگەڵ ڕەگەزی عەرەبی بە تایبەت دوای کێشەی (ئەمین و مەئمون) کە لایەنگرانیان بەسەر ئەو دوو ڕەگەزە دابەشببوون، بە یەکلایی بوونەوەی ململانێیەکە لە بەرژەوەندیی پێکهاتەی فارسی گورزێکی گەورە بەر ڕەگەزی عەرەبی کەوت لەناو دەوڵەتی عەباسی و درێژەی کێشا تا سەردەمی (المعتصم)، ئەویش بەهۆی شۆرش و ڕاپەڕینەکانی فارس و عەرەبەکان ناچار خەلیفە پشتی بە ڕەگەزی تورکی بەست لە سوپا بۆ کۆنترۆلکردنی بارودۆخی دەوڵەتەکەی، ئەو ڕەگەزەش بە ماوەیەکی کەم بوونە سەرانی ڕاستەقینەی دەوڵەت[٢]، زەیاریەکانیش کە ڕەگەزێکی دەیلەمی بوون توانیان دەست بەسەر بەشێکی هەرێمی چیاکاندا بگرن بە نیازی دامەزراندنی دەوڵەتێکی فارسی و کۆتایی هێنان بە فەرمانڕەوایی عەرەب، بۆ ئەم مەبەستەش نەریتەکانی ساسانی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان زیندووکردەوە بەهیوای گەڕاندنەوەی پاشایەتیی

(١) حسين مؤنس: الشرق الأسلامي في العصر الحديث، طبعة حجازي، ط٢(القاهرة:١٩٣٨)، ص١٧؛ رضا رافع: ظاهرة الشعوبية في العصر العباسي، مجلة المدونة، ع٤، (الجزائر:٢٠١٥)، ص١٣٥.

(٢) کارل بڕۆکلمان: مێژوی گەلانی مسولمان، ل١٧٤-١٧٥؛ محەمەد مەحمود مەندەلاوی: مێژوو وشارستانیەتی کورد ،و: محەمەد وەسمان، دەزگای زەهرەت رافیدەین، چ١(هەولێر:٢٠٠٩)، ل٢٧٩.

ساسـانییەکان[١]. سیاسـەتی پشـت پێبەسـتنی خەلیفەکانـی عەباسـی بـە ڕەگـەزی جیـاواز لـە پێکهێنانـی هێـزی سـەربازیدا لـە تـورك و فـارس و ڕەگـەزە ناموسـڵمانەکان ڕێخۆشـکەر بـوون بـۆ هاتنـی ڕەگـەزی جیـاواز بـۆ ناوچەکـە و دواتریـش نیشـتەجێبوونیان، بـە تایبـەت دوای ئـەوەی خەلیفـەی عەباسـی پشـتی بـە کۆیلـە تورکـەکان بەسـت، ئەمـەش بەهـۆی لێهاتوییـان، ئەمانـەش هۆکاربـوون بۆئـەوەی دواتـر وەك پێکهاتەیـەك ململانێـی پێکهاتەکانـی دیکـە بکـەن[٢].

دەیلەمـەکان وەك ڕەگەزێکـی نـوێ لـە ناوچەکـە بەدەرکەوتـن و ململانێـی ڕەگەزەکانـی تریـان دەکـرد، جـا چ وەك بەشـێك لـە سـوپای زەیارییـەکان بێـت لـە هەڵمەتەکانیـان بۆسـەر شـارەکانی هەرێمـی چیـاکان یاخـود لەگـەڵ لەشکرکێشـیی بوەیهییـەکان[٣]، توانیـان سـوود لـە ململانێـی نێـوان خەلیفـەی عەباسـی کـە نوێنەرایەتیـی ڕەگـەزی عەرەبـی دەکـرد لەگـەڵ (تـۆزۆن)ی سـەرکردەی تورکەکانیـان قۆسـتەوە و لەسـەر داوای خەلیفـە (المتقـي باللـة) (٣٢٩-٣٣٣ك/٩٤٠-٩٤٤ز) بـەرەو بەغـداد هاتـن و وەك ڕەگـەزی سـێیەم توانیـان سـوود لـەو ململانێیـە وەرگـرن و دەسـت بەسـەر ناوەنـدی خیلافەتـی عەباسـیدا بگـرن، ڕۆڵـی ڕەگـەزی تورکـی لـە ناوەنـد کۆتایـی پێبهێنـن و ڕۆڵیـان تەنهـا وەك سـەرباز و خزمەتـکار مایـەوە لـە چوارچێـوەی دەوڵەتـی عەباسـیدا[٤].

(١) النويـرى: نهايـة الأرب في فنـون الأدب، ج٢٦، ص٧؛ زرار صديـق توفيـق: الكـرد في الـعصر العبـاسي، مطبعـة شـهاب (أربيـل:٢٠١٨)، ص١٦١-١٦٢.
(٢) رسول ابراهيم رسول: پێکهاتەکانی کوردستان لە سەردەمی عەباسیدا، ل١٠١ .
(٣) المسـعودي: مـروج الذهـب و معـادن الجوهـر، ج٤، ص٣٠٢؛ قـادر محمـد حسـن: الامـارات الكورديـة في العهـد البويهـي، مطبعـة ڕۆژهـەڵات (اربيـل:٢٠١١)، ص٩٠.
(٤) ابـن الأثير: الكامـل في التاريـخ، ج٨، ص٤٥٢-٤٥٣ ؛ محمـد سـهيل تقـوش: مێـژووی دەوڵەتـی عەباسـی، ل٢٩٧ .

بەمەش ڕەگەزی دەیلەمی لەگەڵ ئەو ڕەگەزە نوێیانە بەریەککەوتن کە کۆچیان بۆ ناوچەکانیان کردبوو، پشتبەستنی خەلیفەی عەباسی و میرنشینە کوردییەکانیش بە ڕەگەزی دەیلەمی هۆکار بوو بۆ زیادبوونی ژمارەیان و نیشتەجێبوونیان[١]، هەرکاتێکیش هێز و دەسەڵاتی هەریەك لەو هێزانە زیاتر بوایە هەوڵی خۆسەپاندن و لەناوبردن و سڕینەوەی ڕەگەزی بەرامبەریان داوە، بۆیە بەردەوام ڕووبەڕووبوونەوە و ململانێ لەنێوان ئەو رەگەزانە هەبووە[٢]، بەهۆی ئەوەی دەوڵەتی عەباسی لەچەندین نەتەوە و ڕەگەز پێکهاتبوو هەر یەك لەو ڕەگەز و پێکهاتانە لەکاتی هاتنە سەر دەسەڵاتیان نەیان دەتوانی دەسەڵاتی خۆیان بەردەوامی پێبدەن[٣]، دەکرێت بوترێ کە سەرەتا بەهۆی فراوانبوونی پانتایی دەوڵەتی ئیسلامی و گرتنەخۆی کۆمەڵێك نەتەوە و ڕەگەزی جیاواز، دواتریش بەهۆی لاوازبوون و نەمانی توانای جەنگی ڕەگەزی عەرەبی و پشتبەستنی خەلیفەکان بە ڕەگەزە جیاوازەکان لەپێناو پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لەسوپا دروستببوو وەکو ئەوەی خەلیفە (المعتصم) پێی هەڵسا بەهێنانی ڕەگەزی تورك بۆ نێو سوپا، یاخود هەندێکجار لەپێناو بەرەوڕووبوونەوەی هەژموونی ڕەگەزێکی زاڵی نێو سوپا و دەسەڵات، خەلیفەیەك پەنا بۆ زیادکردنی ڕەگەزێکی دیکە دەبرد هەروەکو خەلیفە (المسترشد باللە)(٥١٢-٥٢٩ك/١١١٨-١١٣٥ز) لە سەردەمی خۆیدا هەوڵی بۆدا لەپێناو بەرەوڕووبوونەوەی هەژموونی تورکەکان هەوڵیدا ژمارەی کورد لە ناو هێزە سەربازیەکەیدا زیاد

(١) ئاراس فەریق زەینەل: دیبلۆماسیەتی کورد لەسەردەمی بوەیهیەکاندا، ل٩٧.
(٢) الروذراوري: ذيل تجارب الأمم، دار الكتب العلمية، (بيروت:٢٠٠٣)، ج٦، ص٨٠-٨١.
(٣) عرفان مستەفا: بونی نەتەوەی کورد، چ٢، ل٢٨٥-٢٨٦ .

بـکات[١]، لـەو کاتـەی فەرمـان بـە وەزیـر (أبـا الحسـن کـوڕی صدقـە) دەکات نـاوی کـوردەکان لـە دیوانـی (العرض)[٢]بنووسـێت[٣]، کـە ئەمـەش مەترسـی لەسـەر تورکـە سـەلجوقییەکان دروسـتکرد بۆیـە سـوڵتان سـنجر(٥١١-٥٥٢ك/١٠١٧-١١٥٧ز) نووسراوێـك بـۆ سـوڵتان محمـود (٥١١-٥٢٥ك/١٠١٧-١١٣١ز) دەنێرێـت و داوای لێـدەکات وەزیـری ناوبـراو بگرێـت و کوردەکانیـش بکوژێـت، کـە ناویـان نـووسراوە[٤]، هـۆکاری ئـەو مەترسـییەش دەبێـت ئازایـی و دڵسـۆزیی کـوردان بـوو بێـت بـۆ خیلافـەت، نەوەکـو ببێتـە بەهێزکردنـی بناغـەی دەسـەڵاتی خەلیفـە و دواتـر لەناوبردنـی هەژموونـی پێکهاتـەی تـورك لەنێـو دەسـەڵات[٥].

(١) ابـن العمـراني: الإنبـاء في تاريـخ الخلفاء،ت:قاسـم السـامرائي، دار الأفـاق العربيـة، (القاهـرة:١٩٩٩)، ص٢١٧؛ مهـدی هەروتـی: ڕۆڵـی سـەربازیی کـورد، ل١٠٥.

(٢) دیوانـی (العـرض): لـە دیوانـە بچووکەکانـی سـەر بـە دیوانـی سـوپا(الجیش)یە، تایبەتـە بەهەمـوو ئەوانـەی پەیوەنـدی هەیـە بـە ئامادەکردنـی سـەربازان و لێکۆڵینـەوەی بـارودۆخ و چـەك و پێداویسـتیەکانیان، ئـەم دیوانە لـە دیوانە کۆنەکانـە و سـەرەتای دەرکەوتنـی دەگەڕێتـەوە سـەردەمی ئومـەوی. بڕوانـە: مهـدی هەروتـی: ڕۆڵـی سـەربازیی کـورد، ل١٠٦.

(٣) نـزار محمـد قـادر النعيمـي: الجيـش وتأثيراتـة في سياسـة الدولـة الاسلاميـة منـذ تأسيسـها حتـى سـقوط بغـداد(١-٦٥٦/٦٢٢-١٢٥٨م)، دار الكتـاب الثقـافي، (د.م.ت)،ص١٨٣.

(٤) النعيمي: الجيش وتأثيراته، ص١٨٣.

(٥) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە : مەهدی عوسمان هەروتی: ڕۆڵی سەربازیی کورد، ل١٠٥-١٠٦.

**چوارەم:** ئاینی و مەزهەبی:

ئایـــن سیســـتەمێکە کـــە ڕەفتـــار و شـــێواز و بیروبـــاوەڕی مـــرۆڤ دیاریـــدەکات، کاریگەریـــی دەروونـــی و کۆمەڵایەتیـــی قـــوڵ لـــە ناخـــی تـــاك جێدەهێڵێـــت کـــە باوەڕیـــان پێیهێنـــاوە، ئایـــن بەهـــای ڕۆحـــی بـــە تـــاك دەبەخشـــێت و پێویســـتییەکی ڕۆحانییـــە بـــۆ مرۆڤـــەکان، کـــە لـــە دەروونـــی بـــاوەڕداران جێگیـــر دەبێـــت، بۆیـــە وەك چـــۆن دەوڵەتـــی عەباســـی لـــە ڕووی پێکهاتـــەوە جۆراوجـــۆر بـــووە لـــە ڕووی ئاینـــی و مەزهەبیـــش جۆراوجـــۆر بـــووە و هەرلایـــەك ویســـتویەتی ئایـــن و مەزهەبـــی خـــۆی بەســـەر ئەویدیکـــەدا زاڵبـــکات.

ململانـــێ بەمانـــای ڕەتکردنـــەوەی گشـــت نییـــە، بەڵکـــو کۆکنەبوونـــە لەســـەر بەشـــێك یـــان چەنـــد بەشـــێك لـــە بابەتێکـــی هاوبەشـــی نێـــوان دوو یـــان زیاتـــر لەلایەنـــی مەزهەبـــی، ئاینـــی ئیسلامیـــش خـــۆی هێزێکـــی کاریگـــەر بـــووە لـــە بڵاوبوونـــەوەدا بەهـــۆی بەهێزیـــی دەمارگیریـــی هۆزایەتـــی لەنێـــو عـــەرەب ئەمـــەش کاتێـــك ڕوویـــدا کـــە عـــەرەب بـــووە هەڵگـــری بانگـــەوازی ئیسلامـــی، بۆیـــە توانیـــان لـــە ڕێگـــەی کاریگەریـــی ئاینـــەوە هەژموونـــی خۆیـــان بەســـەر گەلانـــی ناوچەکـــە زاڵبکـــەن[١]، هەمـــوو دەمارگیرییەکیـــش لـــە توانـــای دانییـــە دەوڵـــەت بـــەرەو گەشـــەی شارســـتانیەت بەرێـــت، چونکـــە ئـــەو پێـــی وایـــە ئـــەو دەمارگیرییـــەی وەهـــا کارێکـــی لـــە توانادایـــە دەبێـــت هەڵگـــری بانگـــەواز و پەیامـــی ئاینـــی بێـــت[٢].

---

(١) صفي الرحمن المباركفوري: الرحيق المختوم، مكتبة العصرية، (بيروت:٢٠١٤)، ص٣٦.

(٢) کەیـوان ئـازاد -عەلـی عبدالـرحمان: دەمارگیـری دۆسـتەکی و هەنگاوەکانـی بـەرەو دەسـەڵات لەگۆشـە نیگایـی ئیبن خەلدونـەوە، مجلـة جامعـة التنميـة البشريـة، مـج٤، ع٢، (د.م:٢٠١٨)، ص٧.

ڕۆژهەڵاتناسی ئەمریکی (**ریچارد ن.فرای**) لە باسکردنی بوەیهییەکان بە دەیلەمی ناویان دەبات و بەوەی دانیشتووی چیاکان بوونە و هەرچەند بەشێکی زۆریان ئاینی ئیسلامیان وەرگرت لەسەر مەزهەبی (شیعەی زەیدی)[١]، بەڵام بەشێکی تریان هەر لەسەر ئاینی زەردەشتی مانەوە، ئەو دوو گروپە یەکگرتوبوون بۆئەوەی بەیەکەوە شەڕ و تاڵانکاری بکەن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لێبوردەبوون بەرامبەر مەزهەب و ئاینە جیاوازەکانی دیکە[٢]، لەدوای دەستبەسەر داگرتنی بەغداد بوەیهییەکان دامەزراوەی خیلافەتیان تەنها بە رووکەش هێشتبووەوە و لە هەوڵی بەهێزکردنی مەزهەبی دوانزە ئیمامی شیعە و دامەزراوەکانی بوون لەسەر حسابی عەباسییە سونەکان[٣]، خەلیفەی عەباسی بووە قوربانی ئەو ململانێیە مەزهەبیە[٤]، بۆیە کاتێك خەلیفە (المستكفی) سەرۆکی شیعەکانی دەستبەسەرکرد کە فەتوای لە بەغداد لەدەستدابوو،

---

(١) شیعەی زەیدی: یەکێکن لە فرقە شیعەکان کە لە سەرەتای سەدەی دووەمی کۆچی و هەشتەمی زاینییەوە سەریان هەڵدا و نزیکترن لە مەزهەبی سونییەکان، دوورن لە گومڕایی و خورافیات، دامەزرێنەرەکەی (زید بن علی بن زين العابدين بن الحسين بن علي بن أبي طالب)ـە کە لە سەردەمی ئومەوییەکان لە دەسەڵات دەرچوو لە کوفە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: ابن قتيبة: المعارف، ت: ثروت عكاشة، دار المعارف، ط٤ (القاهرة:د.ت) ص٢١٦؛ الشهرستاني: الملل و النحل، ت: أمير على مهنا-علي حسن فاعور، دار المعرفة، ط٣ (بيروت:١٩٩٣)، ص١٥٨.

(٢) عصر زرين فرهنگ ايران، چ٢، ص٢٢٦؛ سوزي حمود: الدولة العباسية مراحل تاريخها و حضارتها، دار النهضة العربية، (بيروت:٢٠١٥)، ص١٨٢.

(٣) الماوردي: قوانين الوزارة وسياسة الملك، ت: رضوان السيد، دار الطليعة، (بيروت:١٩٧٩)، ص٤٠.

(٤) سلامة محمد الهرفي: المخابرات في الدولة الاسلامية، مركز العربي للدراسات الأمنية، ط٢(رياض:١٩٨٩)، ص٢١٥؛ حسن أحمد محمود -أحمد ابراهيم شريف: العالم الأسلامي في العصر العباسي، ص٥١٦.

خەلیفــە لەبــەردەم (معــز الدولــة) ســوکایەتی پێکــرد، بۆیــە (معــز الدولــة) بڕیــاری لادانــی خەلیفــەی عەباســیدا بەهــۆی ئــەو بێڕێزییــەی بەرامبــەر مەزهەبەکــەی ئەنجامــی دابــوو[1]، بەوەشــەوە نەوەســتا بیــری لــە کۆتاییهێنــان بــە خیلافەتــی عەباســی کــردەوە بــە بەیعەتــدان بــە خەلیفــەی فاتمــی (معزالدیــن اللــه العلــوي)(٣٤٣-٣٦٥ك/٩٥٣-٩٧٥ز) بــەڵام چەنــد هاوەڵێکــی بیرۆکەکەیــان پێبــاش نەبــوو پەشــیمانیان کــردەوە، هــەر لەبــەر جیاوازیــی مەزهەبــی سیاســەتێکی تونــدی شــیعەگەرییان پەیڕەوکــرد و دانیــان بــە ڕەواییەتــی خیلافەتــی بنەماڵــەی عەباســی نەدەنــا، پێیانوابــوو ئــەوان بــە زۆر خیلافەتیــان زەوتکــردووە[2]، ئەمــە جگــە لــەوەی ســەرچاوەی بیانــووی ناوەندخوازیــی ئــەم بزوتنەوانــە یــان چاولێکــەری لــە ڕێــگای بانگەشــەی ئاینــی، یانیش خۆیــان دەگەڕاندەوە ســەر ڕەچەڵەکــەی بنەماڵــە فەرمانــڕەوا و کەســە نــاوداره کۆنەکانــی پێشــوو، لــەم ڕێگایــەوە دەســەڵاتیان بــە مافــی خــۆ دەزانــی خۆیــان بــە ســتەملێکراو دەزانــی. بوەیهییــەکان چەندیــن قوتابخانەیــان بــۆ بڵاوکردنــەوەی مەزهەبــی دوانــزە ئیمامــی کــردەوە و زانــا و پێشــەوای بەناوبانگــی شــیعەکان دەرســیان تێــدا دەدایــەوە[3]، بۆیــە ململانێــی مەزهەبــی بــە درێژایــی ســەردەمی بوەیهــی بــەردەوام بــوو، دەســەڵاتی ئاینــی و دنیایــی کــە خەلیفــەی عەباســی ســوننە مەزهــەب پێشــەوایەتی دەکــرد، لەگــەڵ

(١) ابـن الأثير: الكامـل في التاريـخ، ج٨، ص٤٥١؛ جاسـم حسـن: المقاومـة العربيـة للتسـلط البويهـي في العـراق و الجزيـرة الفراتيـة، رسـالة الماجسـتير، كليـة الآداب-جامعـة بغـداد، (بغداد:١٩٨٦)، ص١٠٦-١٠٧.

(٢) ابـن الأثير: الكامـل في التاريـخ، ج٨، ص٤٥٣؛ فاضـل الخالـدي: الحيـاة السياسـية ونظـم الحكـم في العـراق، ص١٠؛ فهـد محمـد ديـب الجمـل: الخلافـة العباسـية في عصر الدويلات (السـامانيةوالبويهية و السـلجوقية والخوارزميـة)، مطبعة الصيرفي، (غـزة:٢٠٠٢)، ص١١.

(٣) الماوردي: قوانين الوزارة وسياسة الملك، ص٤١.

دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن کـە شـیعە مەزهـەب بەڕێوەیدەبـرد وای کردبـوو ناکۆکییەکـی مەزهەبیـی بـەردەوام لەنێوانیـان هەبێـت لەپێنـاو سەرخسـتنی هەریەکێکیـان بـۆ مەزهەبەکـەی خـۆی. ململانێـی مەزهەبـی و کێشـەی نێـوان خـاوەن بیـر و بـڕوا سیاسـیەکانی دژی یـەکتر هۆزێکـی وەکـو گاوانیەکانـی[1] هێناوەتـەوە سـەر ئـەو بڕوایەیـی کـە بـەدەم بانگـەوازی فاتمیەکانـەوە بچـن لـە ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتیان وتـار بـە نـاوی (المسـتنصربالله) (٤٣٧-٤٨٢ك/١٠٣٦-١٠٩٥ز) خەلیفـەی فاتمـی بخوێننـەوە[2]، کـە زیاتـر مەبەسـتیان لـەو هەنـگاوە ئەوەبـوو کـە (فاتمییـەکان)[3] کۆمەکیـان بکـەن لـە دژی سـەلجوقییەکان، کـە ئەوکاتـە زۆر نزیکببونـەوە لـە بەغـداد و دەسـتیان بەسـەر بەشـێك لـە ناوچـە کوردییـەکان گرتبـوو، هەوڵەکانـی خەلیفـەی فاتمـی بـۆ پەلکێشـکردنی میـرە کوردییـەکان و بەدەسـتهێنانی پشـتگیریان بـۆ نێـو گێـژاوی ململانێـی مەزهەبیـان لەگـەڵ خەلیفـەی عەباسـی بەردەوامبـوون، بـە تایبـەت میرنشـینی مەروانـی کـە هاوسـنوربوو لەگـەڵ دەسـەڵاتی فاتمییـەکان لـە

---

(١) گاوانییـەکان: هۆزێکـی کۆنـی نـاوداری کوردن، کە نیشـتەجێی شـاری حیلـە بوون، لە سـەدەی پێنجـی کۆچـی. یاقـوت الحمـوي: معجـم البلـدان، مـج٢، ص٢٩٤-٢٩٥؛ مصطفى جـواد: جـاوان القبيلـة الكوردية، مطبعـة المجمعي الكرديـة، (بغـداد: ١٩٧٣)، ص٨-٩.

(٢) مسـتەفا جـەواد: هـۆزی لەبیرکـراوی گاوانـی و گاوانییـە بەناوبانگـەکان، و: مامۆسـتا هـەژار، چاپخانـەی ئـاراس، چ٢ (هەولێـر:٢٠٠٨) ل٣٢ .

(٣) فاتمییـەکان: بنەماڵەیەکـی فەرمانـڕەوای شـیعە بـوون لـە باکـووری ئەفریقـا دەوڵەتەکەیـان دامەزرانـد لەسـەر دەسـتی «ئەبـو محەممـەد عەبـدوڵڵای کـوڕی محەممـەدی کـوڕی عەبـدوڵڵای کـوڕی مەیمونـی کـوڕی محەممـەدی کـوڕی ئیسماعیلی کـوڕی جەعفـەرە. ئـەم دەوڵەتـە لـە سـاڵی (٢٩٦ك/ ٩٠٩ز) لـە قەیـروان دامـەزرا، دواتـر گواسترایـەوە بـۆ میسـڕ، تـا سـەرەتای نیـوەی دووەمـی سـەدەی ٦ی کۆچـی ١٢ی زایینـی بـەردەوام بـوو، العمـري: مسـالك الأبصـار في ممالـك الأمصـار، ج٢٦، ص١٠٥ ؛ علي محمـد الـصلابي: الدولـة العبيديـة الفاطمـة، مكتبـة التابـعين، (القاهـرة:٢٠٠٦)، ص٤٣.

شـام، بۆیـە کاتێـك میـر نصر دەوڵـەی مەروانـی(٤٠١-٤٥٣/١٠١١-١٠٦١ز) دەسـەڵات وەردەگرێـت خەلیفـەی فاتمـی بـە نوێنەرێـك، کۆمەڵێـك دیاریـی گرانبەهـای بـۆ دەنێرێـت، و نازنـاوی (عزالدولـة ومجدهـا ذي الصرامـتين) پێدەبەخشـێت، لەهەمـان کاتـدا خەلیفـەی عەباسـی (قـادر باللـە) نازنـاوی (نـاصر الدولـة)ی پێبەخشـی[1].

لەگـەڵ ئـەوەی کەسـایەتییەکی وەك بەساسـیری، کـە سـەرکردەیەکی تـورك بـوو لەهەمـان کاتـدا کۆیلـەی بوەیهییـەکان بـوو بـۆ پارێزگاریکـردن لـە دەسـەڵاتی بوەیهییـەکان و مەزهەبەکەیـان، بۆیـە کاتێـك مەترسـیی سـەلجوقییە سـوننە مەزهەبـەکان نزیـك دەبێتـەوە بەساسـیری بـۆ بەردەوامیـدان بـە دەسـەڵاتی خـۆی، داوای یارمەتـی لـە فاتمییـەکان دەکات کـە لەسـەر هەمـان مەزهـەب بـوو تەنانـەت بـە نـاوی ئەوانیـش حوکـم دەکات، ئەمـەش ئـەو دەرفەتـەی ڕەخسـاند بـۆ بانگخوازانـی فاتمـی بـۆ بڵاوکردنـەوەی بانگەوازیـان لـە ناوچەکانـی عێـراق بەبیانـوی بەرگریکـردن لـە مافـی (آل البیـت) لـە بەناوبانگتریـن بانگخوازانیشـیان (المؤیـد في الدیـن هبـة اللـة الـشیرازي)[2] بـوو[3]، لـە ڕاسـتیدا فاتمییـەکان هەوڵـی زۆریانـدا

---

(١) ابـن الأثیر: الکامـل في التاریـخ، ج٩، ص٦٠١؛ سـبط ابـن الجـوزي: مـراة الزمـان في تواریـخ الأعیـان، ج١٨، ص٤٧٩.

(٢) المؤیـد في الدیـن: نـاوی تـەواوی (داعـي الدعـاة المؤیـد في الدیـن هبـة اللـة الـشیرازي بـن مـوسی بـن داود) لەسـاڵی(٣٩٠ك/١٠٠٠ز) لـە شـیراز لەدایکبـووە، بـە چەندیـن پلەوپایـە تێپەڕیـوە تـا گەیشـتۆتە پلـەی (داعـي الدعـاة)، فاتمیـەکان دەینێـرن بـۆ ناوچەکانـی عێـراق و فـارس و هەرێمـی جەزیـرە بـۆ بڵاوکردنـەوەی بانگـەوازی فاتمیـەکان لـە سـەردەمی کۆتایـی دەسـەڵاتی بوەیهیـەکان توانیویەتـی ژمارەیـەك لـە میرەکانـی ئـەو ناوچانـە بـەلای فاتمیـەکان کێـش بـکات، لـە سـاڵی (٤٧٠ك/١٠٧٨ز) کۆچـی دوایـی دەکات. بڕوانـە: المؤیـد في الدیـن: سیرة المؤیـد في الدیـن داعـي الدعـاة، ت: محمـد کامـل حـسین، دار الکاتـب المصري، (القاهـرة:١٩٤٩)، ص١١.

(٣) المؤیـد في الدیـن: سیرة المؤید في الدین داعـي الدعاة، ص١٤؛ محمد جمال الدین سرور:

تاوەکـو مەروانییـەکان بـە نـاوی خەلافەتەکەیانـەوە فەرمانڕەوایەتـی بکـەن مەڕوانییەکانیـش بەهـۆی پێگـەی جوگرافییـان کەوتوونەتـە نێـوان دوو خیلافـەت کـە هەریەکەیـان خـاوەن مەزهەبێکـی جیـاوازە، بۆیـە ململانێیەکانیـان کاریگـەری هەبـوو بـە سـەریانەوە بەتایبـەت کاتێـك بەساسـیری دەسـتی بەسـەر ناوچەکانـی موسـڵ و دەوروبەریداگـرت مەروانییـەکان بـۆ پاڕاسـتنی میرنشـینەکەیان ناچاردەبـن بـۆ ماوەیـەك گوێرایەلـی فاتمییـەکان بـن.

لـە ئەنجامـی ململانـێ لـە نێـوان بوەیهییـەکان و خەلیفـەی عەباسـی لەلایـەك و فاتمییـە شـیعە مەزهەبـەکان لەلایەکـی دیکـە لەسـەر باڵادەسـتی و سـەروەریی جیهانـی ئیسلامـی هێزێکـی نـوێ هاتـە نێـو هاوکێشـەی ململانێیەکـە ئەویـش سـەلجوقییەکان بـوون[١]، کـە خێڵەکـی و کۆچـەری بوونـی سـەلجوقییەکان کاریگەرییـان لەسـەر پابەندبوونـی بەهێزیـان بـە ئاینـی ئیسلامـەوە هەبـوو دوای موسـڵمانبوونیان، زیادەڕۆییان بـۆ ئەهلـی سـوننەت و جەماعـەت، ڕێزگرتنیشـیان لـە خەلیفـە لەبـەر پلـە و پایـە ئاینییەکـەی بـوو نـەك سیاسـییەکەی، بـەڵام مەیلیـان بـۆ سـۆفیگەری هەبـوو، بۆیـە سـۆفیگەری لـە سـەردەمی سـەلجوقییەکان زیادیکـرد و تەریقەتـە سـۆفییەکان ڕێـزی خەڵـک و فەرمانڕەواکانیـان بەدەسـتهێنا، بۆیـە پێگـەی پیاوەکانـی بـەرز بـووەوە، کاریگەرییـان لەسـەر ژیانـی خەڵـک زیاتـر بـوو[٢]، ئامانـج لـە بەخشـینی سـیمایەکی ئاینـی بـە دەوڵەتەکەیـان

النفوذ الفاطمي في بلاد الشام و العراق، دار الفكر العربي، (القاهرة:د.ت)، ص٨٢-٨٣.

(١) آسيا سليمان نقلي: دور الفقهاء المسلمين في الشرق الأدنى في الجهاد ضد الصليبين، مكتبة العيكان، (عمان:٢٠٠٢)، ص٣٥.

(٢) عبد النعيم محمد حسنين: دولة السلاجقة، ص١٤؛ حسن أحمد محمود-أحمد ابراهيم شريف: العالم الأسلامي في العصر العباسي، دار الفكر العربي، ط٥(القاهرة:د.ت)، ص٥٦٩.

ملکەچپێکردنـــی نەتەوەکانـــی جیهانـــی ئیسلامـــی بـــوو لـــە چوارچێـــوەی دەســـەڵاتێکی مەرکەزیـــدا [1].

لـەو ماوەیـە زۆربـەی کـورد سـوننەن لەسـەر مەزهەبـی (شـافعی) بـوون و ڕێزیـان لـە زانایانـی ئاینـی گرتـووە و گوێڕایەڵـی فەرمانەکانیـان بـوون و بـێ هیـچ بیرکردنەوەیـەک وەڵامـی بانگـەوازی جیهـاد دەدەنـەوە و وەکـو یەکێکێـش لـە نەتەوەکانـی ژێـر چەتـری خیلافەتـی ئیـسلام پاڕاسـتی ئاینەکـە و تەنانـەت سنوورەکانیشـی کەوتۆتـە ئەسـتۆ [2]، بۆیـە میرێکـی وەك (بـدر بـن حسـنویە) لـە مـاوەی فەرمانڕەوایـی نزیکـەی (٣٠٠٠) مزگـەوت دروسـتدەکات بـە مەبەسـتی زیاتـر بڵاوکردنـەوەی ئیـسلام و چەسـپاندنی بنەماکانـی [3]، ئەمـەش بـە مانـای ئـەوە نییـە کـە پێکهاتەکانـی دیکـە هەوڵـی بڵاوکردنـەوەی مەزهەبەکـەی خۆیـان لەنـاو کـورد نەدابـێ، عەرەبـەکان هەوڵیانـداوە مەزهەبـی شـیعە لەنـاو کـورد بڵاوە پێبکـەن، (**ابـن بطوطـة**) ئـەو ڕایـە پشتڕاسـت دەکاتـەوە و دەڵێـت: ((خەڵکـی شـاری حللـە هەموویـان دوانـزە ئیمامـی بـوون، کـە لـە دوو تیـرە پێکهاتبـوون یەکێـك لەوانـە بـە کـورد نـاسراون)) [4] کـە مەبەسـت لێیـان گاوانییەکانـە، هـەروەك چـۆن

---

(١) رسـول ابراهیـم رسـول: کاریگەریەکانـی لەشکرکێشـی هێـزە بیانیـەکان بـۆ سـەر کوردسـتان، ل٦٣.

(٢) المقـدسي: احسـن التقاسـیم في معرفـة الأقالیـم، ص١٤٣؛ شـەرەف خانـی بەدلیسـی: شـەرەفنامە، ل٢٢؛ ابراهیـم محمـد علـی مرجونـە: الکـرد في الـعصر العبـاسي دراسـة سیاسـیة حضاریـة، دار التعلیـم الجامعـي، (الأسـکندریة:٢٠٢٠)، ص٣٤٣؛ فیلـد مارشـال محمـد أیـوب خـان: الأکـراد وبلادهـم، ت: عبدالسـمیع سراج الدیـن، دار آراس، ط٢(اربیـل:٢٠١١)، ص١٦.

(٣) ابـن الـعماد: شـذرات الذهـب في أخبـار مـن ذهـب، دار المـسیرة، (بیـروت:١٩٧٩) ج٣، ص١٧٣-١٧٤.

(٤) رحلـة ابـن بطوطة، مؤسسـة هنـداوي (القاهـرة:٢٠٢٠)، ص١٥٦؛ ظاهر نباح الشـمري:

کوردەکانی نەهاوەند لەسەر هەمان مەزهەب بوون[١]، (**مسعر بن مهلهل**) لە کتابەکەی باس لە شارێك دەکات بەناوی (بیر) لە نزیك شارەزوور دەڵێت: ((خەڵکەکەی لە شیعەی صالحی زەیدین لە سەردەستی زەیدی کوڕی علی موسلمان بوون))[٢]، لە هەرێمی چیاکانیش مەزهەبی ئیسماعیلی بلاوبووەوە[٣]، (**ابن الأثیر**) لە ڕووداوەکانی ساڵی (٥١٩ك/١١٢٥ز) بوونی ئەو مەزهەبە پشتڕاست دەکاتەوە لەهەرێمی جەزیرە و دەڵێت: ((خەڵکی ئامەد ڕاپەڕین لەدژی ئەو ئیسماعیلییانەی لە شارەکە هەبوون، وە ڕێژەیان زیادی کردبوو))[٤].

سەلجوقییەکان پشتگیریی خەلیفەی عەباسییان کرد لە سەرخستنی مەزهەبی سوننی بەسەر مەزهەبی شیعی بۆیە کۆتاییان بە هەژموونی بوەیهییەکان هێنا و بەرەنگاری فاتمییەکانیش بوونەوە[٥]، دامەزراندنی قوتابخانەکانی (النظامیة) لە لایەن( الب ارسلان) و وەزیرەکەی (نظام الملك) لە ساڵی (٤٥٩ك/١٠٦٦ز) سەرەرای ئامانجی زانستی ئامانجی ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیی پەرەسەندنی مەزهەبی شیعە و لەناوبردنی بیرۆکە و شوێنەواری شیعەگەری بوو،

---

محلات الحلة القديمة، مجلةجامعة بابل، مج١٥، ع٤، (بابل:٢٠٠٨)، ص١٣٤٢.

(١) فائزة محمد عزت: الحيات الأجتماعية للكورد بين القرن (٤-٩هـ/١٠-١٥ز)، ص٢١١ .

(٢) الرسالة الثانية، ص١١.

(٣) بۆ زانیاری لەسەر مەزهەبەکەو بلاوبونەوەی بڕوانە: زرار صديق توفيق: الكرد في العصر العباسي، ص١٧٤؛ حسن أحمد محمود- أحمد ابراهيم شريف: العالم الأسلامي في العصر العباسي، ص٦٠٦.

(٤) الكامل في التاريخ، ج١٠، ص٦٢٦.

(٥) فهد محمد ديب الجمل: الخلافة العباسية في عصر الدويلات(السامانيةوالبويهية و السلجوقية والخوارزمية)، ص١٥.

کـە بوەیهییـەکان و فاطمییـەکان بڵاویانکردبـووەوە، خوێندنەکـەش ئاینـی بـوو لەسـەر مەزهەبـی سـوننەی شـافعی و بڵاوکردنـەوەی بیرۆکـەی سـوننی و سـنووردانان بـۆ بیرۆکـەی شـیعی، کردنـەوەی ئـەو قوتابخانەیـە وەرچەرخانێکـی گەورەبـوو لـە مێـژووی شارسـتانیەتی ئیسلامـی، درێژەپێـدەری هەمـان ئـەو ململانێیـە مەزهەبییـە بـوو بـە شـێوازێکی نـوێتر لەڕێگـەی ئـەو قوتابخانانـە، وای کـرد سـەردەمەکەی دوای خـۆی سروشـتێکی جیـاواز لـە پێـش خۆیـی وەربگرێـت [1]. کەواتـە ئـەوەی خرایـە ڕوو تێدەگەیـن کـە هـۆکاری جیـاواز لـە پشـت ململانێـی پێکهاتـەکان بوونـە و هـەر پێکهاتەیـەك لـە هەولـی فراوانخـوازی و سـەپاندنی دەسـەڵاتیان بوونـە بەسـەر پێکهاتەیەکـی دیکـە.

(١) عبـد الهـادي محمـد رضا محبوبـة: نظام الملـك، دار المصرية اللبنانيـة (القاهرة:١٩٩٩)، ص٣٦٦-٣٧٢؛ شـوقي الضيـف: عصر الـدول و الإمـارات (الجزيـرة العربية-العراق-إيـران)، دار المعـارف، ط٢ (القاهـرة:١٩٩٥)، ص٢٧٧ ؛ ذبيـح اللـة صفـا: تاريـخ ادبيـات ايـران، چاپخانـه شمشـاد، (تهـران:١٣٨٣ش) چ٢٢، ص١٨١.

# بەشی دووەم

## ڕۆڵـی کـورد لـە ناکۆکـی نێـوان پێکهاتەکانـی نـاو دەسـەڵات لـە سـەردەمی عەبباسـییدا

**تـەوەری یەکـەم:** بەشـداریی کـورد لـە ململانێـی پێکهاتـەکان لـە چوارچێـوەی دەسـەڵاتداری بوەیهیـدا

**تـەوەری دووەم:** هاوبەشـی کـورد لـە کێشـە و ناکۆکـی وململانێـی نێـوان پێکهاتـەکان لـە سـەردەمی فەرمانڕەوایـی سـەلجوقیدا

## تەوەری یەکەم:

**بەشداریی کورد لە ململانێی پێکهاتەکان لە چوارچێوەی دەسەڵاتداری بوەیهیدا**

دەوڵەتـــی بوەیهـــی دەوڵەتێکـــی خـــاوەن یـــەك دەســـەڵاتی ناوەندیـــی نەبـــوو، بەڵکـــو دەســـەڵات لەنێـــو ئەندامانـــی بنەماڵەکـــەدا دابەشـــببوو، تەنانـــەت تـــا ڕووخانـــی دەوڵەتەکەشـــیان پایتەختێکـــی یەکگرتوویـــان نەبـــووە، دەستڕۆیشـــتویی بوەیهییـــەکان بەســـەر ناوەنـــدی خەلافەتـــی عەباســـی بەدرێژایـــی مـــاوەی دەســـەڵاتیان دوور نەبـــوو لەململانێـــی ئـــەو پێکهاتەیـــە، بەڵکـــو چ لـــە نێوخـــۆی بنەماڵەیـــان و لەگـــەڵ پێکهاتـــە و دەســـەڵاتە نیمچـــە ســـەربەخۆیە خۆجێییەکانـــی ناوچەکـــە بـــەردەوام لـــە ململانێدابـــوون، بێگومـــان ئـــەو ماوەیـــەش هـــاوکات بـــوو لەگـــەڵ ســـەرهەڵدان و دروســـتبوونی میرنشـــینە کوردییـــەکان، کـــە چ ڕاســـتەوخۆ یـــان بـــە ناڕاســـتەخۆ بەشـــداربوون لـــە لایەنگیـــری و ململانێـــی لایەنێـــك لـــە دژی لایەنێکـــی دیکـــە، دیـــارە چەندیـــن هـــۆکاری جوگرافـــی و ئابـــووری و کۆمەڵایەتـــی یاخـــود بـــە هـــۆکاری سیاســـی لـــەدژی هێزێـــك و پێکهاتەیـــەك کـــە لـــە ململانێـــدا بـــوو دەچوونـــە پـــاڵ هێزێکـــی دیکـــە، بۆیـــە لـــە خـــوارەوە گرنگتریـــن ململانێیـــەکان و ڕۆڵـــی کـــورد لـــەو ململانێیانـــە دەخەینـــەڕوو.

## باسی یەکەم:

### کێشەی نێوان عەرەب و بوەیهییەکان:

### أ. بوەیهی و خەلافەتی عەباسی

بوەیهییەکان لە سەر مەزهەبی شیعەی زەیدی گەشەیانکرد و هاتنە ناو ئیسلام و باوەڕیان بەوەبوو، کە عەباسییەکان شایستەی خەلافەت نین، بەڵام لەگەڵ ئەوەش لەکاتی دەستگرتنیان بەسەر خیلافەتی ناوبراودا خەلیفەیان لە پۆستەکەی لانەدا، بە مەبەستی پارێزگاریکردن لە دەسەڵاتی سیاسییان، بوەیهییەکان هاوسۆزی خۆیان بۆ خەلیفەی عەباسی دەربڕی، بە تایبەت دوای ئەوەی کە خەلیفەی عەباسی ببووە هێمایەك، نوێنەرایەتی دەسەڵاتی ئاینی و ڕۆحی موسڵمانانی دەکرد، پەیوەندی بە ژیانی سیاسی و دونیایی نەبوو، بۆیە بوەیهییەکان ڕازیبوون بە هێشتنەوەی پۆستی خەلیفە بەو مەرجەی هەوڵ بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی سیاسی و دونیایی نەدات[1]، وەکو ئیبن خلدوون ئاماژەی بۆ کردووە، سیاسەت چاکە و هێزی لێ بەرهەمدێت، دەمارگیری دروستدەکات بەهۆیەوە بەسەر نەتەوە جۆراوجۆرەکان زاڵدەبن و فەرمانڕەواییان بەسەرەوە دەکەن، بوەیهیەکانیش بەم هەنگاوانە دەستیان پێکرد و زاڵبوون، ڕێگەیان بۆ فەراهەمبوو، دەسەڵاتی ناوەندییان خستە ژێر هەژموونی خۆیانەوە[2].

---

(١) البيروني: الآثار الباقية عن القرون الخالية، ص١٣٢؛ الماوردي: قوانين الوزارة وسياسة الملك، ص٤٠؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٨، ص٤٥٣؛ سوزي حمود: الدولة العباسية مراحل تاريخها و حضارتها، ص١٨٢.

(٢) موقەدیمە، ب١، ل٣٩٤.

یەکـــەم پەیوەنـــدی خەلیفـــەی عەباســـی و بوەیهییـــەکان دوای ئـــەوە هـــات، کـــە پەیوەندیـــی نێـــوان خەلیفـــە و ســـەرکردە تورکـــەکان کـــە دەســـتیان بەســـەر تواناکانـــی خیلافـــەت داگرتبـــوو خـــراپ بـــوو، میـــرەکان لـــە نێـــوان خۆیانـــدا لـــە ناکۆکـــی بەردەوامدابـــوون خەلیفـــەی عەباســـی (المتقـــي) (٣٢٩-٣٣٣ك/٩٤٠-٩٤٤ز) بـــۆ ڕزگاربـــوون لـــەو دۆخـــە داوای یارمەتـــی لـــە (احمـــد کـــوڕی بویـــە) دەکات کـــە بێـــت بـــۆ بەغـــداد، دوای دوو ســـاڵ لـــە داواکـــەی لـــە ســـاڵی (٣٣٤ك/٩٤٥ز) گەیشـــتە بەغـــداد و لەلایـــەن خەلیفـــە (المســـتكفي باللـــه) پێشـــوازی لێکـــرا[١]، پۆســـتی میـــری میرانـــی پێـــدا و نازنـــاوی (معـــز الدولـــة)ی پێبەخشـــی[٢]، وەك گەڕیـــدەی بـــە ناوبانگـــی ئێرانـــی (**نـــاصر خسرو**)باســـی لێـــوە دەکات و دەڵێـــت: ((بـــەم جـــۆرە وایلێهـــات ســـوڵتانی شـــیعی بـــووە پارێـــزەری خەلیفـــەی ســـونی))[٣]، بەمـــەش بوەیهییـــەکان دەســـتیان بەســـەر بنەماکانـــی خیلافەتـــی عەباســـیداگرت، زۆری نەبـــرد بوەیهییـــەکان خەلیفـــە (المســـتكفي باللـــه) یـــان لـــە پۆســـتەکەی دورخســـتەوە بـــە بیانـــووی ئـــەوەی پلانگێـــڕی بـــۆ دانـــاون، بۆیـــە ســـووربوون لەســـەر لادانـــی و کۆشـــکی خەلیفـــە و مـــاڵ و موڵکیـــان تاڵانکـــرد و خەلیفـــە (المطيـــع) (٣٣٤-٣٦٣ك/٩٤٦-٩٧٤ز)یـــان

---

(١) ابـن العمـراني: الإنبـاء في تاريـخ الخلفـاء، ص١٧٠،١٧٧؛ ابـن الأثير: الكامـل في التاريـخ، ج٨، ص٤٥٠-٤٥١؛ محمـد أسـعد طلـس: عصر الانـحلال تاريـخ الأمـة العربيـة، مطبعـة هنـداوي، ج٦، (د.م:٢٠٢٠)، ص٧٩ .

(٢) ابــن الجــوزي: المنتظــم في تاريــخ الملــوك و الأمــم، ج١٤، ص٤٣؛ ســبط ابــن الجــوزي: مـراة الزمـان في تواريـخ الأعيـان، ج١٧، ص٢٢٥؛ خالـد عـزام: موسـوعة تاريـخ الإسلامي(الـعصر العبـاسي)، دار أسـامة، (عمان:٢٠٠٩)، ص٢٠١؛ حســن خليفــة: الدولــة العباســيه قيامهــا و ســقوتها، مطبعــة الحديثــة، (القاهــرة:١٩٣١)، ص٢٠٩.

(٣) سفرنامة، ت: يحى الخشاب، الهيئة العامة للكتاب، (القاهرة:١٩٩٣)، ص١١.

لــە شــوێنی دانــا[١]، ئەمــەش نارەزایــی ســوننەکانی لێکەوتــەوە و (نــاصر الدولــة الحمــداني) دژی ئــەو بڕیــارە لــە موســڵەوە بــە ســوپایەك هێــرش دەکاتــە ســەر بەغــداد بــۆ ڕووبەڕووبوونــەوەی بوەیهییــەکان، بــۆ ماوەیــەك دەســت بەســەر بەشــی ڕۆژهەڵاتــی بەغــداد دادەگرێــت بــە ئامانجــی گەڕاندنــەوەی شــان و شــکۆی خەلیفــە، بــەڵام ســەرکەوتوونابێت و دەگەڕێتــەوە موســڵ[٢]، بوەیهییــەکان سیاســەتێکیان گرتــە بــەر بەرامبــەر بــە خەلیفــەی عەباســی، کــە تیایــدا دەســەڵات و قەڵەمڕەویــی ســنووردار کــرد تەنانــەت هەندێــك جــار دەســتدرێژییان دەکــردە ســەر کەســایەتییان و خەلیفــە شــان و شــکۆی خــۆی لەدەســتدا، تەنهــا نــاوی هەبــوو دەســەڵاتی نەبــوو، کاری شــەرعیەتدان بــوو بــە کاروبــاری بوەیهییــەکان و دەســەڵاتی کــرداری نــاو دەوڵەتیــش لەدەســت میــری بوەیهــی بــوو، لــە ڕاســتیدا بوەیهییــەکان کــە دەســەڵاتیان وەرگــرت بەســەر بارێکــی خراپــی خەلافەتــدا چــوون، کــە پێــش ئــەوان دەســتیپێکردبوو، لــە بەرامبــەردا بوەیهییــەکان قەڵەمڕەویــی خۆیــان زیادکــرد، پایــەی میــری میــران کــە بوەیهییــەکان بەڕێوەیاندەبــرد هەمــوو ئەرکەکانــی دەســەڵاتی دەگرتەدەســت[٣]، خەلیفــەی عەباســی تــا هاتنــی بوەیهییــەکان کۆمەڵێــك دەســەڵاتی ئاینــی و کارگێــڕی هەبــوو، ئــەو دەســەڵاتانە

(١) البيـروني: الآثـار الباقيـة عـن القـرون الخالية، ص١٣٢؛ ابـن الأثير: الكامـل في التاريـخ، ج٨، ص٤٥١-٤٥٢.

(٢) المسـعودي: مـروج الذهـب و معـادن الجوهـر، ص٢٩٥؛ ابـن الجـوزي: المنتظـم في تاريـخ الملـوك و الأمـم، ج١٤، ص٤٧؛ ابـن خلـدون: تاريـخ ابـن خلـدون، ص١٠٥١.

(٣) الماوردي: قـوانين الـوزارة وسياسـة الملـك، ص٤٠؛ محمـد نـواف عبدربـة: واقـع الحيـاة العامـة في العـراق زمـن البويهـيين، رسـالة الماجسـتير، كليـة الآداب-جامعـة الإسلاميـة، (غـزة:٢٠١٨)، ص٧١.

هـێمای خەلیفـە و شـان و شـکۆی دونیایـی و ئاینیـی خەلیفـەی نیشـاندەدا، کـە خـۆی لـە مافـی خەلیفـە لـە دامەزراندنـی وەزیـرەکان دەبینیـەوە، کـە لـە بەڕێوەبردنـی کاروبـاری دەوڵـەت یارمەتـی خەلیفـەی دەدا و خوێندنـەوەی وتـاری هەینـی بـە نـاوی خەلیفـە و نەخشـاندنی نـاوی لەسـەر دراو و لێدانـی تەپـل لەپێـشماڵـی لەکاتـی بانگـدا و دانانـی میـرەکان و دادوەر و سەرپەرشـتیاری حـەج سـەرەڕای پێدانـی نازنـاو، بەهاتنـی بوەیهییـەکان دەسـتیان بەسـەر زۆربـەی دەسـەڵاتەکانی داگـرت[١].

خەلیفـە تەنهـا وەك هێمایـەك بـۆ سـەرکردایەتی ئیسلامـی مابوویـەوە لەبـەر ئـەو پلـە و پایـە ڕۆحییـەی خەلیفـەی عەباسـی لـە جیهانـی ئیسلامیـدا هەیبـوو، سـەرەڕای ئـەوەی ئـەو هەرێـم و ویلایەتانـەی لەنـاو دەوڵەتـی عەباسـی سـەربەخۆ دەبـوون والییەکانـی پێویسـتیان بـەوە بـوو، کـە لەلایـەن خەلیفـەی عەباسـییەوە شـەرعیەتی دەسـەڵاتیان پێبدرێـت، میـرە کوردییەکانیـش پەیوەندییەکـی باشـیان لەگـەڵ خەلیفـە هەبـوو، کـە مەبەسـت لێـی شـەرعیەتدان بـوو بەدەسـەڵاتیان[٢]. لاوازیـی خەلیفـەی عەباسـی و نەمانـی توانـای بەرگـری بـە تایبـەت لـە ناوچـە سـنووریەکان ئەرکـی سەرشـانی دانیشـتوانی ئـەو ناوچانـەی گرانکردبـوو، بـە تایبـەت ناوچـە کوردنشـینەکان، بۆیـە ناوچـە کوردنشـینەکان ڕۆڵێکـی بەرچاویـان هەبـوو لـە پاراسـتنی ناوچـە سـنووریەکانیان و جیهادکـردن

---

(١) الصابـی: رسـوم دار الخلافـه، ص١٣٦_١٣٧؛ فاضـل الخالـدي: الحيـاة السياسـية ونظـم الحكـم في العـراق، ص٩-١٠؛ إحسـان ذنـون عبـد اللطيـف: الخلافـة العباسـية في عهـد الضعـف بين فقـدان السـيادة و معـاولات إستردادهـا، مجلـة جامعـة الطيبـة، س٧، ع٢٠،(روتردام-هولنـدا: ١٤٤١)، ص٤٤٧.

(٢) ئاراس فەریق زەینەل: دیبلۆماسیەتی کورد لەسەردەمی بوەیهیەکاندا، ل١٩٠.

لــە دژی هێــزە بێبــاوەڕەکان لــە بەرامبــەر نەبوونــی ڕۆڵــی خەلیفــە و ســەرقاڵبوون و ململانێــی لەگــەڵ پێکهاتــەکان بــۆ بەدەســتهێنانەوەی شــکۆ و دەســەڵاتی لەدەســتچووی، بەهاتنــە ســەر دەســەڵاتی (عزالدولــة -بختیــار) دۆخــی خەلیفــە خــراپتر بــوو، کاتێــك لــە ســاڵی (٣٦١ك/٩٧١ز) داوای بڕێـك پـارە لـە خەلیفـە (المطیـع) دەکات[١]، بـە بیانـووی خۆسـازدان و بەرەنگاربوونــەوەی ڕۆمــە بێزەنتییــەکان، کــە هێرشــیان هێنابــوو بــۆ ســەر ناوچەکانــی هەرێمــی جەزیــرە و شــاری (نوســەیبین)یان تاڵانکــرد و ســووتاندیان، خەلیفــە پارەیەکــی ئەوتــۆی لەبەردەســتدانەبوو، بۆیــە ناچــار بــوو کــە زێــڕ و کەلوپەلــی ناوماڵــی بفرۆشــێت بۆئــەوەی بــڕی چــوار ســەد هــەزار دەرهــەم کۆبکاتــەوە، کەچــی (عزالدولــة) پارەکــەی لــە بەرژەوەندییەکانــی خــۆی خەرجکــرد نــەك لــە جەنگــی بێبــاوەڕان[٢]. باڵادەسـتیی بویهییـەکان بـە جۆرێـك بـوو بـە ویسـتی خۆیـان خەلیفەیـان لادەدا، بۆیــە کاتێــك خەلیفــە (المطیــع) نەخــۆش دەکەوێــت ســبکتکینی وەزیــری (معــز الدولــة) داوای لێــدەکات دەســت لــە پۆســتەکەی بکێشــێتەوە و کوڕەکــەی (الطائــع باللــە) (٣٦٣-٣٨١ك/٩٧٣-٩٩١ز) بــۆ ئـەو پۆسـتە هەڵدەبژێردرێـت و لـە شـوێنی ئـەو دادەنرێـت[٣]، لـە سـاڵی (٣٦٨ك/٩٧٨ز) خەلیفـە (الطائـع) فەرمانـی کـرد لـە بەغـداد دوای خەلیفـە

---

(١) عـادل عاجـل روضـان القزوینـي: المؤسسـات الإداریـة البویهیـة في العـراق، رسـالة الماجسـتیر، كلیـة الدراسـات العلیا-جامعـة مؤتـة، (الأردن:٢٠١٥) ص٤٥.

(٢) مسـكویة: تجـارب الأمـم، ج٥، ص٣٩٢ ؛ سـبط ابـن الجـوزي: مـراة الزمـان، ج١٨، ص٤٢٧؛ ابـن تغـري بـردي: النجـوم الزاهـرة فـى ملـوك المصر و القاهـرة، مطبعـة دار الكتـب المصریـة، ج٤ (القاهـرة:١٩٣٣)، ص٦٦.

(٣) ابـن الجـوزي: المنتظـم، ج١٤، ص٢١٥؛ ابـن الـكازروني: مخـتصر التاریـخ مـن أول الزمـان الـى منتهـى دولـة بنـى العبـاس، ت: مصطفـى جـواد، مطبعـة الحكومـة، (بغـداد:١٩٧٠)، ص١٩١؛ ابـن الطقطقـي: الفخـري في الآداب السـلطانیة، ص٢٨٩.

وتـار بۆ(عزالدولـة) بخوێندرێتـەوە لـە کاتێکـدا پێـشتر لـە بەغـداد جگـە لـە ویلایەتـەکان و هەرێمـەکان وتـار تەنهـا بـۆ خەلیفـە دەخوێندرایـەوە[1].

هەروەهـا (عضـد الدولـة)ی بوەیهـی(٣٦٧-٣٧٢ك/٩٧٨-٩٨٣ز) هەوڵیـدا پۆسـتی خەلیفـەی عەباسـی بەدەسـتبهێنێت لـە ڕێگـەی ژن و ژنخـوازی، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش لـە سـاڵی (٣٦٩ك/٩٧٩ز) کچـە گـەورەی خـۆی بـە نـاوی (شـاە زنـان) لـە خەلیفـەی عەباسـی (الطائـع باللـه) مارەبڕیـووە[2]، بـە ئاواتـی ئـەوەی کوڕەکەیـان دواتـر ببێتـە جێنشـین، بۆئـەوەی خیلافەتـی عەباسـی و پادشـایی بوەیهییـەکان ببێتـە موڵکـی خۆیـان[3]، لـەوە بـەدواوە میـری بوەیهـی بـە ویسـتی خـۆی نازناوێکـی بـۆ خـۆی هەڵدەبـژارد دواتـر ڕەزامەندیـی خەلیفـەی لەسـەر وەردەگـرت[4].

سـەبارەت بـە ڕۆڵـی کوردەکانیـش لـەو ململانێیانـە ئـەوا بـە ڕوونـی لەنێـو دەق و ڕووداوە مێژووییەکانـدا هەسـتی پێدەکرێـت ئەوەتـا کاتێـك میـر بـەدر(٣٦٩-٤٠٥ك/ ٩٧٩-١٠١٣ز) لـە ڕووبەڕووبوونەوەیەکـدا لەسـاڵی (٣٧٧ك/٩٨٨ز) لـە نزیـك قرمیسـین بەسـەر سـوپای (شرف الدولـة)ی بوەیهـی (٣٧٧-٣٧٩ك/ ٩٨٨-٩٨٩ز)

---

(١) ابن الجوزي: المنتظم في تاريخ الملوك و الأمم، ج١٤، ص٢٦٠.
(٢) الذهبي: تاريخ الأسلام ووفيات المشاهير و الأعلام، ت: بشار غواد معروف، دار الغرب الأسلامي، (بيروت:٢٠٠٣) مج٨، ص٢٦٦؛ الكرملي أنستاس ماري: خلاصة تاريخ العراق منذ نشوءة الى يومنا هذا، مطبعة الحكومة بالبصرة، (البصرة:١٩١٩)، ص١٠٤ .
(٣) التنوخي: نشوار المحاضرة وأخبار المذاكرة، ت: عبود الشالجي، دارصادر، (بيروت:١٩٧٢) ج٤، ص٢٦٢؛ الكازروني: مختصر التاريخ من أول الزمان الى منتهى دولة بنى العباس، ص١٩٣؛ مسكوية: تجارب الأمم، ج٥، ص٤٥٣؛ ابن الطقطقي: الفخري في الآداب السلطانية والدول الأسلامية، ص٢٩١.
(٤) ابن الجوزي: المنتظم، ج١٤، ص٢٦٩؛ حسن الباشا: الألقاب الأسلامية في التاريخ و الوثائق و الأثار، الدار الفنية، (القاهرة:١٩٨٩)، ص٦٢.

ســەردەكەوێت [١]، شــایەنی باســە میــری ناوبــراو بەهــۆی ئــەو شــەڕ و ســەركەوتنەی بەســەر میــری بوەیهــی لەلایــەن خەلیفــەی عەباســی وەكــو لایەنگیرێــك و هاوپەیمانێــك ســەیركراوە، هــەر بۆیــە ئەمــە هۆكارێــك بــوو بۆئــەوەی دەســەڵاتداری میرنشــینی حەســنەوەیهی میــر بــەدر بەهێزتــر لــە جــاران دەربكەوێــت، لــە پاداشــتی ئــەوە خەلیفــەی عەباســی نازنــاوی (نــاصر الدیــن والدولــة) ی بــە میــری ناوبــراو بەخشــیووە [٢]، هەرچەنــدە خەلیفــەی عەباســی لــەو ماوەیــەدا لاواز بــوو، لــە بەرامبــەردا بوەیهییــەكان شــان و شــكۆیان بەهێــز دەبێــت و لــە كۆتاییشــدا لەســەر دەســتی (بهــاء الدولــة) (٣٧٩–٤٠٣ك/٩٨٩-١٠٠٩ز)خەلیفــە دەگیرێــت [٣]، لــە ڕاســتیدا خیلافەتــی عەباســی لــە مــاوەی فەڕمانڕەواییەتــی بوەیهییــەكان دەســەڵاتەكەی زیاتــر لــە چوارچێــوەی ئاینــی خــۆی بەرجەســتە دەكــرد، لــە ڕووی سیاســی و ســەربازی ئــەو كاریگــەری و ڕۆڵــەی نەبــوو، لەبەرئــەوەی دەســەڵاتداریەتیی بوەیهــی باڵــی بەســەر جومگەكانــی دەســەڵاتی كرداریــی خەلافەتــی عەباســی كێشــابوو تەنهــا لــە ڕووە ئاینییەكەیــەوە نەبێــت، بوەیهییــەكان بــۆ ئــەوەی شــەرعیەت بــدەن بــە دەســەڵات و حوكمڕانییــان لــە خەلیفــەی عەباســییەوە متمانەیــان وەردەگــرت، لەبەرئــەوە دەســەڵاتی كــرداری لــە دەســت بوەیهییــەكان بــوو، بۆیــە لــە

(١) الصرفي: تاريـخ دول الأسلام، مطبعـة الـهلال، ج١(القاهـرة:١٩٢٩)، ج١، ص٤٠١-٤٠٢؛ ابـن الجـوزي: المنتظـم في تاريـخ الملـوك و الأمـم، ج١٤، ص٣٢٣؛ ابـن الأثير: الكامـل في التاريـخ، ج٩، ص٥٠؛ الـروذراوري: ذيـل تجـارب الأمـم، ج٦، ص٧٩.

(٢) ابــن الأثير: الكامــل في التاريــخ، ج٩، ص٥٣؛ شــوكروڵای بابــان: مێژوویــی كــورد و كوردســتان، چاپخانــەی شــڤان، (هەولێــر:٢٠٠٤)، ل١٠٣.

(٣) ابن الطقطقي: الفخري في الآداب السلطانية والدول الأسلامي، ص٢٩٠.

ســاڵی (٣٨١ك/٩٩١ز) (بهــاء دەولــة)ی بوەیهــی بــە مەبەســتی دەستبەســەرداگرتنی ســامان و موڵکــی خەلیفــە (الطائــع باللــە) ی لــە دەســەڵات دووریخســتەوە[١]، (قــادر باللــە)ی (٣٨١-٤٢٢ك/٩٩١-١٠٣١ز) لــە شــوێنی دادەنێــت[٢]، ســەرەڕای بوونــی کــورد بــە شــێوەی ڕاســتەوخۆ لــە ســوپای خیلافەتــی عەباســی، کــوردەکان و میرنشــینە کوردییــەکان بەپێــی بەرژەوەندییەکانیــان بەشــێکیان لایەنگــر و بەشــێکی تریــان بەرگرییــان لــە بەغــداد و خیلافەتــی عەباســی کــردووە، بــە تایبــەت کاتێــك بوەیهییــەکان لــە ســاڵی (٣٩٧ك-١٠٠٦ز) پاڕاســتنی ڕێــگای خوراســان بــە (ابــو الفتــح محمــد بــن العنــازي) دەدەن، میــر بــەدری حەســنەوەیهی ئــەم هەنــگاوە بــە لێــدان لــە بەرژەوەندییــە ئابوورییەکانــی دادەنێــت و لەگــەڵ مەزیدییــەکان هێــرش دەکەنــە ســەر بەغــداد، بۆیــە لەوکاتــەدا (ابــو الفتــح محمــد بــن العنــازي) لەگــەڵ دەســەلاتدارانی بەغــداد بەرگــری لــە شــارەکە و خەلیفــەی عەباســی دەکات و هێرشــەکە شکســت پێدەهێنــن، بەمــەش بۆمــان دەردەکەوێــت کــە ئــەم هێرشــە لەلایــەن کــوردەکان ڕێکخــرا و لەلایــەن کــوردە شــازنجانییەکانیش تێکشــکا[٣]، ڕوونــە کــە میــرە کوردییــەکان بەرژەوەندیــی تاکەکەســیی خۆیــان خســتۆتە ســەرووی هەمــوو شــتێك، لایەنــە ناکۆکەکانیــش توانیویانــە کــورد لــە بەرژەوەندیــی یەکلاییکردنــەوەی ململانێیەکانیــان بەکاریانبهێنــن.

(١) ابـن الطقطقـي: الفخـري في الآداب السـلطانية والـدول الأسلاميـة، ص٢٨٩؛ زامبـاور: معجــم الأنســاب والأسرات الحاكمــة في تاريــخ الإسلامــي، ت: زكي محمدحسن-حســن أحمــد، دار الرائــد، (بيــروت:١٩٨٠)، ص٣.
(٢) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩، ص٨٠؛ ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ص٨٤٣.
(٣) مەهدی عوسمان هەروتی: ڕۆڵی سەربازیی کورد، ل٩٨.

بوەیهییـــەکان لــە کۆتایــی دەســەڵاتیان دووچــاری لاوازی بــوون، ئــەم لاوازیــەش هەرێمــی فارســی گرتــەوە کــە مەڵبەنــدی بویهییــەکان بــوو، بۆیــە پێویســت بــوو ئــەو بۆشــاییە سیاســیە پڕبکرێتــەوە، ئیسماعیلــی شــوانکارە ســەر بــە هــۆزی شــوانکارە ئــەو هەڵــەی قۆســتەوە و ســوودی لــەو بۆشــاییە سیاســییە وەرگــرت لــە مــاوەی نێــوان (٤١٦-٤٤٠ك/١٠٢٥-١٠٤٨ز) دەســەڵاتێکی خۆجێیــی لــە ســنووری دەســەڵاتی هۆزەکــەی لــە هەرێمــی فــارس دامەزرانــد، بێگومــان خەلیفــەی عەباســی(قادر باللــة) بەهــۆی ململانێــی لەگــەڵ بوەیهییــەکان پشــتگیری دامەزراندنــی ئــەو میرنشــینەی کــرد(١). هەروەهــا لــە کۆتاییــدا خەلیفــەی عەباســی گەیشــتە ئــەو بڕوایــەی کــە بــە ململانێــی لەگــەڵ بوەیهییــەکان ســەرکەوتوو نابێــت، چونکــە دەســەڵاتەکانی لــێ زەوتکرابــوون، بۆیــە بڕیاریــدا پەیوەندییەکانــی ئاســایی بکاتــەوە و لــە ڕێگــەی هاوســەرگیریی سیاســی مەرامــە سیاســییەکانی بەدەســتبهێنێت، بــۆ ئــەم مەبەســتەش کچــی (بهــاء الدولــة کــوڕی عضــد الدولــة)ی لەســەر مارەیــی (ســەد هــەزار دینــار) خواســت، بەمــەش خیلافەتــی عەباســی تاڕادەیــەك ڕەونەقــی هێــزی بــۆ گەڕایــەوە(٢). لــە کۆتایــی دەســەڵاتی بوەیهییــەکان ناکۆکیــی نێــو بنەماڵــەی بوەیهــی هــۆکار بــوو بــۆ دروســتبوونی ئــاژاوە و ناســەقامگیریی سیاســی، ئەمــەش دەرفەتێــك بــوو بــۆ فاتمییــەکان کــە بانگــەوازی خۆیــان لــە ناوچەکانــی

---

(١) کەیــوان ئــازاد ئەنــوەر: کوردســتان و کــورد لەســەدەکانی ناوەراســتدا،ل١٦٧-١٦٨؛ اری کاکل محمـد: إبـن بلخـي مؤرخـا مـن خلال كتابة(فارسـنامه)، مجلـة جامعـة كركـوك، مـج١٦، ع١ (كركـوك:٢٠٢١)، ص٣٤٨؛ شـيماء سـيد كامـل محمـد أتابكـة الشـبنكاره في شرق فـارس، مجلـة المـؤرخ العـربي، ج١، ع٢٧(د.م:٢٠١٩)، ص٢٢٠.

(٢) محمد أسعد طلس: عصر الانحلال تاريخ الأمة العربية، ص٨٠.

ژێردەسـەڵاتی عەباسی بڵاوبکەنـەوە، بـە تایبـەت بانگخـواز (هبـة الله الشـیرازي) ڕۆڵێکـی بـاڵای هەبـوو لـە بڵاوکردنـەوەی بانگـەوازی فاتمییـەکان لـە ناوچەکانـی عێـراق - فـارس و ئەهـواز، ئـین خەلـدوون ئامـاژە بـە فراوانبوونـی دەسـەڵاتی فاتمییـەکان دەکات و دەڵێـت: ((ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ دەسـەڵاتی دەوڵەتـی عەباسـییەکان لـەو سـەرزەمینانەدا کەمدەبویـەوە، لەولاشـەوە دەسـەڵاتی فاتمییـەکان زیاتـر فـراوان دەبـوو))[١]، کوردەکانیـش بەدەرنەبـوون لـە کاریگەریـی بانگـەوازی فاتمییـەکان، گاوانییـەکان لەپـاڵ عوقەیلییـەکان و مەزیدییـەکان کەوتنـە ژێرکاریگـەری بانگەوازیـان[٢]، لـە کۆتایـی دەسـەڵاتی بوەیهییـەکان هەژموونـی تورکـەکان زیـاددەکات و ململانێیەکـی بەهێـز لەنێوانیانـدا ڕوودەدات، کـە لـە بەرژەوەندیـی خەلیفەبـوو، لـە سـاڵی (٤٤٠ك/١٠٤٩ز) (ابـو نصر خسرو) شـوێنی دەگرێتـەوە و لـە سـەردەمی ئـەو کۆتایـی بـە دەسـەڵاتی بوەیهییـەکان دێـت[٣].

ماوەیەکـی درێـژ بـە تـەواوی باڵادەسـتیی ڕەگـەزی عـەرەب بـە دەزگای خیلافەتـەوە دیاربـوو، بـەڵام بەهـۆی هەژمـوون و کاریگـەری فارسـەکان، دواتریـش تـورك و هاتنـی دەیلمییـەکان دەسـەڵاتیان لاواز و بـێ کاریگـەری بـوو، بـەڵام بـە هـۆی ڕەچەڵەکـی بنەماڵەکەیـان هەرگیـز هێزێـك لـەو هێزانـە نەیتوانـی شـەرعییەتی خیلافەتیـان لـێ وەربگرێتـەوە، بەڵکـو ئـەو هەژموونەیـان لێسـەند، کـە بەسـەر

(١) موقەدیمە، ب١، ل٤٢٥.
(٢) مستەفا جەواد: هۆزی لەبیرکراوی گاوانی، چ٢، ل٣٠ .
(٣) ابـن الأثیر: الکامـل في التاریـخ، ج٩، ص٥٤٥ ؛ ابـن کـثیر: البدایـة والنهایـة، ت: حسـان عبدالمنـان، بیـت الأفـکار الدولیـة (بیروت:٢٠٠٤) ص١٨١٨؛ حسـن خلیفـة: الدولـة العباسـیه قیامهـا و سـقوتها، ص٢١٩-٢٢٠.

بەڕێوەبردنیانــدا هەبــوو[1]، دەستبەســەرداگرتنی خیلافەتــی عەباســی و دەســەڵاتە کارگێڕییەکانــی خەلیفــە و ســنووردارکردنی لــە چەنــد دەســەڵاتێکی ئاینــی وای کــرد خەلیفــە نەتوانێــت لــە بەرامبــەر بەهێزیــی بوەیهییــەکان بوەســتێتەوە و ململانێیەکــی بەهێزیــان بــکات، بەهــۆی جێبەجێکردنــی سیاســەتی نامەرکــەزی لــە بەرێوەبــردن لەلایــەن بوەیهییــەکان، کــورد ویســتی وابــووە پارێــزگاری لــە دەســەڵاتە خۆجێییەکانیــان بکــەن، بــە ڕاگرتنــی هاوســەنگی لــە نێــوان لایەنــە ناکۆکــەکان بــەوەی لــە ڕووی کارگێــڕی ســەر بــە بوەیهییــەکان بــن و لەڕوویــی ئاینــی و مەزهەبیــش پشــتگیری خەلیفــەی عەباســی بــن.

---

(١) سـامان عـثمان عالـی: کـورد لـە ململانێـی پەراوێـز و ناوەنـدی دەسـەڵاتی عەباسـیدا لەنێـوان(٣٠٠—٥٠٠ك/٩١٣-١١٠٦ز)، نامـەی ماسـتەر، کۆلێـژی ئـاداب- زانکـۆی سـۆران، (سـۆران:٢٠٢٣)ل٧٣.

**ب. بوەیهی و حەمدانییەکان**

دوای ئـــەوەی دەســـەڵاتی خەلیفـــەی عەباســـی بـــەرەو لاوازی چـــوو چەنـــد قـــەوارە و دەســـەڵاتێکی سیاســـی دروســـتبوون لەوانـــە حەمدانییـــەکان (٢٩٣-٣٧١ك/٩٠٥-١٠٠٣ز) لەســـەر دەســـتی (حمـــدان بـــن حمـــدون)[١]، لـــە ناوچەکانـــی موســـڵ لـــە ســـەردەمی خەلیفـــە (المعتضـد)(٢٧٩-٢٨٩ك/٨٩٢-٩٠٢ز) لەســـەر شـانۆی ڕووداوە سیاسـییەکان بەدەرکەوتـــوون، دوای ئـــەوەی یارمەتـــی خەلیفـــەی عەباســـییان دا بـــە کۆتایهێنـــان و لەناوبردنـــی ئـــەو بزوتنەوانـــەی کـــە لـــە ناوچەکانـــی موســـڵ دژی خەلیفـــەی عەباســـی هەڵگیرســـابوون وەك (بزوتنـــەوەی قەرامیتـــەکان[٢])[٣]، بۆیـــە لـــە ســـاڵی (٣٣٠ك/٩٤١ز)لەلایـــەن خەلیفـــەوە پۆســـتی میـــری میرانـــی پـــێ بەخشرابـــوو[٤].

حەمدانییـــەکان لـــە بەهێـــزی و مەترســـیی کـــوردەکان گەیشـــتبوون، بۆیـە هەوڵیانـدا بـۆلای خۆیـان کێشـیان بکـەن لـە ڕێگـەی هاوسـەرگیریی،

---

(١) بـۆ بنەچـەی حمدانییـەکان بگەڕێـوە بـۆ: الهمـداني: صفـة جزيـرة العـرب، ت: محمـد بـن علي، دار اليمامـة، (الريـاض:١٩٧٤)،
ص٢٧٥؛ القلقشـندي: نهايـة الأرب في معرفـة أنسـاب العـرب، ت: على الخاقـاني، مطبعةالنجـاح، (بغـداد:١٩٥٨)، ص٢٢٣.

(٢) قرامیتییـەکان: بزوتنەوەیەکـی شـیعەبوون لـە بەحرێـن لـە سـاڵی (٢٨٨ك /٨٨٩ز) توانیان جێگەی خۆیان بکەنەوە لە ساڵی (٣١٨ك/ ٩٣١ز) لە سەردەستی سـەرکردە "ئەبو تاهـر قرامیتیـی" توانینـان بـەردی ڕەش لـە شـاری مەککـە بفڕێنـن، ویسـتی کۆتاییهێنانیان بـە خیلافەتـی عەباسـی هەبـوو، چەنـد جارێـك شکسـتیان بەسـوپای خیلافـەت هێنـاوە، هەتاکوو شـاری کوفـە هاتـوون. السـيوطي: تاريـخ الخلفـاء، ص٣٠٤؛ یـاسر جاسـم قاسـم: القرامطـة و العدالـة الأجتماعيـة، دار الكتـب الوثائـق، (بغـداد: ٢٠١٨)، ص٦٤.

(٣) سـليمان صائـغ: تاريـخ الموصـل، مطبعـة السـفلية (مصر:١٩٢٣)، ص٥٢؛ مەهـدی عـوسمان: ڕۆڵـی سـەربازیی کـورد، ل١٧٧.

(٤) مەهدی عوسمان: ڕۆڵی سەربازیی کورد، ل١٨٠،٣٢.

سەرکەوتووش بوون بەوەی (ناصر الدولة)(٣١٧-٣٥٨ك/٩٢٩-٩٢٨ز) ئافرەتێکی کورد بە ناوی (فاطمة بنت أحمد)ی خواست، بەمەش توانی پشتگیریی کوردەکان بەدەستبهێنێت، بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نییە کە هەموو کوردەکان پشتگیری حەمدانییەکانیان کردبێت، بەڵکو دژیشیان وەستاونەتەوە[١]، ئەمەش لە وتەی شەرەفخانی بەدلیسی ڕەنگدەداتەوە کاتێك دەڵێت: ((کاتێ ئەبوتەغلەبی حەمدانی و عەزدودەوڵەی دەیلەمی بوو بە شەڕیان، باز یاریدەی عزدودەوڵەیدا))[٢]. ئەوەی جێگای باسە ئەوەیە کە پەیوەندیی نێوان حەمدانییەکان و بوەیهییەکان جێگیرنەبوو، لە ساڵی(٣٣٤ك/٩٤٥ز) حەمدانییەکان لەگەڵ بوەیهییەکان بەریەککەوتن بەهۆی ئەوەی بوەیهییەکان لەو ساڵەدا چوونە بەغداد و دەستیان بەسەر تواناکانی خیلافەت داگرت و بێڕێزیان بە خەلیفەی عەباسی(المستكفي بالله)کرد و دووریان خستەوە بۆیە حەمدانییەکان بە سەرکردایەتیی (ناصر الدولة) هەوڵی سەرخستنی خەلیفە و پشتگیریان کرد بۆ گەڕانەوەی بۆ دەسەڵات[٣]، (**ابن الكربوس التوزي**) دەڵێت: ((دوای ئەوەی بوەیهییەکان دەسەلاتەکانی (المستكفي بالله)یان سنووردارکرد، ناوبراو بە نهێنی داوای بەهاناوەچونی لە حەمدانییەکان و (سيف الدولة) کرد بە مەبەستی ڕزگارکردنی لە دەسەڵاتی

(١) محمود ياسين التكريتي: الأمارة المروانية في ديار بكر والجزيرة، رسالة الماجستير مقدمة الى مجلس كلية الآداب، جامعة بغداد، (بغداد:١٩٧٠)، ص١١٠.

(٢) شەرەفنامە، ل٣٠ .

(٣) مسكوية: تجارب الأمم، ج٥، ص٢٧٦-٢٧٧؛ الأنطاكي: تاريخ الأنطاكي، ت: عمر عبدالسلام تدمري، مكتبة جروس برس (طرابلس-لبنان:١٩٩٠)، ص٥٣؛ محمد سهيل تقوش: مێژووی دەولەتی عەباسی، ل٣٠١ .

دەیلەمـــەکان))[١]، حەمدانییـــەکان دوای ســـەرکەوتنیان لـــە (عـــکبرا)، چوونـە بەغـداد[٢]، بڕیـاری لادانـی خەلیفـە (المطیع)یانـدا ناوهێنانیشـیان لــە ڕۆژانــی هەینــی قەدەغەکــرد، بەمــەش بەغــداد بــووە مەیدانــی ململانــێ[٣]، دوای ڕووبەڕووبوونەوەشــیان حەمدانییــەکان لەگــەڵ ئــەو تورکانــەی بەژداربــوون لــە ســوپایەکەیان دەشــکێن و بــەرەو موســڵ پاشەکشــە دەکــەن[٤]، هەرچەنــدە لــە ســاڵی(٣٣٥ك/٩٤٦ز) ڕێککەوتننامەیــەك لــە نێــوان هــەردوولا بــۆ هێورکردنــەوەی ململانــێ و ناکۆکیــی نێوانیــان واژوکــرا ، ئەمــەش پێگــەی حەمدانییەکانــی بەهێزتــر کــرد[٥]، و بوونــە مایــەی مەترســی، بۆیــە بوەیهییــەکان لــە ســاڵی (٣٣٧ك/ ٩٤٨ز) بەبیانــووی دواکەوتنــی بــاج [٦]، هێرشــیان کــردە ســەر موســڵ و داگیریــان کــرد و (نــاصر الدولة)بــەرەو شــاری نوســەیبین، پاشەکشــەی کــرد، بــەڵام دواتــر ڕێککەوتــن و لــە بەندەکانــی ئــەو ڕێککەوتنــەش دانانــان بــوو بەدەســەڵاتی بوەیهییــەکان بەســەر حەمدانییــەکان و ســەپاندنی باجێکــی ســاڵانە بەبــڕی (٨هــەزار

---

(١) الإكتفـاء فـی أخبـار الخلفـاء، ت: صالـح بـن عبداللـه الغامـدي، مكتبـة ملـك فهـد، ج٣ (المدينـة المنـورة:٢٠٠٨)، ص١٦٣٧-١٦٣٨.

(٢) مسـكوية: تجـارب الأمـم، ج٥، ص٢٧٨؛ ابـن الجـوزي: المنتظم في تاريـخ الملوك و الأمم، ج١٤، ص٤؛ ابـن الـوردي: تاريـخ ابن الـوردي، دار الكتب العلميـة، (بيروت:١٩٩٦)، ص٢٦٩.

(٣) مسـكوية: تجـارب الأمـم، ج٥، ص٢٧٨؛ احمـد عـدوان: الدولـة الحمدانيـة، منشـورات الشـعبية للـنشر، (د.م:١٩٨١)، ص١٧٦.

(٤) مسـكوية: تجـارب الأمـم، ج٥، ص٢٨٠؛ ابـن بطريـق: التاريـخ المجمـوع على التحقيـق و التصديـق، مطبعـة الآباءاليسـوعيين، (بيـروت:١٩٠٥)، ص١١١.

(٥) مسـكوية: تجـارب الأمـم، ج٥، ص٢٨٦؛ ابـن الأثير: الكامـل في التاريـخ، ج٨، ص٤٧٠ ؛ فيصـل السـامر: الدولـة الحمدانيـة في الموصـل و حلـب، ص٢٦٣؛ خالـد عـزام: موسـوعة تاريـخ الإسلامـي (الـعصر العبـاسي) ،ص٢٠٤.

(٦) إبراهيم سلمان الكروي: البويهيون و الخلافة العباسية، ص١٩٣.

هەزار)واتە(٨مليـــون درهـــم) بەمـــەش بوەیهییـــەکان پاشەکشـــەیان کـــرد[١]. حەمدانییـــەکان لـــە ململانێیـــان لەگـــەڵ بویهییـــەکان هەوڵیانـــداوە دەســـت بەســـەر ناوەنـــدی خەلافەتـــی عەباســـی دابگـــرن و بـــۆ ئـــەم مەبەســـتەش هەوڵیانـــدا ســـوود لـــە ململانێـــی بوەیهییـــەکان وەربگـــرن، کاتێکیـــش لـــە ســـاڵی (٣٤٥ك/٩٥٦ز) (روزبهـــات الديلمـــي) لـــە ئەهـــواز لـــە فەرمانـــی (معـــز الدولة)دەردەچێـــت و ئەویـــش بـــە ســـوپایەك بـــۆی دەچێـــت، لەوکاتـــەدا (نـــاصر الدولة)ئـــەو هەڵـــەی قۆســـتەوە و لـــە موســـڵ بـــە ســـوپایەك بـــە مەبەســـتی داگیرکرنـــی بـــەرە و بەغـــداد کەوتۆتـــەڕێ، بـــە ســـەرکەوتنی (معـــز الدولـــة) (نـــاصر الدولـــة) لـــە هێرشـــەکەی پاشـــگەز بویـــەوە و بـــەرەو موســـڵ گەڕایـــەوە[٢]، لـــە کاردانـــەوەی ئـــەو هەڵوێســـتەی (معـــز الدولة)بـــۆ ســـاڵی دواتـــر هێـــرش دەکاتـــە ســـەر حەمدانییـــەکان، بـــەڵام (نـــاصر الدولـــة) توانـــی لـــە هێرشـــکردنە ســـەر موســـڵ بـــە نیشـــاندانی ملکەچـــی خـــۆی و پێدانـــی باجێکـــی ســـاڵانە بەبـــڕی(دوو مليـــۆن درهـــەم) پاشـــگەزیبکاتەوە[٣]، بـــەڵام پابەندنەبوونـــی حەمدانییـــەکان بـــە دانـــی باجـــی ســـاڵانە دەبێتـــە بیانوویـــەك بـــۆ ئـــەوەی بوەیهییـــەکان لـــە ســـاڵی (٣٤٧ك/٩٥٩ز) هێرشـــبکەنە ســـەر موســـڵ و داگیریـــی دەکـــەن، و(نـــاصر الدولـــة) بـــەرەو نوســـەیبین و دواتـــر بـــۆ حلـــب پاشەکشـــەی کـــردووە، بـــەڵام بـــە ناوبژیوانـــی (ســـيف الدولـــة)ی حمدانـــی فەرمانـــڕەوای حلـــب جارێکـــی دیکـــە ڕێکدەکـــەون و بوەیهییـــەکان لـــە

(١) مسكوية: تجارب الأمـم، ج٥، ص٢٩٠؛ أيليابرشـينايا: تاريـخ أيليابرشـينايا، ت:يوسـف حبـي، مطبوعـات مجمـع اللغـة السريانية(بغـداد:١٩٧٥)، ص١٩٣؛ حسـن خليفـة: الدولـة العباسـيه قيامهـا و سـقوتها، ص٢١٢.

(٢) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٨، ص٥١٥؛ احمد عدوان: الدولة الحمدانية، ص١٧٨.

(٣) مسكوية: تجارب الأمم، ج٥، ص٣٢٠؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٨، ص٥٢١ .

موسڵ پاشەکشە دەکەن[١]، لەساڵی (٣٥٣ك/٩٦٤ز) جارێکی تر بەهۆی پابەندنەبوونی حەمدانییەکان بە ڕێککەوتننامەکانیان، بوەیهییەکان هێرش دەکەنە سەر موسڵ و داگیریدەکەن، (معز الدولة) (أبو علاء صاعد بن ثابت)ی بە فەرمانڕەوای شارەکە دەستنیشانکرد و ڕایسپارد کە دەستکەوتەکان و خەراج کۆبکاتەوە[٢] .

لە ململانێی نێوانیان بوەیهییەکان مەبەستیان بوو دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ناوچەکە بسەپێنن سەرەڕای ئەوەی ناوچە کوردییەکانی هەرێمی جەزیرە بەهۆی دەوڵەمەندییان لە ڕووی جوگرافی و مرۆیی و ئابورییەوە پێگەیەکی گرنگی هەبووە، بۆیە نەدەکرا دەسەڵاتی ناوەندی لە بەغداد دەستبەرداری ببێت، حەمدانییەکانیش لەو ماوەیە لەوپەڕی بەهێزیی دەسەڵاتیاندابوون و ملکەچی بوەیهییەکان نەدەبوون بەهۆی جیاوازیی مەزهەبییان و بەهێزییان، ئەوەی دۆخی خەڵکەکەی قورستر کردبوو ئەو جەنگ و ململانێیە بوو کە بۆ یەکلاییکردنەوەی بۆ هەرجارێك باجی زیاتر دەخرایە سەر خەڵکی ناوچەکە سەرەڕای هێرشە بەردەوامەکانی ڕۆمەکان، ناوچە کوردییەکان بۆ ئەوەی چیتر نەبنە قوربانیی ئەو ململانێیانە بیریان لە خۆبەڕێوەبەری کردەوە و بەمەش میر باد(٣٧٣-٣٨٠ك/ ٩٨٣-٩٩٠ز)ئەو هەڵەی بۆ ڕەخسا کە هەنگاوبنێت بۆئەوەی نوێنەرایەتیی بەشێك لە ناوچە کوردییەکانی هەرێمی جەزیرە بکات بۆ ڕزگاربوون لەو بارودۆخە.

---

(١) مسكوية: تجارب الأمم، ج٥، ص٣٢٢؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٨، ص٥٢٣؛ ابن العبري: تاريخ الزمان، ت: الأب إسحاق أرملة، دار المشرق، (بيروت:١٩٨٦)، ص٦٠؛ أيليابرشينايا: تاريخ أيليابرشينايا، ص١٩٥.

(٢) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٨، ص٥٥٢؛ ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ص١٠٥٤.

لــە ســاڵی(٣٥٦ك/٩٦٧ز)هەریەك لــە (ســیف الدولــة)ی حمدانــی و (معــز الدولــة)ی بوەیهــی کۆچــی دوایــی دەکــەن[١]، هەرچەنــدە (**النویــری**) بۆچوونێکــی جیــاواز هەیــە و پێیوایــە (ســیف الدولــة) لــە ســاڵی (٣٥٥ك/٩٦٦ز)کۆچــی دوایــی کــردووە[٢]، ئەمــەش دوای ئــەوە دێــت کاتێــك (أبــو تغلــب)ی کــوڕی (نــاصر الدولــة) دەســت بەســەر دەســەڵاتی حەمدانییەکانــدا دەگرێــت و باوکیشــی بەنــد دەکات، دەگوترێــت (فاطمــة بــن أحمــد) خێزانــی (نــاصر الدولــة) ڕۆڵــی هەبــووە لــە گیرانــی هاوســەرەکەی و قوڵکردنــەوەی ناکۆکیــی نێــوان کوڕەکانــی، ئــەم هەڵوێســتە حمدانــی بــرای تــوڕەدەکات و دەبێتــە هــۆی دروســتبوونی ناکۆکــی و ململانــێ لەنێوانیانــدا، هەریــەك لــە براکانــی (ابراهیــم -هبــە اللــە) پەنــا بــۆ (عــز الدولــة) دەبــەن و هانــی دەدەن هێــرش بکاتــە ســەر موســڵ، ئــەم هەڵــەش زیاتــر ڕەخســا دوایــی مردنی(نــاصر الدولــة) لــە ســاڵی(٣٥٨ك/٩٦٩ز)[٣]، لــە ڕاســتیدا ململانێــی نێــو بنەماڵــەی حمدانــی ئــەو دەرفەتــەی ڕەخســاند بوەیهییــەکان دەســت بخەنــە نێــو کاروبــاری ناوخــۆی حەمدانییــەکان [٤]، محمــد امیــن زکــی باســی لــەوەش کــردوە کــە لــە ڕێککەوتنــی نێــوان (عزالدولــة -بختیــار) لەگــەڵ میــر حەســنەوەیهی ((لەســەر ئــەوە ڕێککەوتــن کــە بەیەکــەوە لــە یــەك ســەنگەردابن دژی

---

(١) أبــن شــداد: الأعلاق الخــطيرة في ذكــر أمــراء الشــام و الجزيــرة، ت: يحيــى زكريــا عبــارة، مكتبــة الأســد، (دمشــق:١٩٩١) ج٣، ص٣١٣.

(٢) نهاية الأرب في فنون الأدب، ج٢٦، ص٨١.

(٣) ابــن الأثير: الكامــل في التاريــخ، ج٨، ص٥٩٤ ؛ ابــن خلــدون: تاريــخ ابــن خلــدون، ص١٠٥٦؛ عمـر أحمـد سـعيد: الإمـارة الحمدانيـة في الموصـل و دورهـا التصـدي للبويهيين، مجلــة دراســات الموصليــة، ع٤٦ (موصــل:٢٠١٧)، ص٤٧.

(٤) ســليمان صائــغ المــوصلي: تاريــخ الموصــل، ج١، ص١١٥؛ احمــد عــدوان: الدولــة الحمدانيــة، ص١٨٦.

ئەبــو تغلبــی حەمدانــی لــە بەرامبــەردا بەختیــار ڕازی بــوو یارمەتــی حەســنەوەیهی بــدات لــە فراوانکردنــی ســنووری فەرمانڕەوایــی تــا زابــی گــەورە، وەبەهــۆی ئــەو ڕێککەوتنــە بەســەر ئەبــو تغلبــی حەمدانیــدا ســەرکەوتن))[١]، بەمــەش بۆمــان ڕووندەبێتــەوە کــە بوەیهییــەکان لــە ململانێیــان لەگــەڵ حەمدانییــەکان ســوودیان لــە توانــا و هێــزی کــوردەکان وەرگرتــووە و هەوڵیانــداوە پەیوەندیەکانیــان لەگــەڵ میــرە کوردییــەکان ســەقامگیربێت چونکــە گەرەنتــی ســەرکەوتنیان بــوە لــە ناوچەکــە، کوردەکانیــش لەپێنــاو بەدەســتهێنانی دەســتکەوت و دەســەڵاتی زیاتــر ئامادەبوونــە ببنــە بەشــێك لــە ململانێیــەکان. حەمدانییــەکان لــە مــاوەی دەســەڵاتیان داهاتێکــی گەورەیــان کۆکردبــووەوە مێژوونووســێك دەگێڕێتــەوە کــە (أبــو تغلــب) لەبەرامبــەر (جاریة)یــەك ئامــادە بــووە بــڕی ســەد هــەزار درهــەم بــدات و خوشکەکەشــی (جمیلــە بنــت نــاصر الدولــة) لەکاتــی چوونــی بــۆ حــەج بــە کەژاوەیەکــی چــل وشتری چــووە و بــڕی دە هــەزار دینــار و شــەکر و بەفــر و جلوبەرگــی بەســەردا دابەشــکردوون[٢]، بێگومــان ئــەو دەســتکراوەییە لــە خەرجکردنــی مــاڵ و سامان لەســەر حسابی خەڵکــی ناوچەکــە بــووە، کــە بــەزۆر باجیــان لــێ ســەندون و ناوچــە کوردییەکانــی هەرێمــی جەزیــرەش بەشــێکی گرنــگ و دەوڵەمەنــدی ســنووری فەرمانڕەوایــی میرنشــینی حمدانــی بــوون.

لــە لایەکــی تــر بەهــۆی نادادپــەروەری و مامەڵــەی خراپــی کاربەدەســتان و والیــی حــران (هبةاللــە ناصرالدولــة) لەگــەڵ خەڵکــی

---

(١) تاریــخ الــدول و الأمــارات الکردیــة، ص٧٠، هەروەهــا بگەڕێــوە بــۆ: شــەڕەف خانــی بەدلیســی: شــەڕەفنامە، ل٣٤.

(٢) الذهبــي: الــعبر في خبرمــن غبر، ج٢، ص١٢٣؛ فیصــل الســامر: الدولــة الحمدانیــة في الموصــل و حلــب، ص٢٨٣؛ ســلیمان صائــغ المــوصلي: تاریــخ الموصــل، ج٢، ص٥٣.

ناوچەکـە و خراپیـی بارودۆخـی خەڵـك و زیادکردنـی بـاج لەسـەر بازرگانانـی حـران وایکـرد خەڵکەکـە دژی ئـەو نادادیـە ڕاپەڕێـت و بـۆ مـاوەی دوو مانـگ کاربەدەسـتانی شـارەکەیان دەرکـرد[١]، بـەڵام (ابـو تغلـب) توانـی دەسـەڵاتی خـۆی بۆسـەر شـارەکە بگەڕێنێتـەوە[٢]، ئەمـەش بـە مانـای ئـەوەی کـە بەشـێك لـە کـوردەکان پشـتگیری و هاوسـۆز نەبووبـن بـۆ حەمدانییـەکان، ئەوەتـا توێژەرێکـی سـەردەمی نـوێ (**زرار سـەدیق**) بـاس لـە میرێکـی کـورد دەکات بەنـاوی (أبـو شـجاع بـن منـکلان) کـە بەهـۆی لێهاتوویـی، حەمدانییـەکان فەرمانڕەوایـی شـارۆچکەی (الحدیثـة) یـان پێدابـوو[٣]. ململانـێ و جەنگـی بەردەوامـی حەمدانییـەکان لەگـەڵ بوەیهییـەکان ناوچەکانـی هەرێمـی جەزیـرەی کردبـووە گۆڕەپانـی ململانێـی نێوانیـان و جگـە لـەوەی دەسـتگرتن بەسـەر موڵـك و ماڵـی ناوچـە کوردنشـینەکان، کوردەکانـی دوچـاری بارودۆخێکـی خراپـی ئابـووری کردبـوو، لـە سـاڵی (٣٦١ك/٩٧٢ز) (أبـو تغلـب) قـەڵای ماردیـن داگیـردەکات و دەسـت بەسـەر سـەروەت و سـامان و تفاقـی جەنگـی داگـرت و بـۆ موسـڵ گواسـتیەوە [٤]، لەبـەر ئـەوە شـتێکی ئاسـاییە کـە خەڵـك لـە دەرفەتێـك گەڕابـن بـۆ گۆڕینـی ئـەو واقیعـەی تێیـدا ژیـاون[٥].

(١) ابن الأثیر: الکامل في التاریخ، ج٨، ص٥٤٣؛ ابن خلدون: تاریخ ابن خلدون، ص١٠٥٤.
(٢) ابن الأثیر: الکامل في التاریخ، ج٨، ص٦٠٩ .
(٣) القبائـل و الزعامـات القبلیـة الکردیـة في الـعصر الوسـیط، طبعـة مؤسسـة ئـاراس، (اربیـل:٢٠٠٧)، ص٧٣.
(٤) ابن الأثیر: الکامل في التاریخ، ج٨، ص ٦٢٧ .
(٥) عبـد الرقیـب یوسـف: دەوڵەتـی دۆسـتەکی لـە کوردسـتانی ناوەڕاسـت ،و: ابوبکـر علـی، چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە (هەولێـر:١٩٩٨)، ل١٥؛ ئەحمـەد محمـود لخەلیـل: مێـژووی کـورد لـە شارسـتانیەتی ئیسلامیـدا،و: زرار عەلـی، چاپخانـەی پەیوەنـد، (سـلێمانی:٢٠١٠)، ل١٧٧.

لـە لایەکـی تـر ململانێـی نێـوان (عـز الدولـة و عضـد الدولـة) لەسـەر دەسـەڵات بـە داگیرکردنـی بەغـداد کۆتایـی هـات (عـز الدولـة) بـەرەو ناوچەکانـی موسـڵ رایکـردووە، فەرمانـڕەوای حەمدانییـەکان (أبـو تغلـب) بەڵێـن بـە (عـز الدولـة) دەدات کـە یارمەتـی بـدات و بیگەڕێنێتـەوە سـەر دەسـەڵات بـەو مەرجـەی (حمـدان بـن نـاصر الدولـة)ی بـرای ڕادەسـت بـکات، کـە بەهـۆی ناکۆکـی نێوانیـان پەنـای بـۆ (عـز الدولـة) بردبـوو ئەویـش قایلبـوو، بۆیـە (أبـو تغلـب) بـە سـوپایەکی بیسـت هـەزار جەنـگاوەری بـەرەو بەغـداد کەوتونەتـەڕێ[١]، (عضـد الدولـة) سـاڵی (٣٦٧ك/٩٧٧ز) لـە دەوروبـەری شـاری تکریـت ڕووبەڕوویـان بوویـەوە و (عـز الدولـة) دەکوژرێـت، دەگوترێـت کـوردەکان لەپـاڵ سـوپای (عضـد الدولـة) بـەژداری شـەڕەکە بوونـە و ڕۆڵیـان هەبـووە لەسـەرکەوتنی و کوشـتنی (عـز الدولـة)[٢]، (أبي تغلب)یـش بـەرەو موسـڵ پاشەکشـە دەکات، (**التنوخـي**) هـەر لـەو ماوەیـە نـاوی کەسـایەتییەکی کـوردی هێنـاوە بـە نـاوی (صالـح بـن بانویـة) و بـە (رئیـس الأکـراد) نـاوی بـردووە و کەسـی نزیکـی فاطمـەی دایکـی (ابـو تغلـب) بـووە کـە ڕۆڵـی گرنگـی هەبـووە لـە بەرگریکـردن لـە حەمدانییـەکان[٣]، بەمـەش جارێکـی تـر ڕۆڵـی کـورد بەدەردەکەوێـت لـە بەرگریکـردن لـە حەمدانییـەکان بـە تایبـەت لـە ململانێیـان لەگـەڵ بوەیهییـەکان، (عضـد الدولـة) بەدوایـدا توانـی لـە سـاڵی

(١) ابـن خلـدون: تاريـخ ابـن خلـدون، ص١٠٥٩؛ الخطيـب العمـري: منهـل الأوليـاء و مشرب الأصفيـاء مـن سـادات الموصـل الحدبـاء، ت: سـعيد الديوةجـي، مطبعـة الجمهوريـة، (بغـداد:١٩٦٧)، ص٨٧-٨٨.

(٢) مسـكوية: تجـارب الأمـم، ج٥، ص٤٣٥ ؛ مەهـدی عـوسمان هەروتـی: ڕۆڵـی سـەربازیی کـورد، ل١٤٥.

(٣) كتاب الفرج بعد الشدة، ج٢، ص١٨٦.

(٣٦٨ك/٩٧٨ز) دەست بەسەر شاری موسڵ دابگرێت[١]، (ابو تغلب) بەرەو شاری (آمد) لە هەرێمی جەزیرە دواتر بەرەو (الرحبة) ئینجا بەرەو شام پاشەکشەی کرد[٢]، لە ساڵی (٣٦٩ك/٩٧٩ز)لە شام کوژرا[٣]، بۆ ساڵی دواتریش زۆربەی شارەکانی هەرێمی جەزیرەی کەوتنە ژێر دەسەڵاتی بوەیهییەکان، ئەو ناوچانە بەهۆی ململانێی نێوانیان و هەڵمەتە سەربازییەکانیان دوچاری تاڵانی و دەردەسەریەکی زۆر بوونەتەوە[٤]، کەسایەتییە ناسراوەکان و سەرۆك هۆزەکانی دەڤەرەکە چوونە لای(عضد الدولة) بۆئەوەی گوێڕایەڵیی خۆیانی بۆ پیشانبدەن یەکێکیش لەو کەسایەتییانە میر باد بوو[٥].

دروستبوونی بۆشاییەکی ئەمنی ئەو دەرفەتەی ڕەخساند کە دەسەڵاتێکی بەهێز لە ناوچەکە سەرهەڵبدات و میربادیش ئەو دەرفەتە لەدەستنادات و دەستبەسەر ناوچەکەدا دەگرێت[٦]،

(١) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٨، ص٦٩٣-٦٩٦؛ أحمد محمود خليل: تاريخ الكرد في عهود الأسلامية، دار الساقي، (بيروت:٢٠١٣)، ص١٧٠.

(٢) الدواداري: كنز الدررو جامع الغرر(الدرة المضية في اخبار الدولة الفاطمية)، ج٦، ص١٩١؛ برهان حنا ايليا: آمد مدينة الفخر، مطبعة الإحسان، (حلب:٢٠٠٨)، ص٩٣.

(٣) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٨، ص٧٠١؛ ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ص١٠٦٠؛ العمري: مهذب الروضة الفيحاء في تواريخ النساء، ت: رجاء محمود السامرائي، دار الجمهورية، (بغداد :١٩٦٦)، ص٢٢٩-٢٣٠.

(٤) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٨، ص٦٨٨؛ ابن العماد: شذرات الذهب في أخبار من ذهب، ج٣، ص٥٩؛ محمود ياسين التكريتي: الأمارة المروانية في ديار بكر والجزيرة، ص١١٠.

(٥) عبد الرقيب يوسف: دەوڵەتی دۆستەکی لە کوردستانی ناوەراست، ل١٦؛ عمر أحمد سعيد: باد الكوردي أبو عبداللة الحسين بن دوستك وصراعاتة مع الأمير البويهي عضد الدولة، مجلة اداب الرافدين، ع٨١، (موصل:٢٠٢٠)، ص٣٣٨.

(٦) ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة فى ملوك المصر و القاهرة، ج٤، ص١٤٥؛ فرست مرعي: الامارات الكردية في العصر العباسي الثاني، دار سپيريز (دهوك:٢٠٠٥)، ص٢٢٩.

هەرچەنـدە بوەیهییـەکان ویسـتیان بەرپەرچـی بدەنـەوە، بـەڵام سـەرکەوتوونەبوون دوای تێکشکانیشـیان لـە سـاڵی (٣٧٣ك/٩٨٤ز)میـر بـاد توانـی بـۆ مـاوەی سـاڵێك دەسـت بەسـەر شـاری موسـڵدا بگرێـت و دواتـر پاشەکشـە دەکات[١]، لـە سـاڵی (٣٧٦ك/٩٨٦ز) بوەیهییـەکان بـە مەبەسـتی جێگیرکرنـی دەسـەڵاتیان لـە موسـڵ لەگـەڵ میـر بـاد ڕێکدەکـەون بەدانـان بەدەسـەڵاتەکانی میـری ناوبـراو بەسـەر هەرێمـی جەزیـرە، بـەڵام ناوبـراو دوو سـاڵ دواتـر هێـرش دەکاتـەوە سـەر موسـڵ و گەمـارۆی دەدات[٢]. حەمدانییـەکان لـە سـاڵی(٣٧٩ك/٩٩٠ز)دوا هەوڵـی خۆیـان دا بـۆ دەسـتگرتن بەسـەر موسـڵ دوای ئـەوەی کوڕەکانـی نـاصر الدولـة(ابي طاهـر إبراهيـم -أبـو عبداللـة الحسين) داوایـان لـە (بهـاء الدولـة) کـرد ڕێگەیـان پێبـدات لـە بەغـدادەوە بچنـەوە موسـڵ، دوای گەیشـتنیان بـەو شـارە خەڵـك پشـتگیریانکردن و لـە دژی دەیلەمـەکان ڕاپەڕیـن و شـاربەدەریان کـردن[٣]، میـر بـاد نەمانـی دەسـەڵاتی بوەیهییـەکان و لاوازی حمدانییەکانـی لـە موسـڵ بەهەڵزانـی و بـۆ سـاڵی دواتـر میـر بـاد بـە شـەش هـەزار جەنـگاوەری کـوردی بـەرەو موسـڵ چـوو لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی لەگـەڵ هاوپەیمانیەتیـی نێـوان حمدانـی و عوقیلییـەکان میـر بـاد دەکوژرێـت[٤]، دواتریـش لەسـەر دەسـتی

(١) الـروذراوري: ذيـل تجـارب الأمـم، ج٦، ص٥٤؛ الفارقـي: تاريـخ الفارقـي، ت: بـدوى عبداللطيـف عـوض، الهيئـة العامـة لشـؤن المطابـع الأميريـة، (القاهـرة:١٩٥٩)، ص٥٣-٥٤؛ ابـن خلـدون: تاريـخ ابـن خلـدون، ص١٠٦٢.

(٢) الفارقي: تاريخ الفارقي، ص٥٤؛ شەڕەف خانی بەدلیسی: شەڕەفنامە، ل٣٠.

(٣) ابــن الأثير: الكامــل في التاريــخ، ج٩، ص٦٧؛ ســبط ابــن الجــوزي: مــراة الزمــان في تواريـخ الأعيـان، ج١٨، ص٣٩-٤٠؛ ابـن خلـدون: تاريـخ ابـن خلـدون، ص١٠٦٢؛ محمـود ياسـين التكريتـي: الأمـارة المروانيـة في ديـار بكـر والجزيـرة، ص١١١.

(٤) الـروذراوري: ذيـل تجـارب الأمـم، ج٨، ص١٠٨؛ ابـن الـوردي: تاريـخ ابـن الـوردي،

بوەیهییــەکان و عوقەیلییــەکان لــە ســاڵی (٣٨٦ك/٩٩٤ز) بەیەکجــاری کۆتایــی بــە دەســەڵاتی حەمدانییــەکان هــات[1].

لــە ڕاســتیدا بوەیهــی و حەمدانییــەکان بەرچــاوڕوون بــوون بــە گرنگــی زاڵبوونیــان بەســەر ناوچــە کوردییەکانــی هەرێمــی جەزیــرە، زۆربــەی ململانێیەکانیشــیان بــۆ ئــەم مەبەســتە بــوو، ناکۆکیــی نێــو بنەماڵــەی حەمدانــی و بەهێزیــی بوەیهییــەکان لــەو ماوەیــە ســەرەڕای قۆســتنەوەی ئــەو ناکۆکــی و ململانێیــە لەلایــەن کــوردەکان و بــەوەی هەرجــارە و پشــتگیری لایەنــەك بــوون توانیــان وەك هێزێکــی نــوێ لــە ناوچەکانــی هەرێمــی جەزیــرە دەربکــەون، بەمــەش حەمدانییــەکان ئــەو پاڵپشــتییە مرۆیــی و داراییەیــان لەدەســتدا کــە پێویســتیان بــوو بــۆ دژایەتیکردنــی بوەیهییــەکان. هەمــوو ئەمانــە هــۆکار بــوون بــۆ لاوازبــوون و لەناوچوونــی حەمدانییــەکان.

---

ج١، ص٢٩٨؛ عبـد الرقيـب يوسـف: الدولـة الدوسـتكية (القسـم الحضـاري)، دار ئـاراس، (اربيـل:٢٠٠١)، ص٢٤.

(١) ابــن خلــدون: تاريــخ ابــن خلــدون، ص١٠٦٣؛ محمــود ياســين التكريتــي: الأمــارة المروانيــة، ص١١٢.

**ج. بوەیهی و عوقەیلییەکان:**

هــۆزی (بنــي عوقیــل) یەکێکــە لــەو هــۆزە عەرەبانــەی کەلەبنەچــەدا، لەجەزیــرەی عەرەبــی و بــە تایبــەت لــە ناوچەکانــی نێــوان بحریــن و یەمــەن و حیجــاز نیشــتەجێبوون[١]، بەهــۆکاری سیاســی و خراپــی بــاری ئابــووری و شــەڕ و ئــاژاوەی هۆزایەتــی بــۆ ناوچەکانــی جەزیــرەی فوراتــی کۆچیــان کــردووە، لــە ژێــر دەســەڵاتی حەمدانییــەکان نیشــتەجێدەبوون[٢]، هــۆکاری دەرکەوتنیــان لەســەر شــانۆی ڕووداوە سیاســییەکان ئەوەبــوو کــە کوڕەکانــی (نــاصر الدولــة)ی حەمدانــی توانــای ڕووبەڕووبوونــەوەی میــر بـــــادی کوردیــان نەبــوو، بۆیــە داوای یارمەتییــان لــە میــر (أبــو الــذواد محمــد العقــیلي) کــرد یارمەتییــان بــدات لــە بەرامبــەر پێدانــی شــاری نوســەیبین، ئەویــش یارمەتییــان دەدات، بــەڵام ســەرکەوتوو نابــن[٣]، دوای کوژرانــی میــر بـــــاد و لاوازیــی دەســەڵاتی حەمدانییــەکان (أبــو الــذواد محمــد بــن مســیب العقــیلي) ئــەو هەڵــە دەقۆزێتــەوە و لــە ســاڵی (٣٨١ك/٩٩١ز) دەســەڵاتێکی ســەربەخۆی سیاســی لەســەر پــاشماوەی حەمدانییــەکان و بەشــێکی ناوچــە کوردییــەکان دادەمەزرانــدووە[٤]، بەمــەش عوقەیلییــەکان کــە هاوپەیمانــی حەمدانییــەکان بــوون لــە

(١) عبد الجبار ناجي: الإمارة المزيدية الأسدية في الحلة، مطبعة اعتماد، (قم:٢٠١٠)، ص٦١.

(٢) ابـن خلـدون: تاريـخ ابـن خلـدون، ص١٠٦٤؛ قلقشـندي: قلائـد الجمال، ص١١٩-١٢٢؛ فرسـت مرعـي: الامـارات الكرديـة في العصر العبـاسي الثاني، ص٢٤٩.

(٣) شـەرەف خانـی بەدلیسـی: شـەرەفنامە، چ٦، ل٣٠؛ عمـر أحمـد سـعيد: العلاقـات السياسـية بيـن العقيليين و البويهيين، مجلة إضاءات الموصليـة، ع٨٧(موصل:٢٠١٧)، ص٨

(٤) ابـن الـوردي: تاريـخ ابـن الـوردي، ج١، ص٢٩٩؛ ابـن خلـدون: تاريـخ ابـن خلـدون، ص١٠٦٣؛ فيصـل السـامر: الدولـة الحمدانيـة في الموصـل و حلـب، ص٢٨٨؛ فرسـت مرعـي: الامـارات الكرديـة في العصر العبـاسي الثـاني، ص٢٦٠ .

دژی میربـــــاد لەلایـــەك ولـــە دژی بوەیهییـــەکان لەلایەکـــی دیکـــە توانیـــان لەنێـــو ئـــەو جەنـــگ و ململانێیـــەی کـــە ناوچەکـــە بەخۆیـــەوە دەبینـــی لـــە بەرژەوەندیـــی خۆیـــان بقۆزنـــەوە و وەك دەســـەڵاتێکی نوێـــی سیاســـی لـــە ناوچەکـــە دەرکەوتـــن[١].

هەریـــەك لـــە بوەیهییـــەکان و عوقەیلییـــەکان ئـــارەزووی جیاوازییـــان هەبـــوو لـــە ناوچەکـــە، بوەیهییـــەکان مەبەســـتیان بـــوو دەســـەڵاتی خۆیـــان بەســـەر گشـــت ناوچەکانـــی خیلافەتـــی عەباســـیدا بســـەپێنن، بـــۆ ئـــەم مەبەســـتەش دوچـــاری ململانـــێ و بەرەنگاریـــی زۆربوونـــەوە، بـــەڵام عوقەیلییـــەکان ئاواتەخـــوازی قۆرخکردنـــی دەســـەڵات و ســـەربەخۆیی بـــوون بەســـەر ناوچەکانـــی موســـڵ و دەوروبـــەری، بۆیـــە لـــە ســـەرەتای دامەزراندنیـــان عوقەیلییـــەکان هەوڵیانـــدا پەیوەندیـــی دۆســـتانە لەگـــەڵ هەریـــەك لـــە خەلیفـــەی عەباســـی و بوەیهییـــەکان دروســـتبکەن، بـــۆ ئـــەم مەبەســـتەش داوایـــان لـــە (بهـــاء الدولـــة)ی بوەیهـــی کـــرد نوێنـــەری خـــۆی بنێرێـــت بـــۆ ئـــەوەی یارمەتیـــان بـــدات لـــە بەڕێوەبردنـــی کاروبارەکانـــی وڵات، بۆیـــە بوەیهییـــەکان نوێنـــەری خۆیـــان ناردەلایـــان، کـــە ئەمـــەش خـــۆی لەخۆیـــدا داننـــان بـــوو بـــە دەســـەڵاتی عوقەیلییـــەکان، بـــەڵام نوێنەرەکـــە هیـــچ دەســـەڵاتێکی نەبـــوو فەرامۆشـــکرابوو، بۆیـــە گلەیـــی خـــۆی گەیانـــدە (بهـــاء الدولـــة)[٢]، فراوانبوونـــی دەســـەڵاتی عوقەیلییـــەکان و حســـابنەکردن بـــۆ نوێنـــەری بوەیهییـــەکان لـــە موســـڵ گەیشـــتە ئـــەو ئاســـتەی کـــە لـــە ســـاڵی (٣٨٢ك/٩٩٢ز) (بهـــاء دەولـــة)ی بوەیهـــی ســـوپایەك دەنێرێتـــە ســـەر موســـڵ و داگیـــری بـــکات[٣]، ئـــەم بارودۆخـــە بـــەردەوام دەبێـــت تـــا ســـاڵی

(١) فيصل السامر: الدولة الحمدانية في الموصل و حلب، ص٢٨٨ .
(٢) خاشع المعاضيدي: دولة بني عقيل في الموصل، مطبعةشفيق، (بغداد:١٩٦٨)، ص٩٢-٩٣.
(٣) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩، ص٩٣؛ ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ص١٠٦٤.

(٣٨٦ك/٩٩٦ز) کاتێك (أبـو الـذواد محمـد) کۆچـی دوایـی دەکات و بـرا بچووکەکـەی (ابـو حسـن المقلـد) بـە نازنـاوی (حسـام الدولـة) لـەو سـاڵەدا چاوەبڕێتـە دەسـەڵات و شـوێنی دەگرێتـەوە[1]، ناوبـراو سـەرکەوتووبوو لـەوەی پێشـەنگی بـۆ عوقەیلییـەکان بگەڕێنێتـەوە بەدەسـتگرتنی بەسـەر شـاری موسـڵ و دورخسـتنەوەی بوەیهییـەکان[2]. دوای ئـەوە میـری عوقەیلـی نوێنـەری خـۆی نـاردە بەغـداد بـۆ ئاسـایی کردنـەوەی پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ بوەیهییـەکان و نیشـاندانی نیازپاکـی، بـەڵام زۆری نەبـرد ئـەو نوێنـەرە لەگـەڵ داروودەسـتەی (بهـاء الدولـة) کەوتـە ململانـێ و بـە کوژرانـی کاربەدەسـتێکی میـری بوەیهـی کۆتایـی هاتـوون، میـری عوقەیلـی زوو داوای لێبوردنـی کـرد و ڕێککەوتـن بـە پێدانـی بـڕی (دە هـەزار) دینـار لەلایـەن عوقەیلییـەکان[3]، بەهـۆی ئـەوەی (بهـاء الدولـة) لەگـەڵ (صمصـام الدولـة) (٣٧٣-٣٧٧ك/ ٩٨٣-٩٨٧ز) لـە ناکۆکـی و ململانێدابـوو. بـە ڕێککەوتـن لەگـەڵ عوقەیلییـەکان ڕازی بـوو، ئەمـەش لاوازیـی بوەیهییـەکان دەردەخـات کـە نەیانتوانـی ڕووبـەڕووی عوقەیلییـەکان ببنـەوە[4].

لەوماوەیـەدا عوقەیلییـەکان کاریـان لەسـەر دامەزرانـدن و جێگیرکردنـی پایەکانـی میرنشـینەکەیان دەکـرد و هەوڵـی فراوانخوازییانـدا، توانیـان دەسـت بەسـەر شـارەکانی (ئەنبـار - مەدائـن و حللـە) دابگـرن[5]، و لـە بەشـی ڕۆژهەڵاتـی میرنشـینەکەیان لەگـەڵ

---

(١) ابن الوردي: تاريخ ابن الوردي، ج١، ص٣٠٣؛ ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ص١٠٦٤.
(٢) الفارقي: تاريخ الفارقي، ص٦٥-٦٦؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩، ص١٢٦.
(٣) خاشـع المعاضيـدي: دولـة بنـي عقيـل في الموصـل، ص٩٢-٩٤؛ عمـر أحمـد سـعيد: العلاقـات السياسـية بيـن العقيليـين و البويهيـين، ص٩.
(٤) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩، ص٧٧؛ ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ص١٠٦٤.
(٥) خاشع المعاضيدي: دولة بني عقيل في الموصل، ص٥٥.

عەننازییــەکان بەریەککەوتــن، لــە ســاڵی (٣٨٧ك/٩٩٧ز) شــاری (داقــوق) داگیردەکــەن و میــر (ابــو الفتــح العنــازی) لــە شــارەکە پاشەکشــەی کــردووە، بــەڵام دوای ماوەیــەك شــارەکە لەلایــەن عەننازییــەکان دەگیرێتــەوە[1]، ئەمــەش دەبێتــە هۆکارێکــی ســەرەکی بۆئــەوەی لــە ململانێــی بوەیهــی و عوقەیلییــەکان، عەننازییــەکان پشــتگیری بوەیهییــەکان بکــەن، بــۆ ئــەم مەبەســتەش کاتێــك ســەرکردەی بوەیهییــەکان (أبــو جعفــر الحجــاج) لــە ســاڵی (٣٨٩ك/٩٩٩ز) هێــرش دەکاتــە ســەر عوقەیلییــەکان (ابــو فتــح محمــدی عنــازي) بــە یارمەتیــی ســەربازی هاوشــان لەگــەڵ بوەیهییــەکان بەشــداری جەنگەکــە بــوون[2]، لــە ســاڵی (٣٩٠ك/٩٩٩ز) جارێکــی دیکــە عوقەیلیــەکان شــاری داقــوق داگیردەکەنــەوە و دەبێتــە بەشــێك لــە دەســەڵاتیان[3]، بەمــەش بۆمــان دەردەکەوێــت هەرکاتێــك عوقەیلییــەکان بەهێزبووبــن هەوڵــی فراوانخوازییــان داوە و ناوچــە کوردییەکانیــش بەشــێك بوونــە لــە پلانــی فراوانخوازییــان.

دوای بەهێزبونــی عوقەیلیــەکان (مقلــد) ســوپایەك ئامــادەدەکات بــۆ هێرشــکردنە ســەر بەغــداد بــە مەبەســتی کۆتایــی هێنــان بــە دەســەڵاتی بوەیهــی، بــەڵام پێــش ئــەوەی پلانەکــەی جێبەجێبــکات لــە ســاڵی (٣٩١ك/١٠٠٠ز) لەســەر دەســتی کۆیلەیــەك یــان بەکرێگیراوێکــی تورکــی لــە ئەنبــار کــوژرا[4]، لــە دوای کوژرانــی کوڕەکــەی بــە نــاوی (قــراوش کــوڕی مقلــد) (٣٩١ك-١٠٠١ز) دێتــە سەردەســەڵات، بــە نازنــاوی (معتمــد الدولــة)

---

(١) ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ص١٠٦٤؛ الروذراوري: ذيل تجارب الأمم، ج٨، ص١٨٢.
(٢) الروذراوري: ذيل تجارب الأمم، ج٨، ص١٨٩.
(٣) عمـر أحمـد سـعيد-وجدان عبـد الجبـار حمـدي: الإمـارة العقيليـة في الموصـل ودورهـا في التصـدي للبويهييـن، مجلـة دراسـات الموصليـة، ع٣٩ (موصـل:٢٠١٣)، ص٧٧.
(٤) ابـن الأثير: الكامـل في التاريـخ، ج٩، ص١٦٥؛ الذهبـي: دول الأسلام،ت:حسـن اسماعيل، دار الصـادر، (بيـروت:١٩٩٩) ج١، ص٣٤٨؛ ابـن الـوردي: تاريـخ ابن الـوردي، ج١، ص٣٠٥.

[1]، لەسـەر هەمـان ڕێبـازی باوکـی دەڕوات لـە دژایەتـی و ململانێـی لەگـەڵ بوەیهییـەکان بـەردەوام دەبێـت و هەوڵـی فراوانخـوازی دەدات، بۆیـە لـە سـاڵی (٣٩٢ك- ١٠٠٢ز) قـرواش بـە سـوپایەك گەمـارۆی شـاری مەدائـن دەدەن بـۆ شـکاندنی گەمارۆیەکـە بوەیهییـەکان بـە سـوپایەك هـاوکار دەبـن، بـەڵام سـەرکەوتوو نابـن، دوای خۆڕێکخسـتنەوەیان لـە ناوچـەی کوفـە ڕووبـەڕووی عوقەیلـی و مەزیدییـەکان دەبنـەوە و بەسـەریاندا سـەرکەوتوبوون[2]، هـۆکاری سەرکەوتنەکەشـیان ئـەوە بـوو کـە عەننازییـەکان بـە سـەرۆکایەتی لەشـکرێکی چـوار سـەد سـوارە، کـە پێکهاتبـوون لـە کـوردە شـادنجانییەکان و جاوانییـەکان لەپـاڵ سـوپای بوەیهـی بەشـداری شـەڕەکەیان کـرد[3]، ئەمـەش ڕۆڵ و کاریگـەری کـوردەکان نیشـان دەدات لـە یەکلایـی کردنـەوەی ململانێیـەکان.

لـە ڕاسـتیدا عوقەیلییـەکان بەهـۆی ئـەوەی میرنشـینەکەیان خاڵـی بەیەکبەسـتنەوەی نێـوان عەباسـییەکان و فاتمییـەکان بـوو کاریـان لەسـەر لایەنـی مەزهەبـی کـردووە بـۆ جێگیرکردنـی پایەکانـی دەسـەڵاتیان، بۆیـە لـەو سـاڵەوە میـری عوقەیلـی لـە دەسـەڵاتی خەلیفـەی عەباسـی دەرچـوو، بانگـەوازی بـۆ فاتمییـەکان کـرد لـە شـارەکانی (موسـڵ - ئەنبـار- کوفـە و مەدائـن) لـە وتـاری هەینـی نـاوی خەلیفـەی فاتمـی دەخوێنـدەوە، بـەڵام دوای ماوەیـەك پەشـیمان بوویـەوە خەلیفـەی عەباسـیش وەك پاداشـتێك بـڕی (سـی هـەزار

(١) المؤيـد في الديـن: ديـوان المؤيـد في الديـن داعـي الدعـاة، ت: محمـد كامـل حسـين، دار الكتـاب المصري، (القاهـرة:١٩٤٩)، ص٣٣؛ الذهبـي: دول الأسلام، ص٣٤٨.

(٢) ابـن الأثير: الكامـل في التاريـخ، ج٩، ص١٧١؛ ابـن الـوردي: تاريـخ ابـن الـوردي، ج١، ص٣٠٦؛ قـادر محمـد حسـن: الامـارات الكورديـة في العهـد البويهـي، ص١٤١.

(٣) مەهـدی عـوسمان هەروتـی: ڕۆڵـی سـەربازیی کـورد، ل١٥٣؛ ئاکـۆ بورهـان: میرنشـینە کوردییەکانـی سـەردەمی عەباسـی، چ٢، ل١٦٨.

دینـار)ی بـۆ نـاردووە[١]، لـە سـاڵی (٤٠١ك/١٠١١ز) (قـراوش کـوڕی المقلـد) جارێکــی دیکــە فەرمانــی کــرد لــە ناوچەکانــی ژێردەســەڵاتی وتــاری هەینـی بـە نـاوی خەلیفـەی فاتمـی (المسـتنصربالله) بخوێندرێتـەوە، ئـەم هەڵوێسـتەش (بهـاء الدولـة) تـوڕە دەکات و فەرمانــی بــە ســوپایەکەی کــرد لــە دژی قــڕاوش بجەنگــن، ئەویــش لەلایــەن خۆیــەوە لــە بڕیارەکــەی پاشــگەز دەبێتــەوە و داوای لێبــوردن دەکات و جارێکــی دیکــە وتــاری هەینــی بەنــاو بوەیهییــەکان دەخوێنێتــەوە[٢]، ئەمــەش ئــەوە دەگەیەنێــت کــە خەلیفەکانــی فاتمــی هەوڵــی ڕاکێشــانی فەرمانڕەوایانــی ئــەم دەســەڵاتەیان داوە تــا ببێتــە پاڵپشــتییەك بــۆ بەهێزبوونــی پێگــەی خەلافەتەکەیــان و لــە دژایەتــی خیلافەتــی عەباســی بەکاریبهێنــن، لەهەمــان کاتــدا دبلۆماســیەتی ئــەو میرنشــینە نیشــاندەدات، کــە توانیویەتــی لەیــەك کاتــدا دۆســتایەتی دوو سیســتەمی خەلافــەت بــکات کــە دژی یــەکتر بــوون و لــە بەرژەوەنــدی خۆیــان بەکاریانبهێنێــت[٣]، عوقەیلییــەکان ئەوکاتانــەی بەهێزدەبــوون ململانێــی بەهێــزی بوەیهییەکانیــان دەکــرد ئەوەتــا لــە ســاڵی (٤١٢ك/١٠٤٠ز) قڕاوشــی عوقەیلــی بــۆ ماوەیــەك وەزیــری بوەیهــی (أبــو قاســم المغــربي)[٤] دەســت بەســەردەکات، هەرچەنــد

---

(١) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩، ص١٢٦.

(٢) المؤيـد في الديـن: ديـوان المؤيـد في الديـن داعـي الدعـاة، ص٣٣-٣٤؛ ابـن الأثير: الكامـل في التاريـخ، ج٩، ص٢٢٤؛ ابـن الـوردي: تاريـخ ابـن الـوردي، ج١، ص٣١٢؛ خاشـع المعاضيـدي: دولـة بنـي عقيـل في الموصـل، ص٩٤.

(٣) کەیوان ئازاد ئەنوەر: کوردستان و کورد لەسەدەکانی ناوەراستدا، چ١، ل١٥٢.

(٤) أبي قاسـم المغـربي: نـاوی تـەواوی (ابـو قاسـم حسـين بـن علـى بـن حسـين بـن علـى بـن محمـد المغربى)یـە، لـە سـالی (٤١١ك/١٠٢١ز) لەلایـەن (معتمـد الدولـە قـراوش بـن مقلـد) دەزگیـر دەکرێـت و دواتر بـە فێل خۆیـی رزگاردەکات ودەچێتە بغدا، (ابو قاسـم)

(**ابـن خلـدون**) پێـی وایـە سـالێك پێـشتر ئـەو ڕووداوە ڕوویـداوە، دواتـر ئـازادی دەکات، ئەمـەش قووڵـی ململانێـی نێوانیـان و سەرسـەختی عوقەیلییـەکان بەرامبـەر بوەیهییـەکان پیشـاندەدات[1].

کوردەکانیـش بەتایبـەت مەڕوانییـەکان ماوەیـەك پەیوەندییـان خۆشـبوو بەهـۆی ئـەو ژنخوازییـەی لەنێوانیـان هەبـوو بـەوەی میـر قـراوش (السـیدة)ی کچـی خـۆی دابـوو بـە میـر (نصر الدولـة) (٤٠١-٤٥٣ك/ ١٠١١-١٠٦١ز)[2]، بەمـەش عوقەیلییـەکان توانیـان لـە بەهێزکردنـی سـوپایەکەیان سـوود لـە کـورد وەربگـرن و ڕزگار بـن لـەوەی کـورد ببێتـە بەربەسـت لەبـەردەم سیاسـەتی فراوانخوازیـان، پەیوەنـدی دۆسـتایەتیان لەگـەڵ کـورد زۆری نەخایانـد، بەهـۆی تێکچوونـی پەیوەندییەکانـی عوقەیلییـەکان لەگـەڵ میرنشـینی مەڕوانـی، لـە ئەنجامـی تۆرانـی (السـیدة) کچـی میـری عوقـیلی کـە هاوسـەری میـر (نصر الدولـة) بـوو[3]، تێبینیـش دەکرێـت هەرکاتێـك عوقەیلییـەکان پەیوەندییـان لەگـەڵ بوەیهییـەکان هێمـن دەبوویـەوە هێرشـیان دەکـردە سـەر ناوچـە کوردییـەکان، بۆئـەم مەبەسـتەش میـر بەدرانـی بـرای (قـراوش العقـیلي) لـە سـاڵی(٤١٩ك/١٠٢٨ز) هێـرش دەکاتـە سـەر شـاری نوسـەیبین، بـەڵام

---

وەزیـری (نصر الدولـة) بـووە لـە دیار بکـر و میافارقین، لـە سـالی (٤١٨ك/١٠٢٨ز) کۆچی دوایـی کـردوە و لەسـەر وەسـیەتی خۆیـی لـە کوفـە بەخاکـی دەسـپێرن.بروانە: ابـن خلـكان: وفیـات الأعیـان و ابنـاء الزمـان، ج٩، ص٢٩٤؛ احسـان عبـاس: الوزیـر المغربـی أبو قاسـم الحسـین بـن علـی، دار الشروق، (عمان:١٩٨٨)ص٧، ٧٠ .

(١) تاریـخ ابـن خلـدون، ص١٠٦٦ز هەروەهـا بروانـە: الفارقـي: تاریـخ الفارقـي، ص١٢٩؛ ابـن الأثیر: الکامـل ، ج٩، ص٣٢٢.

(٢) الفارقــي: تاریــخ الفارقــي، ص١٢١ ؛ فرســت مرعــي: الامــارات الکردیــة في الــعصر العبــاسي الثــاني، ص٢٩٣.

(٣) الفارقي: تاریخ الفارقي، ص١٢٢؛

سـەرکەوتوونابن[١]، دووبـارە لـە سـاڵی (٤٢١ك/١٠٣٠ز) عوقەیلییـەکان جارێکـی تـر لـە دوو قـۆڵ هێـرش دەکەنـە سـەر نوسـەیبین و جەزیـرەی ئـیبن عومـەر، بـەڵام سـەرکەوتوو نابـن و هـەردوولا ڕێکدەکـەون بـە پێدانـی شـاری نوسـەیبین بـە عوقەیلییـەکان و پێدانـی مارەیـی کچـی قـەڕاوش بـە بـڕی (١٥٠٠٠دینـار)[٢]، دیـارە ئەمـەش جۆرێکـە لـەو سیاسـەتەی کـە میـری مەڕوانـی پەیـڕەوی کـردووە بـۆ پاراسـتنی وڵاتەکـەی لـە جەنـگ و بەرقەرارکرنـی هێمنـی و ئاسـایش کـە سیاسـەتێکی سـەرکەوتوو بـووە.

سـەرەڕۆیی عوقەیلییـەکان لـە هێرشـکردنە سـەر ناوچـە و شـارەکانی دەوروبەریـان بـە مەبەسـتی فراوانکردنـی سـنووری دەسـەڵاتیان بـەردەوام بـوو لـە سـاڵی (٤٣١ك/١٠٤٠ز)(قـراوش) هێـرش دەکاتـە سـەر شـاری تکریـت و فەرمانـڕەوای شـارەکە ناچـار بـوو داوای هـاوکاری لـە (جلال الدولـة)ی بوەیهـی بـکات لـە بەرامبـەر پێدانـی هاوکاریـی ماددیـی بـە بوەیهییـەکان، بوەیهییەکانیـش داوا لـە عوقەیلییـەکان دەکـەن پاشەکشـە بکـەن، بـەڵام عوقەیلییـەکان ڕازینابـن و بـەوەش نـاوەستن هانـی تورکەکانـی بەغـداد دەدەن لـە دژی (جلال الدولـة)ی بوەیهـی ڕاپـەڕن[٣]، میـری بوەیهـی داوا لـە بەساسـیری دەکات نوێنـەری عوقەیلـی لـە بەغـداد کـە جێگـری (قـراوش عوقەیلـی) بـوو دەسـت بەسـەر بـکات، بـەوەش نەوەسـتا (جلال الدولـة) بـە سـوپایەك بـەرەو (انبـار) بەڕێدەکەوێـت کـە لەژێـر دەسـەڵاتی عوقەیلییـەکان بـوو، بـە مەبەسـتی دەستبەسـەرداگرتنی، ئەمـەش (قـراوش) ناچـاردەکات بـە سـوپایەکەی لـە تکریتـەوە بـەرەو (انبـار)

---

(١) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩، ص٣٦٦.

(٢) الفارقي: تاريخ الفارقي، ص١٢٢؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩، ص٣٩٧.

(٣) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩، ص٤٩٠؛ ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ص٨٥٣.

هەنگاوبنێــت بــۆ بەرگریکــردن لێــی، لــە ســەرەتادا بوەیهییــەکان دەشــکێن بــەڵام دواتــر هاوکێشــەکە پێچەوانــە دەبێتــەوە و ناچــار داوای ئاگربەســت دەکــەن و ڕێکدەکــەون(١).

لەگـەڵ لاوازبوونـی بوەیهییـەکان ململانێیـەکان کاڵبوونـەوە لـە بەرامبـەردا هێزێکـی نوێ لـە ناوچەکـە بەدەرکـەوت کـە ئەویـش غـوزەکان بـوون لـە سـاڵی (٤٣٥ك/١٠٤٤ز) هێرشـیان کـردە سـەر ناوچەکانـی موسـڵ و داگیریـان کـرد و کەلوپـەل و مـاڵ و گەوهـەری خەڵکیـان بەتـاڵانبرد و وێرانکارییەکـی زۆریـان نایـەوە و غـوزەکان باجێکـی زۆریـان بەسـەر خەڵکـی شـارەکە سـەپاند و خەڵکێکـی زۆریـان کوشـت، بـەڵام (القـراوش) بـە یارمەتـی دبیـس کـوڕی مەزیـد خـۆی کۆدەکاتـەوەو ڕووبـەڕووی غـوزەکان بوونـەوە و لـە موسـڵ دووریانخسـتنەوە(٢)، بوەیهییـەکان و خەلیفـەی عەباسـی بەهـۆی لاوازییـان دەستەوەسـتان بـوون لـە بەرپـەرچ دانەوەیـان، (تغـرل بگ)(٤٢٩-٤٥٥ك/١٠٣٩-١٠٦٥)یـش خـۆی لـەو کۆمەڵـە غوزانـە بێبـەری کردبـوو، چونکـە ئەوانـە خوویـان بـە تاڵانـی وەگرتبـوو، بۆیـە جێـگای مەترسـی بـوون بۆسـەر دەسـەڵاتی ناوەندیـش لـە بەغـداد. لـە کۆتایـی سـەردەمی بوەیهـی میرەکانـی عوقەیلـی لـە ناکۆکییەکـی قوڵدابـوون، بوەیهییەکانیـش لاواز ببـوون بۆیـە ململانێـی نێوانیـان بـەرەو کاڵبوونـەوە چوبـوو، پەیوەندیـی عوقەیلییەکانیـش لەگـەڵ ناوچـە کوردییـەکان هەندێـك جـار جێگیـر هەندێـك جـار ناکـۆك بـوو، بۆیـە کاتێـك میرنشـینی مەڕوانـی لـە سـاڵی(٤٣٠ك/ ١٠٣٩ز) دوچـاری مەترسـی و هێرشـی فاتمییـەکان دەبێتـەوە (نصر الدولـة) داوای یارمەتیـی

---

(١) ابن الأثیر: الکامل في التاریخ، ج٩، ص٤٩٠-٤٩١؛ ابن خلدون: تاریخ ابن خلدون، ص١٠٦٨.
(٢) ابن خلدون: تاریخ ابن خلدون، ص١٠٦٧ .

سـەربازی لـە قراوشـی عوقەیلـی دەکات[1]، لەگـەڵ عەننازییـەکان دوای ساڵی (٤٤٢ك/١٠٥١ز) جۆرێـك لـە یەکنزیکبوونـەوە لـە نێوانیـان ڕوویـدا و پەیوەنییـان بـەرەو بـاشتر چـوو دوای ئـەوەی مەترسـیی سـەلجوقییەکان زیاتـر بـوو مهلهلـی عەننـازی پەیوەنـدی بـە (تغـرل بـگ) دەکات[2]، ئەمـەش ئـەو دەرفەتـەی ڕەخسـاند کـە عوقەیلییـەکان لـە سـاڵی (٤٤١ك/١٠٥٠ز) هێـرش بکەنـە سـەر بەشـێك لـە ناوچەکانـی فـارس و عێـراق کـە (اقطـاع)ی بەساسـیری بـوو دەسـتیان بەسـەر پارەیەکـی زۆر داگـرت و تاڵانیـان کـرد، ئەمـەش هـۆکار بـوو کـە هـەردوولا ڕووبـەڕووی یـەکتر ببنـەوە و ژمارەیەکـی زۆر لەیـەکتری بکـوژن[3]، ململانێـی نێوانیـان بـەردەوام بـوو تـا ئـەوەی لـە دەرفەتێکـدا بەساسـیری دەسـت بەسـەر (انبـار)دا دەگرێـت بەهـۆی خـراپ مامەڵەکردنـی قـەراوش لەگـەڵ خەڵکەکـەی و دەستبەسـەرداگرتنی مـاڵ و دارایـی خەڵکەکـەی[4]، ئـەم دۆخـە بـەردەوام بـوو تـا سـاڵی (٤٤٦ك/١٠٥٥ز) کاتێـك (قریـش بـن بـدران) جارێکـی تـر دەسـت بەسـەر شـارەکە و مـاڵ و موڵکـی بەساسـیریدا دەگرێـت و بـە نـاوی (تغـرل بـگ) فەرمانڕەواییەتـی ناوچەکـە دەکات[5]. لـە ڕاسـتیدا ململانێیەکـی بـەردەوام لـە نێـوان بوەیهییـەکان و عوقەیلییـەکان هەبـوو، بوەیهییـەکان بـە دەسـتگرتنی عوقەیلییـەکان بەسـەر ناوچەکـە ڕازینەبـوون، بـۆشمان ڕوون بوویـەوە

(١) قادر محمد حسن: الامارات الكوردية في العهد البويهي، ص١٤٥.
(٢) ابـن الأثير: الكامـل في التاريـخ، ج٩، ص٥٧١؛ کەیـوان ئـازاد: کوردسـتان و کـورد لەسـەدەکانی ناوەراسـتدا، چ١، ل١٣٨.
(٣) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩، ص٥٥٣.
(٤) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩، ص٥٦٠.
(٥) ابـن الجـوزي: المنتظـم في تاريـخ الملـوك و الأمـم، ج١٤، ص٣٤٤، ابـن كـثير: البدايـة والنهايـة، ص١٨٢١.

کـە عوقەیلییـەکان لـە هەوڵـی فراوانخوازیـی خۆیـان نەوەسـتاون و بـەرەو ناوچـە کوردییەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی میرنشـینی مەڕوانـی و عەننـازی هێرشـیان دەبـرد، بۆیـە ململانێـی بەردەوامـی ئـەو دوو پێکهاتەیـە وای کـردووە کـورد ببێتـە بەشـێك لـەو ململانێیانـە جـا بـۆ بێهێزکردنـی لایەنێـك بووبێـت یـان ڕازیکردنـی لایەنێـك بووبێـت، کـە مەبەسـت لێـی پاڕاسـتنی بەرژەوەندیـی ناوچەکانیـان بـووە.

### د. گرفتی بوەیهی لەگەڵ هۆزە عەرەبەکانی تر.

#### ١. مەزیدیەکان:

مەزیدیـەکان لـە هـۆزی (بنـی أسـد) لـە بیابانەکانـی قادسـیە و نەجـەف لـە ناوەڕاسـتی عێـراق نیشـتەجێ بـوون[١]، لـە مـاوەی نێـوان (٣٨٨-٥٥٨ك/٩٩٨-١١٦٢ز) فەرمانڕەوایـان دەکـرد، لەسـەر دەسـتی (ابـو الحسـن علـی بـن مزیـد الأسـدي) لـە سـاڵی (٣٨٨-٤٠٨ك/٩٩٨-١٠١٧ز) لـە دەسـەڵاتی بوەیهیـەکان دەرچـوون و دوای ماوەیـەك گەڕانـەوە ژێـر گوێڕایەڵـی بوەیهییـەکان[٢]، مەزیدییـەکان لـە ڕۆژئـاوای ڕووبـاری فـورات لـە نێـوان بەغـداد و کوفـە لـە ناوچەیـەك پـێ دەڵێـن (النیـل) میرنشـینێکیان لەسـەر مەزهەبـی شـیعەی ئیمامـی دامەزرانـد، دواتریـش شـاری (الحلـة) یـان کـردە پایتەختـی میرنشـینەکەیان، بوەیهییەکانیـش لەسـەرەتادا پالپشـت و پشـتگیریان بـوون، بـەلام دوای هەلگەرانەوەیـان لـە دەسـەڵاتی بوەیهـی دژیـان وەسـتانەوە [٣].

نـاوی مەزیدیـەکان ئەوکاتـە بـەدەر کـەوت کـە وەزیـری معـز دەولـە بەنـاوی (الحسـن ابـن محمـد المهلبـي) پێدەشـتەکانی خـوارووی بەغـدادی لـە سـاڵی (٣٧٨ك/٩٨٨ز)بـە (مزیـد بـن مرثـد النـاشري الأسـدي) ڕاسـپارد، لەسـاڵی (٣٨٧ك/٩٩٨ز) علـی کـوڕی مەزیـد بەهـۆی ئـەو پارەیەیـی داوای لێدەکـرا لـە شـکۆمەندی دەوڵـەت بێـزار ببـوو بەتایبـەت لـە (بهـاء الدولـة)، ناکۆکـی ئەویشـی لەگـەڵ (صمصـام الدولـة) بەهـەڵ زانـی و لەفەرمانـی دەرچـوو، چـووە ژێـر فەرمانڕەوایـی و گوێڕایەڵـی (صمصـام

---

(١) عبد الجبار ناجي: الإمارة المزيدية الأسدية في الحلة، ص٨٣ ؛٩٠ .
(٢) ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ص٨٤٦ .
(٣) ياقوت الحموي: معجم البلدان، مج٥، ص٣٣٤ .

الدولـة) و خوتبـەی هەینـی بەنـاوی ئـەو خوێنـدەوە[١]، لەکاردانـەوەی ئـەو هەڵوێسـتەی (بهـاء الدولـة) لـە دوو قۆڵـەوە لـە شـارەکانی بەغـداد و واسـط هێـرش دەکاتـە سـەر مەزیدییـەکان، بـەلام (ابـو حسـن علـی مزیـد) لەدەسـتیان ڕادەکات و دواتـر لەسـەر داوای سەرلەشـکرەکانی بوەیهـی داوای لێخۆشـبون لـە (بهـاء الدولـة) دەکات ئەویـش ڕازی دەبێـت و لەشـکری بوەیهییەکانیـش دەگەڕێتـەوە کوفـەو بغـداد[٢] .

بـە سـود وەرگرتـن لـەو بۆشـایە ئەمنـی و سیاسـیەیی لـە ناوچەکـە دروسـت ببـوو لـە ئەنجامـی ململانێـی نێـوان بوەیهییـەکان و عوقەیلییـەکان لـە سـاڵی (٣٩٢ك/١٠١٢ز) جارێکـی تـر لـە فەرمانـی بوەیهییـەکان چوونـەدەر، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش لەگـەل قەراوشـی عوقەیلـی ڕێککەوتـن بـۆ فراوانکردنـی دەسـەڵاتیان و بەیەکـەوە هێرشـیان کـردە سـەر (المدائـن)و گەمارۆیانـدا، بـەلام بوەیهییـەکان توانیـان یارمەتـی سـەربازی بنێـرن و گەمارۆیەکـە بشـکێنن[٣]، حەجـاج کـوڕی هورمـزی سـەرکردەی بوەیهـی لەسـاڵی (٣٩٢ك/١٠٠٢ز) بـۆ ڕووبـەڕوو بونـەوەی ئـەو هاوپەیمانیەتـەو تێکشـکانی داوای یارمەتـی لـە (ابـو فتـح)ی عەنـازی دەکات و ئەویـش بـە دووسـەد سـوارەی هـۆزی گاوانـی کـوردی و دووسـەد سـوارەی هـۆزی شـازنجانی یارمەتـی بوەیهییەکانیـدا و بەمـەش بوەیهییـەکان و هاوپەیمانیـە کوردەکانـی توانیـان لـە ڕووبەڕووبونەوەیـەك لـە نزیـك شـاری کوفـە بەسـەر عوقەیلـی و

---

(١) الروذراوري: ذيل تجارب الأمم، ج٦، ص١٧٧ .

(٢) الروذراوري: ذيل تجارب الأمم، ج٦، ص١٧٨ ؛ ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ص٨٤٦ .

(٣) ابـن الأثير: الكامـل في التاريـخ، ج٩، ص١٦٩ ؛ ابـن خلـدون: تاريـخ ابـن خلـدون، ص٨٤٦ ؛ عمـر أحمـد سـعيد-وجدان عبـد الجبـار حمـدي: الإمـارة العقيلية فـی الموصل ودورهـا في التصـدي للبويهييـن، ص٧٨ .

مەزیدیـەکان سـەربکەون و سـەرکردەی عوقەیلیـەکان بەدیـل دەگیرێـت و دەسـکەوتێکی زۆری جەنگیـان بەدەسـت دەکەوێـت و دواتـر ڕاوەدوی پـاشماوەی سـوپای مەزیدیـەکان دەکـەون و جارێکـی تـر لـە شـوێنێك کـە پێـی دەوتـرا (نیـل) رووبـەڕووی یـەك بونـەوەو مەزیدیـەکان شکسـتیان خـوارد و هێـزە کوردیـەکان بەدەسـکەوتی گـەورە گەڕانـەوە و هێزەکانـی بوەیهیـش دەچنـە کوفـە و دەسـتی بەسـەردادەگرن [١].

ئەمــەش علــی کــوڕی مەزیــد ناچــار دەکات لەگــەڵ دەســەڵاتی ناوەنــدی کــە (عمیــد الجیــوش) نوێنەرایەتــی دەکــرد بکەوێتــە گفتوگــۆ بەمەبەســتی ئاشــتبونەوەیان بۆئــەم مەبەســتەش (عمیــد الجیــوش) علــی کــوڕی مەزیــد ڕادەســپێرێت بــە پارێــزگاری کــردن لەناوچەکانــی لــە بەرامبــەر پێدانــی (٤٠هــەزار دینــار)ی ســاڵانە، بەمــەش پەیوەندیەکانیــان ئاســایی دەبێتــەوە[٢].

لــە مــاوەی ململانێــی نێــوان مەزیدییــەکان و بوەیهییــەکان زۆرجــار خەلیفــەی عەباسـیش بۆتــە بەشـێك لــە ململانێیــەکان لــە ســاڵی (٣٩٦ك/١٠٠٥ز) خەلیفــەی عەباســی بەشــێك لــە ناوچەکانــی ژێردەســەڵاتی عەلــی کــوڕی مەزیــد دەبەخشــێتە عوقەیلییــەکان و نازنـاوی (معتمـد الدولـة) بـە قـەراوشی عوقـەیلی دەبەخشـێت، بـۆ سـاڵی دواتـر لـە بڕیارەکـەی پەشـیمان دەبێتـەوە و ئـەو ناوچانـەی دەگەڕێنێتـەوە ژێردەسـەڵاتی علـی کـوڕی مزیـد کـە پێـشتر لێیدابڕیبـوون و نازنـاوی (سـند

---

(١) ابـن خلـدون: تاریـخ ابـن خلـدون، ص٨٤٦ ؛ ئاکـۆ بورهـان محەمـەد: میرنشـینە کوردییەکانــی ســەردەمی عەباســی، چ٢،ل١٦٨-١٦٩ ؛ ئــاراس فەریــق زەینــەل: دیبلۆماســیەتی کــورد لەســەردەمی بوەیهیەکانــدا، ل٢١٧ ؛٢٢٩.
(٢) عبد الجبار ناجي: الإمارة المزيدية الأسدية في الحلة، ص٩٧ .

الدولـة)ی پـێ دەبەخشـێت [1]. ئەمـەش ڕاڕایـی خەلیفـەی عەباسـی و کاریگـەری بوەیهییـەکان بەسـەر دەسـەڵاتی خەلیفـە نیشـان دەدات کـە لـەو ماوەیـە پێیـدا تێپەڕیـوون.

قـراوش لەسـاڵی (٣٩٧ك/١٠١٧ز) دەسـت بەسـەر شـاری کوفـەدا دەگرێـت و هەریـەك لـە (أبـو جعفـر- بـدر بـن حسـنویە- ابـو الحسـن علـی بـن مزیـد) بـە دە هـەزار جەنـگاوەر هێـرش دەکەنـە سـەر بەغـداد و بـۆ مـاوەی مانگێـك ئابلوقـەی دەدەن بەمەبەسـتی دەرکردنـی بوەیهییـەکان، بـەلام هێرشـەکەیان سـەرکەوتوو نابێـت و هەریەکەیـان بـۆ ناوچەکانیـان پاشەکشـە دەکـەن [2]، ئـەوەی جێـگای تێبینیـە هاوشـان لەگـەڵ سـوپای بوەیهییـەکان کـە بەرگریـان لـە شـاری بەغـداد دەکـرد ئەبـو فتحـی کـوڕی عەنـاز بەسـوپایەکەیەوە بەرگـری لـە بەغـداد دەکـرد و گەمارۆیەکـە شکسـت پێدەهێنـن [3]، ئەمـەش ئـەو ڕاسـتیەمان پێدەڵێـت کـە کـوردەکان لـەو ماوەیـەدا بـۆ یەکـەم جـار بەشـێوەیەکی فەرمـی بەسـەر دوو بـەرەی دژ بەیـەك دابـەش ببـوون یەکێکیـان لەگـەڵ دەسـت بەسـەر داگرتنـی بەغـداد بـوون و یەکێکـی تـر لەگـەڵ پاڕاسـتی بەغـداد و دەسـەڵاتی بوەیهییـەکان بـوو، علـی کـوڕی مەزیـد لـە سـاڵی (٣٩٧ك/١٠٠٧ز) توانـی ڕووبـەڕووی ئـەو هـۆزە (الخفاجـة) ببێتـەوە و شکسـتیان پـێ بهێنێـت دوای ئـەوەی هێرشـیان کردبـووە سـەر کاروانـی حاجیـان، لـە

---

(١) ابن الجوزی: المنتظم، ج١٥، ص٤٩؛٥٤ .

(٢) ابـن الأثیر: الکامـل في التاریـخ،ج٩،ص١٩٣؛ ابـن خلـدون: تاریـخ ابـن خلـدون، ص١٠٦٥؛٨٤٦؛ عمـر أحمـد سـعید-وجدان عبـد الجبـار حمـدي: الإمـارة العقیلیـة فـی الموصـل ودورهـا في التصـدي للبویهییـن، ص٧٨ .

(٣) الـروذراوري: ذیـل تجـارب الأمـم، ط١، ج٦، ص١٧٧؛ ابـن الأثیر: الکامـل في التاریـخ، ج٩، ص١٩٤؛ ابـن خلـدون: تاریـخ ابـن خلـدون، ص٨٤٦.

پاداشتی ئەوە (بهاء الدولة) نازناوی (سند الدولة) بە علی کوڕی مەزید دەبەخشێت [١] .

مەزیدییەکان لەگەڵ عەنازییەکان پەیوەندیان هەبووە هەندێك جار پەیوەندی دۆستانەو هەندێ جاری تر پەیوەندیەکانیان باش نەبوە و گەیشتۆتە ڕادەی ڕووبەڕوو بوونەوەی سەربازی ، ئەوەتە لە ساڵی (٤٠٤ك/١٠١٣ز) علی کوڕی مەزید هێرش دەکاتە سەر ئەبو شۆکی عەننازی بەمەبەستی ڕووبەڕووبونەوەی، بەلام ڕێکدەکەون بەبێ ئەوەی جەنگ لەنێوانیان بەرپا ببێت و ڕێکەوتنەکەش بەهاوسەرگیریەکی سیاسی کۆتایی دێت بەوەی کوڕی علی کوڕی مەزید هاوسەرگیری لەگەل خوشکی ئەبو شۆکی عەنازی دەکات [٢] .

لە ململانێی نێوان مەزیدییەکان و بوەیهییەکان کورد پێگەیەکی گرنگی هەبوو لە ڕاگرتنی هاوسەنگی سیاسی و سەربازی، بەتەنهاش یارمەتی بوەیهییەکانیان نەداوە لە ململانێیان لەگەڵ نەیارانیان، بەڵکو یارمەتی مەزیدییەکانیشیان داوە و ڕۆلیان هەبووە لە ململانێی نێوان بەنی مەزید و بەنی دوبەیس لە خوزستان لە ساڵی (٤٠٥ك/١٠١٤ز) کە ئەبو حەسەنی عەلی کوڕی مەزید هانایی بۆ کوردە شازنجانیەکان برد کە لەناوچەکانی حلوان نیشتەجێ بوون سەرەڕایی کوردە گاوانییەکان[٣] ، بۆ ئەوەی

---

(١) ابن كثير: البداية والنهاية، ص١٧٨٤ .

(٢) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩، ص٢٤٧ ؛ ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ص٨٤٦؛ محمد أمين زكي: مشاهير الكرد وكردستان، ص١٠٢.

(٣) هۆزی گاوانی: ئەو هۆزە کوردیە لە ناوەڕاستەکانی چەرخی چوارەمی کۆچی لە هۆزە هەرە بەناوبانگەکانی کورد بوونە، لە ناوچەکانی حللە نیشتەجێبوون، تەنانەت چەند گەرەکێك لە شاری حللە تائێستاش بەناوی (حي الأكراد)ناسراون، (ابن بطوطة) ئەو ڕایە پشتراست دەکاتەوەو دەڵێت: ((خەڵکی

باڵادەســتی خــۆی بەســەریاندا بســەپێنێت و توانــی بەســەریان ســەربکەوێت و دەســت بەســەر مــاڵ و موڵکیانــدا بگرێــت [١]، جگــە لــەوەش کــوردەکان بەشــێکی ســوپای مەزیدییەکانیــان پێکدەهینــا و لەگــەل ئــەوان بــەژداری شــەرەکانیان کــردووە نمونــەی ئەمــەش (عــنتر بــن ابي العســكر الجــاواني) بــووە [٢].

مێــژوو نوســان مردنــی عەلــی کــوڕی مەزیــد و هاتنــە ســەر دەســەڵاتی کوڕەکــەی بەنــاوی (دبیــس کــوڕی عەلــی) (٤٠٨-١٠١٧/٤٧٤-١٠٨١ز) بەســەرەتای لاوازی مەزیدییــەکان دادەنێــن بەهــۆی ئــەوەی لــە ناوخۆیانــدا ناکــۆك بــوون لەســەر دەســەڵات و پێشــەوایەتی و دابــەش بونــی هــۆزی بنــی ئەســەد بــە دیارتریــن هۆکارەکانــی لاوازیــان دادەنرێــت، ئەمــەش هۆکاربــوو بــۆ ئــەوەی هۆزەکانــی دەووروبــەر وەك هــۆزی (خفاجــة) هێــرش بکەنــە ســەر ســنورەکانیان [٣]. لــە ســاڵی (٤٢٠ك/١٠٢٩ز) ابــی کالیجــار دەســت بەســەر شــاری (واســط)دا دەگرێــت بۆیــە میــر دبیــس کــوڕی علی

---

شاری حللە هەموویان دوانزە ئیمامی بوون، کە لەدوو تیرە پێکهاتبوون یەکێك لەوانە بەکورد ناسراون)) سەرەڕایی ئەوەی هۆزی گاوانی لەگەڵ هۆزی بنو ئەسەد هاوپەیمان بوونە. بروانە: السبكي: تاج الدين ابي نصر بن عبدالوهاب ابن تقي الدين(ت:٧٧١هـ/ م)، طبقات الشافعية الكبرى، المطبعة الحسينية الكبرى، ج٤(مصر:د.ت)، ص٨٨ ؛ رحلة ابن بطوطة، (القاهرة:٢٠٢٠)، ص١٥٦؛ مستەفا جەواد: هۆزی لەبیرکراوی گاوانی و گاوانییە بەناوبانگەکان، ل٢٠؛٢٥.

(١) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩، ص٢٥٠؛ أحمد محمود خليل: تاريخ الكرد في عهود الأسلامية، ص١٧٢؛ حسام الدين علي غالب النقشبندي: الكرد في لرستان الصغرى(الشمالية) وشهرزور خلال العصر الوسيط، ص١٤١ .

(٢) مهدی عوسمان هەروتی: ڕۆلی سەربازیی کورد لەدەولەت ومیرنشینە ناکوردیەکانی سەردەمی عەباسی، ل٣٣-٣٤ .

(٣) عبد الجبار ناجي: الإمارة المزيدية الأسدية في الحلة، ص١٠٩-١١٢.

(نـــور الدولـــة)(٤٠٨-٤٧٤ك/١٠١٧-١٠٨١ز) خاوەنـــی حللە(کـــە تـــا ئـــەوکات دروس نەکرابـــوو) و نیـــل، بـــەرەو شـــاری (الســـندیة) پاشەکشـــە دەکات و دواتـــر لەگـــەڵ بوەیهییـــەکان دەچێتـــە گفتوگـــۆ بەڵێنیـــان پـــێ دەدات بەنـــاوی ابـــی کالیجـــار لەناوچەکانـــی ژێردەســـەڵاتی فەرمانڕەوایەتـــی دەکات[1].

(**ابـــن الأثیر**) لـــە ڕووداوەکانـــی ســـاڵی (٤٤٠ك/١٠٤٩ز) دەگێرێتـــەوەو دەڵێـــت: ((میـــر ســـعدی کـــوڕی ابـــو شـــوك لـــە شـــاری حللـــەی دبیســـی کـــوڕی مەزیـــد پەیوەنـــدی بـــە ابراهیـــم ینـــال کـــرد و لەگەڵـــی ڕێککـــەوت کـــە گشـــت ئـــەو شـــوێنانەی لەژێـــر دەســـەڵاتی میـــر ســـعدن و تائێســـتا ابراهیـــم ینـــال دەســـتی پێنەگەیشـــتوە بـــۆ میـــر ســـعدی بمێنێتـــەوە))[2]، بۆئـــەم مەبەســـتەش میـــر ســـعدی هێرشـــی کـــردە ســـەر (الدســـکرة) و لەگـــەڵ ســـوپایەکەی ســـەر بـــە بەغـــداد کەوتـــە شـــەر و داگیـــری کـــرد و بەنـــاوی ابراهیـــم ینـــال فەرمانـــڕەوای ناوچەکـــەی کـــرد [3]، مەزیدییـــەکان لەکۆتایـــی دەســـەڵاتی بوەیهییـــەکان لەگەڵیـــان دۆســـت و هاوپـــەیمان بـــوون چونکـــە لەلایـــەك بوەیهییـــەکان لاوازبـــوون و مەترســـی ســـەلجوقییەکان نزیـــك بـــوو لەلایەکـــی تـــر مەزیدییـــەکان بەهـــۆی ململانێـــی ناوخۆیـــی توانـــا و هێـــزی جارانیـــان نەمابـــوو ئەمـــەش هـــۆکار بـــوو بـــۆ ئـــەوەی هێـــزە دەرەکیـــەکان و هۆزەکانـــی ناوچەکـــە هێـــرش بکەنـــە ســـەریان بۆیـــە بـــۆ بەرگـــری کـــردن لەخۆیـــان و دەســـەڵاتیان جۆرێـــك لـــە هاوپەیمانیەتـــی لەنێوانیـــان دروســـت ببـــوو (**ابـــن الأثیـــر**) بـــاس لـــەو هـــاوکاری و هاوپەیمانیەتـــە دەکات

---

(١) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩، ص٣٧٤ ؛ ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ص ٨٤٩ .
(٢) الكامل في التاريخ، ج٩، ص٥٥٢.
(٣) ابـن الأثير: الكامـل في التاريـخ، ج٩، ص٥٥٢؛ مسـتەفا جـەواد: هـۆزی لەبیرکـراوی گاوانـی و گاوانییـە بەناوبانگـەکان، ل٢٥.

کاتێـك هـۆزی خفاجـە هێـرش دەکەنـە سـەر ناوچـەی (الجامعیـن) ی ژێـر کۆنترۆڵـی مەزیدییـەکان و داگیـری دەکـەن، مەزیدییـەکان ناتوانـن بەرپەرچیـان بدەنـەوە، بۆیـە داوای یارمەتـی لـە بەساسـیری دەکـەن و ئەویـش بەهانایـان دەچێـت و شکسـتیان پێدەهێنـن و لـە ناوچەکـە دوریـان دەخەنـەوە و دەسـت بەسـەر مـاڵ و سـامان و کۆیلەکانیانـدا دەگـرن، پێشتریـش (جلال الدولـة) داوای یارمەتـی لـە مەزیدییـەکان کردبـوو بـۆ کـۆنترۆل کردنـی بارودۆخـی بەغـداد بەهـۆی ئـاژاوە نانـەوەی سـەربازە تورکـەکان، سـەرەرایی ئـەوەی مەزیدییـەکان ڕۆڵیـان هەبـوو لـە ناکۆکـی ناوخۆیـی نێـو بنەماڵـەی بوەیهـی و هەندێـك جـار لایەنگـرو هەندێـك جـاری تـر دورە پەرێـز وەسـتاون بەپێـی بەرژەوەندیـان [1].

لەڕاسـتیدا مەزیدییـەکان سـودیان لـە لاوازی دەسـەڵاتی ناوەنـد وەرگـرت بـە فراوانکردنـی سـنووری دەسـەڵاتیان لەسـەر حسـابی هۆزەکانـی دەووروبـەرو بەهێزکردنـی هەژموونـی سیاسـیان و ململانێیەکانیشـیان بەپێـی بەهێـزی و لاوازیـان گـۆراوە لەگـەڵ بوەیهییـەکان، بەمـەش مەزیدییـەکان بونـە هێزێکـی کاریگـەر بەتایبـەت دوای نەمانـی دەسـەڵاتی عوقەیلییـەکان، سـەرەڕای ئـەوەی بوەیهییـەکان پێویسـتیان بـەوە بـوو دەسـەڵاتێکی خۆجێـی لـە ناوچەکانـی فوراتـی ناوەڕاسـت بوونـی هەبێـت بـۆ ئـەوەی وەك بەربەسـتێك خۆیانـی پـێ بپارێـزن لەهێرشـی هـۆزە عەرەبەکانـی ناوچەکـە (**الخوارزمـي**) لـە باسـکردنی پارێـزگاری دەڵێـت: (( پارێـزگاری کـردن لەگوندێـك یـان شـوێنێك و بەبـێ ئـەوەی کەسـێك هیـچ باجێکیـان بەسـەردا بسـەپێنێت کـە بگەڕێتـەوە

(١) الكامل في التاريخ، ج٩، ص٦٠٠-٦٠١ ؛ عبد الجبار ناجي: الإمارة المزيدية الأسدية في الحلة، ص١٢١ .

بـۆ بیـت المال ))[١] کـە مەبەسـت لێـی پارێـزگاری کردنـی مەزیدییـەکان بـۆ ناوچەکانیـان لەبەرامبـەر پێدانیـان بـوو بـە بڕێـك پـارەی سـاڵانە بـە دەسـەڵاتی ناوەنـدی لـە بەغـداد، ئـەم ململانـێ و دۆخـە ناجێگیـرەی نێـوان مەزیدییـەکان و بوەیهییـەکان بـەردەوام بـوو تاهاتنـی سـەلجوقییەکان و بەدەسـتگرتنیان بەسـەر ناوەنـدی خەلافەتـی عەباسـی قۆناغێکـی نـوێ دەسـت پێـدەکات و ململانێیەکانیـش بـەردەوام دەبـن.

**٢. بەریدیەکان:**

بەریدییـەکان وەك هێزێکـی کاریگـەر لـە ناوچەکانـی (بصرة و الأهـواز) دەسـەڵاتداربوون بـە سـەرکردایەتی (أبي القاسـم البریـدي) لـە دەسـەڵاتی ناوەنـدی دەرچوبـوون و پابەنـدی ناردنـی بـاج نەبـوون[٢]، (معـز الدولـة) ی بوەیهـی لـە سـاڵی (٣٣٤ك/٩٤٥ز) هەوڵیـدا لەگـەڵ بەریدییـەکان ڕێکبکەوێـت لەکاتێکـدا لـە باکـوور لەگـەڵ حمدانییـەکان لـە جەنـگ و ململانـێ دابـوو، بەپێـی ڕێکەوتـن نامەکـەش بەریـدی شـاری (واسـط)و دەووروبەریشـی کەوتـە ژێردەسـت بەپێدانـی باجێـك بـە بـڕی (ملیۆنێـك و شـەش سـەدهەزار دەرهـەم) بـە بوەیهییـەکان[٣]، هەرچەنـدە هـەردوولا ڕێککەوتـن، بـەلام زۆری نەخایانـد (أبي القاسـم البریـدي) لـە شـاری بـەسرە لـە دژی بوەیهییـەکان ڕاپـەری و لـە دەسـەڵاتی بوەیهییـەکان دەرچـوو[٤]،

(١) الخوارزمـي: أبي عبداللـة محمـد بـن أحمـد بـن یوسـف، مفاتیـح العلـوم، مطبعـة الشرق، (مصر:١٣٤٢هــ)، ص٤٠ .

(٢) محمـد أسـعد طلـس: عصر الانـحلال تاریـخ الأمـة العربیـة، ج٦، ص٨٩ ؛ فائـزة إسماعیـل أكبر: التاریـخ السـیاسي للخلافـة العباسـیة، ص٢٨٢.

(٣) مسـكویة: تجـارب الأمـم، ج٥، ط١، ص٢٧٧؛ ابـن الأثیر: الكامـل في التاریـخ، ج٨، ص٤٦٤؛ إبراهیـم سـلمان الكـروي: البویهیـون و الخلافـة العباسـیة، ص١٩٤.

(٤) ابن خلدون: تاریخ ابن خلدون، ص ٨٣٦.

بەمــەش ڕێکەوتــن نامەکــە ســەرکەوتوو نەبــوو، بۆیــە بوەیهییــەکان لەچەنــد ڕووبــەڕوو بونەوەیەکیــان کەدواینیــان لەســاڵی(٣٣٦ك/٩٤٧ز) (معــز الدولة)وخەلیفــە موتیــع ســەرکردایەتیان دەکــرد و ڕووبەڕوویــان بویــەوە و توانیــان ســەرکەوتووبن و بچنــە نــاو شــاری بــەسرەو دەســت بەســەر پــارەو گەنجینەکانــی دابگــرن و (أبي القاســم البريــدي) هەڵهــات، بەمــەش میرنشــینی بەریــدی بــۆ هەمیشــە کۆتایــی پێهــێنرا لەلایــەن بوەیهییەکانــەوە[١]، بۆســاڵی دواتــر (أبي القاســم البريــدي) بــەرەو بەغــداد هــات و داوای لێخۆشــبون و پێدانــی ئەمانــی کــرد لــە (معــز الدولــة) ئەویــش لەلایــەن خۆیــەوە لێــی خــۆش بــوو مامەلــەی باشــی لەگــەڵ کــرد و چەنــد ناوچەیەکــی بــە بەهــای (ســەد و بیســت هــەزار دەرهــەم) پێــدا و لــەو ناوچانــە نیشــتەجێ بــوو دوور لــە کاری سیاســی تــا مردنــی لــە ســاڵی (٣٤٩ك/٩٦٠ز) [٢]. بەمــەش لــە ململانێــی نێــوان بوەیهییــەکان و بەریدییــەکان، بوەیهییــەکان توانیــان ســەرکەوتووبن و ئەوکاتــە ڕازی بــوون بــە مانەوەیــان کاتێــك توانیــان هەژمــون و دەســەڵاتی خۆیــان بەســەر ئــەو پێکهاتەیــە بســەپێنن.

---

(١) مسـكوية: تجـارب الأمـم، ج٥، ط١، ص٢٨٨-٢٨٩؛ ابـن الجـوزي: المنتظـم في تاريـخ الملـوك و الأمـم ،ط١، ج١٤، ص٦٤؛ ابـن الأثير: الكامـل في التاريـخ، ج٨، ص٤٦٩؛٤٨٦ ؛ ابـن كـثير: البدايـة والنهايـة، ص١٧٢٩ ؛ فائـزة إسماعيـل أكبر: التاريـخ السـياسي للخلافـة العباسـية، ص٢٨١؛ إبراهيـم سـلمان الكـروي: البويهيـون و الخلافـة العباسـية، ص١٩٤.
(٢) ابـن الأثير: الكامـل في التاريـخ، ج٨، ص٤٨١ ؛ إبراهيـم سـلمان الكـروي: البويهيـون و الخلافـة العباسـية، ص١٩٥ .

### ٣. بزوتنەوەی عمران کوڕی شاهین:

دوای لــە ناوچونــی میرنشــینی بەریــدی لــە ناوچەکانــی بــەصره بۆشــایەکی سیاســی لــە ناوچەکــە دروســت دەبێــت و کەســایەتیەك بەنــاوی (عمــران بــن شــاهین) (٣٣٠-٣٦٩ك/٩٤١-٩٧٩ز) ســەری هەڵــدا بــە دامەزرێنــەری ئــەم دەوڵەتــە دادەنرێــت، مــەلا جمیــل ڕۆژبەیانــی بــە ((ســەردارێکی کــورد)) نــاوی دەبــات[1]، لەکاتێکــدا کۆکــەرەوەی بــاج بــوو لەگــەڵ ئــەو باجــەی کــۆی کردبــوەوە لەســاڵی (٣٣٩ك/٩٥٠ز) بــەرەو ناوچــەی (البطائــع)[2] هەڵدێــت، کــە ناوچەیەکــە دەکەوێتــە باشــوری عێــراق لەنێــوان شــارەکانی واســط و بصره دایــە ، عمــران بەشــێکی زۆر لــە خەڵکــی ناوچەکــە لــە چیــن و توێــژە جیــاوازەکان بــەدەوری خۆیــدا کۆکــردەوە و خەریکــی ڕێگریکــردن بــوون لــە کاروانــە بازرگانییــەکان کــە بەناوچەکــەدا تێدەپەڕیــن و بــووە مەترســیەکی ڕاســتەقینە بەســەر دەســەڵاتی بوەیهییــەکان[3]، ڕۆڵــی سیاسیشــی زیاتــر دەرکــەوت کاتێــك لەســاڵی (٣٣٥ك/٩٤٦ز) لەلایــەن قاســمی بەریــدی ئەرکــی پاڕاســتنی ناوچەکــەی پــێ ڕاســپێردرا[4]، ئەمــەش هــۆکار بــوو بــۆ دروســت بونــی گرانــی و برســیەتی لــە بەغــداد بۆیــە دەســەڵاتی ناوەنــدی بیــری لــە دەستبەســەر داگرتــن و کۆتایهێنــان بــەو بزوتنەوەیــە

---

(١) چوار دەوڵەتی کورد، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، (هەولێر:٢٠٠٠) ،ل٥٨.
(٢) بــۆ زیاتــر زانیــاری لەســەر ناوچەیــەی (البطائــع) بروانــە: ســهراب: كتــاب الأقاليــم الســبعة الى نهايــة العمارة، ص١٣٥؛ ابــن منظــور: ابي الفضــل جمال الديــن محمــد بــن مكــرم، لســان العــرب، نشرادب الحــوزة، مــج٢ (قــم :١٣٦٣)، ص٤١٣-٤١٤ .
(٣) الصرفي: تاريــخ دول الأسلام، ص٣٩٥؛ خالــد عــزام: موســوعة تاريــخ الإسلامــي (الــعصر العبــاسي)، ص٢٠٦ ؛ فائــزة إسماعيــل أكبر: التاريــخ الســياسي للخلافــة العباســية، ص٢٨١.
(٤) مەلا جمیل رۆژبەیانی: چوار دەوڵەتی کورد، ل٥٩.

کــردەوە[١]، بــۆ ئــەم مەبەســتەش لــە ســاڵی (٣٣٦ك/٩٤٧ز) (معــز الدولــة) لەگــەڵ وەزیرەکــەی (ابــا جعفــر الصیمــري) ســەرکردایەتی ســوپایەکی کــرد بــۆ هێــرش کردنــە ســەر ناوچەکــە دوای زنجیرەیــەك ڕووبەڕووبونــەوە زۆربــەی کەســە نزیکەکانــی خێزانەکــەی بەدیــل گیــران بۆیــە عمــران ڕادەکات و دەســەڵاتی بــەرەو لەناوچــون چــوو[٢]، بــەلام دوای ماوەیــەك بەهێزبویــەوە و لایەنگرانــی کۆکــردەوە و کەوتــە ململانێــی بوەیهییــەکان (ابــا جعفــر الصیمــري) جارێکــی تــر لــە ســاڵی (٣٣٩ك/٩٥٠ز) گەمــارۆی عمــران دەدات بــەلام لەوکاتــەدا دوچــاری تایەکــی بەهێــز دەبێــت کــە دەبێتــە هۆیــی مردنــی[٣]، بۆیــە بوەیهییــەکان دوچــاری شکســتێکی گــەورە دەبــن و عمــران توانــی دەســت بەســەر چــەك و تفاقــی بوەیهییەکانــدا بگرێــت، بەمــەش شــان و شــکۆی زیــاد دەبێــت و بەهێزتــر لەجــاران دەردەکەوێــت[٤]، بۆیــە (معــز الدولــة) دەگاتــە ئــەو بڕوایەیــی کــە ڕووبــەڕووی کەســایەتیەکی بەهێــز بۆتــەوە بۆیــە ناچــار لەســاڵی (٣٤٠ك/٩٥١ز) بوەیهییــەکان لەگــەڵ عمــران ڕێــك دەکــەون و دان بــە دەســەڵاتی دەنێــن لــەو ناوچانــەی دەســتی بەســەردا گرتبــوو[٥].

---

(١) مسكوية: تجارب الأمم، ج٥، ط١،ص٢٩٢ ؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ،ج٨،ص٤٨٢ ؛ ابـن خلـدون: تاريخ ابن خلـدون، ص ٨٣٦ ؛ فائـزة إسماعيل أكبر: التاريخ السياسي للخلافة العباسـية، ص٢٨٢؛ محمـد أسـعد طلـس: عصر الانحلال تاريخ الأمـة العربية،ج٦ ،ص٨٩ .

(٢) ابن الأثير: الكامل في التاريخ،ج٨، ص٤٨٢ ؛ ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ص ٨٣٦ .

(٣) مسـكوية: تجـارب الأمـم، ج٥، ط١، ص٢٩٤؛ ابــن الأثير: الكامـل في التاريـخ، ج٨، ص٤٨٦ ؛ ابــن خلــدون: تاريــخ ابــن خلــدون، ص ٨٣٧ .

(٤) الصرفي: تاريخ دول الأسلام، ج١، ص٣٩٥

(٥) مسكوية: تجارب الأمم، ج٥، ط١، ص٣٠٥ ؛ فائـزة إسماعيـل أكبر: التاريـخ السـياسي للخلافـة العباسـية، ص٢٨٤ ؛ خالـد عزام: موسـوعة تاريخ الإسلامي (الـعصر العباسي)، ص٢٠٧

دوای ئـەوەی بۆماوەیـەك هێمنـی و ئارامـی باڵـی بەسـەر ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی عمرانـدا کێشـا دوو برایەکـەی بەناوەکانـی (ابـو الفتـح -أبـو القاسـم) لێـی جیابونـەوە و لـە دەسـەڵاتی دەرچـون و لـە سـاڵی (٣٥٠ك/٩٦١ز) پەنایـان بـردە لای (معـز الدولـة) لـە بغـداد ئەویـش ڕێـزی گرتـن و بڕێـك پـارەی پێـدان [١]، لـە سـاڵی (٣٥٥ك/٩٦٦ز) (معـز الدولـة) هێـرش دەکاتـە سـەر عمـران لـە واسـط و داگیـری دەکات و دواتـر نەخـۆش دەکەوێـت و وا پێویسـتی دەکـرد لەگـەڵ عمـران ڕێکبکەوێـت بۆیـە لـە شـارەکە پاشەکشـە دەکات و دەگەڕێتـەوە بەغـداد و دواتریـش کۆچـی دوای دەکات [٢]، بەهاتنـە سـەر دسـەڵاتی (عـز الدولـة) بەختیـار نەیتوانـی کۆتایـی بەدەسـەڵاتیان بهێنێـت، بەپێچەوانـەوە کاتێـك (عزالدولـة) لەگـەڵ (عضـد الدولـة) ناکۆکـی لەنێوانیـان دروسـت دەبێـت عمـران ئـەو هەڵـە دەقۆزێتـەوەو بـۆ بـاشتر کردنـی پەیوەندیەکانـی و بەهێزکردنـی دەسـەڵاتی یارمەتـی (عـز الدولـة) دەدات لـەڕووی سـەربازی، ئەمـەش دوای ئـەوە هـات کـە بەختیـار کچـی عمرانـی مارەکـرد و حسـنی کـوڕی عمرانیـش کچـی بەختیـاری مارەکـرد[٣]، بـەلام ئـەو پەیوەندیـە درێـژەی نەکێشـاو بەدەستبەسـەرداگرتنی بەغـداد لەلایـەن (عضـد الدولـة) کۆتایـی پێهـات و دووسـاڵ دوای ئـەو ڕووداوە لەسـاڵی (٣٦٩ك/٩٧٩ز) عمـران کۆچـی دوایـی دەکات و حسـینی کـوڕی دێتـە جێـگای[٤]، دەسـەڵاتی عمـران و کوڕەکانـی تاساڵی (٤٠٨ك/١٠١٨ز) بـەردەوام بـوو، لـەدوای خـۆی

(١) ابــن الأثير: الكامــل في التاريــخ، ج٨،ص٥٣٨ ؛ مــەلا جميــل رۆژبەيانــی: چــوار دەوڵەتــی كــورد ،ل٦٢.

(٢) مسـكوية: تجـارب الأمـم، ج٥، ط١، ص٣٤٤؛ ابـن خلـدون: تاريـخ ابـن خلـدون، ص ٨٣٨ ؛ ابـن الأثير: الكامـل في التاريـخ، ج٨، ص٥٧٤.

(٣) مسكوية: تجارب الأمم، ج٥، ط١، ص٤٢٦.

(٤) الصرفي: تاريخ دول الأسلام ، ج١، ص٣٩٧ .

کوڕەکانــی دەســەڵاتیان گرتــە دەســت، بــەلام لەنێــوان خۆیانــدا ناکــۆك بــوون لەســەر دەســەڵات و کار گەیشــتە ئــەوەی لەســاڵی (٣٧٣ك/٩٨٣ز) حســین کــوڕی عمــران خاوەنــی (البطیعــة) لەســەر دەســتی برایەکــەی (ابوالفــرج) دەکوژرێــت و دەســت بەســەر(البطیعة) دادەگرێــت، لــەوە بــەدواوە ناوچەکــە بــووە مۆلگــەی دز و جــەردەو نائارامــی و ئــاژاوە باڵــی بەســەر ناوچەکــەدا کێشــا تــا هاتنــی ســەلجوقیەکان[1].

لـە ڕاسـتیدا مانـەوەی دەسـەڵاتی بزوتنـەوەی عمرانـی کـوڕی شـاهین و درێژەکێشـانی تـا سـەردەمی سـەلجوقیەکان دەگەرێتـەوە بـۆ سـەرقالبونی بوەیهییـەکان بـە ململانێـی بنەماڵـەی بوەیهـی و لەلایەکـی تـر جێـگای مەترسـی ڕاسـتەقینە نەبـون بۆسـەر بغـداد بەلکـو لـە سـنورێکی دیـاری کـراو دەسـەڵاتداربوون و باجیـان لـەو کاروانـە بازرگانیانـە وەردەگـرت کـە لـە نێـوان بغـداد و بصرە بازرگانیـان دەکـرد .

(١) ابــن الأثير: الكامــل في التاريــخ، ج٩، ص٢٥ ؛ محمــد أســعد طلــس: عصر الانــحلال تاريــخ الأمــة العربيــة، ج٦، ص٨٩ .

## باسی دووەم:

### نــاکۆکی نــاوخۆیی لەناو بنەماڵەی بوەیهیدا:

پەیوەنــدی و برایەتیــی نێــوان منداڵەکانــی (بوەیهــی) لەســەر بنەمــای ڕێــز و گوێڕایەڵــی یــەکتری بنیاتترابــوو، ئەمــەش بوەیهییەکانــی گەیانــدە دەســەڵات و توانیــان دەســت بەســەر بەشــێکی زۆری جیهانــی ئیسلامیــدا بگــرن، بــەڵام دەوڵەتــی بوەیهیــی لەگــەڵ دامەزرانــدن و فراوانبوونیــان نەیانتوانــی دەســەڵاتێکی مەرکــەزی پەیڕەوبکــەن، بەڵکــو لەگــەڵ دەســتگرتنیان بەســەر ناوچــە جیــاوازەکان ئەندامانــی ئــەو بنەماڵەیــە هەریەکــەو دەســتی بەســەر ناوچەیەکــدا گرتبــوو، بۆیــە پایتەختێکــی یەکگرتوویــان نەبــوو، لەبەرئــەوە شــتێکی ئاســایی بــوو میرێکــی بەهێــز و خــاوەن دەســەڵاتی بوەیهــی ســنووری فەرمانڕەوایــی خــۆی فراوانبــکات لەســەر حســابی میرێکــی دیکــەی بنەمالەکەیــدا.

کوردەکانیــش بەشــێکی دانەبڕاوبــوون لــە ململانێــی نێــو بنەماڵــەی بوەیهــی، یەکــەم بەشــداری کوردەکانیــش بــۆ ســاڵی (٣٣٩ك/٩٥٠ز) دەگەڕێتــەوە کاتێــك ئەبــو شــۆکی کــوردی یارمەتیــی ســەربازیی پێشــکەش بــە (معــز الدولــة) کــرد لــە ڕووبەڕووبوونــەوەی شۆڕشــی تورکــەکان لــە ناوچەکانــی هەمــەدان کــە بەســەرکردایەتیی (ســبکتکین الحاجــب) هەڵگیرســا و کــە لەلایــەن (روکــن الدولــة) پشــتیوانی کــراوە، بــەڵام توانیــان ژمارەیەکــی زۆریــان لــێ بکــوژن و بزوتنەوەکــە لەناوببــەن[1]، سیاســەتی بنەماڵــەی بوەیهــی یەکگرتوونەبــوو بەهــۆی ئــەوەی هەریەکێکیــان لــە ناوچەیــەك دەســەڵاتدار بــوون، بۆیــە دەیانویســت پارێــزگاری لــە ناوچەکانیــان بکــەن و زۆرجاریــش چاویــان دەبڕیــە موڵــك و ماڵــی یــەکتر،

---

(١) مسكوية: تجارب الأمم، ج٥، ص٢٩٥؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٨، ص٤٨٨-٤٨٩.

ئەمـەش ڕێخۆشـکەربوو بـۆ سـەرهەڵدانی ململانێیـەکان، لەبەرئـەوەی بەشـێك لـەو ململانێیانـە گۆڕەپانەکـەی ناوچـە کوردییـەکان بـوون، بۆیـە بەشـێك لـە کوردەکانیـش لـە زۆرێـك لـەو ململانێیانـە بەشـداری هەبـووە[١]، زۆرجـار هەوڵیانـداوە خۆیـان لـەو ململانێیـە بەدووربگـرن و پشـتگیریی لایەنێـك نەکـەن، بـەڵام هەندێکجـار مانـەوەی دەسـەڵاتیان پەیوەسـت بـووە بـە درز و ناکۆکیـی نێـو بنەماڵـەی بوەیهـی، لـەدوای مـردنی (رکـن الدولـة) لـە سـاڵی (٣٦٦ك/٩٧٧ز) (عضـد الدولـة) شـوێنی باوکـی دەگرێتـەوە لـە ناوچـەی (ڕەی) و (عزالدولـة)ش لـە عێـراق دەسـەڵاتداربوو[٢]، بـەڵام ئامـۆزاکان لەسـەر دەسـەڵات دەبێتـە ململانێیـان و بـەرەو ڕووی یـەکتر دەبنـەوە[٣]، (عزالدولـة) نامـە بـۆ میـر حسـنەوەیی دەنێرێـت بۆئـەوەی پشـتیوانی بـکات ئەویـش بەڵێنـی هاوکاریکردنـی پێـدا[٤]، لـە ڕاسـتیدا میـر بـەدر لـە هەوڵـی ئەوەدابـوو سـوود لـە ناکۆکـی نێـو بنەماڵـەی بوەیهـی وەربگرێـت لـە بەرژەوەنـدی میرنشـینەکەی، بۆیـە کاتێـك بەختیـار بـە سـوپایەك بـەرەو ڕووی (عضـد الدولـة) دەچێـت و هەریەکـە لـە میـر حسـنەویە و (أبـو تغلـب) حەمدانـی بەڵێنیـان بـە (عزالدولـة) دابـوو کـە یارمەتیـی سـەربازی بـدەن لـە دژی (عضـد الدولـة)،

(١) ابـن الجـوزي: المنتظـم، ج١٤، ص١٨٢؛ حسـن خليفـة: الدولـة العباسـيه قيامهـا و سـقوطها، ص٢١٣.

(٢) ابـن خلـدون: تاريـخ ابـن خلـدون، ص٨٤٠ ؛ فاضـل الخالـدي: الحيـاة السياسـيةونظم الحكـم في العـراق، ص٣٧.

(٣) خالـد عـزام: موسـوعة تاريـخ الإسلامـي، ص٢١٩ فاضـل الخالـدي: الحيـاة السياسـية ونظـم الحكـم في العـراق، ص٣٢.

(٤) مسـكوية: تجـارب الأمـم، ج٥، ص٤٢٦؛ الذهبـي: تاريـخ الأسلام ووفيـات المشـاهير و الأعلام، مـج٨، ص٢٦٦؛ محمـد جميـل ڕۆژبەیانـی: مێـژووی حەسـەنوەیهی و عەییـاری،دەزگای ڕۆشـمبیری و بلاوکردنـەوەی کـوردی، (هەولێـر:ب.س)، ل٥٦.

دوای ئـەوەی سـوپاکان لـە ئەهـواز ڕووبـەڕووی یـەکتر دەبنـەوە و بەهـۆی ئـەوەی ئـەو یارمەتییـە سـەربازییانەی پێنەگەیشـت و بەڵێنەکەیـان نەبـردە سـەر، بەختیـار شکسـت دەهێنێـت و بـەرەو (واسـط) پاشەکشـە دەکات و (عضـد الدولـة) دەسـت بەسـەر ئەهـواز و بصره دادەگرێـت[١]، هـۆکاری خۆسـڵکردنی میـر حەسـنەوەیهی لـە یارمەتیدانـی سـەربازی بـۆ بەختیـار سـەرەڕای ئـەوەی بەڵێنـی پێدابـوو حەسـنەوەیهی نەیدەویسـت ببێتـە بەشـێك لـەو ململانێیـە، بۆیـە چاوەڕوانـی ئەنجامـی ئـەو ناکۆکییـە بـوو بۆئـەوەی بزانێـت بـە کـوێ دەگات و مەبەسـتی بـوو لـەوەی کامیـان سـەربکەوێت لایەنگیـری ئـەو بـکات، سـەرەڕای ئـەوەی سـوودی لـە بەردەوامیـی ململانێـی نێـو بنەماڵـەی بوەیهـی دەبینـی. سـەرقاڵبوونیان بـە ململانێیەکانیـان لـە بەرژەوەنـدی حەسـنەوەیهی بـوو، دەیتوانـی ئاسـانتر دەسـەڵاتی خـۆی فراوانبـکات، لـە ترسـی کاردانـەوەی خراپـی (عزالدولـة) حەسـنەوەیهی داوای لێبوردنـی لێـدەکات و دوو کـوڕی بـە ناوەکانی(بـەدر و عبدالـرزاق) لەگـەڵ هـەزار سـوارە بـۆ دەنێرێتـە (واسـط) بـە مەبەسـتی پشـتگیریکردنی، بـەڵام شـەر ڕوونـادات و ئاشـتەوایی لەنێوانیـان بەرقـەرار دەبێـت[٢].

(عضـد الدولـة) لـە سـاڵی(٣٦٧ك/٩٧٨ز) دەسـت بەسـەر بەغـدادا دەگرێـت، دواتریـش دەسـت بەسـەر ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی حەمدانییەکانـدا دەگرێـت بـە ناوچـە کوردییەکانیشـەوە، بۆیـە (عزالدولـة)

---

(١) مسـكوية: تجـارب الأمـم، ج٥، ص٤٢٦-٤٢٧؛ العمـرى: مسـالك الأبصـار في ممالـك الأمصـار، ج٢٦، ص١٧٣.

(٢) مسـكوية: تجـارب الأمـم، ج٥، ص٤٣٢؛ ابـن خلـدون: تاريـخ ابـن خلـدون، ص٨٤٧؛ محمـد جميـل رۆژبەیانـی: مێـژووی حەسـەنوەیهی و عەییـاری، ل٥٦-٥٧؛ على بـن صالـح بـن على المحيميـد: إمـارة بنـي حسـنويه الاكـراد و علاقتهـا بالدولـة البويهيـة، مجلـة تاريـخ العـربي، ع٢٧(الريـاض:٢٠٠٣)، ص٧٣.

پەنـا دەباتـە لایـی حەسـنەوەیهی، هەرچەنـدە پێشـوازی لـێ کـراوە، بـەڵام یارمەتـی سـەربازیی نـادات دواتریـش لەلایـەن (عضـد الدولـة) دەکوژرێـت[1]، هـەر لـەو ماوەیـە (ینـال کوشـە) لەگـەڵ حەسـنەویهی ڕێکدەکەوێت و لەشکری پێدەدات کە هێرش بکاتە سەر (عضد الدولة) و بەڵێنـی ئـەوەی پێـدەدەن، کـە بـە سـەرکەوتنی چەنـد ناوچەیـەك لـە هەمەدانـی پێدەبەخشـێت، بۆیـە بـە سـوپایەك هێـرش دەکاتـە سـەری، بـەڵام حەسنەوەیهییەکان خـراپ شـکاون و بـەرەو شـارەزوور پاشەکشـەیان کـردووە[2]، حەسـنەوەیهییەکان ڕۆڵێکـی باڵایـان هەبـوو لـە ناکۆکـی و ململانێـی نێـو سـەرکردە دەیلەمـەکان، یەکێکیـش لـە هۆکارەکانـی بەهێزییـان بـۆ ململانێـی نێـو بنەماڵـەی بوەیهـی دەگەڕێتـەوە، بەهـۆی ئـەوەی زۆرجـار بـۆ یەکلاییکردنـەوەی ململانێیەکانیـان سـوودیان لـە توانـای سـەربازیی ئـەو میرنشـینە وەرگرتـووە. ئەوەتـا هەروەکـو (ابـو الفـوارس کـوڕی سـلطان الدولـة ابي شـجاع)ی بوەیهـی پشـت بـە حەسـنەوەیهییەکان دەبەسـتێت و بـە (١٠هـەزار) جەنـگاوەری کـورد لـە ناوچەکانـی فـارس بـەرەوڕووی (ابي کالیجـار) بـرای دەبێتـەوە[3]. هەروەهـا کاتێـك لـەدوای مردنـی میـر (حەسـنەوەی) لـە سـاڵی(٣٦٩ك/٩٨٠ز) ناکۆکـی دەکەوێتـە نێـوان کوڕەکانـی لەسـەر دەسـەڵات. (عضـد الدولـة)ی بوەیهـی ڕۆڵـی یەکلاکـەرەوەی هەبـوو لـە پشـتگیریکردن و هاتنـە سـەر

---

(١) القـاشي: رأس مـال النديـم في تواريـخ أعيـان أهـل الأسلام، ت: محمـد عبـد القـادر خريسـات، مركـز الزايـد لـلتراث و التاريـخ، (الإمـارات:٢٠٠١)، ص٣٧٨؛ الذهبـي: تاريـخ الأسلام ووفيـات المشـاهير و الأعلام، مـج٨، ص٢٦٦.

(٢) حسـێن حزنـی موکریانـی: سـەرجەمی بەرهەمەکانـی، دەزگای ئـاراس، (هەولێـر:٢٠٠٧)، ل١٣٣؛ محمـد أسـعد طلـس: عصر الانـحلال تاريـخ الأمـة العربيـة، ج٦، ص٩١؛ محمـد نـواف: واقـع الحيـاة العامـة في العـراق زمـن البويهـيين، ص٨١.

(٣) أحمد محمود خليل: تاريخ الكرد في عهود الأسلامية، ص١٧٢.

دەسەڵاتی میر بەدری کوڕی حەسنەوەیهی بە دانپێدانانی، بۆیە نێوانی لەگەڵ بوەیهییەکان لەسەر بنەمای پاراستنی پەیوەندییەکان و بەرژەوەندییە هاوبەشەکاندا بەتین بوو[١].

میر بەدر پەیووەندیی بەهێزی هەبوو لەگەڵ (فخر الدولة)، بۆیە لە ململانێی لەگەڵ نەیارانی چەند جار یارمەتیدا، بە تایبەت کاتێك لەگەڵ (شرف الدولة کوڕی عضد الدولة) لە ململانێدا بوو[٢]، لە سەردەمی (بهاء الدولة) ناکۆکی و ئاژاوە لە نێوان میرە بوەیهییەکان لەلایەك و سەرکردە سەربازییەکانی سەر بە پێکهاتەی تورکی و دەیلەمی دروستبوو لە عێراق کە زۆربەی ناوچەکانی گرتەوە[٣]، ئەمەش هانی (فخر الدولة)ی دا کە چاو ببڕێتە بەغداد، کوردەکانیش دەستیان هەبوو لە هاندان و یارمەتیدانی لایەنە ناکۆکەکان بە تایبەت کاتێك میر بەدر لە ساڵی (٣٧٩ك/٩٨٩ز) بە چوار هەزار جەنگاوەر پشتگیری (فخر الدولة)ی بوەیهی دەکات کە لە ناوچەکانی (ڕەی) بە سوپایەکەی لە هەمەدانەوە تێپەڕی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی(بهاء الدولة) بەڵام هەڵمەتەکە سەرناگرێت و سوپایەکەی (فخر الدولة) لە خوزستان شکست دەهێنێت[٤]، دوای ئەو ڕووداوە پەیوەندی

(١) فرست مرعي: الامارات الكردية في العصر العباسي الثاني، ص١٥٧؛ شوکروڵای بابان: مێژوویی کورد و کوردستان، ل١٠٢.

(٢) حسام الدين علي غالب النقشبندي: الكرد في لرستان الصغرى، ص١٦٢.

(٣) فاضل الخالدي: الحياة السياسيةونظم الحكم في العراق، ص٤٨.

(٤) الروذراوري: ذيل تجارب الأمم، ج٦، ص١٠٣؛ ئاکۆ بورهان: میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عەباسی، چ٢، ل٩٥؛ محمد جميل رۆژبەیانی: مێژووی حەسەنوەیهی و عەییاری، ل٦٢؛ ممدوح محمد حسن: إقليم الجبال خلال العهد البويهي و السلجوقي الأول، رسالة دكتوره، كلية الآداب-جامعة جنوب الوادي،

میـــر بـــەدر لەگـــەڵ (بهـــاء الدولـــة) ئاســـایی دەبێتـــەوە تەنانـــەت یارمەتیشـــی دەدات، لـــە ســـاڵی (٣٨٧ك/٩٩٧ز) ســـوپای (بهـــاء الدولـــة) لـــە ناوچـــەی (واســـط) لەگـــەڵ (ابـــو فتـــح بـــن العمیـــد) خـــواردن و پێداویســـتی لـــێ دەبڕێـــت و ناتوانێـــت بەدەســـتیبهێنێت و ســـوپایەكەی دوچـــاری برســـیەتی دەبێتـــەوە، بۆیـــە داوای یارمەتـــی لـــە میـــر بـــەدری حەســـنەوەیهی دەكات، ئەویـــش پێویســـتییەكانی لـــە ئازووقـــە بـــۆ دابینـــدەكات و ســـوپایەكەی لـــە لەناوچـــوون ڕزگار دەكات، دوای ئـــەو ڕووداوەش لـــە پاداشـــتی هاوكاریكردنـــی لەســـەر داوای (بهـــاء الدولـــة) خەلیفـــەی عەباســـی (قـــادر باللـــە) نازنـــاوی (ناصرالدیـــن و الدولـــة)ی پێدەبەخشرێـــت[1].

لـــە لایەكـــی دیكەشـــەوە عەننازییەكانیـــش وەك هێزێكـــی كاریگـــەری كـوردی ملكەچـی بوەیهییـەكان بـوون بـە تایبـەت (ابـو الفتـح محمـد بـن عنـاز)ی لـە ململانێـی نێـو بنەماڵـەی بوەیهـی لایەنگیـری پێـوە دیاربـووە و لـە ڕووداوەكانـی ساڵی (٣٨٩ك/٩٩٩ز) و ململانێـی (بهـاء الدولـة) لەگـەڵ نەیارەكـەی (عـز الدولـة) بـۆ داگیركردنـی هەرێمـی فـارس و خوزسـتان، (ابـو الفتـح محمـد بـن عنـاز) (سـەد سـوارە)ی سـەر بەهـۆزی شـازنجانی نـارد بـۆ یارمەتـی (بهـاء الدولـة)[2]، بەمـەش بۆمـان ڕووندەبێتـەوە كـە ڕۆڵـی كـوردەكان یەكلاییكـەرەوە بـووە لـە بەرژەوەندیـی لایەنێـك لـە ململانێـی نێـو بنەماڵـەی بوەیهیـدا، میـر بـــەدر بەپێـی بەرژەوەندییەكانـی

---

(سوهاج-١٩٩٩ز)، ص٣٠٥.

(١) الـروذراوري: ذيـل تجـارب الأمـم، ج٦، ص١٨٦؛ حسـام الديـن النقشـبندي: الكـرد في لرسـتان الصغـرى، ص١٧١.

(٢) الـروذراوري: ذيـل تجـارب الأمـم، ج٨، ص١٨٩؛ ابـن الأثير: الكامـل في التاريـخ، ج٩، ص١٥١-١٥٢.

میرنشـینەکەی مامەڵـەی کـردوە و هەندێـك جـار یارمەتـی لایەنێکـی داوە، کـە لـە دەسـەڵاتی بوەیهییـەکان دەرچـووە وەك ئـەوەی لـە هەمـان سـاڵدا میـر (ابـی عبـاس واصـل) لـە ناوچەکانـی بصرە لـە دەسـەڵاتی بوەیهییـەکان دەرچـوو توانـی دەسـت بەسـەر ناوچەکانـی ئەهـوازدا بگرێـت و بەسـەر سـوپای (بهـاء الدولـة) سـەربکەوێت ئەمـەش دوای ئـەوە هاتـووە، کـە میـر بـەدری حەسنەوەیهی بـە (سێ هـەزار) جەنـگاوەر یارمەتیـدا، ئەمـەش هـۆکاری سـەرکەوتنی بـوو[1]، بـەڵام میـری ناوبـراوی بوەیهـی لـە هەمـان سـاڵ دەتوانێـت دەسـت بەسـەر شـارەکەدا بگرێـت و بیگەڕێنێتـەوە ژێـر هەژموونـی خـۆی[2].

هەروەهـا لایەنـە ناکۆکەکانـی نێـو بنەماڵـەی بوەیهـی زۆرجـار جەنگـی بەوەکالەتیـان بـە کـورد کـردووە، یاخـود بـۆ یەکلاییکردنـەوەی ململانێیەکانیـان کوردیـان بەگژیەکـدا بـردووە کوردەکانیـش بەپێـی بارودۆخـی سیاسـیی ئەوکاتـە کەوتوونەتـە ژێـر کاریگەریـی ململانێیەکانـی نێـو بنەماڵـەی بوەیهـی. ئەوەتـا دوای گیرانـی هیلالـی کـوڕی بـەدر لـە سـاڵی (٤٠٤ك/١٠١٥ز) شـارەزوور دەکەوێتـە ژێـر دەسـەڵاتی (بهـاء الدولـة)، بـەڵام تاهیـری کـوڕی هـیلال دەسـت بەسـەر شـارەکەدا دەگرێتـەوە، هەرچەنـدە زۆری پێناچێـت ئەویـش لەلایـەن (شـمس الدولـة) دەگیرێـت، بەمـە بۆشـاییەکی ئەمنـی و سیاسـی لـە ناوچەکـە دروسـتدەبێت، بۆیـە (جلال الدولـة) شـارەزوور دەداتـە (ابـو الفتـح العنـازي)، لـە کاردانـەوەی ئـەو هەڵوێسـتەی، (شـمس الدولـة) لـە دژی (جلال الدولـة) تاهیـر ڕزگار دەکات لەشکریشـی پێـدەدات بۆئـەوەی شـارەزوور وەربگرێتـەوە، بۆیـە لـە ڕووبەڕووبوونەوەیـان (ابوشـوك کـوڕی ابـو الفتـح) دەشـکێت و سـعدی

---

(١) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩، ص١٩٥-١٩٦؛ الذهبي: العبر في خبرمن غبر، ج٢، ص١٩١.
(٢) ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة فى ملوك المصر و القاهرة، ج٤، ص٢١٥.

براشـــی دەکوژرێــت، تاهیریــش دەســت بەســەر شــارەکەدا دەگرێــت[١]، بەمــەش بۆمــان ڕووندەبێتــەوە کــە بوەیهییــەکان لــە ململانێیانــدا لایەنــە کوردیەکانیشــیان دوچــاری دوبەرەکــی و ململانــێ کــردووە و بەکاریانهێنــاون دژی یــەکتری لەپێنــاو ئــەوەی لاوازیــان بکــەن و بتوانــن دەســەڵات و هەژموونــی خۆیــان بەســەرخۆیان و ناوچەکانیــان بســەپێنن.

لــە ململانێیــی نێــوان (جلال الدولــة) مەلیکشــا و (ابــو کالیجــار کــوڕی ســلطان الدولــة)(٤٣٥-٤٣٩ك/١٠٤٤-١٠٤٨ز) کالیجــار دەســت بەســەر موڵکێکــی زۆری )جلال الدولــة) دادەگرێــت و دەبێتــە هــۆی بێهێــزی و لەناوچوونــی ســەروەت و ســامان و ژمارەیەکــی زۆر لــە ســەربازەکانی، ســەرەڕای لەدەســتدانی (بصرە و واســط)[٢]، بۆیــە (جلال الدولــة) لــە ســاڵی (٤٢٠ك-١٠٢٩ز) داوای یارمەتــی لــە میــری عەننــازی (حسام الدولة ابـو شـوك) (٤٠١-٤٣٧ك/ ١٠١٠-١٠٤٥ز) دەکات بە شێوەی هەوالگــری یارمەتیبــدات، بەهــۆی یارمەتییەکانــی ئــەو میــرە (جلال الدولــة) توانــی دەســت بەســەر ئەهــوازدا بگرێتــەوە و تالانــی کــرد و دەســتیان بەســەر دوو ســەد هــەزار دینــاری کالیجارداگــرت[٣]، ئــەو یارمەتییــەی (حســام الدولــة ابــو شــوك) دەبیتــە هــۆکاری ئــەوەی ململانێــی نێوانیــان یەکلاییببێتــەوە ڕووی جەنگەکــە لــە دۆرانــەوە بگۆڕێــت بــەرەو ســەرکەوتن و لــە لەناوچــوون ڕزگاری بــکات و دەســت بەســەر ناوچــە لەدەســتچوەکانیدا بگرێتــەوە، بۆیــە ڕۆڵــی کــوردەکان

---

(١) شەڕەف خانی بەدلیسی: شەڕەفنامە، چ٦، ل٣٧.

(٢) ابـن الأثير: الكامـل في التاريـخ، ج٩، ص٣٧٥ ؛ عطا عبدالـرحمان-صلاح كانبـي -شـوان عـثمان: الصراع داخـل الاسرة البويهيـة ودور إمـارتي بنـي حسـنوية وبنـي عنـاز فيهـا، مجلـة كليـة التربيـة، ع٤٠(واسـط:٢٠٢٠)، ص٣٠١.

(٣) ابـن الأثير: الكامـل في التاريـخ، ج٩، ص٣٧٦؛ أحمـد محمـود خليـل: تاريـخ الكـرد في عهـود الأسلاميـة، ص١٧١-١٧٢.

لــە ململانێــی نێــوان پێکهاتــەکان و بنەماڵــەی بوەیهــی یەکلاکــەرەوە بــووە بەتایبەتیــش ڕۆڵــی میــر بــەدر، هەروەکو(**ابــن ابي الهيجــاء**) ی هەولێــری لــە ستایشــی میــری ناوبــراو دەڵێــت: ((عضــد الدولــة ناوچەکانــی هەرێمــی چیــای پــێ ڕاســپاردبوو، بــە تایبــەت شــارەکانی هەمــەدان و دینــەوەر و نەهاوەنــد و ســابور، کەســایەتییّکی ئــازا و بــە هەیبــەت و دادگــەر بــووە))[1]. کاتێــك ململانــێ لەنێــوان هــەردوو میــری بوەیهــی ناوبــراو جارێکــی تــر لــە ســاڵی (٤٢٨ك/١٠٣٧ز) ســەرهەڵدەداتەوە ئەمجارەیــان (حســام الدولــة ابــو شــوك) بــە پێچەوانــەی جــاری پێشــوی یارمەتیــی ســەربازیی پێشــکەش بــە (ابــو کالیجــار) دەکات کــە لــە دژی (جلال الدولــة) لــە جەنــگ و ململانێدابــوو، بــەوەش ناوەســتێ وتــاری هەینیشــی بەنــاوی دەخوێنێتــەوە[2]، بــەڵام هــۆکاری ئــەو ســەنگەرگۆڕین و پاڵپشــتییەی ئــەو میــرە کــوردە نازانرێــت لــە دژی (جلال الدولــة)، جگــە لــەو میــر هــەزار ئەســپیش (٤٣٦-٤٦٢ك/١٠٤٤-١٠٦٩ز) ســوود لــە ململانــێ و دوبەرەکیــی نێــوان بوەیهییــەکان وەردەگرێــت، لەژێــر ســایەی داننــان بــە دەســەڵاتی ڕووکەشــانەی میرانــی بوەیهــی و پشــتگیریکردنی لایەنــە ناکۆکــەکان دەســەڵاتی خــۆی فراوانکــردووە، یەکێــك بــووە لەوانــەی پشــتگیری و لایەنگــری (ابــو کالیجــار) دەکات و لــە ســاڵی (٤٣٦ك/١٠٤٤ز) لەگەڵــی چۆتــە بەغــداد[3].

---

(١) تاريــخ ابــن أبي الهيجــاء، ت: صبحــي عبدالمنعــم محمــد، مطبعــة الشروق (القاهــرة:١٩٩٣) ص٨٤.

(٢) حســام الديــن النقشــبندي: الكــرد في لرســتان الصغــرى، ص٢٦٣؛ فاضــل الخالــدي: الحيــاة السياســيةونظم الحكــم، ص٥٩؛ محمــد رۆژبەیانــی: مێــژووی حەســەنوەیهی و عەییــاری، ل٢٠٢-٢٠٣.

(٣) ابـن الفوطـي: مجمـع الاداب في معجـم الألقـاب، ت: محمـد الكاظـم، وزارة الثقافـة

لــە ڕاســتیدا ململانێــی نێــو بنەماڵــەی بوەیهــی هــۆکار بــوو بــۆ لاوازبوونـــی بوەیهییـــەکان و لـــە بەرامبـــەر بەهێزبوونـــی ڕەگـــەزی تورکــی لەنێــو ڕیزەکانــی ســوپا بەهــۆی بێمتمانەیــی بــە ســەرکردە دەیلەمــەکان، ئەمــەش وای کــرد ڕەگــەزی تورکــی بێتــە پێشــەوە هــەر ئەوانیــش دەبنــە شــوێنگرەوەی دەیلەمــەکان لــە ناوەنــدی دەســەڵاتی خەڵافەتــی عەباســیدا[1].

والإرشاد الإسلامي، (تهران:١٤١٦هـ) مج١، ص٣٦٢.

(١) حســن خليفــة: الدولــة العباسـيه قيامهـا و سـقوتها، ص٢١٤؛ عـادل عاجـل روضـان القزوينــي: المؤسسـات الإداريـة البويهيـة في العـراق، ص٧١.

## باسی سێیەم:

### شەڕ و کێشەکانی نێوان دەسەڵاتدارانی بوەیهی و هێزەکانی ڕۆژهەڵات:

بوەیهییەکان سەرەڕای ململانێی نێوخۆییان لەگەڵ هێزە فارسەکانی دەوروبەریشیان لە ناکۆکی و ململانێدا بوون، بە تایبەت لەسەر دەسەڵات، هەریەکەیان دەیانویست لەسەر حسابی ئەوی تریان سنووری دەسەڵاتی فراوانبکات و هەژموونی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەکانی دەووڕووبەری بسەپێنێت، بۆیە کاتێك سوپای (سامانییەکان)[1] دەست بەسەر بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی هەرێمی چیادا دەگرن و لە ساڵی (٣٣٣ك/٩٤٥ز) هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی (ڕەی) دەدەن کە لەژێر دەسەڵاتی (حسن-روکن الدولة) بووە، بۆ ئەم مەبەستەش داوا لە کوردەکانی ناوچەکە دەکات کە پشتگیری بکەن، بەڵام ئەوان داواکەی جێبەجێناکەن و بە پێچەوانەوە لایەنگری (حسن-روکن الدولة) دەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ شکانی سوپایەکەی کوڕی محتاج و پاشەکشەکردنی، بەڵام هەر لەو ساڵەدا ناوبراو بە سوپایەکی گەورەتر هێرش دەهێنێتەوە و دەست بەسەر شارەکانی هەرێمی چیا و نەهاوەند و دەینەوەردا دەگرێت، کوردەکانی ئەو ناوچەیەش ملکەچیی خۆیان بۆ ڕاگەیاند، لە ساڵی (٣٣٥ك/٩٤٦ز) (روکن دەولة) جارێکی دیکە دەست بەسەر هەرێمی

---

(١) سامانییەکان: یەکێکن لە بنەماڵە ناودارەکانی وڵاتی فارس، ڕەگەزیان دەگەڕایەوە سەر پاشاکانی ساسانی، فەرمانڕەوای ناوچەکانی نێوان ئەو دیو ڕووبار و فارس وەکو (طبرستان، خراسان، سجستان، الری)بوون. بڕوانە: القزويني: تاريخ نيگارستان، چاپخانەی حافظ، (تهران:١٣٤١هـ.ش)، ص١٠٠-١٠١؛ حسين أمين: الدولة السامانية، مجلة مؤرخ العرب، ع١٥، (بغداد:١٩٨٠)، ص٧-٨؛ عباس أقبال: تأريخ ايران بعد لأسلام، تعريب: محمد علاءالدين، دار الثقافة، (القاهيرة:١٩٩٠)، ص١٣٣.

چیـادا دەگرێتـەوە، بـۆ سـاڵی (٣٣٩ك/٩٥٠ز) سـامانییەکان دەسـت بەسـەر هەرێمـی چیـادا دەگرنـەوە، هەرچەنـدە (معـز الدولـة) یارمەتیـی (روکـن الدولـة) دەدات و شـارەکانی قرمسـین و هەمـەدان ئـازاد دەکەنـەوە[1]، بـەڵام (نـوح کـوڕی نصر سـامانی) توانـی (روکـن الدولـة) ناچـار بـکات، بـە پێدانـی باجێکـی سـاڵانە بـە بـڕی (دوو سـەد هـەزار دینـار)[2]، سـوپای (معـز الدولـة) بـە سـەرۆکایەتیی سـبکتکین لەگـەڵ تورکەکانـی نـاو ئـەو سـوپایە لـە سـاڵی (٣٣٩ك/٩٤٩ز)لە(معـز الدولـة) هەڵدەگەڕێنـەوە بۆیـە (ابوشـوك)ی عەنـازی لـە حەلوانـەوە یارمەتـی (معـز الدولـة) دەدات بـۆ سـەرکوتکردنی ئـەو جوڵانـەوەی کـە لـە هەمـەدان هەڵگیرسـابوو[3].

ئـەوەی جێـگای تێبینییـە ململانێـی ئـەو پێکهاتانـە زیاتـر لەسـەر ناوچـە کوردییـەکان بـووە بۆیـە لـە کاتـی باڵادەسـتیی هێزێـك لـە ناوچەکـە کوردەکانـی هەرێمـی چیـا ناچـار بوونـە بـۆ پارێزگاریکـردن لـە خۆیـان پشـتگیریی ئـەو پێکهاتەیـە بکـەن سـەرەڕای ئـەوەی ئـەو پێکهاتانــە بــۆ یەکلاییکردنــەوەی ململانێیــەکان ســوودیان لــە توانایــی مرۆیــی و دارایــی کــوردەکان وەرگرتــووە، جگــە لــەوەی ململانــێ و جەنگــە بەردەوامەکانــی ئــەو پێکهاتانــە زیانــی زۆری بــە ژێرخانــی ئابووریــی ناوچــە کوردییــەکان گەیانــدووە، چونکــە ئــەو ناوچانــە مەیدانـی یەکلاییکردنـەوەی ململانێیـەکان بوونـە، کـوردەکان هـەر لـە سـەرەتای دەرکەوتنـی بوەیهییـەکان ڕۆڵیـان هەبـوو لـە جێگیرکردنـی

(١) مسـكوية: تجـارب الأمـم، ج٥، ص٢٩٤؛ ابـن خلـكان: وفيـات الأعيـان وانبـاء ابنـاء الزمـان، ج٤، ص٨٠-٨١؛ حسـام الديـن النقشـبندي: الكـرد في لرسـتان الصغـرى، ص١٣٥.
(٢) جميل بيضون_أحمد عودات: تاريخ المشرق الأسلامي، دار الأمل، (اربد:١٩٨٩)، ص٢٥.
(٣) مسـكوية: تجـارب الأمـم، ج٥، ص٢٩٤؛ حسـام الديـن النقشـبندي: الكـرد في لرسـتان الصغـرى، ص٢٦٢.

دەسەڵاتی ئەو پێکهاتەیە، بە تایبەت میر حەسنەویە کاتێك لە ساڵی (٣٥٩ك/٩٦٩ز) یارمەتیی (رکن الدولة)ی بوەیهی دەدات لە دژی سامانییەکان، لە پاداشتی ئەوە (رکن الدولة) هەندێك زەوی و زاری پێدەبەخشێت و چاوپۆشی کرد لە فراوانخوازییەکانی[١].

لە ڕاستیدا میر حسنەوەیهی سوودی لە ململانێی نێوان بوەیهییەکان و سامانییەکان وەرگرت و سەرقاڵبوونی بوەیهییەکانی بەهەلزانی و لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای هەرێمی چیادا دەستی بە فراوانخوازی کرد و بەهۆی ئەوەی میری بوەیهی لەم کاتەدا دەیویست زۆرترین دۆست و لایەنگری هەبێت لە ناوچەکەدا، بۆئەوەی پشتگیری بکەن و بتوانێن بەسەر ئەو دوژمنەی سەربکەوێت، کە ببووە مایەی مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتیان، هەر لەبەر ئەوە لە بەرامبەر فراوانخوازییەکانی حەسنەوەیهییەکان کاردانەوەیەکی ئەوتۆیان نەبوو[٢]، سامانییەکان وەك هێزێکی کاریگەر لە ناوچەکە ببوونە بەربەست و مایەی مەترسیش بوون بۆ سەر بوەیهییەکان سەرەڕای ئەوەش سامانییەکان بۆ شەرعیەتدان بە فراوانخوازییەکانیان لە بەغداد پەیوەندیی باشیان لەگەڵ خەلیفەی عەباسی هەبوو[٣]، لەبەرئەوە سیاسەتی میر بەدر خۆدانەپاڵ بوەیهییەکان بوو لە ناکۆکییان لەگەڵ دوژمنەکانیان، پەیوەندیی میری حەسنەوەیهی

(١) فرست مرعي: الامارات الكردية في العصر العباسي الثاني، ص١٤١؛ قادر محمد: الامارات الكوردية في العهد البويهي، ص٩٣ .

(٢) مسكوية: تجارب الأمم، ج٥، ص٣٧٢؛ ئاکۆ بورهان: میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عەباسی، ل٨٩.

(٣) مسعود احمد مصطفى: أقاليم الدولة الأسلامية، الهيئة العامة لمكتبة الأسكندرية، (القاهرة:١٩٩٠) ص٢١٨.

لەگـــەڵ (مؤيـــد الدولـــة)[١]، لەســـەر بەرژەوەنديـــی هاوبـــەش بـــوو، بۆيـــە هاوپەيمانـــی يـــەکتر بـــوون لـــە دژی ميرنشـــينی زيـــاری، کـــە لـــە ناوچەکانـــی جورجـــان دەســـەڵاتدار بـــوون، کـــە لـــە ململانێيەکـــی بـــەردەوام دابـــوون لەگـــەڵ بوەيهييـــەکان، حەســـنەوەيهييەکان هاوشـــان لەگـــەڵ تورکمانـــەکان بـــە يارمەتـــی ســـەربازيان بـــۆ (مؤيـــد الدولـــة) ڕۆڵێکـــی ســـەرەکييان گێـــڕا لـــە ســـەرکەوتنيان بەســـەر زەيارييەکانـــدا، کـــە لـــەو ڕووبەڕووبوونەوەيـــەی لـــە ســـاڵی (٣٧١ك/٩٨١ز) توانيـــان ڕووی جەنگەکـــە لـــە شـــکانەوە بگـــۆڕن بـــەرەو ســـەرکەوتن[٢].

بۆيـــە دەبينيـــن کـــوردەکان بـــۆ پاراســـتنی بەرژەوەندييەکانيـــان و ناوچەکانـــی ژێـــر دەســـەڵاتيان و دورخســـتنەوەی کڵپـــەی ئاگـــری شـــەڕ لـــە ناوچـــە کوردييـــەکان پشـــتگيريی بوەيهييەکانيـــان کـــردووە لـــە دژی نەيارانيـــان و هێـــزە فارســـييەکانی ديکـــە، لـــە بەرامبـــەردا ميرنشـــينە کوردييـــەکان نەيانتوانيـــوە کۆنفدراســـيۆنێك لەنێـــوان خۆيـــان پێکبهێنـــن لـــە دژی پێکهاتەکانـــی تـــر بوەســـتنەوە و بەرگـــری لـــە ناوچەکانيـــان بکـــەن، بۆئـــەوەی وەك پێکهاتەيەکـــی کاريگـــەر هاوشـــێوەی ئـــەو پێکهاتانـــەی دەســـتيان بەســـەر ناوەنـــدی خيلافەتـــی عەباســـيدا گـــرت ڕۆڵ و کاريگەرييـــان هەبێـــت، دەســـەڵاتيان لـــە ناوچەيەکـــی دياريکـــراو تێپەڕينەکـــردووە، بـــەڵام لـــە يارمەتيدانـــی پێکهاتـــەکان ڕۆڵـــی يەکلاکەرەوەيـــان هەبـــووە، بـــە تايبـــەت کاتێـــك (بهـــاء الدولـــة) لـــە ســـاڵی(٣٨٩ك/٩٩٩ز) هەڵمەتێکـــی

---

(١) مؤيـد الدولـة: نـاوی تـەواوی (أبـو منصـور کـوڕی روکـن دەوله)يـە، جێگـری براکـەی بـوو (عضـد الدولـة) فەرمانـڕەوای هەرێمـی چيا بوو لە ساڵی (٣٧٣ك/٩٨٣ز) لـە تەمەنی (٤٣) سـاڵی کۆچـی دوايـی کرد. بڕوانە: سـبط ابـن الجوزي: مراة الزمـان في تواريخ الأعيان، ج١٨، ص٦؛ الذهبـي: تاريخ الأسلام ووفيـات المشـاهير و الأعلام، مج٨، ص٣٤٨.

(٢) ابن الجوزی: المنتظم، ج٦، ص١٥؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩، ص١٣.

سـەربازی ڕێکدەخـات بـۆ سـەر ناوچەکانـی فـارس و خوزسـتان میـر (ابـو الفتـح العنـاز) سـوپایەکەی دەخاتـە خزمەتـی بوەیهییـەکان[١]، ئـەوەش بـۆ نیشـاندانی نیازپاکـی و ڕازیکردنـی بوەیهییـەکان بـووە.

لـە مـاوەی نێـوان (٣٦٦-٣٨٨ك/٩٧٦-٩٩٨ز) چەندیـن جەنـگ و ڕووبەڕووبوونـەوە لـە نێـوان بوەیهییـەکان و زەیارییـەکان ڕوویـدا کـە لـە ململانێدابـوون لەسـەر دەسـتگرتن بەسـەر (جرجـان) تیایـدا، کـوردەکان ڕۆڵیـان لـەو ململانێیـە هەبـوو بەشـداری کارایـان کـردووە[٢]، بـە جۆرێـك (السـیدە)ی دایکـی (مجـد الدولـة)ی فەرمانـڕەوای (ڕەی) کـە بەهـۆی بچووکیـی کوڕەکـەی کاروبـاری ناوچەکـەی بەڕێوەدەبـرد، پەیوەنـدی بـە میـر بـەدرەوە دەکات و پـرس و ڕا و تەکبیـری پێـدەکات ئـەو کاتـەی لـە سـاڵی (٣٨٧ك/٩٩٧ز) ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتیان دوچـاری هێرشـی غەزنەوییـەکان دەبێـت[٣]، جـاری دووەمیـش کاتێـك بـۆ سـاڵی دواتـر (قابـوس کـوڕی شـمکیر) هێـرش دەکاتـە سـەر جرجـان و داگیریـدەکات[٤]، ئەمـەش هێـز و توانـا و دانایـی میـر بـەدری حەسـنەوی دەردەخـات کـە ڕۆڵ و پێگەیەکـی کارای هەبـووە لـە ڕووداوە سیاسـی و سـەربازییەکان و یەکلاییکردنـەوەی ململانێیـەکان و بەهێزیـی پەیوەندییەکانیشـی دەردەخـان لەگـەڵ پێکهاتـە و هێـزە جیاوازەکانـی ناوچەکـە.

---

(١) الـروذراوري: ذيـل تجـارب الأمـم، ج٦، ص١٨٩؛ ابـن الأثير: الكامـل في التاريـخ، ج٩، ص١٥١-١٥٢.

(٢) محمـد أمين زكي: خلاصـة تاريـخ الكـرد وكردسـتان، ت: محمـد على عـوني، مطبعـة السـعادة، (القاهـرة:١٩٣٩)، ص١٤٣.

(٣) فرسـت مرعـي: الامـارات الكرديـة في الـعصر العبـاسي الثـاني، ص١٧٠؛ مهـدى هەروتـی: ڕۆڵـی سـەربازیی کـورد، ل١٥٠

(٤) الـروذراوري: ذيـل تجـارب الأمـم، ج٦، ص١٧٨-١٧٩؛ النويـرى: نهايـة الأرب في فنـون الأدب، ج٢٦، ص١٣.

شـــایه‌نی باســـه‌ لـــه‌ کۆتایـــی ده‌ســـه‌ڵاتی بوه‌یهییـــه‌کان ئـــه‌و هێـــزه‌ فارسـییانه‌ی لـه‌ ناکۆکـی و ململانێـدا بـوون لـه‌ ڕۆژهه‌ڵاتـی ئیسلامـی یـه‌ك یـه‌ك له‌ســه‌ر ده‌ســتی تورکـه‌کان له‌ناوده‌چـن، کـه‌ وه‌ك هێزێکـی گـه‌وره‌ و کاریگــه‌ر به‌ده‌رکه‌وتــن و ده‌ســتیان به‌ســه‌ر ســنووره‌کانی ڕۆژهه‌ڵاتــی ئیسلامیـدا گرتـووه‌.

## باسی چوارەم:

### بەرەو ڕووبوونەوەکانی بوەیهی لەگەڵ دەیلەمەکان (مرزبانی سالاری):

بوەیهییـــەکان ئـــەوکات ناکۆکـــی و ململانێیـــان چـــووە قۆناغێکـــی نـــوێ کاتێـــك (معـــز الدولـــة) ســـوکایەتی بـــە نوێنـــەری مەرزەبـــان(٣٣٧-٣٤٦ك/٩٤٨-٩٥٧ز) دەکات[١]، بۆیـــە ناوبراوهەوڵیـــدا ســـنووری دەســـەڵاتی فـــراوان بـــکات لەســـەر حســـابی بوەیهییـــەکان و بڕیـــاری هێرشبردنـــی دا بۆســـەر (ڕەی)ی پایتەختـــی هەرێمـــی چیـــاکان لـــە ســـاڵی (٣٣٧ك/٩٤٨ز) لەگـــەڵ (رکـــن الدولـــة)ی بوەیهـــی ڕووبـــەڕووی یەکتربوونـــەوە، هەرچەنـــدە مەرزەبـــان پێنـــج هـــەزار جەنـــگاوەری لەگـــەڵ بـــوو کـــە لـــە پێکهاتـــەی دیلـــم و کـــوردەکان بـــوون، بـــەڵام بەهـــۆی زۆریـــی لەشـــکرەکەی (روکـــن الدولـــة) ســـوپای مەرزەبـــان دوچـــاری شکســـتێکی گـــەورە دەبێـــت و لەگـــەڵ (١٣) لـــە ســـەرکردەکانی ســـوپایەکەی بەدیلدەگیرێـــن و لـــە قـــەڵای (ســـمیران)[٢] بەنددەکرێـــت[٣]، بـــەم ســـەرکەوتنەیان بوەیهییـــەکان توانیـــان دەســـەڵاتی خۆیـــان بەســـەر ناوچەکانـــی (ڕەی) بســـەپێنن، ســـەرەڕای ئـــەوەی لـــەو ماوەیـــدا هەرێمـــی ئـــاران بێسەرپەرشـــت و دەســـەڵاتدار دەمێنێتـــەوە[٤]،

---

(١) ابـن الأثیر: الكامـل في التاريـخ، ج٨، ص٤٧٩؛ حسـێن حزنـی موکریانـی: سـەرجەمی بەرهەمەکانـی، ل١٩٤

(٢) قـەڵای سـمیران: یەکێکـە لـە قـەڵا سـەخت و بەهێزەکانـی سـیراف و کەوتۆتـە سـەر چیایـەك پێـی دەڵێـن (چیایـی جم). بڕوانـە : إبن البلخـي: فارس نامة، ت: یوسـف الهادي، دار الثقافيـة للـنشر (القاهـرة :٢٠٠١)، ص١٤٥؛ لسترنـج: بلدان الخلافـة الشرقية، ص٢٩٤.

(٣) مسـكوية: تجـارب الأمـم، ج٥، ص٢٩٠؛ ابـن الأثیر: الكامـل في التاريـخ، ج٨، ص٤٨٠؛ إبراهيـم سـلمان الكـروي: البويهيـون و الخلافـة العباسـية، ص١٣٩؛ ڤ.ف.مینورسـکی: چەنـد لێکۆلینەوەیـەك لـە مێـژووی کوردەکانـی قەوقـاز، ل٤٢.

(٤) محمـد أميـن زكي: تاريـخ الـدول و الأمـارات الكرديـة، ص٩٠-٩١؛ کەیـوان ئـازاد

ڕەوادییەکان(٣٤٣-٤٦٣ك/٩٥٤-١٠٧١ز) و شەدادییەکان(٣٤٠-٥٩٥ك/٩٥١-١١٩٩ز) توانیان سوود لە ململانێی نێوان بوەیهییەکان و مەرزەبانی سالاری وەربگرن، ودەستگیرکردنی مەرزەبانی سالاریان لە ساڵی(٣٣٧ك-٩٤٨ز) بەهەلزانی و بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی میرنشینی سالاریان لە هەرێمی ئازەربێجان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیان[1]، دوو میرنشینی کوردی لە ناوچەکە دامەزراند هەر لەو ماوەیە و لە ساڵی (٣٣٨ك/٩٤٩ز) دەیسەمی کوردی بەهۆی ئەو بۆشاییە سیاسییەی لە ناوچەکە دروستببوو سەرەڕای لاوازیی خیلافەتی عەباسی ئەو دۆخە لە بەرژەوەندیی خۆی دەقۆزێتەوە بەبێ بەرگری دەتوانێت دەست بەسەر شاری ئەردەبیلدا بگرێت[2].

مەرزەبان تا ساڵی(٣٣٩ك/٩٥٠ز) لە بەندیخانە خۆی ڕزگار کرد و لایەنگرانی کۆدەکاتەوە بۆ دژایەتیکردنی بوەیهییەکان، لەو ماوەیەدا بەشێك لەسەربازە دەیلەمەکانی سوپای دەیسەمی کوردی ڕیزەکانی سوپایەکەی جێدەهێڵن و پەیوەندی بە مەرزەبانەوە دەکەن و دەست بەسەر بەشێکی ناوچەکەدا دەگرن، دیسەمی کوردیش لەسەر دەستی سالاری مەرزەبان لە ئازەربێجان دەشکێت و دواتریش لەلایەن (روکن الدولة) ی بوەیهی دەستگیردەکرێت و لە قەڵای سمیران دەستبەسەری

ئەنوەر: کوردستان و کورد لەسەدەکانی ناوەراست، چ١، ل١٢٠.

(١) ابن خرداذبه: المسالك والممالك، دار صادر(بیروت:د.ت) ص١١٩؛ احمد عبدالعزیز محمود: الامارة الهذبانیة الكردیة في أذربیجان و اربیل و الجزیرة الفراتیة، مطبعة الوزارة التربیة (اربیل:٢٠٠٦)ص٨٣.

(٢) أرشاك بولادیان: الأكراد في حقبة الخلافة العباسیة، ت: الكسندركشیشیان، مطبعة ئاراس (اربیل:٢٠١٣)، ص٧٥.

دەکات، بـەڵام ئـەو دەتوانێـت خـۆی ڕزگار بـکات دوای ئـەوەی خاوەنـی قەڵاکـە دەکوژێـت[١]، لـە ڕاسـتیدا هـۆکاری سـەرەکی شـکانی دەیسـەم بـۆ پشتبەسـتنی بـە دەیلەمـەکان دەگەڕێتـەوە لـە پێکهێنانـی سـوپایەکەی بـە تایبـەت دوای دەسـتگیرکردنی مەرزەبـان بەشـێکی سـوپا هەڵاتووەکـەی پەیوەنـدی بـە دەیسـەمەوە دەکـەن، بۆیـە بـە ڕزگاربوونـی مەرزەبـان لـە بەنـد و هەوڵەکانـی بـۆ گێڕانـەوەی دەسـەڵاتی بـە تایبـەت لـە ناوچەکانـی ئازەربێجـان هـەروەك (**مسـكويه**) باسـی لێـوە دەکات، بەشـێك لـەو دەیلەمانـە جارێکـی تـر پەیوەنـدی بـە مەرزەبانـەوە دەکەنـەوە بەشـەکەی تریـان لـە کاتـی ڕووبـەڕوو بوونـەوەی مەرزەبـان لەگـەڵ دەیسـەم لـە ناوبـراو هەڵدەگەڕێنـەوە و دەچنـە پـاڵ مەرزەبـان[٢]، دیـارە ئەمـە هـۆکاری سـەرەکیی شکسـتی دەیسـەم دەبێـت.

شـایەنی باسـە دوای ئـەم ڕووداوانـە دەیسـەم ناتوانێـت هیـچ یارمەتیـەك لـە بوەیهییـەکان وەربگرێـت[٣]، بۆیـە دوای چەنـد بەیـەکتر دادانێکـی تـر لەلایـەن مەرزەبـان دەسـتگیر دەکرێـت[٤]، لـە سـاڵی (٣٤٥ك/٩٥٧ز) لـە بەندیخانـە دەگوژرێـت بەمـەش کۆتایـی بـە دەسـەڵاتی ئـەو میـرە کـوردە هـات[٥]، دەسـەڵاتی مەرزەبانیـش

---

(١) مسكوية: تجارب الأمم، ج٥، ص٣٠٨ ؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٨، ص٥٠٣.
(٢) تجارب الأمم، ج٥، ص٣٠٨ .
(٣) مسـكوية:تجارب الأمـم، ج٥، ص٣٠٨؛ ابـن الأثير: الكامـل في التاريـخ، ج٨، ص٥٠٢ احمـد عبدالعزيـز: الامـارة الهذبانيـة، ص٨٣.
(٤) مسكوية: تجارب الأمم، ج٥، ص٣١٦؛ احمد عبدالعزيز معمود: الامارة الهذبانية، ص٨٣.
(٥) ابـن الأثير: الكامـل في التاريـخ، ج٨، ص٥٠١-٥٠٢ ؛ احمـد عبدالعزيـز معمـود: الامـارة الهذبانيـة، ص٨٣.

زۆر درێــژەی نەکێشــا و هــەر لــەو ســاڵەدا کۆچــی دوای کــرد[١]، لێــرەدا بۆمــان ڕووندەبێتــەوە کــە میــرە کوردییــەکان لــە ســەرەتادا توانیــان ســوود لــە ململانێــی نێــوان بوەیهییــەکان و مەرزەبــان وەربگــرن و دەســەڵاتێکی خۆجێیــی لــە ناوچەکانیــان بنیاتبنێــن، بــەڵام نەیانتوانــی پارێــزگاری لــە دەســەڵاتەکەیان بکــەن یەکێکیــش لــە هــۆکارەکان بوونــی ناوچەکانیــان بــە مەیدانــی ململانێیــەکان، کــە بــووە هــۆکاری کۆتاییهێنــان بــە دەســەڵاتێ میرێکــی کــوردی وەك دەیســەمی کــوردی.

(١) ابــن الأثیر: الکامــل في التاریــخ، ج٨، ص٥٢٠؛ شــوکروڵای بابــان: مێژوویــی کــورد و کوردســتان، ل٩٥.

## تەوەری دووەم:

**هاوبەشی کورد لە کێشە و ناکۆکی وململانێی نێوان پێکهاتەکان لە سەردەمی فەرمانڕەوایی سەلجوقیدا:**

### باسی یەکەم:

**ڕوو بەروو بوونەوەی سەلجوقی و بەساسیری**

سەلجوقییەکان توانیان هەژموونی خۆیان بەسەر ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا بسەپێنن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی گەورەی بەسەر ئەو قۆناغە مێژووییەدا هەبوو، کە تیایدا دۆخ و ململانێی نوێی لە ناوچەکە دروستکردووە، بە تایبەت دوای ئەوەی توانیان زۆربەی ناوچەکان ملکەچی دەسەڵاتیان بکەن، دواتر دەست بەسەر ناوەندی خەلافەتی عەباسیدا بگرن، حەزی زاڵبوون لای سەلجوقییەکان و ملکەچ نەبوونی بەساسیری سەرکردەی تورکی سوپای بەغداد ململانێی نێوانیانی لێکەوتەوە.

ململانێی (بەساسیری)، لەگەڵ (القائم بأمرالله)ی خەلیفەی عەباسی و خراپیی بارودۆخی سیاسی و ئەمنی وای لە خەلیفەی ناوبراو کرد هانا بۆ سوڵتان (طغرل بك) ببات و داوای بەهاناوەچوونی لێبکات بۆ ڕزگاربوون لەو دۆخەی تێیکەوتبوو، چونکە وای دەبینی کە دەتوانێت سنوورێك بۆ بەساسیری دابنێت و هیوا و ئاواتی فاتمییەکانیش زیندەبەچاڵ بکات[1]، دووبەرەکی

(١) الماوردي: قوانين الوزارة وسياسة الملك، ص٨٥؛ الراوندي: راحة الصدور، ص١٦٨؛ الحسيني: زبدة التواريخ أخبار الأمراء و الملوك السلجوقية، ص٥٩؛ البنداري: تاريخ

و ململانــێ وادەکات دەســتەیەك خۆیبداتەپــاڵ هێزێکــی تــر بــۆ ڕاگرتنــی پارســەنگی هێــزی خــۆی یــان هــەروەك ئــیبن خەلــدوون باســی لێــوەدەکات ئــەو پێکهاتانــە باکیــان نییــە یەکێکــی تــر بکەنــە گــەورەی خۆیــان، هەمــوو ئەوانــەش لــە دەمارگیــری ســەرچاوە دەگــرن بــە بەهێــز و بێهێزییــەوە[١]. ململانێــی بەساســیری لەگــەڵ ســەلجوقییەکان بــۆ ئــەو کاتــە دەگەڕێتــەوە کــە ســەلجوقییەکان لــە ســاڵی(٤٤١ك/١٠٤٩ز) لەســەر ڕێــگای خوراســان دەســتیان بەســەر ناوچــەی (الــدزدار) داگــرت، کــە پێــشتر لەژێــر دەســەڵاتی ســعدی کــوڕی ئەبــو شــۆك دابــوو ئــەو ناوچەیــە وەك (أقطــاع) درابــووە بەساســیری[٢]، پێــش گەیشــتنی ســەلجوقییەکانیش بــۆ بەغــداد بەساســیری کۆنترۆڵــی بەغــدادی کردبــوو، خەلیفــەی عەباســی و دوا میــری بوەیهــی (الملــك الرحیــم) دەستەوەســتان بــوون لەبەرامبــەر هێــز و دەســەڵاتی بەساســیری[٣]، ســوڵتانی ســەلجوقی داواکــەی خەلیفــەی عەباســی قبــول کــرد و بــەرەو بەغــداد هــات و خەلیفــە فەرمانیکــرد وتــاری هەینــی بــە نــاوی (تغــرل بــگ) بخوێندرێتــەوە و نــاوی لەســەر دراو بنەخشــێندرێت[٤]، (تغــرل بــك) بــە نیــازی حەجکــردن و نۆژەنکردنــەوەی مەککــە و دورخســتنەوە و لەناوبردنــی (المســتنصرالعلوي) بــەرەو بەغــداد دێــت، (**ابــن الأثیر**) دەگێڕێتــەوە و

---

دولة ال سلجوق، ص٩.

(١) موقەدیمە، ب١، ل٣٨٠.

(٢) زنـار عبدالـسلام عبدالحكیـم: الترك في كوردسـتان مـن القـرن ٥-٧هــ/١١-١٣م، رسـالة دكتـوره، كلیـة العلـوم الانسـانیة-جامعة دهـوك، (دهـوك:٢٠٢٠)، ص٤٩.

(٣) ابن كثیر: البدایة والنهایة، ص١٨٢٢.

(٤) الراونـدي: راحـة الصـدور، ص١٦٩؛ سـبط ابـن الجـوزي: مـراة الزمـان في تواریـخ الأعیــان، ج١٨، ص٤٩١.

دەڵێـت: ((تغـرل بـەگ بـۆ دۆسـتەکانی دەنووسـێت لـە قرمیسین(کرماشـان) و دەینـەوەر و حلـوان هێزەکانیـان ئامـادە بکـەن))[١]، کـە مەبەسـتت لێـی هێـزە کوردییەکانـە کـە پێـشتر دانیـان بـە دەسـەڵاتی سـوڵتانی سـەلجوقی نابـوو وەك میـر هـەزار ئەسـپ و میـر بـەدر کـوڕی مهلهلـی عەننـازی(٤٤٦-٤٦٧ك/١٠٥٤-١٠٧٥ز)، و لەگـەڵ سـوپای سـەلجوقی بەشـدار دەبـن لـە چوونەنـاو بەغـداد[٢]، (الملـك الرحیـم) ی بوەیهـی دەچێتـە پێشـوازی لـە نەهـرەوان، بـەڵام (تغـرل بـگ) فەرمـان بەگرتنـی دەکات و دووریدەخاتـەوە[٣]، بـەم شـێوەیە (تغـرل بـگ) لـە مانگـی ڕەمەزانـی سـاڵی (٤٤٧ك/١٠٥٥ز) چـووە نـاو بەغـداد و خەلیفـەش پێشـوازی لێکـرد، بەمـەش کۆتایـی بـە دەسـەڵاتی بوەیهییـەکان هـات[٤].

لەوکاتـەدا بەساسـیری لەدەسـەڵاتی خەلیفـەی عەباسـی دەردەچێـت و پەیوەنـدی بـە فاتمییەکانـی مصر دەکات و داوای یارمەتییـان لێـدەکات، ئەوانیـش بانگخواز(هبـة اللـه شـیرازي)دەنێرن بـۆ یارمەتیدانـی و سەرخسـتنی بانگـەوازی فاتمییـەکان[٥]، خەلیفـەش داوا لـە (تغـرل بـگ)

(١) الكامل في التاريخ، ج٩، ص٦١٠.
(٢) ئاکـۆ بورهـان: میرنشـینە کوردییەکانـی سـەردەمی عەباسـی، ل١٨٨؛ حیـدر ناظـم: حركـة البسـاسيري (ت٤٥١هـ/١٠٥٩م)، مجلـة جامعـة كـربلاء العلميـة، مـج١٦، ع٤ (كـربلاء:٢٠١٨)، ص٤؛ شـاكر رضـا: سـەلجوقیەکان سـەرهەڵدانیان و پەیوەندیـان بەخەلافـەت و کـورد، گۆڤـاری مێـژوو، ژ٢٢، (هەولێـر:٢٠١٢)ل١٧٦.
(٣) الراونـدي: راحـة الصـدور، ص١٦٩؛ سـبط ابـن الجـوزي: مـراة الزمـان في تواريـخ الأعيـان، ج١٨، ص٤٩٢؛ ابـن كـثير: البدايـة والنهايـة، ص١٨٢٢.
(٤) الفارقـي: تاريـخ الفارقـي، ص١٧٤؛ ابـن كـثير: البدايـة والنهايـة، ص١٨٢٢؛ محمـود ياسـين: الأمـارة المروانيـة، ص١٣٠.
(٥) الماوردي: قـوانين الـوزارة وسياسـة الملـك، ص٨٦؛ سـبط ابـن الجـوزي: مـراة الزمـان في تواريـخ الأعيـان، ج١٨، ص٤٩١؛ نیشـتمان بەشـیر محەمـەد: کـورد و سـەلجوقیەکان،

دەکات سنوورێکی بۆ دابنێت، بەساسیری ڕادەکات بەرەو (الرحبة) کە ناوچەیەکە لە شام[١]، دواتر بەساسیری لەگەڵ هاوپەیمانەکەی میر (دبیس بن مزید)ی مەزیدی دەستیان بەسەر ناوچەکەدا گرت، وتاریان لە موسڵ بە ناوی خەلیفەی فاتمی خوێندەوە[٢]، بەڵام (تغرل بك) بە سوپایەك بەرەو ڕوویان دەچێت و دەست بەسەر موسڵدا دەگرێت و میر هەزار ئەسپ وەك فەرمانڕەوای شاری (بلد) دیاریدەکات و دواتریش بەرەو نوسەیبین دەچێت[٣]، (**سبط ابن الجوزي**) دەڵێت: ((سوڵتانی سەلجوقی موسڵی بەخشیە هەزار ئەسپ))[٤]، دیارە ئەمەش لە پاداشتی ئەو یارمەتییانە بووە کە ئەو میرە کوردە پێشکەشی سەلجوقییەکانی کردووە لە ململانێیان لەگەڵ بەساسیریدا، کوردەکان پێشتر دانیان بە دەسەڵاتی سەلجوقیەکان نابوو و ڕۆڵێکی سەرەکیشیان گێرا لە سەپاندنی هەژموونی سەلجوقییەکان بەسەر بەشە جیاوازەکانی دەوڵەتی عەباسی، چونکە سەلجوقییەکان لە سەرەتادا سیاسەتی ناوەندی بەرامبەر میرنشینە کوردییەکان پەیڕەو کردووە، بەمەش توانیان پشتگیریی کوردەکان بەدەستبهێنن سەرەڕای سوود وەرگرتن لە توانای سەربازی و دارایی ئەو میرنشینانە لە جێگیرکردنی دەسەڵاتیان و ڕووبەڕووبوونەوەی نەیارانیان وەك ئەوەی

---

ل١٤٤ ؛محمود یاسین: الأمارة المروانية، ص١٣٠.

(١) الراوندي: راحة الصدور وآية السرور في تاريخ الدولة السلجوقية، ص١٧١؛ الحسيني: زبدة التواريخ، ص٦٠؛ سبط ابن الجوزي: مراة الزمان في تواريخ الأعيان، ج١٨، ص٤٩١.

(٢) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩، ص٦٢٦-٦٢٧؛ ابن كثير: البداية والنهاية، ص١٨٢٢؛ نیشتمان بەشیر محەمەد: کورد و سەلجوقیەکان، ل١٤٥؛ محمود یاسین التكريتي: الأمارة المروانية، ص١٣١.

(٣) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩، ص٦٢٨؛ ابن العبري: تاريخ الزمان، ص١٠٠.

(٤) مراة الزمان في تواريخ الأعيان، ج١٩، ص٩.

میـر هـەزار ئەسـپ نێوەندگیـری دەکات لـە نێـوان (نـور الدولـة -قوریـش) و سـوڵتانی سـەلجوقی بـۆ لەیەکنزیککردنـەوەی لایەنـە ناکۆکـەکان، بـە تایبـەت کاتێـك نوێنـەری قورەیـش کـوڕی بـەدران و دبیـس هاتنـە لای سـوڵتانی سـەلجوقی و داوای لێخۆشـبوونیان کـرد و ملکەچـی خۆیـان بـۆ سـوڵتانی سـەلجوقی نیشـاندا و ئامـادەی خۆیـان نیشـاندا کـە وتـاری هەینـی بـە نـاوی خەلیفـەی عەباسـی بخوێننـەوە دوای ئـەوەی پێـشتر بەنـاوی فاتمییەکانیـان دەخوێنـدەوە، ئەویـش لێیـان خـۆش بـوو، کاتێـك بەساسـیری بەمـە دەزانێـت لەگـەڵ شـوێنکەوتووانی لـە (بنـي شـيبان)و عوقەیلـەکان بـەرەو ناوچـەی (الرحبـة) پاشەکشـەی کـرد[1].

ئەگەرچـی بەهێـزی شـاڵاوەکانی سـەلجوقی وای لـە چەنـد میرێکـی کـورد کـرد کـە دژی سـەلجوقییەکان بوەسـتنەوە و پشـتگیری بەساسـیری بکـەن و وتـاری هەینـی بـە نـاوی خەلیفـەی فاتمـی بخوێننـەوە ئەمـەش بـۆ پاراسـتنی ناوچەکانیـان لـە تاڵانـی و جەنـگ و دورخسـتنەوەی سـەلجوقیەکان لـە سـنوورەکانیان وەك ئـەوەی میـر (ابـو الفتـح کـوڕی ورام جاوانـی) کـوردی (٤٠٢-٤٥١ك/ ١٠١١-١٠٦٢ز) ئەنجامیـدا، سـەرەڕای بەشـداریکردنی لـە شـەڕی سـنجار، لەپـاڵ بەساسـیریدا[2]، ناوبـراو دوای ئـەوەی توانیبویـی پشـتگیریی دەسـەڵاتدارانی ناوچەکـە بەدەسـتبهێنێت، بـەڵام نەیتوانـی بەردەوامـی بـە ململانێیەکانـی لەگـەڵ سـەلجوقییەکان بـدات، چونکـە زۆربـەی ئـەو دەسـەڵاتدارانە پەشـیمانبوونەوە لـە پشـتگیریکردنی و گەڕانـەوە بـۆ ژێـر دەسـەڵات و هەژموونـی

---

(١) البنـداري: تاريـخ دولـة ال سـلجوق، ص١٢؛ سـبط ابـن الجـوزي: مـراة الزمـان في تواريـخ الأعيـان، ج١٩، ص١٠.

(٢) نیشـتمان بەشـیر: کـورد و سـەلجوقیەکان، ل١٤٥؛ زنـار عبدالـسلام: الترك في کوردسـتان، ص٥٠.

سـەلجوقییەکان، ئەمـەش شکسـتێکی گەورەبـوو بـۆ بەساسـیری، (**ابـن الأثير**) دوپاتـی ئەمـە دەکاتـەوە لـە ڕووداوەکانـی سـاڵی (٤٤٩ك/١٠٥٧ز) دەڵێـت: ((هەریـەك لـە دبیـس کـوڕی علـی مەزیـدی و محمـودی کـوڕی أحـزم خەفاجـی پەیوەندییەکانیـان لەگـەڵ سـوڵتانی سـەلجوقی ئاسـایی کـردەوە و دبیـس گەڕایـەوە ناوچەکانـی))[1]، جگـە لـەوەی (ابـو الفتـح کـوڕی وارامـی جاوانی)یـش یەکێـك دەبێـت لـەو سـەرکردە سـەربازییانەی دەچێتـە پـاڵ سـەلجوقییەکان و ئەوانیـش ڕێـزی دەگـرن و پاسـەوانیەتی دەووڕووبـەری شـاری بەغـدادی پێرادەسـپێرن [2].

بەساسـیری لەهـەر هەڵێـك دەگـەڕا بـۆ فراوانکـردن و سـەپاندنی دەسـەڵاتی، بۆیـە لەگـەڵ قورەیـش کـوڕی بـەدران گەمـارۆی شـاری موسـڵدەدەن بۆمـاوەی چـوار مانـگ[3]، لـەو دۆخـە ناهەمـوارەی بەسـەر خەڵکـی موسـڵ هـات کـوردەکان جارێکـی دیکـە پێگـەو دەسـەڵاتی خۆیـان بەکاردەهێنـن بـۆ هەڵگرتنـی گەمارۆیەکـە و پاڕاسـتنی سـەلامەتیی دانیشـتوانی هـەروەك (**ابـن الأثير**) لـە ڕووداوەکانـی سـاڵی (٤٥٠ك/١٠٦١ز) باسـی لێـوەدەکات و دەڵێـت: ((کـوڕی موسـەکی خاوەنـی ئەربیـل {مەبەسـتی میـری میرنشـینی هەزبانیـە} پەیوەنـدی بـە قرەیـش کـوڕی بـدران دەکات و داوای لێـدەکات سـەلامەتییان بپارێزێـت ئینجـا لـە شـارەکە دەرچـوون))[4]، ئەمـەش دوای ئـەوە هاتـووە کـە بەڵێنـی ئەمانیـان پێـدراوە، (تغـرل بـك) کاتێـك بەمـە دەزانێـت بـەرەو موسـڵ دەچێـت و بەساسـیری شـارەکە جێدەهێڵێـت، بـەڵام لـەو کاتـەدا ابراهیـم

---

(١) الكامل في التاريخ، ج٩، ص٦٣٨.
(٢) مهدی عوسمان هەروتی: ڕۆڵی سەربازیی کورد، ل١٦٧-١٦٨.
(٣) ابن العبري: تاريخ الزمان، ص١٠٤؛ ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ص١٠٧١.
(٤) الكامل في التاريخ، ج٩، ص٦٤٠.

ینـال بەغـداد جێدەهێڵێـت بـەرەو هەمـەدان و دەسـتی بەسـەردادەگرێت كـە مەڵبەنـدی فەرمانڕەوایـی (تغـرل بـك) بـوو[1]، (**ابـن الجـوزي**) ئامـاژە بـە پەیوەندیـی نێـوان بەساسـیری و ابراهیـم ینـال دەكات و دەڵێـت: ((بەساسـیری نامـەی بـۆ ابراهیـم ینـال نـارد بـۆ ئـەوەی لـە دەسـەڵاتی برایەكـەی هەڵبگەڕێتـەوە))[2]، ئەمـەش ئـەو ڕاسـتییە دەسـەلمێنێت كـە دەرچوونـی هەردووكیـان لەیـەك كات دا شـتێكی ئاسـایی نەبـوو، بەڵكـو لـە ئەنجامـی ئـەو پەیوەنـدی و نامـە گۆڕینەوەیـە بـوو كـە لـە نێوانیانـدا هەبـوو، بـە مەبەسـتی دەسـتگرتنی هەریەكێكیـان بەسـەر ناوچەیەكـی كـوردی، بەمـەش بۆمـان ڕووندەبێتـەوە كـە ململانێیـەكان لەسـەر دەسـەڵات و دەسـتگرتن بـووە بەسـەر ناوچـە كوردییـەكان.

ئـەم هەڵوێسـتەی ابراهیـم ینـال (تغـرل بـك) ناچـاردەكات واز لـە دژایەتـی بەساسـیری بهێنێـت و بـە سـوپایەكەی لـە نوسـەیبینەوە بـەرەو ڕووی براكـەی بچێـت لـە هەمـەدان، لەوێـوە داوا لـە (الـب ارسلان) دەكات بەهانایـەوە بچێـت و هـەردوو سـوپایەكە یەكیـان گـرت و ڕووبـەڕووی ابراهیـم ینـال بوونـەوە و بەسـەریدا سـەركەوتن دواتریـش كـوژرا[3]، لێـرەدا ڕۆڵـی كوردانـی هەمـەدان بەدەردەكەوێـت كاتێـك یارمەتـی (تغـرل بـك) دەدەن لـە دژی برایەكـەی بەهـۆی ئـەوەی پەیوەندیـی باشـی لەگـەڵ میرنشـینە كوردییـەكان هەبـوو، بۆیـە پشـتگیرییان دەكـرد و تـا ئەوكاتـە پەیـڕەوی دەسـەڵاتی ناوەنـدی نەكردبـوو لـە

---

(١) الراوندي: راحة الصدور، ص١٧١؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩، ص٦٤١.
(٢) المنتظم في تاريخ الملوك و الأمم، ج١٦، ص٣٠.
(٣) الراونـدي: راحـة الصـدور، ص١٧١؛ الحسـيني: زبـدة التواريـخ، ص٦١؛ البنـداري: تاريـخ دولـة ال سـلجوق، ص١٤.

فەرمانڕەواییدا[١]، بەساسیری ئەو هەڵە دەقۆزێتەوە هاوشان لەگەڵ (قریش کوڕی بدران) و (ابن مزید دبیس) لە ساڵی (٤٥٠ك/١٠٥٨ز) دەست بەسەر بەغدادا دەگرن[٢]، خەلیفەیان دوورخستەوە بەرەو (عانە) و بۆ ماوەی ساڵێك فەرمانڕەوایەتی بەغدادیان کرد وتاریان بە ناوی خەلیفەی فاتمی خوێندەوە[٣]، هەروەك ئیبن خەلدوون باسی لێوەدەکات و دەڵێت: ((ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەسەڵاتی دەوڵەتی عەباسییەکان لەو سەرزەمینانەدا کەمدەبوویەوە و لەولاشەوە دەسەڵاتی فاتمییەکان فراواندەبوو))[٤]، جگە لەوە بەساسیری پەردەداری سوڵتانی سەلجوقیش بە ناوی (یارختەکین) بەدیلدەگرێت و دەیکوژێت، پێشتریش سوڵتانی سەلجوقی لەکاتی دەست بەسەرداگرتنی بەغداد هاوسەر و منداڵەکانی بەساسیری بەدیلگرتبوو، بۆیە لەبەر گرنگیی دیلەکانی هەردوو لا پێویست بوو ئالوگۆرییان بکەن، لێرەدا جارێکیتر ڕۆڵی کوردەکان و گرنگیان لە ڕاگرتنی هاوسەنگی و نزیککردنەوەی لایەنە ناکۆکەکان بەدیاردەکەوێت کاتێك (تغرل بگ) دیلەکانی لای خۆی دەنێرێتە لای میر بەدر کوڕی مهلهل عەنازی و داوای لێدەکات نامەیەك ئاڕاستەی بەساسیری بکات بۆ گۆڕینەوەی دیلەکان و ئەویش بەم کارە هەڵدەستێت و متمانەی هەردوولا بەدەستدەهێنێت و ئاڵوگۆڕەکە ئەنجامدەدات[٥].

---

(١) نیشتمان بەشیر محەمەد: کورد و سەلجوقیەکان، ل ١٥٣.
(٢) الراوندي: راحة الصدور، ص١٧٢؛ البنداري: تاريخ دولة ال سلجوق، ص١٥؛ الذهبي: تاريخ الأسلام، مج٩، ص٧٥٠.
(٣) الراوندي: راحة الصدور، ص١٧٢؛ ابن العبري: تاريخ الزمان، ص١٠٤؛ ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة، ج٥، ص٦٢.
(٤) موقەدیمە، ب١، ل٤٢٥.
(٥) ئاکۆ بورهان محەمەد: میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عەباسی، چاپخانەی

دوای دەستبەسەرداگرتنی بەغداد لەلایەن بەساسیری بارودۆخی بەغداد شڵەژا، خەلیفەی عەباسی(القائم) ترسی لێدەنیشێت و گیانی دەکەوێتە مەترسی، بۆیە میر هەزار ئەسپ لەگەڵ دوبەیسی مەزیدی خەلیفەی عەباسی لە مەترسی بەساسیری ئاگادارەدەکەنەوە و ئامادەیی خۆیان دەردەبڕن لە (واسط) پێشوازی لێبکەن و بیپارێزن[١]، میری میرنشینی مەڕوانی کوردیش بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ناچار لە ساڵی(٤٥٠ك/١٠٥٨ز) وتاری بە ناوی فاتمییەکان(٢٩٨-٥٦٧ک/٩١٠-١١٧١ز) دەخوێنێتەوە پێشتریش لە شەری سنجار یارمەتیان دابوون[٢]، ئەمە لەکاتێکدابوو لە ساڵی(٤٤١ك/١٠٤٩ز). وە میر (نصر الدولة) لەسەر داوای (تغرل بگ) بە ناوی سەلجوقییەکانەوە حوکمی دەکرد[٣]، ئەمەش بەئاشکرا لە نامەکەی (نصر الدولة) ڕەنگدەداتەوە کە بۆ بانگخوازی فاتمییەکان (المؤيد في الدين) دەینێرێت و دەڵێت: ((وەڵامی بانگەوازی تورکە تاغییەکانم داوەتەوە، ئەمەش بۆ پاراستنی خۆم و گونجان لەگەڵ وەختەکەی))[٤]، بەڵام زۆری پێناچێت و بە گەڕانەوەی (تغرل بگ) بۆ بەغداد پاشگەز دەبنەوە[٥]، بەمەش

---

چوارچرا، (هەولێر:٢٠٢٠)چ٢، ل١٨٨.

(١) سبط ابن الجوزي: مراة الزمان في تواريخ الأعيان، ج١٩، ص٦٤؛ زرار صديق تۆفيق: میر هەزار ئەسپ کوڕی بەنگێرکوڕی عەیازی کورد، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ٨، بB (سلێمانی:٢٠٠١)، ل٤٤.

(٢) مؤيد في الدين: سيرة المؤيد الدين داعي الدعاة، ص١٣٧-١٣٨؛ نیشتمان بەشیر: کورد و سەلجوقیەکان، ل١٤٧.

(٣) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩، ص٥٥٧.

(٤) المؤيد في الدين: سيرة المؤيد في الدين داعي الدعاة، ص١٠٨.

(٥) محمود یاسین: الأمارة المروانية، ص١٣١؛ همزە کاکە یاسین: کورد لە کتێبی(مسالك الابصار في ممالك الامصار)ی ابن فضل اللة العمري، تێزی دکتۆرایە، کۆلێژی ئەدەبیات-زانکۆی سەلاحەددین، (هەولێر:٢٠١٤)، ل١٣٩.

میـری مەروانـی توانیبـووی بـە سیاسـەتێکی زیرەکانـە هاوسـەنگی پەیوەندییەکانـی لـە نێـوان هـەردوو خەلیفـەی فاتمـی و عەباسـی ڕابگرێـت و میرنشـینەکەی لـە بەهێـزی و توندوتیژیـی سـەلجوقییەکان بپارێزێـت، هـەر لـەو ماوەیـە میـر ئەبولفەتحـی جاوانـی کـوردی (٤٠٢-٤٥٥ك/١٠١١-١٠٦٢ز) واز لـە ڕیزەکانـی بەساسـیری دەهێنێـت و پشـتگیری سـەلجوقییەکان دەکات[1]، دیـارە میـرە کـوردەکان نەیانویسـتووە ناوچەکانیـان ببێتـە مەیدانـی ململانێـی نێـوان پێکهاتەکانـی تـر، بۆیـە هەوڵیانـداوە پارێـزگاری لـە خەڵـك و خاکـی ناوچـە کوردییـەکان و هەوڵـی پارێزگاریکـردن لـە سـەروماڵی هاوڵاتیانیـان داوە لـە ڕێگـەی خۆگونجاندنیـان لەگـەڵ گۆڕانکارییـە سیاسـی و کارگێڕیـەکان و یەکلایـی بوونـەوەی ململانێیـەکان لەنێـوان لایەنـە ناکۆکـەکان.

دوای ماوەیـەك لـە سـاڵی(٤٥٠ك/١٠٥٨ز) (تغـرل بـگ) دەسـتکراوە دەبێـت بـۆ گەڕانـەوە بـۆ بەغـداد و ڕووبەڕووبوونـەوەی بەساسـیری، پێـش گەیشـتنی سـوڵتانی سـەلجوقی بـە بەغـداد خەلیفـەی عەباسـی بڕیـاردەدات، بچێتـە لای عەننازییـەکان و میـر بـەدر بـەو هەواڵـە دڵخـۆش دەبێـت و دەچێتـە پێشـوازی و ماوەیـەك خەلیفـەی عەباسـی لـەلای عەننازییـەکان دەمێنێتـەوە پێـش ئـەوەی بچێتـە نەهـرەوان و لـەوێ سـوڵتانی سـەلجوقی پێشـوازی لێـدەکات[2]، ئەمـەش ڕۆڵـی عەننازییـەکان دەردەخـات لـە پاڕاسـتنی خەلیفـەی عەباسـی لـە ململانێـی نێـوان

---

(١) نیشـتمان بەشـیر: کـورد و سـەلجوقیەکان، ل٢٣٢؛ مهـدی عـوسمان هەروتـی: ڕۆڵـی سـەربازیی کـورد، ل١٦٨.

(٢) ابـن الأثیر: الکامـل في التاریـخ، ج٩، ص٦٤٨؛ البنـداري: تاریـخ دولـة ال سـلجوق، ص١٦؛ ابـن خلـدون: تاریخ ابـن خلـدون، ص١٠٧١؛ حسـام الدیـن النقشـبندي: الکـرد في لرسـتان الصغـری، ص٢٦٨.

بەساسـیری و سـەلجوقییەکان، لـە سـاڵی (٤٥١ك/١٠٥٩ز) (تغـرل بـك)، لـە ناوچـەی (ڕەی) گەڕایـەوە بـەرەو بەغـداد[١]، بەساسـیری بـەرەو دبیسـی مەزیـدی هەڵدێـت، و (تغـرل بك)یـش بەدوایـدا توانـی بەسـەر بەساسـیریدا سـەربکەوێت و بیکوژێـت و لـە بەغـداد سـەری هەڵواسـی و خەلیفـەی عەباسیشـی گەڕانـدەوە بەغـداد[٢]، ئـەوەی پەیوەسـتە بـە ڕۆڵـی کـوردان دەکرێـت بڵێیـن، کـە کـوردەکان بـە گشـتی و میـر هـەزار ئەسـپ بـە تایبەتـی ڕۆڵێکـی گرنگـی لـە سەرخسـتنی سـەلجوقییەکان لەعێـراق لەڕویـی سیاسـی و سەربازیشـەوە بینیـووە[٣]. ململانێـی ئـەو دوو لایەنـە سـەرەڕای ئـەوەی ململانـێ بـوو لەسـەر دەسـەڵات ململانێـی مەزهەبیـش بـوو هەریەکیـان بـە نوێنەرایەتیـی مەزهەبێـك لـە ململانێدابـوون، سـەرەڕای ئـەوەی هـۆکاری بەشـێك لـە ململانێیـەکان لەسـەر دەسـتگرتن بـوو بەسـەر خاکـی ناوچـە کوردنشـینەکان، جگـە لـەوەی کـوردەکان لـەو ململانێیـە بەسـەر دوو بـەرەدا دابەشـبوون، هـەروەك ئاماژەمـان پێکـرد، لـە کۆتاییشـدا ئـەو میـر و میرنشـینانەی لەپـاڵ بەساسـیریدا بـوون دایانـە پـاڵ سـەلجوقییەکان، ئەمـەش ڕۆڵێکـی گرنگـی بینـی لـە یەکلاییکردنـەوەی ململانێیەکـە لـە بەرژەوەنـدی سـەلجوقییەکان، بـەڵام بـە گشـتی کـوردەکان سـووتەمەنی ململانێیەکـە بوونـە و بـە زیانـی ئابـووری و مرۆیـی بـۆ ناوچـە کوردییـەکان کۆتاییهاتـووە.

---

(١) ابـن الـقلانسي: ذيـل تاريـخ دمشـق،مطبعة الآبـاء اليسـوعيين، (بيـروت:١٩٠٨)، ص٨٩؛ الـدواداري: كنـز الـدرر، ج٦، ص٣٧٣.

(٢) الراونـدي: راحـة الصـدور، ص١٧٥؛ ابـن الـعبري: تاريـخ الزمـان، ص١٠٥؛ البنـداري: تاريـخ دولـة ال سـلجوق، ص١٧؛ الذهبـي: تاريـخ الأسلام، مـج١٠، ص٧.

(٣) الحسـيني: زبـدة التواريـخ، ص١٠٢؛ مهـدی عـوسمان هەروتـی: ڕۆڵـی سـەربازیی کـورد، ل١٦٧.

## باسی دووەم:

### گرفتەكانی دەسەڵاتداریەتیی سەلجوقی لەگەڵ خیلافەتی عەباسیدا:

هەڵوێستی سەلجوقییەكان بەرامبەر بە خەلیفەی عەباسی بە شێوەیەكی گشتی لە هەڵوێستی بوەیهییەكان جیابوو، سەلجوقییەكان لەبەر بیروباوەڕ و پێگەیشتن و گەورەبوونیان بە سونە مەزهەب ڕێزیان لە خەلیفە دەگرت و بە ئەركێكی ئاینیشیان دەزانی، بۆیە پەیوەندیی نێوان سەلجوقییەكان و خەلیفەی عەباسی لە سەرەتادا پەیوەندییەكی باش بوو، سەلجوقییەكان پشتی خەلیفەی عەباسییان گرت بۆ بەرگرتن لە بانگەوازی فاتمییەكان، كە ببووە مایەی مەترسی تا ئاستی لەناوچوونی خیلافەتی عەباسی، سەلجوقییەكانیش پێویستییان بە دانپێدانانی خەلیفەی عەباسی هەبوو بۆ ئەوەی شەرعیەتی خۆیان بەدەستبهێنن، بۆیە پەیوەندیی نێوانیان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش بوو[١]، خەلیفەی عەباسی پێش گەیشتنی سەلجوقییەكان بە بەغداد هەوڵیدا ڕووبەڕوویان ببێتەوە و سنوورێك بۆ فراوانخوازییەكانیان دابنێت، بۆ ئەم مەبەستەش لە ساڵی (٤٤٠ك/١٠٤٨ز) سوپای خەلیفەی عەباسی لە بەغدادەوە ڕەوانەی ناوچەی حلوان كرا، بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی سەلجوقییەكان، بەڵام نەیانتوانی بەسەریاندا سەربكەون و ژمارەیەكی زۆریشان بەدیلدەگیرێن[٢]، كاتێكیش سەلجوقییەكان دەبنە هێزێكی كاریگەری ناوچەكە خەلیفە پشتیان پێ دەبەستێت و لەكاتی دەستبەسەرداگرتنی

---

(١) حسن أحمد محمود -أحمد ابراهيم شريف: العالم الأسلامي في العصر العباسي، ص٦١٩؛ على أبراهيم حسن: تاريخ الاسلامي العام،مكتبه النهضة (القاهرة:١٩٥٣)، ص٥٠٢؛ نیشتمان بەشیر: كورد و سەلجوقیەكان، ل١٥٧.

(٢) ئاكۆبورهان محەمەد: میرنشینە كوردییەكانی سەردەمی عەباسی، ل١٨٣.

بەغـداد لەلایـەن سـەلجوقییەکان خەلیفـەی عەباسـی پێشـوازیان لێـدەکات، بـەڵام ئـەو پێشـوازییەیان لەلایـەن خەڵکـەوە لێنەکـرا، چونکـە سـەلجوقییەکان کەوتنـە گیانـی خەڵـك و زۆربـەی ناوچەکانیـان تاڵانکـرد، ئـەم هەڵوێسـتەی سـەلجوقییەکان نارەزایـی خەلیفـەی لێکەوتـەوە و لـەو بڕوایـە نەبـوو تورکـەکان بـەو شـێوەیە مامەڵـە بکـەن، ئەمـەش بـە سـەرەتای ناکۆکیـی نێوانیـان دادەنرێـت[١]، هـەروەك ئـیبن خلدوونیـش ئاماژەی پێـدەکات و دەڵێـت: ((ئـەو نەتـەوە ناعەرەبانـەی کـە پێـشتر لەژێـر فەرمانـی ئەوانداب‍ـوون بەسـەریاندا زاڵبـوون))[٢]، ئەمـەش ئاماژەیـە بـۆ زاڵبوونـی ڕەگـەزی تورکـی بەسـەر ڕەگـەزی عەرەبـی، پەیوەندیـی نێـوان ئـەم دوو لایەنـە بـە ئارامـی نەمایـەوە بەهـۆی هەوڵەکانـی (تغـرل بـگ) بـۆ گرتنـە دەسـتی گشـت دەسـەڵاتەکانی عێـراق بـە دەسـەڵاتەکانی خەلیفەشـەوە، جگـە لـەوەی داهاتەکانـی عێراقـی بـردە خەزێنـەی سـەلجوقی و دوای دەرچوونیشـی لـە بەغـداد بـەرەو (ڕەی) پایتەختیـان کارمەندێکـی سـەلجوقی لـە شـوێنی خـۆی دانـا کـە دەسـەڵاتی بەسـەر خەلیفەشـدا هەبـوو، چاوچنۆکیـی سـەلجوقییەکان بـۆ دەسـەڵات گەیشـتە ئاسـتێك کـە پێـشتر کـەس پێـی نەگەیشـتبوو، بـەوەی داوای کچـی خەلیفەیـان دەکـرد بـۆ سـوڵتانەکانیان، کـە مەبەسـت لێـی ئەوەبـوو نەوەکانیـان بکەنـە جێنشـینی خەلیفـە، ئەمـەش شـتێك بـوو کـە پێـشتر هیـچ کـەس هەوڵـی بـۆ نەدابـوو[٣].

---

(١) خالد عزام: موسوعة تاريخ الإسلامي (العصر العباسي)، ص٢٥٥-٢٥٦.

(٢) موقەدیمە، ب١، ل٤١٣.

(٣) البنـداري: تاريـخ دولـة ال سـلجوق، ص١٩-٢١؛ محمـد سـهيل تقـوش: تاريـخ السلاجقـة في خراسـان و إيـران و العـراق، ص٨٤؛ حسـن أحمـد محمـود -أحمـد ابراهيـم شريـف، العـالم الأسلامـي في الـعصر العبـاسي، ص٦١٩.

لەوماوەیە بەشێکی زۆر لە میرە کوردەکان بەهۆی زەبروزەنگی سەلجوقییەکان و بۆ پاراستنی دەسەڵاتیان و ناوچەکانیان چوونە ژێر هەژموونیان تەنانەت ببوونە بەشێك لە ململانێەکانی سەلجوقی لەگەڵ پێکهاتە و لایەنەکانی تر و یارمەتیان دەدان، (**ابن الأثیر**) لە ڕووداوەکانی ساڵی (٤٥٥ك/١٠٦٣ز) باس لە هاتنی (تغرل بگ) دەکات هاوشان لەگەڵ چەند میرێك لە ئەرمینیاوە بۆ بەغداد و پێشوازی لێکردنی لەلایەن خەلیفەی عەباسی دەڵێت: ((وەزیر کوڕی جەهیر دەرچوو بۆ پێشوازی کردن لە سوڵتان کە هەریەك لە میر علی کوڕی کالیجار و سورخاب کوڕی بەدر و هەزار ئەسپ و مەنسور فرامەرز کاکەوەی لەگەڵ بوون))[١]، هاتنی سوڵتان بۆ بەغداد بۆ گواستنەوەی (السیدة)ی کچی خەلیفە بوو[٢]، هاوشان لەگەڵ ئەو میرە کوردییانە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە پەیوەندییان باش بووە، ئەنجامدانی ئەو هاوسەرگیرییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەلجوقییەکان چاویان بڕیبووە پایەی خیلافەت، بەڵام لەبەر نەبوونی مەرجی ڕەچەڵەك بیریان لە هاوسەرگیری کردەوە، لەگەڵ کچی خەلیفە بۆ ئەوەی منداڵێکیان ببێت شەرعیەتی ڕەچەڵەك لە عەباسیەکان و هێز و توانا لە سەلجوقییەکان وەربگرێت تا بگەنە پایەی خیلافەت، کوردەکان و میرە عەننازییەکان بە درێژایی مێژووی میرنشینەکەیان بە بەردەوامی لە ڕووی ئاینی لایەنگر و پەیوەستی خەلافەت

---

(١) الكامل في التاريخ، ج١٠، ص٢٦؛ سبط ابن الجوزي: مراة الزمان في تواريخ الأعيان، ج١٨، ص١٤٤.

(٢) البنداري: تاريخ دولة ال سلجوق، ص٢١؛ الذهبي: تاريخ الأسلام ،مج٨،ص٦٠؛ ابن كثير: البداية والنهاية، ص١٨٣٢.

بوونە و پارێزگارییان لێ کردووە بە تایبەت کاتێك (تغرل بگ) لە ساڵی (٤٥٥ك/١٠٦٣ز) دەمرێت بۆشاییەکی ئەمنی لە ناوچەکە دروستدەبێت خەلیفە داوا لە چەند میرێك دەکات، لەوانە (ابو کالیجار هزارسب -ابو الفتح-بدر بن مهلهل) کە بێنە بەغداد بە مەبەستی پرس و ڕاوێژ بۆ چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بارودۆخەی هاتۆتە پێشەوە[١]، بە تایبەت کاتێك میری عوقەیلی (شرف الدولة مسلم بن قریش)(٤٥٣-٤٧٨ك/١٠٦١-١٠٨٥ز) ئەو بارودۆخە بەهەل دەزانێت و هەڕەشەی داگیرکردنی بەغداد دەکات، بەڵام بەدری کوڕی مهلهل لەگەڵ چەند میرێکی تر پشتگیری خەلیفەی عەباسی (القائم)دەکەن و پارێزگاری لێدەکەن[٢].

سوڵتان ئەلب ئەرسەلان لە ساڵی (٤٥٨ك/١٠٦٦ز) سوڵتان مەلکشای کوڕی وەك جێگر لەدوای خۆی دەستنیشان کرد و فەرمانی کرد لە گشت ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی وتاری بۆ بخوێندرێتەوە، بۆ ئەم کارەشی ڕای خەلیفەی وەرنەگرت[٣]، لە ساڵی (٤٦٤ك/١٠٧٢ز) سوڵتان (أبو العلاء محمد بن حسین)ی وەك وەزیر دەستنیشانکرد بەبێ ئەوەی ئاگاداری خەلیفە بکاتەوە و نازناوی وەزیری وەزیرانی پێدا، کاتێك بەرەو بەغداد هات خەلیفە ئامادە نەبوو پێشوازی لێبکات، چونکە خەلیفە بەو هەڵسوکەوتە بێزاربوو بەدەستوەردانە کاروباری تایبەتی خیلافەتی لەقەڵەمدەدا، ئەمەش ناکۆکیی

(١) سبط ابن الجوزي: مراة الزمان في تواريخ الأعيان، ج١٩، ص١٥٠.

(٢) سبط ابن الجوزي: مراة الزمان في تواريخ الأعيان، ج١٩، ص١٥٥؛ حسام الدين غالب النقشبندي: الكرد في لرستان وشهرزور، ص٢٦٤؛ مهدی عوسمان هەروتی: ڕۆڵی سەربازیی کورد، ل٩٩ .

(٣) محمد سهيل تقوش: مێژووی دەولەتی عەباسی، ل٣١٩ .

نێـوان هــەردوولای قوڵترکـرد[١]، ســەردەمی ســوڵتان مەلیکشــا خەلیفــەی عەباســی بــەرەوڕووی ســوکایەتییەکی زۆر بوویــەوە، پەیوەنــدی و کێشــەی نێوانیــان بــە جۆرێــك خــراپ بــووە کــە مەلیکشــا لــە ســاڵی (٤٨٥ك/١٠٩٢ز) داوا لـە خەلیفـەی عەباسـی (المقتـدي)(٤٦٧-٤٨٧ك/١٠٧٥-١٠٩٤ز) دەکات بەغــداد جێبهێڵێــت و مۆڵەتــی (١٠ ڕۆژ)ی پێــدەدات، بـەڵام پێـش تـەواو بوونـی وادەکـەی مەلیکشـا دەمرێـت، دیـارە ئەمـەش لــە ئەنجامــی بێدەســەڵاتی و بێهەڵوێســتیی خەلیفــە بــووە لــە بەرامبــەر ســەلجوقییەکان[٢]، خەلیفــەی عەباســی وابەســتەی دەســەڵاتداریەتی ســوڵتانی ســەلجوقی بــووە، بۆیــە سیاســەتی دەوڵەتــی عەباســی بــە تــەواوی کەوتۆتــە دەســت ســەلجوقییەکان، خەلیفــەش وەك ســیمبولێکی خەلافــەت مابوویــەوە، بۆیــە میرنشــینە کوردییەکانــی ئــەو ســەردەمە بــە نــاوی خەلیفــەی عەباســی حوکمڕانییــان دەگێــرا و بــە ناوهێنانــی نــاوی خەلیفــەش لــە وتــاری هەینــی پابەندیــی خۆیــان بــۆ دەربڕیــووە[٣]، لــە دوای مردنــی مەلیکشــا لــە ســاڵی(٤٨٥ك/١٠٩٢ز) دەرگای ئــاژاوە و شــەڕ و ململانــێ بــە ڕووی ســەلجوقییەکان کرایــەوە، کــە بــە ســەرەتای کۆتاییهاتنــی ســەردەمی بەهێزیــی ســەلجوقییەکان دادەنرێــت[٤]، خەلیفــەی عەباســیش ڕۆڵــی چاودێریکردنــی بارودۆخــی نێــو بنەماڵــەی ســەلجوقی

(١) البنداري: تاريخ دولة ال سلجوق، ص٤٢ .

(٢) ابـن خلـكان: وفيـات الأعيـان وانبـاء ابنـاء الزمـان، ج٥، ص٢٨٨-٢٨٩؛ خالـد عـزام: موسـوعة تاريـخ الإسلامـي (الـعصر العبـاسي)، ص٢٥٧؛ علـى أبراهيـم حسـن: تاريـخ الاسلامـي العـام، ص٥٠٣.

(٣) ئاكۆ بورهان: میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عەباسی، ل٢٢٤.

(٤) الحسـيني: زبـدة التواريـخ، ص١٤٧؛ نيشـتمان بشـير: المصاهـرات السياسـية بين خلفـاء العباسـيين وسلاطين السلاجقـة، گۆڤـاری زانکـۆی سـەلاحەدین بـۆ زانسـتە مرۆڤایەتیـەکان، ب٢٠، ژ٦(اربيـل:٢٠١٦)، ص١٤١.

بــوو[١]، لــە قوڵکردنــەوەی ناکۆکیــی نێوانیــان و داننــان بەدەســەڵاتی ئــەو میرانــەی لــە دەســەڵاتی ســەلجوقییەکان دەردەچــوون ڕۆڵــی دەگێــڕا، یاخــود لــە یەککاتــدا مافــی ســوڵتانی بــە دوو ســوڵتان دەدا تــا هێــزە ســەلجوقییەکان بەگژیەکــدا بــدات و ململانێــی نێوانیــان قوڵتربکاتــەوە، ئــەم هەوڵــەش لەگــەڵ هاتنــە سەردەســەڵاتی خەلیفــە (المسترشــد باللــە)(٥١٢-٥٢٩ك/١١١٨-١١٣٥ز) دەســتیپێکردووە[٢]، کاتێــك کــە بینــی سـەلجوقییەکان لـە نێـوان خۆیانـدا ناکۆکـن، بۆیـە دەسـتیکرد بـە لێـدان لـە دەسـەڵاتی سـەلجوقییەکان[٣]، ئەمـەش هـۆکار بـوو بۆئـەوەی بتوانێـت لـە ساڵی(٥١٦ك/١١٢٢ز) شـاری حللـە لەژێـر دەسـەڵاتی دوبیـس دەربهێنێـت، پێگـەی خـۆی قایـمتر بـکات[٤]، دوای ئـەوەی توانـی سـوپایەکی (١٠ هـەزار) سـەربازی لـە عەرەبـەکان و کـوردەکان کۆبکاتـەوە، بـە تایبـەت کوردەکانـی هەرێمــی جەزیــرە پەیوەندییــان بــە ســوپای خەلیفــەوە کــرد و ڕۆڵێکــی ســەرەکییان گێــڕا لــە سەرخســتنی ســوپایەکە و گەڕاندنــەوەی هەژموونــی خەلیفــەی عەباســی بەســەر ناوچەکەکانــی عێــراق و دەســتگرتن بەســەر زەوییەکانــی ســەلجوقییەکان[٥]، دوای ئــەوە خەلیفــە بڕیاریــدا ســنوورێك بــۆ ســوڵتانی ســەلجوقی دابنێــت و شــکۆی خــۆی بگەڕێنێتــەوە و نوێنــەری

---

(١) عبــد العظيــم رضايــي: تاريــخ ده هــزار ســاله ايــران، چــاپ انتشــارات اقبــال، (تهران:١٣٨١)مــج٣، ص٨٨.

(٢) الصديــق البغــدادي: المصبــاح المضيء في خلافــة المســتضيء، ت: ناجيــة عبداللــة ابراهيــم، شركــة المطبوعــات للتوزيــع، (بيروت:٢٠٠٠)، ص٤٩٤-٤٩٥.

(٣) العمـراني: الأنبـاء في تاريـخ الخلفـاء، ص٢١٠؛ ابـن واصل: مفرج الكروب فـى اخبار بني ايـوب، ت: جمال الدين الشيال، مطبعةجامعة فـؤاد الأول، (القاهرة:١٩٥٣)ج١، ص٥١.

(٤) النويـري: نهايـة الأرب في فنـون الأدب، ج٢٧، ص١٥؛ عبـد الكريـم عبـده حتاملـة: دور الخليفـة المسترشـد باللـة قـي مواجهـة نفـوذ السلاجقـة، مجلـة جامعـة أم القـرى للبحـوث العلميـة المحكمة، ع١٨(مؤتـة:١٩٩٨)، ص٢٧٧-٢٧٩.

(٥) ابن العمراني: الإنباء في تاريخ الخلفاء، ص٢١٧.

ســوڵتانی ســەلجوقی لــە بەغــداد دەرکــرد، لــەو ململانێیــەش میرنشــینی هەزبانــی بڕیــاردەدات کــە پشــتی خەلیفــەی عەباســی بگرێــت، بۆیــە لــەڕووی ســەربازی بەشــداری ســوپای خەلیفــە دەبێــت، کــە ژمارەیــان (٣٠ هــەزار) جەنگاوەربــوو[١]، دوای چەندیــن ڕووبەڕووبوونــەوە خەریــك بــوو جەنگەکــە لەبەرژەوەندیــی خەلیفــەی عەباســی کۆتاییبێــت، بــەڵام بەهــۆی هەڵگەڕانــەوەی (ابــو الهیجــاء هذبــاني)(٤٥٦-٥١٩ك/ ١٠٦٤-١١٢٥ز) و ســەربازە تورکــەکان، ســوپای خەلیفــە شکســتدەهێنێت (**ابــن الاثیــر**) لــە ڕووداوەکانــی ساڵی (٥٢١ك/١١٢٧ز) ئاماژە بـەو ڕووداوە دەکات و دەڵێــت: ((میــر ئەبــو ئەبولهیجائــی کــوردی خاوەنــی هەولێــر غــەدری کــرد و لەکاتــی دەرچوونــی وای نیشــاندا کــە لەپــاڵ خەلیفــە شــەڕ دەکات، بــەڵام لەنــاکاو خــۆی و ســەربازەکانی دەچنــە پــاڵ ســوڵتانی ســەلجوقی))، بۆیــە دوای ئــەو شکســتەی کــە خەلیفــە دوچــاری هاتــووە، ناچاردەبێــت بــە پەیمانــی ئاشــتی ڕازی ببێــت لەگــەڵ ســەلجوقییەکان[٢]، ســەرەڕای ئــەوەی میــر عیســی ســەرکردەی حەمیدییەکانیــش وەك ســەرکردەیەکی ســەربازی بەشــدار بــووە و پشــتگیری خەلیفــەی عەباســی کــردووە، ئەمــەش بەڵگەیــە لەســەر ئــەوەی تاچەنــد کــوردەکان ڕۆڵیــان هەبــووە لەســەر لــە گۆڕینــی ڕەوتــی شــەڕەکە و یەکلاییکردنــەوەی لــە بەرژەوەندیــی ســەلجوقییەکان[٣].

(١) ابـن الأثير: الكامـل في التاريـخ، ج١٠، ص٦٣٨؛ بـن واصـل: مفـرج الكـروب فـی اخبـار بنـي ايـوب، ص٥٩.
(٢) الكامـل في التاريـخ، ج١٠، ص٦٣٨؛ بـن واصـل: مفـرج الكـروب فـی اخبـار بنـي ايـوب، ج١، ص٦٠؛ محسـن محمـد حسـين: أربيـل في عهـد الآتـابكي، مطبعـة التفسير، (اربيـل:٢٠١٤)، ص٣٩؛ مهـدی هەروتـی: ڕۆڵـی ســەربازیی کـورد، ل١٧٣.
(٣) ابـن الأثير: الكامـل في التاريـخ، ج١١، ص١٥؛ محمـد أمين زكي بـك: خلاصـة تاريـخ الكـرد وكردسـتان، ص١٥٥؛ زبيـر بـيلال أسماعيـل: أربيـل في أدوارهـا التاريخيـة، مطبعـة

سولّتان مسعود له سالّی (٥٢٩ك/١١٣٦ز) بەهۆی ناکۆکی لەگەڵ سولّتان (تغرل) بەرەو بەغداد هەڵدێت، خەلیفە (المسترشد بالله) بۆ قولّکردنەوەی ئەو ناکۆکییە و بێهێزبوونیان یارمەتیی سەربازی پێشکەش بە سولّتان مسعود دەکات، بەڵام لەوکاتە (تغرل) کۆچی دوایی دەکات و سولّتان مەسعودیش دەستبەسەر هەمەداندا دەگرێت[١]، خەلیفەی عەباسی لەترسی دەستبەسەرداگرتنی ناوچەکانی بە سوپایەك کە لە پێکهاتە جیاوازەکان پێکهاتبوو، کوردیش ڕۆڵی کاریگەریان هەبوو لە بەشداریکردن لەو سوپایە بەرەو ڕووی سولّتانی ناوبراو چوون، لە ڕووبەڕووبوونەوەکە خەلیفە شکستدەهێنێت و بەدیلدەگیرێت و ماڵومولّکی تاڵاندەکرێت و دواتر دەکوژرێت[٢]، سولّتان (مەسعود) بەوە ناوەستێت و دژی هەوڵەکانی خەلیفە (الراشد) (٥٢٩-٥٣٠ك/١١٣٥-١١٣٦ز) دەوەستێتەوە کە لە هەوڵی تۆڵەکردنەوەی باوکی و سنووردانان بوو بۆ سەلجوقییەکان، بەڵام شکستدەهێنێت و بەرەو موسڵ پاشەکشەدەکات[٣]، دواتر سولّتان داوای لێبوردنی لە خەلیفە کرد و دوای نەخۆشکەوتنیشی بەرەو هەمەدان گەڕایەوە[٤]. خەلیفەی عەباسی

---

النعمان، (النجف:١٩٧٠)، ص١٤٨.

(١) ابن العمراني: الإنباء في تاريخ الخلفاء، ص٢١٨؛ ابن الأثير: التاريخ الباهر في الدولة الأتابكية، ت: عبدالقادر أحمد طليمات، دار الكتب الحديث، (القاهرة:١٩٦٣)، ص٤٩؛ أبي الفدا: المختصر في أخبار البشر، ج٣، ص١٤.

(٢) النويري: نهاية الأرب في فنون الأدب، ج٢٧، ص٢٦؛ ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ص١٨٨٧.

(٣) ابن العمراني: الإنباء في تاريخ الخلفاء، ص٢٢٢؛ النويري: نهاية الأرب في فنون الأدب، ج٢٧، ص٢٧.

(٤) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج١٠، ص٦٣٩؛ البنداري: تاريخ دولة ال سلجوق، ص١٥٩؛ النويري: نهاية الأرب في فنون الأدب، ج٢٧، ص١٧؛ حسن خليفة: الدولة العباسيه قيامها و سقوتها، ص٢٣١.

(المسترشد بالله) لە هەوڵەکانی بەردەوام بوو بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی بەسەر ناوچەکانی دەوورووبەر و ڕۆڵێکی کاراشی هەبوو لە لاوازکردن و دواتریش ڕووخانی میرنشینی عەننازی[1]، لەڕاستیدا ئەوەی پێگەی خەلیفەی بەهێز کردبوو، ئەوەبووە کە سوڵتانەکانی سەلجوقی بەغدادیان نەکردبووە پایتەختی دەسەڵاتیان، ئەمەش ئەو هەڵەی بۆ خەلیفە ڕەخساند کە نەیارانی سەلجوقی لەخۆی کۆبکاتەوە، لە ئەنجامی بەردەوامیی هەوڵەکانیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەیارانی خیلافەت سەرەنجام لە ساڵی(٥٢٩ك/١١٣٥ز) لەسەر دەستی شیعەکانی (باطني) لە مەراغە غافلکوژکراوە[2]، بەمەش دەبێتە یەکەم خەلیفە دوای لەناوچوونی بوەیهییەکان کە لەسەر گێڕانەوەی شکۆی خیلافەت غافلکوژ دەکرێت[3]، دوای ئەویش خەلیفە (الراشد) شوێنی دەگرێتەوە و لەسەر هەمان ڕێبازی باوکی ڕۆیشت لە ڕووبەڕووبوونەوە و لاوازکردنی سەلجوقییەکان، هەوڵیدا تۆڵەی باوکی بکاتەوە، بەریەککەوتنی خەلیفە و سەلجوقییەکانیش ئەوکاتە ڕوویدا کاتێك سوڵتان مسعودی سەلجوقی داوای بڕی (چوارسەد هەزار) دینار لە خەلیفەی ناوبراو کردووە، خەلیفەش ئەمە بە سوکایەتی زانیووە و بڕیاری ڕووبەڕووبوونەوەی دەدات، بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندی بە مەلیك داود کوڕی محمدی خاوەنی خوراسان و (عماد الدين الزنكي) خاوەنی موسڵ دەکات، کە پاڵپشتی بکەن و وتاری هەینیشی بە ناوی سوڵتان داود دەخوێنێتەوە، بۆیە سوڵتان مسعود ناچار بە سوپایەك

---

(١) کەیوان ئازاد ئەنوەر: کوردستان و کورد لەسەدەکانی ناوەراستدا، چ١، ل١٤١.

(٢) ابن الأثير: الكامل، ج١١، ص٢٨؛ البنداري: دولة ال سلجوق، ص١٦٢؛ بن واصل: مفرج الكروب، ج١، ص٦٠.

(٣) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج١٠، ص٦٣٧؛ البنداري: تاريخ دولة ال سلجوق، ص١٦٢.

بـەرەو بەغـداد دەچێـت و دەستیبەسـەردا دەگرێـت، خەلیفـە بـە ناچـاری بـەرەو موسـڵ لای (عمادالدیـن الـزنكي) دەچێـت، دواتریـش بـەرەو ئازەربێجـان دەچێـت و لـە ڕێگـەی فێـل و تەکبیـر لەلایـەن سـوڵتانی سـەلجوقی دەکوژرێـت[1].

بـە چوونـە نـاو تەمەنـی سـوڵتان مسـعود نەیدەتوانـی وەك پێشـوو کۆنترۆڵـی تـەواوی ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی بەرێوەبەرێـت، دوای مردنیشـی لـە سـاڵی (٥٤٧ك/١١٢٥ز) ململانـێ و ناکۆکییەکانـی نێـو بنەماڵـەی سـەلجوقی زیاتـر بـوون، ئەمـەش پێگـەی خەلیفـەی بەهێـز کـرد و لـە سـاڵی (٥٤٧ك/١١٥٢ز) خەلیفـە (المقتفـي) (٥٣٠-٥٥٥ك/١١٣٦-١١٦٩ز) بـە سـوپایەك ڕووبـەڕووی سـەلجوقییەکان دەبێتـەوە و بەسـەریاندا سـەردەکەوێت و دەسـەڵاتی سیاسـیی خـۆی بەسـەر عێراقـدا دەگەڕێنێتـەوە، لـە یەکـەم کاریشـی دەسـتیگرت بەسـەر کـەل و پـەڵ و مـاڵ و سـامانی شـەحنەی بەغـداد و لادانـی ئـەو کارمەندانـەی کـە سـوڵتان داینابـوون و دانانـی کارمەنـدی باوەڕپێکـراوی خـۆی لـە شـوێنیان[2]، سـەلجوقییەکانیش بـۆ یارمەتیدانـی هێـزە تێکشـکاوەکەیان هێزێـك بـە سـەرکردایەتی میـر سـالارجور کـوڕی زوهێـری کـوردی دەنێرنـە یارمەتیـان و توانیـان شـاری حللـە داگیربکـەن، بـەڵام (مسـعود الـبلالي) دوای گرتنـی شـارەکە بـە تۆمەتـی هەوڵـدان بـە پەیوەندیکـردن بـە هێزەکانـی خەلیفـە میـرە کوردییەکـە قۆڵبەسـت دەکات و فڕێیـی دەداتـە ڕووبـاری فـورات و دەیکوژێـت[3]، خەلیفـەی عەباسـی خـۆی کۆدەکاتـەوە

(١) البنداري: تاريخ دولة ال سلجوق، ص١٦٢؛ ابن واصل: مفرج الكروب، ص٦٤-٦٥.
(٢) الحسيني: زبدة التواريخ، ص٢٤١-٢٤٢ ؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج١١، ص١٦٢.
(٣) البنـداري: تاريـخ دولـةال سـلجوق، ص٢١٥؛ الحسـيني: زبـدة التواريـخ، ص٢٤٢؛ الحسـينى: أخبـار الدولـة السـلجوقية، ص١٣٠.

و بەیارمەتــی کــوردە گاوانییــەکان و میر(موهەلهــەل کــوڕی زوهێــری کــوردی) توانــی ســەرکەوتن بەســەر ســەلجوقییەکان بەدەســتبهێنێت[(١)]، خەلیفــە (المقتفي)کــە لــە ســاڵی (٥٥٥ك/١١٦٠ز) کۆچــی دوای کــرد کەســایەتییەکی دانــا و دادوەر بــوو، یەکــەم خەلیفەبــوو کــە توانــی بەدروســتی خیلافەتــی عەباســی بەڕێوەببــات و فەرمــان بــە ســوپایەکەی بــکات کۆنترۆڵــی بارودۆخــی سیاســیی خەڵافــەت بــکات لــە عێراقــدا[(٢)].

بــە ڕوخانــی دەوڵەتــی فاتمــی لــە مصر لــە ســاڵی (٥٦٧ك/١١٦٩ز) گەڕاندنــەوەی مصر و شــام بــۆ ژێــر دەســەڵاتی خەلافــەتی عەباســی لــەڕوی ئاینــی، هێــز و توانایەکــی نوێــی بــە خەلیفــەی عەباســیدا[(٣)]، لەلایەکــی دیکــە بەهــۆی دەرکەوتنــی ئەتابەکییــەکان دەســەڵاتی ســەلجوقییەکان لاوازتــر بــوو، لــە دوای ســاڵی(٥٧٥ك/١١٧٩ز) بەهاتنــە ســەر دەســەڵاتی (ناصرالدیــن اللــە)(٥٧٥-٦٢٢ك/١١٨٠-١٢٢٥ز) خیلافەتــی عەباســی بــە ســەردەمێکی زێڕیــن تێپــەڕی بەهــۆی ئــەوەی توانــی هەژمــوون و دەســەڵاتی خــۆی بــۆ بگەڕێتــەوە و لــە ناکۆکیــی نێــوان ســەلجوقییەکان بەشــداری کــردووە وەك ئــەوەی ســوپای خەلیفــە یارمەتــی (قــزل أرسلان) دەدات لــە ســاڵی(٥٨٣ك/١١٨٧ز) دەستبەســەر هەمــەدان دەگرێــت و ســوڵتان (تغــرل) بــەرەو هەرێمــی ئازەربێجــان پاشەکشــە دەکات[(٤)]، ئەمــەش هێــز و توانــای خەلیفــەی عەباســی نیشــاندەدات لــە هاندانــی لایەنــە ناکۆکەکانــی نێــو بنەماڵــەی ســەلجوقی بــۆ ئــەوەی بتوانێــت

---

(١) البنـداري: تاريـخ دولـة ال سـلجوق، ص٢١٨؛ الحسـيني: زبـدة التواريـخ أخبـار الأمـراء و الملوك السـلجوقية، ص٢٤٤.

(٢) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج١١، ص٢٥٧.

(٣) العيينـي: عقـد الـجمان في تاريـخ أهـل الزمـان، ج١، ص٦٤؛ ابـن تغـري بـردي: النجـوم الزاهـرة، ج٦، ص٢٠-٢١؛ السـيوطي: تاريـخ الخلفاء، ص٣٥٠.

(٤) خالد عزام: موسوعة تاريخ الإسلامي (العصر العباسي)، ص٢٦٧.

بەسەریاندا زاڵبێت، خەلیفەی عەباسی بیری لەوەکردەوە پشت بە هێزێکی نوێ ببەستێت بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی سەلجوقییەکان، بۆیە خەلیفە پەنای بردە بەر خوارزەمییەکان و داوای یارمەتی لێکردن بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی سەلجوقییەکان، ئەوانیش بە سوپایەك لە نیسابورەوە هاتن و لە ساڵی(٥٩٠ك/١١٩٣ز) دەستیان بەسەر (ڕەی) ناوندی دەسەڵاتی سەلجوقییەکاندا گرت و کۆتاییان بە دەسەڵاتی سەلجوقییەکان هێناوە[1].

(١) ابن الأثير: الكامل، ج١٢، ص١٠٧؛ البنداري: تاريخ دولة ال سلجوق، ص٢٧٨؛ ابن كثير: البداية والنهاية، ص١٩٥٦.

## باسی سێیەم:

### ململانێیی نێوخۆیی تورکەکان:

### أ. لە نێوان بنەماڵەی سەلجوقیدا:

سەلجوقییەکان هێشتا پایەکانی دەسەڵاتی خۆیان لە عێراق نەچەسپاندبوو لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی بەغداد ڕووبەڕووی بەرهەڵستی بەساسیری بوونەوە، ابراهیم ینال ئەو دەرفەتە دەقۆزێتەوەو لە دەسەڵاتی (تغرل بك) دەردەچێت و دەست بەسەر ناوچەکانی(ڕەی) دادەگرێت، (تغرل بك) بە یارمەتیی کوردەکانی هەمەدان ڕووبەڕووی ابراهیم ینال دەبێتەوە و بەسەریدا سەردەکەوێت[1]،سەلجوقییەکان لەدوای شەڕی مەلازگرد[2] (٤٦٣ك/١٠٧١ز) بوونە بەهێزترین قەوارەی سیاسی لە ناوچەکە و پارێزەری سنورەکانی خانەی ئیسلام، لەوە بەدواوە کاریان بە میرە کوردەکان و هێزی چەکداریان نەما و کەوتنە جێبەجێکردنی مەرکەزیەت لە دەسەڵاتدا، بۆیە لەگەڵ گەڕانەوەی (الب ارسلان) لە جەنگەکە میرنشینی ڕەوادی

(١) الراوندي: راحة الصدور، ص١٧١؛ البنداري: تاريخ دولة ال سلجوق، ص١٤؛ الحسيني: زبدة التواريخ، ص٦١.

(٢) شەڕی مەلازگرد: لە ساڵی (٤٦٣ک/ ١٠٧١ز) لە نێوان سوڵتان «ئەلەب ئەرسەڵان» و ئیمپڕاتۆری بێزەنتی «ڕۆمانۆسی چوارەم» (٤٥٩-٤٦٣ک/ ١٠٦٧-١.٧١ز) بەرپا بوو، نزیکەی دە هەزار سەربازی کورد بە نیازی جیهاد لە دەوری سوڵتانی سەلجووقیی گردبوونەوە و ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەرییان هەبووە لە سەرکەوتنی سوپای موسڵمانانادا. بڕوانە: ابن الجوزي، المنتظم، ج١٦، ص١٢٤-١٢٦؛ نەوزاد خالد رەئوف، ململانێ ناوخۆییەکانی ناو میرنشینەکوردییەکان لە سەدەی پێنجەمی کۆچی/ یازدەمی زایینیدا، ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، (٢٠١٤)، ص١١٣.

لەناوبـرد[١]، نەبوونـی کۆنفدراسـیۆنێك لـە نێـوان میرنشـینە کوردییـەکان وای کـرد سـەلجوقییەکان بـە ئاسـانی بەسـەر ناوچـە کوردییـەکان زاڵبن کـە هەریەکەیـان لەلایـەن میرنشـینێکەوە بەڕێوەدەبـران.

کوردسـتان بـۆ ماوەیەکـی درێـژ ببـووە چەقـی ململانـێ جارێـك لـە نێـو سـەلجوقییەکان خۆیـان جارێکیـش لەگـەڵ دوژمنەکانیـان، لـە ململانێـی نێـوان مەلیکشـا(٤٦٥-٤٨٥ك/١٠٧٢-١٠٩٢ز) لەگـەڵ مامـی قـاورت کـوڕی داود کـە فەرمانـڕەوای شـاری کرمـان بـوو لەسـەر دەسـەڵات، هێـرش دەکاتـە سـەر (ڕەی) و داوایـی پادشـایەتی دەکات، ئەمـەش دوای مردنـی ئەلـب ئەرسـەلان، سـوڵتان مەلیکشـا و (نظـام الملـك) لەگەڵیشـیاندا (کـوڕی قریـش و کـوڕی منصـور کـوڕی دبیـس)و چەنـد میرێکـی کوردیـان لەگـەڵ بـوو ڕووبـەڕووی قـاورت بوونـەوە و شکسـتیان پێهێنـا[٢]، لـە ڕاسـتیدا هاوکاریـی کوردەکانـی هەرێمـی چیـاکان بـۆ مەلیکشـا لـە ململانێـی لەگـەڵ مامـی بەیەکێـك لـە هۆکارەکانـی یەکلاییکردنـەوەی ململانێیەکـە دادەنرێـت لـە بەرژەوەندیـی مەلیکشـادا.

سـەرهەڵدانی ململانێـی نێـو بنەماڵـەی سـەلجوقی ڕێخۆشـکەر بـوو بـۆ بڵاوبونـەوەی نائارامـی و گەندەڵیـی کارگێـڕی لەنـاو دەوڵەتـدا، بـە جۆرێـك یەکگرتویـی سـەلجوقییەکانی بـەرەو لێکترازانێکـی هەمیشـەیی بـرد، بەتایبـەت دوای مردنـی مەلیکشـا لـە سـاڵی (٤٨٥ك/١٠٩٢ز)[٣]، ڕۆڵـی کـوردەکان نادیـدە نییـە و لـە زۆرێـك لـەو ململانێیانـە بەشـداربوونەو

---

(١) زرار صدیق: کورد و کوردستان لە ڕۆژگاری خەلافەتی ئیسلامیدا، ل٢٦٢.

(٢) ابـن القلانسي: ذيـل تاريـخ دمشـق، ص١٠٦؛ البنـداري: تاريـخ دولـة ال سـلجوق، ص٤٦؛ ابـن خلـدون: تاريـخ ابـن خلـدون، ص١٢٤١.

(٣) محمـد عبدالعظيـم أبـو الـنصر: السلاجقـة تاريخهـم السـياسي والعسـكري، ص٩؛ كلـود كاهـن: تاريـخ العـرب و الشـعوب الأسلاميـة، ت: بدرالديـن قاسـم، دار الحقيقـة، (بيروت:١٩٧٢)، ص٣٥٦.

لایەنگیرییان پێوە دیاربووە، بەژداریەکی کاراشیان هەبووە، بە تایبەت کاتێك میر سورخاب کوڕی بەدری عەننازی لە ساڵی (٤٩٢ك/١٠٩٨ز) یارمەتی سەربازیی پێشکەش بە سوڵتان محمد کوڕی مەلیکشا(٤٩٨-٥١١ك/١١٠٤-١١١٧ز) دەکات لەدژی برایەکەی برکیاروق(٤٨٧-٤٩٨ك/١٠٩٤-١١٠٠ز) کاتێك لە ململانێدابوون لەسەر دەسەڵات، بەڵام ململانێیەکەیان یەکلایینابێتەوە و ڕێکدەکەون[١]، بۆ ساڵی دواتر جارێکی دیکە برکیاروق لە بەغدادەوە لە ڕێگای شارەزور بەرەو ڕووی سوڵتان محمد دەچێت و لە دەروازەی دوین ڕووبەڕووی یەك دەبنەوە، محمدی کوڕی مەلیکشا شکستدێنێت و بەرەو ناوچەی ئانی پاشەکشەدەکات[٢]، ئەوەی جێگای ئاماژەپێکردنە بە پێچەوانەی جاری پێشوو میر سورخابی عەننازی ئەوجارە پشتگیری برکیاروق دەکات و سەرکردایەتی باڵی ڕاستی لەشکرەکەی بۆدەکات، بەمەش توانی سەرکەوتنی مسۆگەر بکات[٣]، لە ساڵی(٤٩٦ك/١١٠٢ز) لەدوای حەوت جار ڕووبەڕووبوونەوە لە کۆتایدا سوڵتان محمد سەرکەوتنی بەدەست هێنا و دواجار هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی چەند ناوچەیەك بۆ سوڵتان محمد بێت لە گرنگترین ئەو ناوچانەش دیاربەکر و موسڵ و جەزیرە بوون[٤]، لەو ماوەیە دەردەکەوێت کە ناکۆکی سوڵتانەکانیی سەلجوقی لەسەر دەستگرتن بووە بەسەر ناوچە

---

(١) الحسيني: زبدة التواريخ، ص١٦٣-١٦٤؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج١٠، ص٢٩٠؛ البنداري: تاريخ دولة ال سلجوق، ص٨٢؛ النويري: نهاية الأرب في فنون الأدب، ج٢٦، ص١٩٧؛ ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ص١٢٥٢.

(٢) الحسيني: زبدة التواريخ، ص١٦٤؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج١٠، ص٢٩٦.

(٣) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج١٠، ص٢٩٦؛ النويرى: نهاية الأرب في فنون الأدب، ج٢٦، ص١٩٩.

(٤) النويرى: نهاية الأرب في فنون الأدب، ج٢٦، ص٢٠١-٢٠٢.

کوردییەکان بە تایبەت لەوکاتەدا بەشێکی لە دەسەڵاتە خۆجێییەکان و میرنشینە کوردییەکان لەناوچووبوون، لە ڕووی کارگێڕی ڕاستەخۆ لەلایەن سوڵتانەکانی سەلجوقی بەڕێوەدەبران.

سەرقالبوونی سەلجوقییەکان بە ململانێیەکانیان دەوڵەتی عەباسی دوچاری چەندین مەترسیی گەورە کرد، لەوانە هاتنی خاچدروشمان و دەستگرتنیان بەسەر ناوچەکانی شام و دەرکەوتنی ئیسماعیلییەکان[١] کە توانیبوویان دەست بەسەر ناوچە شاخاوی و قەڵا سەختەکان دابگرن، کە لە توانای سەلجوقییەکان نەبوو بەرەنگاری ئەو دۆخە نوێیە ببنەوە سەرەڕای ئەوەی دوای مردنی هەر سوڵتانێکی سەلجوقی چەندین ناکۆکی و ململانێ سەریانهەڵدەدا لەسەر دەسەڵات و سەپاندنی هەژموونی خۆیان بەسەر میر و سوڵتانەکانی دیکە، بۆیە کاتێك شاری موسڵ دەکەوێتە دەست جاولی سەقاو سوڵتانی سەلجوقی لە ساڵی (٥٠١ك/١١٠٨ز) داوای هاوکاری سەربازیی و باجی لێدەکات بەڵام ئەو پابەندنابێت بە ناردنیان و لەدەسەڵاتی سوڵتان دەردەچێت، بۆیە سوڵتان داوا لە مهلهل کوڕی ئەبو شۆك و (ئەبولهیجائی هەزبانی) خاوەنی هەولێر دەکات بۆ چونە موسڵ بە مەبەستی دەستبەسەرداگرتنی، ئەوانیش هێرش دەکەنە سەر موسڵ و داگیری دەکەن[٢]، بەمەش بۆمان ڕووندەبێتەوە کە کوردەکان

---

(١) ئیسماعیلییەکان: مەبەست لەو گروپە شیعەیە بوون کە خۆیان بە شوێنکەوتەی اسماعیل کوڕی جعفر صادق دەزانی، لە ناوچەکانی هەرێمی چیاو قەڵای ئەلەمووت دەسەڵاتدار بوون، ڕێبازێکی فکری- مەزهەبی تایبەت بەخۆیان هەبوو. بڕوانە: مصطفی غالب: تاريخ الدعوة الأسماعيلية، دار الأندلس،ط٢ (بيروت:١٩٦٥)، ص١٤؛ سليمان عبدالله السلومي: اصول الأسماعيلية، دار الفضيلة، (الرياض:٢٠٠١)، مج٢،ص٣٠٥.

(٢) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج١٠، ص٤٥٨؛ النسوي: سيرة السلطان جلال الدين

کەوتوونەتــە ژێــر هەژموونــی ســەلجوقییەکان و لــە یەکلاییکردنــەوەی ململانێیــەکان بەکاریانهێنــاون.

هەروەکــو ئــیبن خلــدوون دەڵێــت: ســەڵتەنت و دەوڵــەت لــە دەمارگیــری ســەرچاوەدەگرێت[1]، دووبەرەکــی هاوســەنگی ناهێڵێــت[2]، بــە پێچەوانــەوە کاڵبوونــەوەی دەمارگیــری و دووبەرەکــی و ململانێیەکانــی نــاو بنەماڵــە، ســەلجوقییەکانی لاوازکــرد و نەیانتوانــی ئــەو ســەرکردە و ناوچانــە ملکــەچ بکــەن کــە لــە دژیــان ڕاپەڕیبــون، ئەمــەش ئــەو دەرفەتــەی بــە خەلیفــەی عەباســیدا بــۆ ئــەوەی هەوڵبــدات دەســەڵاتەکانی بەدەســتبهێنێتەوە، ئــەو دەرفەتــەش بــە مردنــی ســوڵتان مەســعود لــە ســاڵی(٥٤٧ك/١١٥٢ز) هاتــەدی[3]. لــە ڕاســتیدا ململانێــی نێــو بنەماڵــەی ســەلجوقی ئــەو دەرفەتــەی ڕەخســاند کــە چەندیــن هێــز و بزوتنــەوەی نــوێ بەدەربکــەون و پانتاییەکــی زۆر لەژێــر دەســەڵاتیان دەرچــوون، ڕۆژهەڵاتــی ئیسلامیــش کــە مەڵبەنــدی ســەلجوقییەکان بــوو دوچــاری شــاڵاو و دەرکەوتنــی هێــزی نــوێ بوونــەوە کــە ســەلجوقییەکان بەهــۆی لاوازبوونیــان ئــەو دەرفەتەیــان نەبــوو بەرپەرچیــان بدەنــەوە، بۆیــە دەوڵەتــی ســەلجوقی لــە ڕۆژهــەڵات بــە کوژرانــی ســوڵتان ســنجر لــە ساڵی (٥٥٢ك/١١٥٧ز) لەســەر دەســتی غــوزەکان و ســەلجوقییەکانی عێراقیــش لــە ساڵی (٥٩٠ك/١١٩٤ز) بــە کوژرانــی ســوڵتان توغرولــی ســێیەم لەســەر دەســتی خوارزەمییــەکان کۆتاییپێهــات[4].

---

منكبرتي، ت: حافظ أحمد حمدى، دار الفكر العربي، (القاهرة:١٩٥٣)، ص٧.

(١) موقەدیمە، ب١، ل١٧٩.

(٢) مەکیاڤیللی: میر، و: بەختیار ئەحمەد ساڵح، چاپخانەی گەنج، (سلێمانی:٢٠١٩)، ل١٥٥.

(٣) الحسيني: أخبار الدولة السلجوقية، ص١٢٩؛ ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة في ملوك المصر، ج٥، ص٣٠٣.

(٤) محمد سهيل تقوش: مێژووی دەوڵەتی عەباسی، ل٣٢٢.

**ب. کێشەی نێوان دەسەڵاتی سەلجوقی و ئەتابگییەکان:**

دوای دەستگرتنی سەلجوقییەکان بەسەر ناوەندی خیلافەتی عەباسی و فراوانبوونی دەوڵەتەکەیان و پەیڕەوکردنی سیاسەتی مەرکەزی لە بەڕێوەبردندا، دەوڵەتەکەیان لە ڕووی کارگێڕی بەسەر چەندین هەرێمی جیا دابەشکرد کە هەریەکەیان پایتەختێکی هەبوو لەلایەن سوڵتانێکی سەلجوقی بەڕێوەدەبرا، وەك چۆن (تغرل بك) ڕەی، والب ارسلان (مرو)، مەلکشا (اصفاهان)ی کردۆتە پایتەختی خۆی لە بری بەغداد، جیاکردنەوەی ئەو هەرێمە کارگێڕییانە و جێبەجێکردنی سیاسەتی مەرکەزی لە ئیدارەدان لەلایەك میرنشینە کوردییەکانی لەناوبرد، لەلایەکی دیکەشەوە دەسەڵاتە سیاسی و کارگێڕییەکانی خەلیفەی عەباسی سنووردارکرد[1]، سوپای سەلجوقییەکان لە مەمالیکە تورکەکان پێکهاتبوون کە بە بەهێزی و بەرزیی باڵایان ناسراوبوون و بنەمای پێشکەوتنی سەربازیی سەلجوقییەکان بوون[2]، لە سەرەتادا وەك خزمەتکار خزمەتی سوڵتانەکانیان دەکرد و لە ناوچەکانی (قەفجاق)[3] هێنرابوون[4]، ئیبن خەلدوونیش ئاماژە بەو جۆرە

---

(١) محمد عبدالعظيم أبو النصر: السلاجقة تاريخهم السياسي والعسكري، ص٢٥٢-١٥٣.

(٢) كلود كاهن: تاريخ العرب و الشعوب الأسلامية، ص٣٥٢؛ حسن ابراهيم حسن: تاريخ الأسلام السياسي و الديني و الثقافي و الأجتماعي، دار الجيل، ط١٤ (بيروت :١٩٩٦)، ج٤، ص٦١.

(٣) قەفجاق: وشەیەکی چەرکەسی یە بەمانای کۆچەری سەر چیا، بەو هۆزە تورکیانە دەوترا، کە لە باکووری (الدشت) نیشتەجێبوون کە ناوچەیەکی بیابانییە، بەردەوام شوێنەکانی خۆیان دەگۆڕی و ژیانێکی کۆچەریان هەبوو. بڕوانە: قلقشندي: صبح الأعشى، مطبعة الأميرية، (القاهرة:١٩١٤)، ج٤، ص٤٥٦؛ حسام الدين علي غالب النقشبندي: أذربيجان إيران في العصر السلجوقي، مؤسسة ژين، (السليمانية:٢٠١٢)، ص١٤٣؛محسن محمد حسين: أربيل في عهد الآتابكي، ص٢٤.

(4) Lane Poole: The Muhammadan Dynasties, Publishers to The India, (London :1965) p159؛

قلقشندي : صبح الأعشى، ص٤٥٦.

پێکهاتانـە دەکات و پێیوایـە بـۆ بەرژەوەندیـی تایبەتـی خۆیان دەبنـە بەندە و خزمەتـکاری گەلانـی دیکـە[١].

دوای شــەڕی مەلازگــرد ویســتی ناوەندخــوازی و ســەپاندنی لــە دەســەڵاتخوازیی ســەلجوقییەکان گەشــەی کــرد، وەك ئــیبن خلــدوون پەسـنی دەسـەڵاتداری ئـاگا دەکات لـەدوای نەهێشـتنی گرفتـی دەرەکـی دەسـەڵاتداری سـاماکی خـۆی بەرامبـەر هێـزە ناوخۆییـەکان دەخاتـەڕوو، سـتەمکردن لـە سروشـتی مرۆڤـە، ئـەوەش لەپێنـاو خۆسـەپاندن، چونکـە ئـەوەش بەهێـزی سـەپاندن نەبـێ نایەتـەدی[٢]، مەلیکشـا بـۆ هەریـەك لـە میرەکانـی ناوچەیەکـی دابـڕی بـۆ ئـەوەی کاروبارەکانـی بەڕێوەببـات بـە ناوچـە کوردییەکانیشـەوە، کـە پابەنـدی دەسـەڵاتی ناوەنـدی کـردن، بۆیـە بەدەستبەسـەرداگرتنی ئازەربێجـان و ڕووخانــی میرنشــینی ڕەوادی لــە ســاڵی(٤٦٣ك/١٠٧٠ز) دەســتیپێکردووە[٣]، هەرچەنــدە دوای ماوەیــەك میرێکــی کــوردی بەنــاوی (أحمدیــل کــوڕی أبراهیــم کــوڕی وهســوزان) فەرمانڕەوایەتیــی ناوچــەی مەراغــە[٤] دەکات لــە ئازەربێجــان لەژێــر فەرمانــی ســوڵتان محمــد کــوڕی مەلیکشــا[٥]، بــەڵام ئــەو میــرە دەبێتــە قوربانــی ململانێــی نێــوان ســوڵتان ســەلجوق و ســوڵتان مســعود، دوای

(١) موقەدیمە،ب١، ل٤٠٥.

(٢) موقەدیمە، ب١، ل٣٥٦-٣٥٧.

(٣) ئاکـۆ بورهـان: میرنشـینە کوردییەکانـی سـەردەمی عەباسـی، ل٦٧؛ احمـد عبدالعزیـز: الامـارة الهذبانیـة الکردیـة، ص٧٣.

(٤) مەراغـە: دەکەوێتـە باشـووری خۆرئـاوای شـاری تەورێـز. ابـن حوقـل، صـورة الارض، ٢٨٧؛ مؤلـف مجهـول، حـدود العـالم مـن المشرق الـی المغـرب، ١٢٠؛ الحمیـری: محمـد بـن عبدالمنعـم، الـروض المعطـار، تحقیـق: احسـان عبـاس، مکتبـة لبنـان، (لبنـان: ١٩٨٤)،ص٥٣٥.

(٥) ابــن الأثیر: الکامــل في التاریــخ، ج١٠، ص٥١٧؛ أبــن أبي الهیجــاء: تاریــخ أبــن أبي الهیجــاء، ص١٧٣.

کوژرانی لەلایەن باتنییەکان لە بەغداد، بە دەستگرتنی سوڵتان مسعود بەسەر ئازەربێجان و هەمەدان کۆتایی بە ئەتابەگیەی (اقسنقر الأحمديلي) دێنی[1]، بەشی زۆری ناوچەکانی میرنشینی شەدادیش لە ساڵی (٤٦٨ك/١٠٧٥ز) بەسەرکردە و غولامکاری خۆی(ساوتکین) بەخشی، هەرچەندە میر (فضلون) ڕەتیکردەوە وڵاتەکەی بەدەستەوەبدات، بەڵام دواجار کە زانی ناتوانێت ڕووبەڕووی نوێنەری سوڵتان و سوپا گەورەکەی ببێتەوە و بەرگری لە میرنشینەکەی بکات، بۆیە شاری (کەنجە)[2]ی پایتەختی بەدەستەوەدا[3]، سوڵتان شاری (ئانی)[4]شی بەخشیە میری شەدادی[5]، هەرکاتێك سوڵتانی سەلجوقی بیویستایە منداڵەکانی بۆ ناوچەیەك و هەرێمێك بنێرێت ئەتابەگییەکی لەگەڵ دەنارد تا هاوکاریی بکات ئەمەش لە گەورەپیاوانی دەوڵەت و سەرکردەکانی سوپا کورتدەبوویەوە، بۆیە ئەو تورکانە بوونە خاوەنی دەسەڵاتی ڕاستەقینەی ئەو ناوچانە[6].

---

(١) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩، ص٥٥٣؛ النويري: نهاية الأرب في فنون الأدب، ج٢٧، ص٢٥.

(٢) کەنجە: یەکێکە لە شارە گەورەکانی هەرێمی ئاران دەکەوێتە لێواری لورستان لەنێوان خوزستان و اصفاهان لە ڕۆژهەڵاتی شاری بەرزەغە. النويري: نهاية الأرب في فنون الأدب، ج٢٦، ص١٩٦؛ ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة، ج٥، ص١٦٢.

(٣) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج١٠، ص٢٨٨؛ النويري: نهاية الأرب في فنون الأدب، ج٢٦، ص١٩٦؛ ؛ڤ.ف.مینورسکی: چەند لێکۆڵینەوەیەك لە مێژووی کوردەکانی قەوقاز، ل٨٦.

(٤) ئانی: شارێکی ئاوەدان و بە پیتی هەرێمەکە بوو، کەوت بوویە خۆرئاوای شاری گەنجە. ابن حوقل، صورة الارض، ٢٨٧-٢٨٨؛ کەیوان ئازاد ئەنوەر: کوردستان و کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، ٢٦.

(٥) ئاکۆ بورهان: میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عەباسی، ل٣٥.

(٦) النسوي: سيرة السلطان جلال الدين منكبرتي، ص٩؛ نیشتمان بەشیر: کورد و سەلجوقیەکان، ل٣٥٨.

ململانێــی نێــوان ســوڵتانەكانی ســەلجوقی لەســەر دەســەڵات و دەســتگرتن بەســەر هەرێمــەكان، ســەلجوقییەكانی لاوازكــرد و دەرئەنجامــی ئــەو ململانێیــەش دەركەوتنــی ئەتابەگییەكانــی لێكەوتــەوە لەســەر حســابی یەكیەتیــی ســەلجوقییەكان[1]، ئەمــەش دەرئەنجامــی ئــەو سیســتەمەی ســەلجوقییەكان بــوو كــە لەســەر بنەمــای كڕینــی مەمالیكــە توركــەكان لەپێنــاو خزمەتكردنــی كۆشــك و پەروەردەكردنــی كورەكانــی ســوڵتان بــوو[2]، ئــیبن خەلــدوون لەباســی ئــەو نەتەوانــە پێیوایــە كــە، ئەوانــە گوێیــان لــەوە نییــە ببنــە ژێردەســتە چونكــە پێیانوایــە لــەم ڕێگەیــەوە دەگەنــە پلەوپایــەی بەرزتــر[3]، هــەرواش بــوو چونكــە دواتــر گەیشــتنە پایەكانــی دەســەڵات دوای ئــەوەی لــە ســوپا گەیشــتنە بەرزتریــن پلەكانــی ســەربازی و پــاڕاستن و بەخێوكردنــی منداڵانــی میــر و ســوڵتانە ســەلجوقییەكان یــان بەڕێوەبردنــی بەشــێك لــە هەرێــم و ناوچەكانــی دەوڵەتــی ســەلجوقییان پــێ ڕاســپێردرا، دواتریــش لــە ســوڵتانەكانیان هەڵگەڕانــەوە و هەریەكەیــان دەســتیان گــرت بەســەر ناوچەیەكــدا و دەســەڵاتی ئــەو ناوچانــەش بــە میــرات بــۆ منداڵەكانیــان مایــەوە، دوای مردنــی ســوڵتان مەلیكشــا (٤٦٥-٤٨٥ك/١٠٧٢-١٠٩٢ز) ســەردەمی بەهێــزی و باڵادەســتیی ســوڵتانەكانی ســەلجوقی كۆتاییهــات و ڕۆڵ و كاریگەریــی سیاســیی ئەتابەگییــەكان زیاتــر بەدەركەوتــووە، و هاتنــە پێشەوەشــیان لــە ئەنجامــی پێدانــی ئەو(اقطاعات)انــە بــوو كــە پێــشتر پێیاندرابــوو.

---

(١) زبير بيلال أسماعيل: أربيل في أدوارها التاريخية، ص١٤٧.

(٢) حســن ابراهيــم حســن: تاريــخ الأسلام الســياسي و الدينــي و الثقــافي و الأجتماعــي، ج٤، ص٦٢.

(٣) موقەدیمە، ب١، ل٤٠٥.

بەمەش دەوڵەتی سەلجوقی بەسەر چەندین یەکەی کارگێڕی دابەش بوو، وەك ئەتابەگیەی زەنگی لە موسڵ و ئورتوقیەکان لە جزیرە، جگە لەوەی بەشێك لەو ئەتابەگییانە لەسەر خاکی ناوچە کوردییەکان دروستبوون لە ڕێگەی دەستگرتن بەسەر ئەو ناوچانە و سنووردارکردنی دەسەڵاتی میر و سەرۆك هۆزە کوردییەکان، بۆیە کاریگەرییان هەبوو بەسەر مێژووی کورد و کوردستانەوە[١].

بەشێك لەو ئەتابەگیانە لەسەر خاکی ناوچە کوردنشینەکان دامەزراون[٢]، هەرچەندە لەچەند ناوچەیەکی بەرتەسك دەسەڵاتی میرە کوردییەکان بەدیدەکرا، بەڵام ئەو هێز و کاریگەرییەیان نەبوو مانەوەشیان پەیوەست بوو بە خزمەتکردنی داواکاری سەلجوقییەکان وەك میرنشینی هەزبانی لە سەردەمی مەلیکشا لە سنوورێکی بەرتەسکی ناوچەکانی هەولێر و لەژێر دەسەڵات و هەژموونی سەلجوقییەکان بوون، پێشتریش هەمان میرنشین کەوتبووە ژێر جێبەجێکردنی داواکارییەکانی سەلجوقییەکان بە تایبەت کاتێك (ئەبولهیجائی هەزبانی) بە نوێنەرایەتیی مەلیکشا دەچێت بۆ وەرگرتنی پارە لە میرنشینی مەروانی[٣]، دیارە هۆکاری مانەوەی ئەو میرنشینە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ملکەچی سەلجوقییەکان ببوون سەرەڕای ئەوەی مایەی مەترسیش نەبوون.

---

(١) حسام الدين علي غالب النقشبندي: أذربيجان إيران في العصر السلجوقي، ص١٧٨؛ محمد أمين زكي بك: خلاصة تاريخ الكرد وكردستان، ص١٥٢؛ زبير بلال أسماعيل: أربيل في أدوارها التاريخية، ص١٤٧.

(٢) محمد أمين زكي بك: خلاصة تاريخ الكرد وكردستان، ص١٥٢.

(٣) أسامة: كتاب الاعتبار، ت: عبدالكريم الأشتر، المكتب الأسلامي، ط٢(بيروت:٢٠٠٣)، ص١٦٥.

ئەتابەگییەکان سەرەڕای سنووری دەسەڵاتیان هەوڵی فراوانخوازییان دەدا و توانیان دەست بەسەر بەشێکی زۆر لەو ناوچە کوردییانەدا بگرن، کە پێشتر لە ژێر هەژموون و دەسەڵاتی سەلجوقییەکان بوون، کە ئەمەش بووە هۆی بەریەککەوتنیان لەگەڵ سوڵتانەکانی سەلجوقی، ئەتابەك(ایلدگز)ی دامەزرێنەری ئەتابەگیەی ئازەربێجان توانی دەست بگرێت بەسەر ناوچەکانی هەرێمی ئاران و بەشێکی زۆری ئازەربێجان و ناوچەکانی چیا و هەمەدان[1]، ئەتابەگیەی ئەرمینیاش کە سەرکردە تورکەکان لە شاری خەلات دوای مردنی مەلیکشا دایانمەزراند، ئەو ناوچەیە پێشتر بەشێك بوو لە موڵکەکانی میرنشینی مەروانی، دوای لاوازبوونی سەلجوقییەکانیش دەسەڵاتیی خۆیان فراوان دەکەن، (سەگمان قوتبی) خاوەنی ئەتابەگیەی ئەرمینیا چاوەبڕێتە ناوچە کوردییەکانی ژێر دەسەڵاتی سەلجوقی و بۆ ئەم مەبەستەش لە ساڵی (٥٠٢ك/١١٠٨ز) دەستی بەسەر میافارقیندا گرت[2]، میرنشینی ئەرتەقیش[3] لەسەر پاشماوەی میرنشینی مەروانی لە ناوچەکانی هەرێمی جەزیرە بە تایبەت دیاربەکر دامەزرا، بەناوی دامەزرێنەرەکەشیەوە ناونرا. ئەمەش لە پاداشتی هاوکارییان بۆ سەلجوقییەکان، دواتر ناوچەکانی دەوروبەریان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیان وەك (حسن کیفا- ماردین) بەمەش ئەو میرنشینە توانیان لە ماوەیەکی کورت

(١) حسام الدين علي غالب النقشبندي: أذربيجان إيران في العصر السلجوقي، ص١٧٩.

(٢) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج١٠، ص٤٧٢.

(٣) میرنشینی ئەرتەقی: سەبارەت بە مێژووی میرنشینی ئەرتەقی و شوێنی دامەزراندن و دامەزرێنەرەکەی بگەڕێوە بۆ: عماد الدين خليل: الإمارات الأرتقية في الجزيرة و الشام، مؤسسة الرسالة، (بيروت:١٩٨٠)، ص٥٧-٦٠؛ زنار عبدالسلام: الترك في كوردستان، ص٣٥.

دەست بەسەر چەند ناوەندێکی گرنگی ئابووریدا بگرن[١]، سەرەڕای ئەوەی لە ساڵی (٥١٥ك/١١٢١ز)سوڵتان محمد ناوچەکانی موسڵ و جەزیرە و سنجار وەك (اقطاع) دەبەخشێتە میر (اق سنقر)ی باوکی (عماد الدین زنكي)[٢]، دیارە مەبەستی سوڵتانی سەلجوقی زیاتر ئەوە بوو کە چەند دەسەڵاتێکی خۆجێیی بەهێز لە ناوچەکە دامەزرێن بۆئەوەی بتوانن ڕووبەڕووی مەترسی و شاڵاوی خاچ دروشمان ببنەوە.

دوای دامەزراندنی ئەتابەگیەی موسڵ مانەوەی هەزبانییەکان زۆری نەکێشا، چونکە لەلایەك سەلجوقییەکان بێهێز ببوون لەلایەکی تر (عماد الدین زنكي)(٥٢١-٥٤١ك/١١٢٧-١١٤٤ز) دەسەڵاتی گرتە دەست و دەستی بە فراوانخوازی کرد، هەروەك (**ابو الهیجاء**) باس دەکات و دەڵێت: ((عیماد الدین زنكي) دەسەڵاتی موسڵی گرتە دەست و هەریەك لە (جزیرة ابن عمر) و هەولێری دەستبەسەرداگرت))[٣]، هەرچەندە (**ابن واصل**) بۆچوونێکی دیکەی هەیە و پێی وایە میرنشینی هەزبانی لە ساڵی (٥٢٦ك/١١٣٢ز) کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی ئەتابەگیەی موسڵ[٤]، ئەگەرچی مێژوونووسان کۆکنین لەسەر مێژووی دەستبەسەرداگرتنی هەولێر و ڕووخانی میرنشینی هەزبانی[٥]، بەڵام میرنشینی هەزبانی

---

(١) نیشتمان بەشیر: کورد و سەلجوقیەکان، ل٣٦٣.

(٢) البنداري: تاريخ دولة ال سلجوق، ص١٥٩؛ أبي الفدا: المختصر في أخبار البشر، ج٢، ص٢٣٥؛ ابن الوردي: تاريخ ابن الوردي، ج٢، ص٢٧؛ سعيد الديوةجي: الموسل في العهد الأتابكي، مطبعة شفيق، (بغداد:١٩٥٨)، ص١٨.

(٣) أبو شامة: كتاب الروضتين في اخبار الدولتين النورية و الصلاحية، دار الكتب العلمية، (بيروت:٢٠٠٢) ج١، ص١٥٧؛ أبن أبي الهيجاء: تاريخ أبن أبي الهيجاء، ص١٨٥؛ ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ص١٢٧٢.

(٤) مفرج الكروب فى اخبار بني ايوب، ج١، ص٩٧؛ نیشتمان بەشیر: کورد و سەلجوقیەکان، ل٣٠٠.

(٥) سەبارەت بە بۆچوونی مێژوونووسان لەسەر ساڵی دەستبەسەرداگرتنی

ئەوکاتــە لــە ژێــر هەژموونــی جێگیــری ســوڵتانی ســەلجوقی مســعودی کــوڕی محمــدی کــوڕی مەلیکشــای ســوڵتانی ئازەربێجــان بــووە[١]، بەدەســتگرتنی بەســەر هەولێــر کۆتایــی بــە میرنشــینەکە هێنــا و بەخشــیە یەکێــك لــە شــوێنکەوتوانی بــە نــاوی میــر (زیــن الدیــن علــی کــوڕی ســبکتکین) تــا ســاڵی (٥٦٣ك/١١٨٦ز) لــە فەرمانڕەوایەتــی بــەردەوام دەبێــت، دواتر(عــیماد الدیــن زنكي) لــە فراوانخوازییەکانــی بــەردەوام دەبێــت و (**ابــن الــوردي**) دەڵێــت: ((زەنگــی دەســتی بەســەر و ســنجار و حــران و جەزیــرەی ابــن عمــر گــرت))[٢]، دواتــر دەســتدەگرێت بەســەر قەڵاکانــی کــوردە هەکارییــەکان[٣] بەهــۆی ســەرقاڵبوونی ســەلجوقییەکان بــە ململانێــی نێوخۆیــی و بەهێزبوونــی ئەتابەگییــەکان و هەوڵەکانیــان بــۆ فراوانخــوازی لەســەر حســابی ناوچەکانــی ژێــر دەســەڵاتی ســوڵتانی ســەلجوقی (مسعود کــوڕی محمــد ملکشــا)[٤]، میرنشــینی هەزبانــی دەبێتــە قوربانیــی ململانێیــەکان و دەکەوێتــە ژێــر دەســەڵاتی ئەتابەگیــەی موســڵ، لــە ڕاســتیدا ئەتابەگیــەی موســڵ بــەردەوام هەوڵــی فراوانخــوازی دەدا هــەر کاتێکیــش پەیوەندییەکانیــان لەگــەڵ دەســەڵاتی ناوەنــدی ئارامــی بەخۆیــەوە بینیبــا، سیاســەتی دەســتگرتن بەســەر ناوچــە و

هەولێــر لەلایــەن (عــیماد الدیــن زنكي). بگەڕێــوە بــۆ: محســن محمــد حســین: أربيــل في عهــد الآتــابكي، ص٤٠-٤٢.

(١) بــن واصــل: مفــرج الكــروب فــى اخبــار بنــي ايــوب، ج١، ص٩٧؛ محســن محمــد حســین: أربيــل في عهــد الآتــابكي، ص٤٤.

(٢) أبــو شــامة: كتــاب الروضــتين في اخبــار الدولــتين النوريــة و الصلاحيــة، ج١، ص١٥٧؛ ابن الــوردي: تاريــخ ابــن الــوردي، ج٢، ص٣٣؛ ابــن خلدون: تاريــخ ابن خلــدون، ص١٢٧٢.

(٣) ابــن واصــل: مفــرج الكــروب، ج١، ص٥٥؛ محمــد أمين زكي بــك: خلاصــة تاريــخ الكــرد وكردســتان، ص١٥٤.

(٤) بن واصل: مفرج الكروب فى اخبار بني ايوب، ج١، ص٩٧.

قەڵادارەکانی کورد و سەپاندنی هەژموونی خۆیان بەسەر ئەو ناوچانە پەیڕەو کردووە، بە تایبەت ناوچەکانی باکوور، دەستگرتن بەسەری فەراهەمکردنی ئاسایشی زیاتر بووە بۆ شاری موسڵ، جگە لە گرنگی پێگەی سەربازیی هەولێر کە بە دەروازەی ڕۆژهەڵات و خاڵی بەیەکبەستنەوەی ئەتابەگیەی موسڵ دادەنرا بە ناوچەکانی فارس و فاکتەری بە هێزبوونی ئەتابەگیەی موسڵ بوو لە ڕووی ئابووری، چونکە ناوچەی گرنگی کشتوکاڵی بوون، بێگومان ئەمەش بە زیانی کورد و لەناوچوونی دەسەڵاتێکی کوردی و دەستبەسەرداگرتنی دەرامەتە ئابوورییەکانی ناوچە کوردییەکان کۆتاییهاتووە.

پەیوەندی (عماد الدین زنكي) لەگەڵ سەلجوقییەکان لەنێوان هاوپەیمانیەتی و دژایەتی دابووە بەپێی سەردەم و کات گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و لەسەرەتای دەسەڵاتی هەوڵدرا لە پۆستەکەی دووربخرێتەوە، بەڵام (عماد الدین زنكي)دەتوانێت باوەڕ بە سوڵتان بکات بۆئەوەی لە پۆستەکەی بمێنێتەوە بە تایبەت بەهۆی نزیکبوونەوەی مەترسیی خاچدروشمان لە ناوچەی موسڵ جگە لە پێدانی (سەد هەزار دینار) بەسوڵتانی سەلجوقی[١].

ئەتابەگییەکان دەستیان خستۆتە ململانێی نێوان سوڵتانەکانی سەلجوقی کاتێك لە ساڵی (٥٢٦ك/١١٣١ز) سوڵتان مسعود داوای دەسەڵات دەکات، لەهەمانکات سوڵتان (سەلجوق)ی برای مسعودیش خاوەنی فارس داوای دەسەڵات دەکات[٢]، سولتان

(١) الحسيني: أخبار الدولة السلجوقية، ص٨٩؛ بن واصل: مفرج الكروب فى اخبار بني ايوب، ج١، ص٤٠؛ محمد سهيل طقوش: تاريخ الزنكيين في الموصل و بلاد الشام، دار النفائس، ط٢(بيروت:٢٠١٠)، ص٨٩.
(٢) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج١٠، ص٧٦.

سـەلجوق دەچێتـە بەغـداد لەگـەڵ خەلیفـە ڕێکدەکەوێـت و سـوڵتان مسـعودیش داوا لـە (عماد الدیـن زنكي) و (دبیـس بـن صدقـة) دەكات ڕووبەڕوویـان ببنـەوە، ئەویـش بـە سـوپایەك بـەرە و بەغـداد دێـت بـۆ دژایەتیـی سـوڵتان سـەلجوق و خەلیفـە، بـەڵام دەشـكێن و بـەرەو تكریـت پاشەكشـەدەكەن، دواتریـش هـەردوو برایەكـە ڕێكدەكـەون بـەوەی سـوڵتان مسـعود دەسـەڵاتدار و سـەلجوقیش جێنشـینی بێـت[1]، بەمـەش بۆمـان دەردەكەوێـت كـە ئەتابەگییـەكان سـودیان لـە ناكۆكـی و ململانێـی نێوماڵـی سـەلجوقی وەرگرتـووە و لـە بەرژەوەندیـی بەهێزكردنـی پێگـە و دەسـەڵاتی خۆیـان بەكاریانهێنـاوە.

هـەروەك چـۆن (عماد الدیـن زنكي) لـە ململانێـی خەلیفـەی عەباسـی لەگـەڵ سـوڵتان مسـعود پشـتگیری خەلیفـە دەكات، بـەڵام بەشكسـت و كوژرانـی خەلیفـە كۆتاییدێـت[2]، لێـرەدا بەهـۆی پشـتگیریكردنی خەلیفـەی عەباسـی پەیوەندیـی نێـوان ئەتابەگیـەی موسـڵ و سـوڵتانی سـەلجوقی تێكدەچێـت، چونكـە لـە ناوچەكانـی موسـڵ و شـام وتـاری هەینـی بـە نـاوی خەلیفـە (الراشـد) دەخوێندرایـەوە لـە ناوچەكانـی عێراقیـش بـۆ خەلیفـە (الموقتفـي) بۆیـە سـوڵتان سـنجر داوا لـە (عماد الدیـن زنكي) دەكات كـە چـیتر پشـتگیری خەلیفـەی عەباسـی نـەكات و لـە ناوچەكانـی دوری بخاتـەوە زەنگیـش لـە ژێـر كاریگەریـی ڕووداوە سیاسـی و سـەربازییەكان ڕازی دەبێـت واز لـە هاوپەیمانەكـەی دێنێـت،

(١) ابـن الأثير: التاريـخ الباهـر في الدولـة الأتابكيـة، ص٤٥-٤٦؛ سـبط ابـن الجـوزي: مـراة الزمـان في تواريـخ الأعيـان، ج٢٠، ص٢٣٩؛ أبي الفـدا: المخـتصر في أخبـار البـشر، ج٣، ص١٤؛ ابـن الـوردي: تاريـخ ابـن الـوردي، ج٢، ص٣٦.

(٢) النويـري: نهايـة الأرب في فنـون الأداب، ج٢٧، ص٢٦؛ ابـن خلـدون: تاريـخ ابـن خلـدون، ص١٨٨٧.

خەلیفــەش ڕووو لــە ئازەربێجــان و دواتریــش هەمەدان(مەراغــە) دەکات تــا لــەوێ بەدەســتی باتنییــەکان دەکوژرێــت[١]. هەروەهــا تەنانــەت ئەتابەگییەکانیــش لەنێــوان خۆیــان ناکــۆك بــوون، هەریەکــە دەیویســت لەســەر حســابی ئــەوەی تریــان دەســەڵات و ســنووری فەرمانڕەوایــی فــراوان بــکات زۆرجاریــش ناوچــە کوردییــەکان مەیدانــی ئــەو ململانێیــە بــوون، ناوچــەی شــارەزوور و دەوروبــەری لەگــەڵ بەشــێك لــە ناوچەکانــی هەرێمــی چیــا لــە ســاڵی (٥٣٤ك/١١٣٧ز) لەژێــر دەســەڵاتی (قفجــاق بــن أرسلان تــاش الترکماني) بــوون لــەو ســاڵەدا (عماد الدیــن زەنکــی) هێــرش دەکاتــە ســەر ئــەو ناوچەیــە و دەســت بەســەر ناوچــەی شــارەزووردا دەگرێــت[٢]، فرازانخوازییەکانــی ئەتابەگیــەی موســڵ بــەوە نــاوەستن و لــە ســاڵی(٥٣٧ك/١١٤٠ز) هێــرش دەکەنــە ســەر ناوچەکانــی هــەکاری و دواتــر دەســت بەســەر قــەڵای ئامێدیــدا دەگرێــت، بــۆ ســاڵی دواتریــش دەســت بەســەر بەشــێك لــە ناوچەکانــی دیاربەکــر و ماردینــدا دەگرێــت[٣]، ململانێــی (عماد الدیــن زەنکــی) لەگــەڵ ســوڵتانەکانی ســەلجوقی لــە ڕێگــەی پشــتگیریکردنی نەیارانــی وای لــە ســوڵتان مســعود کــرد ترســی لــێ بنیشــێت و ســنوورێك بــۆ ئەتابەگیــەی موســڵ دابنێــت، بــۆ ئــەم

(١) أبــو شــامة: كتــاب الروضــتين في اخبــار الدولــتين النوريــة و الصلاحيــة، ج١، ص١٥٩-١٦٠؛ علي محمــد الــصلابي: الســلطان الشــهيد عماد الدين زنكي شــخصيته وعصره، مؤسســة أقــرأ، (القاهــرة:٢٠٠٧)، ص٧٤.

(٢) ابــن الأثير: الكامــل في التاريــخ، ج١١، ص٧٦؛ ابــن الأثير: التاريــخ الباهــر في الدولــة الأتابكيــة، ص٥٨؛ أبــو شــامة: كتــاب الروضــتين في اخبارالدولــتين النوريــة و الصلاحيــة، ج١، ص١٦٣؛ ابــن خلــدون: تاريــخ ابــن خلــدون، ص١٢٧٥.

(٣) ابــن الأثير: الكامــل في التاريــخ، ج١١، ص٩٢؛ التاريــخ الباهــر في الدولــة الأتابكيــة، ص٦٦؛ بــن واصــل: مفــرج الكــروب فــى اخبــار بنــي ايــوب، ج١، ص٩٢ ؛ ابــن الــوردي: تاريــخ ابــن الــوردي، ج٢، ص٤٣.

مەبەستەش هەڵمەتێکی سەربازیی ڕێکخست بەرەو موسڵ، زەنگی کاتێك بەوە دەزانێت نوێنەرێك لەگەڵ (بیست هەزار دینار)یان بۆ دەنێرێت و لەگەڵ بەڵێنی ناردنی پارەی تریش، ناردییە لای سوڵتانی سەلجوقی، بەمەش توانی لەگەڵی ڕێکبکەوێت و پەیوەندیەکانی ئاساییبکاتەوە[١]، زەنگی توانی بە نوێنەرایەتیی موسڵمانان و سەلجوقییەکان ڕووبەڕووی خاچدروشمان ببێتەوە و لەو ماوەیەش شاری رەهای لە ڕۆژهەڵاتی فورات لە دەست خاچدروشمان ڕزگارکرد[٢].

لە ڕاستیدا (عماد الدین زەنکی) بە درێژایی ماوەی فەرمانڕەوایی لە هەوڵی فراوانخوازیدابوو بەشێکی زۆریش لە هەڵمەتەکانی بۆسەر ناوچە کوردییەکان بوو، کاتێکیش لە ساڵی (٥٤١ك/١١٤٤ز) لەیەك کاتدا بەشێك لە هێزەکانی گەمارۆی قەڵای (فینك) دەدات لە ناوچەی (جەزیرەی ئیبن عومەر) لە هەرێمی جەزیرە کە خاوەنەکەی میر (حسام الدین) بەشنەوی بوو[٣]، لەهەمان کاتدا خۆی گەمارۆی خسبووە سەر قەڵای (جعبر)[٤]، کە پێشتر ئەو قەڵایە

---

(١) بن واصل: مفرج الكروب في اخبار بني ايوب، ج١، ص٩٠-٩١؛ ابن الوردي: تاريخ ابن الوردي، ج٢، ص٤٣؛ ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ص١٢٧٨.

(٢) ابن القلانسي: ذيل تاريخ دمشق، ص٢٧٩؛ بن واصل: مفرج الكروب في اخبار بني ايوب، ج١، ص٩٣؛ ابن الوردي: تاريخ ابن الوردي، ج٢، ص٤٤؛ عبدالرزاق قنيفي: مدرسة التعليم بالمشرق في عهد السلاجقة و الزنكينن، رسالة الماجستير، كلية العلوم الأسلامية-جامعة الجزائر٢بوزريعة، (الجزائر:٢٠١٦) ص١٠٦.

(٣) بن واصل: مفرج الكروب في اخبار بني ايوب، ج١، ص٩٨؛ محمد أمين زكي بك: خلاصة تاريخ الكرد وكردستان، ص١٥٥؛ محمد فتحى الشاعر: الأكراد في عهد عماد الدين زنكي، ص٤٦.

(٤) قەڵای جعبر: قەڵایەکە کەوتۆتە نێوان رەقەو بالس لە وڵاتی شام و دەکەوێتە سەر روباری فورات، پێشتر بەدەست فرنجەکانەوەبووە. بڕوانە: أسامة: كتاب الاعتبار، ط٢، ص١٦٨؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج١١، ص١١٠.

لەلایــەن مەلیکشــا بەخشرابــوو بــە میــر (ســالم کــوڕی مالــك العقــیلي) لەکاتــی گەمارۆدانــی لــە یەکێــك لــە شــەوەکان لەلایــەن یەکێــك لــە مەمالیکــە خزمەتکارەکانــی دەکوژرێــت، بێئــەوەی کــەس هەســتی پێبــکات[1]، لاوازیــی ســەلجوقییەکان و دەســەڵاتداریەتی عەباســی بــووە هۆیــی دەرکەوتنــی دەســەڵاتی بنەماڵــەی لــە هەرێــم و ناوچــە جیــاوازەکان کــە پەیوەســت بــوون بــە دەســەڵاتی ناوەنــدی.

لــە ســەردەمی خەلیفــە (المســتنجد باللــە) دەســەڵاتی ســەلجوقییەکان زیاتــر لەبەرامبــەر رۆڵــی ئەتابەگییــەکان لاوازبــوو کــە زیاتــر بەدەرکەوتــن و بەهێزبــوون وکۆنترۆڵــی پایەکانــی دەوڵەتــی ســەلجوقییان کــرد و لــە بەرژەوەندیــی خۆیــان لەنێــوان خۆیــان ڕێککەوتــن، کــە پشــتگیریی ســوڵتانی لاواز بکــەن بــۆ وەرگرتنــی دەســەڵات، بۆئــەوەی پێگــەی خۆیــان بــە بەهێــزی بمێنێتــەوە و هەرکاتێکیــش ناونــد لاواز بــوو کەنــار بەهێزدەبێــت، هــەرواش بــوو، لــەو ماوەیــە ئەتابەگــی ئازەربێجــان (ایلدکــز) دەســتی بەســەر دەســەڵاتی ناوەنــد لــە بەغــداد داگــرت تــا مردنــی لــە ســاڵی(٥٦٨ك/١١٧٢ز) لــە بەرامبــەر لاوازیــی ســەلجوقییەکان خەلیفــەی عەباســیش بەهێزبوویــەوە جارێکــیتر لەگــەڵ دەســەڵاتی ئەتابەگییــەکان بەریەککەوتــەوە و خەلیفــەی عەباســی دوای ســاڵی (٥٧٥ك/١١٧٩ز) توانــی کۆنترۆڵــی تــەواوی ناوچەکانــی عێــراق بــکات[2]، (**النســوی**) دەرکەوتنــی ئەتابەگییــەکان و ململانێــی نێــو بنەماڵــەی ســەلجوقی

(١) ابــن الأثير: التاريــخ الباهــر في الدولــة الأتابكيــة، ص٧٣؛ ســبط ابــن الجــوزي: مــراة الزمــان في تواريــخ الأعيــان، ج٢٠، ص٣٦٠؛ بــن واصــل: مفــرج الكــروب فــى اخبــار بنــي ايــوب، ج١، ص٩٨-٩٩ ؛ ابــن الــوردي: تاريــخ ابــن الــوردي، ج٢، ص٤٥.
(٢) خالــد عــزام: موســوعة تاريــخ الإسلامــي (الــعصر العبــاسي)، ص٢٦٣؛ حســن أحمــد محمــود- أحمــد ابراهيــم شريــف: العــالم الأسلامــي في الــعصر العبــاسي، ص٦٢٢.

لەلایـەك و سـەربەخۆیی ئەتابەگییـەكان و هەوڵـدان بـۆ فراوانخـوازی جـا چ لەنێـوان ئەتابەگییـەكان بووبێـت یـان لەسـەر حسـابی ناوچەكانـی ژێـر دەسـەڵاتی سـوڵتانەكانی سـەلجوقی بووبێـت، بـە یەكێـك لـە هـۆكارە سـەرەكییەكانی لاوازبـوون و دواتـر ڕووخانـی سـەلجوقییەكانی دانـاوە[1]، بـە گشـتی كـوردەكان ڕۆڵیـان هەبـووە لـە ململانێـی نێـوان سـەلجوقی و ئەتابەگییـەكان بـە تایبەتیـش لـە سـوپای ئەتابەگییـەكان، چونكـە بەشـێكی زۆر لـەو ئەتابەگییانـە لەسـەر خاكـی ناوچـە كوردییـەكان دوای ڕووخانـی میرنشـینە كوردییـەكان دروسـتبوون، بۆیـە شـتێكی ئاسـایی بـوو بەشـێك لـە پێكهاتـەی سـوپای ئەتابەگییـەكان كوردبـن و بەشـداریی فراوانخـوازی و ململانێـی ئەتابەگییـەكان بـن، ئـەو ململانێیـەش هـەردوو لایەنـی لاوازكـرد و وای كـرد لایەنـە ناكۆكـەكان لـە كۆتایـی دەسـەڵاتییان هانـا بـۆ خوارزەمییـەكان ببـەن بـۆ یەكلاییكردنـەوەی ململانێیەكانیـان، ئەمـەش دەرفەتـی دەستخسـتنە نـاو كاروبـاری سـەلجوقییەكانی ئاسـانكرد و دواتـر بـە ڕووخانـی سـەلجوقییەكان كۆتاییهاتـووە.

---

(١) سیرة السلطان جلال الدین منكبرتي، ص١٠.

# بەشی سێیەم:

رەنگدانـــەوەی ناکۆکـــی و ململانێـــی پێکهاتەکانـــی نـــاو دەســـەڵاتی عەباســـی لەســـەر کوردســـتانەوە

**تـــەوەری یەکـــەم:** کاریگـــەری ململانێـــەکان بەســـەر رەوشـــی سیاســـی و ســـەربازیی ناوچـــە کوردنشـــینەکاندا

**تـــەوەرەی دووەم:** دەرئەنجامـــە ئابوورییەکانـــی ململانێـــکان لەســـەر ناوچـــە کوردنشینەکان

**تـــەوەری ســـێیەم:** لێکەوتـــە کۆمەڵایەتییەکانـــی ململانێـــی پێکهاتـــەکان بەســـەر کۆمەڵگـــەی کوردییـــەوە

ئـەوەی لـەم بەشـە پێویسـتە ڕوونتر قسـەی لەسـەر بکرێـت شـوێنەواری پراکتیزەکردنـی ئـەو ململانێیەیـە کـە لـە نێـوان ئـەو پێکهاتـە و هێـز و دەسـەڵاتە ناوچەییانـەی کـە هـەر یـەك بـۆ زاڵبـوون و سـەپاندنی دەسـەڵاتی خـۆی هەوڵـی بـۆداوە، کاریگەریـی ئـەو ململانێیانـە لەسـەر کۆمەڵگـە و ناوچـە کوردییـەکان هـەروەك نەتەوەکانـی ناوچەکـە کەوتنـە ژێـر کاریگەریـی ئـەو پێشـهات و گۆڕانکارییـە سیاسـییانە، کـە دەوڵەتـی عەباسـی ڕووبـەڕووی بوویـەوە هـەر لـە سـەرەتای سـەدەی (٣ك/٩ز)دا لـە لاوازی دەسـەڵاتی ناوەنـدی و خراپیـی سیسـتەمی کارگێـڕی و دارایـی و نەبوونـی چاودێـری ئـەو بارودۆخـە، ئـەو بـوارەی ڕەخسـاند کـە چەندیـن هێـز و پێکهاتـە دەربکـەون و لـە هەوڵـی خۆسـەپاندندابن، دیـارە ناوچـە کوردنشـینەکان لـە کاریگـەری ئـەو ململانێیـە و بـارودۆخ و هەلومەرجـە بـەدەر نەبـوون، وەك بەشـێك لـە چوارچێـوەی سـنووری خیلافەتـی عەبباسـی کـە لێـرەدا هەوڵدەدرێـت لەچەنـد لایەنێکـەوە لەسـەر ژیانـی کـورد و ناوچـە کوردییـەکان بخرێتـەڕوو:

# تەوەری یەکەم:

## کاریگەری ململانێیەکان بەسەر رەوشی سیاسی و سەربازیی ناوچە کوردنشینەکاندا

## باسی یەکەم:

### سەرهەڵدان و لەناوچوونی دەسەڵاتە خۆجێیەکان:

لێرەدا دەمانەوێت ئەو هۆکارانە بخەینەڕوو کە لە ئەنجامی ململانێی پێکهاتەکان بوونە هۆکاری دەرکەوتن و لەناوچوونی میرنشینە کوردییەکان، پێش دەستگرتنی بوەیهییەکان بەسەر ناوەندی خیلافەتی عەباسی، دەوڵەتی عەباسی لە بارودۆخێکی سیاسیی شێواودا دەژیا، ئەویش دەرئەنجامی لاوازیی دەسەڵاتی خەلیفە بوو، کە بەسەر دامودەزگاکانی دەوڵەت ڕەنگیدابووەوە، تورکەکان کۆنترۆڵی پێگە کارگێڕی و سەربازییەکانی دەوڵەتیان کردبوو، لەگەڵ خەلیفەی عەباسی لەلایەك و هێزە هەرێمییەکانی ناوچەکە وەك دەیلەمەکان لە ململانێ دابوون، ئەمەش کاریگەریی خراپی بەسەر هەرێم و ناوچە کوردییەکاندا هەبووە، نموونەی عەیشانییەکان کە لە ڕۆژئاوای هەرێمی چیاکان دەسەڵاتدار بوون، لە سەرەتادا کوردەکان توانیان سوود لە ململانێی ئەو هێزانە وەرگرن و چەندین میرنشینی کوردی لە ناوچە و هەرێمە کوردییەکان دابمەزرێنن[١]، لەگەڵ هاتنە

(١) مسكوية: تجارب الأمم، ج٥، ص٣٢٣.

سـەر دەسـەڵاتی بوەیهییـەکان و لاوازیـی دەسـەڵاتی سیاسـی خیلافەتـی عەبباسـی و پاشـکۆیەتیی خەلیفـە بـۆ میرانـی بوەیهـی، ئـەو دەرفەتـەی بـۆ کـورد ڕەخسـاند پـەرە بەدەسـەڵاتی خـۆی بـدات و دەسـەڵاتی لـە چوارچێـوەی قـەڵاداری و سـەرداریکردنی خێڵەکـی تێپـەڕی و پەرەیسـەند بـۆ دەسـەڵاتێکی سیاسـی لـە شـێوەی میرنشـین، هـەر خێڵێکیـش بـووە بنەمـا بـۆ دامەزراندنـی میرنشـینێك لـە سـنوورێکی دیاریکـراو لـە چوارچێـوەی دەوڵەتـی عەبباسـی[١]، ململانێـی نێـوان خەلیفـە و بوەیهییـەکان و باڵادەسـتیی بوەیهییـەکان لـە دەسـت بەسـەرداگرتنی دەسـەڵاتەکانی خەلیفـەی عەبباسـی وای کـردووە، کـە دەسـەڵاتی ناوبـراو هێـزی خـۆی لەدەسـتبدات و توانـای هێرشـە سـەربازییەکانی نەمێنێـت، ئەمـەش ئـەو دەرفەتـەی ڕەخسـاند، کـە ویلایەتەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی دەوڵەتـی عەبباسـی خۆیـان فەرمانڕەوایـی خۆیـان بکـەن[٢].

بێگومـان سـەرۆك خێڵـە کوردییـەکان لـە بنیاتنانـی میرنشـینەکانیاندا سـوودیان لـە ململانێـی نێـوان پێکهاتـەکان وەرگرتـووە، بـە تایبـەت لـەو هەلومەرجـە ناسـەقامگیرەی لـە ئەنجامـی ململانێـی نێـوان پێکهاتـەکان هاتۆتـە کایـەوە، جگـە لـە کۆمەڵێـك هـۆکاری دیکـە[٣]، دروسـتبوونی بۆشـاییەکی سیاسـی و کارگێـڕی لـە هەرێمـی ئـاران و ئازەربێجـان کـە لـە ئەنجامـی ململانێـی نێـوان (روکـن الدولـة)ی بوەیهـی و مەرزەبانـی سـالاری ڕوویـدا، بـە دەسـتگیرکردنی مەرزەبـان کۆتاییهاتـووە لـە سـاڵی

(١) ابـن واصـل: مفـرج الكـروب فـی اخبـار بنـي ايـوب، ج١، ص٥١؛ کامـەران عزیـز: هۆکارەکانـی سـەرهەڵدان و ڕوخانـی میرنشـینە کوردییـەکان لەسـەردەمی عەباسـیدا، چاپخانـەی حاجـی هاشـم (هەولێـر:٢٠١٢)، ل٧١.

(٢) محمد أسعد طلس: عصر الانحلال تاريخ الأمة العربية، ج٦، ص١٠٩.

(٣) بـۆ هۆکارەکانـی سـەرهەڵدانی میرنشـینە کوردیـەکان بگەڕێـوە بـۆ: کامـەران عزیـز عەبـدوڵڵا: هۆکارەکانـی سـەرهەڵدان و ڕوخانـی میرنشـینە کوردییـەکان، ل٦٣

(٣٣٧ك/٩٤٨ز)، لەو ماوەیە و لە ساڵی (٣٣٨ك/٩٤٩ز) دەیسەمی کوردی بەهۆی ئەو بۆشاییە سیاسییەی لە ناوچەکە دروستببوو سەرەڕای لاوازی خیلافەتی عەباسی ئەو دۆخەی لە بەرژەوەندیی خۆی سوود لێوەرگرتووە، توانی دەست بەسەر شاری (أردبیل) بگرێت، دواتر بە هاوکاریی و پشتیوانی جەنگاوەرانی خێڵە کوردی و دەیلەمیەکان دەتوانێت دەست بەسەر بەشی زۆری هەرێمی ئازەربێجاندا بگرێت[1]، جگە لەوەی ئەو دەرفەتە بۆ محمد کوڕی شەداد (٣٤٠-٣٤٤ك/ ٩٥١-٩٥٥ز) ڕەخسا وەك کەسایەتییەکی لێهاتوو سوود لە بارودۆخی هەرێمی ئاران وەربگرێت و میرنشینی شەدادی لە ساڵی (٣٤٠ك/٩٥٢ز) دابمەزرێنێت[2]، لەهەمانکاتدا ئەو دەرفەتە دەبێتە پاڵنەرێکی سەرەکی و بەهێز بۆ محمدی کوڕی حسینی ڕەوادی (٣٤٣-٣٤٤ك/٩٥٤-٩٥٥ز) بۆ ئەوەی دەست بەسەر بەشێکی فراوانی هەرێمی ئازەربێجاندا بگرێت و میرنشینی ڕەوادی دابمەزرێنێت[3].

لە ڕاستیدا حەسنەوەیهییەکانیش سوودیان لە ململانێی نێوان بوەیهییەکان و سامانییەکان وەرگرت و سەرقاڵبوونی بوەیهییەکانیان بەهەلزانی و لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای هەرێمی چیاکاندا دەستیان

---

(١) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٨، ص٤٨١؛ أرشاك بولاديان: الأكراد في حقبة الخلافة العباسية، ص٧٥؛ عمر أحمد سعيد: إمارتا العيشانية وديسم الكردي في إقليم أذربيجان، ص٦٧٥.

(٢) محمد أمين زكي: تاريخ الدول و الأمارات الكردية، ص٩٠-٩١؛ ڤ.ف.مينورسكى: چەند لێکۆلینەوەیەك لە مێژووی کوردەکانی قەوقاز، ل٢٤؛ زرار سدیق: چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی مێژووی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، ل١٧.

(٣) محمد نزار الدباغ: بنو الرواد الموصليون و دورهم السياسي في أذربيجان خلال القرنين(٤-٥هـ/١٠-١١م)، مجلة دراسات موصلية، ع٤٦ (الموصل:٢٠١٧) ص٢٧؛ محمود اسماعيل: مختصر تاريخ أذربيجان، ت: رفيق عليون-رامز مرسالون، مركز الدراسات الأسلامية، (دبي:١٩٩٥) ص٣٢.

بـە فراوانخـوازی و بەهێزکردنـی پێگـەی خۆیـان کـردووە، لـە سـاڵی (٣٤٨ك/٩٥٩ز) میرنشـینەکەی خۆیـان دامەزرانـد [١]، بەهـۆی ئـەوەی میـری بوەیهـی لـەم کاتـەدا دەیویسـت زۆرتریـن دۆسـت و لایەنگـری لـە ناوچەکـە هەبێـت، بۆئـەوەی پشـتگیری بکـەن، بۆیـە لەبەرامبـەر فراوانخوازییەکانـی حەسـنەوەیهییەکان کاردانەوەیەکـی ئەوتۆیـان نەبـوو تەنانـەت هەوڵیشـیان نـەدا سـنوورێکیان بـۆ دابنێـن، میـر حسـنەوەیهیش بۆئـەوەی بتوانێـت بـاوەڕ بـە بوەیهییـەکان بهێنێـت و دڵنیایـان بکاتـەوە، کـە مایـەی مەترسـی نیـن بـۆ سـەر دەسـەڵاتی بوەیهـی، یارمەتـی جەنگـی پێشـکەش بـە (رکـن الدولـة)ی بوەیهـی کـرد لـە دژی سـامانییەکان، ئـەم هەڵوێسـتەی بـووە مایـەی ڕەزامەندیـی بوەیهییـەکان و دانیـان نـا بەدەسـەڵاتیان و متمانـەی خۆیـان پـێ بەخشـین[٢]، ئەمـەش بەئاشـکرا لـە وتـە بەناوبانگەکـەی دەردەکەوێـت کـە دەڵێـت: ((دەوڵەتەکـەم گرێـدراوە بـە دەوڵەتـی کوردانـەوە))[٣]، سـەرقالبوونی بوەیهییـەکان بـە ناکۆکـی لەگـەڵ تورکـەکان و ناکۆکـی ناوخـۆ ڕۆڵ و کاریگەریـی کـوردەکان لـە پشـتگیریکردنی بوەیهییـەکان بـە تایبـەت (ابـن ابـو شـوك) توانـی ئـەو تورکـە هەڵگەڕاوانـە بشـکێنێت کـە لـەدژی (سـبکتکین)ی پـەردەداری (معـز الدولـة) دەجەنـگان، بەمـەش

(١) حيدر خضير مراد لفته: الأمير بدر بن حسنوية(ت٤٠٥هـ/١٠١٤م)سيرته ودوره السياسي في العصر البويهي، مجلة جامعة كربلاء العلمية، مج١٦، ع٤، (كربلاء:٢٠١٨) ص٤٧.

(٢) مسكوية: تجارب الأمم، ج٥، ص٣٧٢؛ ئاکۆ بورهان: میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عەباسی، ل٨٩.

(٣) مسكوية: تجارب الأمم، ج٥، ص٣٧٧؛ فرست مرعي: الامارات الكردية في العصر العباسي الثاني، ص١٤٢؛ قادر محمد حسن: الامارات الكوردية في العهد البويهي، ص٩٢؛ زرار سدیق تۆفیق: چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی مێژووی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، ل١٦؛ سليمان خرابشة: إمارة بني حسنويه فى بلاد الجبال، ص٦٣.

توانــی شــکۆی دەســەڵاتداریەتیی بوەیهییــەکان لــە هەرێمــی چیــاکان بگەڕێنێتــەوە[١]، ئەمــەش ئــەو دەرفەتــەی ڕەخســاند کــە بوەیهییــەکان داوا لـە (ابـن ابـی شـۆك)ی عەننـازی بکـەن ئەرکـی پاراستنی ڕێـگای خوراسـانی گــەورە بگرنــە ئەســتۆ، وەرگرتنــی ئــەو پلەوپایــە لەلایــەك داننــان بــوو بــە دەســەڵاتی خێلــی شــازنجانییەکان و بەدەســتهێنانی ئابووریەکــی نیمچــە ســەربەخۆ لــە ناوچەکــەدا، لــە لایەکــی دیکــە لــە قۆناغەکانــی داهاتــوو ململانێــی نێــوان بوەیهییــەکان و خیلافەتــی عەباســی بۆشــاییەکی لــە ناوچەکانــی حلــوان و دەوروبــەری دروســتکرد و ئــەو زەمینەیــەی ڕەخسـاند کـە شـازنجانییەکان دەسـەڵاتێکی سیاسـیی خۆجێیـی لـە بەرگـی میرنشــین لــە ژێــر نــاوی میرنشــینی عەننــازی لــە ڕۆژئــاوای هەرێمــی چیــاکان دابمەزرێنــن[٢]، پشــتگیریکرنیان لەلایــەن بوەیهییــەکان مەبەســت لێیــی بەدەســتهێنانی هاوپەیمانیەتــی و پشــتگیریی عەننازییــەکان بــوو، لەگــەڵ ئــەوەش میرەکانیــان شــێوازی بەڕێوەبردنــی میرنشــینەکەیان پێــش نەخســتووە، وەك چــۆن میرنشــینەکانی دیکــە کردویانــە، بۆیــە زۆر بــە ئاســانی کەوتۆتــە ژێــر کاریگەریــی ئــەو ڕووداوە سیاســییانەی کــە لــە ناوچەکــە ڕوویاندەدا[٣]،جگــە لــەوەی کوردەکانــی هەرێمــی جەزیــرەش هەوڵــدەدەن ســوود لــە ململانێــی پێکهاتەکانــی ناوچەکــە وەربگــرن بــۆ بنیاتنانــی دەســەڵاتێکی ســەربەخۆ، شــەڕەف خانــی بەدلیســی دەڵێــت: ((کاتــێ ئەبوتەغلەبــی حەمدانــی و عەزدودەولــەی دەیلەمــی بــوو بــە

(١) ابــن الأثير: الكامــل في التاريــخ، ج٨، ص٤٨٨؛ ئاکۆبورهــان: میرنشــینە کوردییەکانــی ســەردەمی عەباســی، ل١٦٣.

(٢) کەیــوان ئــازاد ئەنــوەر: کوردســتان و کــورد لەســەدەکانی ناوەراســتدا، ل١٣١؛ هەمـزە کاکـە یاسـین: کـورد لـە کتێبـی (مسـالك الأبصـار في ممالـك الامصـار)ی ابـن فضـل اللـة العمـري، ل١٤٥-١٤٦.

(٣) ابراهيم محمد على مرجونه: الكرد في العصر العباسي دراسة سياسية حضارية، ص٣٤١.

شـەڕیان، بـاز یارمەتـی عزدودەولـەی دا))[١]، مەبەسـتی میـر بـــاد لـە یارمەتـی دانـی بوەیهییـەکان لاوازکردنـی پێگـەی حەمدانییـەکان بـوو لـە ناوچەکـەدا، چونکـە تـا ئـەو کات فەرمانـڕەوای هەرێمـی جەزیـرە بـوون لەگـەڵ خەڵکـی ناوچەکـە خـراپ بـوون (**ابـن حوقـل**) ئەمـە دووپاتدەکاتـەوە و وا باسـیان دەکات کـە ((حەمدانییـەکان سـەرباری ئـەوەی زۆردار و چاوچنـۆك و نادادپـەروەر بـوون، سـتەمکارانەش دەسـەڵاتی خۆیـان سـەپاندوە بەسـەریاندا))[٢]، بۆیـە لـەو کاتـەی حەمدانییـەکان سـەرقاڵبوون بـە جەنـگ و ململانـێ لەگـەڵ بوەیهییـەکان، بـەرەو لاوازی چـوون لـە بەرامبـەردا میـر بـــاد لـە هەوڵـی بەهێزکـردن و فراوانکردنـی دەسـەڵاتی بـوو لەوەشـدا سـەرکەوتووبوو دوای ئـەوەی ڕەزامەنـدی و پشـتگیریی هـۆزە کوردییەکانـی ناوچەکـەی بەدەسـتهێنا، بـە کۆتایـی هاتنـی دەسـەڵاتی حەمدانییـەکان لـە موسـڵ، بۆشـاییەکی سیاسـی و سـەربازی لـە ناوچەکانـی جەزیـرە دروسـتبوو ئەمـەش وای کـرد ڕۆڵـی ئـەو میـرە زیاتـر بەدەربکەوێـت و دەسـت بەسـەر چەندیـن شـاردا بگرێـت[٣]، لـە ڕاستیشـدا ناوبـراو توانـی سـوود لـە ناکۆکـی و ململانێـی ئـەو دوو هێـزە وەربگرێـت و لاوازیـی خیلافەتـی عەباسـی و نەمانـی حەمدانییـەکان لـە موسـڵ لـە بەرژەوەندیـی خـۆی بەکاربهێنێـت و دەسـەڵاتێکی خۆجێیـی بـە نـاوی میرنشـینی دۆسـتەکی (مەروانـی) دابمەزرێنێـت و لەقـەڵا سـەختەکانی هەرێمـی جەزیـرەش توانیـان لـە هێرشـی نەیارانیـان پارێـزگاری لـە میرنشـینەکەیان کـردووە[٤].

---

(١) شەڕەفنامە، چ٦، ل٣٠ .

(٢) صورة الأرض، ج١، ص١٩١ .

(٣) محمود یاسین التکریتی: الأمارة المروانیة في دیار بکر والجزیرة، ص٦٢ .

(٤) فرسـت مرعـي: الامـارات الکردیـة في الـعصر العبـاسي الثـاني، ص٢٢٧-٢٢٨؛ فیصـل

هەرچەنــدە بوەیهییــەکان لــەدوای دەســتگرتنیان بەســەر بەغــداد هەوڵێکــی زۆریانــدا بــۆ دەستبەســەرداگرتنی ناوچــە کوردنشــینەکان و ڕێگرتــن لــە ســەرهەڵدان و گەشەســەندنی هەردەســەڵاتێکی خۆجێیــی، بــەڵام ســەرکەوتوو نەبــوون، بۆیــە هەڵســان بــە جێبەجێکردنــی سیســتەمی نامەرکــەزی، بەمــەش میرنشــینە کوردییــەکان بوونــە ئەمــری واقــع و توانیــان لــە گۆڕەپانــی سیاســیی ئــەو ســەردەمە پێگەیــان هەبێــت و ڕۆڵــی خۆیــان گێــراوە[1]، ئەمــەش لــە دەرئەنجامــی کۆمەڵێــك گۆڕانکاریــی سیاســی و ئابــووری و کۆمەڵایەتــی بــووە کــە لــەو قۆناغــەدا لــە سنوری خانــەی ئیــسلام هاتۆتــە ئــاراوە، بــووە هــۆی ئــەوەی ئــەو میرنشــینە کوردییانــە بــە چەنــد قۆناغێکــی گەشەســەندن و گەڵاڵەبونــدا تێبپــەڕن و ســەرهەڵبدەن[2]، ئــیبن خلدوونیــش پێیوایــە ((دەســەڵاتداریێتی لەنــاو هــەر گەلێکــدا وەکــو پەناگەیــەك وایــە، کــە وڵات دەپارێزێــت))[3].

میرنشــینە کوردییــەکان کاروبارەکانــی زۆربــەی ناوچەکانــی کوردســتانیان بەڕێوەدەبــرد ســەرەرای ئــەوەی خاوەنــی دامــودەزگای سیاســی و ســەربازی و کارگێــڕی تایبــەت بــە خۆیــان بــوون، لــە ڕووی سیاســیش خەلیفــەی عەباســی دانــی پێدانابــوون، ئەمــەش وای کــرد ســەربەخۆیی دارایــی بەدەســتبهێنن و دراوی تایبــەت بــە خۆیــان لێــداوە،

السامر: الدولـة الحمدانيـة في الموصـل و حلـب، ص١٨٦؛ ئاکۆبورهـان محەمـەد: میرنشــینە کوردییەکانــی ســەردەمی عەباســی، ل١٥٤.

(١) علــی عبدالــرحمان خــدر: میرنشــینی دۆســتەکی(مەروانی)لە گۆشــەنیگایی خوێندنــەوەی شارســتانیەتی بـۆ مێژوو(تیـۆری ئـیبن خەلـدون)، نامـەی ماسـتەر کۆلێـژی زانســتە مرۆڤایەتیــەکان- زانکــۆی ســلێمانی، (ســلێمانی:٢٠١٥)، ل١١٧.

(٢) زرار ســدیق تۆفیــق: چەنــد لێکۆڵینەوەیــەك دەربــارەی مێــژووی کــورد لــە ســەدەکانی ناوەراســتدا، ل٦.

(٣) موقەدیمە، ب١، ل٤٠٠.

کـە نـاوی میـرە کوردییـەکان و خەلیفـەی عەباسـی و میـرە بوەیهییەکانـی لەسـەردا نەخشـێندرابوو، سـەرەڕای ناوهێنانیـان لـە وتـاری ڕۆژانـی هەینـی لـە تـەك خەلیفـەی عەباسـیدا[١]، بۆیـە دەتوانیـن بڵێیـن میرنشـینە کوردییەکانـی سـەردەمی بوەیهـی خـاوەن دەسـەڵاتی سیاسـیی تایبـەت بـە خۆیـان بـوون و تـەواو پێگەیشـتوو بـوون و ڕووبەرێکـی فراوانـی کوردسـتانیان بەڕێوەبـردوە، تاکـو ئـەو کاتـە ململانێـی پێکهاتـەکان لـە سـوود و بەرژەوەندیـی سیاسـیی کـورد بـوو بـۆ بنیادنانـی میرنشـین و قـەوارە سیاسـییەکان و فراوانبوونیـان لـە سنوورێکی دیاریکـراو، کەواتـە بـە وردبوونـەوە لـە ڕووداوە مێژووییـەکان بۆمـان ڕووندەبێتـەوە، کـە پێکهاتـەی کەسـایەتیی تاکـی کـورد ئـارەزوو ویسـتی جیابوونـەوەی هەبـووە و لـە هەوڵەکانیـان بـەردەوام بوونـە بـۆ دامەزراندنـی قـەوارەی سـەربەخۆ، بـەڵام لـە سـنوورێکی جوگرافـی بەرتەسـکدا بـووە[٢].

ئـەوەی ڕۆڵـی یەکـەم دەگێڕێـت لـە پێکەوەنانـی کرۆکـی دەمارگیریـی تایبـەت و دواتـر هەوڵـەدەدا بیکاتـە دەمارگیرییـەك هەموانـی لـە دەوری کۆبکاتـەوە، بنەماڵـەی میرانـی حەسـنەوەیهیە لـە سـەردەمی میـر حەسـنەوەیهی دژایەتیـی ناوەنـدی کـردووە، دواتریـش بوەیهییـەکان کـە دەرفەتیـان بـۆ ڕێککـەوت تۆڵـەی قورسـیان لـە منداڵەکانـی کردۆتـەوە[٣]، (عضـد الدولـة) (٣٦٧-٣٧٢ه/ ٩٧٨-٩٨٣ز)ی بوەیهـی ڕۆڵـی یەکلاکـەرەوەی هەبـوو لـە پشـتگیریکردن و هاتنـە سـەر دەسـەڵاتی میـر بـەدری

(١) زرار سـدیق تۆفیـق: چەنـد لێکۆڵینەوەیـەك دەربـارەی مێـژووی کـورد لـە سـەدەکانی ناوەراسـتدا، ل١٨.

(٢) کامـەران عزیـز: هۆکارەکانـی سـەرهەڵدان و ڕوخانـی میرنشـینە کوردییـەکان لەسـەردەمی عەباسـیدا، ل٧٠.

(٣) الـروذراوري: ذیـل تجـارب الأمـم، ج٦، ص١١-١٢؛ ابـن الأثیر: الكامـل في التاریـخ، ج٨، ص٦٠٦، ج٩ص٧.

کــوڕی حەســنەوەیهی(٣٦٩-٤٠٥ك/ ٩٧٩-١٠١٤ز) بــە دانپێدانانــی، بۆیــە پەیوەندیــی ئــەو میــرە لەگــەڵ بوەیهییــەکان لەســەر بنەمــای پاراســتنی پەیوەندییــەکان و بەرژەوەندییــە هاوبەشــەکاندا بەتینبــوو[١]، بــە بــڕوای ئـیبن خەلـدوون پایـەی سـەرەکی بوونـی هێـز دەرمارگیرییـە، دەبێتـە هـۆی کۆکردنــەوەی هێــزەکان، پەرتەوازەییــش لەوێــوە ســەرچاوە دەگرێــت، تەنانــەت فراوانخوازیــش بــۆ ئاواکردنــی دەمارگیرییەکــی گشــتگیر و دەســەڵاتدارێکی ســەپێنەر و دادگــەر بەدیناهێــت[٢]، ڕەنگــە یەکێــك لــەو نموونانـەی پەرتەوازیـی ناوخۆیـی میرنشـینی حەسـنەویی بێـت کاتێـك میـر بــەدر لــە ســەرەتای دەســەڵاتی هەمــوو براکانــی لەلایــەن بوەیهییــەکان لەدەسـتدەدات[٣]، بـەڵام دەشـێ ئامانجـی تۆڵەکردنـەوەی خوێنـی براکانـی نەبوبێــت، لــە دەســەڵاتدارانی بوەیهیــی لــە ناوەنــد، هەروەهــا خەیاڵــی گەیــشتن بــە ناوەنــد لــە ستراتیژیــی ئــەو میــرە نابێــت، بەڵکــو جــاری وا هەبــووە وەکــو لایەنێــك لــە ململانێــی بنەماڵــەی بوەیهییەکانــدا مامەڵــەی کــردووە، یاخــود ســوودی لــەو ململانێیانــەی نێــو بنەماڵــەی بوەیهـی وەرنەگـرت بـۆ بەهێزکردنـی خـۆی و دروسـتکردنی هاوپەیمانـی لەگــەڵ خێڵــە کوردییەکانــی دیکــەی دەوروبــەر بــە پێچەوانــەوە[٤]، ململانێـی پێکهاتـەکان زۆرجـار بۆتـە هـۆی پەرتەوازەکـردن و دروسـتبوونی دوژمنایەتــی لــە نێوخــۆی کــوردەکان ئەوەتــا کاتێــك بوەیهییــەکان لەململانێدابــوون لەگــەڵ هەریــەك لــە عوقەیلییــەکان و مەزیدییــەکان

---

(١) فرسـت مرعـي: الامـارات الكرديـة، ص١٥٧ ؛ شـوکروڵای بابـان: مێژوویـی کـورد و کوردســتان، ل١٠٢.

(٢) موقەدیمە، ب١، ل٣٥٢،٣٥٧.

(٣) مسكويه: تجارب الأمم، ج٥، ص٤٥٣-٤٥٤؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩، ص٧.

(٤) الـروذراوري: ذيـل تجـارب الأمـم، ج٦، ص١٠١-١٠٢، ١٠٤؛ ابـن الأثير: الكامـل في التاريـخ، ج٨، ص٢٦.

بەهـاوکاری حەسـنەوەیهییەکان لـە سـاڵی (٣٩٧ك/١٠٠٧ز) هێـرش دەکەنـە سـەر بەغـداد و بـە دە هـەزار جەنـگاوەر بۆمـاوەی مانگێـك گەمـارۆی دەدەن، بـە مەبەسـتی دەرکردنـی بوەیهییـەکان[١]، ئـەوەی جێـگای تێبینییـە هاوشـان لەگـەڵ سـوپای بوەیهییـەکان کـە بەرگرییـان لـە شـاری بەغـداد دەکـرد (ابـو فتـح العنـازي) بـە سـوپایەکەوە بەرگـری لـە بەغـداد دەکـرد و عەننازییـەکان لـەو هێرشـەدا دژی میـر بـەدری کـوڕی حسـنەوەیهی و هاوپەیمانەکانـی دەوەسـتنەوە و بەرگـری لـە شـاری بەغـداد و دەسـەڵاتی بوەیهییـەکان دەکـەن و گەمارۆیەکـە شکسـت پێدەهێنـن[٢]، هـۆکاری دابەشبوونیشـیان بەسـەر ئـەو دوو بەرەیـە بـۆ ململانێـی نێـوان ئـەو دوو میرنشـینە دەگەڕێتـەوە هـەروەك (**ابـن الأثير**) باسـی لێـوە دەکات و دەڵێـت: ((میـر بـەدر کـوڕی حەسـنەوەیهی دەسـتی بەسـەر حلـوان و قرمسـین داگـرت))، کـە لـە ژێـر فەرمانڕەوایەتیـی عەننازییـەکان بـوو و بـۆ ڕزگاربـوون لـەو دۆخـە (ابـو فتـح محمـد العنـازي) پەنـا بـۆ بوەیهییـەکان دەبـات و ئەوانیـش پشـتی دەگـرن[٣]، ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت کـە هەریـەك لـەو میرنشـینانە لەسـەر بەرژەوەنـدی ئـەوی دیکـە لـە فراوانخوازیـدا بـوون بەبـێ ئـەوەی حسـاب بـۆ پێکهاتەکانـی تـر بکـەن و لـە دژیـان یەکبگـرن، بەڵکـو میرنشـینە کوردیـەکان لـەو ماوەیـە بەسـەر دوو بـەرەی دژ بەیـەك دابەشـبوون و خزمەتـی بەرژەوەندییەکانـی ئـەو پێکهاتانەیـان دەکـرد ستراتیجیەتێکـی دور مەودایـان نەبـوو بـۆ یەکگرتـوی و بونیـان بـە پێکهاتەیـەك کـە بتوانـن ململانێـی پێکهاتەکانـی

(١) ابــن الأثير: الكامــل في التاريــخ، ج٩، ص١٩٣؛ ابــن خلــدون: تاريــخ ابــن خلــدون، ص١٠٦٥،٨٤٦ .

(٢) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩، ص١٩٤؛ ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ص٨٤٦.

(٣) الكامل في التاريخ، ج٩، ص١٩٥.

تـر بکـەن و هەژمونـی خۆیـان بەسـەر خەلافەتـی عەبباسـی بسـەپێنن، بەپێچەوانـەوە ململانێـی نێوانیـان و پەنابـردن بـۆ پێکهاتـە و ڕەگەزەکانـی تـر بـۆ یەکلاییکردنـەوەی ململانێیـەکان جـا چ لەنـاو میرنشـینێك بێـت یـان لەنێـوان میرنشـینە کوردیـەکان بێـت لـە سـیما دیارەکانـی سـەردەمی بوەیهـی بـوو، ئەمـەش لاوازیـی میرنشـینەکانی لێکەوتـەوە، کـە لـە کۆتایـی ئـەو سـەردەمە بـە زیانـی کـوردەکان تـەواو بـوو.

هەرێمـە کوردنشـینەکان لەژێـر کاریگەریـی سیسـتەمی خێڵەکـی و شـێوازی بەڕێوەبردنـی ڕەوشـی سیاسـی و سـەربازی، خـاوەن هێزێکـی گـەورەی مرۆیـی بـوون، هیـچ هـۆز و میرنشـینێک نەبـووە خـاوەن هێـزی تایبـەت بـە خـۆی نەبووبێـت[١]، ئـیبن خلـدوون دەڵێـت: ((پاسـەوانیی دەوڵـەت لـە لایـەن پاشـاوە دەکرێـت))[٢]، بـۆ نموونـە: (میـر فەزلۆنـی یەکەم) (٣٧٥-٤٢٢ک/ ٩٨٥-١٠٣١ز) فەرمانـڕەوای میرنشـینی شـەدادی بـووە، لـە مـاوەی فەرمانڕەواییـدا توانیویەتـی بەرپەرچـی هێرشـی دەرەکـی بداتـەوە، هەروەهـا توانیویەتـی سـنووری فەرمانڕەوایـی خـۆی فـراوان بـکات[٣].

کاتێکیـش شـیرازەی دەوڵەتـی بوەیهـی لێـکترازا و سـەلجوقییەکان بـەرەو ناوچـە کوردییـەکان هەڵکشـان لەڕێگـەی هەڵمەتـە سـەربازییەکانیان لەسـەر حسـابی بوەیهییـەکان، میـر هـەزار ئەسـپ (٤٣٦-٤٦٢ك/١٠٤٤-١٠٧٠ز) ئـەو بارودۆخـە گونجـا و لەبـارەی قۆسـتەوە و توانـی سـوود لـە ململانـێ و دوبەرەکیـی نێـوان بوەیهییـەکان وەربگرێـت لەژێـر سـایەی داننـان بـە دەسـەڵاتی ڕووکەشـانەی میرانـی بوەیهـی و پشـتگیریکردنی لایەنـە ناکۆکـەکان دەسـەڵاتی

(١) الفارقي: تاريخ الفارقي، ص٩٣-١٠٠؛ ابن الاثير: الكامل في التاريخ، ج٩، ص٥٢٩-٥٣٠.
(٢) موقەدیمە، ب٢، ل١٠٣
(٣) احمد کسروی: شهریارانی گمنام، مؤسسه انتشارات نگاه، چ٢ (تهران:١٣٨٨)، ص.٢٧.

خـــۆی فـــراوان بـــکات و کەوتـــە خـــۆی بـــۆ زیاتـــر خۆبەهێزکـــردن و دەســـەڵات فراوانکـــردن[١]، بۆئـــەم مەبەســـتەش ســـەرەڕای شـــاری (إیـــذج)، شـــارەکانی (رامهرمـــز، توشـــتەر) بخاتـــە ژێـــر هەژمـــوون و دەســـەڵاتی خـــۆی، بـــەڵام ســـەرکەوتنەکانی زۆری نەکێشـــا و کاتێـــك پشـــتگیری (ابـــو منصـــور)ی کـــرد کـــە لەگـــەڵ برایەکـــەی (ابـــو نصر فیـــروز) نـــاسراو بـــە (الملـــك الرحیـــم) لەســـەر دەســـەڵات لـــە ناکۆکیدابـــوون، (الملـــك الرحیـــم) توانـــی بەســـەر برایەکـــەی ســـەربکەوێت و لـــە بەرامبـــەر پشـــتگیریکردنی فلاســـتونی بـــرای لـــە ســـاڵی (٤٤٣ك/١٠٥١ ز) لـــە ڕێگـــەی هەڵمەتێکـــی ســـەربازیی شـــارەکانی نوشـــتەر و رامهرمـــزی داگیرکـــرد و لەژێـــر دەســـەڵاتی میـــر هـــەزار ئەســـپیان دەرهێنـــا و خەڵکەکەشـــی دوچـــاری تاڵانـــی و ماڵوێرانـــی بـــوون و بەشـــێکی زۆریـــش لـــە ســـەربازەکانی هـــەزار ئەســـپ کـــوژران و ئەوانـــی تریـــش بـــەرەو (إیـــذج) پاشەکشـــەیان کـــرد[٢].

ســـەلجوقییەکان سیاســـەتی بەمەرکەزیکردنـــی هەرێمەکانیـــان کردبـــووە ستراتیژیـــەك و لەســـەری دەڕۆیـــشتن و کاریـــان بـــۆ بەدیهێنانـــی دەکـــرد بـــۆ دروســـتکردنی دەوڵەتێکـــی مەیـــدان فراوانـــی بەهێـــز، بۆیـــە دەربڕینـــی گوێڕایەڵـــی و ناردنـــی ســـەروەت و ســـامانی بـــەردەوام نەبۆتـــە هـــۆکاری پارێزگاریکـــردن و مانـــەوەی میرنشـــینە کوردییـــەکان، جگـــە لـــەوەی هـــەر لـــە ســـەرەتاوە ئامانجـــی ســـەلجووقییەکان لەناوبـــردن و لاوازکردنـــی میرنشـــینە کوردییـــەکان بـــووە[٣]، هەروەهـــا کـــورد لـــە

(١) ابن الفوطي: مجمع الاداب في معجم الألقاب، ص٣٦٢ .

(٢) ابـن الأثير: الكامـل في التاريـخ، ج٩، ص٥٧٣-٥٧٤؛ زرار صديـق: میـر هـەزار ئەسـپ کـوڕی بەنگێـر، ل٤٤-٤٥.

(٣) العظيمـي: تاريـخ حلـب، حققـة: إبراهيـم زعـرور، (دمشـق:١٩٨٤)، ص٣٤٢؛ ابـن

ململانێــی ناوەندخوازیــی پێکهاتــەکان هێزێکــی فراوانخــواز نەبــووە، بۆیــەش بــە دەگمــەن نەبــووە هەڕەشــە بێــت لەســەر ناوەنــدی خیلافــەت، بەڵکــو بــە ســەرچاوەی پاڕاســتنی خــۆی زانیــوە، ئــەوەش ناوەنـدی لـە چـاو کـورد و نەوەکانـی داهاتـووی گـەورە کـردووە[(١)] لـە زۆر قۆناغــدا هانــای بــۆ بــردووە و لــە دەســت هێــزەکان و گوێڕایەڵیــی ناوەندیــش وەکــو فەرمانێکــی ئاینــی وەرگرتــووە[(٢)].

لەلایەکــی دیکــە جەنگــی مەلازگــرد(٤٦٣ك/ ١٠٧١ز) گۆڕانکاریــی هەمەلایەنــی بەســەر کــورد داهێنــا و وەکــو لێکەوتەیەکیــش کاریگەریــی بەجێهێشــت[(٣)]، یەکێــك لــە گرنگتریــن دەرئەنجامەکانــی شــەڕی مەلازگــرد زیادبوونــی بــزاوت و کــۆچ و زاڵبوونــی پێکهاتــەی ڕەگــەزی تورکــی بــوو بــۆ ناوچەکانــی ئاســیای بچــوك و کوردســتان بــە جۆرێــك نەخشــەی سیاســی و پێکهاتــەی دیموگرافیــی ناوچەکــەی لــە بەرژەوەندیــی ئــەو پێکهاتەیــە گــۆڕی و ســیمایەکی تورکــی بــە دابەشــکردن و بەخشــینی ناوچــە کوردییــەکان بەســەرکردە تورکــەکان بەخشــی[(٤)]، بۆیــە ئەنجامەکانــی بــۆ کــورد پێچەوانــە بــوون، چونکــە لــە دەرئەنجامــی ئــەو شــەڕە بــووە مایــەی زیادبــون و بەهێزبوونــی دەســەڵات و پێگــەی سیاســی و ســەربازیی ســەلجوقییەکان لــە ناوچەکــە، ســەرەڕای ئــەوەی کــوردەکان ڕۆڵێکــی

---

الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩، ص٥٩٦؛ ئاکۆ بورهان: میرنشینە کودییەکانی سەردەمی عەباسی، ل٣٥.

(١) الأصفهاني: تأريخ سني الملوك الأرض والأنبياء، دار مكتبة الحياة (بيروت:١٩٦١)، ص١٦٢.

(٢) حوسێن حوزنی موکریانی: سەرجەمی بەرهەمەکانی، ل٢٣٤.

(٣) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج١٠، ص٧٢-٧٣؛ حمدالله مستەوفی القزويني: تاريخ گزيدة، ص٤٣٢-٤٣٣.

(٤) نيكيتا ايليسيف: الشرق لإسلامي في الشرق الوسيط، ت: منصور أبو الحسن، دار الكتب الحديث، (بيروت:١٩٨٦) ص٣٥٥.

باڵایــان لــە ســەرکەوتنیان هەبــوو، (الــب ئەرســەلان) لەجیاتــی پاداشــتی کــورد بداتــەوە لــە پــای ڕۆڵ و بەشــداریکردنیان لــەو ســەرکەوتنەی، لــە یەکــەم کاردانەوەیانــدا ناوچەکانــی خــەڵات و مەلازگــرد ژێردەســەڵاتی میرنشــینی مەروانــی وەك (اقطــاع) بــە ســەرکردە ســەربازییە تورکەکانــی بەخشــی[١]، بۆیــە ســەلجوقییەکان هــەر لەگــەڵ دەســتگرتن و زاڵبوونیــان بەســەر پایەکانــی دەســەڵاتی عەباســی بیرۆکــەی مەرکەزیــەت و لابردنــی دەســەڵاتی میرنشــینە کوردییەکانیــان لــەلا دروســتببوو، ئــیبن خلدوونیــش پێیوایــە کــە دەوڵەتــداری بــە زاڵبــوون دێتــەدی، ئــەو زاڵبوونــەش پــاش جەنــگ یــەکلای دەبێتــەوە[٢]، هــەر لــە ســەرەتاوە ئامانجــی ســەلجووقی لەناوبــردن و لاوازکردنــی میرنشــینە کوردییــەکان بــووە، تەنهــا چاوەڕێــی هەلومەرجــی گونجاویــان کــردووە[٣]، ئــەو هەلومەرجــەش دوای جەنگــی (مەلازگــرد) هاتــە بــوون، میرنشــینی شــەدادیی لــە ساڵی (٤٦٨ك/١٠٧٥ز) بــە تــەواوی لاواز و بــێ ڕۆڵکــرا، میرنشــینی مەڕوانیــش بــە هەڵمەتــی ســەربازی کۆتایــی پێدەهێنرێــت[٤]، مەڕوانییــەکان لەگــەڵ ئــەوەی بــە بەردوامــی دیــاری و پارەیــان بــۆ ســەلجوقییەکان دەنــارد و ملکەچــی دەســەڵاتی ســەلجوقی بــوون، بــەڵام لەگــەڵ ئــەوەش هــەروەك (**أســامة بــن منقــذ**) دەگێڕێتــەوە و دەڵێــت: ((ســوڵتان مەلیکشــا داوا لــە (ابــو الهیجــاء)ی خاوەنــی هەولێــر دەکات بچێــت ئــەو ســێ هــەزار دینــارەی

(١) الفارقي: تاريخ الفارقي، ص١٩٠؛ ابن الوردي: تاريخ ابن الوردي، ج٢، ص١٢.
(٢) موقەدیمە، ب١، ل١٠١.
(٣) العظيمي: تاريخ حلب، ص٣٤٢؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩، ص٥٩٦.
(٤) ســبط ابــن الجــوزی: مــرآة الزمــان في تواريــخ الأعيــان، ج١٩، ص٣٨٣؛ ابوشــامة: الروضتيــن، ص٥٨؛ ابــن كثير: البدايـة والنهايـة، ص١٨٥٠؛ زرار سـەدیق: کورد و کوردسـتان لــە ڕۆژگاری خیلافەتــی ئیسلامیــدا، ل٢٥٦-٢٥٧.

لایــی میــری مەروانــی خاوەنــی دیاربەکــر بــۆی وەربگرێــت))[١]، بێگومـان بەخشــینی ئــەو بــڕە پارەیــەش لەپێنــاو پاڕاســتنی دەســەڵاتی سیاســیی میرنشــینی مەروانــی بــووە، هــەروەك میــری مەڕوانــی خــۆی باســی لێــوە دەکات و دەڵێــت: ((فراوانیــی وڵاتەکــەم و زۆریــی خێــر و بێــر و بێســتانەکانی و زۆریــی جوتیــار و ئاوەدانــی ناوچەکانــی ناکەمــە قوربانــی سێ هــەزار دینــار))[٢]، ئەمــەش ســەلمێنەری ئــەو ڕاستییەیە کــە کــوردەکان یەکنەبوونــە و بــەردەوام بەســەر لایەنــە ناکۆکــەکان دابەشــبوونە، لەکاتێکـدا پێویسـت بـوو لـەو قۆناغـە ئـەو هەماهنگییـەی نێـوان ئـەو دوو میرنشـینە بـۆ پاڕاسـتنی ناوچـە کوردییـەکان بوایـە لـە هێرشـی داگیرکـەران و ســەروەریی دەســەڵاتیان، نــەك ئــەوەی بــۆ خزمەتکردنــی پێکهاتەکانــی تــر بێــت، ئەمــەش پێکهاتەکانــی تــری هانــداوە ئاســانتر دەســت بەســەر ئــەو ناوچــە کوردییانــەدا بگــرن[٣].

هەرچــی میرنشــینی عەننازییــە بــە لاوازی کەوتبــووە ژێــر کاریگــەری ســەلجووقییەکان کــە لــە ململانێدابــوون بــۆ لەدەســتنەچوونی خاکــی هۆزەکەیــان و میرنشــینی هەزبانیــش بــە هەمــان شــێوە بــە تــەواوی لــە پەراوێــز و مایــەی مەترســی نەبــوون، بەڵکــو ببوونــە بەشــێك لــە پلانــی ململانێــی ســەرکردە هەرێمییــەکان بــۆ هینانەدیــی بەرژوەندییــەکان لەلایــەن ســەرکردەی هێــزە ناکوردییــەکان[٤]، ئــیبن خلدونیــش پێــی وایــە:

---

(١) أسامة: كتاب الاعتبار، ص١٦٥.

(٢) أسـامة: كتـاب الاعتبـار، ص١٦٦؛ شمال حميـد محمـد-زرار صديـق توفيـق: هـۆکارە ناوخۆییەکانـی لـە ناوچونـی میرنشـینەکانی ڕۆژهەڵاتـی ئیسلامـی لـە سـەدەکانی سـێیەم و چوارەمـی کۆچی/نۆیـەم و دەیەمـی زایینـی، گۆڤـاری زانسـتە مرۆڤایەتییـەکان، ژ٣، (زاخـۆ:٢٠١٩) ل٢٩٩.

(٣) ابراهيم محمد على مرجونه: الكرد في العصر العباسي دراسة سياسية حضارية، ص٣٤١.

(٤) ابـن الأثير: الكامـل في التاريـخ، ج١٠، ص٣٤٧؛ ڕەسـول ئبیراهیـم ڕەسـول، کاریگەریـی

کاتێـك کەسـێك کـەس پشـتگیری نـاکات بـە ئاسـانی دەتواندرێـت سـتەمی لـێ بکرێـت، ئـەوەش بـۆ میرنشـینە کوردییەکانیـش ڕاسـتە خەڵکـی بێپشـتوپەنا دەبنـە ژێردەسـتە و سـتەملێکراو[1]، دواتریـش لادانـی میـرە کـوردەکان بـەم شـێوەیە، سیاسـەتی بەپراوێزکردنـی کـورد سـەپێندرا.

ڕۆڵـی کـوردەکان نادیـدە نییـە و لـە زۆرێـك لـە ململانێیەکانـی نێـو بنەماڵـەی سـەلجوقی بەشـدار بوونـە و لایەنگیریـان پێـوە دیاربـووە بەشـدارییەکی کاراشـیان هەبـووە، بـە تایبـەت کاتێـك میـر سـورخاب کـوڕی بـەدری عەننـازی لـە ململانێـی نێـوان سـوڵتان محمـد مەلیکشـا (٤٩٨-٥١١ك/١١٠٤-١١١٧ز) لە دژی برایەکەی برکیاروق(٤٨٧-٤٩٨ك/١٠٩٤-١١٠ز) کـە لـە ململانێدابـوون لەسـەر دەسـەڵات، هـەر جـارە و پشـتگیری لایەنێـك دەکات[2]، لـە سـاڵی(٤٩٦ك/١١٠٢ز) لـەدوا ڕووبەڕووبوونـەوە بـە سـەرکەوتنی سـوڵتان محمـد کۆتاییهـات و هـەردوو سـوڵتان ڕێککەوتـن لەسـەر ئـەوەی چەنـد ناوچەیـەك بـۆ سـوڵتان محمـد بێـت، لـە گرنگتریـن ئـەو ناوچانـەش دیاربەکـر و موسـڵ و جەزیـرە بـوون[3]، ئەمـەش لاوازیـی دبلۆماسـیەتی میـر سـورخاب لـەو ململانێیـە بەدەردەکەوێـت، بـەوەی نەیتوانـی سـود لـە ململانێـی نێـو بنەماڵـەی سـەلجوقی وەربگرێـت و بـەو هۆیـەوەش لـە ئەنجامـی ئـەو هەڵمەتـە سـەربازییانەی کرانـە سـەر

---

لەشکرکێشییەکان، ل٨٢.

(١) موقەدیمە،ب١،ل٣٥٧-٣٥٨.

(٢) الحسـيني: زبـدة التواريـخ، ص١٦٣-١٦٤؛ ابـن الأثير: الكامـل في التاريـخ، ج١٠،ص٢٩٠؛ البنـداري: تاريـخ دولـة ال سـلجوق، ص٨٢؛ النويـري: نهايـة الأرب في فنـون الأدب، ج٢٦، ص١٩٧؛ ابـن خلـدون: تاريخ ابـن خلـدون، ص١٢٥٢.

(٣) الراونـدي: راحـة الصـدور، ص٢٢٨؛ النويـرى: نهايـة الأرب في فنـون الأدب، ج٢٦، ص٢٠١-٢٠٢.

میرنشــینەکەی ناوچــە و قەڵایەکــی زۆر لەدەســتدەدات[١]، بــەم شــێوەیە کــورد دەکەوێتــە پەراوێــزی هێزێکــی نــوێ، کــە لــە ناوەنــد و لەســەر خاکــی کوردانیــش زاڵیەتــی خــۆی ســەپاند و کاریگەریــی لــە ســەر مێــژووی قۆناغەکانــی دواتــری کــورد بەجێهێشــت.

لــە ململانێــی نێــوان خەلیفــەی عەباســی (المسترشــد باللــە) لەگــەڵ ســەلجوقییەکان و هەوڵــە بەردەوامەکانــی بــۆ گەراندنــەوەی شــکۆی خەلافــەت و ســەپاندنی دەســەڵاتی بەســەر ناوچەکانــی دەوروبــەر کاریگەریــی خراپــی دەبێــت بەســەر لاوازکــردن و دواتریــش رووخانــی میرنشــینی عەننــازی[٢]، بۆیــە چــۆن ململانێیــەکان دەرفەتــی دروســتکردنی میرنشــینە کوردییەکانــی ڕەخســاند بەهەمــان شــێوە هۆکارێــك بــوو بــۆ لەناوچوونــی میرنشــینە خۆجێیــەکان، کــوردەکان هەوڵیانــداوە لاوازیــی ســەلجوقییەکان وەك هەلێــك لــە بەرژەوەندیــی خۆیــان بقۆزنــەوە و لــە هەوڵەکانیــان بــەردەوام بــوون بــۆ ســەرلەنوێ زیندووکردنــەوەی میرنشــینە کوردییــەکان، ئــەو بارودۆخــە و ململانێــی نێــوان ســەلجوقییەکان لــە دوای ســاڵی (٥٠٠ك/١١٠٦ز) زەمینــەی دامەزراندنــی دەســەڵاتێکی ســەربەخۆی بــۆ کوردەکانــی لوڕســتان بــە نــاوی حکومەتــی لــوڕی گــەورە (فەزڵەویــە) [٣] ڕەخســاند[٤]، هــەروەك میرەکانــی میرنشــینی مەروانــی و پــاشماوەی میرنشــینی شــەدادی پارێزگارییــان لــە فەرمانڕەوایەتــی چەنــد شــار و

---

(١) ئاکۆ بورهان محەمەد: میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عەباسی، ل٢٠٤.

(٢) ابن واصل: مفرج الكروب فى اخبار بني ايوب، ج١، ص٥١.

(٣) فەزڵــەوی: بۆزیاتــر زانیــاری لەســەر ئــەو حکومەتــەو دامەزراندنــی و ناوچەکانــی فەرمانڕەوایــی بگەڕێیــەوە بــۆ: شــەڕەف خانــی بەدلیســی: شــەڕەفنامە، چ٦، ل٤١؛ محمــد أمين زكي بــك: خلاصــة تاريــخ الكــرد وكردســتان، ج١، ص١٥٢.

(٤) محمــد أميــن زكي: مشــاهير الكــرد وكردســتان، مطبعــة التفيــض، (بغــداد:١٩٤٥) ج١، ص٤٥؛ کەیــوان ئــازاد ئەنــوەر: کوردســتان و کــورد لەســەدەکانی ناوەراســتدا، چ١، ل١٩١.

ناوچەیەکـدا کـرد، وەك ئـەوەی میـر فەزڵونـی سـێیەمی شـەدادی توانـی فەرمانـڕەوای خـۆی بـۆ سـەر شـارەکانی کەنجـە و دویـن بگەڕێنێتـەوە، بـەڵام بـۆ سـاڵی (٥٢٤ك/١١٣٠ز) جارێکـی دیکـە ئـەو شـارانە لەدەسـت شـەدادییەکان دەردەچـن[١]، کەوابـوو ئـارەزووی کـورد لـە گەڕاندنـەوەی دەسـەڵات بـۆ ژێـر دەسـتی خۆیـان زۆرگـەورە بـووە، هەوڵـە لێبڕاوییەکانیـان لـەم ڕووەوە بـەردەوام بـوو، بـەڵام بـە دەرکەوتنـی ئەتابەگییـەکان و بەهێزبوونیـان و هەوڵـی فراوانخوازییـان لەسـەر حسـابی لاوازیـی دەسـەڵاتی سـەلجوقی ململانێـی بـەردەوام لـە نێوانیانـدا دەرئەنجـام کۆتاییـان بـەو دەسـەڵات و قـەڵاداره کوردانـە هێنـا کـە تـا ئـەوکات بوونیـان مابـوو[٢]، کـورد کەوتۆتـە ژێرکاریگەریـی هەژموونـی ناوەنـد، لەگـەڵ بێهێزبوونـی دەوڵەتـی سـەلجووقی و نەمانـی هەژموونیـان بەسـەر ناوەنـد، دەسـەڵاتی خیلافـەت توانـی بەشـێکی بەرچـاوی خاکـی کـوردان بخاتـەوە ژێـر ڕێکفـی خۆیـەوە[٣]، دەسـەڵاتی سیاسـی لـە خاکـی کـوردان هەمیشـە بەرگێکـی نیمچـە میرنیشـنی هەبـووە، دوای ئـەو قۆناغـە، گـەر دەرفەتـی سیاسـیش لـە باربووبـێ[٤]، بـە هۆیـەوە نەیانتوانیـوە لـەڕووی سیاسـی ناوەندێکـی سیاسـی دامەزرێنـن و هێـزەکان لـە یـەك کۆببنـەوە.

(**العمـري**) لەهـۆکاری لاوازبـوون و ڕووخانـی دەسـەڵاتداریەتی کـورد دەڵێـت: ((کـوردەکان ژمارەیـان زۆرن کـە لـە ژمـاردن نایـەن و گەلێکـن دەسـتیان بەسـەردا ناگیرێـت، ئەگـەر شمشـێری براکـوژی نێوانیـان نەبێـت

(١) ابـن الأثير: الكامـل في التاريـخ، ج١٠، ص٦٦٧؛ ئاکـۆ بورهـان: میرنشـینە کوردییەکانـی سـەردەمی عەباسـی، ل٣١.
(٢) نیشتمان بەشیر: کورد و سەلجوقیەکان، ل٤٢٠.
(٣) زرار صدیق تۆفیق: کورد و کوردستان له ڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا، ل٣١٣.
(٤) العمـري: تعريـف بالمصطلـح الشريـف، مطبعـة العاصمـة، (مصر: ١٣١٢هـ)، ص٣٧-٣٨؛ شـەرەفخانی بەدلیسـی: شـەرەفنامە، ل١٤٤، ١٦١-١٦٢.

هەمـوو ناوچەکانیـان دەخسـتە ژێـر دەسـەڵاتی خۆیانـەوە، بـەڵام بیـروڕاو گوتاریـان لەیـەکتر جیـاوازە و توشـی فـرە گوتـاری هاتـوون، شمشـێریان لەیـەکتر هەڵکێشـاوە و خوێنرێـژی لەنێوانیانـدا هەرمـاوە))[١] شـەرەفخانی بەدلیسـیش دەڵێـت: ((کـوردەکان ئەگـەر ئاکارێکـی ناپەسـەندیان هەبـێ، هـەر ئەوەندەیـە کەسـیان سـەر بـۆ کەسـیان ناچەمێنـێ و بـۆ یـەکتری نایەنـە بەرکەمەنـد و هـەر وەك تاکە-تاکـە هـەر کـەس بیـر لـە سـەر بەرزیـی خـۆی دەکاتـەوە، بەتێکـڕا بیـر لـە سـەربڵندیی تێکڕایـی ناکـەن و پشـتی یـەکتری ناگـرن و نابنـە یـەك))[٢]. ئـیبن خلدوونیـش دەڵێـت: ((بـێ فەرمانـڕەوا و بـێ یاسـا ژیـان دەکەوێتـە پەراوێـز))[٣]، بەهـۆی ئـەوەی دەسـەڵاتە کوردییـەکان لەسـەر بنەمـای خێڵەکـی ئـەو کیانـە سیاسـییانەیان دامەزراندبـوو[٤]، لـە سروشـتێکی خێڵەکـی و ناوچەیـی و هەرێمـی تێپـەڕی نەدەکـرد[٥]، بۆیـە زۆر جـار بـە لەناوچوونـی ئـەو میـرە یاخـود ئـەو سـەرۆك هـۆزە ئـەو دەسـەڵاتە ناوچەیـە کۆتایـی پێهاتـووە، وەك ئـەوەی (میـر ئەحمەدیلـی کـوڕی ئیبراهیمـی کـوڕی وەهسـوزانی ڕەوادی)، خاوەنـی مەڕاغـە کـە یەکێکـە لـە شـارە ئاوەدانەکانـی هەرێمـی ئازەربایجـان لـە سـاڵی (٥١٠ك/ ١١١٦ز) لـە شـاری بەغـداد لەسـەر دەسـتی باتنییـەکان غافلکوژکـراوە، بـەم هۆیەشـەوە کۆتایـی بـە دەسـەڵاتی کـوردەکان لـەوێ

(١) التعريف بالمصطلح الشريف، ص٣٧.
(٢) شەرەفنامە، ل٢٥ .
(٣) ئیبن خلدون: موقەدیمە، ب١، ل١٩٧.
(٤) شـەرەفخانی بەدلیسـی: شـەرەفنامە، ل ٢٥؛ محەممـەد فەریـق حەسـەن: مێنتەلێتیـی خێـڵ، دەزگای ئـاراس، (هەولێـر: ٢٠٠٨)، ل٥٧؛ عبداللـه العـروي: ابـن خلـدون وميكافيـللي، ت: أحمـد خليـل، دارالسـاقي، (لنـدن:١٩٩٠)، ص١٦-١٨.
(٥) کەیـوان ئـازاد ئەنـوەر: چەردەیـەك لـە مێـژووی کـورد، چاپخانـەی چوارچـرا، (سـلێمانی: ٢٠٠٦)، ل٨٩، ٩٤، ٩٧، ١٠١.

هــات و دەســت بەســەر ناوچەکانیــدا گیــرا[١]، بۆیــە لەوماوەیــە کۆتایــی بــە زۆربــەی میرنشــینە کوردییــەکان هــات جگــە لــە دەســەڵاتداریەتی چەنــد میرێــك کــە لــە ســنورێکی بەرتەســکی جوگرافــی هەبــوو مایــەی مەترســیش نەبــوون بــۆ ســەر دەســەڵاتی ســەلجوقییەکان، گــەر ســەیری هەنگاوەکانــی کــورد بکەیــن بــە ئاڕاســتەی بنیادنانــی ناوەندێــك، کــە حــەزی ناوەنــد خــوازی و فراوانخــوازی لەســەر بنیادبندرێــت. لەگــەڵ هێزەکانــی دیکــە بــەراورد بکەیــن، تێدەگەیــن لــە ســنوورێکی ناوچــەی خێڵەکــی دەربازیــان نەبــووە نەیانتوانیــوە هاوپەیمانییەتییــەك دروســت بکــەن، بــۆ ئــەوەی هەنگاوێــك بێــت تاوەکــو ململانێــی هێزەکانــی پــێ بکــەن و ویســتی زاڵییەتــی و گەیــشتن بــە ناوەندییــان هەبێــت، ئــەوەش وەکــو میراتێــك بۆیــان ماوەتــەوە، وەکــو ئەحمــەدی خانــی (م:١١١٨ك/١٧٠٧ز) دەڵێــت:

**گەر دێ هەبوا ئیتفاقەك ڤێکر بکرا مە ئیقیادەك**

**ڕۆم و عەرەب و عەجەم تەمامی هەمیان ژ مەرا دکر غولامی**[٢]

سروشــتی ژیانــی سیاســیی کــورد، بــێ ئــەوەی بیــر لــەوە بکەنــەوە هــەوڵ بــۆ بنیادنانــی دەســەڵاتێکی سیاســی بــدەن، بــەو هۆیــەوە کێبڕکــێ و گیانبازی بکــەن لەپێنــاو بەدەســتهێنانی، سیاســەتی خێڵەکیــان بــە گونجاوتریــن ئەزمــوون زانیــوە، چونکــە لەگــەڵ گۆڕانکاریــی سیاســی لــە ناوەنــدەکان هەرگیــز گۆڕانــکاری لــە دەســەڵاتی ســەرۆك خێــڵ ڕووی نــەدەدا، لــە هەمــان کاتیشــدا ئــەو دەســەڵاتە خۆماڵییەشــی نەبۆتــە هــۆی بناغەیەکــی سیاســی بــۆ دروســتکردنی ناوەندێکــی بەهێــز لــە ناوچــە کوردنشــینەکان،

(١) ابــن الـقلانسي: ذيــل تاريــخ دمشــق، ص١٩٨؛ الصفــدي: الــوافي بالوفيــات، تحقيــق: احمــد الارناووط-تـزكي مصطفـى، دار احيـاء التراث العربى، (بيـروت: ٢٠٠٠م)ج٨، ص١٩٨.

(٢) مەم و زین، مطبعة نجم استقبال، (اسنبول: ١٩١٩)، ل١٥.

کـە بناغـەی سیاسـی دەسـەڵات لـە خاکـی کـوردان جێگیـر بـکات، بەڵکـو وەکـو سـوپایەك سـوودیان بـە بەهێزکرنـی هێزەکانـی تـر گەیانـدووە لـە قۆناغـە جیـاوازەکان، بۆیـە بـە ئاسـانی کەوتوونەتـە نێـو گەمـەی ململانێـی پێکهاتـەکان، ئەمـەش وای کـردووە لێکەوتـەی سیاسـی بەڕوونـی بـە دۆخـی کـوردەوە دیـار بێـت، دوای نەمانـی دەسـەڵاتی سیاسـیی خۆیـان زیاتـر وەکـو خاوەنـی شـار و خاوەنـی قـەڵا ناویانهاتـووە[١]، بـە تێگەیـشتن لـەم ڕووداوە مێژوویيانـە دەرکەوێـت، کـە کـورد خاوەنـی هۆشـیاری سیاسـیی بەهێـز نەبـووە، کـە ویسـتی دەسـەڵاتخوازیی هەبێـت و هەوڵـی فراونخـوازی بـدات لەسـەر حسـابی پێکهاتـەو نەتەوەکانـی ناوچەکـە، بەڵکـو مرۆڤێکـی یاخـی بـووە لـە چوارچێـوە و سـنووری جوگرافیاکـەی، بەئاسـانی کەوتۆتـە ژێـر کاریگـەری ململانێـی پێکهاتـەکان، بەشـێکی ڕووداوە مێژووییەکانیـش گەواهـی ئـەو دۆخـەن، کـە تاڵانـی کـردووە، یـان باجـی نـەداوە[٢]. کـورد خاوەنـی دەسـەڵات بـووە، بـەڵام خاوەنـی ناوەنـد نەبـووە، تـا وەکـو ئـەو مێـژووە هاوشـێوەی گەلانـی دیکـە گیانـی ویسـتی سـەربەخۆخوازی تێـدا بئافرێنێـت[٣].

---

(١) ابن الساعي: مختصر أخبار الخفاء، مطبعة الأمير، (مصر:١٣٠٩هـ)، ص١٣٢-١٣٣.

(٢) الهمـذاني: تكلمـة تاريـخ الـطبري، ص٢٦٤؛ الانصـاري: نخبـة الدهـر فـی عجائـب البر والبحـر، المكتبـة المثنـی، (بغـداد: ١٩٦٣)، ص٢٥٥.

(٣) شـەڕەفخان: شـەڕەفنامە، ل٢٥؛ کامـەران عەزیـز عەبـدوڵڵا: جەدەلـی کەنـار و سـەنتەر، ل٤١٤-٤١٥.

## باسی دووەم:

### لێکەوتە سەربازییەکان

هەرچەندە میرە کوردییەکان بە شێوەی تاکلایەن هەوڵی پاراستنی ناوچەکانیان داوە ئەمەش وای کردوە کورد وەك پێکهاتەیەکی یەکگرتوو دەرنەکەوێت و کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانیان لە ڕێگەی هەڵمەتە سەربازییەکانیان ئاسان بێت بە تایبەت بۆهێزێکی گەورەی وەك سەلجوقییەکان، بۆیە هەرچەندە ئەو میرنشینانە ملکەچی ئەو دەسەڵاتە بوونە و میرانی کورد بە گشتی و مەروانی بە تایبەتی لە پێناو پاراستنی ناوچەکانیان ئامادەبوونە باجێکی زۆر بدەن، بەڵام ئەوە نابێتە هۆکاری ئەوەی کە سەلجوقییەکان بەوە قایل بن، لەکۆتاییدا بە شێوەیەکی کرداری ئەو ناوچانە داگیر دەکەن و میرنشینە کوردییەکان یەك لەدوای یەك بەرەو هەڵوەشانەوە و لەناوچوون دەبەن.

هەروەها کورد لە ململانێی ناوەندخوازییەکان هێزێکی فراوانخواز نەبووە، بۆیەش بە دەگمەن نەبووە هەڕەشە بێت لەسەر ناوەندی خیلافەت، بەڵکو بە سەرچاوەی پاراستنی خۆی زانیوە، ئەوەش ناوەندی لە چاو کورد و نەوەکانی داهاتووی گەورە کردووە[١]، کورد لە زۆر قۆناغدا هانای بۆ بردووە و لە دەست هێزەکان و گوێڕایەڵیی ناوەندیش وەکو فەرمانێکی ئایینی وەرگرتووە، ئەوەش لە کاتێکدایە، کە هێزەکانی دیکە هەڕەشەی نەهێشتنی خەلافەتی عەباسیان دەکرد[٢]، نائارامی و هەژاری خەڵك زەلیل دەکات، دەشبێتە بەربەست تا تەنها بیر لە ڕزگاکردنی ژیانیان بکەنەوە، نەوەك هەنگاوی نوێش بهاوێن،

---

(١) الأصفهاني: تأريخ سني الملوك الأرض والأنبياء، ص١٦٢.

(٢) ابن الأثير: الكامل التاريخ، ج٩، ص٤٣٩-٤٤٠.

چونکـە خەڵکیـش بـە هـۆی جەنـگ و ململانێییـەکان مـاڵ و سـامانیان لەدەسـتدەدەن، بـە وڵاتـدا بڵاودەبنـەوە، کاتێـك هـەژار دەبـن، هەرگیـز نابنـە مەترسـی لەسـەر هێـزی ناوەنـد و داگیـرکار[١]، مێـژوو بـۆ خـۆی بەشێکی گرنگی مێـژووی جەنـگ و ململانـێ و کێبڕکێـی نێـوان مرۆڤەکانـە، هەمـوو کێبڕکێکانیـش لەپێنـاو زاڵبوونـن، ئەوانەشـی لـەو ململانێیانـەش بەشـدارییان کـردووە، حـەزی گەیشـتنیان هەبـووە بـەو ئامانجـە دوورانـە، کاتێـك حـەزی ملکەچکردنـی ئەوانـی تـر لـەلای کۆمەڵێـك دەورووژێـت دەبێتـە هـۆی ئـەوەی هەمـوو هەوڵەکانـی خۆیـان بخەنەگـەڕ بـۆ ئـەوەی ئـەو ئامانجەیـان بهێننـەدی، ئـەوەش لەپێنـاو تەواوکردنـی خواسـتەکانی خۆیـان و سـەندنی ئـەو شـتەی کۆمەڵەکـەی تـر خاوەنیـن، ئـەوەش بـە ڕوونـی بەسـەر هێـرش و پەلامـاری هێزەکانـەوە دیـارە بـۆ سـەر خاکـی کـوردان، بـوون بـە مەیدانـی ناکۆکیـی نێـوان خـودی هێـزەکان لەنێـو لاپـەڕەی سـەرچاوەکان، لـە کاتێکـدا کـورد وەکـو زەرەرمەنـدی یەکەمیـش لـە پەراوێـزی مێـژووی ئـەو جەنگانەدایـە[٢].

هـەروەك دەزانیـن کـە سـوپا خـۆی ئەرکـی پاراسـتنی وڵاتە، بەڵام سـوپای ناوچـە کوردییـەکان لەبـەر بوونـی ململانێـی پێکهاتـەکان توانایەکـی زۆری لـە بەرژەوەنـدی هێـزە بێگانەکانـدا بەفیـڕۆ دەچـوو بەلەدەسـتدانی ژمارەیەکـی زۆری سـەرباز و توانـا سـەربازیەکانی وەکـو چـەك و تفـاق و ئازووقـەی پێویسـت بەسـوپا بەبـێ ئـەوەی هیـچ سـوودێکی بـۆ کـورد هەبێـت، بێگومـان ناوچـە کوردنشـینەکان مەیدانـی شـەڕەکانی نێوانیـان بـوو، تێـوەگلان و بێلایـەن نەبوونـی کوردیـش لـە ململانێـی پێکهاتـەکان چ لەنێـو خۆیانـدا، یـان لەگـەڵ ڕەگـەز و پێکهاتەکانـی تـر

(١) مەکیاڤیللی: میر، ل٣١.

(٢) ابن الأثیر: الکامل، ج٨، ص٥٠٧؛ ابن خلدون: تاریخ ابن خلدون، ص٨١٣.

كاریگەرییەكانی لەسەر كورد زیاتر كرد[١]، عەننازییەكان وەك هێزێكی كاریگەری كوردی ملكەچی بوەیهییەكان بوون بەتایبەت (ابو شوك) ی عەننازی و لە ململانێی نێو بنەماڵەی بوەیهی لایەنگیری پێوە دیاربووە، لە ڕوداوەكانی ساڵی (٣٨٩ك/٩٩٩ز) و ململانێی (بهاء الدولة) لەگەڵ نەیارەكەی (عز الدولة) بۆ داگیركردنی هەرێمی فارس و خوزستان، (ابو الفتح) (١٠٠سوارە) سەر بە هۆزی شازنجانی نارد بۆ یارمەتی (بهاء الدولة)[٢]. میر بەدر بەپێی بەرژەوەندییەكانی میرنشینەكەی مامەڵەی كردووە ئەوەتا لە ساڵی (٣٧٩ك/٩٨٩ز)میر بەدری حەسنەوەیهی بە (٤٠٠٠ هەزار) سەربازەوە یارمەتی (فخر الدولة) دەدات كە هێرشی كردە سەر (بهاء الدولة)[٣]. دوای ئەو رووداوە پەیوەندیی میر بەدر لەگەڵ (بهاء الدولة) ئاسایی دەبێتەوە تەنانەت یارمەتیشی دەدات، لە ساڵی (٣٨٧ك/٩٩٧ز) سوپای (بهاء الدولة) لە ناوچەی (واسط) لەگەڵ (ابو فتح بن العمید) ئازوقەی پێویستی لێدەبڕێت و ناتوانێت بەدەستبهێنێت، و سوپایەكەی دوچاری برسیەتی دەبێتەوە، بۆیە داوای یارمەتی لە میر بەدری حەسنەوەیهی دەكات، ئەویش پێویستییەكانی لە ئازوقە بۆ دابیندەكات و سوپاكەی لە لەناوچوون ڕزگار دەكات، دوای ئەو ڕووداوەش لە پاداشتی هاوكاریكردنی لەسەر داوای (بهاء الدولة) خەلیفەی عەباسی (قادر باللە) نازناوی (نصر الدولة)ی پێدەبەخشرێ[٤]، كاتی فەرمانڕەوایی

(١) ابن الجوزي: المنتظم في تاريخ الملوك و الأمم، ج٧، ص٣٨؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٨، ص٥٧٦.

(٢) الروذراوري: ذيل تجارب الأمم، ج٦، ص١٨٩ .

(٣) الروذراوري: ذيل تجارب الأمم، ج٦، ص١٠٣؛ محمد جميل رۆژبەیانی: مێژووی حەسەنوەیهی و عەییاری، ل٦٢.

(٤) الروذراوري: ذيل تجارب الأمم، ج٦، ص١٨٦؛ حسام الدين النقشبندي: الكرد في

میرنشینەکان بە ڕوونی دیارە ویستی جەنگ و داگیرکاری لە سروشتی کورد دووربووە، ئەوەش بە هۆیەك دادەندرێت، کە مەیدانخوازیی و ململانێی پێکهاتەکانی دی نەکات لەسەر ناوەندێکی یەکگرتووی بۆ خۆیان، لەو قۆناغە کە ڕۆڵێکی پەراوێز هەبوو بە بەراورد بە هێزەکانی تر، لە پەراوێزی ئەو هێزانە بەشداری ململانێیەکان بوونە، تێبینیش دەکرێت لە ململانێی پێکهاتەکان کورد نەیتوانیوە توانا سەربازی و ئابوورییەکانی لە بەرژەوەندی پاراستن و مەیدانخوازیی خۆی بەکاربهێنێت، بە پێچەوانەوە لە زۆربەی ململانێیەکان کورد توانا مرۆیی و ئابوورییەکانی خستۆتە خزمەت ململانێی پێکهاتەکان بەبێ ئەوەی هیچ سوودێکی بۆ کورد هەبووبێت.

کاتێکیش ناوەند کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی بوەیهییەکان سوپا ئامرازێکی بەهێزبوو بۆ بەپەراوێزکردنی کورد، هەر دەوڵەتێکیش کە دادەمەزرێت دەیەوێت بە زوویی ناوچەکانی دەوروپشتی بخاتە ژێر هەژموونی خۆی[١]، بۆیە فاکتەری سیاسی و سەربازیی پاڵنەری سەرەکی لەشکرکێشییەکان بووە، لاوازیی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی خەلیفەکانی عەباسی و ئامانجی پێکهاتەکان لە دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتی ناوەندی و فراوانخوازی وای کرد، کە ناوچە کوردییەکان دوچاری لەشکرکێشیی دەرەکی ببنەوە، دەسەڵاتدارانی ناوەندیش وەکو ستراتیژیەتی هێزی ناوەند هەوڵیانداوە ڕێگری لە کورد بکەن، تاوەکو نەکەوێتە ناو ململانێیەکانی ناوەندخوازی و بە لاوازیش بیانهێڵنەوە، هەوڵی لەناوبردنیشیان داون[٢]، بۆیە

لرستان الصغری، ص١٧١.

(١) ئیبن خلدون: موقەدیمە، ب٢، ل٢٦.

(٢) ابن الأثیر: الکامل في التاریخ، ج٩، ص٢١٥-٢٤٩،٢١٦-٢٥٠؛ مەکیاڤیللی: میر، ل٣٢.

لەململانێـی نێـوان بوەیهییـەکان میـر دەیسـەم کـوڕی ئیبراهیـم دەبێتـە قوربانیـی ئـەو لەشکرکێشـییەی کـە مەرزەبانـی سـالای کردیـە سـەر ناوچەکانـی دەسـەڵاتی لـە ئازەربێجـان و کۆتایـی بەدەسـەڵاتی هێنـا[١]، بوەیهییـەکان بەهێزبوونـی دەسـەڵاتی میـرە کوردییەکانیـان بـە مەترسـی بـۆ سـەر بەرژەوەندییەکانیـان زانیـوە، بۆیـە بـۆ ملکەچکردنیـان بـەردەوام هەڵمەتـی سـەربازییان ناردۆتـە سـەریان، کاتێکیـش (ابـن ابي شـوك العنـازي) لـە سـاڵی (٣٤٢ك/٩٥٣) ڕێگـری لـە نوێنـەری بوەیهییـەکان دەکات کـە لـە خوراسـانەوە دەگەڕایـەوە و لەلایـی خـۆی بەنـدی کـردن و وەکـو گوشـار بـەکاری هێنانبـۆ ئـەوەی ئـەو دیلـە عەنناریانـەی لای ئـەوان بـوون لەبەرامبـەردا ئازادیـان بـکات، کاروانەکەشـیان تـاڵان دەکات ئـەو کارەی (ابـن ابي شـوك العنـازي) بـووە بیانویـەك بۆئـەوەی بوەیهییـەکان هەڵمەتێکـی سـەربازی بنێرێتـە سـەر ناوچەکانـی قەلەمـڕەوی شـازنجانییەکان و ملکەچیـان بکـەن و دەسـت بەسـەر ناوچـە و قەڵاکانیانـدا بگـرن[٢]، لـەم نێوەنـدەدا ناوچەکانـی میرنشـینی حەسـنەوەیهی زۆرتریـن کاریگەریـی ئـەو ململانێیانـەی لەسـەر هەبـووە، جگـە لـەوەی (ركـن الدولـة)ی بوەیهـی لـە سـاڵی (٣٥٩ك/٩٧٠ز) سـوپایەکی بەهێـزی نـاردە سـەر هەرێمـی چیـا بـۆ ملکەچکردنـی میـر حەسـنەوەیهی کـوڕی حوسـێن، کـە هەوڵـی زیادکردنـی دەسـەڵاتی خـۆی دەدا و پێگـەی میرنیشـینەکەی بەهێـز کردبـوو، بـەڵام بـە پێدانـی پـارە جەنگەکـەی لـە خـۆی دوورخسـتەوە[٣]، ناوچەکانـی ئـەو میرنشـینە خاوەنـی قـەڵای سـەخت و

(١) مسكوية: تجارب الأمم، ج٥، ص٣٠٨ ؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٨، ص٥٠١-٥٠٢.
(٢) مسكوية: تجارب الأمم، ج٥، ص٣١٢.
(٣) ابـن الأثير: الكامـل في التاريـخ، ج٨، ص٦٠٦؛ حسـام الديـن علي النقشـبندي: الكـرد في لرسـتان الصغـرى، ص٢٦٥.

بەهێـز بـوون، هـەروەك (**یاقـوت الحمـوی**) قـەڵای سرمـاج بـە ((باشتریـن و بەهێزتریـن قـەڵاکان نـاو دەبـات))[١]، ئـەوەش یەکێـك لـە هۆکارەکانـی بـە هێزیـی حەسـنەوەیهییەکان لێکدەدرێتـەوە و هـۆکاری پـاراستن و بەرگـری بـووە لـە بەرامبـەر شـاڵاوەکانی پێکهاتـەکان کـە لـە ململانێدابـوون بـۆ دەسـتگرتن بەسـەر ئـەو ناوچانـە.

حەسـنەوەیهییەکان لـە بەشـداریکردنیان لـە ململانێـی نێـو بنەماڵـەی بوەیهـی باجـی قورسـیان داوە، بـە تایبـەت کاتێـك میـر حسـنەویە دوو کـوڕی بـە ناوەکانی(بـەدر و عبدالـرزاق) بـە هێزێکـی (هـەزار سـوارە) پشـتگیری (عـز الدولـة) بەختیـار دەکات کـە لـە ناکۆکـی و ململانێدابـوو لەگـەڵ (عضـد الدولـة)ی ئامـۆزای[٢]، کـە بـە کوژرانـی )عـز الدولـة) بەختیـار کۆتاییهـات[٣]، ئەمـەش وای کـرد کـە شـوێنەواری خراپـی لەسـەر پەیوەندیـی نێـوان میرنشـینی حەسـنەوەیهی و (عضـد الدولـة) لێبکەوێتـەوە و باجـی ئـەو لایەنگیرییەیـان بـدەن بـە تایبـەت دوای ئـەوەی لـە سـاڵی (٣٦٩ك/٩٨٠) میـر حسـنەویە لـە قـەڵای سرمـاج کۆچـی دوایـی دەکات[٤]، ناکۆکـی دەکەوێتـە نێـو کوڕانـی حەسـنەوەیهی لەسـەر دەسـەڵات و بەسـەر دوو بـەش دابـەش بـوون، هەندێکیـان پشـتگیری (فخـر الدولـة) یـان کـرد هەندێکـی دیکـە پشـتگیری (عضـد الدولـة) یـان کـرد[٥]،

---

(١) یاقوت الحموي: معجم البلدان، مج٣، ص٢١٥.

(٢) مسـکویة: تجـارب الأمـم، ج٥، ص٤٣٢ ؛ ابـن خلـدون: تاریـخ ابـن خلـدون، ص ٨٤٧ ؛ محمـد جمیـل رۆژبەیانـی: مێـژووی حەسـەنوەیهی و عەییـاری ،ل٥٦-٥٧ .

(٣) القـاشي: رأس مـال الندیـم، ص٣٧٨ ؛ الذهبـي: تاریـخ الأسلام، مـج٨، ص٢٦٦؛ حسـێن حزنـی موکریانـی: سـەرجەمی بەرهەمەکانـی، ل١٣٣.

(٤) ابـن الجـوزي: المنتظـم، ج١٣، ص٢٧٢ ؛ ابـن الأثیر: الکامـل، ج٨، ص٧٠٦؛ ابـن کـثیر: البدایـة والنهایـة، ص١٧٦٥ .

(٥) ابن الأثیر: الکامل في التاریخ، ج٨، ص٧٠٤ ؛ الصرفي: تاریخ دول الأسلام، ج١ ، ص٤٠١.

(عضـد الدولـة) ئـەم بارودۆخـەی حەسـنەوەیهییەکان بەهەڵدەزانێـت و لـە سـاڵی (٣٦٩ك/٩٧٧ز) بـە هـۆی ئـەوەی پێیوابـووە میـر حسـنەوەیهی کـوڕی حسـین ڕۆڵـی هەبـووە لـە قوڵکرنـەوەی ناکۆکیـی نێـو بنەماڵـەی بوەیهـی بـە تایبـەت نێوانـی (عضـد الدولـة و فخـر الدولـة) بۆیـە ڕقێکـی زۆری لێبـوو، ئـەم دەرفەتـەش بـە هەڵدەزانێـت بـۆ دەسـت خسـتنە نێـو کاروبـاری میرنشـینەکە و هێـرش دەکاتـە سـەر قەڵاکانـی میرنشـینی حەسـنەوەیهی و قـەڵای سرمـاج و شـارەکانی نەهاوەنـد و دینـەوەر داگیـر دەکات[1]، کۆنترۆڵـی بەشـی زۆری هەرێمـی چیـا دەکات[2]، دەسـت بەسـەر مـاڵ و سامانی حسـنەویهیەکاندا دەگرێـت و ملکەچیـان دەکات و تاڵانێکـی زۆری لێکـردن[3]، (**ابـن الأثيـر**) دەڵێـت: ((هەرچیەکـی هەبـوو لـە چـەك و تفاقـی حەسـنەوەیهییەکان بـردی))[4]، ئەمـەش پـێمان دەڵێـت پێکهاتـەکان لـە دەرفەتێـك گـەڕاون بـۆ ئـەوەی هێـرش بکەنـە سـەر ناوچـە کوردنشـینەکان و دەسـەڵاتیان سـنووردار بکـەن، بـە تاڵانکردنـی ئـەو ناوچانـەش زیانـی زۆریـان بـە ژێرخانـی ئابووریـی ناوچـە کوردییـەکان گەیانـدووە، سـەرەڕای ئـەوەی میـر بـەدر بـۆ ڕابەرایەتیـی هـۆزی بەرزیکانـی ڕادەسـپێرن و وەك فەرمانـڕەوای میرنشـینەکە دەیناسـێنێت و سـەربازی پێـدەدەن، ئەمـەش دوای ئـەوە هـات کـە بوەیهییـەکان ڕۆڵـی یەکلاکەرەوەیـان بینـی لـە دەسـت خسـتنە نـاو کاروبـاری میرنشـینی حەسـنەوەیهی و یەکلایکردنـەوەی ململانێـی میرانـی حەسـنەوەیهی

---

(١) الـروذراوري: ذيـل تجـارب الأمـم، ج٨، ص١٢ ؛ ابـن الـوردي: تاريـخ ابـن الـوردي، ج١، ص٢٩٨ ؛ ابـن كـثير: البدايـة والنهايـة، ص١٧٦٥؛ العمـرى: مسـالك الأبصـار في ممالـك الأمصـار، ج٢٦، ص١٧٨.

(٢) سبط ابن الجوزي: مراة الزمان في تواريخ الأعيان، ج١٧، ص٥٣٩.

(٣) مسكوية: تجارب الأمم، ج٥، ص٤٥١-٤٥٣؛ شەرەف خانی بەدلیسی: شەرەفنامە، ل٣٥.

(٤) الكامل في التاريخ، ج٨، ص٧٠٩.

لەبەرژەوەنــدی میــری ناوبــراو[١]، بێگومــان پشــتگیریکردنی میــر بــەدر مەبەســت لێــی قوڵبونــەوەی ململانێــی نێــو بنەماڵــەی حەســنەوەیهی بــوو لــە ســەر دەســەڵات، ئەمــەش هــۆکار بــوو بۆئــەوەی نەتوانــن بەرگــەی شــاڵاوی لەشکرکێشــیەکانی پێکهاتەکانــی تــر بگــرن، کــە دەکرانــە ســەر میرنشــینەکە، بــەو هەنگاوەشــیان توانیــان هەژموونــی خۆیــان بەســەر میرنشــینی حەســنەوەیهی بســەپێنن، کــە مەبەســتی بوەیهییــەکان لــە دەســت خســتنە نێــو کاروبــاری میرنشــینەکان لاوازکــردن و پوکانــەوەی دەســەڵاتی میرنشــینە کوردییــەکان بــوو[٢].

هــەر لەشکرکێشــییەك کــە دەکرێتــە ســەر ناوچەیــەك بەقــەدەر بەهێــزی توانــای ســەربازی لەشــکرەکە کار بــۆ ســەپاندنی دەســەڵاتی و هێنانەدیــی ئامانجەکانــی دەکات، هەروەهــا حەمدانییــەکان و عوقەیلییــەکان بەهــۆی هاوســنووریان لەگــەڵ ناوچــە کوردییــەکان بــەردەوام هێرشــیان کردۆتــە ســەر میرنشــینی مەڕوانــی و هەزبانــی جگــە لــە دەســتوەردان لــە کاروبــاری ناوخــۆی ئــەو میرنشــینانە[٣]، ململانــێ و جەنگــی بەردەوامــی حەمدانییــەکان لەگــەڵ بوەیهییــەکان ناوچەکانــی هەرێمــی جەزیــرەی کردبــووە گۆڕەپانــی ململانێــی نێوانیــان، کوردەکانــی دوچــاری بارودۆخێکــی خراپــی ئابــووری کردبــوو، لــە ســاڵی (٣٦١ك/٩٧٢ز) (أبــو تغلــب) لــە هەڵمەتێکــی ســەربازی قــەڵای ماردیــن داگیــردەکات

---

(١) ابــن الأثير: الكامــل في التاريــخ، ج٨، ص٧٠٤؛ شــەرەف خانــی بەدلیســی: شــەرەفنامە، ل٣٥؛ حســام الديــن النقشــبندي: الكــرد في لرســتان الصغــرى، ص١٦١؛ محمــد جميــل رۆژبەیانــی: مێــژووی حەســەنوەیهی و عەییــاری، ل٥٩.

(٢) الصرفي: تاريــخ دول الأسلام، ج١، ص٤٠١؛ مسـكويه: تجـارب الامـم، ج٥، ص٤٥٣؛ عمـر خلـف عبدالمحسـن الزواهـرة: العـراق خلال عهـد عضدالدولـة (٦٧-٣٧٢هـ/ ٩٧٨-٩٨٣ز)، رسـالة ماجسـتير، جامعـة آلبيـت، (الأردن:٢٠١٠) ص٢٦، ٣٥

(٣) ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ص ١٠٦٩.

و دەست بەسەر سەروەت و سامان و تفاقی جەنگیدا گرت و بۆ موسڵ دەیانگوازێتەوە[(١)]، ئەگەرچی لە مێژووەدا ئەوە سەلمێندراوە، کە پەرتوبڵاوی، زەلیلی، گرفتاری، ستەمکردن و وێرانی وەکو لێکەوتەیە بەسەر هەر گەلێکدا هاتبێت، دەروازەی دەرفەتی دەرچوون و سەردەستەبوونیانە[(٢)]، بەڵام هەرگیز لە مێژووی کورد ئەو ستەمکردنانە نەبوونە هۆی دروستبوونی هەستێکی گشتی و دەمارگیرییەك کە هەموو جیاوازییەکان لە خۆیدا کاڵبکاتەوە و خۆی بەسەریاندا بسەپێنێت و هەموو وەکو پێویستییەك لەپێناوی مێژووەدا هەوڵبدەن، بەڵکو بەردەوام بەهێزەکان توانیویانە سوود لە توانای ماددیی و مرۆییەکان وەربگرن و لە بەرژوەندیی خۆیان بەکاریانبهێنن، وەك ئەوەی لە ململانێی نێوان میر بەدر و هیلالی کوڕی پەنا دەبرێتە بەر بوەیهییەکان بۆ یەکلایکردنەوەی ململانێیەکانیان، ئەوانیش ناکۆکیی نێو ماڵی کورد بە دەرفەت دەزانن و هەڵمەتێکی سەربازی ڕێکدەخەن و هێرش دەکەنە سەر میرنشینەکە و بە گیرانی میر هیلالی کوڕی بەدر کۆتایی بە میرنشینەکە هات[(٣)]، کەواتە زۆرجار میرە کوردەکان خۆیان هۆکار بوونە بۆ ئەوەی هێزی پێکهاتەکانی تر هێرش بکەنە سەر ناوچە کوردییەکان و تالانی ئەو ناوچانە بکەن.

هەرکاتێکیش سیاسەتی میرە کوردییەکان لەگەڵ بەرژەوەندیی بوەیهییەکان یەکانگیر نەبوایە لە ڕێگەی هەڵمەتی سەربازی هێرشیان دەکردە سەر میرنشینە کوردییەکان و دەستیان دەخستە

---

(١) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٨، ص ٦٢٧ .

(٢) مەکیاڤیللی: میر، ل١٨٨.

(٣) ابن الأثير: الكامل، ج٩، ص٢١٤-٢١٦؛ محەممەد جەمیل ڕۆژبەیانی: مێژووی حەسنەویی و عەیار، ل٧٥-٧٧.

کاروبـاری ناوخـۆی میرنشـینە کوردییـەکان، بۆیـە کاتێـك میـر (حسـام الدولـة العنـازي) لـە سـاڵی (٤٠١ك/١٠١٠ز)دەسـەڵات وەردەگرێـت وەزیـر (فخـر الملـك) لـە ڕێگـەی هەڵمەتێکـی سـەربازی هێـرش دەکاتـە سـەر میرنشـینەکە، لـە سـاڵی (٤٠٥ك/١٠١٤ز) (شـمس الدولـة)ش هەڵمەتێکـی تـر دەنێرێتـە سـەر قرمسـین بـە مەبەسـتی ڕووبەڕووبوونـەوەی میـر (حسـام الدولـة)[1]، هێـزە داگیرکـەرەکان هەمیشـە لـە هەوڵـی ئەوەدابـوون کـە ئیـرادەی سیاسـی و سـەربازییان بسـەپێنن و کـورد بخەنـە ژێـر هەژموونـی دەسـەڵاتی خۆیانـەوە، هەوڵـی لاوازکـردن و لەناوبردنـی دەسـەڵاتە خۆجێییەکانـی کوردیـان داوە، بەهـۆی ئـەوەی کوردیـش خاوەنـی هێزێکـی سـەربازیی یەکگرتـوو نەبـووە و لـە تەکنیـك و تەکتیکـدا هاوتـای ئـەوان نەبـووە، بۆیـە دەبینیـن ناوچـە کوردییـەکان بەهـۆی ململانێـی نێوانیـان و هەڵمەتـە سـەربازییەکانیان زۆرتریـن زیانیـان بەرکەوتـووە[2]، ململانێـی نێـوان پێکهاتـەکان ناوچـە کوردییەکانـی دوچـاری چەندیـن شـاڵاوی یـەك لـەدوای یەکـی دەیلـەم و غـوز و سـەلجوقییەکان کـردەوە، سـەرەتای هەڵمەتەکانـی تورکـەکان بـۆ قوڵایـی خاکـی بوەیهییـەکان لـە کۆتایـی سـەدەی دەیەمـی زاینـی دەسـتی پێکـرد، ڕاسـتەوخۆش ڕووبـەڕووی کـوردەکان بوونـەوە لـە ناوچەکانـی ئازەربێجـان[3]، چونکـە هەریـەك لـە بوەیهییـەکان و خەلیفـەی عەباسـی میرنشـینە

---

(١) حسام الدين النقشبندي: الكرد في لرستان الصغرى، ص٢٦٦.

(٢) ابـن الأثير: الكامـل في التاريـخ، ج٨، ص٦٨٨؛ ابـن العماد: شـذرات الذهـب في أخبـار مـن ذهـب، ج٣، ص٥٩.

(٣) ابــن الأثير: الكامـل في التاريـخ، ج٩، ص٣٨١؛ محمـد أمين زكي بـك: خلاصـة تاريـخ الكـرد وكردسـتان، ص١٤٩.

کوردییەکانیـــان بەکارهێنـــاوە بـــۆ پاراســـتنی ســـنوورەکانیان، یەکـــەم هەڵمەتیشـیان بـۆ سـەر هەرێمـی چیـاکان بـوو، ناوچـە کوردنشـینەکان گۆڕەپانـی ململانێـی هێـزە گـەورەکان بوونـە و ڕێگایەکیـش بوونـە بـۆ ئـەو هێـز و پێکهاتانـەی بـەرەو بەغـداد ڕۆیشـتوون، بۆیـە لـە ئەنجامـی ئـــەو بـــارەدا هەرکاتێـــك كـــورد زانیبێتـــی توانایـــی ڕووبەڕووبوونـــەوەی ئـەو پێکهاتانـەی هەیـە، بەرگـری کـردووە، کاتێکیـش دەزانـن توانـای بەرگرییـان نییـە ئـەوا ملکەچـی هێـزی داگیرکـەر بوونـە، بۆیـە لـە سـەرەتای هاتنـی شـاڵاوی غـوزە سـەلجوقییەکان و نزیبوونەوەیـان لـە هەرێـم و ناوچـە کوردییـەکان بەرگرییـان کـرد، میرنشـینی شـەدادی و مەڕوانـی دەتوانـن بـۆ ماوەیـەك مەترسـیی ئـەو هێزانـە لـە ناوچەکانیـان دووربخەنـەوە[1].

ململانێـی نێـوان میـرە کوردییـەکان وای کـردووە کـە پێکهاتەکانـی تـر لـە ململانێدابـن بـۆ دەسـتگرتن بەسـەر سـەرچاوە ئابوورییەکانـی ئـەو ناوچانـە، میرنشـینە کوردییـەکان و میرەکانیـان ئەوەنـدەی سـەرقاڵی ململانێـی ناوخـۆ بـوون و سـوپاکانیان لـە دژایەتـی یـەکتری بەکارهێنـاوە ئەوەنـدە یەکگرتـوو نەبـوون بـۆ ئـەوەی هێـزی سـوپایەکانیان لـە بەرپەرچدانـەوەی شـاڵاوی هێـزی داگیرکەرانیـان بەکاربهێنـن[2]، ئەمـەش ئەرکـی داگیرکـردن و تاڵانکردنـی ناوچـە کوردییەکانـی ئاسـانتر کـردووە، هەڵمەتـی غـوزەکان بـۆ سـەر ناوچەکانـی دەسـەڵاتی عەننازییـەکان لـە سـاڵی (٤٣٨ك/١٠٤٣ز) لەکاتێکدابـوو کـە میرەکانـی ئـەو میرنشـینە لـە

(١) ابـن خلـدون: تاريـخ ابـن خلـدون، ص١٠٦٧؛ اسماعيـل شـكر: الإمـارة الشـدادية الكرديـة في بلاد ئـاران، ص٧٨.
(٢) ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ص ١٠٦٧.

ناکۆکییەکـی قوڵدابـوون[١]، بۆیـە هـەروەك (**ابـن الأثير**) باسـی لێـوە دەكات سـەرەڕای دەسـتگرتنیان بەسـەر ناوچەیەکـی فراوانـی میرنشـینەکە و زیانـی مرۆیـی لـە کـوشتن و بڕیـن و بەدیلگرتـن، لەگەڵیـدا ئـاژەڵ و دارایـی ناوچەکـەش بەتـاڵان بـردران[٢]، بۆیـە ناوچـە کوردییـەکان دوای هـەر شـاڵاوێك دوچـاری تەنگـەژەی ئابـووری دەبوونـەوە.

دوای بەردەوامیـی شـاڵاوەکان و نەمانـی توانایـی بەرگـری ناچـار بـۆ پاڕاسـتنی دەسـەڵاتیان و ناوچەکانیـان لـە تاڵانـی غـوزەکان دان بـە دەسـەڵاتی سـەلجوقییەکان دەنێـن[٣]، وەك ئـەو هەڵمەتـە سـەربازییەی (تغـرل بـگ) لـە سـاڵی (٤٤٦ك/١٠٥٤ز) کردیـە سـەر ئازەربێجـان و هەریـەك لـە میـر (ابي منصـور وهسـوزان)ی ڕەوادی و دواتریـش میـر (ابي اسـوار)ی خاوەنـی گەنجـەی ملکەچکـرد و وتاریانـی بەنـاوی خوێنـدەوە[٤]، ململانـێ ناوخۆییەکانـی میرنشـینە کوردییـەکان کوردەکانـی لاواز کـرد و هانابـردن بـۆ ئـەو پێکهاتانـە بۆیەکلاییکردنەوەیـان وای کـرد بـە بێهێـزی دەربکـەون و بەرگـەی هێـز و شـاڵاوی ئـەو پێکهاتانـە نەگـرن[٥]. لـە ڕاسـتیدا سـەلجوقییەکان سـودیان لـە توانـای سـەربازی و دارایـی میرنشـینە کوردییـەکان وەرگـرت لـە سـەپاندنی دەسـەڵاتیان لـە ناوچەکـە، عەننازییـەکان سـەرەڕای ئـەوەی دانیـان نـا بـە دەسـەڵاتی سـەلجوقییەکان پشتگیریشـیان دەکـردن دژی ئـەو لایـەن و پێکهاتانـەی کـە

---

(١) ابن الجوزي: المنتظم في تاريخ الملوك و الأمم، ج١٥، ص٣٠٦.

(٢) الكامـل في التاريـخ، ج٩،ص٥٣٤؛ حسـام الديـن النقشـبندي :الكـرد في لرسـتان الصغـرى، ص٢٩٤.

(٣) ابـن الأثير: الكامـل في التاريـخ، ج٩، ص٣٨١-٣٨٢؛ محمـد أميـن زكي: تاريـخ الـدول و الأمـارات الكرديـة، ص٤٦؛ ئارشـاك سافراسـتيان: كـورد و كوردسـتان، چ٢، ل٤٨.

(٤) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩، ص٥٩٩.

(٥) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩،ص٥٣٤.

لـە ململانێدابـوون لـە دژی سـەلجوقییەکان، ئـەوەی کارەکەشـی ئاسـانترکرد ململانــێ ناوخۆییەکانــی میرنشــینە کوردییــەکان بــوو، بــەوەی هانــی میرێکیــان دەدا لــەدژی میرێکــی تــر هەڵبگەڕێتــەوە، ئەمــەش کاریگــەری هەبـوو لەسـەر لاوازی و سسـتییان لـە بەرگریکردنیـان لـە میرنشـینەکانیان و بـە ئاسـانی کەوتنـە ژێـر هەژموونـی سـەلجوقییەکان، بۆیـە کاتێـك (تغـرل بــگ) لــە ســاڵی(٤٤٤ك/١٠٥٣ز) هەڵمەتێکــی ســەربازی دەنێرێتــە ســەر ناوچەکانــی نزیــك بەغــداد بــۆ داگیرکردنــی عێــراق و دەرهێنانــی لەژێــر دەســتی بوەیهییــەکان بــۆ ئــەم مەبەســتەش ســەرکردایەتیی هەڵمەتەکــە بـە میـر (سـعدی بـن أبـی شـوك العنـازي) دەسـپێرێت کـە وەك سـەرکردەی سـوپای سـەلجوقییەکان بـەژداری دەکات لـە گرتنـی ناوچەکانـی عێـراق[1]، میــر ســعدی هێرشــی کــردە ســەر (الدســکرة) و لەگــەڵ ســوپایەکەی ســەر بــە بەغــداد کەوتنــە شــەڕ و داگیــری کــرد تاگەیشــتە نزیــك نوعمانیــە و بــە نــاوی ســەلجوقییەکان فەرمانڕەوایــی ناوچەکــەی کــردوە[2]، ئــەوەی جێــگای تێبینییــە کــوردەکان بوونەتــە بەشــێك لــە ململانێیەکانــی پێکهاتەکانــی ناوچەکـە کـە لـە هەوڵـی ناوەندخـوازی بـوون، بەبـێ ئـەوەی کـورد هیـچ بەرژەوەندییەکـی لـەو جەنـگ و ململانێیانـەدا هەبێـت. بۆیـە ناجێگیریـی هەڵوێســتی میرنشــینە کوردییــەکان بەرامبــەر پێکهاتــەکان و نەبوونــی هاوهەڵوێسـتییەك لـە نێـوان میرنشـینە کوردییـەکان بـۆ ڕووبەڕووبونـەوەی ئــەو هێــرش و هەڵمەتــە ســەربازییانەی دەکرانــە ســەر ناوچــە کوردنشـینەکان ناسـەقامگیری سیاسـی و وێرانـی بـەدوای خۆیـدا هێنـاوە، چونکـە سـوپایەك نییـە بیپارێزێـت، پابەندبـوون و گوێڕایەڵـی ناوەنـد بـە

(١) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩، ص٥٩١؛ ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ص٨٥٥.
(٢) ابــن الأثير: الكامــل، ج٩، ص٥٥٢؛ مســتەفا جــەواد: هــۆزی لەبیرکــراوی گاوانــی و گاوانییــە بەناوبانگــەکان، چ٢، ل٢٥.

هـۆی نەبوونـی سـوپایەکی بەهێـزی کـوردی سـەریهەڵداوە، لێکەوتـەی سیاسـی و سـەربازی بـە ڕوونـی بـە دۆخـی ناوچـە کوردیەکانـەوە دیـار بـووە و پێکهاتەکانـی تـر سـوودی گەورەیـان لـە کـورد بینیـوە بـۆ پاراسـتنی قـەوارەی سیاسـیی خۆیـان، کـورد لـە ئەنجامـی ململانێـی پێکهاتـەکان ئـازاری زۆریـان کێشـاوە بەهـۆی ئـەوەی شـەڕ و کـوشتن و وێرانـی بـەدوای خۆیـدا هێنـاوە، کوردەکانیـش ئەگـەر چـی لایەنێـك نەبووبـن لـەو ململانێیانـە، بـەڵام زۆرجـار ناچاربوونـە بـۆ پاراسـتنی ناوچەکانیـان لایەنگیـری هەڵبژێـرن و لـە هـەردوو بواریشـدا زۆربـەی جـار ناوچەکانیـان شـانۆی یەکلاییکردنـەوەی جەنـگ و شـاڵاوەکانیان بـووە.

بـە دامەزراندنـی ئەتابەگییـەکان لەسـەر خاکـی هەرێمە کوردنشـینەکان، خـۆری دەسـەڵاتە کوردییـەکان بەکۆتاهـات، ئەتابەگییـەکان چاوتێبڕینیـان بـۆ داگیـرکاری و گەیـشتن بـە دەسـەڵات وردتـر و توندتـر بـوو[1]، بۆیـە شـار و ناوچـە کوردییـەکان لـە سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا ڕووبـەڕووی زۆرتریـن پەلامـار و هێرشـکاری بۆتـەوە، جـا ئـەو هێرشـانە لەلایـەن هـەر هێـز و نەتـەوە و پێکهاتەیـەك بووبێـت، ئـەوەی کوردەکانیشـی پاراسـتووە لـە ململانـێ و هێرشـی لایەنـە ناکۆکـەکان قـەڵاکان بوونـە. لـە ململانێـی نێـوان سـەلجوقییەکان و فراوانخـوازی ئەتابەگیـەی موسـڵ (عماد الديـن زنکـی) کاتێـك هێـرش دەکاتـە سـەر ناوچەکانـی میرنشـینی هەزبانـی و دەسـت بەسـەر ناوچەکـەدا دەگرێـت، بـەڵام ناتوانێـت قـەڵای هەولێـر کۆنتـڕۆڵ بـکات بەهـۆی بەرگریـی خەڵکەکـەی و ناچـار پاشەکشـە دەکات، دواتـر بەڕێکەوتنێـك لەگـەڵ سـوڵتانی سەلجوقی(مسـعود بـن محمـد ملکشـا)[2]، دەتوانێـت

---

(١) ابن الاثير: الكامل في التاريخ، ج١٠، ص٤٧٢.

(٢) بن واصل: مفرج الكروب فی اخبار بني ايوب، ج١، ص٩٧.

دەســـت بەســـەر قەڵاکـــەدا بگرێـــت[١]، هـــەروەك چـــۆن دواتـــر لـــە ئەنجامـــی گەمـــارۆ و برســـیەتی قەڵایـــی (ئاشـــب)[٢] لەلایـــەن (عماد الدیـــن زنکـــی) دەڕوخێندرێـــت و لـــە شـــوێنی قـــەڵای عەمادیە(ئامێـــدی) بنیـــات دەنرێـــت[٣]. بەمـــەش میرنشـــینی هەزبانـــی دەبێتـــە قوربانیـــی ململانێیـــەکان و دەکەوێتـــە ژێـــر دەســـەڵاتی ئەتابەگیـــەی موســـڵ. لـــە ســـاڵی (٤٩٣ك/١١٠٠ز) دەســـەڵاتی دوا میـــری مەروانـــی لـــە ناوچـــەی خـــەڵات لەســـەر دەســـتی (ســـقمان القطبـــي) نۆکـــەری ئەتابەگیـــەی ئازەربێجـــان لەناوبـــرا[٤].

هەرچەنـــدە چەنـــد هەوڵێـــك هەبـــوون لەلایـــەن میـــرە کوردییـــەکان بـــۆ گەڕاندنـــەوەی دەســـەڵاتی سیاســـیان بەســـەر ناوچەکانیـــان، وەك ئـــەوەی میـــر فەزڵونـــی ســـێیەمی شـــەدادی توانـــی فەرمانڕەوایـــی خـــۆی بـــۆ ســـەر شـــارەکانی گەنجـــە و دویـــن بگەڕێنێتـــەوە، بـــەڵام بـــۆ ســـاڵی(٥٢٤ك/١١٣٠ز) جارێکـــی دیکـــە لـــە هەڵمەتێکـــی ســـەربازی بـــۆ ســـەر ناوچەکـــە شـــاری دویـــن لەدەســـت شـــەدادییەکان دەردەچێـــت و شـــاری گەنجـــەش لـــە لایـــەن ســـوڵتان (محمـــود) بـــە مەلیـــك (مســـعود) دەبەخشرێـــت[٥]، بەمـــەش بۆمـــان ڕووندەبێتـــە کـــە دەســـەڵاتی میـــرە کوردییـــەکان لـــەو ماوەیـــە لـــە ســـنوورێکی

---

(١) بن واصل: مفرج الکروب فی اخبار بني ایوب ،ص٩٧.

(٢) قـەڵای ئاشـب: بـە یەکێـك لـە قـەڵا سـەختەکانی میرنشـینی هەزابانـی دادەنرێـت کـە کـوردە هەکاریەکانـی تێـدا نیشـتەجێ بـوون، لـە سـاڵی (٥٣٧ك/١١٤٢ز) لەڵایـەن عمادالدیـن دەڕوخێندرێـت و لەشـوێنە قـەڵای عمادیە(ئامێـدی) بنیـات دەنێتـەوە. بڕوانـە: یاقـوت الحمـوي: معجـم البلـدان، ج١، ص٥٤.

(٣) مەهدی عوسمان هەروتی: نەهامەتی و کارەساتەکانی کوردستان، ل١٢٥.

(٤) محمد أمین زکي بك: خلاصة تاریخ الکرد وکردستان، ص١٤٩.

(٥) ابـن الأثیر: الکامـل في التاریـخ، ج١٠، ص٦٦٧؛ ئاکـۆ بورهـان: میرنشـینە کوردییەکانـی سـەردەمی عەباسـی، ل٣١.

بەرتەسکی جوگرافی لە چوارچێوەی شارێکی بچووك یاخود قەڵایەك تێنەپەریوە، جگە لەوەی ئەتابەگیەکان ناوچە کوردییەکانیان لە نێوان خۆیاندا بەش کردبوو، ناوچە و قەڵاکانی تووشی وێرانی کرد، هەروەك چۆن لە ململانێی نێوان (عماد الدین زنكي) و (حسام الدین تمرتاش) زەنگی لە ساڵی (٥٣٧ك-١١٤٣ز) چەند هەڵمەتێکی سەربازی دەنێرنە سەر ناوچەکانی دیاربەکر، (حسام الدین تمرتاش) لە ترسی ئەوەی ئەو ناوچانە نەبنە ئامانجی هێزەکانی زەنگی هەڵسا بە تێکدانی قەڵایی(المراة)ی نزیك لە ماردین[1]، بەم شێوەیە کۆی ئەو ڕووداوانەی کە بە گشتی بەسەر ناوچەکەدا هاتوون کاریگەریی نەرێنیان لەسەر ژیانی خەڵکی ناوچە کوردنشینەکان بەجێهێشتووە بە جۆرێك کە تەنها هەڵمەتە سەربازییەکان کاریگەریی خراپیان نەکردە سەر ئەم لایەنە، بەڵکو ئەو سیاسەتە ئابوورەیش کە هەندێ لە هێزی پێکهاتەکان پەیرەویان کرد دەرهەق بە ناوچە کوردییەکان، شوێنەواری خراپی لە مێژووی نزیك و دوری کورددا بەجێهێشتووە.

---

(١) ابن الأثير: التاريخ الباهر، ص٦٦؛ أبو شامة: كتاب الروضتين، ج١، ص١٧٠؛

## تەوەرەی دووەم:

### دەرئەنجامە ئابوورییەکانی ململانێکان لەسەر ناوچە کوردنشینەکان

### باسی یەکەم:

### شوێنەوارەکان لەسەر کشتوکاڵ و بڵاوبوونەوەی دەرەبەگایەتی

#### أ. خاپووربوونی کێڵگە کشتوکاڵییەکان

پێکهاتەی ئابووری بە هۆکارێکی گرنگ بۆ گۆڕانکاری لە ژیانی هەر کۆمەڵگەیەکدا دادەندرێت، چالاکییە ئابوورییەکان و ئاستی بژێوی و گوزەرانیش بە درێژایی مێژوو ڕۆڵیان لە ژیانی مرۆڤدا گێڕاوە، لە زۆربەی ڕووداوە مێژووییەکاندا ئامادەییان هەبووە، ژیانی ئابووری کایەیەکی گرنگی کۆمەڵگایە، زۆرێك لە ڕووداو و پێشهاتەکان زادەی هەلومەرجی هۆکاری ئابوورین، بەپێتیی خاکی هەرێمە کوردنشینەکان وایکردووە سەرچاوەکانی سامان و داهاتیان زۆربێت، ئاشکرایە وڵاتی کوردان بە زۆری خێروبێر و سەرچاوەکانی داهات ناسراوە، ئەمەش بووەتە هۆکارێك بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی بژێویی دانیشتوانەکەی و نزمبوونەوەی نرخ لە بازاڕەکانیدا، بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی بووە[1]، هەروەکو ئیبن خەلدوونیش دەڵێت:

---

(١) رسول ابراهیم رسول: زیادبونی قەبارەی دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکان لەسەردەمی عەبباسیدا(١٣٢-٦٥٦ك/٧٤٩-١٢٥٨ز)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین، ژ٩، ب٣ (رانیە:٢٠٢٢)، ل٥٦٠.

((یەکەمین خواستەکانی مرۆڤ پێویستییەکانیەتی))[١]، ئەگەر سەرنج لە سروشتی هەرێمە کوردنشینەکان بدرێت، هەلومەرجی ئاووهەوای و بەپیتی و بڕشتیی خاکەکەی و لەباریی بۆ کشتوکاڵ وای کردووە ببێتە ناوچەیەکی وەرزێر، بە درێژایی مێژووش ئەو خەسڵەتەی لەدەستنەداوە، ئەمەش وای کردووە سەرنجی پێکهاتەکانی تر بۆلای خۆی ڕابکێشێت[٢]. (**ابن حوقل**) لە باسی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (ابو الهجاء الروادي) وا باسیان دەکات کە ناوچەی دەوڵەمەندن بە بەروبوومی کشتوکاڵی، بەیەکەوە ئابوورییەکی گەورەیان دروستکردووە[٣]، (**ابن بطوطة**) لە میانەی گەشتەکەی باسی شاری (نصیبین)ی کردووە و بەوە وێنای دەکات کە پڕە لە باخ و بێستان و میوە[٤]، (**ابن حوقل**) لە باسی هەمان شار دەڵێت: ((یەکێك بوو لە جوانترین و باشترین شارەکانی هەرێمی جەزیرە کە داچێنراو بوو بە سەوزە و میوە، ڕووبەرێکی زۆری بە گەنم و جۆ داچێنراوە لەپاڵ کشتوکاڵ و دانەوێڵە))[٥]، (**مسعر مهلهل**) تەنها لەبارەی شارەزوور دەڵێت: ((زەوی و زاری بەپیتی زۆرە و شەست هەزار ماڵ لەسەری دەژین))[٦]، ئەمە وایکردووە سەرچاوەکانی داهات و سامانی هەمەجۆر

---

(١) موقەدیمە، ب١، ل٣٤٤.

(٢) الادریسی: نزهة المشتاق، ج٢، ص٦٥٤؛ ئاکۆ بورەان: ئابووریی کوردستان لە سەردەمی عەباسیدا، لە بڵاوکراوەکانی غازی، (هەولێر: ٢٠١٢(، ل٨.

(٣) صورة الأرض، ص٢٨٩.

(٤) ابن جبیر: رحلة ابن جبیر، دار صادر (بیروت:د.ت) ص٢١٤؛ رحلة ابن بطوطة، ص١٦٨.

(٥) صورة الأرض، ص١٩١؛ سهاد نصیف جاسم: مقومات النشاط الاقتصادي في الجزیرة الفراتیة خلال القرنین السادس و السابع الهجریین الزراعة أنموذجاً، مجلة دراسات الموصلیة، ع٦٣، ق١، (الموصل:٢٠٢٢) ص٣٥٣.

(٦) الرساله الثانیه، ص١٠.

بێت[١]، جگە لەوەی کشتوکاڵ سەرچاوەی بەرووبومی شارەکان بووە[٢]، دەوڵەمەندی و گرنگیی ناوچە کوردنشینەکان وایکردوە سەرنجی ڕەگەزەکانی بیانی بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، بۆیە ململانێی نێوان پێکهاتەکان بۆ دەستگرتن بەسەر ناوچە کوردنشینەکان لە ڕووی ئابوورییەوە کاریگەرییەکانی بە قورسی پێگەی بەسەر ژیانی کوردەکان داناوە، پێکهاتەکان بۆ دەستگرتن بەسەر ناوچە کوردنشینەکان، تاڵانی و کاوڵکاریی زۆریان ئەنجامداوە، خەڵکی ئەو ناوچانە دوچاری تاڵانی و نەبوونی و برسییەتیی زۆر بووە، بە تایبەتی کە سەرچاوەی سەرەکییان خۆراک و داهاتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بووە، ئەوانەشی نیشتەجێبوون، وەکو پیشە بە کشتوکاڵەوە خەریکبوون[٣]، بەو هۆیەوە ئیبن خلدوون پێیوایە، جوتیاری پیشەیەکە، کە مرۆڤەکان تووشی زەلیلی دەکات[٤].

بوەیهییەکان لەگەڵ دەستگرتنیان بەسەر بەغداد درکیان بە گرنگیی کشتوکاڵ کردووە، بۆ ئەوەی وەك سەرچاوەیەکی داهات پێگەی خۆیان لە ناوچەکانی عێراق و هەرێمی جەزیرە پێ بەهێز بکەن، و بتوانن ململانێی ئەو هێزانە بکەن کە تا ئەوکاتە کاریگەرییان هەبوو مایەی

(١) مؤلف مجهول: حدود العالم، ص١١٩؛ ابو فيداء: تقويم البلدان، ص٤١٧؛ ئاکۆ بوڕەان: ئابووریی کوردستان لە سەردەمی عەباسیدا، ل٨؛ موحسین مامل محەممەد: کوردستان لە کتێبی تەقویم ئەلبولدانی ئەبولفیدای ئەیوبیی، چاپخانەی موکریانی، (هەولێر:٢٠١٤)، ل١٨٢.

(٢) حکیم احمد مام بکر-حسین شاکر شریف: کورد و ناوچە کوردنشینەکان لە کتێبی(المسالك و الممالك)ی (الاصطخري)، مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو، ژ٥، (زاخۆ:٢٠١٧) ل٥٤.

(٣) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٨، ص٢٢٨؛ پطرشوفسكي: كشاورزى و مناسبات ارضى در ايران عهد مغول، تكريم كشاورز، انتشارات نيل، چ٢ (تهران:١٣٥٥ش) ص٤٥؛ ابن حوقل: صورة الأرض، ص١٩١.

(٤) موقەدیمە، ب٢، ل١٤٧.

مەترسی بوون بۆ سەر دەسەڵاتی بوەیهی، ئەمە لەکاتێکدابوو کە ناوچەکانی (میافارقین، ئامەد، حسن کیفا و نصیبین) لە گرنگترین ئەو ناوچانە بوون کە بەناوبانگ بوون بە داچاندن[1]، ئامانج لەمەش بۆ بەدەستهێنانی داهاتی پێویست بوو بۆ کاروباری کارگێڕی و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی سەربازانی سوپا بووە بۆئەوەی ململانێی هێزە بەرهەڵستکارەکانی پێ بکات[2]، هەروا‌ش بوو زۆری نەبرد ململانێی نێوان حەمدانییەکان و بوەیهییەکان ناوچەکانی جەزیرەی دوچاری کارەساتی مرۆیی کردەوە، جگە لەوەی بەشێك لەو شارانە وەك (نصیبین، میافارقین) ببوونە مەیدانی ململانێی نێوانیان، بۆیە چەندین جار دوچاری تاڵانی وماڵوێرانی هاتن و زیانی گەورەیان لە کەرتی کشتوکاڵدا بە وێرانکردن و تاڵانکردنیان[3]، جگە لەوەی ئەو ناوچانە لەژێر هەژموونی حەمدانییەکان بوون، بۆیە ستەمی زۆریان لە دانیشتوانی شارەکانی جەزیرە دەکرد بە سەپاندنی باج، ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر پاشەکشەکردنی کەرتی کشتوکاڵ[4]، مێژوونوسێکیش پێیوایە لەو ماوەیە گرانییەکی وا ڕووی لە ناوچەکانی موسڵ کرد کە (فەردەی ئارد-کور الحنطة) نرخەکەی گەیشتە

---

(١) محمود یاسین التکریتی: الأمارة المروانية، ص١٦٠؛ سوادي عبد محمد: الأحوال الأجتماعية و الأقتصادية في بلاد الجزيرة الفراتية، مطبعة آفاق العربية (بغداد:١٩٨٩) ص٢٠٩.

(٢) سۆران بهاء احمد: کشتوکاڵ وخۆراك لە هەرێمی چیا لە سەدەی(چوارەمی کۆچی/دەیەمی زایینی)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان- زانکۆی سلێمانی، (سلێمانی:٢٠١٤) ل٥٧.

(٣) مسكوية: تجارب الأمم، ج٥، ص٢٩٠، ٣٢٢؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٨، ص٥٢٣؛ ابن العبري: تاريخ الزمان، ص٦٠؛ أيليابرشينايا: تاريخ أيليابرشينايا، ص١٩٥-١٩٦؛ أحمد محمود: تاريخ الكرد في عهود الأسلامية، ص١٧١.

(٤) ابن حوقل: صورة الأرض، ص١٩١.

(دوو هـەزار و دوو سـەد درهـەم)[١]، ئەمـەش کاریگەریـی ململانێیـەکان دەردەخـات لەسـەر ئـەو ناوچانـە، جگـە لـەوەی ململانێـی سـامانییەکان لەگـەڵ بوەیهییـەکان شـارەکانی هەرێمـی چیـا ببوونـە مەیدانـی ململانێـی نێوانیـان بەتایبـەت شـارەکانی هەمـەدان قرمیسـین دوچـاری زۆرتریـن زیانـی ئابـووری بوونـەوە[٢]، بۆیـە ململانێـی هێـزە داگیرکـەرەکان کاریگـەری کردۆتـە سـەر تێکچوونـی بـاری ئاودێـری و لـە ناوچوونـی کشـتوکاڵ هاتنـە ئـارای کەشـێکی نائـارام.

بەشـداری و لایەنگریکردنـی بەشـێك لـە کـوردەکان لـە ململانێـی نێـو بنەماڵـەی بوەیهـی هانـی میـری بوەیهـی (معـز الدولـة)ی دا چـاوی تەمـاح ببڕێتـە موڵکەکانـی حەسـنەوەیهییەکان، لـە پـای پشـتگیرینەکردنی ئـەو میـرە بوەیهییـە، بۆیـە سـوپایەك بـە سـەرکردایەتی (ابـو تغلـب)ی حەمدانـی دەنێرێتـە سـەر حەسـنەوەیهییەکان، بـەڵام سـەرکەوتوو نابێـت لـە کاردانـەوەی ئەمـە هـەروەك (**شـەرەفخانی بەدلیسـی**) دەڵێـت: ((معـز الدولـة لـە تۆڵـەدا لەشـکری نـاردە سـەر دینـەوەر و تاڵانیانکـرد و ئاواییەکانیـان سـوتاند))[٣]، دوای ئاشـتبوونەوەی حەسـنەوییەکانیش لەگـەڵ (معـز الدولـة)، (رکـن الدولـة) لـە حەسـنەوەیهییەکان نارحـەت دەبێـت، بۆیـە لەشـکرێکی گـەورەی نـاردە سـەریان و دینـەوەر و شـارەزووریان داگیرکـرد[٤]، بۆیـە کـورد لـە پـای لایەنگیرییـان لـە ململانێـی نێـوان بوەیهییـەکان ناوچەکانـی زۆرتریـن

---

(١) ابن العبري: تاريخ الزمان، ص٦١.

(٢) مسـكوية: تجـارب الأمـم، ج٥، ص٢٩٤؛ ابـن خلـكان: وفيـات الأعيـان وانبـاء ابنـاء الزمــان، ج٤، ص٨٠-٨١.

(٣) شەڕەفنامە، چ٦، ل٣٣.

(٤) شەرەفخانی بەدلیسی: شەڕەفنامە، چ٦، ل٣٤.

کاریگەریــی ململانێــی لایەنەکانــی لەســەر بــووە، کەرتــی ئابــووری و کشــتوکاڵیش زۆرتریــن زیانــی بەرکەوتــووە بــە ســوتاندنی گونــدەکان و وێرانبوونـی کێڵگـە کشـتوکاڵییەکان و بەرزبوونـەوەی نرخـی کاڵاکان و گرانی بــەدوای خۆیداهێنــاوە، ســەپاندنی باجیــش بەســەر جوتیــار و وەرزێــر و بێدەســەڵاتەکان لەلایــەن هێــزی ئــەو پێکهاتانــە بــەردەوام بــە ئــارەزووی خۆیــان بــووە[١]، کاتێکیــش دەســتدرێژی بــۆ ســەر مــاڵ و سامانی خەڵکــی بێئومێدیــان دەکات لــە بەدەســتهێنانی ســەروەت و ســامان، تاڵانکاریــش بــە چ ئەندازیــەك بێــت، خەڵکیــش بــە هەمــان ئەنــدازە لــە کەســابەت دووردەکەونــەوە[٢]، کشــتوکاڵیش وەك لایەنێکــی ژیانــی ئابــووری لــە چالاکــی کەوتــووە، بەهــۆی ئــەوەی لــە شــاڵاوەکانیان بــۆ ســەر ناوچــە کوردنشـینەکان پیاوەکانیـان دەکوشـت و دەسـتیان بەسـەر سـامان و موڵکی خەڵکـدا دەگـرت و ئـەوەی تریـش وەك بەرهەمـە کشـتوکاڵییەکان کـە بـە کەڵکــی تاڵانکــردن نەدەهــات ئاگریــان تێبــەرداوە[٣].

لــە ململانێــی نێــوان ســەلجوقییەکان و بوەیهییــەکان، بەشــێك لــە ناوچــە کوردنشــینەکان دەکەونــە ســەر ڕێــگای ســەلجوقییەکان کــە لــە پێشــڕەویدابوون بــۆ دەســتگرتن بەســەر بەغــداد، بۆیــە کەوتنــە تاڵانکردنـی هـەر شـتێك کـە دەکەوتـە سـەر ڕێگایـان لـە وانـەش داگیرکردنی (قرمیســین)ی ژێردەســەڵاتی (ابي الشــوك) لــە ســاڵی (٤٣٧ك/١٠٣٦ز) [٤]، بـۆ سـاڵی دواتریـش تاڵانکردنـی ناوچەکانـی میرنشـینی عەننـازی و شـاری

(١) ابـن القلانسي: ذيل تاريخ دمشـق، ص٢١٨؛ الراواندی: راحـة الصدور، ص٢٦٠؛ البنداري: سـنا برق الشـامی، ت: فتحية النبراوی، النشرة مكتبة الخانجی، (مصر:١٩٧٩)، ص٢٠٣.

(٢) ئیبن خلدون: موقەدیمە، ب١، ل٦٧٨-٦٧٩.

(٣) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٨، ص٢٢٨.

(٤) ابـن الأثير: الكامـل في التاريـخ، ج٩، ص٥٣٤؛ سـبط ابـن الجـوزي: مـراة الزمـان، ج١٨، ص٤٥٩، ٤٦١.

حلوان و شارەزوور لەلایەن سەلجوقییەكانەوە[١]، جگە لەوەی ئەم شارە لە ململانێی نێوان سەلجوقییەكان و بوەیهییەكان لە ساڵی (٤٤٥ك/١٠٤٤ز)جارێكی دیكە تاڵانكرانەوە[٢]، دواتر هێرش دەكەنە سەر ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی میر سعدی لە قەڵای (روشنقباز و بردان)[٣]، بەڵام لە گرتنی سەركەوتوو نەبوون، بۆیە وەك كاردانەوەیەك كەوتنە تاڵانكردن و سوتاندنی گوندەكانی ناوچەكە[٤]، ئەمە لە كاتێكدابوو حلوان بەناوبانگ بوو بە بەرهەمهێنانی جۆرەكانی میوە[٥]، هەڵمەتەكانی سەلجوقییەكان بۆسەر ناوچە كوردییەكان وێرانی بەدوای خۆیدا هێنا هەرچی لە ڕێگای هەڵمەتەكەیان كەوتە پێشیان تاڵانیانكرد و لەناویان برد و سوتاندیان[٦]، بێبەزەییانە دەستیان بۆ كێڵگە كشتوكاڵییەكانی سەر ڕێگایان بردووە بۆ دابینكردنی خۆراكی خۆیان حسابیان بۆ خاوەنەكان و دانیشتوانیان نەكردووە، بەمەش كێڵگە كشتوكاڵییەكان وێرانبوون سامانی ئاژەڵیشیان تاڵان كرا، كە سەرچاوەیی سەرەكی داهاتی جوتیاران و خەڵكی ناوچەكە بووە.

---

(١) ابن الجوزي: المنتظم، ج١٥، ص٣٠٦.

(٢) سبط ابن الجوزي: مراة الزمان، ج١٨، ص٤٨٥.

(٣) روشنقباز و بردان: قەڵای سەختن كەوتونەتە نێوان بەغداد و ئەهواز ڕۆڵێكی باڵایان هەبوو لە پاراستنی میرنشینی عەننازی، بەهۆی قایمییان بەرگەی شاڵاوەكانی سەلجوقییەكانیان گرت و نەیانتوانی دەستیان بەسەردا بگرن كاتێك لە ساڵی (٤٤٦ك/١٠١٦ز) سەلجوقییەكان توانیان دەست بەسەر زۆربەی ناوچەكانی میرنشینی عەننازیدا بگرن جگە لەو دوو قەڵایە. بڕوانە: یاقوت الحموي: معجم البلدان، ج٣، ص٧٩؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩، ص٦٠٣-٦٠٤.

(٤) حسام الدين النقشبندي: الكرد في لرستان الصغرى، ص٢٦٧.

(٥) الاصطخري: المسالك والممالك، ص٨٧، ٢٠٠.

(٦) ناصر خسرو: سفرنامة، ص٣٧؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩، ص٣٨٧، ٤٠٠؛ ابن العبري: تاريخ مختصر الدول، ت: خليل المنصور، دار الكتب العلمية (بيروت:١٩٩٧) ص١٥٦.

شاڵاوی سەلجوقییەکان بۆ سەر ناوچە کوردییەکان و عێراق بووە هۆی زیادبوونی خواست لەسەر بەروبوومە خۆراکییەکان، ئەمەش بووەتە هۆکاری کەمبوونەوەی بەروبوومەکان و بەرزبوونەوەی نرخیان[١]، وەکوو نووسەرێکیش دەڵێت: (هاتنی خێڵە تورك زمانەکان لە ئاسیای ناوەڕاست، ڕێگەی لە هەر چەشنە تەکامولی سروشتی کوردستان گرت)[٢]، هەروەك (**سبط ابن الجوزي**)یش دەڵێت: ((بووە هۆی ئەوەی برسیەتی لە ناوچەکانی موسڵ و هەرێمی جەزیرە و بەغداد بڵاوببێتەوە نرخی خواردەمەنی ئەوەندە گران دەبێت کە میوەیەکی وەك (هەنار، خەیار) بەغرام دەفرۆشرا))[٣]، بێگومان ئەم گرانییەش لە ئەنجامی هەڵمەتە سەربازییەکان و وێرانکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان و جەنگ و ئاژاوەی ئەو کاتە بوو، وای کرد جوتیاران لە زەوییەکانیان دوورکەونەوە، ناچار دەبوون لەم پێناوە و درێژەدان بە ژیان، پەنا بەرنە بەر کاری سەربازی[٤].

سڵ نەکردنەوەی کورد لە پێناو دابینکردنی قووتی ژیانی هەتا ئەو ڕادەیە کاریگەربووە لەسەری تاڵانی بە شێوەیەکی بەربڵاو لەنێوانیاندا بڵاوبێتەوە[٥]، زۆربەی ئەو ڕێگرییانەش بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی خۆراك بووە، نمونەی ئەوەش لە هێرشی کوردەکان بۆ سەر کاروانێکی (ركن الدولة) بووە، کە (**مسکویە**) وتەیەکی ئەو میرە بوەیهییە دەگێڕێتەوە کاتێك لەو بارەیەوە دەڵێت: ((ئەوانیش

(١) نەوزاد خالد رؤوف: ململانێ ناوخۆیەکانی ناومیرنشینە کوردیەکان، ل٩٩.
(٢) فیلیپ کرێنبروك و کریستییەن ئاڵیسۆن: کولتوور و ناسنامەی کورد، ل٢٢.
(٣) مراة الزمان في تواريخ الأعيان، ج١٨، ص٤٦٣.
(٤) عبدالجبار ناجي: الامارة المزيدية، دار الطباعة الحديثة، (بصرة:١٩٧٠)، ص١٨٧.
(٥) شەرەفخانی بەدلیسی: شەرەفنامە، ل٢٢.

{کوردەکان} پێویستیان بە خۆراکە))[1]، ئامانج لەو ڕێگرییانەش دەسکورتی و بارودۆخی نالەباری ژیان بووە، کە لە ئەنجامی ململانێی نێوان پێکهاتەکان، ئەو ناوچە کوردیانە دوچاری هاتوون، سەرەڕای نارەزایی لەدەست سیاسەتەکانی دەسەڵاتدارانی ناوچەکە، ئەوەش نالەباریی دۆخی ئابووری ناوچە کوردییەکان دەخاتە ڕوو، هەروەها کەمیی گەشانەوەی ئابووری و پەراوێزکەوتنیان نیشاندەدا، بە نەبوونی دەسەڵاتدار ئاسایش و ئارامی و ئاوەدانی لەناودەچێت، بەڵام بەهەبوونی دەسەڵات و دەسەڵاتداریی ئابووریی و ئاوەدانی گەشە دەکات[2]، ئەوەی دیارە سەلجووقییەکان لەکاتی شەڕی ناوخۆیاندا دەستیان لە کورد نەپاراستووە، ئەوەتا هەروەکو لە شەڕی نێوان (تتش کوڕی الب ارسلان)(٤٧١-٤٨٧ك/١٠٧٨-١٠٩٤ز)و برای (رکن الدین برکیارق) تتش لە (٤٨٥ک/ ١٠٩٣ز) لە هێرشەکەی بۆ سەر شارەکانی جەزیرە ژمارەیەکی زۆری لە خەڵکی کوشت، شارەکانیشیان تاڵانکرد[3]، (ابن الأثیر) لە باسی ئەو بارودۆخەدا کە لەمیانەی شەڕە ناوخۆییەکانی سەلجووقییەکاندا بەسەر هەرێمە کوردنشینەکان و ناوچەکانی تردا داهاتووە ئاماژەی بەوە کردووە، کە شار و گوندکان وێرانبوون، زەوی و کێڵگەکان سووتان و خوێنێکی زۆر ڕژاوە، خەڵک بێ جێگە، ماڵ و حاڵ، ئاوارە و دەربەدەربوون[4]، لە جەنگ و ململانێی نێو بنەماڵەی سەلجوقی ناوچە کوردییەکان مەیدانی

(١) مسكوية: تجارب الأمم، ج٥، ص٣٧٨؛ فرست مرعي: الامارات الكردية في العصر العباسي الثاني، ص١٤٢.
(٢) مەکیاڤیللی: میر، ل١٦٨.
(٣) ابن الاثير: الكامل في التاريخ، ج١٠، ص٢٢١؛ ابن واصل: مفرج الكروب، ج١، ص٢٥.
(٤) الكامل في التاريخ، ج١٠، ص٢٢١.

یەکلایکردنـەوەی ململانێیـەکان بـوون، کاتێـك سـوڵتان محمـد مەلیکشـا (٤٩٨-٥١١ك/١١٠٤-١١١٧ز) لـەدژی برکیـاروق(٤٨٧-٤٩٨ك/١٠٩٤-١١٠٠ز) لـە ململانێـدا بـوون لەسـەر دەسـەڵات[١]، ناوچـە کوردییەکانـی وەك ئانـی[٢]و کەنجـە و شـاری هەمـەدان لـە گرنگتریـن ئـەو ناوچانـە بـوون کـە مەیدانـی یەکلاییکردنـەوەی جەنـگ و ململانێیەکانیـان بـوو لـە مـاوەی دەسـەڵاتیان[٣]، بۆیـە شـتێکی ئاسـایی بـوو ئـەو ناوچانـە لـە ڕووی بەرهەمـی کشـتوکاڵی و دەسـتی کار پاشەکشـە بکـەن، بەهـۆی وێرانبوونـی کێڵگـە کشـتوکاڵییەکانی ناوچەکـە، هەرچـی کەوتۆتـە پێشـیان وەك تاڵانـی جەنـگ مامەڵەیـان لەگـەڵ کـردووە، ئـەوەی زیاتریـش کشـتوکاڵی دواخسـت دوای داگیرکردنـی ناوچـە کوردییـەکان و کاری کـردە سـەر بەرهـەم، بەخشـینی زەویـی جوتیـاران بـوو بـە سـەرکردە سـەربازییەکان و نیشـتەجێکردنیان لـەو ناوچانـە و دەسـتگرتنیان بـوو بەسـەر زەویـی جوتیارانـی ئـەو ناوچانـە[٤]، وەك ڕوونیشـە هەتـا سـەقامگیری و ئاسایشـی ناوچەیـەك لـە مەترسـیدا بووبێـت ژیانیـش لـە مەترسـیدا بـووە و ئاسـتی گوزەرانـی دانیشـتوانیش دابەزیـوە.

دوای لاوازبوونـی سـەلجوقیەکانیش خەلیفەکانـی عەباسـی لـە هەوڵـی گەڕانـەوەی دەسـەڵاتی لەدەسـتچوویان بـوون، لـە سـاڵی (٥٢٩ك/١١٣٤ز) سـوپایەکەی خەلیفـەی عەباسـی لـە بەغـداوە بەڕێگـەی (حلـوان) بـەرەو (همـدان) کەوتـە ڕێ بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی سـوڵتان

---

(١) الحسـيني: زبـدة التواريـخ، ص١٦٣-١٦٤؛ ابـن الأثير: الكامل في التاريـخ، ج١٠، ص٢٩٠؛ البنـداري: تاريـخ دولـة ال سـلجوق، ص٨٢؛ النويـري: نهايـة الأرب في فنـون الأدب، ج٢٦، ص١٩٧؛ ابـن خلـدون: تاريـخ ابـن خلـدون، ص١٢٥٢.
(٢) الحسيني: زبدة التواريخ، ص١٦٤؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج١٠، ص٢٩٦.
(٣) ابن الجوزى: المنتظم،ج١٧، ص٤٨، ٥٣.
(٤) ابن الجوزى: المنتظم،ج١٥، ص٣٠٦؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩، ص٥٣٤.

(مسعود) کە دەستی بەسەر شارەکەدا گرتبوو، خەڵکەکەشی ملکەچ کردبوو، سوپای خەلیفە بەڕێگادا شاری (حلوان) تاڵان دەکەن و خەلیفەش لە ترسی ئەوەی سەرکردەکانی سوپا لێی هەڵنەگەڕێنەوە هیچ لێپێچینەوەیەکیان لەگەڵدا ناکات[١]، پێشتریش لەساڵی (٤٤٠ك/١٠٤٨ز) لە ململانێی نێوان ئەو دوو پێکهاتەیە هەمان ناوچە دوچاری تاڵانی و وێرانکاری بوویەوە[٢]، هەمەدان و دەوروبەریشی کە ببووە مەڵبەندی سەلجوقییەکان زۆرترین زیانی شەڕەکانی پێگەیشتووە کاولکاریی زۆری بەسەرداهاتووە[٣]، بێگومان دەرئەنجامە ئابوورییەکانی ململانێی نێوان پێکهاتەکان بەسەر کورد کۆچکردنی کوردەکانیشی لێکەوتۆتەوە، بەدوای یەکداهاتنی هەڵمەتە جیاوازەکان بۆسەر ناوچە و هەرێمە کوردنشینەکان لە لەشکرکێشیی پێکهاتە جیاوازەکان و بوونی ئەو ناوچانە بە مەیدانی ململانێی نێوانیان وای کردووە کە ژمارەیەکی زۆر لە جوتیاران گوند و دێهات و شارەکانیان جێبهێڵن و مەڕوماڵاتی خۆیان لەگەڵ خۆیان دەبرد[٤]، کە بێگومان سەرەڕای کەمبوونەوەی دەستی کار لەو ناوچانە دەبووە هۆی کەمیی بەرهەم و گرانیی نرخ و دروستبوونی قاتوقڕی، بە نموونە بەهۆی ئەو شەڕ و ململانێیەی لە ساڵی (٥٨١ك/١١٨٥ز) لەنێوان کورد و تورکمانەکان ڕوویدا لە ناوچەی نوسەیبین، بۆ ساڵی دواتر ناوچەکانی تریشی گرتەوە، کۆچی کوردەکان و وێرانبوونی

(١) ابن الاثير: الكامل في التاريخ، ج١١،ص٢٦؛ ابن واصل: مفرج الكروب فى اخبار بني ايوب، ج١، ص٦١.

(٢) محمد جميل رۆژبەیانی: مێژووی حەسەنوەیهی و عەییاری، ل٢٢٦.

(٣) ابن الاثير: الكامل في التاريخ، ج١١،ص٢٦؛ ابن واصل: مفرج الكروب فى اخبار بني ايوب، ج١، ص٦١.

(٤) ابن حوقل: صورة الأرض، ص١٩١.

کێڵگـە کشـتوکاڵییەکان و دێهاتەکانـی بـەدوای خـۆی داهێنـا[١]، ئەمـەش لـە ئەنجامـی ناسـەقامگیریی سیاسـی و ڕادەی کاریگەریـی ئـەو رەوشـە دەردەخـات کـە لایەنـە ناکۆکـەکان ناوچـە کوردییەکانیـان کردبـووە چەقـی یەکلاییکردنـەوەی ململانێیەکانیـان[٢]. بۆیـە لەسـەر پێکهاتـەی تەمەنیـش کاریگـەری خراپیـان بەجێهێشـتووە، بـەوەی کـە ئەوانـەی دەتوانـن کاربکـەن بەهـۆی شـەڕەکانەوە ژمارەیەکـی زۆریـان لەناوچـوون، ئەمـەش لەناوچوونـی دەسـتی کار و پاشەکشـەی ئاسـتی گوزەرانـی خەڵکـی ئـەو ناوچانـەی لێکەوتـەوە، دەرئەنجـام پەرەسـەندنی برسـیەتی و گرانـی بەدواداهـات[٣]، بۆیـە جگـە لـە زیانـی ئابـووری بـۆ کـورد، لاوازبـوون و پووکانـەوەی دەسـەڵاتە خۆجێیەکانـی کوردیشـی لێکەوتـەوە، بـەوەی لـە قۆناغەکانـی دواتـر کـورد ئـەو هێـزە ئابوورییـەی نەبـوو بتوانێـن بەرگـەی ئـەو هێـرش و داگیرکاریانـەی بگرێـت کـە ڕووبـەڕووی دەبوونـەوە، کاریگەریـی ململانێیـەکان لـە خاپوربوونـی کێڵگـە کشـتوکاڵییەکان و نەبوونـی خـۆراك و هەوڵـدان بـۆ بەدەسـتهێنانی، کـوردی ناچـار کـردووە بـۆ مانـەوەی خـۆی ببێتـە بەشـێك لـە ململانێـی پێکهاتـەکان.

---

(١) أبـو شـامة: كتـاب الروضـتين، ج٣، ص١٥٣+١٧٤؛ مەهـدی عـوسمان هەروتـی: کـورد و دیـاردەی کـۆچ کـردن لەسـەدەکانی ناوەراسـتدا، گۆڤـاری نێودەوڵەتـی ljoks، ژ٣/٢ ( ئامـەد:٢٠١٦)، ل١٣٨.

(٢) رسـول ابراهیـم رسـول: کاریگەریەکانـی لەشکرکێشـی هێـزە بیانیـەکان بـۆ سـەر کوردسـتان، ل٢٣١.

(٣) ابـن الأثير: الكامـل في التاريـخ، ج٩، ص٣٨٠-٣٨٥، ٣٩٣؛ نـەوزاد خالـد رؤوف: ململانـێ ناوخۆیەکانـی ناومیرنشـینە کوردیـەکان، ل١٠٠.

**ب. لەناوچوون و دەستبەسەرداگرتنی سامانی ئاژەڵی**

ناوچــە کوردییــەکان ناوچــەی دەوڵەمەنــد و پــڕ لــە خێــرو داهــات بــوون، ئەمــەش وای کــردووە بــە ناوچــەی پــر بەرهــەم و دەوڵەمەنــد بناسرێــن و هێــزی دیکــە چــاوی تێبرێــت و بــە دەســتگرتن بەســەر ئــەو ناوچانــەش ئابووریــی خۆیــان و ســوپایەکانیان پــێ بەهێــز بکــەن، لەگــەڵ ئــەوەش خاســیەت و تایبەتمەندیــی ئــەو هێزانــە و ئــەو ژینگــە سروشــتییەی تێیــدا ژیــاون لــە ســەختیی بارودۆخــی ئابــووری و پەیداکردنــی بژێــوی و خــۆراك و گــەڕان بــەدوای لــەوەڕگاکان و خواســتی دەستبەســەرداگرتن و خۆســەپاندنیان هەبــووە[1]. خاکــی کــوردان بــۆ گــەڕان و لــەوەڕگا پەیداکــردن، جوگرافیایەکــی خێڵەکــی هەبــووە، بــەم جــۆرەش ئابووریــی کــورد ئابوورییێکــی خۆبژێــوی بــووە، ئاژەڵەکانیــش لەوکاتــەدا ڕۆڵێکــی ســەرەکییان هەبــووە لــە کاری کشــتوکاڵی، بــەوەی مانــگا و گاجووتــەکان بەکاردەهــێنران بــۆ کێڵانــی زەوییــە کشــتوکاڵییەکان و بەبــێ بوونــی ئــاژەڵ کــێڵان و داچانــدن کارێکــی ئەســتەم بــوو[2]، بۆیــە دەتوانیــن بڵێیــن ســامانی ئــاژەڵ گرنگییەکــەی گــەر هێنــدەی کەرتــی کشــتوکاڵ نەبووبێــت، ئــەوا هیچــی کــەمتر نەبــووە لــە کەرتــی ناوبــراو، ئەمــەش لەبــەر ڕۆشــنایی هەمــە چەشــنیی کەشــوهەوا لــە ناوچــە کوردنشــینەکان[3]، بۆیــە ئــەو ناوچانــە باشتریــن

(١) مەهدی عوسمان هەروتی: نەهامەتی و کارەساتەکانی کوردستان، ل١١٦.

(٢) کیـکاوس: کتـاب النصيحـة المعـروف باسـم قابـوس نامـه، تعريـب: محمـد صـادق- أميـن عبدالمجيـد، دار الشروق (القاهـرة:٢٠٠٧) ص١٥١.

(٣) شــیما بکــر عبداللــە: بارودۆخــی ئابــووری و کۆمەڵایەتــی لــە هەرێمــی فــارس لەســەدەی(٤-٦ك/١٠-١٢ز)، نامــەی ماســتەر، کۆلێــژی ئەدەبیــات- زانکــۆی ســەڵاحەددین، (هەولێــر:٢٠١٧) ل٤١.

و گونجاوترین ناوچە بوون بۆ سەرهەڵدان و گەشەسەندنی شارستانیەت و بەرزیی ئاستی بژێوی و ژیانی ئابووری، بە تایبەت کە ژینگە سروشتییەکەی و ئاووهەوای ناوچە کوردییەکان زۆر گونجاو بووە، (**الاصطخري**) پێیوایە زۆربەی خەڵکی هەرێمی چیا خەریکی بەخێوکردنی مەڕومالات بوون[١]، جگە لەوە کوردەکانی ناوچەکانی خوراسانیش پێشەنگ بوون لە بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی جۆرەکانی ئاژەڵ و بەرهەمەکانی[٢]، ژینگەی ئەو ناوچانە هۆکار بووە بۆ ئەوەی خاوەنی لەوەڕگای سروشتیی فراوان بن، بەلەبەرچاوگرتنی زۆربوونی ڕێژەی بەرهەم و دەسکەوتە مادییەکانی وەك بەروبوومی ئاژەڵی و ڕووەکی وای کردوە زۆربەی ناوچەکانی هەرێمە کوردییەکان، سەرچاوەکانی داهات و سامانی زۆربێت، ئەمەش فاکتەرێکی سەرەنجڕاکێش بووە بۆ پێکهاتە و هێزە بیانییەکان کە لەهەوڵی دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوەکانی ئەو داهاتە بن[٣]، شوێنەواری لەشکرکێشی و هەڵمەتە سەربازیەکان بەسەر ئابووری و سامانی ئاژەڵ گران بوون، لەگەڵ هەر لەشکرکێشییەك بۆ سەر ناوچە کوردییەکان لە کاتی سەرکەوتنیان بەرهەمی ئاژەڵی وەك هەر موڵك وماڵێکی دیکە بە دەسکەوتی جەنگیان دەزانی و تاڵانیان کردووە[٤].

(١) المسالك والممالك، ص٢٠٣.

(٢) عبد الستار نصيف جاسم: إقليم خراسان دراسة في نشاطه التجاري من خلال كتب البلدانيين، مجلة مركز بابل للدراسات، الإنسانية، مج٧، ع١ (جامعة بابل:٢٠١٧)، ص٤٠٨.

(٣) رسول ابراهيم رسول: کاریگەریەکانی لەشکرکێشی هێزە بیانیەکان بۆ سەر کوردستان، ل٢٨.

(٤) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٨، ص٢٢٨؛ مەهدی هەروتی: نەهامەتی و

هەروەك دەزانین لە پاڵ کشتوکاڵکردن شوانکاری و بەخێوکردنی مەڕومالآت پیشەیەکی سەرەکی بوو کە بەشێك لە دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکان پێیەوە خەریکبوون و سەروەت و سامانی کوردە کۆچەرییەکانی پێکدەهێنا[١]، نەریتی سروشتی خێل وایە بۆ پاراستن و مانەوەی خۆیان و ئاژەڵەکانیان، خێڵە شوانکار و نیمچە ڕەوەندەکان کۆچیان دەکرد بۆ مانەوەیان[٢]، هۆزە کوردییەکان بە شێوەیەکی گەورە خەریکی ژیانی ئاژەڵداری و کۆچەری بوون، بە شێوەیەکی سەرەکی ئابوورییەکەیان بریتی بووە لەو لەوەڕگا و ئەو ئاژەلآنەی هەیانبووە، ئەمانە کوێستان و گەرمیانیان کردووە، هەر هۆزێک شوێنی لەوەڕگای تایبەت بە خۆی هەبووە[٣]. بەهۆی کۆچەری بوونی کورد بەردەوام شوێنی ژیانیان لەگۆڕاندا بووە[٤]، جگە لەوەی بەشێك لە زەوی و پاوانەکانی کوردستان بوونە شوێنی هەوارگە و کۆچ و واری هۆزە بیانییەکان و سالآنە گەرمێن و کوێستانیان تێدا دەکرد، بەتێپەڕبوونی کات دەستیان بەسەر ڕووبەرێکی فراوانی ناوچە کوردییەکاندا گرت، هەروەك چۆن هۆزە عەرەبەکان ناوچەکانی نێوان دەسکەرە و حلوانییان کردبووە

---

کارەساتەکانی کوردستان، ل١١٨.

(١) أ.شاميلوف: حول مسألة الاقطاع بين الكرد، ت: كمال مظهر احمد، مطبعة الحوادث، ط٢ (بغداد:١٩٨٤) ص٣٦.

(٢) کامەران عزیز: هۆکارەکانی سەرهەڵدان و ڕوخانی میرنشینە کوردییەکان، ل٧٥؛ ڕەفیق سابیر: ئیمپراتۆریای لم، چاپخانەی زابوون، (سوید:١٩٩٨)، ل٥٦.

(٣) ابن حوقل: صورة الارض، ص٢٠٥؛ الادريسي: نزهة المشتاق في اختراق الافاق، ج١، ص٤١٩.

(٤) واسیلی نیکیتین: کرد و کردستان، چ٢، ص٧٨-٨١؛ مەهدی هەروتی: نەهامەتی و کارەساتەکانی کوردستان، ل٢٣.

پاوانــی مەڕوماڵاتیــان، ئەمــەش بــووە هــۆی بەرتەســکبوونەوەی ســنووری موڵکداریــی هۆزەکانــی کــورد[١]، ســەرەڕای ئــەوەی ناوچــە کوردییــەکان بــە شــایەتی زۆربــەی گەڕیدەکانــی پێیــدا تێپەڕبــوون ناوچــەی دەوڵەمەنــد و پــڕ لــە پیــت و فــەرن لــە ڕووی ئاژەڵــداری، (**ابــن حوقــل**) لــە باســی شــاری نوســەیبین و و ئــەو باجــەی کــە حەمدانیــەکان ســەپادبوویان دەڵێــت: ((باجــی مــەر و مانــگا و پاقلەمەنــی و میــوە، پێنــج هــەزار دینــار بــوو))[٢]، (**الاصطخــري**) ئــەو شــارە بــە ســەوزترین شــارەکانی هەرێمــی جەزیــرە ناودەبــات[٣]، بــەڵام زوڵــم و زۆریــی حەمدانییــەکان وای لــە بەشــێك لــە دانیشــتوانی کــرد بــە خۆیــان و مەڕوماڵاتیــان کــۆچ بکــەن[٤].

تاڵانکردنـی مەڕومـاڵات و ئاگرتێبەردانـی گونـد و سـوتاندنی کێڵگـە کوشـتوکاڵییەکان بەرەنجامێکی دیکەی ململانێی نێوان هێزە ڕکابەرەکان بوو، کـە کاریگـەری ڕاسـتەوخۆی لەسـەر لایەنی ئابووریـی ناوچە کوردنشـینەکان هەبـووە[٥]، بەمـەش بۆمـان ڕووندەبێتـەوە کـە بەشـی ناوچـە کوردییـەکان لـەو ململانێـی نێـوان پێکهاتـەکان جگە لـە ماڵوێرانـی سـوودێکی ئەوتۆی بۆ ئـەو ناوچانـە نەبـووە و لایەنـە ناکۆکـەکان لـە پێنـاو بەدەسـتهێنانی خێـر و بێـری ناوچـە کوردییـەکان لـە جەنـگ و ململانێدا بوونـە و بـۆ بەردەوامیدان بـەو ململانێیانـەش سـودیان لـە توانـای ئابووری ئـەو ناوچانـە وەرگرتـووە و ئـەوەی کەوتۆتـە دەسـتیان وەك تاڵانـی جەنـگ بردویانـە.

---

(١) الاصطخــري: المســالك والممالــك،ص٨٧؛ حســام الديــن النقشــبندي: الكــرد في لرســتان الصغــرى، ص٢٩٥.
(٢) صورة الأرض، ص١٩٣-١٩٤.
(٣) المسالك والممالك، ص٧٢-٧٣.
(٤) ابن حوقل: صورة الأرض، ص١٩١؛ محمود ياسين التكريتي: الأمارة المروانية، ص١٦١.
(٥) نەوزاد خالد رؤوف: ململانێ ناوخۆیەکانی ناومیرنشینە کوردیەکان، ل٩٤.

بۆیە هەڵمەتە سەربازییەکانی پێکهاتەکان و چاوتێبڕینیان بۆ لەوەڕگا و سامانی ئاژەڵی کوردەکان، هەوڵەکانیان بۆ دەستبەسەرداگرتنی سامانی ئاژەڵ کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەبووە بەسەر لەناوچوونی سامانی ئاژەل لە ناوچە کوردنشینەکاندا، بە تایبەت لە ململانێی نێوان سەلجوقی و بوەیهییەکان، هەرچەندە کوردەکان بۆ پاڕاستنی لەوەڕگە و ئاواییەکانیان لە شاڵاوی تورکەکان بەرهەڵستکاری و بەرگرییەکی خوێناوی و نەپچڕاوەیان کردووە بۆ بەرگریکردن لە سەرزەمین و ماڵ و سامانی خۆیان جەنگاون[1]، هۆکاری کۆچکردنی غوزەکانیش بۆ سەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی جیهانی ئیسلامی، بۆ زۆربوونی ژمارەیان و شەر و ناکۆکیی نێوانیان و بەرتەسك بوونەوەی لەوەڕگاکانیان و وشکەساڵیی ناوچەکانیان دەگەڕێتەوە، بۆیە کەوتنە دەست درێژیی بۆ سەرزەمینی ناوچە کوردییەکانی ئاران، ئازەربێجان، خوراسان و هەرێمی چیا، کە خاوەنی لەوەڕگای فراوانبوون، ئەمە لەکاتێکدابوو غوزە سەلجوقییەکان بۆ ژیانیان پشتیان بە تاڵان و ڕاوڕووتی بەستووە، بۆیە زاڵبوون بەسەریاندا کارێکی ئەستەم بووە[2]، بۆ هەر شوێنك دەچوون تاڵانیان دەکرد و کوشتار و ئاژاوەی زۆریان دەنایەوە، وهسوزانی میری ڕەوادی کە زانی ناتوانێت ڕووبەڕوویان ببێتەوە هەوڵیدا لەگەڵیان ڕێکبکەوێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو[3]، بۆئەم مەبەستەش هۆزە کوردییەکان بەتایبەت هەزبانییەکان بەڕابەرایەتی (أبی الهیجاء) وهسوزانی ڕەوادی، ڕووبەڕووی سەلجوقییەکان بوونەوە، تارادەیەکیش

---

(١) محمد أمین زکي: تاریخ الدول و الأمارات الکردیة، ص٤٦؛ ئارشاك سافراستیان: کورد و کوردستان، چ٢، ل٤٨.

(٢) البیهقي: تاریخ البیهقي، ص٣٤؛ الراوندي: راحة الصدور،ص١٤٥؛ نیشتمان بەشیر: کورد و سەلجوقیەکان، چ٢،ل٧٤.

(٣) البیهقي: تاریخ البیهقي، ص٤٦٥-٤٦٦؛ ابن الأثیر: الکامل في التاریخ، ج٩، ص٣٧٧.

سـەركەوتووبون لـە دورخسـتنەوەی مەترسـیان و ژمارەیەكـی زۆریـان لـێ كـوشتن[١]، بـەڵام لێشـاوی شـەپۆل دوای شـەپۆلی توركمانەكانـە برسـی و پێپەتـی بـە خاوخێزانـەوە بـەرەو شـێو دۆڵـە فێنـك و پـڕ لەوەڕەكانـی نێـوان دەریایـی خـەزەر هێرشـیان هێنـا و تیـرە كوردەكانـی ناوچەكـە وەك بوختـی و هەمەوەنـد و شـكاك و هـی تـر، دژبـە غـەواره توركمانـەكان بـۆ پاڕاسـتنی لەوەڕگـە و ئاواییەكانیـان بەرهەڵسـتكاری و بەرگرییەكـی خوێنـاوی و نەپچڕاوەیـان كـردووە بـۆ بەرگریكردن لە سـەرزەمین و ماڵ و سـامانی خۆیان، بـەڵام لـە كۆتایـی ئـەو توانایەیـان نەبـوو بیانشـكێنن، بۆیـە ناچـار ڕێگایـان بۆ كردوونەتـەوە بـۆ ئـەوەی بـە ناوچەكانیاندا تێپـەڕن و بڵاوببنـەوە[٢]، هەروەك چـۆن توركمانەكانـی (البابكریـە) لـە سـاڵی (٥٠٨ك/ ١١١٥ز) داوا لـە میر (ابی الهیجـاء كـوڕی حسـین كوڕی علـی موسـەك)ی هەزبانـی دەكـەن ڕێگایان پێ بـدەن مەڕەكانیـان لـە لەوڕگاكانـی ناوچەكانی (أربـل) بلەوەڕێنن، بـەڵام ڕازی نابێـت و ڕووبەڕوویـان دەبێتـەوە و دوریاندەخاتـەوە، بـەڵام توركمانـەكان بەهێـزەوە دەگەڕێنـەوە و دەسـت بەسـەر ناوچەكـەدا دەگـرن[٣].

بەپیتـی خاكـی هەرێمـە كوردنشـینەكان و فراوانی لەوەڕگاكانی سـەرنجی ڕەگەزەكانـی دیكـە بـۆ خـۆی ڕاكێشـاوە، هەوڵیانـدەدا دەسـت بەسـەر لـەوەڕگاكان و سـامانی ئاژەڵیـی خەڵكـی خۆجێیـی دابگرن، بۆ نموونە دەشـتە بەرفراوانەكانـی مـوش و ئـەرزەن، ئەمـە گەورەتریـن و فراوانترین لـەوەڕگا بوونـە لـە هەرێمـی جەزیـرە[٤]، هـەروەك چـۆن ناوچـە و دەشـتاییەكانی

---

(١) ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ص ١٠٦٧.

(٢) محمـد أميـن زكي: تاريـخ الـدول و الأمـارات الكرديـة، ص٤٦؛ ئارشـاك سافراسـتيان: كـورد و كوردسـتان، چ٢، ل٤٨.

(٣) ابن ابی الهيجاء: تاريخ ابن ابی الهيجاء، ص١٨١.

(٤) ابـو الفـداء: تقويـم البلـدان، دار الصـادر (بيروت:د.ت)، ص٣٩٣؛ زرار سـەدیق تۆفیـق: هـۆز و دەسـەڵاتە هۆزەكییـە كوردییەكانـی چاخـی ناوەڕاسـت، و: ئیدریـس عەبـدوڵڵا

نێـوان هـەردوو ڕووبـاری (زاب)ی گـەورە و بچـووك لـەوەڕگای زسـتانەی هەزبانییـەکان بووە[1]، بۆیە شـتێکی ئاسـایی بـوو پێکهاتەکان لـە ململانێدابن بۆ دەسـتگرتن بەسـەر لـەوەڕگا سروشـتییەکانی ناوچە کوردییـەکان، بۆ نموونە (القرابلـی) سـەرداری هـۆزی سـولغوری تورکمانـی لەگـەڵ (میـر سـورخاب کـوڕی بـەدر) میـری میرنشـینی عەننـازی، لەسـەر لـەوەڕگا دەبێتـە شـەڕیان، هەرچەنـدە لـە سـەرەتا میـر سـورخاب کـوڕی بـەدر شکسـتیان پێدەهێنێـت و ژمارەیەکـی لـێ کـوشتن، بـەڵام دواتـر بـە هاوکاریـی تورکمانەکانـی تـر، ژمارەیەکـی زۆری سـەربازانی میـر سـورخابیان کوشـت و ناچاربـوون هەڵبێن بـۆ ناوچـە چیـاکان، گشـت ناوچەکانـی ژێردەسـەڵاتی میـر سـورخابیان گرت، تەنهـا داقـوق و شـارەزوور نەبێـت[2]، (**ابـن الأثیر**) بـاس لـە دەوڵەمەنـدی میرانـی میرنشـینەکە دەکات بـە تایبـەت کاتێـك میـر (سـورخاب کـوڕی بـەدر) لـە سـاڵی (٥٠٠ك/١١٠٧ز) کۆچـی دوایـی دەکات، دەڵێـت: ((خـاوەن پارەیەکـی زۆر بـوو، ئەسـپێکی بـێ ژماریشـی هەبـوو))[3]، ئەمـەش بەڵگەیـە لەسـەر دەوڵەمەنـدی و هێـزی ئابـووری میرنشـینەکە کەسـەلجوقییەکان هەوڵیانـدا دەسـت بەسـەر سـامانی ئابـووری و ئاژەڵیـی میرنشـینەکەدا بگرن و لـە بەرژەوەندیـی فراوانخوازییەکانیـان بەکاریبهێنـن، بێگومـان ئەمـەش لـە کاتێکدابـوو کـە سـوڵتانەکانی سـەلجوقی لـە ناکۆکـی و ململانێیەکـی قوڵدابـوون لەسـەر دەسـەڵات لـەو ماوەیـەدا، جگـە لـەوەی بـە ئـارەزووی خۆیـان بـاج و سـەرانەیان بەسـەر خەڵکـی سـەپاندووە. بـۆ نموونـە باجـی

---

مستەفا، چاپخانەی هاوسەر، (هەولێر: ٢٠١٠)، ل٢١.

(١) ابن حوقل: صورة الارض، ص٢٠٥.

(٢) ابن الاثیر: الکامل في التاریخ، ج١٠، ص٣٤٧.

(٣) ابـن الأثیر: الکامـل في التاریـخ، ج١٠، ص٥٤٦ ؛ نیشـتمان بەشـیر محەمـەد: کـورد و سـەلجوقیەکان، ل٣٦٤.

لەوەڕاندنی ئاژەڵیان وەرگرتووە، کەوا لە هەر سەد ئاژەڵێک، ئاژەڵێکیان وەک باج لە خاوەن ئاژەڵەکان وەردەگرت[١].

بەناوەندیکردنی دەسەڵاتی سەلجوقییەکان و دابەشکردنی ناوچە کوردییەکان بەسەر سەرکردە سەربازییەکان و دەرکەوتنی ئەتابەگییەکان لەسەر حسابی سەلجوقییەکان و هەوڵە بەردەوامەکانیان بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتیان، ململانێی نێوانیان لەسەر دەستگرتن بەسەر ناوچە کوردییەکان و لەوەڕگا فراوانەکانیان و سامانی ئاژەڵیی ناوچە کوردییەکان وای کردووە، کە بەردەوام کورد و تورکمانەکان لە کێشە و ململانێدابن و کوشت و کوشتارێکی زۆریان لە یەکتری کرد و شەڕ و ئاژاوە زۆربەی شار و ناوچەکانی هەرێمەکانی گرتۆتەوە[٢]، بەهۆی نەبوونی دەسەڵاتێکی بەهێز و یەکگرتوی کوردی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان[٣]، ئەمەش هەمووی لە ئەنجامی نەبوونی هێزێکی سیاسیی بەهێز کە فەرمانڕەوای هەرێمە کوردنشینەکان بکات و بتوانێت بە شێوەیەکی بەهێز بەرپەرچیان بداتەوە بۆ پاراستنی دەرامەتە ئابوورییەکانی ئەو ناوچانە، وای کردووە سامانی ئاژەڵ و جوتیاران زۆرترین زیان و کاریگەریی ئەو ململانێیانەیان لەسەر بێت.

---

(١) ابن العبري: تاريخ مختصر الدول، ص٢٢٩.

(٢) عماد الدين الاصفهاني: البستان الجامع لجميع تواريخ أهل الزمان، ت: محمد على الطعاني، مؤسسة حمادة، (الاردن: ٢٠٠٣م).ص٤٢١-٤٢٢؛ رشيد الجميلي: الاتابكة في الموصل بعد عماد الدين زنكي(٥٤١-٦٣٠هـ)، دار النهضة العربية، (بيروت:١٩٧٠)، ص٢٨٦؛ حەمە کەریم عارف: کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا، و: حەمە کەریم عارف، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، (سلێمانی:٢٠١٠ز) ل١١١.

(٣) عماد الدين الاصفهاني: البستان الجامع لجمع تواريخ أهل الزمان، ص٤٢١-٤٢٢؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج١٢، ص١٠٤، ١١٨؛ رشيد الجميلي: الاتابكة في الموصل بعد عماد الدين زنكي، ص٢٨٦.

## ج. بڵاوبوونەوەی ڕژێمی دەرەبەگایەتی:

شـێوازی بەخشـینی زەوی دەرەبەگـی لـە مێـژووی دوور و نزیکـی کـورددا شـوێنەواری گـەورەی جێهێشـتووە، کـە دواتـر گەشـەی کـرد و بـوو بـە سیسـتەمێکی ئابووریـی بـەربڵاوی نـاو کۆمەڵـگای کـوردی بـە نـاوی دەرەبەگایەتـی و بـووە هـۆی دەرکەوتنـی جیاوازیـی چینایەتـی لەسـەر بنەمـای ئابـووری، بـە بەخشـینی زەوی دەرەبەگـی بـە سـەرکردە سـەربازییەکان و ڕازیکردنیـان[1]، لـە ڕاسـتیدا شـێوازی پێکهاتـەی دەسـەڵاتەکان لەسـەر بنەمـای هێـز بنیـات نـراوە، بۆیـە بەهێـزی هۆکارێـك بـووە بـۆ هێـرشبردن و بێهێزیـش تاکـە پەناگـەی بریتیبـووە لـە بەرگریکـردن یاخـود پەنابـردن بـۆ هێزێـك کـە هاوبیـر و هـاو ئایـن بوبێـت، کرۆکـی زاڵەیەتـی ناوەندیـش سـوپایە، سـوپاش پشـت بەسـتووە بـە دارایـی، داراییـش بـە ئاوەدانـی، ئاوەدانیـش بـە دادگـەری، دادگەریـش بـە کـردەوەی جوانـی کاربەدەسـتان و لێکۆڵینـەوەی دەسـەڵاتدار لـە ژیانـی ژێردەسـتەکان بـەردەوام دەبێـت[2]، بـەڵام کاتێـك سـوپا و سـەرکردەکانی دەبنـە ئامرازێـك بـۆ چەوسـاندنەوەی خەڵـك لـە پێنـاو کۆکردنـەوەی سـامان بەبـێ لەبەرچاوگرتنـی بەرژەوەندیـی گشـتی، ئەمـەش کاریگەریـی خراپـی کردۆتـە سـەر مێـژووی دوور و نزیکـی کـورد، بوەیهییـەکان لـە پێشـینەی ئـەو هێزانـە بـوون کـە پیـادەی ئـەو سیاسـەتەیان کـرد و بەهـۆی لاوازیـی ئەزموونـی کارگێڕییـان بـە پێدانـی زەوی بـە سـەربازەکانیان لـە جیاتـی شایسـتە داراییەکانیـان، یاخـود لـە جیاتـی پێدانـی پایـە بـە

(١) ابـن الأثير: الكامـل في التاريـخ، ج٨، ص٤٥٧؛ رسـول ابراهيـم: کاریگەریەکانـی لەشکرکێشـی هێـزە بیانیـەکان، ل٢٢٥.
(٢) ئیبن خلدون: موقدیمە، ب١، ل١٨٧.

سەرکردە سەربازییەکان دراوە[١]، بەمەش پێدانی زەوی لە پاداشتەوە گۆڕرا بۆ پێدانی بەو کەسانەی کە خزمەتی میرەکانی بوەیهییان کردووە[٢]، بوەیهییەکان دوای دەستگرتنیان بەسەر بەغداد سەربازەکانیان دەنگی نارەزایان لێهەڵسا و داوای پاداشتیان دەکرد، بۆیە (معز الدولة) (اقطاع)ی بەخشیە سەرکردەکانی وەك پاداشت، ئەمەش بەتێپەڕبوونی کات دۆخێکی ناهەموارای دارایی دروستکرد بەهۆی کەمی داهات و بەخشینی بەشێك لە زەوییەکانی دەوڵەت[٣]، ئەو سەرکردانەشی ناوچەیەکیان پێدەدرا گوێیان بە ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانە نەدەدا و لە هەوڵی پێشخستنی زەوی و زارەکانیان نەبوون، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر لایەنی ئابووری دروستکرد[٤]، خاوەنی (اقطاع)کان بەرپرس بوون لەسەر کۆکردنەوەی باج و جێبەجێکردنی یاسا، بۆیە دەستیان نەپاراستووە لە چەوساندنەوەی جوتیاران و خاوەن موڵکەکان بۆ ئەوەی زۆرترین باجیان لێوەربگرن[٥]، بەتێپەڕبوونی کاتیش

(١) محمد جمال الدين سرود: تاريخ الحضارة الإسلامية في الشرق، دار الفكر العربي (القاهرة:١٩٧٦)، ص١١٣؛ جاسم حسن: المقاومة العربية للتسلط البويهي في العراق و الجزيرة الفراتية، ص١٢٥.

(2) Lapidus, Ira. M: "A History of Islamic Societies", Cambridge, (United Kingdom, 2002), 2nd edition, p.122

محمد حسن سهيل الدليمي: الإقطاع في الدولة العباسية(٤٤٧-٦٥٦هـ)، مركز البحوث والدراسات الإسلامية، (بغداد:٢٠١٠)، ص٤١.

(٣) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٨، ص٤٥٧.

(4) Lambton: "The Internal structure of the Saljuq Empire", CMHOI, (Cambridge:1999), Vol. 5/p. 232-233

(٥) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٨، ص٤٥٧؛ ويل وايريل ديورانت: قصة الحضارة، ت: زكي نجيب، دار الجيل (بيروت:١٩٩٢)ج٢، ص٤١٦.

ئـەو خـاوەن (اقطاع)انـە بوونـە خاوەنـی زەوییـەکان و بـە شـێوەی بۆماوەیـی بـۆ منداڵەکانیـان دەمایـە، بـەو مەرجـەی بـەردەوام بوایـە لـە ملکەچـی بـۆ دەسـەڵاتی ناوەنـد و دانـی بـاج بەپێـی ئـەو ڕێکەوتنـە نوێیـەی لـە نێـوان هـەردوولادا دەکـرا[1]، مەبەسـتی بوەیهییـەکان ئەوەبـوو کـە دەرامەتـە ئابوورییەکانـی ئـەو ناوچانـە بەدەسـتبهێنێت لـە ڕێگـەی کۆکردنـەوەی بـاج، سـەرەڕای ئـەوەی هێزێکـی ئامادەیـان لـەو ناوچەیـە هەبێـت بـۆ کاتـی پێویسـت و ڕووبەڕووبوونـەوەی پێکهاتەکانـی تـر، جگـە لـەوەی مەبەسـتیان بـوو سـەربازەکان پەیوەسـتبکەن بەزەوییـەکان و نیشـتەجێیان بکـەن، لـە ڕاسـتیدا بوەیهییـەکان چونکـە خێڵەکـی بـوون وا سـەیری زەوییـە دەستبەسـەرداگیراوەکانیان دەکـرد کـە (غنیمـە)ن و بەدەسـتهاتوون، بۆیـە دابەشـی سـەر سـەرکردەکانیان دەکـرد، سـتەم و زۆریـی ئەوانیـش سیسـتەمی ئاودێـری و کشـتوکاڵی بـەرەو لەناوبـردن بـرد و ئەرکـی جوتیارانیانـی قـورس کـرد و بەرهەمەکانیـان کەمبوویـەوە، تەنانـەت بەشـێك لـە جوتیـارەکان وازیـان لـە پیشـەکەی خۆیـان هێنـاو کۆچیـان کـرد.

ململانێـی نێـوان حەمدانییـەکان و بوەیهییـەکان لـە سـاڵی (٣٣٤-٩٤٦ز) (نـاصر الدولـة الحمـداني) ناوچەکانـی نەهـرەوان و خالـس دەبەخشـێتە بەشـێك لـە سـەرکردە تورکەکانـی نێـو سـوپایەکەی، کـە ڕق ئەسـتوربوون بەرامبـەر بوەیهییـەکان، چونکـە توانیـان لـە ململانێیـان بەسـەر تورکـەکان زاڵبن و دەسـت بەسـەر بەغـداد دابگـرن[2]، دیـارە کـوردەکان لـە زیانـی

(١) آكـو برهـان محمـد: كوردسـتان دراسـة في النظـم التجاريـة و الماليـة، مطبعـة شـهاب، (اربيل:٢٠١١)، ص٣٥٦-٣٥٧.

(٢) الهمذاني: تكملة تاريخ الطبري، ص١٥٢.

ئـەو بەخشـینانە دوورنەبوونـە، لایەنـە ناکۆکـەکان زۆرجـار هەوڵیـان داوە بـە بەخشـینی ناوچـە کوردییـەکان ململانێیەکانیـان یەکلاییبکەنـەوە وەك ئـەوەی (عضـد الدولـة) ئامـادە بـووە ناوچەکانـی موسـڵ و هەرێمـی جەزیـرە ببەخشـێتە (نـاصر الدولـة) وەك (اقطـاع) بـەو مەرجـەی بچێتـە ژێـر فەرمانەکانـی بوەیهییـەکان، بـەڵام میـری حەمدانـی ڕازینابێـت و داوایەکـە ڕەتدەکاتـەوە[1]، بوەیهییـەکان لـە سـەردەمی دەسـەڵاتیان بـە چـاوی (اقطـاع) لـە ناوچـە کوردییەکانیـان ڕوانیـوە بـەو مەرجـەش بـە دەسـەڵاتی میـرە کوردییـەکان و سـەرۆك هۆزەکانیـان ڕازیبوونـە کـە سـاڵانە بـاج بـدەن و لـە ململانێیەکانیـان یارمەتیـی سـەربازییان پێشـکەش بکـەن، لـە ململانێـی نێـوان (عـز الدولـة) و (ابـو تغلـب)ی حەمدانـی کـورد ڕۆڵـی یەکلاییکـەرەوەی هەبـووە، هـەروەك (**شـەڕەفخانی بەلیسـی**) دەڵێـت: ((عێزدەولـە داوا لـە میـر حەسـنەویە دەکات بەگـژ (ابـو تغلـب) دا بچێتـەوە لـە بەرامبـەردا هەتـا سـەر زابـی گـەورەی پێدەبەخشـێت، حەسـنەویە لـە (ابـو تغلـب) وەخۆکـەوت و لەشـکری حەمدانـی ڕاونـا هەتاوەکـو شـاری ڕەقـە و بەسـەرکەوتوویی بەڕێگـەی هەولێـر شـارەزوردا گەڕایـەوە بـۆ دەینـەوەر))[2]، بەمـەش بۆمـان ڕووندەبێتـەوە ئەگـەر کـوردەکان سـودمەنیش بووبـن لـە بەخشـینی چەنـد ناوچەیـەك پێیـان ئـەوا لـە پێنـاو خزمەتکـردن و پشـتگیریکردنی بوەیهییـەکان بـووە کـە لـە ناکۆکـی و ململانێدابـوون لەگـەڵ پێکهاتەکانـی تـر.

بۆیـە پێکهاتـەکان هەمیشـە لـە دەرفەتێـك گـەڕاون بـۆ ئـەوەی دەسـت بەسـەر موڵـك و ماڵـی ناوچـە کوردییـەکان بگـرن، ئـەو دەرفەتـەش بـە ململانێـی نێـوان میـر بـەدر و هیلالـی کـوڕی ڕەخسـا و بوەیهییـەکان

(١) مسكوية: تجارب الأمم، ج٥، ص٤٤١.

(٢) شەڕەفنامە، چ٦، ل٣٤.

جگــە لــەوەی ناوچەکانــی میرنشــینەکەیان تاڵانکــرد، ناوچەکانــی شارەزووریشــیان لەدەســتدا و وەزیــر (فخــر الملــك)ی بوەیهــی وەك (اقطــاع) شــارەکەی بەخشــییە نوێنەرەکانــی، بۆئــەوەی بەڕێــوەی ببــەن[١]، (شــمس الدولــة)ش دینــەوەری بــە خشــیە نوێنەرەکانــی بــۆ ئــەوەی بەڕێــوەی ببــەن[٢]، خەڵکــی ناوچەکــەش باجــی ئــەو وێرانکاریەیــان دا، چونکــە بارقورســی بەڕێوەبردنــی ناوچەکــە لەســەر شــانی خەڵکــی ڕەش و ڕووت بــووە و میرنشــینەکە و ژێرخانــی ئابووریشــی بــەرەو وێرانبــوون بــرد، زۆری نەبــرد میــر بــەدر و هیلالــی کــوڕی دەبنــە قوربانیــی ململانێــی نێــوان میرانــی بوەیهی(شــمس الدولــة) و (ســلطان الدولــة) هەردووکیــان دەکوژرێــن و (شــمس الدولــة) دەســت بەســەر بەشــێکی ناوچــە و قەڵاکانــی میرنشــینی حەســنەوەیهیدا دەگرێــت و لەلایــەن ســەرکردە ســەربازییەکانی بەڕێوەدەبــران[٣]، لــە گرنگتریــن دەرئەنجامەکانــی ئــەو ململانێیانــە بەســەر میرنشــینی حەســنەوەیهی لــە دەســتدانی هێــز و توانــای میرنشــینەکە و لاوازی و پوکانــەوەی بــوو ســەڕەرای هەڵتەکاندنــی ستراکتــۆری ئابــووری ئــەو میرنشــینە و لەناوچوونیــان و دابەشــکردنی زۆربــەی ناوچەکانــی بــە ســەرکردە ســەربازییەکانی بوەیهییــەکان بــوو.

ئـیبن خەلـدوون پێیوایـە: ((دروسـتکردنی دەوڵـەت تەنها لـە ڕێگـەی هێـز و زاڵبوونـەوە دەکرێـت یـان بەهـۆی عەصەبیـەت و ڕاکێشـانی دڵـی خەڵکـی بـۆ لایـی خـۆ و فراوانخـوازی))[٤]، سـەلجوقییەکانیش پێویسـتیان بـە

(١) ابـن الأثیر: الکامـل في التاریـخ، ج٩، ص٢١٧، ٢٤٦؛ سـبط ابـن الجـوزي: مـراة الزمـان، ج١٨، ص١٩٣-١٩٤.

(٢) سبط ابن الجوزي: مراة الزمان، ج١٨، ص٢٣٢.

(٣) ابن الأثیر: الکامل في التاریخ، ج٩، ص٢٥٠-٢٥١.

(٤) موقەدیمە، ب١، ل٤٢٦.

کوردەکان بوو بۆ جێگیرکردنی دەسەڵاتیان، بۆیە لەسەرەتادا چاوپۆشیان لەدەسەلاتی کوردەکان کرد و دانیاننا بەدەسەڵاتیان و سەرکەوتوو بوون لەوەی کوردەکان بۆلای خۆیان ڕابکێشن، لە ململانێی سەلجوقییەکان و بەساسیریش کورد و سەرکردەکانی ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان هەبوو لە سەرکەوتنی سەلجوقییەکان، بۆیە لە پاداشتی ئەوە هەروەك (**سبط ابن الجوزي**) دەڵێت: ((سوڵتانی سەلجوقی موسڵی بەخشیە هەزار ئەسپ))[١]، دوپاتی ئەوەش دەکاتەوە و لەسەر زاری سوڵتانی سەلجوقی کاتێك دەڵێت: ((ئەو وڵاتەمان بەخشیە هەزار ئەسپ، چونکە خزمەتی کردین))[٢]، دواتریش بەسرا و خوزستان و ئەرجانی بۆ دابڕی بە بڕی سێ سەد و شەست هەزار دینار، ڕێشی پێدا لەو (اقطاع)انە وتار بە ناوی ئەو بخوێندرێتەوە[٣]، هەروەها (تغرل بگ) ناوچەکانی ئازەربێجان دەبەخشێتە میر (مملان کوڕی هسوزان)[٤].

دەرئەنجامەکانی شەڕی مەلازگرد بۆ کورد پێچەوانە بوون، چونکە لە دەرئەنجامی ئەو شەڕە بووە مایەی زیادبوون و بەهێزبوونی دەسەڵات و پێگەی سەربازیی سەلجوقییەکان لە ناوچەکە[٥]، لە یەکەم کاردانەوەیاندا ناوچەکانی (خلاط) و ملازگرد ژێردەسەڵاتی میرنشینی مەڕوانی وەك (اقطاع) بەسەرکردە سەربازییە تورکەکانی بەخشی، بەمەش لە ژێر کۆنترۆڵی مەڕوانیەکان دەرچوو[٦]، بۆیە سەلجوقییەکان

(١) مراة الزمان في تواريخ الأعيان، ج١٩، ص٩.
(٢) سبط ابن الجوزي: مراة الزمان في تواريخ الأعيان، ج١٩، ص٩ .
(٣) الحسيني: زبدة التواريخ، ص١٠٢؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩، ص٦٣٥؛ سبط ابن الجوزي: مراة الزمان في تواريخ الأعيان، ج١٨، ص٤٩٦.
(٤) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩، ص٦٥١.
(٥) نيكيتا ايليسيڤ: الشرق لإسلامي في الشرق الوسيط، ص٣٥٥.
(٦) الفارقي: تاريخ الفارقي، ص١٩٠.

هـەر لەگـەڵ دەسـتگرتن و زاڵبوونیـان بەسـەر پایەکانـی دەسـەڵاتی عەباسـی بیرۆکـەی مەرکەزیـەت و لەناوبردنـی دەسـەڵاتی میرنشـینە کوردیەکانیـان لـەلا دروسـتببوو، ئـیبن خلدوونیـش پێیوایـە کـە دەوڵەتـداری بـە زاڵبـوون دێتـەدی، ئـەو زاڵبوونـەش پـاش جەنـگ یەکلاییدەبێتـەوە[١]، مەلیکشـا لەسـەر هەمـان سیاسـەت بـەردەوام بـوو بـۆ هەریـەك لـە میرەکانـی ناوچەیەکـی دابـڕی، بۆیـە بـە دەستبەسـەرداگرتنی ئازەربێجـان و ڕوخانـی میرنشـینی ڕەوادی لـە سـاڵی(٤٦٣ك/١٠٧٠ز) دەسـتیپێکردووە[٢]، بەهەمـان شـێوەش ناوچەکانـی هەرێمـی جەزیـرە بەخشرایـە (ابـن جهیـر) کـە سـەرکردایەتیی هێرشـی سـەر میرنشـینی مەروانـی کردبـوو، دەسـتی بەسـەر مـاڵ و موڵکـی مەروانیەکانـدا گـرت، بۆهـەر شـارێکیش واڵیەکـی دانـا بـۆ بەرێوەبـردن و کۆکردنـەوەی داهاتـی ئـەو ناوچانـە[٣].

کـوردەکان بـە گشـتی نەیانتوانیـوە خۆیـان یەکلایی بکەنەوە لـە ململانێی لایەنـەکان بـەوەی هەرجـارە و پشـتگیری لایەنێکیـان کـردووە ئـەوەش هـۆکار بـووە بۆئـەوەی بەشـێك لـە ناوچەکانیـان لەدەسـتبدەن، بـۆ نموونـە میـر سـورخابی عەننـازی لـە سـاڵی (٤٩٢ك/١٠٩٨ز) متمانـە بـە محەمـەدی کـوڕی مەلیکشـا دەکات و دواتـر پاشـگەزدەبێتەوە و متمانـە و پشـتیوانی بـۆ دوژمنەکـەی دەردەبرێـت بـە نـاوی برقیـاروك، لـە کاردانـەوەی لایەنگیـری لەلایـەن محەمـەدی کـوڕی مەلیکشـا بەشـێکی زۆری خاکی میرنشـینەکەی و ناوچـە و قەڵاکانـی داگیردەکرێـت و بە کاربەدەسـتەکانی خۆی دەبەخشـێت بـۆ ئـەوەی بەرێوەیانببـەن، ئەمـەش بـۆ لاوازیـی دبلۆماسـیەت و کەسـایەتی

(١) موقەدیمە، ب١، ل١٠١.

(٢) احمـد عبدالعزیـز: الامـارة الهذبانیـة الکردیـة،ص٧٣؛ ئاکـۆ بورهـان: میرنشـینە کوردیەکانـی سـەردەمی عەباسـی، ل٦٧.

(٣) الفارقي: تاريخ الفارقي، ص٢١٤؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج١٠، ص١٣٠.

میرەکانی دوایی دەگەڕێتەوە کە نەتوانن ململانێی ناوخۆیی بنەماڵەی سەلجوقی لە سودی خۆیان و بەرژەوەندیی میرنشینەکەیان بەکاربهێنن، دەرەنجام میرنشینەکەی بەرەو لەناوچون و دابەشکاری برد[١]، هەروەها بەخشینی ناوچەی حلوان بە(ارتق کوڕی اکسب) لەلایەن مەلیکشا، کە مەبەست لێی لکاندنی و یلایەتەکان بوو بە دەسەڵاتی ناوەندی کە دواتر بەهۆی لاوازیی دەسەڵاتی ناوەندی ئەو (أقطاع)انە بوونە بناغەی دروستبوونی ئەتابەگیەکان[٢]، هەروەك چۆن بەخشینی ناوچەی (ماردین) لەلایەن مەلیکشا بە (یاقوتی کوڕی ارتق)ی تورکمانی و فراوانکردنی دەسەڵاتی بووە بناغەی دروستبوونی میرنشینی ئەرتەقی لە ناوچەکانی هەرێمی جەزیرە[٣]، دابەشکردنی ناوچە کوردییەکان و بەخشینی زەوی جوتیاران بە دەرەبەگەکان کاریگەریی خراپی کردە سەر ئاستی گوزەرانی خەڵك و کەمبوونەوەی توانستی بەرهەمداری زەوییە کشتوکاڵییەکان و سەرهەڵدانی ئاژاوە و ململانێ لەسەر بەدەست هێنانی زۆرترین ڕێژەی زەوی و توندوتیژی نواندن بەرامبەر جوتیاران، شوێنەواری خراپی لەسەر باری ئابووری و کشتوکاڵی ناوچە کوردنشینەکان بەجێهێشتووە، هەمیشە وایکردوە وەرزێرانی کورد وەك کرێگرتە و سەپانی دەرەبەگەکان کاربکەن، سەرباری ستەم و چەوساندنەوەیان قورسی و گرانی باج وماڵیات و باجی ناشایستەش هەندەی تر ئەرکی خەڵکی ئەو ناوچانەی قورستر کردبوو[٤].

---

(١) ابن الوردي: تاريخ ابن الوردي، ج٢، ص١٢؛ ئاکۆ بورهان: میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عەباسی، ل٢٠٤.

(٢) البنداري: تاريخ دولة ال سلجوق، ص٧٠؛ رسول ابراهيم رسول: سیستەمی کارگێری کوردستان، ل٣٤٧.

(٣) قلقشندي: صبح الأعشى، ج٤، ص٣١٦.

(٤) رسول ابراهيم رسول: کاریگەریەکانی لەشکرکێشی هێزە بیانیەکان بۆ سەر کوردستان، ل٢٢٨؛ رسول ابراهيم رسول: زیادبونی قەبارەی دانیشتوانی ناوچە

## باسی دووەم:

### سەپاندنی باجی زۆر

ئـەو ڕەوشـە نائارامـەی دوای هـەر لەشکرکێشـییەك دەهاتـە کایـەوە، لـە پەیڕەوکردنـی ئـەو سیاسـەتە ئابوورییـە، بـە سـەپاندنی باجـی زۆر بەرامبـەر بـە ناوچـە کوردنشـینەکان، ئەرکـی سەرشـانی جوتیارانـی قـورس کـردووە کاریگـەری و شـوێنەواریی خراپیشـی لەسـەر بـواری کشـتوکاڵ بەجێهێشـتووە، بەهـۆی ئـەوەی ئـەو هێزانـە ئەوەنـدەی بایەخیـان بـە کۆکردنـەوەی مـاڵ و سـامان دەدا لەڕێگـەی کۆکردنـەوەی بـاج و خەراجـی زۆر، ئەوەنـدە بـەدەم بەرەوپێشبردنـی کەرتـی ئابـووری نەبـوون، کـەم توانایـی دارایـی بوەیهییەکانیـش لـە دابینکردنـی موچـەی سـەربازان وای کـردووە چارەسـەری کێشـەکەیان بـە بەخشـینی ناوچـەکان بـە سـەرکردە سـەربازییەکان چارەسـەر کـرد[١]، ئەمـەش کاریگەریـی گـەورەی هەبـوو لەسـەر هەژموونـی ناوەنـدی لەسـەر بەشـێکی ناوچـە کوردنشـینەکان، بـە هەبوونـی هەژموونـی سـوپا و دەزگای کۆکردنـەوەی باجـەکان و ڕاسـپاردنی کەسـەکان بـۆ ئـەم مەبەسـتە، هەژموونـی هێـزی ناوەنـد دەسـەڵمێت بەرانبـەر بـە کـوردەکان[٢]، دادگەریـش لـە ڕێگـەی دەسـتەڵاتداریەوە بەسـەر خەڵکـدا بەدیدێـت[٣]، کاتێکـش دەسـەڵات

---

کوردنشینەکان لە سەردەمی عەباسیدا، ژ٩، ب٣، ل٥٧٢.

(١) رسـول ابراهیـم رسـول: کاریگەریەکانـی لەشکرکێشـی هێـزە بیانیـەکان بـۆ سـەر کوردسـتان، ل٢٢٠.

(٢) الهمـذاني: تکلمـة تاریـخ الـطبري، ص٢٦٤؛ محمـد ئەمیـن: خولاصەیەکـی تاریخـی کـورد و کوردسـتان لـەزۆر قەدیمـەوە تـا ئەمـڕۆ، چاپخانـەی وەزارەتـی پەروەردە(هەولێـر:٢٠٠٦)، ل٩٩؛ زرار صدیـق: الکـرد في الـعصر العباسـی، ص١٥٢.

(٣) ئیبن خلدون: موقەدیمە، ب١، ل٦٧٩.

دادگەریی ناکات خەڵك نائومێد و زەلیل دەبن[١]، خێڵە ڕەوەندییەکان کشتوکاڵ و نیشتەجێبوونیان لە شارەکان بە زەلیلی دەبینی، چونکە هێزی پێکهاتەکان بە ئارەزووی خۆیان باجیان بەسەردا سەپاندوون، هاوکات کاری کشتوکاڵی بە باج و خەراج کۆتایی دێت مرۆڤ بەو شێوازە ڕادێت و بەشێکی زۆری سەربەخۆیی لەدەستدەدات[٢]، بێگومان بوەیهییەکان هەمیشە بوونەتە ئامرازێك بۆ چەوساندنەوەی خەڵکی ناوچە کوردنشینەکان، لە پرۆسەی وەرگرتنی باج ڕێگە و ئامرازی جیا جیا لە توندوتیژی و چەوساندنەوەیان دەگرتە بەر بەرامبەر بە جوتیاران، بە مەبەستی خۆدەوڵەمەندکردن، سەپاندنی باجیش بەسەر جوتیار و وەرزێر و بێدەسەڵاتەکان لەلایەن ناوەندەکان بەردەوام بە ئارەزوووی خۆیان بووە[٣].

کاتێکیش میر حەسنەویە بەبێ ڕەزامەندیی بوەیهییەکان بەردەوام دەبێت لە سیاسەتی فراوانخوازی و خۆسەپاندن و ڕێگرتن لە کاروانە بازرگانییەکان و سەپاندنی باج بەسەریاندا، (روکن الدولة) ترسی لێدەنیشێت و بریاردەدات سنوورێك بۆ فراوانخوازییەکانی دابنێت و لە ساڵی (٣٥٩ك/٩٧٠ز) سوپایەك ئامادەدەکات بۆ هێرش کردنە سەریان، بەڵام ڕووبەڕووبوونەوە ڕونادات و ڕێکدەکەون و حەسنەوەیهیەکان ملکەچ بوونی خۆیان ڕادەگەیێنن بۆ بوەیهییەکان بە پێدانی برە پارەیەك وەك باج[٤]، وەك (**مسکویە**) دەڵێت:

---

(١) ئیبن خلدون: موقەدیمە، ب٢، ل١٤٧.

(٢) الراواندی: راحة الصدور، ص ٢٦٠؛ البنداری: سنا برق الشامی، ص٢٠٣.

(٣) الراواندی: راحة الصدور، ص٢٦٠؛ البنداري: سنا برق الشامی، ص٢٠٣؛

(٤) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٨، ص٦٠٦ ؛ محمد جمیل رۆژبەیانی: مێژووی حەسەنوەیهی و عەییاری، ل٥٤.

((حەسنەوەیهی بڕی (سەد هەزار) دینار بە بوەیهییەکان دەدات بەپێی ڕێککەوتنی نێوانیان))[١]، ئەوەش ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە ملکەچکردنی خەڵکی بە سەندنی باج لێیان، بە ڕێگای سوپا و هێزەوە دەبێت، بۆ زاڵبوون بەسەر هێزی هەمووان، کە لە ناوچەی ئەواندا هەن[٢]. بۆمان دەردەکەوێت کە بوەیهییەکان تا ئەو کاتە ڕازی بوونە بەدەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکان کە لە ژێر هەژموون و دەسەڵاتی خۆیان بوونە و باجیان داوە و سوودیان لە توانای ئابووری ئەو ناوچانە وەرگرتووە بۆ بەردەوامیدان بە جەنگ و ململانێیەکانیان، و بە فراوانبوونی دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکان و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ئابووری و زیادبوونی داهاتیان و نەمانی مەترسی ئەو پێکهاتانە لەسەر بوەیهییەکان پرژاونەتە سەر ناوچە کوردییەکان بۆئەوەی دەست بەسەر توانای ئابووری و خێر و بێری ئەو ناوچانەدا بگرن جا چ لە ڕێگەی هێرشی سەربازی و تاڵانکردنی ئەو ناوچانە بووبێت یان ملکەچکردنیان بە سەپاندنی باجێکی زۆر، کە لە هەردوو باردا بارگرانی بۆ خەڵکی ئەو ناوچانە دروستکردووە و ئابووری ناوچە کوردییەکان کەوتۆتە خزمەتی دەسەڵاتی ناوەندی.

هەروەها لە ململانێی نێوان بوەیهییەکان و حەمدانییەکان ناوچە کوردییەکان زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە بەهۆی ئەوەی حەمدانییەکان باجی پێویستیان نەدەدا بە بوەیهییەکان، بۆیە چەندین هەڵمەتیان کردە سەر ناوچەکانی موسڵ و جەزیرە

---

(١) مسكوية: تجارب الأمم، ج٥، ص٣٧٤؛ أرشاك بولاديان: الأكراد في حقبة الخلافة العباسية، ص١٢٠.

(٢) مسکویە: تجارب الامم، ج٥، ص٣٧٢-٣٧٣؛ ئیبن خلدون: موقدیمە، ب١، ل٤٧٣.

بـۆ نموونــه لــه ســاڵی (٣٣٧ك/ ٩٤٨ز) بــه بیانــووی دواکەوتنــی بــاج[١]، هێرشـیان کـرده سـەر موسـڵ و داگیریانکـرد و (نـاصر الدولة)بـەرەو شـاری نوســەیبین، پاشەکشــەی کــرد، بــەڵام دواتــر ڕێککەوتــن و لــه یەکێــك لــه بەندەکانــی ئــەو ڕێککەوتنــەش داننــان بــوو بــه دەســەڵاتی بوەیهییــەکان و ســەپاندنی باجێکـی ســاڵانه بــه بــڕی (٨ هــەزار درهــم[٢])، بێگومــان بەشــی زۆری ئــەو باجــه لــه جوتیارانــی ناوچــه کوردییەکانــی هەرێمــی جەزیــره کۆدەکرایــەوه بەهــۆی ئــەوەی بەشــێك بــوون لــه قەڵەمــڕەوی حەمدانییــەکان، ئەمــەش وای کــرد بــەر لــه وادەی خــۆی بــاج وەربگیرێــت و بارگرانییەکــی زۆر بــۆ خەڵکــی ناوچەکــه دروســتببێت[٣]، قورسـایی کۆکردنـەوەی ئـەو باجـه لەسـەر شـانی جوتیـار و خـاوەن موڵکەکانـی هەرێمـی جەزیـره بـوو، جگـه لـەوەی سیاسـەتێکی توندیـان بەکارهێنـاوه بـۆ کۆکردنـەوەی داهـات و باجـی ئـەو ناوچانـه، بۆیــه وێرانبوونــی شــارەکان، پاشەکشــەکردنی کەرتــی کشــتوکاڵی بــەدوا داهاتــووه[٤]. هـەروەك چـۆن (**ابـن حوقـل**) هێرشـیان دەکاتـه سـەر بـەوەی سیاســەتێکی ناداتپەروەرانەیــان بەکارهێنــاوه لــه کۆکردنــەوەی بــاج بــه جۆرێــك شــاری نوســەیبین دارمــا لەژێــر قورســایی و دڕندەییــان لــه کۆکردنـەوەی بـاج و خەڵکەکـەی بـەره و لەناوچـوون بـرد، دوای ئـەوەی حەمدانییــەکان دەســتیان بەســەر زەوی و موڵــك وماڵیانــدا گــرت[٥].

(١) مسـكوية: تجـارب الأمـم، ج٥، ص٢٩٠؛ إبراهيـم سـلمان الكـروي: البويهيـون و الخلافـة العباسـية، ص١٩٣.

(٢) مسكوية: تجارب الأمم، ج٥، ص٢٩٠؛ أيليابرشينايا: تاريخ أيليابرشينايا، ص١٩٣.

(٣) مسكوية: تجارب الأمم، ج٥، ص٣٢٣؛ ايليا برشيتايا: تاريخ ايليا برشينايا، ص١٩٦.

(٤) ابـن حوقـل: صـورة الأرض، ص١٩١؛ آكـو برهـان محمـد: كوردسـتان دراسـة في النظـم التجاريـة و الماليـة، ص٣٦١.

(٥) صورة الأرض، ص١٩١.

یەکێکیش لە هەنگاوەکانی هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی، سەرچاوە دەگرێت لە هەست بەستەمکردن بەرانبەر خۆیان لەلایەن نەیارەکانیان، ئیبن خلدوون دوپاتی ئەو بۆچونە دەکاتەوە و پێیوایە: ((هاوپەیمانی و خزمایەتی یاخود شانازی ڕەگەزی دەمارگیری دەجوڵێنێت، کە ستەم دەبینێت بەرانبەریان))[1]، بۆیە بەهۆی نادادپەروەری و مامەڵەی خراپی کاربەدەستان و والی حران (هبة للە ناصرالدولة) لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە و خراپیی بارودۆخی خەڵك و زیادکردنی باج لەسەر بازرگانانی حران وایکرد خەڵکەکە دژی ئەو نادادیە ڕاپەڕێت و بۆ ماوەی دوو مانگ کاربەدەستانی شارەکەیان دەرکرد[2]، بەڵام (ابو تغلب) توانی بە زەبری هێز دەسەڵاتی خۆی بۆسەر شارەکە بگەڕێنێتەوە[3]. دیارە ئەو ڕاپەڕینانەش بەرئەنجامی خراپیی بارودۆخی ئابووری و زۆریی ئەو باج و خەراجەی خرابووە سەر شانی خەڵکی ناوچەکە بووە، لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی سیستەمی دەرەبەگایەتی لە ناوچەکە کە باری سەرشانی خەڵکەکەی گران کردبوو، کاتێکشی دەستدرێژی بۆ سەر ماڵ و سامانی خەڵکی بێ ئومێدیان دەکات لە بەدەستهێنانی سەروەت و سامان، تاڵانکاریش بە چ ئەندازیەك بێت، خەڵکیش بە هەمان ئەندازە لە کەسابەت دووردەکەونەوە[4]، ئەوانەشی نیشتەجێبوون، وەکو پیشە بە کشتوکاڵەوە خەریکبوون و باجیان بەسەردا دەسپێندرا، لەهەمانکاتدا تاڵانییان بەرانبەر

---

(١) موقەدیمە، ب١، ل٣٦٠.

(٢) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٨، ص٥٤٣؛ ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ص١٠٥٤.

(٣) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٨، ص٦٠٩ .

(٤) ئیبن خلدون: موقەدیمە، ب١، ل ل٦٧٨-٦٧٩.

دەکـرا، سـەپاندنی باجیـش بەسـەر جوتیـار، وەرزێـر و بێدەسـەڵاتەکان لەلایـەن پێکهاتەکانـەوە بـەردەوام بـە ئـارەزووی خۆیـان بـووە[١]، ئەوانەشـی بـاج دەدەن، زەلیـل دەبـن و ناتوانـن بیـر لـە دروسـتکردنی دەوڵـەت بکەنـەوە[٢].

جێبەجێکردنـی سیاسـەتی مەرکـەزی لـە بڕیـاردان و لەناووچونـی میرنشـینە کوردییـەکان، بـووە هـۆی ئـەوەی داگیرکەرانـی هەرێمـە کوردنشـینەکان دەرفەتیـان بـۆ بڕەخسـێت، بـە گوێـرەی بەرژەوەندیـی خۆیـان هەرێمـە کوردنشـینەکان بەڕێوەببـەن[٣]، ئـەو هێـرش و ململانێیانـە بەرئەنجامـی ئـەوە بوونـە، کوردسـتان وەکـو ناوچەیەکـی دەوڵەمەنـدی ئابـووری و بەشـێك لـە دەوڵەتـی سـەلجوقی گرنگـی زۆری پێـدراوە و وەك سـەرچاوەیەکی لەبـن نەهاتـووی داهـات پشـتی پێبـەستراوە و لەلایـەن کاربەدەسـتانی سـەلجوقی بـاج و خەراجـی ئـەو ناوچانـە کۆکراوەتـەوە وەك ئـەوەی (الفارقـي) ئامـاژە بـەوە دەکات کـە باپیـری بـە ناوی(ابـو الحسـن علـی کـوڕی ازرق) چاودێـر و کۆکـەرەوەی باجـی شـاری (حسـن کیفـا) بـووە، تەنانـەت جارێکیـان لەلایـەن وەزیـر گلەیـی ئـەوەی لێکـراوە کـە داهاتەکـەی کەمـە[٤]، ئەمـەش بـە مانـای ئەمـە دێـت پێکهاتـەکان و دەسـەڵاتدارەکان ئەوەنـدەی پەرۆشـبوونە بـۆ کۆکردنـەوەی زۆرتریـن داهـات ئەوەنـدە پەرۆشـی خەڵکـی ئـەو ناوچانـە و پێویسـتییەکانیان نەبوونـە. هـەروەك چـۆن سـوڵتان (تغـرل بـگ) ناوچەکانـی بـەسرا و

---

(١) البنداري: سنا برق الشامی، ص٢٠٣؛ الراواندی: راحة الصدور، ص٢٦٠.
(٢) ئیبن خلدون: موقەدیمە، ب١، ل٣٩٢.
(٣) ابـن الاثیـر: تاریـخ الباهـر في الدولـة الاتابکیـة، ص٧٩؛ رشـید الجمـیلي: الاتابکـة في الموصـل بعـد عماد الدیـن زنکـي، ٢٤٩-٢٥٠.
(٤) تاریخ الفارقي، ص٢١٥-٢١٦.

خوزستان و ئەرجانی بەخشیە میر(هەزار اسپ کوڕی پەنگیر) بە بڕی سێ سەد و شەست هەزار دینار[١]، هەروەك چۆن لە کاردانەوەی یارمەتیدانی بزوتنەوەی بەساسیری (تغرل بگ) بەرەو جەزیرەی ژێر دەسەڵاتی مەڕوانیەکان دەچێت و گەمارۆی دەدات[٢]، (نصر الدولة) ناچاربوو داوای ئاشتەوایی لە گەل (تغرل بگ) بکات و بە پێدانی (سەد هەزار دینار) گەمارۆی سەر جەزیری ئیبن عومەر هەڵگرت[٣]. سەلماندنی هەژموون و سەپاندنی سەرداریيەتی خۆیان سەرەتای زاڵبوون بوو، وەکو هێزی ناوەند، ئەوەش لە ڕێگەی ملکچکردن و دانپێدانانی بەرانبەرەکانییەوە بەدیهات، ئیبن خلدوونیش پێیوایە، خەڵکی بە زەبری هێز ناچاری مل کەچ بوون دەکرێن[٤]،

سەلجوقییەکان دوای کۆتاییپێهێنانی میرنشینە کوردییەکان، ناوچە کوردنشینەکانیان دابەشکرد، ڕێژەی باجەکانیان زیاد کرد، باجی سەر کشتوکاڵیش گرنگترین سەرچاوەی داهاتی خەزێنەی دەوڵەتەکەیان بوو، سەرباری بەکارهێنانی توندوتیژی لە سەپاندن و وەرگرتنیان، بەهۆی نەبوونی سیستەمێکی ڕێکوپێك و بنەمایەکی گونجاو بۆ دیاریکردنی ڕێژەکەی، ئەمەش وای

---

(١) ابن الأثير: الكامل، ج٩، ص٦٣٥؛ سبط ابن الجوزي: مراة الزمان في تواريخ الأعيان، ج١٨، ص٤٩٦.

(٢) المؤيد في الدين: السيرة المؤيد في الدين داعي الدعاة، ص١٧٠؛ ابن الأثير: الكامل، ج٩، ص٦٢٧-٦٢٩؛ ابن العبري: تاريخ الزمان، ص١٠١؛ ابن أبي الهيجاء: تاريخ ابن أبي الهيجاء، ص١٠٤.

(٣) المؤيد في الدين: السيرة المؤيد في الدين داعي الدعاة، ص١٧٠؛ ابن الأثير: الكامل، ج٩، ص٦٣١؛ ابن العبري: تاريخ الزمان، ص١٠١؛ ابن العبري: تاريخ الزمان، ص١٠١؛ ابن أبي الهيجاء: تاريخ ابن أبي الهيجاء، ص١٠٤.

(٤) موقەدیمە، ب١، ل٣٦٦.

کــردووە بــە ئــارەزووی خۆیــان باجیــان لــە خەڵــک وەردەگــرت، وەک ناوچەکانــی، (ماردیــن، جزیــرە، حەســەن کێفــا، مووســڵ، ئازەربێجــان)[1]، کاتێکــش دەســەڵات دادگەریــی نــاکات خەڵــك نائومێــد و زەلیــل دەبــن، بۆیــە زۆرجــار هــۆزە کوردییــەکان هەوڵیانــداوە ســەربەخۆیی خۆیــان دەســتەبەر بکــەن و کاروبــاری ناوچەکانیــان بەدەســت خۆیانــەوە بێــت، بــەڵام لــە ســنوورێکی بەرتەســك و دیاریکــراو تێنەدەپــەڕی، شــارۆچکەیەکی وەك شــارەزوور کــە زۆربــەی دانیشــتوانی کــورد بــوون بۆماوەیەکــی زۆر توانیبوویــان دەســەڵاتێکی خۆبەڕێوەبــەری دابمەزرێنــن و هەرگیــز گوێڕایەڵــی دەســەڵاتی ناوەنــدی نەبــوون و ژێردەســتەیان قبوڵنەکــردووە ئەوەتــا (**ابــن حوقــل**) بــە شــارێکی بچــوك نــاوی دەهێنێــت کــە کــوردەکان دەســتیان بەســەردا گرتــووە نــە ئەمیرێکــی تیایــە لەلایــەن ســوڵتانەوە بێــت نــە بــاج کۆکــەرەوە[2]، زۆربــەی شــارە کوردییــەکان لەلایــەن دەرەبەگەکانــەوە بەڕێوەدەبــران، هەندێــك کات دەرەبەگــەکان ناوچەکانیــان بــە نوێنەرەکانیــان دەســپارد بــۆ کۆکرنــەوەی بــاج و خــەراج وەك ئــەوەی (زیــن الدیــن علــی) ئەتابەکــی هەولێر(اربــل) تــا ســاڵی (٥٦٣ك/١١٦٩ز) لــە موســڵ دادەنیشــت و لــە ڕێگــەی نوێنەرەکانیــەوە ئــەو ناوچانــەی بەرێوەدەبــرد[3]، بێگومــان ئەوانیــش ســلیان نەکردۆتــەوە لــە وەرگرتنــی باجــی زۆر لــە جوتیــاران و خــاوەن پیشــەکانی ناوچەکــە، لــە

(١) الراواندی: راحه الصدور، ص٢٦٠؛ البنداری: سنا برق الشامی، ص٢٠٣.

(٢) صورة الأرض، ص٣١٤.

(٣) أبــو شــامة: كتــاب الروضــتين في اخبــار الدولــتين النوريــة و الصلاحيــة، ج١، ص١٥٧؛ أبي الهيجــاء: تاريــخ أبــن أبي الهيجــاء، ص١٨٥؛ محمــد حســن ســهيل الدليمــي: الإقطــاع في الدولــة العباســية(٤٤٧-٦٥٦هــ)، ص١٥٠.

پێنــاو ســودی خۆیــان، نەبوونــی سیســتەمێکی ڕێکوپێــک و بنەمایەکــی گونجـاو بـۆ دیاریکردنـی ڕێـژەی باجـەکان بـە شـێوەیەکی دادپەروەرانـە، ئەوەنـدەی تـر جوتیارانـی تووشـی تەنگـەژەی ئابـووری کـرد، بـە جۆرێـک هـەر میـر و سـوڵتانێک بەپێـی ئـارەزووی خـۆی گۆڕانـکاری بەسـەر ڕێـژە و جۆرەکانــی دەکــرد، ئــەو تاڵانکارییــەی لــە ناوەنــد بــە یاســا بەرانبــەر ســامانی خەڵکــی هــەژار و دامــاوەوە بــە زۆرداری لــە ڕێگــەی بــاج کۆدەکرایــەوە، بێوێنــە بــووە، کــە بــە یاســا دەکــرا[١]، ئــەم بارودۆخــە پەیوەســـت نەبـــوو بـــە قۆناغێکـــی مێژوویـــی، بەڵکـــو وێنەکەیـــان بـــە گشــتی بەســەردا ســەپاندبووە، لێــرە بۆمــان ڕووندەبێتــەوە بــە گۆڕانــی پێکهاتـــەکان ئـــەو دەســـەڵاتدارانەی لـــە ناوەنـــدەوە فەرمانڕەوایـــان بەســـەر ناوچەکـــە و هەرێمـــە کوردییـــەکان کـــردوە لـــە ڕووی ئابـــووری گۆڕانێکـــی ئەوتۆیـــان نەکـــردووە، بەڵکـــو لـــە هەوڵـــی کۆنترۆڵکردنـــی داهاتـــەکان و ســـەپاندنی بـــاج و زیادکردنـــی بوونـــە، هەمـــوو ئەمانـــە ڕادەی چەوســـاندنەوەی جوتیارانـــی ناوچـــە کوردنشـــینەکان دەردەخـــات.

(١) الصابي: رسوم دار الخلافة، ص٢٢-٢٧.

## باسی سێیەم:

### شڵەژانی ئاسایشی خۆراک و بارودۆخی بازرگانی:

بازرگانی بە یەکێک لە چالاکییە هەرە گرنگەکانی ئابووری دادەندرێت لە ژیانی هەموو کۆمەڵگەیەک، لەبەر بوونی پێداویستییەکان، لە کۆنەوە مرۆڤ کاری بازرگانی کردووە، ئەویش زیاتر لەوەدا سەرچاوەی گرتووە کە لە هەندێک ناوچە بەروبووم زیاتربووە لە بڕی پێویست، لە هەندێک شوێنش کەمتربووە، ئەمەش وادەکات کە چالاکیی بازرگانی لە نێوان وڵاتان و ناوچەکاندا هەبێت ئاشکرایە وڵاتی کوردان بە زۆری خێر و بێر و سەرچاوەکانی داهات ناسراوە، بۆیە ئەو ناوچانە بوونە مەڵبەندێکی گەورەی بازرگانی، سەرەڕای هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی، کاریگەریی گەورەی هەبوو لەوەی ببێتە پردی پەیوەندیی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا و ببێتە بازاڕێك بۆ مامەڵە و ئاڵوگۆری بازرگانی، جگە لەوەی بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی لە هەر قۆناغێك شاڕێگەی جەنگی و بازرگانی بووە، بۆیە بایەخێکی گرنگی بازرگانی هەبووە، لەهەمان کاتدا فاکتەرێکیش بوو بۆ چاوتێبڕینی پێکهاتە سەرەکییەکانی ناو دەوڵەتی عەبباسی، بۆتە دەروازەیەك بۆ هێزی جیاواز و مەیدانکێش بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێی نێوانیان[1]. کوردستان ڕێگەوبانی بازرگانی جیاجیای پێدا تێپەڕیوە، کە جیهانی ئیسلامی و شار و شارۆچکەکانی بەیەکەوە بەستۆتەوە[2]، لە گرنگترینیان ئەو ڕێگایە بوو کە بە مەدائن و

---

(١) مەلا مەحموودی بایەزیدیی: دابونەریتی کورد، و: شکوریە ڕەسوول، چاپخانەی پەنجەرە، (تاران:٢٠١٥) ل١٤؛ نەوشیروان مستەفا: کورد و عەجەم، ل٥؛ مەهدی عوسمان، نەهامەتی و کارەساتەکانی کوردستان، ل١٢٤.

(٢) سەبارەت بە ڕێگا بازرگانیەکان و دوری نێوانیان بگەڕێوە بۆ: آکو برهان

هەمـەدان و مـەڕ و سـەمەرقەنددا تێدەپـەڕی بـەرەو تورکسـتان کـە بـە ڕێـگای (حریر)ناسرابـوو[١]، سـەرەرایی ئـەوەی ژینگـە سروشـتییەکەی وای کـردووە بـۆ کشـتوکاڵ زۆر گونجـاو بێـت[٢]، ئەمـەش وای کـردووە سـەرچاوەکانی داهاتـی زۆربێـت، بۆیـە بۆتـە فاکتەرێکـی سـەرنجڕاکێش بـۆ پێکهاتـەکان کـە لـە هەوڵـی دەستبەسـەرداگرتنی سـەرچاوەکانی ئـەو داهاتـە و قۆرغکردنـی باجـی کاروانـە بازرگانییەکانـدا بـن.

لـە گرنگتریـن ئـەو فاکتەرانـەی بوونـە هـۆی دواکەوتنـی بازرگانـی کێشـە و ململانێـی نێـوان پێکهاتـەکان بـوو لەسـەر ناوچـە کوردنشـینەکان بەتایبـەت کوردسـتان بۆتـە دەروازەیـەك بـۆ تەراتێنـی هێـزەکان و مەیدانێـك بـووە بـۆ شـەڕ و ململانێـی نێوانیـان، سـەرەڕای سـەپاندنی باجـی زۆر بەسـەر خەڵکـی ئـەو ناوچانـەدا[٣]، هەرێمـە کوردنشـینەکان بـە گشـتی و بەتایبەتـی هەرێمـی چیـاکان و جەزیـرە، بەپیتوبەرەکـەت بـوون، بەروبوومێکـی زۆری جۆراوجـۆر لـە بـواری کشـتوکاڵ، شـیرەمەنی، سـپیایی، جلوبـەرگ و پۆشـاکی تێـدا بەرهەمهاتـووە، ئەمـەش وایکـردووە ئـەو کەلوپەلانـەی لـە خۆیـان زیادبـن، ڕەوانـەی ئـەو شـوێنانەی بکـەن کـە پێویسـتییان بـەو کەلوپەلانەیـە، بەمـەش کـرداری بازرگانـی لەنێـوان دوو ناوچـەی جیـاواز دەهێنایـە کایـەوە[٤]. بـەڵام کاتێـك ناوچـە کوردییـەکان و شـارەکانی (هەمـەدان، نەهاوەنـد، دینـەوەر) بوونـە مەیدانـی ململانێـی نێـوان بوەیهییـەکان و زەیارییـەکان، زیانێکـی گـەورەی ئابووریـان بـە

---

محمد: کوردستان دراسة في النظم التجارية و المالية، ص٦٧-٩٢.

(1) The Silk Rood : Rood of Pialogue: Hostorical of the silk Rood, (Unisci m 1998),P9.

(٢) ابو فيداء: تقويم البلدان، ص٤١٧، مؤلف مجهول: حدود العالم، ص١١٩.

(٣) محمد حسن سیراف: جغرافیا تاریخی سیراف، چاپخانەی زیبا، (تهران:١٣٣٧)، ص٢٦١.

(٤) ابو فيداء: تقويم البلدان، ص٤١٧.

ناوچەکـە گەیانـد و بـووە هـۆی سسـت بوونـی بازرگانـی لـەو ناوچانـە و ڕێـگا بازرگانییـەکان پەکیـان کـەوت، ئـەو ململانێیانـە جگـە لـە زیانـی ئابـووری هیـچ سـودێکی بـۆ ئـەو ناوچـە کوردیانـە نەبـوو[١].

کوردەکانـی هەرێمـی چیـاکان لەپـاڵ (روکـن دولـة) بـە یارمەتیدانـی سـەربازی بەشـداری دەکـەن ململانێـی نێـوان بوەیهییـەکان و سـامانییەکان[٢]، لـە سـەرەتادا کـورد بەهـۆکاری ئابـووری وەك کرێگرتە(مرتزقـة) لـە لەشـکری سـامانی و بوەیهـی بەشـداریان کـردووە بـۆ بەدەسـتهێنانی بژێویـی ژیانیـان، ئەمـەش شـتێکی ئاسـایی ئـەو سـەردەمە بـوو، سـڵنەکردنەوەی کـورد لـە پێنـاو دابینکردنـی قوتـی ژیانـی هەتـا ئـەو ڕادەیـە کاریگەربـووە، کـە تاڵانـی بـە شـێوەیەکی بـەربڵاو لەنێوانیانـدا بڵاوبێتـەوە[٣]، ئـەوەش قورسـیی دۆخـی ئابووریـی کـورد دەخاتـەڕوو، هەروەهـا کەمیـی گەشـانەوەی ئابـووری و پەراوێزکەوتنیـان نیشـاندەدا، هۆکارێکـی سـەرەکیش بـووە بـۆ ئـەوەی بـە ئاسـانی بکەوێتـە ژێـر کاریگەریـی ئـەو ململانێیانـە، دواتریـش لـە چوارچێـوەی میرنشـینی حەسـنەوەیهی یارمەتـی (روکـن دولة)یـان دا لـە دژی سـامانییەکان[٤]، بۆیـە حەسـنەوەیهی توانـی ببێتـە جێـی ڕەزامەندیـی بوەیهییـەکان[٥]، ئەمـەش ڕێگـەی خۆشـکرد بۆئـەوەی دەسـت بـە فراوانخـوازی بـکات و تەنانـەت کار گەیشـتە ئـەوەی بـاج بسـەپێنێت بەسـەر ناوچـە جیـاوازەکان

---

(١) الأصفهـاني: تاريـخ سـني ملـوك الأرض و الأنبيـاء، ص١٦٢؛ أبي الفـدا: المختـصر في أخبـار الـبشر، ج٢، ص٨٣؛ الذهبـي: دول الأسلام، ص٣٤٨؛ العمـرى: مسـالك الأبصـار في ممالـك الأمصـار، ج٢٦، ص١١٥.

(٢) أرشاك بولاديان: الأكراد في حقبة الخلافة العباسية، ص١١٨.

(٣) شەڕفخانی بدلیسی: شەڕفنامە، ل٢٢.

(٤) مهدی عوسمان هەروتی: ڕۆڵی سەربازیی کورد، ل١٤٣.

(٥) فرست مرعي: الامارات الكردية في العصر العباسي الثاني، ص١٤١.

و ئـەو کاروانـە بازرگانییانـەی کـە بـە ڕێـگای هەرێمـی چیـا تێدەپەڕیـن و بوەیهییـەکان لـە سـەرەتادا هیـچ کاردانەوەیەکیـان نابێـت بەهـۆی سـەرقاڵبوونیان بـە ڕووبەڕووبوونـەوەی سـامانییەکان، کاتێکیـش خەڵکـی ناوچەکـە گازانـدەی خۆیـان دەبنـە لای، (رکـن الدولـة) چاوپۆشـی لێـدەکات و دەڵێـت: ((ئەوانیـش (کـوردەکان) پێویسـتیان بـە خۆراکـە))[١]، ئەمـەش ڕۆڵـی کـورد لـە جێگیرکردنـی دەسـەڵاتی بوەیهییـەکان و پێویسـتی بوەیهییـەکان بـە کـورد دەردەخـات، چونکـە لەوکاتـەدا بوەیهییـەکان لـە ناکۆکـی و ململانێـی قوڵـدا بـوون لەگـەڵ پێکهاتەکانـی تـر و پێویسـتییان بـە پشـتگیری کـوردەکان بـوو، بۆیـە پێکهاتـەکان لـە پاراسـتنی ئاسـایش و ڕێـگا بازرگانیەکانیـش پشـتیان بـە کـورد بەسـتووە و ئەرکـی پاراسـتنی ڕێـگای خوراسـانیان بـە (ابـن ابـو شـوك العنـازي)ی خاوەنـی حلـوان بەسـت[٢]، لـە ڕاسـتیدا بوەیهییـەکان پێویسـتیان بـەوە هەبـوو کـە ئـەو ڕێـگا بازرگانییـە گرنگـە بپارێـزن، چونکـە ناسـەقامگیریی ئەمنـی ئـەو ڕێگایـە دەبـووە مەترسـی لەسـەر داهاتـی ئابـووری دەوڵـەت، بۆیـە عەننازییـەکان کـە فەرمانـڕەوای ناوچەکـە بـوون باشتریـن هەڵبژاردەبـوون بـۆ پاراسـتنی ئـەو ڕێـگا بازرگانییـە ستراتیجییـە.

پەراوێزکەوتنـی ئابـووری وەکـو کاریگەرییـەك بەسـەر تێگەیشـتینی مرۆڤـی کـورددا شـکاوەتەوە، چونکـە لـە شـار خەڵکـی بـە ناچـاری هـەوڵ

(١) مسـكوية: تجـارب الأمـم، ج٥، ص٣٧٨؛ فرسـت مرعـي: الامـارات الكرديـة في الـعصر العبـاسي الثـاني، ص١٤٢.

(٢) مسـكوية: تجـارب الأمـم، ج٥، ص٣١٣؛ رسـول ابراهيـم رسـول: کاریگەریەکانـی لەشکرکێشـی هێـزە بیانیـەکان، ل١٥٤؛ هەمـزە کاکـە یاسـین: حلـوان لەسـەردەمی خەلافەتـی عەبباسـی تـا ڕووخانـی میرنشـینی عەننـازی، چاپخانـەی حاجـی هاشـم (هەولێـر:٢٠١٣)، ل٩٧.

دەدەن پیشەیەك فێر بن تا ژیانی خۆیانی پێ دابینبکەن[١]، کەچی کوردی کۆچەری، لە ڕێگەی سەودای کاڵا بە کاڵا، یان لە ڕێگەی تاڵانی، لە جوتیار و وەرزێرەکان پێوستیی خۆی بەدەستهێناوە[٢]، دوای نەمانی مەترسی سامانییەکانیش، بوەیهییەکان سنوورێکیان بۆ فراوانخوازییەکانی حەسنەوەیهییەکان دانا[٣]، جگە لەوەش توانیان زاڵ بن بەسەر بازرگانی باکوور کە پێشتر سامانییەکان کۆنترۆڵیان کردبوو وە هاتنە ژێر ڕەحمەتی بوەیهییەکان، بۆیە توانیان کۆنترۆڵی سیاسەتی بازرگانیی ناوچەکە بکەن، تەنانەت کوردەکانیش کاتێك ناوەندی بازرگانیی خۆیان دامەزراند لە ناوچەکانی ئازەربێجان مایەی هەڕەشە نەبوون بۆ سەر بوەیهییەکان بەڵکوو بوونە بەشێك لە سیاسەتی بازرگانیی بوەیهییەکان[٤]، بە تایبەت کاتێك کوردەکان ناوەندی بازرگانی بەخۆیان دامەزراند، نموونەی شارەکانی قرمسین و دینەوەر و حلوان و نەهاوەند لە گرنگترین مەڵبەندە بازرگانییەکانی ناوچەکە بوون[٥].

بوەیهییەکان لە سەرەتای دەسەڵاتیان ئەو کارانەیان وەك هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆسەر چالاکییە بازرگانییەکانی خۆیان نەبینی بە تایبەت لە دەرئەنجامی ململانێی نێوان بوەیهییەکان و حەمدانییەکان و ڕووخانی دەسەڵاتی حەمدانییەکان ئەو دەرفەتەی

(١) ئیبن خلدون: موقەدیمە، ب٢، ل١٧٠.

(٢) مارتن ڤان برونسن: ئاغا و شێخ و دەوڵەت، ب١، ل٢٩٩-٣٠٠.

(٣) مسكوية :تجارب الأمم، ج٥، ص٣٧١-٣٧٢ ؛ أرشاك بولاديان: الأكراد في حقبة الخلافة العباسية، ص١١٩.

(4) M.A.Shaban, Islamic History, Cambridge University Press, Vol,2 (Cambridge :1976) p174

(٥) المقدسي: احسن التقاسيم في معرفة الأقاليم، ص١٢٣؛ حسام الدين النقشبندي: الكرد في لرستان الصغرى، ص٢٩٩.

بـۆ کـوردەکان ڕەخسـاند کـە بەسـەر ڕۆژهەڵاتـی هەرێمـی جەزیـرە زاڵبن[1]، لەگـەڵ ئـەوەش ململانێیـەکان کاریگەریـی خراپیـان بەسـەر ژیانـی تاکـی کـورد بەجێهێشـتووە، بۆتـە هـۆی شـڵەژانی ئاسایشـی خـۆراك و بڵاوبوونـەوەی برسـیەتی و قـات و قـوری بـە تایبـەت لـە هەڵمەتەکانیانـدا بـۆ دەسـت گرتـن بەسـەر ناوچـە کوردییـەکان تاڵانییەکـی زۆریـان ئەنجامـدا و گرانـی و برسـیەتی بڵاوبوویـەوە کـە زۆربـەی شـارەکانی هەرێمـی چیـا و جەزیـرەی گرتـەوە[2]، ستەمی پێکهاتـەکان لـە دانیشـتوانی ناوچـە کوردییەکانـی جەزیـرە و سـەپاندنی بـاج[3]، ڕەنگدانـەوەی هەبـوو لەسـەر پاشەکشـەکردنی کەرتـی کشـتوکاڵ و شـلەژانی ئاسایشـی خـۆراك و بڵاوبونـەووەی گرانـی و برسـیەتی، جگـە لـەوەی ململانێیـی سامانییەکان لەگـەڵ بوەیهییـەکان شـارەکانی هەرێمـی چیـا ببوونـە مەیدانـی ململانێـی نێوانیـان بـە تایبـەت شـارەکانی هەمـەدان قەرەمسـین دوچـاری زۆرتریـن زیانـی ئابـووری بوونـەوە[4].

ئاسـایش یەکێکـە لـە خاڵـە سـەرەکییەکانی ڕەونـەق پێبەخشـین و بـرەودان بـە بازرگانـی، بەردەوامـی ململانێیەکانیـش ڕێگاکانـی بازرگانـی پەکخسـت سـەرەڕایی زیادبوونـی کاری ڕێگـری، بەمـەش پرسـی دڵنیایـی

---

(1) M.A.Shaban, Islamic History, Cambridge University Press,Vol,2 (Cambridge :1976) p174

(٢) ابـن حوقـل: صـورة الأرض، ص١٩١؛ ابـن الأثير: الكامـل في التاريـخ، ج٩، ص٣٨٠-٣٨٥؛ سـبط ابـن الجـوزي: مـراة الزمـان في تواريـخ الأعيـان، ج١٨، ص٤٦٣؛ المقريـزي: اتعـاظ الحنفـاء بأخبـار الأئمـة الفاطمـيين الخلفـاء، ت: محمـد حلمـي محمـد، مطبعـة الأهـرام (القاهـرة:١٩٩٦) ج٢، ص٢٣٥.

(٣) ابن حوقل: صورة الأرض، ص١٩١؛ ابن العبري: تاريخ الزمان، ص٦١.

(٤) مسـكوية: تجـارب الأمـم، ج٥، ص٢٩٤؛ ابـن خلـكان: وفيـات الأعيـان وانبـاء ابنـاء الزمـان، ج٤، ص٨٠-٨١.

ئاسایشــی بــۆ بازرگانــەکان کەوتــە لــەرزە و هەڵاوســانی ئابــووری و کۆمەڵایەتــی لێکەوتــەوە، ئەمــەش بەڕوونــی بــە ناوچەکانــی فــارس و ناوچەکانــی ژێــر دەســەڵاتی میــر (فضلویــەی شــوانکارە) بەدەرکــەوت کاتێــك لــە ململانێــی نێــوان بوەیهییــەکان و ســەلجوقییەکان ڕوویــدا کــە وەك هێزێکــی نــوێ لەخۆرهەڵاتــی جیهانــی ئیسلامــی بەدەرکەوتــن و دەســتیان بەســەر ڕێــگا بازرگانییەکانــی ئــەو ناوچانــەدا گــرت[١]، جگــە لــەوەی ناوچەکانــی هەمــەدان و شــارەزوور و حلــوان و دینــەوەر، کەوتنــە بــەر شــاڵاوی داگیرکاریــی ســەلجوقییەکان کــە لــە ململانێدابــوون لەگــەڵ بوەیهییــەکان بــۆ دەســتگرتن بەســەر ناوەنــدی خەلافەتــی عەباســی، ئــەو ناوچانــە دوچــاری کاولــکاری هاتــن و کەرتــی بازرگانــی زۆر لاواز بــوو ڕێگــەی بازرگانــی نێــوان بەغــداد و خوراســان پەکــی کــەوت[٢]، جگــە لــەوەی ململانێــی نێــوان ســەلجوقییەکان و بەساســیری بەرئەنجامــی خراپــی لێکەوتــەوە و جگــە لەپەککەوتنــی کەرتــی بازرگانــی، گرانــی و قاتوقــوڕی لــە ناوچەکانــی عێــراق و هەرێمــی جەزیــرە بڵاوبووەیــەوە[٣].

ناوچــە کوردییــەکان ڕێگەوبانــی بازرگانــی جیاجیایــان پێــدا تێپەریــوە کــە جیهانــی ئیسلامــی بەیەکــەوە بەســتۆتەوە، (**المقــدسي**) هەرێمــی جەزیــرەی بــە پــردی پەیوەندیــی نێــوان عێــراق و شــام ناوبــردووە[٤]، بەهــۆی بوونــی خێروبێرێکــی زۆر لــە هەرێمــە کوردنشــینەکان، بۆتــە

(١) محمــد حســن ســیراف: جغرافیــا تاریخــی ســیراف، ص٢٥٠-٢٥٣؛ حســن منیمنــة: تاریــخ الدولــة البویهیــة، ص٤٠٠.

(٢) ابن الأثیر: الكامل في التاریخ، ج٩، ص٥٣٣-٥٤٠؛ ابن العبري: تاریخ الزمان، ص٨٩-٩٠.

(٣) ابــن الجــوزي: المنتظــم، ج١٦، ص٥؛ المقریــزي: اتعــاظ الحنفــاء بأخبــار الأئمــة الفاطمــیین الخلفــاء، ج٢، ص٢٣٥.

(٤) المقــدسي: احســن التقاســیم، ص١٣٦؛ عبداللــه نــاصر الحــارثي: الأوضــاع الحضاریــة في اقلیــم الجزیــرة الفراتیــة، ص٢٥.

جێگـەی چاوتێبڕینــی داگیرکـەران، ئەمــەش ڕەهەنـدی بـە پەراوێزخســتنی تـۆختر کـردووە، شـاری میافارقیـن لـە ڕۆژانـی حوکمڕانیـی (نـاصر الدولـة) پربـوو لـە بازرگانـەکان لـە هەمـوو لایەکـەوە ڕوویـان لـەو شـارە دەکـرد[١]، هەروەهـا شـاری هەولێـر (اربـل) مەڵبەندێکـی گرنـگ بـوو لـە بـواری بازرگانیـدا، بۆیـە بازرگانـەکان لـە هەمـوو لایەکـی ڕوویـان لـە شـاری هەولێر دەکـرد بـۆ کاری بازرگانـی[٢]، بۆیـە لایەنـە ناکۆکـەکان بـەردەوام هەوڵیـان داوە دەسـت بەسـەر ئـەو ناونـدە ئابـووری و بازرگانییانـەدا بگـرن، وەك ئـەو هەڵمەتـەی لەلایـەن سـەلجوقییەکانەوە کرایـە سـەر شـاری (ارزن) کـە یەکێـك بـوو لـە گرنگتریـن مەڵبەنـدە بازرگانییـەکان لـە باکـووری هەرێمـی جەزیـرە، مەڵبەنـدی بەیەکـەوە بەسـتنەوەی هنـد و فـارس و ئاسـیای بچـوك بـوو، بـە دەستگرتنیشـیان بەسـەر ئەوشـارە تاڵانیـان کـرد و وێـران بـوو، خەڵکەکەشـی دەربەدەربـوو[٣]، بوونـی هێمنـی و ئارامـی و ئاسـایش و پارێـزراوی ڕێـگا بازرگانییـەکان لـە هـۆکارە گرنگەکانـی بـەرە و پێشـچوون و بەڕێوەچوونـی کاری بازرگانـی بـوون، بـە پێچەوانەشـەوە نائارامـی و پەشـێوی و ململانێـی نێـوان پێکهاتـەکان کەرتـی ئابـووری پـەك دەخـات و ڕێـژەی ئاڵوگـۆڕی بازرگانـی کـەم دەکاتـەوە، وەك ئـەوەی لـە سـاڵی (٤٩٨ك-١١٠٤ز) هـۆزە سـەلجوقییەکان ڕێـگای بەغـداد خوراسـانیان

---

(١) الفارقي: تاريخ الفارقي، ص١٦٦؛ محمود ياسين التكريتي: الأمارة المروانية، ص١٦٦.
(٢) كي لسترنـج: بلـدان الخلافـة الشرقيـة، ت: بشـير فرنسـيس (بغـداد :١٩٥٤)، ص١٢١؛ زرار سـەدیق: کـورد لـە ڕۆژگاری خەلافەتـی ئیسلامیـدا، ١٥١؛ ئاکـۆ بورهـان: بازاڕی شـارە کوردیـەکان لەسـەردەمی عەباسـیەکاندا، گۆڤـاری مێـژوو، ژ١١، (هەولێـر:٢٠٠٩) ل٨٢.
(٣) ڤ. هايـد: تاريـخ التجـارة في الشرق الأدنى في العصـور الوسـطى، ت:أحمـد محمـد-عزالديـن فـودة، الهيئـة المصريـة العامـة للكتـاب، (القاهـرة:١٩٨٥) ،ج١، ص٦١؛ مجموعـة مـن المسـتشرقين: دائـرة المعـارف الإسلاميـة، ت، محمـد ثابـت الفندي-أحمدالشـنتاوي، (القاهـرة:١٩٣٣)، ج١، ص٦٠٩.

پڕکردبـوو لـە ئـاژاوە و خراپـە و دزی[١]، کـە ئـەم دیـاردەی دزی و تاڵانـی و ڕاووڕوتیـەی بڵاودەبوویـەوە زۆربـەی جـار لەبـەر خەریکبوونـی چینـی دەسـەڵاتداران بـوو بەشـەڕ و ئاشـوب و ململانێـی سـەربازی نێـوان پیکهاتـەکان و بـێ ئاگابوونیـان لـە ئەمـن و ئاسایشـی ناوچەکانیـان.

پێکهاتـەکان بـە گشـتی و سـەلجوقییەکان بەتایبەتـی چاویـان لـە دەسـتگرتن بەسـەر ناوچـە کوردییـەکان و ڕێـگا بازرگانییەکانـی بـووە بەهـۆی دەوڵەمەندیـی ئـەو ناوچانـە لـە ڕووی دەرامەتـی ئابـووری بـە تایبـەت میرنشـینی عەننـازی کەکەوتبـووە سـەر ڕێـگای خوراسـان و کاروانـە بازرگانییەکانـی پێـدا تێپەڕدەبـوون، بۆیـە هـۆزە تورکمانییـەکان چاویـان بڕیوەتـە بەدەستهێنانی ئـەو داهاتـە، جگـە لـەوەی دەرئەنجامـی ململانێـی نێـو بنەماڵـەی سـەلجوقی لەسـاڵی (٤٩٨ك/١١٠٥ز) بەشـێك لـەو ناوچانەیـان تـاڵان کـرد و بـووە هـۆی بڵاوبونـەوەی نائارامـی و سسـت بوونـی بازرگانـی بـەو ڕێگایـەدا، بۆیـە سـەلجوقییەکان کەسـێکی نـوێ دادەنێـن بـۆ پارێـزگاری کـردن لـەو ڕێگایـە بـە نـاوی (بەلـك کـوڕی بەهـرام کـوڕی ئەرتـەق) کـە سـەرکردەیەکی تـورك بـوو، ئەویـش بـۆ بەدەسـتهێنانی زۆرتریـن داهـات و بەرتەسـککردنەوەی سـنووری عەننازییـەکان و چەندیـن ناوچـەی میرنشـینەکە داگیـردەکات[٢].

بۆیـە جەنـگ و ململانێـی پێکهاتـەکان خاپوربوونـی گونـد و ئاواییەکانـی لێدەکەوتـەوە کـە سـەرچاوەی ئابـووری و داهاتـی ناوچـە کوردییەکانـن، ئەوانەشـی دەبوونـە قوربانیـی ئـەو ململانێیانـە

(١) السـهمي: تاريـخ جرجـان، النـاشر عـالم الكتـب، ط٤ (بيروت:١٩٨٧)، ص١٤٨؛ محمـد جميـل رۆژبەيانـی: مێـژووی حەسـەنوەیهی و عەییـاری، ل٢٣٥.

(٢) ابـن الأثير: الكامـل، ج١٠، ص٣٩٦؛ نیشـتمان بەشـیر محەمـەد: کـورد و سـەلجوقیەکان، ل٣٦٤.

کــە دانیشــتوی بەرهەمهێنــی کوردســتان بــوون، ئەمــەش بــە تــەواوی چالاکــی ئابــووری و بازرگانــی دوادەخســت و شــلەژانی ئاسایشــی خۆراکیشــی بەدوادادەهــات، بۆیــە ململانێیــەکان ڕەنگدانــەوەی تــەواوی لەســەر ژیانــی ئابووریــی و بازرگانــی و بەپەراوێزبوونــی کــورد هەبــووە، ســەرەرای سســتبوونی بــازاڕەکان و کەمبوونــەوەی کــرداری کڕیــن و فــرۆشتن و وێرانبوونــی ژێرخانــی ئابــووری و کەمبوونــەوەی بەرهەمــە کشــتوکاڵییەکان وەك دیارتریــن جــۆری هەنــاردەی کوردســتان و بــەژداری پێکردنیــان لــە بــواری بازرگانــی.

# تەوەری سێیەم:

## لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی ململانێی پێکهاتەکان بەسەر کۆمەڵگەی کوردییەوە:

## باسی یەکەم:

### گۆڕانکاری لە دیمۆگرافیا و پێکهاتەی دانیشتوان:

ئەگەر لە مێژووی کورد و ناوچە کوردنشینەکان بڕوانین لە ماوەی توێژینەوەکەدا، ناوچە کوردییەکان ناوچەی گرنگی کۆچ بۆ کراون، بەمەش کاریگەری لەسەر قەبارەی دانیشتوان هەبووە، بەوەی چەندین نەتەوە و پێکهاتەی جیاواز بە هۆکاری جیاواز بە لێشاو ڕوویان کردووەتە ناوچەکە و تێیدا گیرساونەتەوە، یەکێك لەوانەش ململانێی پێکهاتەکانە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبووە لەسەر گۆڕینی پێکهاتەی دانیشتوان ناوچە کوردنشینەکان لە سەدەکانی ناوەڕاست، ئەو گۆڕانکاریانەش بە زەقی دیاربوون، کە تێیدا بووە هۆی زیادبوونی هەژموونی پێکهاتەکان.

حەمدانییەکان و دواتریش عوقەیلییەکان نموونەی ئەو بارودۆخەن، کە دەستیان بەسەر ناوچەیەکی فراوانی هەرێمی جەزیرەدا گرت و ڕۆڵیان هەبوو لە نیشتەجێکردنی پێکهاتەی عەرەبی لە ناوچە کوردییەکانی هەرێمی جەزیرە، سەرەڕای مامەڵەی خراپیان وەک حەمدانییەکان کە بوونە هۆکاری ئەوەی بەشێک لە دانیشتوانی ڕەسەنی ئەو ناوچانە ئاوارە بن، لەمانەش هۆزی هەزبانی و کۆچیان بۆ هەرێمی ئازەربێجان، یان شاری نوسەیبین یەکێک بوو لە دەوڵەمەندترین

شارەکانی هەرێمی جەزیرە، بەڵام زوڵم و زۆری حەمدانییەکان وای لە بەشێک لە دانیشتوانی کرد بە خۆیان و مەڕوماڵاتیان کۆچ بکەن[١]، ئەگەر لە هەر وڵات و ناوچەیەکیش داگیرکاری زۆری تێدا ڕووبدات، ئەوا ئاوەدانی و ئارامی تێکدەچێت، چونکە لە قۆناخی یەکەمی داگیرکاری بریتییە لە تاڵانکاری و هیچ یاسا جێبەجێکردنەک لە گۆڕێدا نییە[٢]، ستەم و تاڵانکاری بەردەوام لە نەبوونی دەسەڵاتێکی بەهێزی خۆجێیی و ناوچەییدا سەر هەڵدەدات، نەبوونی دەسەڵاتێکی بەهێزی خۆجێی و کەوتنە ژێر کاریگەریی ململانێی پێکهاتەکانی تر یاخود ڕووچوونە نێو ململانێی یەکتری، ئەو دەرفەتەی ڕەخساند کە پێکهاتەکانی تر ڕوو بکەنە ئەو ناوچانە، کاتێکیش ستەم دووبارەبوویەوە خەڵکی بێئومێد دەبن[٣]. لە ململانێی نێوان بوەیهییەکان و حەمدانییەکان ناوچەکانی هەرێمی جەزیرە دووچاری هێرش و تاڵانکاری بوونەوە کە کاریگەریی گەورەی هەبوو لەسەر پێکهاتەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە هۆکارێک بوو بۆ نەخۆشی و مردن و کۆچی دانیشتوانیان، هێرشی (عضد الدولة) ی بوەیهیش باشترین نموونەیە کە لە ساڵی(٣٦٩ک/٩٧٩ز) کردییە سەر قەڵا و ناوچەکانی هەکاری، بە هەزاران کەس لەناوچوون و ئەوانی تریش دووچاری دەربەدەری بوون[٤].

ئەمە و سەرەڕای ئەوەی دۆخی کۆمەڵایەتیی کورد زیاتر خێڵەکی کۆچەری بووە و بەردەوام لە جووڵەدا بووە، بۆیە

(١) ابـن حوقـل: صـورة الأرض، ص١٩١، ١٩٥؛ محمـود ياسـين التكريتـى: الأمـارة المروانيـة في ديـار بكـر والجزيـرة، ص١٦١.

(٢) ئیبن خلدون: موقەدیمە، ب١، ل٤١٢.

(٣) ئیبن خلدون: موقەدیمە، ب١، ل٦٨٢-٦٨٣.

(٤) ابـن الأثير: الكامـل في التاريـخ، ج٨، ص٧١٠؛ فائـزة محمـد عـزت: الحيـات الأجتماعيـة للكورد، ص٢٠٧.

بناغــەی کۆمەڵگایەکــی شارنشــینی فــراوان لــە ناوچــە کوردنیشــینەکان نەچەسـپاوە[١]، کـورد لـە جیاوازیـی خێـڵ و ناوچـە، لـە ناکۆکـی قـووڵ و ژیانێکــی ســادە ژیــاوە، هــەر کۆمەڵێــك خــۆی بــە پاشــای مەملەکەتــی ژێردەســتی خــۆی زانیــوە و پارێــزگاری لــە ئەندامانــی خێڵــی خــۆی کــردووە[٢]، ئــەوەش هــۆکار بــووە بۆئــەوەی بــە ئاســانی بکەونــە ژێــر کاریگەریــی هەژموونــی داگیرکــەران، هــەر بۆیــە ململانێــی نێــوان بوەیهییــەکان و هێــزە فارســەکان شــوێنەواری خراپیــان بەســەر ناوچــە کوردنشــینەکان جێهێشــت، کوردیشــیان لــە بەرژەوەندیــی خۆیــان لــە شــەڕەکانی نێوانیــان تێــوەگلاوون، ســەرەڕای ئــەوەی سیاســەتی ئــەو پێکهاتانــە بڵاوکردنــەوەی ڕەگــەزی دەیلەمــی بــوو لــەو ناوچــە نوێیانــەی کــە دەبوونــە مەیدانــی ململانێیــان بــۆ ســەپاندنی هەژموونــی خۆیــان، بۆیــە ئەگــەر ڕۆژئــاوای هەرێمــی چیــاکان بــە نموونــە وەربگریــن سیاســەت و ململانێــی نێــوان بوەیهییــەکان و زیارییــەکان هۆکارێکــی ســەرەکی بــووە بــۆ بلاوبونــەوە و نیشــتەجێبوونی پێکهاتــەی دەیلەمــی لــەو ناوچانــە[٣]، بــە تایبــەت نیشــتەجێبونیان لــە شــارە گەورەکانــی وەك (دینــەوەر، حلــوان، قرمســین، هەمــەدان)[٤]، ئەمــەش ڕەنگدانــەوەی ئــەو بارودۆخــە بــوو کــە خەلافەتــی عەباســی تێــی کەتبــوو لــە لاوازیــی دامــودەزگا کارگێــڕی و ســەربازییەکانی ئــەو هەرێمانــەی

(١) شەڕەفخانی بەدلیسی: شەڕەفنامە، ل٢٠، ٢٤.

(٢) ابن الساعي: مختصر أخبار الخفاء، ص١٣٤؛ العمري: تعريف بالمصطلح الشريف، ص٣٧-٣٨.

(٣) نیشـتمان بـشير محمـد: الأحـوال السياسـية و الأجتماعيـة و لأقتصاديـة لغـربي اقليـم الجبـال خلال القـرنين الرابـع و الخامـس الهجريين/العـاشر و العـادي الـعشر المـيلاديين، رسـالة الماجسـتير،كلية الآداب-جامعـة صلاح الديـن، (اربيـل:١٩٩٤)، ص٨٩.

(٤) اليعقوبي: البلدان، ص٧٥، ٨٣.

سەر بە ناوەند بوون[١]، ئەمەش زەمینەی زیاتری بۆ کۆچی پێکهاتە و نەتەوە جیاوازەکان ڕەخساند کە لە ناوچە کوردییەکاندا نیشتەجێبن و دەست بەسەر ئەو ناوچانەدا بگرن. لەو ماوەیەدا ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی ببووە مەیدانی ململانێی سیاسی و شەڕ و پێکدادان لە نێوان هێز و پێکهاتەکانی ئەو ناوچەیە، کۆچی دەیلەمەکان و زیادبوونی ڕێژەیان لە ناوچەکە بەرئەنجامی سیاسیی گەورەی هەبوو لە سەرهەڵدان و دامەزراندنی میرنشینی (سالاری) لە ساڵی (٣٣٠ك/٩٤٥ز) لە ناوچەکانی ئازەربێجان و ئاران[٢]، ئەمەش هۆکارێکی یارمەتیدەر بوو بۆ بڵاوبوونەوەیان لە ناوچەکە، کە سەرەنجام کاریگەرییە خراپەکانیشی لەسەر کورد بەدەرکەوتن کاتێك بووە هۆی لاوازی و لەناوچوونی دەسەڵاتی میر دەیسەم کوڕی ئیبراهیمی کوردی، بەهۆی ئەوەی بەشێکی زۆر لە سەربازەکانی ئەو میرە لە پێکهاتەی دەیلەمی بوون، بۆیە بەئاسانی توانیان کۆنترۆڵی توانا سەربازییەکانی بکەن و کۆتایی بە دەسەڵاتەکەی بهێنن، ئەمەش دەربەدەری و ماڵوێرانیی خەڵکی ناوچەکەی بەدواداهات[٣]، جگە لەوەی (عضد الدولة) کوردەکانی دەوروبەری (اصفهان)ی بۆ هەرێمی فارس گواستۆتەوە و لەوێ نیشتەجێی کردوون[٤]، توێژەرێك ئاماژە بەوە دەکات

(١) نيشتمان بشير محمد: الأحوال السياسية و الأجتماعية و لأقتصادية الغربي اقليم الجبال، ص٣٩.

(٢) ابن حوقل: صورة الأرض، ص٢٨٧؛ حسام الدين النقشبندي: أذربيجان إيران في العصر السلجوقي، ص٩٢-٩٣.

(٣) ابن حوقل: صورة الأرض، ص٣٠٣؛ مسكوية: تجارب الأمم، ج٥، ص٢٥٠؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٨، ص٤٩٩.

(٤) شيما بكر عبدالله: بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە هەرێمی فارس، ل١٠٢

كــه‌ ســـه‌رده‌می ده‌ســـه‌ڵاتی بوه‌یهـــی ده‌رفه‌تێكـــی له‌بـــار بـــووه‌ بـــۆ كۆچـــی توركمانـــه‌كان بـــۆ چه‌نـــد ناوچه‌یه‌كـــی وه‌ك هه‌ولێر(اربـــل) و ده‌وروبـــه‌ری (كه‌ركـــوك)[1]، ته‌نانـــه‌ت ڕێـــژه‌ی توركـــه‌كان لـــه‌ ســـه‌رده‌می بوه‌یهییـــه‌كان لـــه‌ ناوچه‌كانـــی هه‌مـــه‌دان ئه‌وه‌نـــده‌ زۆر ده‌بێـــت ته‌نـــگ بـــه‌ كورده‌كانـــی ئـــه‌و شـــاره‌ هه‌ڵده‌چنـــن و لـــه‌ قـــه‌ڵای (برجیـــن) گه‌ماڕۆیـــان ده‌ده‌ن، دواتریـــش ده‌ستیبه‌ســـه‌ردا ده‌گـــرن[2]، به‌مـــه‌ش بۆمـــان ڕوونده‌بێتـــه‌وه‌ كـــه‌ به‌رئه‌نجامـــی ململانێـــی نێـــوان پێكهاتـــه‌كان له‌ســـه‌ر ده‌ســـتگرتن به‌ســـه‌ر ناوچـــه‌ كوردییـــه‌كان، كـــوردی دوچـــاری ئاواره‌یـــی و ده‌ربـــه‌ده‌ری كـــردووه‌، بـــه‌ گشـــتیش لـــه‌ مێـــژوودا كاتێـــك لـــه‌ شـــوێنێك نائارامـــی و ده‌ســـتدرێژی بـــۆ ســـه‌ر یـــه‌كتر هه‌بـــوو، خه‌ڵكه‌كـــه‌ی هه‌وڵـــی په‌ناگه‌یـــه‌ك ده‌ده‌ن، كاتێكیـــش هیـــچ پارێـــزه‌ر و پشـــتوپه‌نایه‌ك نابینـــن، به‌ناچـــاری بـــۆ دووربـــوون لـــه‌ هێرشـــی دوژمـــن شـــاخه‌به‌رزه‌كان ده‌كه‌نـــه‌ په‌ناگـــه‌[3]، ئه‌گه‌رلـــه‌ هـــه‌ر وڵات و ناوچه‌یـــه‌ك داگیـــركاری زۆری تێـــدا ڕووبـــدات، ئـــه‌وا ئاوه‌دانـــی و ئارامـــی تێكده‌چێـــت، چونكـــه‌ قۆناغـــی یه‌كه‌مـــی داگیـــركاری بریتییـــه‌ لـــه‌ تاڵانـــكاری و هیـــچ یاســـا جێبه‌جێكردنـــه‌ك لـــه‌ گۆڕێـــدا نییـــه‌[4]، بـــه‌و هۆیـــه‌ش وازهێنـــان لـــه‌ پیشـــه‌كان، بـــازاڕ و شـــار چـــۆڵ و وێـــران ده‌بـــن، خه‌ڵكـــی بـــۆ ناوچـــه‌ دووره‌كان كـــۆچ ده‌كـــه‌ن[5]، دیـــاره‌ سیاســـه‌تی هه‌ندێـــك لـــه‌ میـــر و میرنشـــینه‌كانیش ڕۆڵـــی گێـــڕاوه‌ لـــه‌ نیشـــته‌جێبوونی ئـــه‌و ڕه‌گـــه‌ز

---

(١) عبد اللطيف بندر اوغلو: التركمان في العراق الثورة(تاريخهم،لغتهم،ادابهم،تراثهم)، ص١٣.

(٢) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩، ص٣٢١.

(٣) ئیبن خلدون: موقه‌دیمه‌، ب٢، ل١٨٢.

(٤) ئیبن خلدون: موقه‌دیمه‌، ب١، ل٤١٢.

(٥) ئیبن خلدون: موقه‌دیمه‌، ب١، ل٦٨٧.

و پێکهاتانـــە لـــە ناوچـــە کوردییـــەکان، پشتبەســـتنی میرنشـــینەکانی حەســـنەوەیهی و عەننـــازی بـــە ڕەگـــەزی دەیلەمـــی و بەکارهێنانیـــان وەك بەکرێگرتـــە لـــە پێکهاتەکانـــی ســـوپایەکەیان هۆکارێکـــی ســـەرەکی بـــوو لـــە زیادبوونیـــان و دواتریـــش نیشـــتەجێبوونیان لـــە شـــارەکانی ژێـــر دەســـەڵاتی ئـــەو میرنشـــینانە[1].

هۆکارگەلێکـــی زۆر لـــە پشـــت بـــزاوت و کۆچـــی پێکهاتەکانـــەوەن کـــە لـــە شـــوێنی ڕەســـەنی خۆیـــان کـــۆچ دەکـــەن، لەوانـــە سروشـــتی نائاســـایی و ژینگـــەی کۆمەڵایەتـــی و ئاســـتی بژێـــوی و گـــوزەران و هـــۆکاری جوگرافـــی تەوژمـــی کۆچیـــان بەرهەمهێنـــاوە، لـــە کاتـــی کۆچکردنیشـــیان بـــۆ ئـــەو شـــوێنەی بـــۆ دەچـــن کەوتوونەتـــە جەنـــگ و ململانـــێ بـــۆ دەســـتگرتن بەســـەریدا، بۆیـــە تورکـــەکان کاریگـــەری و شـــوێنەواری گەورەیـــان بەســـەر ناوچـــە کوردییـــەکان جێهێشـــتووە، (**ابـــن الاثیـــر**) یەکـــەم شـــەپۆلی کۆچـــی غـــوزە ســـەلجوقیەکان دەگەڕێنێتـــەوە بـــۆ ســـاڵی(٤٢٠ك/١٠١٨ز)[2]، ســـەرەتای هەڵمەتەکەشـــیان بۆســـەر ناوچەکانـــی هەرێمـــی چیـــاکان و ئازەربێجـــان و خوراســـان دەســـتپێکرد کـــە قەلەمڕەویـــی دەســـەڵاتی میرنشـــینی ڕەوادی و شـــەدادی بـــوو[3]، لـــە ڕاســـتیدا ئـــەو هێزانـــە بوونـــە ســـەرچاوەی مەترســـی بـــۆ ســـەر ناوچـــە کوردنشـــینەکان، چونکـــە بەلێشـــاو تاڵانیـــان ئەنجامـــدەدا، دواتریـــش لـــەو ناوچانـــە دەگیرســـانەوە، ئەمـــەش کاریگـــەری لـــە ســـەر گۆڕینـــی دیمۆگرافیـــای ناوچەکـــە لـــە بەرژەوەندیـــی ئـــەو پێکهاتانـــە هەبـــووە.

(١) ابـن الجـوزى: المنتظـم، ج١٥، ص٣٠٦؛ حسـام الديـن النقشـبندي: أذربيجـان إيـران في الـعصر السـلجوقي، ص١١٧.

(٢) الكامل في التاريخ، ج٩، ص٣٧٨؛ ناصر خسرو: سفرنامه، ص٣٧.

(٣) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩، ص٣٧٩؛ ابن العبري: تاريخ مختصر الدول، ص١٥٧.

ئـەو شـاره کوردییانەشـی کەوتبوونـه ڕۆژهەڵاتـی ئیسلامـی و سـەر ڕێـگای شـاڵاوەکانی دیلەمـەکان و غـوزەکان لـه هاتنیـان بـەره و بەغـداد زیاتـر کەوتنـه بـەر شـاڵاوی کۆچـی ئـەم ڕەگەزانـه و شـوێنەواری خراپیـان لەسـەر بارودۆخـی ئابـووری و کۆمەڵایەتیـی کـورد بەجێهێشـت[١]، وەك میـر (وهسـوزانی رەوادی)کاتێـك پێشـوازی لـه غـوزەکان کـرد لەکاتـی گەیشـتنیان بـه هەرێمـی ئازەربێجـان و هاوسـەرگیری سیاسیشـی لەگـەڵ کچـی یەکێـك لـه میرەکانیـان کـرد، بەمەبەسـتی پاراسـتنی خەڵکـی ئـەو ناوچانـە، ئەمـەش بۆئـەوە دەگەڕێتـەوە کـه میـره کوردییەکـه گەیشـتە ئـەو بڕوایـەی کـه بەهـۆی بەهێـزی شـاڵاوەکانیان بـۆ سـەر ناوچەکانـی میرنشـینەکەی ناتوانێـت ڕووبەڕوویـان ببنـەوە، بـەڵام سـەرکەوتوو نەبـوو ناوچەکانـی داگیـر کـران[٢].

ململانێـی نێـوان سـەلجوقییەکان و بوەیهییـەکان و هێرشـی سـەلجوقییەکان بۆسـەر هەرێمـی چیـا لـه سـاڵی (٤٣٧ك/١٠٣٦ز) و داگیرکردنـی هەمـەدان و ناوچەکانـی میرنشـینی عەننـازی و شـارەکانی (دەینـەوەر، کرماشـان، حلـوان، شـارەزور)ی داگیـر کـردوو بـه وڵاتەکـه بڵاوبوونـەوە و ناوچەکانیـان وێـران کـرد و خەڵکەکەشـیان دەربـەدەر کـرد[٣]، تەنانـەت میرمهلهـل کـوڕی ابوشـوکی عەننـازی ناچـار دەبێـت لەگەڵ مـاڵ و خێـزان و سـامانەکەی ناوچەکانـی جێبهێڵێـت بەهـۆی هێرشـی بەردەوامـی غـوزەکان بۆسـەر ناوچەکانـی فەرمانـڕەوای، بـەره و بەغـداد

(١) محمد أمين زكي بك: خلاصة تاريخ الكرد وكردستان، ص١٤٩.

(٢) حسام الدين على غالب النقشبندي: أذربيجان إيران في العصر السلجوقي، ص١١٧، ١١٩.

(٣) البنـداري: تاريـخ دولـة ال سـلجوق، ص٩؛ سـبط ابـن الجـوزي: مـراة الزمـان في تواريـخ الأعيـان، ج١٨، ص٤٥٩.

کـۆچ بـکات لـەو شـارە نیشـتەجێ بـوو[١]، بەمـەش ناوچـە کوردییەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی میرنشـینی عەننـازی بوونـە مەیدانـی ململانێـی نێـوان ئـەو دوو هێـزە کـە دەرئەنجـام بـە شکسـتی سـوپای بەغـداد و تاڵانکردنـی ناوچـە کوردییـەکان کۆتاییهـات لەلایـەن هـەردوو سـوپایەکە، سـەرەڕای ئـەوەی بەشـێك لـە دانیشـتوانی ئـەو ناوچانـە ئـاوارەی شـاری بەغـداد و دەوروبـەری بـوون[٢]، لەهـەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکیـش هێـز و لایەنـە ناکۆکـەکان ڕقـی خۆیـان بـە دانیشـتوانی ناوچەکـە هەلرشـتووە، بۆیـە ئـەو شـەڕ و ململانێیانـە جگـە لـە ماڵوێرانـی و ئاوارەبوونـی دانیشـتوانی ناوچەکە هیـچ قازانجێکـی بـۆ کوردەکانـی ناوچەکـە نەبـوو سـەرەڕای سـوتان و لەناوچوونـی مـاڵ و کێڵگـە کشـتوکاڵییەکان، جگـە لـەوەی دەیـان هـوز و خێـڵ و تیـرەی پێکهاتـە جیـاوازەکان لـە ناوچـە کوردیـەکان نیشـتەجێبوون، نووسـەرێکیش ژمارەکەیـان بـە (٣٠ هـەزار) کـەس دەخەمڵێنێـت[٣]، هێرشـی غـوز و سـەلجوقییەکان بـۆ سـەر ناوچەکانـی ئازەربێجـان ئەوەنـدە وێرانکـەر بـووە گرانییەکـی مەترسـیدار ڕووی لـە ناوچەکانـی ئازەربێجـان کـردووە و برسـیەتی و قـات و قـڕی و نەخۆشـی ڕووی لـەو ناوچەیـە کـردووە و کـە بەشـێکی زۆری دانیشـتوان لەناوچـوون[٤].

لـە ململانێـی نێـوان پێکهاتەکانیـش کـورد زۆرتریـن زیانـی کۆمەڵایەتـی بەرکەوتـووە، بـە نموونـە لایەنگیـری خەڵکـی سـنجار بـۆ بەساسـیری لـە دژی (تغـرل بـك)ی سـەلجووقی وا دەکات خەڵکـی ئـەو شـارە ببێتـە

(١) ابـن الأثیر: الکامـل، ج٩، ص٥٤٦؛ محمـد جمیـل رۆژبەیانـی: مێـژووی حەسـەنوەیهی و عەبیـاری، ل٢٢٦.

(٢) ابن الأثیر: الکامل، ج٩، ص٥٤٦؛ ئاکۆبورهان محەمەد: میرنشینە کوردییەکان، ل١٨٣.

(٣) حسام الدین النقشبندي: أذربیجان إیران في العصر السلجوقي، ص١٢٢.

(٤) المقریزي: اتعاظ الحنفاء بأخبار الأئمة الفاطمیین الخلفاء، ج٢، ص٢٣٥.

قوربانیـــی ململانێـــی نێـــوان ئـــەو دوو پێکهاتەیـــە و ســـەرەنجام ژێرخانـــی شـــارەکە دووچـــاری وێرانـــی بـــوو، خەڵکەکەشـــی دەربەدەربـــوو، هـــەروەك (**ابـــن الـــعبري**) باســـی لێـــوە دەکات و دەڵێـــت: ((گەمـــارۆی ســـنجاری داو چـوار هـەزار کـەس لـە پیاوانـی کوشـت بـە جۆرێـك خوێنیـان لێدەڕۆیشـت و مزگەوتـــی گـــەورەی شـــارەکەی ســـوتاند و هـــەوای ناوچەکـــە لـــە بۆنـــی جەنـــازەکان بۆگەنـــی کردبـــوو))، ئەوەشـــی ڕزگاری بـــوو دەربـــەدەر بـــوو نەیتوانـــی بگەڕێتـــەوە ئـــەو شـــارە و کۆچـــی کـــرد، تـــا وای لێهـــات شـــارەکە چـــۆڵ بـــوو لـــە خەڵـــك[1]، شـــاڵاوە توندوتیژەکانـــی غـــوز و ســـەلجوقییەکان و بوونیـــان بـــە دەســـەڵاتداری یەکـــەم بەســـەر ناوەنـــدی خیلافەتـــی عەباســـی کاریگەرییەکـــی قـــوڵ و خراپـــی بەســـەر مێـــژووی کـــورد بەجێهێشـــت و بـــووە مایـــەی لاوازکـــردن و ڕوخانـــی میرنشـــینە کوردییـــەکان و ســـنوردارکردنی دەســـەڵاتی ســـەرۆك هـــۆز و قەڵادارانـــی کـــوردی بەدواداهـــات، ئەمـــەش ڕێخۆشـــکەر بـــوو بـــۆ بڵاوبونـــەوە و نیشـــتەجێبوونی ژمارەیەکـــی زۆر لـــە ئێـــل و بنەماڵـــەی تـــورك لـــە ناوچـــە جیاوازەکانـــی کوردســـتان[2]، سیاســـەتی خەلیفـــەی عەباســـی لـــە پەنابـــردن بـــۆ ڕەگـــەزی نـــوێ بـــە مەبەســـتی ڕزگاربـــوون لـــەو ڕەگـــەزەی کـــە دەســـتی بەســـەر ناوەنـــدی خیلافەتـــی عەباســـیدا گرتبـــوو دەسەڵاتەکانیشـــی ســـنووردارکردبوو، ڕێگـــە خۆشـــکەر بـــوو بـــۆ بڵاوبوونـــەوە و نیشـــتەجێبوونی ئـــەو ڕەگـــەزە لـــە ناوچەکـــە[3]، هەروەهـــا شـــەڕی مەلازگـــرد لـــە ســـاڵی(٤٦٣ک/١٠٧٠ز) دیمۆگرافیـــی

(١) تاريخ الزمان، ص١٠١.

(٢) الكامـل في التاريـخ، ج٩، ص٥٢٩-٥٣٠ ؛ زرار صديـق: كـورد و كوردسـتان لـە رۆژگاری خەڵافەتـی ئیسلامیـدا، ل٢٥٦.

(٣) الروذراوري: ذيل تجارب الأمم، ج٦، ص٨٠-٨١.

ناوچەکـەی گـۆڕی و سـیمایەکی تورکـی پێبەخشـی[١]، سـەلجووقییەکان بەرپرسـیارەتی ناوچـە کوردییەکانـی ئازەربێجـان و جەزیـرە و هەرێمـی ئارانیـان بەلایەنگـران و سـەرکردە سـەربازییەکان بەخشـی بۆئـەوەی بەڕێوەیببـەن، ئەمـەش زەمینـەی نیشـتەجێبوونی تورکەکانـی لـەو ناوچانـە ئاسـانتر کـرد[٢]، لـە ڕاسـتیدا یەکێـك لـە گرنگتریـن دەرئەنجامەکانـی شـەڕی مەلازگـرد زیادبوونـی بـزاوت و کـۆچ و زاڵبوونـی پێکهاتـەی تورکـی بـوو بـۆ ناوچەکانـی ئاسـیای بچـوك و کوردسـتان بـە جۆرێـك نەخشـەی سیاسـی و پێکهاتـەی دیموگرافیـی ناوچەکـەی گـۆڕی لـە بەرژەوەنـدی ئـەو پێکهاتەیـە و سـیمایەکی تورکـی پێبەخشـی بەدابەشـکردن و بەخشـینی ناوچـە کوردییـەکان بەسـەرکردە تورکـەکان[٣]، بەلاوازکردنـی دەسـەڵاتی سـەرۆك هـۆز و قەڵادارانـی کـورد و دەرئەنجـام بڵاوبوونـەوە و نیشـتەجێبوونی ژمارەیەکـی زۆر لـە ئێـل و تیـرە و بنەماڵـەی (تـورك یـان تـورکمان)ی لێکەوتـەوە لـە ناوچـە کوردنشـینەکان[٤].

زاڵبوونـی دەسـەڵاتی سـەلجوقییەکان بارودۆخێکـی نوێـی هێنایـە ئـاراوە بـە جۆرێـك کاریگەریـی دەسـەڵاتداریەتی سـەلجوقی زۆر زیاتربـوو لـە فەرمانڕەوایەتـی خیلافەتـی ئیسلامـی، چونکـە بـووە هـۆی لاواز کـردن و دواتـر ڕوخانـی میرنشـینە کوردییـەکان، بەمـەش جموجۆڵـی نەتـەوە جیاوازەکانـی زیاتـر کـرد و کـوردی دوچـاری کـۆچ و ماڵوێرانـی کـرد، بەشـێوەیەکی گشـتی لـە دەرئەنجامـە کۆمەڵایەتـی و ڕەگەزییەکانـی

---

(١) محمـد صالـح الزيبـاري: سلاجقـة الـروم في آسـيا الصغـرى، دار دجلـة، ط٢ (د.م: ٢٠٠٩)، ص٦٧.

(٢) ابـن الأثير: الكامـل، ج١٠، ص٢٨٨؛ النويـري: نهايـة الأرب، ج٢٦، ص١٩٦؛ قلقشـندي: صبـح الأعشى، ج٤، ص٣١٦.

(٣) نيكيتا ايليسيڤ: الشرق الإسلامي في الشرق الوسيط، ص٣٥٥.

(٤) محمد سهيل تقوش: تاريخ السلاجقة في خراسان و إيران و العراق، ص٨٦.

کۆچـی کـوردان و چۆلکردنـی گونـد و دێهاتیەکانیـان ڕەگـەزی دیکـەی نـا کـوردی وەکـو عـەرەب و تـورك و دەیلـم شـوێنیان پڕکردۆتـەوە، بەمـەش ژمـارەی ڕەگـەز و نەتـەوە بێگانـەکان لـە ناوچـە کوردنشـینەکان زیـادی کـردوە و هێرشـی غـوز و سـەلجوقییەکانیش زۆرتریـن دەرئەنجامـی پاکتـاوی ڕەگـەزی گۆڕانـکاری نەتەوەیـی و کۆمەلایەتـی لێیکەوتـەوە[١]، بێگومـان جیاوازیـی فەرهەنگـی تورکـەکان و نەگونجانیـان لەگـەڵ کـوردەکان و سـەپاندنی هەژموونیـان بەسـەر ناوچـە و شـارە کوردییـەکان بەشـێکی دانیشـتوانی ئـەو ناوچانـە ناچـاری کۆچکـردن دەکات، هـەر بۆیـەش بەشـێکی خەڵکـی شـاری خـەلات شـارەکەیان بەجێهێشـت و چەندیـن بنەماڵـە لـە شـاری قاهیـرە گیرسـاونەتەوە، بوونـی گەڕەکێکیـش لـەم بارەیـەوە بـە نـاوی، (حـی خلاطیـن) بەڵگەیەکـی دیـارە لەسـەر ئـاوارە و دەربەدەربوونـی دانیشـتووانی شـاری خـەلات[٢]، سیاسـەتی سـەلجووقییەکان ئـەو بارودۆخـەی بەسـەر هەرێمەکانـی بەشـێک لـە هـۆزی بەناوبانگـی (جورقـان) «گـۆران»دا هاتبـوو، ناچـاری کـردن زێـدی ڕەسـەنی خۆیـان (بەرزاییەکانـی هەرێمـی چیایـەکان) جێبهێڵـن و بـەرەو ناوچـەی جامعیـن، کـە دەکەوێتـە نێـوان حیلـە و بەغـدا، بەشێکیشـیان کۆچیـان کـرد بـۆ ڕۆژاوای ڕووبـاری دیجلـە[٣]، ئـەو ڕەوشـەی، کـە بەسـەر بەشـێکی خێڵەکانـی تریـش داهاتـووە، میـر (ابـو الفتـح ورام) دوای ئـەوەی ناوچەکانـی بـەر شـاڵاوو تاڵانـی سـەلجوقیەکان دەکەوێـت،

---

(١) مەهـدی عـوسمان هەروتـی: کـورد و دیـاردەی کـۆچ کـردن لەسـەدەکانی ناوەراسـتدا، ژ٣/٢ ، ل١٣٧.

(٢) ئەولیا چەلەبی: کورد لە مێژوی دراوسێکانیدا سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی، ل١٦٠.

(٣) یاقـوت الحمـوي: معجـم البلـدان، مـج٢، ص١٨٢؛ العمـري: مسـالك الابصـار في ممالـك الامصـار، ج٣، ص١٩٨.

بـە خـۆی و بنەماڵەکەیـەوە ناوچەکانـی جێدەهێڵێـت بـەرەو بـەری خۆرئـاوای ڕووبـاری دیجلـە کـۆچ دەکات[١]، بۆیـە ئـەو ڕەوشـەی بەسـەر هەرێمـە کوردنشـینەکان هـات، بـووە هـۆی کۆچکردنـی خەڵکـی ئـەو ناوچانـە، بەمـەش هیـوای بەدەسـتهێنانی دەسـەڵاتی خۆجێیـی لـە هەرێمـە کوردنشـینەکان هیوابـڕاو بـوو[٢]، دیمۆگرافیایـی ناوچەکـەی بـە تـەواوی لـە بەرژەوەندیـی تورکـەکان گـۆڕی.

سـەلجووقییەکان لـە ململانێـی ناوخۆیانـدا دەسـتیان لـە کـورد نەپاراسـتووە، لـە شـەڕی نێـوان (تتـش کـوڕی الـب ارسلان) و بـرای (رکـن الدیـن برکیـارق) تتـش لـە (٤٨٥ک/ ١٠٩٣ز) لـە هێرشـەکەی بـۆ سـەر شـارەکانی جەزیـرە ژمارەیەکـی زۆری لـە خەڵکـی کوشـت، شارەکانیشـیان تاڵانکـرد[٣]، (**ابـن الأثیر**) باسـی ئـەو بارودۆخەمـان بـۆ دەکات کـە لەمیانـەی ململانێـی و شـەڕە ناوخۆییەکانـی سـەلجووقییەکاندا بەسـەر هەرێمـە کوردنشـینەکان و ناوچەکانـی تـردا داهاتـووە ئامـاژەی بـەوە کـردووە، کـە شـار و گونـدکان وێرانبـوون، زەوی و کێڵگـەکان سـووتان و خوێنێکـی زۆر ڕژاوە، خەڵـک بـێ جێگـە، مـاڵ و حـاڵ، ئـاوارە و دەربەدەربـوون[٤]، یـان ناکۆکیـی نێـوان (محمـد کـوڕی مەلیـک شـا) و (برکیـارق کـوڕی مەلیـک شـا) لـە سـاڵی(٤٩٤ک/١١٠٠ز) لەشـکری محەممـەد کـوڕی مەلیـک شـا پەلامـاری هەمەدانیـدا و دەسـتی بەتاڵانکـردن کـرد[٥]، کـردە سـەربازییەکان لـە هەرێمـە کوردنشـینەکان ئارامـی و ئاسایشـی هاووڵاتییانـی خسـتە مەترسـی

(١) محمد جمیل رۆژبەیانی: مێژووی حەسەنوەیهی و عەییاری، ل٢٢٣.
(٢) مؤلـف مجهـول: تاریـخ دولـة الأکـراد و الأتـراک تاریـخ دولـة الأکـراد، ت: موسـی مصطفـی الهسـنیاني، مطبعـة جامعـة دهـوک، (دهـوک:٢٠١٠م)، ص٢٠٥، ٢١٠-٢١١، ٢٣٨.
(٣) ابن الاثیر: الکامل في التاریخ، ج١٠، ص٢٢١؛ ابن واصل، مفرج الکروب، ج١، ص٢٥.
(٤) الکامل في التاریخ، ج١٠، ص٢٢١.
(٥) ابن الاثیر: الکامل في التاریخ، ج١٠،ص٣٠٤-٣٠٥.

و دانیشتوانی هه‌رێمه‌ كوردنشینه‌كانی تووشی دڵه‌ڕاوكێ كردبوو، تا گه‌یشته‌ ئه‌وه‌ی هه‌ندێک له‌ كورده‌كان شوێنی نیشته‌جێبوونی خۆیان بگۆڕن[1]، ئه‌مه‌ش زیاتر ده‌رفه‌تی ڕه‌خساند بۆ بڵاوبوونه‌وه‌ی پێكهاته‌ جیاوازه‌كان له‌ ناوچه‌ كوردنشینه‌كان، بۆ نموونه‌ توركمانی بابه‌كری[2]، به‌ مه‌ڕوماڵاته‌وه‌ ڕوویان كرده‌ هه‌ولێر (اربل) بۆ ماوه‌ی سێ ساڵ (٥١٧-٥٢٠ك/ ١١٢٣-١١٢٦ز) فه‌رمانڕه‌وای هه‌ولێریان ده‌كرد، له‌و ماوه‌یه‌ به‌ ویست و ئاره‌زووی خۆیان فه‌رمانڕه‌واییان له‌ خه‌ڵكی هه‌ولێر و ده‌وروبه‌ریان ده‌كرد[3]، لێره‌دا ئه‌گه‌ر میرێكی به‌هێز هه‌بایه‌ له‌ ڕووی سیاسی و سه‌ربازی ئه‌وا نه‌یانده‌توانی به‌و شێوه‌یه‌ خه‌ڵكی بچه‌وسێننه‌وه‌، بۆیه‌ ئه‌مه‌ش زه‌مینه‌ی بڵاوبوونه‌وه‌ و نیشته‌جێبوونی پێكهاته‌كانی ئاسانتر كردووه‌، وه‌ك ئه‌وه‌ی به‌ یاوه‌ری توغرولی سێیه‌م له‌ ساڵی (٥٨٥ك/ ١١٨٩ز) په‌نجا هه‌زار توركمان ڕوویان كرده‌ (شنۆ، ئورمێ، خوی و سه‌لماس) و كه‌وتنه‌ تاڵانكردن و وێرانكاری له‌ ناوچه‌كه‌[4]، دامه‌زراندنی میرنشینی قه‌فجاقی توركمانیش له‌ ناوچه‌كانی شاره‌زوور به‌ڵگه‌یه‌ له‌سه‌ر زۆربوونی ڕێژه‌یان له‌ ناوچه‌كه‌[5]، به‌مه‌ش ڕێژه‌ی توركمانی له‌ هه‌رێمه‌ كوردنشینه‌كان زیادی كرد، نه‌بوونی كورد له‌ مه‌یدانی ململانێ و كێبڕكێی ده‌سه‌ڵاتخوازیی و نه‌مانی ناونده‌ كوردییه‌كان، زه‌مینه‌سازی كرد بۆ چه‌ند میرنشینێكی نوێی توركمانی له‌ شاره‌كانی

(١) عبدالرقيب يوسف: الدولة الدوستكية، ج٢، ص٣٢٦.
(٢) توركمانه‌كانی بابه‌كری: ئه‌مانه‌ سه‌ربازانی سه‌ركرده‌یه‌كی تورك بوون به‌ ناوی؛ «ئه‌بابكر كوڕی مكائیل». ابن ابي الهيجاء: تاريخ ابن ابي الهيجاء، ص١٨١.
(٣) ابن المستوفي: تاريخ إربل، ت: سامی بن سيد خماس الصقار، دار الرشيد، (العراق:١٩٨٠م)، ق١، ص٢٧٣؛ ابن ابي الهيجاء: تاريخ ابن ابي الهيجاء، ص١٨٠-١٨١.
(٤) الحسيني: زبدة التواريخ، ص٢٩٦.
(٥) رسول ابراهيم رسول: پێكهاته‌كانی كوردستان له‌ سه‌رده‌می عه‌باسیدا، ل٧٨.

وەک ئامەد، میافارقین، ماردین لە ئەنجامی باڵادەستیی تورکەکان بەسەر ناوچەکە [١]. تا وایلێهات لە سەدەی (شەشەمی کۆچی/ دوانزەی زایینی) زۆربەی قەڵا و شارە گرنگەکانی هەرێمە کوردنشینەکان کۆنترۆڵکران، چەندین دەستەڵاتی بنەماڵەییان تێدا دامەزراند، و دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان تەواو سیمایەکی تورکی وەرگرت بۆ نموونە: دامەزراندنی ئەتابەگییەی زەنگی لە مووسڵ (٥٢١-٦٣٠ک/ ١١٢٧-١٢٣٢ز)، کە لە ماوەی فەرمانڕەوایەتیان نەیانهێشت لە سنووری دەسەڵاتیان کەسی تر موڵکی هەبێت و دەسەڵاتداربێت یان هاوبەشیان بێت[٢]، وەکو لێکەوتەش بەسەر بارودۆخی ژیان کاریگەرییان داناوە، ئەو هێزانەش لە ڕووی گۆڕانی دیمۆگرافیش کاریگەرییان هەبووە، بە جۆرێك، کە بەشێکی زۆری شار و هەرێمەکان ڕەگەزی نوێ تێدا نیشتەجێبوون، بە تایبەتی خێڵ و تیرەی تورکمان[٣]. ئەوەش کاریگەریی مێژوویی بەسەر جوگرافیای دانیشتوانی ناوچە کوردنیشینەکان داناوە، وەکو لێکەوتەیەك لەدوای ئەو قۆناغە دەبینرێ[٤].

لەسەردەمی خەلیفە (الناصر لدين الله) لە ساڵی (٥٨١ك/١١٨٥ز) پەیوەندیی نێوان تورکەکان و کوردەکان ئاڵۆزی تێدەکەوێت، کە زۆربەی ناوچە و هەرێمە کوردییەکانی گرتەوە و ماوەی دوو ساڵی خایاند (**ابن الأثير**) باس لە ناکۆکیی نێوان تورکەکان و کوردەکان دەکات لە ناوچەی موسڵ و جەزیرە لە سەر ئاهەنگێکی بووك گواستنەوەی

---

(١) محمد صالح الزيباری: سلاجقة الروم في آسيا الصغرى، ص٦٨.
(٢) ابن واصل: مفرج الكروب فى اخبار بنى ايوب، ج١، ص٢٨-٢٩؛ قادر محەممەد: کوردستان لە نیوەی یەکەمی سەدەی شەشەمی کۆچی/ دوازدەمی زایینی، ل١١٨.
(٣) ابن العمراني: الإنباء في تاريخ الخلفاء، ص١٨٨-١٨٩.
(٤) احمد كسروى: شهریارانی گمنام، ل٢٢٩-٢٣٠.

تورکمانـی، ئاگـری دوبەرەکـی لـە ناوچەکـە گەشـەی سـەند و کوشـتارێکی زۆری لێکەوتـەوە[١]، جگـە لـە ناوچوونـی دەیـان گونـد و ئاوایـی کوردەکانـی نێـوان دوو ڕووبـار و ئەوانەشـی مابـوون ئـاوارەی ناوچـە سـنوورییەکانی ئەرمەنـەکان بـوون [٢].

بەرئەنجامـە کۆمەڵایەتییەکانـی ململانێـی نێـوان پێکهاتـەکان کاریگەریـی گـەورەی هەبـووە، لـە سـەر جوگرافیـای ناوچـە کوردنیشـینەکان، گۆڕانکاریـی سنوورەکانیشـی بـەدوای خۆیـدا هێنـاوە، بـەردەوام بـە هاتنـی هێـزەکان کاریگەرییـان لـە دیمۆگرافیـای خاکـی کـورد کـردووە[٣]، بەمـەش بۆمـان ڕووندەبێتـەوە کـە کـۆچ کاریگـەری لەسـەر قەبـارەی دانیشـتوان و گۆڕانـی پێکهاتـەی نەتەوەیـی پێکهاتەکانیـش هەیـە، هەروەهـا لەگـەڵ ئەمانـەش بارودۆخێکـی کۆمەڵایەتـی ئاڵـۆز و نوێیـان هێناوەتـە ئـاراوە، کـە کاریگـەری لەسـەر کـورد بەجێهێشـتووە، مانـەوەی پـاشماوەی بەشێکیشـیان لـە هەنـدێ لـە شـار و شـارۆچکەکانی کوردسـتان تـا ئێسـتا بەشـێکی مێژووەکـەی بـۆ ئـەو قۆناغـەی مـاوەی توێژینەوەکەمـان دەگەڕێتـەوە.

---

(١) ابـن الاثيـر: الكامـل في التاريـخ، ج١١،ص٥٢٠؛ محمـد أمين زكي بـك :خلاصـة تاريـخ الكـرد وكردسـتان، ص١٥٧.

(٢) مـار ميخائيـل الكبيـر: تاريـخ مـار ميخائيـل الكبيـر، ت: مـار غريغوريـوس صليبـا، دار ماردیـن، (حلـب:١٩٩٦)، ج٣، ص٣٦٧.

(٣) ابن ابي الهيجاء: تاريخ ابن ابي الهيجاء، ص١٨١.

## باسی دووەم:

### لێکەوتە کلتووری و فەرهەنگیەکان (زانست و زمان)

کلتـوور و فەرهەنـگ وەك دیاردەیەکـی کۆمەڵایەتـی و مێژوویـی، کاریگەریـی گەورەیـان بەسـەر کۆمەڵگـەوە هەیـە، هـەر پێکهاتـە و کۆمەڵەییەکیـش کلتـوور و بنیاتێکـی کۆمەڵایەتـی تایبـەت بەخـۆی هەیـە، هـەر قۆناغێکـی مێژووییـش تایبەتمەندیـی قۆناغـە مێژووییەکـەی خـۆی پێـوە دیـارە، کاتێکیـش کـە ململانێـی نێـوان پێکهاتـەکان لـە ناوچەیـەك ڕوو دەدەن، کلتـوور و فەرهەنـگ دەکەونـە ژێـر کاریگەریـی یەکلابوونـەوەی ململانێیـەکان و کاریگەرییـە کلتـووری و فەرهەنگیـەکان بەسـەر ئـەو ناوچەیـەوە دیاریدەکـەن، هەمیشـە وا بـووە ئـەو ناوچانـەی کـە کاریگەریـی کلتـوور و فەرهەنـگ زیاتـر کاریگەریـی خـۆی بەجێدەهێڵێـت، ئـەو ناوچانـەن کـە ناوەنـدی بڕیـاری خۆیـان لەدەسـتدەدەن و دەکەونـە ژێـر بڕیـار و ناوەنـدی هێـز و پێکهاتـەی تـازەوە، واتـا کلتـوری زاڵ کلتـوری هێـزی زاڵـە و کلتـووری میللەتـی شکسـتخواردوو بـە ناچـاری دەکەوێتـە ژێـر کاریگەریـی کلتـوور و فەرهەنگـی نـوێ، ئـەوەش کاریگەرییەکانـی خـۆی لـە ماوەیەکـی دواتـر بەسـەر ئـاداب و کۆمەڵـگا و نووسـین و زانسـت و کلتـوری ئـەو کۆمەڵگایـە بەدیاردەخـات.

کۆمەڵـگای کـوردی بـە گشـتی بەهـۆی سروشـتی ناوچـە شـاخاوییەکانی و نەبوونـی کـە ناراویەکـی ئـاوی کـە دەروازەیەکـی کرانەوەیـە بـەڕووی نەتـەوە و شارسـتانییەتەکان، هۆکاربـووە بۆئـەوەی کـوردەکان نەتوانـن وەك پێویسـت پەیوەنـدی بـە نەتـەوە و شارسـتانییەتەکانی تـرەوە بکـەن، ئەمـەش کاریگەریـی کردۆتـە سـەر کۆمەڵـگای کـوردی و

وایکــردووە کۆمەڵگایەکــی دابــڕاو و داخراوبێــت[١]، لێکەوتــە کلتــوری و فەرهەنگییەکانیــش ڕەنگڕێــژی ژیانــی کۆمەڵایەتیــی خەڵــك دەکــەن، کــە بەرئەنجامــی ململانێــی نێــوان پێکهاتــەکان و پڕۆســەی لەشکرکێشــیەکان، کەوتوونەتــە ژێــر کاریگەریــی فەرهەنگــی ڕەگــەز و پێکهاتەکانــی تــر لــە چوارچێــوەی هــۆکارە کۆمەڵایەتییەکانــدا. کاتێــك دوو پێکهاتــە بەرانبــەر یــەك دەجەنگــن، جەنگەکــە جەنگــی دوو کلتــوورە، کــە لــەو جەنگــەدا لایەنــی زاڵبــوو دەیەوێــت لــە هەمــوو لایــەك خــۆ بــە زاڵتر نیشــان بــدات[٢]، بۆیــە بەکەمزانیــن وەکــو مرۆڤانێکــی نامــۆ کەرەســتەیەکی بــاڵای شــکاندنی کلتــووری بــووە، لــە مێــژوودا، دروســتکردنی وێنــەی مرۆڤێکــی ســاویلەکە و ســادە بەکەمزانیــن لــە شــکۆی مرۆڤــی کــورد ڕەنگیداوەتــەوە[٣]، بــە هاتنــی نــاوی کــورد نــاوی کاری خــراپ، بزێــو، نابەجــێ و ڕێگــری و تاڵانــکاری بێــت[٤]، کەچــی ئــەو تاڵانکارییــەی لــە ناوەنــد بــە یاســا بەرانبــەر سامانی خەڵکــی هــەژار و دامــاوەوە بــە زۆرداری لــە ڕێگــەی بــاج کۆدەکرایــەوە، بێوێنــە بــووە، کــە بــە یاســا دەکــرا[٥]، ئــەم بارودۆخــە پەیوەســت نەبــوو بــە قۆناغێکــی مێژوویــی، بەڵکــو وێنەکەیــان بــە گشــتی بەســەردا ســەپاندبوو.

خــۆ جیاوازکردنــی نەتــەوە زاڵــەکان لــە هێزەکانــی دیکــە ڕەهەندێکــی کلتــووری و مێژووییــە ئەوانــە تەنانــەت هــۆی گەیــشتن بــە ناوەندیــش

---

(١) علــی أکبر کردســتاني: الحديقــة الناصريــة في تاريــخ و جغرافيــا كردســتان، ت: جــان دوســت، دار ئــاراس للطباعــة، (اربيــل:٢٠٠٢)، ص٢٩.

(٢) ئیبن خلدون: موقەدیمە، ب٢، ل١٠١.

(٣) الأبشيهي: المستطرف في كل فن مستظرف، عالم الكتب، (بيروت: ١٤١٩هـ )، ص٤٤.

(٤) محمــد بــن منــكلي: الأدلــة الرســمية في التعــابي الحربيــة، مطبعــة المجمــع العلمــي العراقــي، (بغــداد: ١٩٨٨)، ص١٩٣-١٩٤.

(٥) صابي: رسوم دار الخلافه، ص٢٢-٢٧.

لــەو جیاوازییــەوە ســەرچاوە دەگرێــت[١]، بۆیــە شــکاندنی ڕەچەلەکــی مرۆڤــەکان بــە ڕابــردووی نزمــی باوانیــان، پیشــەی نەتــەوە زاڵەکانــە، کــە لــە ڕێگــەی فەرهەنــگ و کلتــوور ئەنجامــی دەدەن[٢]، ئەمــەش بــە جۆرێــك بــووە کــە بەشــێك لــە کــوردەکان ڕەچەڵەکــی خۆیــان گەڕاندۆتــەوە ســەر ڕەگەزەکانــی تــر[٣]، هــەروەك (**الاصطخــري**) دەربــارەی کوردەکانــی کرمــان دەڵێــت: (ویزعمــون أنهــم مــن العــرب)[٤].

ئەمــەش لــە کاتێکدایــە بــۆ خوێندنــەوەی مێــژووی کوردیــش دەبێــت لــە پەراوێــزی مێــژووی پێکهاتــە زاڵــەکان بگەڕێــن تــا زانیــاریمان دەســتبکەوێت، کــە ئەوانیــش بــە ویســتی و ئارەزووەکانیــان نووســینەکانیان نوســیوە[٥]، ئــەوەش لــە فەرهەنــگ و نووســینی ئــەو پێکهاتانــە بەدیاردەکەوێــت کــە توانیویانــە لــە ململانێیــان دەســت بەســەر ناوەنــدی خەلافەتــی عەباســیدا بگــرن و فەرهەنــگ و کلتــور وەك چەکێــك بەکاربهێنــن بــە مەبەســتی بچووککردنــەوەی ئەوانــیتر، کــە دەســتەمۆی ناوەنــد نەبــوون، بەڵکــو تێبینــی دەکرێــت زۆربــەی مێــژووی کــورد لــەو ماوەیــە لەلایــەن مێژوونووســانی ســەر بــە نەتەوەکانــی تــر نوسراوەتــەوە، گاڵتەکردنیــش بــە ڕەگــەزە شکســتخواردووەکان لەلایــەن نەتــەوە زاڵــەکان بــاوە[٦].

هێــرش و ململانێــی هێــزە بیانییــەکان بــۆ ســەر ناوچــە کوردنشــینەکان کاریگەریــی گــەورەی هەبــووە لەســەر بــواری زانســتی کــە خــۆی لــە کۆچکــردن و مردنــی ناودارانــی کــورد و لــە ناوچوونــی بەرهەمەکانیــان

---

(١) ئیبن خلدون: موقەدیمە، ب١، ل١٧٠، ٣٦٢.
(٢) مەکیاڤیللی: میر، ل١٤٩.
(٣) فائزة محمد عزت: الحیات الأجتماعیة للکورد، ص٢١٧.
(٤) المسالك والممالك، ص١٦٤.
(٥) محەممەد فەریق حەسەن: مێنتەلێتیی خێڵ، دەزگای چاپی ئاراس، (هەولێر: ٢٠٠٨)، ل٥٧.
(٦) ئیبن خلدون: موقەدیمە، ب١، ل٤٠٢.

دەبینیــەوە، وەك دادوەر (ابــو الفضــل محمــد کــوڕی مرتضــا شــهرزوري) نــاسراو بــە (کمال الدیــن شــهرزوري)(٤٩١-٥٧٢ك/ ١٠٩٨-١١٧٦ز) دەبێتــە قوربانــی نێــو بنەماڵــەی زەنگــی و دوای ماوەیــەك بەندکردنــی لــە موســڵ ناچــار بــەرەو شــاری دیمەشــق کــۆچ دەکات و ناگەڕێتــەوە[1]، ئەمــە لــە کاتێکدایــە کــە تــا ســەدەی (٤ك/١٠ز) زانیارییەکــی ئەوتــۆ لەســەر قوتابخانــەکان و شــێوازی خوێنــدن بــە شــێوەیەکی دامــەزراوە نەبــوو بەڵکــو مزگەوتــەکان ڕۆڵــی فێــرکاری و شــوێنی پــەروەردەی ئاینــی بوونــە، کوردیــش لەژێــر کاریگەریــی ئاینــدا بایەخــی بــە پــەروەردە و فێرکــردن داوە، دەســەڵاتیش لــە ڕێگــەی ئایــن پیــرۆز دەکــرا، گوێڕایەڵیــش ئەرکــە و لــێ دەرچوونیــش یاخیبــوون و لاســاری بــوو[2]، کەواتــە ئایــن کلتــوورە و بەشــێکە لــە سســتەمی کۆمەڵایەتــی و وەك ئامرازێکیــش بــۆ کۆنترۆڵکردنــی کۆمەڵایەتــی بەکاردێــت[3]، ئایــن هۆیەکــی گرنــگ بــووە تــا هێــزەکان وەکــو پاســاوێك لــە بەرژوەنــدی بەهێزکردنــی خۆیــان و بەپەراوێزکردنــی هێزەکانــی تــر بەکاریبهێنــن و بــە هــۆی ئاینــەوە ڕەوایەتــی هــەر کردارێــك بەدەســت بخــەن.

ســەرەرایی کردنــەوەی چەندیــن قوتابخانــە لەســەردەمی (بهــاء الدولــة)، بــەڵام بــە ئامانجــی مەزهەبــی بــۆ بڵاوکردنــەوەی مەزهەبــی دوانــزە ئیمامــی و زانــا و پێشــەوای بەناوبانگــی شــیعەکان دەرســیان تێــدا دەدایــەوە[4]، بۆیــە ململانێــی مەزهەبــی بــە درێژایــی ســەردەمی بوەیهــی

---

(١) ئومێـد بەهرامـی نیـا: مێـژووی کوردەکانـی جەزیـرە، و: عەبدولڕەحیـم مەعرفتـی، بڵاوکردنــەوەی پــڕۆژەی تیشــک، (ب.ش.چ: ٢٠٠٩)، ل٢٣١-٢٣٢.

(٢) ئیبن خلدون: موقەدیمە، ب١، ل٤٢٤.

(٣) رەشــاد میــران: چەنــد بابەتێکــی ئیتنۆ-کۆمەڵایەتــی، چاپخانــەی خانــی، (دهــۆك:٢٠١٠)، ل٥٧.

(٤) الماوردي: قوانین الوزارة وسیاسة الملك، ص٤١.

بـەردەوام بـوو، دەسـەڵاتی ئاینـی و دونیایـی كـە خەلیفـەی عەباسـی سـونە مەزهــەب پێشــەوایەتی دەكــرد لەگــەڵ دەســەڵاتی جێبەجێكــردن كــە شــیعە مەزهــەب بەڕێوەیدەبــرد وای كردبــوو ناكۆكییەكــی مەزهەبیــی بــەردەوام لەنێوانیــان هەبێــت لەپێنــاو سەرخســتنی هەریەكێكیــان بــۆ مەزهەبەكــەی خــۆی، جگــە لــەوەی لــە ململانێــی نێــوان بوەیهییــەكان و سامانییەكان، سـامانییەكان كاریـان بـۆ زیندووكردنـەوەی كلتـووری نەتەوەی فارسـی و ژیاندنـەوەی ڕۆشـنبیری و ئەدەبـی فارسـی دەكـرد، ناوچەكانـی خوراسـانیش بەشـێك بـوون لـە سـنووری قەڵەمڕەوییـان، بۆیـە چەندیـن زانـا و شـاعیری بەناوبانگـی فارسـی لـەو ماوەیـە دەركەوتـن وەك (خەیـام و ابــن سـینا)[1]، ئەمــەش بەڵگەیــە لەســەر گەشــانەوە و ســەپاندنی هەژموونــی فارســی لــەو ناوچەیــە.

ســەردەمی ســەلجوقییەكان لــەڕووی ڕۆشــنبیرییەوە وەرچەرخانێكــی بەرچــاوی بەخۆیــەوە بینــی، ســوڵتانە ســەلجوقییەكان ڕۆڵێكــی كاریگەریــان هەبــوو لــە خــۆ نزیككردنەوەیــان لــە نوســەران و شــاعیران و زانایـان بـە ڕێزلێنـان لێیـان بـۆ ئـەوەی بـۆ لای خۆیـان كێشـیان بكـەن، ئەمــەش هۆكاربــوو بۆئــەوەی لــە ســەردەمی ئــەوان مێژوونووســان و شــاعیران زیاتــر بــەدەر بكــەون و بەشــێكیان بەرهەمەكانیــان پێشــكەش بــە ســوڵتانە ســەلجوقییەكان بكــەن یاخــود بەشــێك لــەو مێــژوو نــوس و شــاعیرانە پەیوەســت بــن بەدەســەڵاتی سیاســی ئــەوكات و ســایەی ئــەوان و لــە بەرژەوەندیــی ئــەوان ڕووداوە سیاســی و مێژووییــەكان بنوسـنەوە لــە بەرامبــەردا ڕۆڵــی پێكهاتەیەكــی وەك كــورد فەرامــۆش بكــەن لــە گێڕانــەوەی ڕووداوە مێژوویــەكان، كوردیــش لــەو ماوەیــەدا

---

(١) حسن أحمد محمود - أحمد ابراهيم شريف، العالم الأسلامي في العصر العباسي، ص٤٧٠.

بەهـۆی سـەرقاڵبوونی بەململانـێ ناوخۆییـەکان و کاریگەریـی ململانێـی پێکهاتـەکان نەپرژاوەتـە سـەر ئـەو لایەنـە، ئـەوەی هەیـە مێژوونووسـان و شـاعیرانی نەتەوەکانـی تـر گرنگییـان پـێ داوە، هـەروەك چـۆن فەیلەسـووفێکی وەك (سـليمان السجيسـتاني المنطقـي) کـە لـە سـاڵی (٣٧٥ك/٩٨٥ز)کۆچـی دوای کـردووە و پەیوەنـدی بـە (عضدالدولـة) دەکات و چەندیـن کتێـب و نامـەی جۆراوجـۆری بـۆ دەنووسـێت ئەویـش لەلایـەن خۆیـەوە ڕێـزی لێدەگرێـت و پاداشـتی دەکات[1]. هەروەهـا (ابـن بلخـي) کـە لـە سـاڵی (٥١٠ك/١١١٦ز) کۆچـی دوایـی کـردووە یەکێـك بـوو لـە مێژوونووسـەکانی سـەردەمی سـەلجوقییەکان کتێبەکـەی بـە نـاوی (فـارس نامـە) پێشـکەش بـە (سـلطان محمـد)ی کـوڕی مەلیکشـا کـردووە[2].

دامەزراندنـی قوتابخانەکانـی (النظاميـة) لەلایـەن ( الـب ارسلان) وەزیرەکـەی (نظـام الملـك) لـە سـاڵی (٤٥٩ك/١٠٦٦ز)لـە شـاری (بەغـداد)[3] دواتریـش زۆربـەی شـارەکانی تـری گرتـەوە، سـەرەڕای ئامانجـی زانسـتی ئامانجـی مەزهەبیشـی هەبـوو لـە چوارچێـوەی ململانێـی پێکهاتـەکان، ئەویـش ڕووبەڕووبوونـەوەی مەترسـی پەرەسـەندنی مەزهەبـی شـیعە و لەناوبردنـی بیرۆکـە و شـوێنەواری شـیعەگەری بـوو، کـە بوەیهییـەکان و فاطمییـەکان بڵاویانکردبـووەوە، خوێندنەکـەش ئاینـی بـوو لەسـەر مەزهەبـی سـونەی شـافعی و بڵاوکردنـەوەی بیرۆکـەی سـونی و سـنوردانان بـۆ بیرۆکـەی شـیعی[4]، دەستبەسـەرداگرتنی ماڵـی (أبي جعفـر الطـوسي)

(١) حسن منيمنة، تاريخ الدولة البويهية، ص٣٢٨.

(٢) فارس نامه، ص١١.

(٣) الطرطوشي: سراج الملوك، ت: محمد فتحي ابوبكر، دار المصرية اللبنانية، (القاهرة:١٩٩٤) ج١، ص٥١٦؛ البنـداري: تاريـخ دولـة ال سـلجوق، ص٣٢؛ سـبط ابـن الجوزي: مـراة الزمان في تواريـخ الأعيـان، ج١٩، ص١٩٦-١٩٧؛ الذهبي: العبر في خبرمن غبر،ج٢، ص٣٠٩.

(٤) رسـول ابراهيـم رسـول: کاریگەریەکانـی لەشکرکێشـی هێـزە بیانیـەکان بـۆ سـەر

کـە شـیعەکانی لێدەمانـەوە، سـەرەڕای دەسـتگرتن بەسـەر هەمـوو پەرتوکـەکان و بردنـی[١]، ڕاسـتیی ئـەو ململانێیەمـان بـۆ دوپاتدەکەنـەوە، پەیوەسـتبوونی بەشـێك لـە دانیشـتوانی خانەقیـن و دەوروبـەری کەرکـوك تـا ئەمـڕۆش بـە مەزهەبـی شـیعە ڕادە و شـوێنەواری ئـەو کارتێکردنـە دەردەخـەن[٢]، کردنـەوەی ئـەو قەتابخانەیـە وەرچەرخانێکـی گەورەبـوو لـە مێـژووی شارسـتانیەتی ئیسلامـی[٣]، ڕۆڵێکـی باڵایـان هەبـوو لـە بڵاوکردنـەوەی پـەروەردە و فێرکـردن[٤].

کوردیـش لـەو گۆڕانـکاری و ململانێیانـەی ناوچەکـە بێبـەری نەبـوو، کاریگەریـی ململانێـی نێـوان پێکهاتـەکان لەسـەر ناوچـە کوردنشـینەکان وای کـردووە ئـەو ناوچانـە لەگـەڵ ڕەوتـی زانسـتیی ناوچەکانـی دەوروبەریـان پێـش نەکـەون، فێرخـواز و خەڵکێکـی زۆر لـەو قۆناغـە مێژووییـە و لـە قۆناغەکانـی دواتریـش بـە هـۆی نالەبـاری دۆخـی ناوچـە کوردنیشـینەکان ڕوویـان لـە شـارەکانی ناوەنـد کـردووە و لـەوێ گیرسـاونەتەوە. لـە هەمـان کاتیشـدا لـە قۆناغەکانـی دواتـر خەڵـك و خاکەکەیشـی بـە

کوردسـتان،ل١٩٤-١٩٥؛ خمیـس غـربي حـسين العجـيلي: السـلطة السـلجوقية في عصر السـلطان ألـب أرسلان(٤٥٥-٤٦٥هـ/١٠٦٣-١٠٧٢م)، رسـالة الماجسـتير، كليـة التربيـة-جامعـة تكريـت، (تكريـت:٢٠٠٥) ص٩٧.

(١) سبط ابن الجوزي: مراة الزمان في تواريخ الأعيان، ج١٩، ص٧ .

(٢) فیلیپ کرێنبروك و کریستییەن ئاڵیسۆن : کولتوور و ناسنامەی کورد، ل١٤٩.

(٣) عبـد الهـادي محمـد رضـا محبوبـة: نظـام الملـك، ص٣٦٦-٣٧٢؛ ذبيـح اللـة صفـا: تاريـخ ادبيـات ايـران، ص١٨١.

(٤) ناديـة بنـت عبـد الصمـد بنـت عبـد الكريم: دور العـماء في الحيـاة العلميـة في العراق خلال الـعصر السـلجوقي(٤٤٧-٩٥٠هـ/١٠٥٥-١١٩٣م)، رسـالة دكتـوراه، كليـة الشريعـة-جامعـة أم القـرى، (مكـة:٢٠١٤)، ص١٦١؛ بسـمة طـه اسماعيل-نعمـود عبـاد محمـد: أثـر المدرسـة النظاميـة في بغـدا وخريجيهـا على الحركـة العلميـة في العـراق و الجزيـرة الفراتية و الشـام، مجلـة آداب الرافديـن، مـج١٣، ع٤٤ (جامعـة التكريـت:٢٠١١)، ص٥١.

بـەراورد لەگـەڵ ناوچەکانـی تـردا لـە پەراوێـزدا ژیـاون[١]، کۆمەڵـگای کـوردی کۆمەڵگایەکـی نەخوێنـدوار بـووە[٢]. بـەڵام ئـەوە نەبۆتـە هـۆکار بـۆ ئـەوەی چەندیـن کەسـایەتی هەوڵـی بەدەسـتهێنانی زانسـت نـەدەن لـە ناوچەکانـی تـر، ئەوانـەی حـەزی فێربوونـی زانسـتیان هەبـووە لـە هەرێمـە کوردنشـینەکان کۆچیـان کـردووە بـۆ مەڵبەنـدە گرنگـەکان لـە بـواری زانسـت و زانیـاری، بـۆ نموونـە، یەکێـک لـە زانـا کـوردەکان بـە نـاوی (محەممـەد کـوڕی عەلـی کـوڕی محەممـەد کـوڕی عـوسمان) نـاسراو بـە (ابوالفتـح الحلوانـی) لـە سـاڵی (٤٣٩ک/ ١٠٤٧ز) لەدایکبـووە، زانسـتی فقهـی خوێنـدووە تـا بووەتـە زانایەکـی بەناوبانـگ لـە شـاری بەغـدا لەسـەر مەزهەبـی «حنبلی»یـەوە، لـە سـاڵی (٥٠٥ک/ ١١٢٦ز) کۆچـی دوایـی کـردووە[٣]، یـان (أحمـد بـن عمـر بـن الحسـن الکـردي) لـە بەغـداد خوێندویەتـی و لەوێـش بـە (معیـد) لـە قوتابخانـەی (النظامیـة) دەرسـی وتۆتـەوە تـا وەفاتکردنـی لـە سـاڵی (٥٩١ك/١١٩٤ز)[٤].

ئـیبن خەلـدوون پێیوایـە، زانسـتە گـەورە و قووڵـەکان لە شـارە گـەورەکان باویـان هەیـە، لـە شـارە گەورەکانـدا بەدەسـتهێنانیان ئاسـان تـرە[٥]، ئـەو زانایانـە لـە شـاری بەغـداد خزمەتیـان کـردووە نـەک لـە شـارەکانی هەرێمـە

---

(١) ابـن رجـب: ذيـل علـى طبقـات الحنابلـة، صححـه: محمـد حامـد الفقـي، مطبعـه السـنة المحمديـة، (القاهـرة:١٩٥٣) ج١، ص١٠٦؛ ابـن الجـزري: غايـة النهايـة في طبقـات القـراء، مكتبـة الخانجـي، (مصر: ١٩٣٣)، ج٢، ص١٠-١١؛ ابـن قاضـى شـهبة: طبقـات الشـافعية، تصحيـح: الحافـظ عبدالعليـم خـان، دارة المعـارف العثمانيـة، (حيـدر أبـاد:١٩٧٩)ج٢، ص٧٥-٧٦.

(٢) شەڕفخانی بەدلیسی: شەڕفنامە، ل٢٤.

(٣) ابن الجوزی: المنتظم، ج١٧، ص١٢٧؛ ابن رجب: ذيل على طبقات الحنابلة، ج١، ص١٠٦.

(٤) ابن قاضی شهبة: طبقات الشافعية، ج٦، ص٣١ .

(٥) موقەدیمە، ب٢، ل٢٧٢.

کوردنشـینەکان، ئەگـەر لـەو هەرێمانـە خزمەتیـان کردبایـە، ڕەنگـە توانیبایـە زیاتـر زانسـت و زانیـاری لـە هەرێمـە کوردنشـینەکان پێـش بخـەن، هەرچەنـدە کەسـانی تـر هەبـوون بـەدوای زانسـت کۆچیـان کـرد و گەڕانـەوە و خزمەتێکـی باشـیان کـرد لـە بـەرە و پێشبردنـی ئاسـتی زانسـتی لـە ناوچـە کوردنشـینەکان، بـۆ نموونـە: ({ئەبولعبـاس هەولێری}خـدری کـوڕی نەسـڕی کـوڕی عەقیلـی کـوڕی نەسـڕی ئەربـیلی) (٤٧٨-٥٦٧ک/ ١٠٨٥-١١٧١ز) بـۆ پـەرەدان بـە تواناکانـی لـە بـواری زانسـت بـۆ بەغـداد کۆچـدەکات، لـەوێ لـە قوتابخانـەی (النظامیـة)ی بەغـداد دەسـت دەکات بـە خوێنـدن، تـا هەگبـەی زانسـتی خـۆی پـڕ دەکات، پاشـان دەگەڕێتـەوە بـۆ زێـدی خـۆی لـە شـاری هەولێـر، لەوێـدا دەسـت بـە وانەوتنـەوە دەکات، خزمەتـی بـواری زانسـت و زانیـاری دەکات، تـا سـاڵی (٥٦٧ک/ ١١٧١ز) کۆچـی دوایـی دەکات، هـەر لـەوێ دەینێـژن[١]. (ئەبولقاسـمی نەسڕ کوڕی عقیـل) نـاسراو بـە، {ئەبولقاسـمی هەولێـری}، بەناوبانگتریـن ئـەو زانایەیـە کـە لەسـەر دەسـتی ئـەو پێگەیشـتووە[٢]، ئـەوان بوونـە هـۆی ئـەوەی بـە دەیـان زانـا و بلیمـەت لـە هەرێمـە کوردنشـینەکان سـەرهەڵبدەن، ئەوانیـش کاریگەرییـان لەسـەر بـواری زانسـت و زانیـاری هەبێـت، شـارە کوردییـەکان ببنـە بنکـەی زانسـتی و شـوێنی کۆبوونـەوەی ژمارەیەکـی زۆر لـە زانایـان[٣]، ڕێگەشـیان خۆشـکرد بۆئـەوەی چەنـدان قوتابخانـە لـە ناوچـە کوردنشـینەکان بکرێنـەوە و دەرسـی تێـدا بڵێنـەوە، وەك: کردنـەوەی

(١) ابـن خلـکان: وفیـات الأعیـان، ج٢، ٢٣٧-٢٣٩؛ ئومێـد بەهرامـی نیـا: مێـژووی کوردەکانـی جەزیـرە، ل٢٤٩.

(٢) ابن خلکان: وفیات الأعیان، ج٢، ٢٣٨.

(٣) شـەڕەفخان: شـەڕەفنامە، ل٢٣؛ مەهـدی هەروتـی: نەهامەتـی و کارەسـاتەکانی کوردسـتان، ل٣٢٩.

قوتابخانـەی (عمارة خاتـون) کچـی قطـب الدیـن ایلغـازی لـە (ماردیـن) لـە نیـوەی یەکەمـی سـەدەی ٦ک/١٢ز [١]، کردنــەوەی قوتابخانــەی (الربـض) لــە هەولێــر[٢]، دواتریــش کردنــەوەی قوتابخانــەی (القلعــة) لــە ســاڵی (٥٣٣ک/١١٣٩ز) لـە نـاو قـەڵای هەولێـر[٣]، دواتریـش (المظفریة)کرانـەوە کـە لەسـەر مەزهەبـی شـافعی و حەنەفـی وانـەکان دەوترانـەوە[٤]، لـە هەمەدانیـش قوتابخانـەی (طغـرل) لەسـەر دەسـتی سـوڵتان (طغـرل الثالـث) کرایـەوە[٥]، بـەم جـۆرە لـە زۆربـەی شـار و ناوچـە کوردییـەکان ئـەو قوتابخانانــە کرانــەوە، ســەلجووقییەکانیش ســەرکەوتوو بــوون لــەوەی مەزهەبــی شــافعی لــە زۆربــەی ناوچــە کوردنشــینەکان بڵاوبکەنــەوە، ئەمـەش بەهـۆی ئـەوەی زۆربـەی ئـەو زانایانـەی لـە قوتابخانـە و ناوچـە کوردنشــینەکان وانەیـان دەوتــەوە لــەو قوتابیانــە بــوون کــە پێــشتر لــە قوتابخانـەی (النظامیـة)ی بەغـداد دەرچووبـوون[٦]، لـە ڕاسـتیدا کردنـەوەی ئـەو قوتابخانانــە وەرچەرخانێکــی نــوێ بــوو لــە ناوچــە کوردنشــینەکان لـە ڕووی زانسـت و جگـە لـەوەی پێگەیشـتنی دەیـان زانـای لێکەوتـەوە

(١) النعيمـي: الـدارس في تاريـخ المـدارس، اعـداد: ابراهيـم شـمس الديـن، دار الكتـب العلميــة، (بيروت:١٩٩٠)ج١، ص٤٥٥.
(٢) محسـن محمـد حسـين: أربيـل في عهـد الآتـابكي، ص٢٥٤؛ احمـد عبدالعزيـز محمـود: الامـارة الهذبانيـة الكرديـة، ص١٥٨.
(٣) ابـن المسـتوفي: تاريـخ إربـل، ق١، ص١٥٩؛ ابـن خلـكان: وفيـات الأعيـان وانبـاء ابنـاء الزمـان، ج٢، ص٢٣٧.
(٤) الغسـاني: العسـجد المسـبوك و الجوهـر المحكـوك في طبقـات الخلفـاء و الملـوك، ت: شـاكر محمـود، دار البيـان، (بغـداد:١٩٧٥)، ص٤٥٣؛ محسـن محمـد حسـين: أربيـل في عهـد الآتـابكي، ص٢٥٨.
(٥) ادريـس محمـد حسـن الـدوسكي: همـدان مـن فتـح الأسلامـي الى سـقوطها، مطبعـة حجـي هاشـم (اربيـل:٢٠٠٦)، ص٢١٦.
(٦) فائزة محمد عزت: الحيات الأجتماعية للكورد، ص٢١١.

لــە بــوارە جیــاوازەکان، هەرچەنــدە کــورد لــە ڕووی سیاســی نەیتوانــی بەرگــەی مەیدانخــوازی هێــزە داگیرکــەرەکان بگرێــت و دەســەڵاتی سیاســی لەدەســتدابوو لــەو ماوەیــە، بــەڵام لــە پێنــاو مانەوەیــدا بــە جۆرێکــی تــر بەرامبــەر ڕۆژگاری ســەختی ململانــێ و ژێردەســەڵاتی بێگانــە و بــۆ مانــەوەی نــاوی کــورد هەندێــك لــە زانایــان وەك ســیمبولێکی نەتــەوەی پاشــگری کــوردی (الكردي)یــان بــە ناوەکانیانــەوە لکانــدووە[١]، وەك (أحمـد بـن عمـر بـن الحسـن الكـردي) یەکێـك بـووە لـە بەناوبانگتریـن مامۆســتایانی قوتابخانــەی (النظاميــة) لــە بەغــداد و دەرســی وتۆتــەوە تــا کۆچــی دوایکردنــی لــە ســاڵی (٥٩١ك/١١٩٤ز)[٢].

زمانیــش وەك بنەمایەکــی ســەرەکی بــۆ ناســینەوەی نەتــەوەکان، لــە ئەنجامــی بەریەککەوتــن و ئاوێتەبوونــی کلتــوورەکان کەوتۆتــە ژێــر کاریگەریــی ململانێــی و لەشکرکێشــی هێــزە دەرەکییــەکان و شــوێنەواریان بەســەریدا جێهێشــتووە، یەکێــك لــە کاریگەرییــە خراپــەکان لەســەر کلتــوور و ڕۆشــنبیری کــورد، بریتــی بــووە لــە ڕۆڵیــان لــە پەراوێزخســتنی زمانــی کــوردی وەك زمانــی نووســین و ڕۆشــنبیری، هەرچەنــدە زمانەکــە ســەربەخۆیی خــۆی پاراســتووە بــەوەی زمانــی ئاخاوتنــی هــۆز و خێڵــە کوردییــەکان بــووە، بــەڵام نەیتوانیــوە ببێتــە زمانــی نووســین و بەرگــەی پەڵهاوێــشتن و گەشــەکردنی زمانەکانــی دیکــە بگرێــت، لــە ســایەی هێــزی ئــەو پێکهاتانــەوە زمانــی عەرەبــی و فارســی لــە ناوچــە کوردییــەکان گەشــەی کــرد، بەهــۆی ئــەوەی زمانــی ســەرەکی نووســین و خوێنــدن بــوو،

---

(١) رسـول ابراهيـم رسـول: کاریگەریەکانـی لەشکرکێشـی هێـزە بیانیـەکان بـۆ سـەر کوردسـتان، ل١٦٥.

(٢) ابن قاضی شهبة: طبقات الشافعية، ج٦، ص٣١.

بۆیـە بـە شـێوەیەکی بـەربڵاو لـە نـاو کۆمەڵـگای کـوردی بڵاوبوویـەوە[١]، هــەروەك (**یاقــوت الحمــوي**) دەربــارەی شــاری هەولێــر دەڵێــت: (أكثر اهلهـا اكـراد قـد اسـتعربوا)[٢] کـە دیـارە لێـرە مەبەسـتی بەعرەبکـردن نییـە، بەڵکـو بڵاوکردنـەوەی زمانـی عەرەبیـە، زانایەکـی وەکـو (محمـود کـوڕی حسـن کـوڕی علـی کـوڕی حسـن) (م.لـە: ٦٠٦ك/١٢٩٢ز) لـە مزگەوتـی گـەورەی هەولێـر ڕێزمانـی عەرەبـی و قورئانـی بـە قوتابیانـی وتـووە[٣]، لەلایەکـی تـر زمانـی ناوەنـد زمانـی زاڵبـووە بەسـەر ئەوانـی تـردا، بۆیـە کلتـور و فەرهەنـگ وەك سـەرجەم لایەنەکانـی تـر کەوتۆتـە ژێـر کاریگەریـی هێـرش و داگیرکارییـەکان، سـەلجوقییەکان لـە ململانێیـان لەگـەڵ پێکهاتـەکان بـۆ دەسـتگرتن بەسـەر ناوەنـدی خەلافەتـی عەباسـی هەژمـوون و کلتـوری خۆیـان زاڵکـرد بەسـەر ناوچـە کوردییـەکان، توێژەرێکیـش پێـی وایـە بەشـێك لـە ناوچەکانـی باکـووری ڕۆژئـاوای ئێران(ئازەربێجـان) بـە تـەواوی وازیـان لـە زمانـی خۆیـان هێنـا[٤]، جگـە لـەوەی لایەنـی کلتـوری و فەرهەنگـی کەوتۆتـە ژێـر کاریگەریـی ململانێـی پێکهاتـەکان و کاریگەرییـان بەسـەریدا جێهێشـتووە، بڵاوبوونەوەیـان بـە ناوچـە کوردنشـینەکان و هاتنـە ژوورەوەی زاراوەی زمانـە دەرەکییـەکان بـۆ نـاو زمانـی کـوردی کاریگەری و شـوێنەواری جیـاوازی بەسـەر ئـەو زمانـە بەجێهێشـتووە، بـە تایبـەت بەهـۆی ئـەوەی

---

(١) رسـول ابراهیـم رسـول: کاریگەریەکانـی لەشکرکێشـی هێـزە بیانیـەکان بـۆ سـەر کوردسـتان، ل١٥٦؛ رسـول ابراهیـم رسـول: پێکهاتەکانـی کوردسـتان لـە سـەردەمی عەباسـیدا، ل٣٣٤-٣٣٥.

(٢) معجم البلدان، مج١، ص١٣٨.

(٣) السـيوطي: بغيـة الوعـاة في طبقـات اللغـويين و النحـاة، ت: محمـد ابـو الفضـل ابراهيـم، المكتبـة العصريـة، (بيروت:د.ت) ج٢، ص٢٧٦.

(٤) بارتولد: تاريخ الترك في أسيا الوسطى، ص١٢٨.

جڵـەوی دەسـەڵاتی ناوچـە کوردییـەکان کەوتۆتـە ژێـر دەسـەڵاتی هێـزە داگیرکـەرەکان زمانـی کـوردی فەرامـۆش کـراوە و زمـان و فەرهەنگـی خۆیـان سـەپاندووە، قوربانـی بـە چەندیـن وشـە و زاراوەی ڕەسـەن دراوە و وشـەی بێگانـە جێگایـان گرتۆتـەوە، ئەمـەش لـە ئەنجامـی زاڵبـوون و مانـەوەی چەندیـن چەمـك وشـەی تورکـی لـە نـاو زمانـی کـوردی تـا ئێسـتا بەڵگەیەکـی زینـدووە لەسـەر کاریگەریـی فەرهەنگـی تورکـی بەسـەر زمانـی کـوردی، وەك (قـرە بـاغ) کـە نـاوی گوندێکـە لـە ناوچـەی ئورمیـە[1]، یـان (گـوك تپـە) نـاوی گوندێکـە لـە پارێـزگای سـلێمانی کـە بەمانایـی گردێکـی گـەورە دێـت[2].

کات ـك سـەیری کۆمەڵـگای کـوردی دەکەیـن کـە کۆمەڵگایەکـی دابەشـبووە بـە چەندیـن گـرووپ لـە شـێوەی خێـڵ و تیـرە و بنەماڵـە ژیـاون[3]، مرۆڤـی کوردیـش بـە قووڵـی کەتۆتـە ژێـر ئـەم کاریگەرییـە، سـەرچاوەی هێـز و پشـت و پەنـای خـۆی لـە یاسـا و دادگا و سیسـتەمی دەوڵەتـدا نەبینیوەتـەوە، بەڵکـو لـە هێـزی و یاسـای خێڵەکـەی خـۆی بینیـوە، هەروەهـا لـە هەرێمـە کوردنیشـینەکان ململانێیەکـی کۆمەڵایەتـی بـەردەوام هەبـووە، کـە ڕاسـتەخۆ پەیوەندیـی بـە نەبوونـی ناوەنـدی سیاسـی و دەزگای بەڕێوەبـردن هەبـووە لـە نـاو کوردەکانـدا، ئـەو هەمـوو جیاوازییـە کلتوورییـەی کۆمەڵـگای کـوردی هۆیـەك بـوو بـۆ ئـەوەی دەسـەڵاتی یـەکتر قەبـووڵ نەکـەن، جیاوازیـی بیروبۆچـوون ئەوانـی لـە دەوری سـەرکردەیەك کۆنەکردۆتـەوە،

(١) عبداللـە غفـور: تقسـیمات کیشـوری در شرق کردسـتان، چاپخانـەی حاجـی هاشـم (اربیـل:٢٠١٠ز)، ص٢٣.

(٢) عبدالله غفور: تقسیمات کیشوری در شرق کردستان، ص٢٤.

(٣) ابن خرداذبە: المسالك والممالك، ص٤٧؛ مسعربن مهلهل: الرسالة الثانية، ص١٠-١١.

کۆنەبوونەوەشــیان لــە دەوری ســەرکردەیەك بوونــی ململانێــی و ناتەبایــی بــووە، لێکەوتەکــەش وای کــردووە هەژمــوون بەســەر خەڵکــی دەوروبــەری خۆیــان پەیــدا نەکــەن، هــەر ئــاوا لــە ناکۆکــی و ململانێدابــن[1]، کاتێکیــش دانیشــتووانی ناوچەیــەك هەمیشــە ســەرقاڵی جیاوازیــی نێوانیــان بووبــن دەســەڵاتدارانی ناوەنــدی و پێکهاتەکانیــش بــە ئاســانی توانیویانــە لــەو کۆمەڵگەیــەدا حوکمڕانیــان بکــەن.

---

(١) مارتن ڤان برونسن: ئاغا و شێخ و دەوڵەت، ب١، ل١٧٠-١٧١.

# ئەنجام

دوای تەواوبوونی لێکۆڵینەوە لە ئەنجامی شیکردنەوە و تاوتوێکردنی چەندین دەقی مێژوویی نێو دووتوێی سەرچاوەکانی توێژەر دەگات بە چەند ئەنجامێك کە بریتین لەمانە:

١. سەردەمی خیلافەتی عەباسی یەکێکە لەو قۆناغە مێژووییانەی چەندین نەتەوە و پێکهاتەی جیاوازی وەکو عەرەب و فارس و تورك و دەیلەم و کورد ڕۆڵی سیاسی و سەربازیان تێدا بینیووە.

٢. بەشداربوونی ئەو ژمارە زۆرو جیاوازانە لە پێکهاتەی جۆراوجۆر لە چوارچێوەی کیانێکی ئاینی دا، گومانی تێدا نییە کە بەهۆی بەریەککەوتنی بەرژەوەندییە سیاسی و دەسەڵاتخوازییەکانیان بەرەوڕووی یەکتر دەبنەوە و لە ململانێی بەردەوامیش بوون و هەموو ئامرازێکیشیان بە کارهێناوە، لەپێناو سەپاندنی هەژموونی خۆیان لە ناوەندی خیلافەت و ملکەچکردنی ئەوانی تردا، ئەوەش ململانێ و کێبڕکێی ناوەندخوازیی لەنێوان هێزەکاندا زیاتر و قوڵ تر دەکردەووە. بە تایبەتی لە هەمبەر کورد، کە هەموو ئامرازێکیان بە ڕەوا زانیووە لەخۆ سەپاند و ملکەچ کردنی کورد بەکاریان هێناووە.

٣. کورد وەکو پێکهاتەیەکی ئەو سەردەمە بەدەر نەبووە لە بینینی ڕۆڵی زۆر کاریگەر و یەکلاکەرەوە بە تایبەتی لە ململانێی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی تری وەکو دەیلەم و فارس و تورك، بەڵام ململانێی نێوخۆیی و شەڕ و ململانێ بەشێکی دانەبڕاوی دەسەڵاتداریەتی میرنشینە کوردیەکان بووە، پەنا

بـردن بـۆ پێکهاتەکانـی تـر بـۆ یەکلایـی کردنـەوەی ململانێیەکانیـان، ڕێخۆشـکەر بـوو بـۆ ئـەوەی ئـەو پێکهاتانـە دەسـتوەردان بکـەن و توانـای مرۆیـی و ئابـوری ئـەو میرنشـینانە لـە بەرژەوەنـدی خۆیـان بەکاربهێنـن، هـەر ئـەوەش هـۆکاری سـەرەکی بـوو بـۆ پوکانـەوەی دەسـەڵاتە کوردیـەکان و لەناوچوونیـان.

٤. بەهـۆی ئـەو بەشـداریانەی پێکهاتـەی کـوردی لـە ململانێکانـی سـەردەمی عەباسیدا هەیبـوو زیاتـر قەتیـس ببـوون لـە یارمەتیدانـی سـەربازی بـۆ لایەنێـك دژی لایەنێکی تـر تەنها لە پێناوی دروسـتبوونی چەند کیان و میرنشـینێك و دانپێدانان و دەسـتکراوەیی لە دەسـتگرتن بەسـەر چەنـد ناوچەیەکـی کـوردی دەوروبـەری خۆیـان.

٥. دوای وردبوونـەوە لـە ڕووداو و دەقـە مێژووییـەکان ئـەوە ڕووندەبێتـەوە کـە ڕۆڵـی کـورد لـە ململانێـی پێکهاتەکانـدا لـە شـێوەی سـەرباز و لەشـکری یـەدەگ مامەڵـەی لەگـەڵ کـراوە.

٦. کوردیـش وەکـو پێکهاتەیەکـی متمانەبەخۆنەبـوو بـە بەردەوامـی خـۆی بـە لاوازتـر و پاشـکۆ زانیـوە بـۆ زۆربـەی ئەو هێـز و دەسـەڵاتانەی لـە ناوچەکـەدا دروسـتبوون، یـان بەکوردسـتاندا تێپەڕیـون و لـە ململانێدابـوون، بۆیـە بـە بەردەوامـی لەژێـر فەرمانـی ئـەو هێـز و پێکهاتانـەدا مامەڵـەی کـردووە.

٧. لەبـەر ئـەوەی ناوچـە کوردنشـینەکان بەشـێکی دانەبـڕاوی جیهانـی ئیسـلامی و مەیدانـی ئـەو ململانێیانـە بـوون، گومانـی تێـدا نییـە کاریگەریـی زۆریـان بەسـەر پێکهاتـەی ژیـان و گوزەرانـی دانیشـتوانی لـە بـواری سیاسـی و سـەربازی و ئابـووری و کۆمەڵایەتـی، بـە تایبەتـی لەسـەر دیمۆگرافیـا و دابەشـبوونی دانیشـتوانی کوردسـتان و زمـان و کلتـووری کـورددا هەبـووە.




**پاشکۆی ژمارە (١)** نەخشەی ئاراستەی کۆچی پیکهاتەکان بۆ ناوچە کوردنشینەکان

**وەرگیراوە لە:** مەهدی عوسمان هەروتی: نەهامەتی و کارەساتەکانی کوردستان، ل٤٠٩.

# لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم: سەرچاوە ڕەسەنەکان**

**أ. بە زمانی عەرەبی:**

**الأبشيهي: شهاب الدين محمد بن أحمد بن منصور أبو الفتح (ت:٨٥٢هـ /١٤٤٦م):**

١. المستطرف في كل فن مستظرف، عالم الكتب، (بيروت: ١٤١٩هـ ).

**أبن الأثير: عزالدين ابي الحسن علي بن محمدبن عبدالكريم الجزري (ت:٦٣٠هـ/١٢٣٩م):**

٢. التاريخ الباهر في الدولة الأتابكية(بالموصل)، ت: عبدالقادر أحمد طليمات، دار الكتب الحديث، (القاهرة:١٩٦٣).

٣. الكامل في التاريخ، ت: ابوصيب الكرمي، بيت الأفكار، (عمان:د.ت).

٤. اللباب في تهذيب الانساب، ت: قاسم محمد الرحيب، مكتبة المثنى، (بغداد:د.ت).

**ابن الاجدابي: ابي اسحاق ابراهيم بن اسماعيل(ت٦٥٠هـ/١٢٥٣م)**

٥. الأزمنة والأنواء، ت: عزة حسن، دار ابى رقراق (الرباط:٢٠٠٦).

**الأدريسي: ابي عبداللة محمد بن محمد بن عبداللة بن ادريس الحموي الحسيني(ت:٥٦١هـ/١١٦٥م)**

٦. نزهة المشتاق في اختراق الافاق، مكتبة الثقافة الدينية، (القاهرة:٢٠٠٢).

**الأزدي: أبي زكريا يزيد بن محمد بن أياس بن قاسم(ت:٣٣٤هـ/٩٤٥م):**

٧. تاريخ الموصل، ت: علي حبيبة، (القاهرة:١٩٦٧).

**أبن الأزرق: أبو عبدالله محمد الأندلسي(ت: ٨٩٦هـ/١٤٩١م):**

٨. بدائع السلك في طبائع الملك، ت: على سامي النشار، دار السلام (القاهره:٢٠٠٨).

**أسامة: منقذ الكناني الشيزري (ت٥٨٤هـ/١١٨٨م):**

٩. كتاب الاعتبار، ت: عبدالكريم الأشتر، المكتب الأسلامي، (بيروت:٢٠٠٣).

**الاصطخري: ابو اسحاق ابراهيم بن محمد الفارسي (ت:٣٤٠هـ/٩٥١م):**

١٠. المسالك والممالك، مطبعة بريل، (ليدن:١٩٣٧).

**الأصفهاني: ابي الفرج :(٢٨٤-٣٥٦م)**

١١. مقاتل الطالبيين، ت: أحمد صقر، دار إحياء الكتب العربية، (القاهرة:١٩٤٩).

**الأصفهاني: حمزة بن الحسن (ت٣٦٠هـ/٩٧٠م).**

١٢. تأريخ سني الملوك الأرض والأنبياء، دار مكتبة الحياة، (بيروت:١٩٦١).

**الأنصاري: شمس الدين ابو عبداللة محمد شيخ الربوة (ت:٧٢٧هـ/١٣٢٦م).**

١٣. نخبة الدهر في عجائب البر والبحر، المكتبة المثنى، (بغداد: ١٩٦٣).

**الأنطاكي: يحيى بن سعيد بن يحيى (ت:٤٥٨هـ/١٠٦٧م):**

١٤. تاريخ الأنطاكي، ت: عمر عبدالسلام تدمري، مكتبة جروس برس، (طرابلس-لبنان:١٩٩٠).

**أيليابرشينايا: (ت:٤٣٧هـ/١٠٤٦م)**

١٥. تاريخ أيليابرشينايا، ت: يوسف حبي، مطبوعات مجمع اللغة

السريانيــة، (بغــداد:١٩٧٥).

**البرزالي: علـم الديـن ابي محمـد القاسـم بـن محمـد بـن يوسـف الأشـبيلي الدمشقي (ت:٧٣٩هـ /١٣٣٨م)**

١٦.المقتفـي عـلى كتـاب الروضتـين المعـروف بتاريـخ الـبرزالي، ت: عبداللـه ابـن ابراهيـم، (د.م.ت).

**ابن بطريق: افتيشيوس سعيد (ت:٣٢٦هـ/٩٣٨م)**

١٧.التاريـخ المجمـوع عـلى التحقيـق و التصديـق، مطبعـة الآبـاء اليسـوعيين، (بيـروت:١٩٠٥).

**ابن بطوطة: محمد بن عبدالله ابن جزري الكلبي (تـ:٧٧٩هـ/١٣٧٧م):**

١٨.رحلة ابن بطوطة، مؤسسة هنداوي (القاهرة:٢٠٢٠).

**البغدادي: أبي الفرج عبدالرحمن علي الجوزي البكري (ت:٥٩٧هـ/١٢٠١م):**

١٩.المصبـاح المـضيء في خلافـة المسـتضيء، ت: ناجيـة عبداللـة ابراهيـم، شركـة المطبوعـات للتوزيع، (بـيروت:٢٠٠٠).

**البكري: أبو عبيد عبداللة بن عبد العزيزالأندلسي(ت:٤٨٧هـ/١٠٩٥م).**

٢٠.المسالك والممالك، ت: جمال طلبة، دار الكتب العلمية، (بيروت:٢٠٠٣).

**إبن البلخي: جلال الدين محمد بهاء الدين(ت:٥١٠هـ/ ١١١٦م)**

٢١.فارس نامة، ت: يوسف الهادي، دار الثقافية للنشر(القاهرة:٢٠٠١).

**البلاذري: أحمد بن يحيى بن جابر بن داود (ت:٢٧٩هـ/٨٩٢م):**

٢٢.فتوح البلدان، ت: شوقي ابو خليل، مكتبة الأسد (دمشق:١٩٩٧).

**البنداري: الفتح على بن محمد الأصفهاني (ت:٦٤٣هـ/١٢٤٥م) :**

٢٣.تاريخ دولة ال سلجوق، مطبعة الموسوعات، (مصر:١٩٠٠).
٢٤.سنا برق الشامى، ت: فتحية النبراوى، النشرة مكتبة الخانجى، (مصر:١٩٧٩)

**البوخاري: برهان الدين أبي المعالي محمود بن أحمدبن عبدالعزيز بن عمر بن مازة (ت:٦١٦هـ/١٢١٩م):**

٢٥.الذخيرة البورهانية المسمى ذخيرة الفتاوي في الفقه على مذهب الحنفي، ت: أبو أحمد العادلي، دار الكتب العلمية، (بيروت:١٩٧١).

**البيروني: أبي الريحان محمد بن أحمدالخوارزمي، (ت:٤٤٠هـ/١٠٤٨م):**

٢٦.الآثار الباقية عن القرون الخالية، (د.م :١٩٢٣) .

**البيهقي: أبو فضل (ت:٥٦٥هـ/١٠٧٢م):**

٢٧.تاريخ البيهقي، ت: يحيى الخشاب_صادق نشأت، دار الطباعة الحديث، (القاهرة:١٩٩٩).

**ابن تغري بردي: جمال الدين ابي المعاسن يوسف الاتابكي (ت:٨٧٤هـ/١٤٧٠م):**

٢٨.النجوم الزاهرة فى ملوك المصر و القاهرة، مطبعة دار الكتب المصرية، ج٤ (القاهرة:١٩٣٣).

**التنوخي: أبي على المحسن بن على (ت:٣٨٤هـ/ ٩٩٥م):**

٢٩.الفرج بعد الشدة، ت: عبود الشالجي، دار الصادر، (بيروت:١٩٧٨).
٣٠.نشوار المحاضرة وأخبار المذاكرة، ت: عبود الشالجي، دار صادر، (بيروت:١٩٧٢).

**الثعالبي: أبي منصور عبدالملك بن محمد بن اسماعيل (ت:٤٢٩هـ/١٠٣٧م).**

٣١.غر اخبار الملوك الفرس وسيرهم، (القاهرة:١٩٦٣).

**جاحظ: أبو عثمان عمر بن بعر (ت: ٢٥٥هـ/٨٦٨م)**

٣٢. رسائل الجاحظ، ت: عبد السلام محمد هارون، مكتبة الخانجي، (القاهيرة :د.م).

**ابن جبير: ابو الحسن محمد بن احمد الكناني الأندلسي(ت:٦١٤هـ/١٢١٧م):**

٣٣.رحلة ابن جبير، دار صادر، (بيروت:د.ت).

**الجرديزي: أبو سعيد عبد الحى بن الضحاك بن محمود(ت:٤٤٣هـ/١٠٥١م):**

٣٤.زين الأخبار، ت: عفاف السيد زيدان، مجلس الأعلى للثقافة، (القاهرة:٢٠٠٦).

**ابن الجزري: شمس الدين أبي الخير محمد بن محمد(ت: ٨٣٣هـ/١٤٢٩م).**

٣٥.غاية النهاية في طبقات القراء، مكتبة الخانجي، (مصر: ١٩٣٣).

**الجهشياري: أبى عبدالله بن عبدوس (ت:٣٣١هـ/ ٩٤٢م)**

٣٦.كتـاب الـوزراء و الكتـاب، ت: مصطفـى السـقا، مكتبـة مصطفـى البـاني، (القاهـرة:١٩٣٨)

**ابن الجوزي: أبي الفرج عبدالرحمان بن على بن محمد، (ت:٥٩٧هـ/١٢٠٠م):**

٣٧.المنتظـم في تاريـخ الملـوك و الأمـم، ت: محمـد عبدالقادر-مصطفـى عبدالقـادر، دار الكتـب العلميـة، (بـيروت:١٩٩٢).

**أبو حامد عبدالرحيم القيسي الأندلسي (ت:٥٥٨هـ/١١٦٣م) :**

٣٨.تحفـة الالبـاب و نخبـة الاعجـاب، ت: اسـماعيل العـربي، دار الأفـاق الجديـدة، (المغـرب:١٩٩٣).

**ابن حزم الأندلسى: أبى محمد على بن سعيد (ت:٤٥٦هـ/١٠٦٢م)**

٣٩. جمهرة انساب العرب، ت: عبدالسلام محمد هارون، دار المعارف (القاهرة: د.ت).

**ابن حسول: أبو علاء محمد بن على، (ت:٤٥٠هـ/١٠٥٨م):**

٤٠.تفضيـل الأتـراك عـلى سـائر الأجنـاد ومناقـب الحـضرة العاليـة السـلطانية،

ت: عباس العزاوي، (انقرة:١٩٤٠).

**الحسيني: صدرالدين علي بن ناصر (ت:٦٢٢هـ/١٢٢٥م):**

٤١.أخبار الدولة السلجوقية، أعتناء: ممد أقبال، نشريات كلية فنجاب، (د.م :١٩٣٣).

٤٢.زبدة التواريخ أخبار الأمراء و الملوك السلجوقية، ت: محمد نورالدين، دار أقرا، (بيروت:١٩٨٥)

**ابن حوقل: ابو القاسم محمد بنعلي النصيبي (ت:٣٦٧هـ/٩٧٧م):**

٤٣.صورة الأرض، دار مكتبة الحياة (بيروت: ١٩٩٢)

**ابن خرداذبه: أبي القاسم عبيد اللة بن عبداللة(ت:٣٠٠هـ/٩١٢م)**

٤٤. المسالك والممالك، دار صادر (بيروت:د.ت).

**الخطيب العمري: محمد أمين بن خير اللة(ت:١٢٣٦هـ/١٨٢٠م):**

٤٥.منهل الأولياء و مشرب الأصفياء من سادات الموصل الحدباء، ت: سعيد الديوةجي، مطبعة الجمهورية (بغداد:١٩٦٧).

**ابن خلدون: ابوزيد ولى الدين عبدالرحمن بن محمد الأشبيلي: (ت:٨٠٨هـ/١٤٠٦م)**

٤٦.تاريخ ابن خلدون، ت: أبو صيب الكرمي، بيت الافكار الدولية (بيروت: د.ت).

**ابن خلكان: أبي عباس شمس الدين أحمد بن محمد بن ابي بكر(ت:٦٨١هـ/١٢٨٢م):**

٤٧. وفيات الأعيان وانباء ابناء الزمان، ت: أحسان عباس، دار الصادر، (بيروت:١٩٧٧).

**الخوارزمي: أبي عبداللة محمد بن أحمد بن يوسف(ت:٣٨٧هـ/٩٩٧م):،**

٤٨.مفاتيح العلوم، مطبعة الشرق، (مصر:١٣٤٢هـ)،

**الدواداری: أبو بكر بن عبدالله بن أيبك (٧٣٦هـ/١٣٣٥م):**

٤٩.كنــز الــدررو جامــع الغــرر، ت: بيرنــد راتكه-محمــد ســعيد، عيســى البابــى حلبــى، (د.م:١٩٨٢).

**الدينوري: أبي حنيفة احمد بن داود (٢٨٢هـ/٨٩٥م) :**

٥٠.اخبار الطوال، مطبعة السعادة، (القاهرة:١٣٣٠هـ).

**الذهبــي: شــمس الديــن أبي عبداللــة محمــد بــن أحمــد بــن عــثمان (ت:٧٤٨هــ/١٣٤٩م)**

٥١.العبر في خبرمن غبر، دار الكتب العلميه، (بيروت:١٩٨٥).

٥٢.دول الأسلام، ت: حسن اسماعيل، دار الصادر، (بيروت:١٩٩٩)،

٥٣.تاريـخ الأسـلام ووفيـات المشـاهير و الأعـلام، ت: بشـار غـواد معـروف، دار الغـرب الأسـلامي، مـج٨ (بيـروت:٢٠٠٣).

**الراوندي: محمد بن على بن سليمان(ت:٦٠٣هـ/١٢٠٧م):**

٥٤.راحـة الصـدور وآيـة الـسرور في تاريـخ الدولـة السـلجوقية، ت: إبراهيـم أمـين الشـواربي، مجلـس الأعـلى للثقافـة، (القاهـيرة:٢٠٠٥).

**ابــن رجــب: زيــن الديــن أبي الفــرج عبدالــرحمان شــهاب الديــن (ت:٧٩٥هــ/١٣٩٣م).**

٥٥.ذيـل علـى طبقـات الحنابلـة، صححـه: محمـد حامـد الفقـي، مطبعـه السـنة المحمديـة، (القاهـرة:١٩٥٣).

**ابن رستة: أبو على أحمد بن عمر(ت:بعد٢٩٠هـ/٩٠٣م).**

٥٦.الأعــلاق النفيســة، تأليــف: احمــد بــن ابي يعقــوب، مطبعــة بريــل،

(ليـــدن:١٨٩٣).

**الـروذراوري: أبي شـجاع محمـد بـن الحـسين بـن محمـد بـن عبداللـة (ت:٤٨٨هــ/١٠٩٥م):**

٥٧.ذيل تجارب الأمم، دار الكتب العلمية (بيروت:٢٠٠٣).

**ابن الساعي: على بن أخجب(ت:٦٧٤هـ/١٢٧٥م):**

٥٨.مختصر أخبار الخفاء، مطبعة الأمير(مصر:١٣٠٩هـ).

**سـبط ابـن الجـوزي: شـمس الديـن أبي المظفـر يوسـف بـن عبداللـة (ت:٦٥٤هــ/١٢٥٨م):**

٥٩.مـراة الزمـان في تواريـخ الأعيـان، ت: محمـد أنـس حسـن-كامل محمـد، دار الرسـالة العالميـة، (دمشـق:٢٠١٣).

**السـبكي: تـاج الديـن ابي نصر بـن عبدالوهـاب ابـن تقـي الدين (ت: ٧٧١هــ/ ١٣٧٠م):**

٦٠.طبقات الشافعية الكبرى، المطبعة الحسينية الكبرى، ج٤(مصر:د.ت).

**سهراب: (النصف الأول من ق٤هـ/١٠م)**

٦١.كتـاب العجائـب الأقاليـم السـبعة إلى نهايـة العـمارة، ت: هانـس فـون مژيـك، مطبعـة آدولـف هولزهـوزن، (ڤينـا:١٩٢٩).

**السهمي: ابو القاسم حمزة بن يوسف (ت:٤٢٧هـ/١٠٣٦م):**

٦٢.تاريخ جرجان، الناشر عالم الكتب، ط٤ (بيروت:١٩٨٧).

**السـيوطي: الأمـام الحافـظ جلال الديـن عبدالرحمـن بـن ابي بكـر (ت:٩١١هــ/١٥٠٥م):**

٦٣.بغيـة الوعـاة في طبقـات اللغويـين و النحـاة، ت: محمـد ابـو الفضـل

ابراهيـم، المكتبـة العصريـة، (بـيروت:د.ت)
٦٤.تاريخ الخلفاء، دار ابن حزم (بيروت:٢٠٠٣).

**أبـو شـامة: شـهاب الديـن عبدالـرحمان بـن اسماعيـل المقدسي الدمشـقي الشافعي (ت:٦٦٥هـ/١٢٦٤م).**

٦٥.كتـاب الروضتـين في اخبـار الدولتـين النوريـة و الصلاحيـة، دار الكتـب العلميـة، (بـيروت:٢٠٠٢).

**أبن شداد: عز الدين محمد بن على بن ابراهيم(ت٦٨٤هـ/ ١٢٨٥م):**

٦٦.الأعـلاق الخطـيرة في ذكـر أمـراء الشـام و الجزيـرة، ت: يحيـى زكريـا عبـارة، مكتبـة الأسـد، (دمشـق:١٩٩١).

**ابـن قاضـى شـهبة: أبي بكـر احمـد بـن محمـد بـن عمـر بـن محمـد (ت:٨٥١هــ/١٤٤٨م)**

٦٧.طبقـات الشـافعية، تصحيـح: الحافـظ عبدالعليـم خـان، مطببوعـات دارة المعـارف العثمانيـة، (حيـدر أبـاد:١٩٧٩)

**الشهرسـتاني: ابي الفتـح محمـد بـن عبدالكريـم بـن ابي بكـر أحمـد (ت:٥٤٨هــ/١١٥٣م ).**

٦٨.الملل و النحل، ت: أمير على مهنا-علي حسن فاعور، دار المعرفة، (بيروت:١٩٩٣).

**الصابي: أبي الحسن الهلال بن المحسن(ت:٤٤٨هـ/١٠٥٦م):**

٦٩.تحفـة الأمـراء في تاريـخ الـوزراء، ت: عبـد السـتار احمـد فـراج، مكتبـة الأعيـان (بـيروت:د.ت).
٧٠.رسوم دار الخلافه، ت:ميخائيل عواد، دار الرائد العربي، ط٢(بيروت:١٩٨٦).

**الصرفي: رزق الله منقريوس:**

٧١.تاريخ دول الأسلام، مطبعه الهلال، (مصر:١٩٢٣م).

**الصفدي: خليل بن ايبک بن عبدالله (ت٧٦٤هـ/ ١٣٦٢م):**

٧٢.الوافي بالوفيات، ت: احمد الارناووط-تزكي مصطفى، دار احياء التراث العربى، (بيروت: ٢٠٠٠م).

**الصولي: ابوبكر محمد بن يحيى (ت:٣٣٥هـ/٩٤٦م) :**

٧٣.اخبار الراضي بالله و المتقي لله، ت: ج.هيورث دوني، مطبعة المصيرة (بيروت:د.ت).

**الطبري: أبي جعفر محمد بن جرير (ت:٣١٠هـ/٩٢٢م) :**

٧٤.تاريخ الرسل و الملوك، ت: محمد ابو الفضل ابراهيم، دار المعارف (القاهرة:١٩٧٩).

**الطرطوشي: أبي بكر محمد بن وليد الفهري (ت:٥٢٠هـ/١٠٢٧م)**

٧٥.سراج الملوك، ت: محمد فتحي ابوبكر، دار المصرية اللبنانية، (القاهرة:١٩٩٤)

**ابن الطقطقي: محمد بن على بن طباطبا (ت:٧٠٩هـ/١٣٠٩م) :**

٧٦.الفخري في الآداب السلطانية والدول الأسلامية، دار الصادر (بيروت: د.ت)

**ابن العبري: أبي الفرج غريغوريوس بن أهرون الملطي (ت: ٦٨٥هـ/ ١٢٨٦م):**

٧٧.تاريخ الزمان، ت: الأب إسحاق أرملة، دار المشرق (بيروت:١٩٨٦).

٧٨.تاريخ مختصر الدول، ت: خليل المنصور، دار الكتب العلمية، (بيروت:١٩٩٧).

**العظيمي: محمد بن علي (ت:٥٥٦ه/١١٦٠م).**

٧٩. تاريخ حلب، حققة: إبراهيم زعرور، (دمشق:١٩٨٤).

**عماد الدين الاصفهاني: ابو حامد محمد بن محمد (ت٥٩٧هـ/ ١٢٠٠م).**

٨٠. البستان الجامع لجميع تواريخ أهل الزمان، ت: محمد على الطعاني، مؤوسسة حمادة، (الاردن: ٢٠٠٣م).

**ابن العماد: أبي الفلاح عبد الحي الحنبلي(ت:١٠٨٩هـ/١٦٧٨م):**

٨١. شذرات الذهب في أخبار من ذهب، ت: عبدالقادر الحسني، دار المسيرة، (بيروت:١٩٧٩).

**ابن العمراني: محمد بن علي بن محمد (ت:٥٨٠هـ/١١٨٧م)**

٨٢. الإنباء في تاريخ الخلفاء، ت: قاسم السامرائي، دار الأفاق العربية، (القاهرة:١٩٩٩).

**العمري: شهاب الدين أحمد بن يحيى ابن فضل الله (ت:٧٤٩هـ/١٣٤٨م):**

٨٣. تعريف بالمصطلح الشريف، مطبعة العاصمة، (مصر: ١٣١٢ه).
٨٤. مسالك الأبصار في ممالك الأمصار، تحقيق: كامل سليمان جبوري، دار الكتب العلمية، (بيروت:٢٠١٠).

**العمري: ياسين بن خيرالله: (ت:١٢٣٢هـ/١٨١٦م)**

٨٥. مهذب الروضة الفيحاء في تواريخ النساء، ت: رجاء محمود السامرائي، دار الجمهورية (بغداد :١٩٦٦)

**العييني: بدرالدين محمود (ت:٨٥٥هـ/١٤٥١ز):**

٨٦. عقدو الجمان في تاريخ أهل الزمان، ت: محمود رزق محمود، دار الكتب و الوثائق القومية، (القاهرة:٢٠١٠).

**الغساني: أبو العباس اسماعيل بن العباس بن على (ت:٨٠٣هـ/١٤٠٠م):**

٨٧. العسجد المسبوك و الجوهر المحكوك في طبقات الخلفاء و الملوك، ت:

شـاكر محمـود، دار البيـان، (بغـداد:١٩٧٥).

**الفارقي: أحمد بن يوسف بن على الأزرق (ت:٥٧٢هـ/١١٧٦م):**

٨٨.تاريـخ الفارقـي، ت: بـدوى عبداللطيـف عـوض، الهيئـة العامـة لشـؤن المطابـع الأميريـة، (القاهـرة:١٩٥٩).

**ابو الفداء: اسماعيل بن على بن محمود (ت:٧٣٢هـ/١٣٣١م).**

٨٩.كتاب الاقاليم، ت: ج.چ.مولر، دار إدار (د.م:د.ت).

٩٠.تقويم البلدان، دار الصادر (بيروت: د.ت).

٩١.المختصر في أخبار البشر، دار المعارف (القاهره:١٩٩٨).

**ابـن الفوطـي: كمال الديـن أبـو الفضـل عبدالـرزاق بـن أحمـد (ت:٧٢٣هــ/١٣٢٣م):**

٩٢.مجمـع الاداب في معجـم الألقـاب، ت: محمـد الكاظـم، وزارة الثقافـة و الإرشـاد الإسـلامي، (تهران:١٤١٦هــ).

**القاشي: أبو العباس أحمد بن علي بن بابه (ت:٥١٠هـ/١١١٦م):**

٩٣.رأس مـال النديـم في تواريـخ أعيـان أهـل الأسـلام، ت: محمـد عبـد القـادر خريسـات، مركـز الزايـد للـتراث و التاريـخ، (الإمـارات:٢٠٠١).

**ابـن قاضـى شـهبة: أبي بكـر احمـد بـن محمـد بـن عمـر بـن محمـد (ت:٨٥١هــ/١٤٤٨م):**

٩٤.طبقـات الشـافعية، تصحيـح: الحافـظ عبدالعليـم خـان، مطببوعـات دارة المعـارف العثمانيـة، (حيـدر أبـاد:١٩٧٩).

**ابن قتيبة: أبي محمد عبداللة بن مسلم (ت:٢٧٦هـ/٨٨٩م ).**

٩٥.المعارف، ت: ثروت عكاشة، دار المعارف، ط٤ (القاهرة:د.ت).

**قدامة بن جعفر: أبو الفرج الكتاب البغدادي (٣٣٧هـ/٩٤٨م):**

٩٦.الخراج و صناعة الكتابة، ت: محمد حسين الزبيدي، دار الرشيد للنشر، (بغداد:١٩٨١).

**القرماني: ابو العباس احمد بن يوسف بن احمد الديمشقي (ت:١٠١٩هـ/١٦١٠م):**

٩٧.اخبار الدول واثار الاول في التاريخ، تأليف: أحمد حطيط-فهمي سعد، عالم الكتب (بيروت:١٩٩٢).

**القزويني: زكريا بن محمد بن محمود(ت:٦٨٢هـ/١٢٨٣م):**

٩٨.اثارالبلاد وأخبار العباد، دار صادر (بيروت: ١٩٩٢).

**القضاعي: محمد بن سلامة بن جعفر الشافعي: (ت:٤٥٤هـ/١٠٦٢م)**

٩٩.تاريخ القضاعي كتاب عيون المعارف وفنون أخبار الخلائف، ت: جميل عبداللة محمد، مكتبة ملك فهد (مكةالمكرمة:١٩٩٥).

**ابن القلانسي: حمزة بن اسد بن على بن محمد التميمي (ت:٥٥٥هـ/١١٦٠م):**

١٠٠.ذيل تاريخ دمشق، مطبعة الآباء اليسوعيين، (بيروت:١٩٠٨).

**القلقشندي : أبو العباس احمد بن على (ت:٨٢١هـ/١٤١٨م):**

١٠١.صبح الأعشى، مطبعة الأميرية، (القاهرة:١٩١٤).

١٠٢.قلائد الجمال في التعريف بقبائل عرب الزمان، ت: ابراهيم الأبياري، دار الكتاب المصري، (القاهرة:١٩٨٢).

١٠٣.مآثر الأناقة في معالم الخلافة، ت: عبدالستار أحمد فراج، عالم الكتب (بيروت: د.ت).

١٠٤.نهايـــة الأرب في معرفـــة أنســـاب العـــرب، ت: عـــلى الخاقـــاني، مطبعةالنجاح،(بغـــداد:١٩٥٨).

**القيروان: ابو أسعاق أبراهيم بن على الحصري (ت:٤٥٣هـ/١٠٦١م):**

١٠٥.زهـر الاداب و ثمـر الالبـاب، تحقيـق: محمـد محـي الديـن، دار الجيـل (بـيروت:١٩٧٢).

**الكاشغري: محمود بن حسين بن محمد (ت:١١٠٥م/١٧٢٤م):**

١٠٦.ديـوان لغـات الـترك، ت: محمـد محـي الديـن، دار الخلافـه العليـة (بـيروت:١٩٩١).

**ابن الكازروني: ظهير الدين على بن محمد البغدادي (ت:٦٩٧هـ/١٢٩٩م):**

١٠٧.مختـصر التاريـخ مـن أول الزمـان الـى منتهـى دولـة بنـى العبـاس، ت: مصطفـى جـواد، مطبعـة الحكومـة، (بغـداد:١٩٧٠).

**ابـن كـثير: عمادالديـن إسماعيـل بـن عمـر بـن كـثير القـريشي الشـافعي (ت:٧٧٤هـ/ ١٣٧٣م):**

١٠٨.البداية والنهاية، ت: حسان عبدالمنان،بيت الأفكار الدولية، (بيروت:٢٠٠٤).

**ابن الكربوس التوزي: أبو مروان عبد الملك (من علماء قرن ٦هـ):**

١٠٩.الإكتفـاء فـى أخبـار الخلفـاء، ت: صالـح بـن عبداللـه الغامـدي ،مكتبـة ملـك فهـد، (المدينـة المنـورة:٢٠٠٨).

**كيكاوس: اسكندر بن قابوس بن وشمكير (ت:٤٨٠هـ/١٠٨٧ز)،**

١١٠.كتـاب النصيحـة المعـروف باسـم قابـوس نامـه، تعريـب: محمـد صـادق- أميـن عبدالمجيـد، دار الـشروق (القاهرة:٢٠٠٧).

**الحميرى، محمد بن عبدالمنعم:**

١١١.الـروض المعطـارفي خـبر الأقطـار، تحقيـق: احسـان عبـاس، مكتبـة لبنـان، (لبنـان: ١٩٨٤).

**مار ميخائيل الكبير:**

١١٢.تاريـخ مـار ميخائيـل الكبيـر، ت: مـار غريغوريـوس صليبـا شـمعون، دار ماردين، (حلـب:١٩٩٦).

**الماوردي: أبو الحسن على بن محمد بن حبيب (ت:٤٥٠هـ/١٠٥٨م):**

١١٣.قوانـين الـوزارة وسياسـة الملـك، ت: رضـوان السـيد، دار الطليعـة (بيـروت:١٩٧٩).

**محمد بن منكلي: (ت: ٧٨٤هـ/١٣٨٢م)**

١١٤.الأدلـة الرسـمية في التعـابي الحربيـة، مطبعـة المجمـع العلمـي العراقـي، (بغـداد: ١٩٨٨).

**ابـن المسـتوفي: شرف الديـن ابـو البركات المبـارک بـن احمـد الاربلي (ت:٦٣٧هــ/ ١٢٣٩م).**

١١٥.تاريـخ إربـل، تحقيـق: سـامى بـن سـيد خـماس الصقـار، دار الرشـيد، (العـراق:١٩٨٠م).

**المسعودى: أبي الحسن على بن الحسينبن على (ت:٣٤٥هـ/٩٥٧م).**

١١٦.أخبار الزمان، دار الأندلس، (بيروت:١٩٩٦).

١١٧.التنبيه والأشراف، ت: عبداللة أسماعيل، المكتبة المثنى (بغداد:١٩٣٨).

١١٨.مـروج الذهـب ومعـادن الجوهـر، ترجمـة: كـمال حسـن مرعـي، المكتبـة العصرية (بـيروت:٢٠٠٥).

**مسكوية: أبي علي أحمد بن محمد بن يعقوب(ت:٤٢١هـ/١٠٣٠م):**

١١٩.تجارب الأمم وتعاقب الهمم، ت: سيد كسروي حسن، دار الكتب العلمية (بيروت:٢٠٠٣).

**المقدسي: أبو عبداللة شمس الدين محمد البشاري(ت:٣٧٥هـ/٩٨٥م):**

١٢٠.احسن التقاسيم في معرفة الأقاليم، مكتبة مدبولي (القاهرة:١٩٩١).
١٢١.البدء والتاريخ، مكتبة المثنى (بغداد:١٩٩٣).

**المقريزي: تقي الدين أحمد بن علي (ت:٨٤٥هـ/١٤٤١م):**

١٢٢.اتعاظ الحنفاء بأخبار الأئمة الفاطميين الخلفاء، ت: محمد حلمي محمد، مطبعة الأهرام (القاهرة:١٩٩٦).
١٢٣.السلوك لمعرفة دول الملوك، ت: محمد عبد القادر عطا، مكتبة الأسد، دار الكتب العلمية، (بيروت:١٩٩٧).

**مسعربن مهلهل: أبى دلف الخزرجي: (ت:س٣٨٤هـ/٩٩٤م) .**

١٢٤.الرسالة الثانية، ت: مينورسكى، مطبعة الجامعة القاهرة، (القاهرة:١٩٥٥).

**ابن منظور: ابي الفضل جمال الدين محمد بن مكرم، (ت: ٧١١هـ/١٣١١م)**

١٢٥.لسان العرب، نشرادب الحوزة، مج٢ (قم :١٣٦٣).

**المؤلف مجهول: (ت:٦٥٥هـ/١٢٥٧م):**

١٢٦.تاريخ دولة الأكراد و الأتراك تاريخ دولة الأكراد، ت: موسى مصطفى الهسنياني، مطبعة جامعة دهوك، (دهوك:٢٠١٠م)

**مؤلف مجهول: (ت:٣٧٢هـ/ ٩٨٢م)**

١٢٧.حدود العالم من المشرق الى المغرب، ت: يوسف الهادى، دار الثقافة للنشر، (القاهرة:١٩٩٩).

**المؤيد في الدين: هبة الله بن موسى بن داؤود الشيرازي (ت:٤٧٠هـ/١٠٧٧م):**

١٢٨.ديـوان المؤيـد في الديـن داعـي الدعـاة، ت: محمـد كامـل حسـين، دار الكتـاب المـصري، (القاهـرة:١٩٤٩).
١٢٩.سـيرة المؤيـد في الديـن داعـي الدعـاة، ت: محمـد كامـل حسـين، دار الكاتـب المـصري، (القاهـرة:١٩٤٩).

**ناصر خسروعلوى(ت:٤٨١ك/١٠٨٨ز) :**

١٣٠.سفرنامة، ت: يحى الخشاب، الهيئة العامة للكتاب (القاهرة: ١٩٩٣).

**النرشخي: أبي بكر محمد بن جعفر(ت:٣٤٨هـ/٩٥٩م):**

١٣١.تاريـخ بخـارى، ت: أمـين عبدالمجيـد بدوي-نصراللـه مبـشر الطـرازى، دار المعارف، (القاهــره:١٩٩٣).

**النسوى: محمد بن احمد(ت:٦٣٩هـ/١٢١٤م)**

١٣٢.سـيرة السـلطان جـلال الديـن منكـبرتي، ت: حافـظ أحمـد حمـدى، دار الفكـر العـربي، (القاهـرة:١٩٥٣).

**النعيمي: عبد القادر بن محمد (ت:٩٧٨هـ/١٥٢٠م)**

١٣٣.الـدارس في تاريـخ المـدارس، اعـداد: ابراهيـم شـمس الديـن، دار الكتـب العلميـة، (بـيروت:١٩٩٠)

**النويرى: شهاب الدين أحمد بن عبدالوهاب (ت:٧٣٣هـ/١٣٣٢م):**

١٣٤.نهايـة الأرب في فنـون الأدب، ت: نجيـب مصطفى-حكمـت كشـلي، دار الكتـب العلميـة، (بـيروت:٢٠٠٤).

**الهمداني: الحسن بن أحمد(ت:٣٣٤هـ/٩٤٥م):**

١٣٥.صفة جزيرة العرب، ت: محمد بن علي، دار اليمامة، (الرياض:١٩٧٤).

**الهمـذاني: محمـد بـن عبدالملـك بـن إبراهيـم بـن أحمـد أبـو حسـن**

**(ت:٥٢١هـ/١١٢٦م):**

١٣٦.تكملة تاريخ الطبري، ت: ألبرت يوسف كنعان، مطبعة الكاثوليكية، (بيروت:١٩٥٨).

**الهمذاني: ابي عبدالله احمد بن محمد بن اسحاق(ت:٢٩٠هـ/٩٠٢م):**

١٣٧.البلدان، ت: يوسف الهادي، عالم الكتب ( بيروت:١٩٩٦).

**أبي الهيجاء: عزالدين محمد بن أبي هيجاء ابن محمد الهذباني الاربيلي (ت:٧٠٠هـ/١٣٠١م):**

١٣٨.تاريخ ابن أبي الهيجاء، ت: صبحي عبدالمنعم محمد، مطبعة الشروق (القاهرة:١٩٩٣).

**ابن واصل: جمال الدين محمد بن سالم (ت:٦٩٧هـ/١٢٩٨ز):**

١٣٩.مفرج الكروب فى اخبار بني ايوب، ت: جمال الدين الشيال، مطبعة جامعة فؤاد الأول، (القاهرة:١٩٥٣).

**الواقدي: ابي عبداللة محمد بن عمر بن واقد (ت:٢٠٧هـ/٨٢٢م):**

١٤٠.فتوح الشام، تصعيع: عبد اللطيف عبد الرحمان، دار الكتب العلمية (بيروت:١٩٩٧).

**١٤١.ابن الوردي:** تاريخ ابن الوردي، دار الكتب العلمية، (بيروت:١٩٩٦)

**وهب بن منبه:**

١٤٢.كتاب التيجان في ملوك حمير، مركز الدراسات والأبعاث، (صنعاء: ١٣٤٧هـ).

**اليافعي: أبو عبداللة بن اسعدبن علي بن سليمان(ت٧٦٧هـ/١٣٦٦م):**

١٤٣.مرآة الجنان وعبرة اليقظان في معرفة وما يعتبر من حوادث الزمان، دار الكتب العلمية (بيروت:١٩٩٧).

**ياقوت الحموي: شهاب الدين أبي عبداللة الرومي (ت:٦٢٦هـ/١٢٢٩م):**

١٤٤.معجم البلدان، ت: محمد محي الدين، دار صادر (بيروت:١٩٧٧).

**اليعقـوبي: احمـد بـن أبي يعقـوب بـن جعفـر بـن وهـاب ابـن واضـح (ت:٢٨٤هـ/٨٩٧م):**

١٤٥.البلدان، ت: محمد أمين ظناوي، دار الكتب العلمية، (بيروت:٢٠٠٢).

١٤٦.تاريخ اليعقوبي، ت: عبد الامير مهنا، شركة الأعلمي (بيروت:٢٠١٠).

**ب. سەرچاوەکان بە زمانی فارسی**

**القزوينـــي: حمــد اللــه بــن ابي بكــر بــن احمــد بــن نصر مســتوفى قزوينـــى (ت:٧٥٠هـ/ ١٣٤٩م):**

١. تاريخ گزيده، مؤسسة امير كبير، (بغدا:١٩٦٠) (مخطوطات).

٢. تاريخ نيگارستان، چاپخانەی حافظ، (تهران:١٣٤١هش).

٣. نزهة القلوب، اهتمام: لسترنج، چاپخانه ارمغان، (تهران:١٣٤٢).

**ج. بە زمانی کوردی**

**ئەحمەدی خانی: (م: ١١١٨ك/١٧٠٧ز).**

٤. مەم و زين، مطبعة نجم استقبال، (اسنبول: ١٩١٩).

**ئيبن خەلدوون:**

٥. موقەديمـــەی ئيـــبن خەلـــدوون، و: ســـەعيد بەشـــير، چاپەمەنـــی گەنـــج، (ســـلێمانی:٢٠١٦).

**شەرەف خانی بەدليسی:**

٦. شەرەفنامە، و: مامۆستا هەژار، پەخشانگای پانيز، چ٦(سنه:٢٠١٠).

**دووەم: ژێدەرەكان (المراجع)**

**١. بە زمانی عەرەبی**

**ابراهيم عبد المنعم سلامة أبوالعلا:**

٧. في تاريـخ الدولـة الإسـلامية المشرقيـة المسـتقلة عـن الخلافـة العباسـية، مركـز الأسـكندرية للكتـاب، (الأسـكندرية:٢٠٠٥).

**ابراهيم على طرخان:**

٨. النظـم الأقطاعيـة في الـشرق الأوسـط في العصـور الوسـطى، الكاتـب العـربي (القاهـرة:١٩٦٨).

**ابراهيم محمد على مرجونه:**

٩. الكــرد في العــصر العبــاسي دراســة سياســية حضاريــة، دار التعليــم الجامعــي، (الأســكندرية:٢٠٢٠).

**أحمد امين :**

١٠.ظهر الأسلام، ت: أحمد سعيد سليمان، مطبعة الجنة، (القاهيرة:١٩٤٦).

**أحمد تاج الدين :**

١١.الأكراد تاريخ شعب وقضية وطن، دارالثقافية للنشر، (القاهرة:٢٠٠١).

**احمد سوسة :**

١٢.مفصل العرب و اليهود في تاريخ، مكتبة كنوز المعرفة، (جدة:٢٠١٢).

**احمد عبدالعزيز محمود:**

١٣.الامــارة الهذبانيــة الكرديــة في أذربيجــان و اربيــل و الجزيــرة الفراتيــة، مطبعــة الــوزارة التربيــة (اربيــل:٢٠٠٦).

١٤.الكــرد في كتــاب تجــارب الأمــم وتعاقــب الهمــم، مؤسســة أحمــدي (الســليمانية:٢٠٠٨).

**احمد عدوان:**

١٥.الدولة الحمدانية، منشورات الشعبية للنشر، (د.م:١٩٨١).

**أحمد كمال الدين حلمي:**

١٦.السلاجقة في تاريخ و الحضارة، دار البعوث العلمية، (الكويت:١٩٧٥).

**أحمد محمود خليل:**

١٧.تاريخ الكرد في عهود الأسلامية، دار الساقي، (بيروت:٢٠١٣) .

**ادريس محمد حسن الدوسكي:**

١٨.همدان من فتح الأسلامي الى سقوطها، مطبعة حجي هاشم (اربيل:٢٠٠٦).

**اسماعيل شكر رسول:**

١٩.الإمارة الشدادية الكردية في بلاد ئاران، مؤسسة موكرياني، (اربيل:٢٠٠١).

**آسيا سليمان نقلي:**

٢٠.دور الفقهاء المسلمين في الشرق الأدنى في الجهاد ضد الصليبيين، مكتبة العيكان (عمان:٢٠٠٢).

**أ.شاميلوف:**

٢١.حول مسألة الاقطاع بين الكرد، ت: كمال مظهر احمد، مطبعة الحوادث، (بغداد:١٩٨٤).

**آكو برهان محمد:**

٢٢.كوردستان دراسة في النظم التجارية و المالية من القرن ٤-٧الهجرية/١٠-١٣الميلادية، مطبعة شهاب، (اربيل:٢٠١١).

**امينة بيطار :**

٢٣.تاريخ العصر العباسي، جامعة، (دمشق:١٩٩٧).

**بارتولد :**

٢٤.تاريخ الترك في أسيا الوسطى، ت: أحمد سعيد سليمان، هيئة المصرية العامة، (القاهرة:١٩٩٦).

**باسيل نيكيتين:**

٢٥.الأكراد، تقديم: لويس ماسينيون، دار الروائح، (بيروت :١٩٦٠).

**برهان حنا ايليا:**

٢٦.آمد مدينة الفخر، مطبعة الإحسان (حلب:٢٠٠٨).

**بلەج.شيرگوە :**

٢٧.القضية الكردية ماضي الكورد و حاضرهم، دار الكاتب، (بيروت:١٩٨٦).

**جرجى زيدان :**

٢٨.أبو مسلم الخراسانى، مؤسسة هنداوي، (القاهرة:٢٠١٢).

**جمال رشيد أحمد:**

٢٩.ظهور الكورد في التاريخ، دار ئاراس للطباعة، (اربيل:٢٠٠٥) ج٣.

**جميل بيضون و أحمد عودات:**

٣٠.تاريخ المشرق الأسلامي، دار الأمل (اربد:١٩٨٩).

**حسام الدين على غالب النقشبندي:**

٣١.أذربيجان إيران في العصر السلجوقي، مؤسسة ژين، (سليمانية:٢٠١٢).

٣٢.الكرد في لرستان الصغرى(الشمالية) وشهرزور خلال العصر الوسيط، مطبعة شڤان (السليمانية:٢٠١١).

**حسن ابراهيم حسن:**

٣٣. تاريخ الأسلام السياسي و الديني و الثقافي و الأجتماعي، دار الجيل، (بيروت:١٩٩٦).

**حسن أحمد محمود- أحمد ابراهيم شريف:**

٣٤.العالم الأسلامي في العصر العباسي، دار الفكر العربي، (القاهرة:د.ت).

**حسن الباشا:**

٣٥.الألقاب الأسلامية في التاريخ و الوثائق و الأثار، الدار الفنية، (القاهرة:١٩٨٩).

**حسن خليفة:**

٣٦.الدولة العباسيه قيامها و سقوطها، مطبعة الحديثة، (القاهرة:١٩٣١).

**حسن منيمنة:**

٣٧.تاريخ الدولة البويهية، الدار الجامعية، (بيروت: ١٩٨٧).

**حسين مؤنس:**

٣٨.الشرق الأسلامي في العصر الحديث، طبعة حجازي، (القاهرة:١٩٣٨).

**خاشع المعاضيدي:**

٣٩.دولة بني عقيل في الموصل، مطبعةشفيق، (بغداد:١٩٦٨)

**خالد عزام:**

٤٠.موسوعة تاريخ الإسلامي (العصر العباسي)، دار أسامة، (عمان:٢٠٠٩).

**رشيد الجميلي:**

٤١.الاتابكة في الموصل بعد عماد الدين زنكي(٥٤١-٦٣٠هـ)، دار النهضة العربية، (بيروت:١٩٧٠).

**زامباور:**

٤٢.معجم الأنساب والأسرات الحاكمة في تاريخ الإسلامي، ت: زكي محمدحسن-حسن أحمد، دار الرائد، (بيروت:١٩٨٠).

**زبير بيلال أسماعيل:**

٤٣.أربيل في أدوارها التاريخية، مطبعة النعمان، (النجف:١٩٧٠).

**زرار صديق توفيق :**

٤٤.القبائل و الزعامات القبلية الكردية في العصر الوسيط، طبعة مؤسسة

ئاراس، (اربيـل:٢٠٠٧).
٤٥.كردستان في القرن الثامن الهجري، مطبعة وزارة الثقافة، (اربيل:٢٠٠١).
٤٦.الكرد في العصر العباسي، مطبعة شهاب، (أربيل:٢٠١٨).

**سعيد الديوةجي:**

٤٧.الموسل في العهد الأتابكي، مطبعة شفيق، (بغداد:١٩٥٨).

**سلامة محمد الهرفي:**

٤٨.المخابـرات في الدولـة الاسـلامية، مركـز العـربي للدراسـات الأمنيـة، (ريـاض:١٩٨٩).

**سليمان صائغ الموصلي:**

٤٩.تاريخ الموصل، مطبعة السفلية، (مصر:١٩٢٣).

**سليمان عبدالله السلومي:**

٥٠.اصول الأسماعيلية، دار الفضيلة، (الرياض:٢٠٠١)، مج٢.

**سوادي عبد محمد:**

٥١.الأحـوال الأجتماعيـة و الأقتصاديـة في بـلاد الجزيـرة الفراتيـة، مطبعـة آفـاق العربيـة (بغـداد:١٩٨٩)

**سوزي حمود:**

٥٢.الدولـة العباسـية مراحـل تاريخهـا و حضارتهـا، دار النهضـة العربيـة، (بـيروت:٢٠١٥).

**شوقي الضيف:**

٥٣.عـصر الـدول و الإمـارات (الجزيـرة العربية-العراق-إيـران)، دار المعـارف (القاهـرة:١٩٩٥).

٥٤.العصر العباسي الثاني، دار المعارف، (القاهيرة:د.ت).

**صالح حمد العلي :**

٥٥.امتداد العرب في صدر الأسلام، مؤسسة الرسالة، (بيروت:١٩٨٣).

**صفي الرحمن المباركفوري:**

٥٦.الرحيق المختوم، مكتبة العصرية (بيروت:٢٠١٤).

**عباس أقبال:**

٥٧.تأريخ ايران بعد لأسلام، تعريب: محمد علاءالدين، دار الثقافة، (القاهيرة:١٩٩٠).

**عبدالجبار ناجي:**

٥٨.الإمارة المزيدية الأسدية في الحلة، مطبعة اعتماد، (قم:٢٠١٠).

**عبدالرقيب يوسف :**

٥٩.الدولة الدوستكية ، دار ئاراس، (اربيل:٢٠٠١).

**عبدالستارمطلك درويش:**

٦٠.السلطان محمود الغزنوي سيرته و دوره السياسي و العسكري في خراسان و شبه القارة الهندية، دار عالم الثقافة (عمان:٢٠١٥).

**عبداللطيف بندر اوغلو :**

٦١.التركمان في العراق الثورة (تاريخهم،لغتهم،ادابهم،تراثهم)، دار الحرية، (بغدا:١٩٧٣).

**عبدالعزيز الدوري :**

٦٢.تاريخ العراق الأقتصادي، مطبعة المعارف، (بغداد:١٩٤٨).

٦٣.دراسات في العصور العباسية المتأخرة، مطبعة السريان، (بغدا:١٩٤٥).

**عبدالمنعم عبد الحميد سلطان :**

٦٤.العرب و الفرس، المكتب الجامعي الحديث، (القاهرة:٢٠١٠).

**عبدالنعيم محمد حسنين:**

٦٥.دولة السلاجقة، مكتبة الأنجلو، (القاهيرة:١٩٧٥).

**عبدالهادي محمد رضا محبوبة:**

٦٦.نظام الملك، دار المصرية اللبنانية (القاهرة:١٩٩٩).

**عبدالله العروي:**

٦٧.ابن خلدون وميكافيللي، ت: أحمد خليل، دارالساقي، (لندن:١٩٩٠).

**عبدالله ناصر بن سليمان الحارثي:**

٦٨.الأوضاع الحضارية في أقليم الجزيرة فراتية في القرنين السادس و السابع الهجري، ت: سعيد عبد الفتاح عاشور، دار العربية للموسوعات، (بيروت:٢٠٠٧م).

**عقيل سعيد محفوظ :**

٦٩.الأكراد و اللغة والسياسة، المركز العربي للأبحاث، (بيروت:٢٠١٣).

**على أبراهيم حسن:**

٧٠.تاريخ الاسلامي العام، مكتبه النهضة (القاهرة:١٩٥٣).

**على أكبر كردستاني:**

٧١.الحديقة الناصرية في تاريخ و جغرافيا كردستان، ت: جان دوست، دار ئاراس للطباعة، (اربيل:٢٠٠٢).

**على حسن غضبان :**

٧٢.البويهيون في فارس، دار الرافدين،(بغدا:٢٠١٤).

**على عبدالرحمن العمرو:**

٧٣.أثر الفرس السياسي في العصر العباسي الأول، مكتبةالمهتدين، (د.م :١٩٧٩).

**على محمد الصلابي:**

٧٤.الدولة العبيدية الفاطمية، مكتبة التابعين (القاهرة: ٢٠٠٦).

٧٥.السلطان الشهيد عماد الدين زنكي شخصيته وعصره، مؤسسة أقرأ، (القاهرة:٢٠٠٧).

**عماد الدين خليل:**

٧٦.الإمارات الأرتقية في الجزيرة و الشام، مؤسسة الرسالة، (بيروت:١٩٨٠).

**فاروق عمر فوزي:**

٧٧.الخلافة العباسية عصر القوة و الأزدهار، دار الشروق، (عمان:٢٠٠٩).

**فاضل الخالدي:**

٧٨.الحياة السياسية ونظم الحكم في العراق، دار الأديب (بغداد:١٩٦٩).

**فان فلوتن :**

٧٩.السيادة العربية والشيعة والأسرائيليات في عهد بني امية، ت: حسن ابراهيم حسن-محمد زكي ابراهيم، مطبعة السعادة، (القاهيرة:١٩٣٤).

**فائزة محمد عزت:**

٨٠.الحيات الأجتماعية للكورد بين القرن (٤-٩هـ/١٠-15ز).

**فراس سليم الحسني السامرائي:**

٨١. تاريخ الإمارات الإسلامية بالمشرق الإسلامي، دار الرضوان، (عمان:٢٠١٥).

**فرست مرعي:**

٨٢. الامارات الكردية في العصر العباسي الثاني، دار سپيريز (دهوك:٢٠٠٥).

**فهد محمد ديب الجمل:**

٨٣. الخلافة العباسية في عصر الدويلات (السامانيةوالبويهية و السلجوقية والخوارزمية)، مطبعة الصيرفي، (غزة:٢٠٠٢).

**فيصل السامر:**

٨٤. الدولة الحمدانية في الموصل و حلب، مطبعة الايمان، (بغداد:١٩٧٠).

**فيلد مارشال محمد أيوب خان:**

٨٥. الأكراد وبلادهم، ت: عبدالسميع سراج الدين، دار آراس، (اربيل:٢٠١١).

**ڤ.ف.مينورسكى :**

٨٦. الأكـــراد ملاحظات وانطباعات، ت: معروف خزنەدار، مطبعة النجوم، (بغدا:١٩٦٨).

**ڤ. هايد:**

٨٧. تاريخ التجارة في الشرق الأدنى في العصور الوسطى، ت:أحمد محمد- عزالدين فودة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، (القاهرة:١٩٨٥)

**قادر محمد حسن:**

٨٨. الامارات الكوردية في العهد البويهي، مطبعة ڕۆژهەلات (اربيل:٢٠١١).

**الكرملي أنستاس ماري:**

٨٩. خلاصة تاريخ العراق منذ نشوءة الى يومنا هذا، مطبعة الحكومة

بالبـصرة، (البـصرة:١٩١٩).

**كلود كاهن:**

٩٠.تاريـخ العـرب و الشـعوب الأسـلامية، ت: بدرالديـن قاسـم، دار الحقيقـة، (بيروت:١٩٧٢).

**كليفورد.ا.بوزورث :**

٩١.الأسرات الحاكمــة في التاريــخ الإســلامي، مؤسســة الــشراع العــربي، (كويــت:١٩٩٥).

**كي لسترنج:**

٩٢.بلـدان الخلافـة الشرقيـة، ت: بشـير فرنسـيس-كوركيس عـواد، مؤسسـة الرسـالة، (بغـداد:١٩٥٤).

**مجموعة من المستشرقين:**

٩٣.دائـرة المعـارف الإسـلامية، ت، محمــد ثابــت الفندي-أحمدالشــنتاوي، (القاهــرة:١٩٣٣).

**محسن محمد حسين:**

٩٤.أربيل في عهد الآتابكي، مطبعة التفسير، (اربيل:٢٠١٤).

**محمد أسعد طلس:**

٩٥.عصر الانحلال تاريخ الأمة العربية، مطبعة هنداوي، ج٦ (د.م:٢٠٢٠).

**محمد أمين زكي:**

٩٦.تاريـخ الـدول و الأمـارات الكرديـة في عهـد الاسـلامي، ت: محمـد عـلي عـوني، مطبعـة السـعادة، (مـصر:١٩٤٨)

٩٧. خلاصــة تاريــخ الكــرد وكردســتان، ت: محمــد عــلى عــوني، مطبعــة

السعادة، (القاهرة:١٩٣٩).
٩٨. مشاهير الكرد وكردستان، مطبعة التفيض، (بغداد:١٩٤٥).

**محمد جمال الدين سرور:**

٩٩. تاريخ الحضارة الإسلامية في الشرق، دار الفكر العربي (القاهرة:١٩٧٦).
١٠٠. النفوذ الفاطمي في بلاد الشام و العراق، دار الفكر العربي، (القاهرة:د.ت).

**محمد حسن الحيدروس :**

١٠١. تاريخ السياسي والحضاري للدولة العباسية، دار الكتب الحديث، (القاهرة:٢٠١١).

**محمد حسن سهيل الدليمي:**

١٠٢. الإقطاع في الدولة العباسية (٤٤٧-٦٥٦هـ)، مركز البحوث والدراسات الإسلامية، (بغداد:٢٠١٠).

**محمد الخضري بك:**

١٠٣. محاضرات في تاريخ الأمم الإسلامية الدولة العباسية، مؤسسة المختار (القاهرة:٢٠٠٣).

**محمد سهيل تقوش :**

١٠٤. تاريخ السلاجقة في خراسان و إيران و العراق، دار النفائس، (بيروت:٢٠١٦).
١٠٥. تاريخ الزنكيين في الموصل و بلاد الشام، دار النفائس، (بيروت:٢٠١٠).

**محمد صالح الزيباري:**

١٠٦. سلاجقة الروم في آسيا الصغرى، دار دجلة، (د.م: ٢٠٠٩).

**محمد عابد الجابری:**

١٠٧.فكر ابن خلدون العصبية و الدولة، مركز دراسات الوحدة العربية، (بيروت:١٩٩٤).

**محمد عبدالعظيم أبو النصر:**

١٠٨.السلاجقة تاريخهم السياسي والعسكري، عين للدراسات الأنسانية والأجتماعية، (القاهرة:٢٠٠١).

**محمود اسماعيل:**

١٠٩.مختصر تاريخ أذربيجان، ت: رفيق عليون-رامز مرسالون، مركز الدراسات الأسلامية، (دبي:١٩٩٥)

**محمود خليل:**

١١٠.تاريخ الكرد في عهود الأسلامية، دار الساقي (بيروت:٢٠١٣).

**محمود شاكر:**

١١١.تاريخ الأسلامي-الدولة العباسية، المكتب الأسلامي، (بيروت:٢٠٠٠).

**مسعود احمد مصطفى:**

١١٢.أقاليم الدولة الأسلامية، العيئة العامة لمكتبة الأسكندرية (القاهرة:١٩٩٠).

**مصطفى جواد:**

١١٣.جاوان القبيلة الكوردية، مطبعة المجمعي الكردية، (بغداد: ١٩٧٣).

**مصطفى غالب:**

١١٤.تاريخ الدعوة الأسماعيلية، دار الأندلس،ط٢ (بيروت:١٩٦٥).

**موريس دوڤرجيه:**

١١٥.مدخل الى علم السياسة، ت: جمال الأتاسي-سامي الدوري، دار دمشق (دمشق:د.ت).

**موسى مخول:**

١١٦.الأكراد من العشيرة إلى الدولة، بيسان للنشر (بيروت:٢٠١٣).

**نادية حسنى صقر:**

١١٧.مطلع العصر العباسي الثاني، دار الشروق، (جدة:١٩٨٣).

**نبيلة حسن محمد:**

١١٨.تاريخ الدولة العباسية، دار المعرفة، (الأسكندرية:١٩٩٣).

**نجمان ياسين:**

١١٩.التاريخ الأقتصادي لعصر الرسالة و الراشدين، دار الكتب العلمية (بيروت:١٩٧١).

**نزار محمد قادرالنعيمى:**

١٢٠.الجيش وتأثيراته فى سياسة الدولة الاسلامية منذ تأسيسها حتى سقوط بغداد(١-٦٥٦/٦٢٢-١٢٥٨م)، دار الكتاب الثقافى، (د.م.ت).

**نيكيتا ايليسيڤ:**

١٢١.الشرق لإسلامي في الشرق الوسيط، ت: منصور أبو الحسن، دار الكتب الحديث، (بيروت:١٩٨٦)

**هاشم يحى الملاح:**

١٢٢.المفصل في فلسفة التاريخ، دار الكتب العلمية، (بيروت:٢٠٠٧).

**ويل واريل ديورانت:**

١٢٣.دروس التاريخ، ت: على شلش، دار سعاد الصباح، (القاهرة:١٩٩٣).

١٢٤.قصة الحضارة، ت: زكي نجيب، دار الجيل (بيروت:١٩٩٢).

**ياسر جاسم قاسم:**

١٢٥.القرامطة و العدالة الأجتماعية، دار الكتب الوثائق، (بغداد: ٢٠١٨).

**يوليوس ڤلهوزن :**

١٢٦.تاريخ الدولة العربية من ظهور الأسلام الى نهاية الدولة الأموية، ت: محمد عبد الهادي ابو ريدة، أدارة الثقافة العامة، (القاهيرة:١٩٦٨).

**ب.ژێدەر بە زمانی فارسی**

**احمد كسروى:**

١. شهريارانى گمنام، مؤسسه انتشارات نگاه، چ٢ (تهران:١٣٨٨)

**ايرج افشار سيستانى:**

٢. نگاهى به اذربيجان غربى، مؤسسه انتشاراتى و يموزشى نسل دانش (تهران:١٣٦٩ش).

**پطرشوفسكي:**

٣. كشاورزى و مناسبات ارضى در ايران عهد مغول، تكريم كشاورز، انتشارات نيل، (تهران:١٣٥٥ش).

**تامارا تالبوت ڕايس:**

٤. سلجوقيان در آسياي كهين، ت: رقيه بهزادى، پژوهشگاه علوم انسانى و مطالعات فرهنگى (تهران:١٣٨٩)

**ذبيح الله صفا :**

٥. تاريخ ادبيات ايران، چاپخانه شمشاد (تهران:١٣٨٣ش)چ٢٢.

**ريچارد ن.فرِای :**

٦. عـصر زريـن فرهنـگ ايـران، ت: مسـعود رجـب نيـا، چاپخانـه سروش، (تهـران:١٣٦٣).

**عباس پرويز :**

٧. تاريـخ سـلاجقه و خوارزمشـاهيان، شركـت سـهامى چـپ و انتصـارات كتـاب ايـران، (د.م:١٩٧٣)

**عبد الحسين زرينكوب :**

٨. تاريخ مردم ايران، مؤسسه انتشارات أميرٍ كبير، (تهران:١٩٨٩) مج٢.

**عبدالله غفور:**

٩. تقسـيمات كيشـورى در شرق كردسـتان، چاپخانـەی حاجـی هاشـم (اربيـل:٢٠١٠ز).

**عبد العظيم رضايي:**

١٠.تاريخ ده هزار ساله ايران، چاپ انتشارات اقبال، (تهران:١٣٨١).

**محمد حسن سيراف:**

١١.جغرافيا تاريخى سيراف، چاپخانەی زيبا، (تهران:١٣٣٧).

**واسيلى نيكيتين :**

١٢.كرد و كردستان، ت: محمد قاضى، انتشارات نيلوفر (اورميه :١٩٨٧).

**د. ژێدەر بە زمانی کوردی**

**ئاراس فەریق زەینەل:**

١. دیبلۆماسـیەتی کـورد لـە سـەردەمی بوەیهییەکانـدا، چاپخانـەی کـمال (سـلێمانی:٢٠١٢) .

**ئاکۆ بورهان محەمەد :**

٢. میرنشـینە کوردییەکانـی سـەردەمی عەباسـی، رچاپخانـەی چوارچـرا، (هەولێـر:٢٠٢٠).

٣. فەلسەفەی مێژوو، چاپخانەی رۆشنبیری، (هەلێر:٢٠١٥).

٤. ئابووریـی کوردسـتان لـە سـەردەمی عەباسـیدا، لـە بڵاوکراوەکانـی غـازی، (هەولێـر: ٢٠١٢).

**ئەحمەد محمود لخەلیل:**

٥. مێـژووی کـورد لـە شارسـتانیەتی ئیسـلامیدا، و: زرار عەلـی ، چاپخانـەی پەیوەنـد (سـلێمانی:٢٠١٠).

**ئەولیا چەلەبی :**

٦. کـورد لـە مێـژوی دراوسـێەکانیدا، و: سـعید نـاکام ،چاپخانـەی کـۆری زانیـاری کـورد (بەغـداد:١٩٧٩).

**ئومێد بەهرامی نیا:**

٧. مێـژووی کوردەکانـی جەزیـرە، و: عەبدولڕەحیم مەعرفتـی، بڵاوکردنەوەی پڕۆژەی تیشـک، (ب.ش.چ: ٢٠٠٩).

**ئیحسان نوری پاشا:**

٨. مێـژووی ڕەگ و ڕەچەڵەکـی کـورد، و:حەمـە کەریـم عـارف، چاپخانـەی سایە، (سـلێمانی:٢٠٠٨).

**ارشاك سافراستيان:**

٩. کورد و کوردستان، و: ئەمین شوان، چاپخانەی ئاراس، (هەولێر:٢٠٠٥) چ٢.

**احمد ميرزا ميرزا :**

١٠.بڵاوبونـەوەی ئاینـی ئیسـلام لـە کوردسـتان، و: بورهـان حاتـم گۆمەتاڵـی، نوسـینگەی تەفسـیر (هەولێـر:٢٠١٦).

**أنور الجندي:**

١١.بـەراوردی ئاینـەکان، و: نهـاد جـلال حبیـب اللـە، چاپخانـەی ناریـن (هەولێـر:٢٠١٢).

**حسێن حزنی موکریانی:**

١٢.سەرجەمی بەرهەمەکانی، دەزگای ئاراس، (هەولێر:٢٠٠٧).

**حەسەن ئەرفەع:**

١٣.کـوردەکان، و: سـەردار محمـد، دەزگای چـاپ و پەخشـی سـەردەم، (سـلێمانی:٢٠٠١).

**حەمە کەریم عارف:**

١٤.کـورد لـە ئینسـکلۆپیدیای ئیسـلامدا، و: حەمـە کەریـم عـارف، دەزگای چاپـی سـەردەم، (سـلێمانی:٢٠١٠ز).

**رسول ابراهيم رسول:**

١٥.پێکهاتەکانـی کوردسـتان لـە سـەردەمی عەباسـیدا، چاپخانـەی ناریـن، (هەولێـر:٢٠٢٠).

١٦.کاریگەریەکانـی لەشکرکێشـی هێـزە بیانیـەکان بـۆ سـەر کوردسـتان، چاپخانـەی لەریـا، (سـلێمانی:٢٠١٣).

**ڕەشاد میران:**

١٧.چەند بابەتێکی ئیتنۆ-کۆمەڵایەتی، چاپخانەی خانی، (دهۆك:٢٠١٠).

**ڕەفیق سابیر:**

١٨.ئیمپراتۆریای لم، چاپخانەی زابوون، (سوید:١٩٩٨).

**زرار صدیق تۆفیق:**

١٩.چەنـد لێکۆڵینەوەیـەك دەربـارەی مێـژووی کـورد لـە سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا، چاپخانـەی خانـی، (دهـۆك:٢٠٠٨)

٢٠.کـورد و کوردسـتان لـە رۆژگاری خیلافەتـی ئیسـلامیدا، چاپخانـەی ڕۆژهـەلات، (هەولێـر:٢٠١٢).

٢١.هـۆز و دەسـەڵاتە هۆزەکییـە کوردییەکانـی چاخـی ناوەڕاسـت، و: ئیدریـس عەبدوڵـڵا مسـتەفا، چاپخانـەی هاوسـەر، (هەولێـر: ٢٠١٠).

**سۆران حەمەرەش :**

٢٢.کورد کێیە؟، چاپخانەی yps-publishing، (لەندەن:٢٠١٣).

**شکر الله بابان:**

٢٣.مێژوویی کورد و کوردستان، چاپخانەی شڤان، (هەولێر:٢٠٠٤).

**شوکوڕ مستەفا :**

٢٤.کـورد و کوردسـتان لـە نیـگای چەنـد گەریدەیەکـی ڕۆژئاوایـی، چاپخانـەی ئـاراس، (هەولێـر:٢٠١٠).

**عبد الرقیب یوسف:**

٢٥.دەوڵەتـی دۆسـتەکی لـە کوردسـتانی ناوەڕاسـت، و: ابوبکـر علـی، چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە (هەولێـر:١٩٩٨).

**عرفان مستەفا:**

٢٦.بونی نەتەوەی کورد، چاپخانەی حەمدی (سلێمانی: ٢٠١٨).

**علی عبدالرزاق:**

٢٧.ئیسلام و بنەماکانی فەرمانڕەوایی، و: ئارام حاجی، چاپخانەی تاران، چ٢(سلێمانی:٢٠١٥).

**فوزی عبد سهاونە، موسی عبودە سمحە :**

٢٨.جوگرافیای دانیشتوان، و: هیوا ئەمین شوانی، چاپخانەی موکریانی (هەولێر٢٠٠٩).

**فیلیپ کرێنبروك و کریستییەن ئاڵیسۆن:**

٢٩.کولتوور و ناسنامەی کورد، و: وریا ڕەحمانی، چاپخانەی خانی، (دهۆك: ٢٠٠٨).

**ڤ.ف.مینورسکی :**

٣٠.چەند لێکۆلینەوەیەك لە مێژووی کوردەکان ی قەوقاز، و: عەلی نادر، چاپخانەی تاران، (سلێمانی:٢٠٢١)

**کارل برۆکلمان:**

٣١.مێژوی گەلانی مسولمان، و: عومەر عەلی غەفور، ناوەندی توێژینەوەی جمیل رۆژبەیانی، (سلێمانی:٢٠١٧).

**کامەران عزیز:**

٣٢.هۆکارەکانی سەرهەڵدان و ڕوخانی میرنشینە کوردییەکان لەسەردەمی عەباسیدا، چاپخانەی حاجی هاشم (هەولێر:٢٠١٢).

**کەیوان ئازاد ئەنوەر:**

٣٣.چەردەیەك لە مێژووی کورد، چاپخانەی چوارچرا، (سلێمانی: ٢٠٠٦).

٣٤. کوردستان و کورد لەسەدەکانی ناوەڕاست، چاپخانەی پەنجەرە (تاران:٢٠١٥).

**مارتین ڤان بڕونەسن:**

٣٥. ئاغا و شێخ و دەوڵەت، و: لە ئەڵمانیەوە: کوردۆ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، (سلێمانی:١٩٩٩).

**محمد ئەمین:**

٣٦. خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان لەزۆر قەدیمەوە تا ئەمڕۆ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە (هەولێر:٢٠٠٦).

**محمد جمیل رۆژبەیانی:**

٣٧. مێژووی حەسەنوەیهی و عەییاری، دەزگای رۆشمبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، (هەولێر:ب.س).

**محمد سهیل تقوش:**

٣٨. مێژووی دەوڵەتی عەباسی، و: نهاد جلال، کتێبخانەی نارین (هەولێر:٢٠٠٩).

**محەممەد فەریق حەسەن:**

٣٩. مێنتەلێتیی خێڵ، دەزگای ئاراس، (هەولێر: ٢٠٠٨).

**محەمەد مەحمود مەندەلاوی:**

٤٠. مێژوو وشارستانیەتی کورد، و: محەمەد وەسمان، دەزگای زەهرەت ڕافیدەین، (هەولێر:٢٠٠٩).

**مستەفا جەواد:**

٤١. هۆزی لەبیرکراوی گاوانی و گاوانییە بەناوبانگەکان، و: مامۆستا هەژار، چاپخانەی ئاراس، چ٢ (هەولێر:٢٠٠٨).

**مەلا جمیل رۆژبەیانی:**

٤٢.چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، (هەولێر:٢٠٠٠)

**مەلا مەحموودی بایەزیدیی:**

٤٣.دابونەریتـــی کـــورد، و: شـــکوریە رەســـوول، چاپخانـــەی پەنجـــەرە، (تـــاران:٢٠١٥)

**مەهدی عوسمان حسێن هەروتی:**

٤٤.ڕۆڵـی سـەربازیی کـورد لـە دەوڵـەت و میرنشـینە نـا کوردییـەکان لـە سـەردەمی عەبباسـیدا، چاپخانـەی خانـی، (دهـۆك:٢٠٠٨) .

٤٥.نەهامەتـی و کارەسـاتەکانی کوردسـتان لەسـەدەکانی(٦-٨ك/١٢-١٤ز)، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، (هەلێـر:٢٠١٥).

**موحسین مامل محەممەد:**

٤٦.کوردسـتان لـە کتێبـی تەقویـم ئەلبولدانـی ئەبولفیـدای ئەیوبیـی، چاپخانـەی موکریانـی، (هەولێـر:٢٠١٤).

**موسی محمد خضر:**

٤٧.وێنـــەی کـــورد لـــە ســـەرچاوە مێژوویـــە فارســـییەکاندا،چاپخانەی ڕۆژهـــەلات، (هەولێـــر:٢٠١١).

**مەکیاڤیللی:**

٤٨.میر، و: بەختیار ئەحمەد ساڵح، چاپخانەی گەنج، (سلێمانی:٢٠١٩).

**موحسین موحەممەد حوسێن:**

٤٩.هەولێر لەسەردەمی ئەتابەگیاندا، نوسینگەی تەفسیر (هەلێر:٢٠١٣).

**نەوشێروان مستەفا ئەمین:**

٥٠.کـورد و عەجـەم مێژویـی سیاسـیی کوردەکانـی ئێـران، چاپخانـەی ڕوون، (سـلێمانی:٢٠٠٧).

**نیشتمان بەشیر محەمەد:**

٥١.کورد و سەلجوقییەکان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، (هەولێر:٢٠٠٦).

**هاشم یحیی الملاح:**

٥٢.مێـژووی سـەردەمی پێغەمبـەر و خولەفایـی ڕاشـدین: و:هۆشـیار عبداللـە سـەنگاوی، چاپخانـەی ڕۆژهـەلات (هەولێـر:٢٠١١).

**هەمزە کاکە یاسین:**

٥٣.حلـوان لەسـەردەمی خەلافەتـی عەبباسـی تـا ڕووخانـی میرنشـینی عەننـازی، چاپخانـەی حاجـی هاشـم (هەولێـر:٢٠١٣).

### ج. ژێده‌ر به‌ زمانی ئینگلیزی

1. **Dimand, M. S,** A Handbook of Mohammedan Decorative Arts. The Metropolitan Museum of Arts, (New York: 1930)
2. Lambton: "The Internal structure of the Saljuq Empire", CM-HOI, (Cambridge:1999)
3. Lane Poole: The Muhammadan Dynasties, Publishers to The India, (London:1965)
4. Lapidus, Ira. M: "A History of Islamic Societies", Cambridge, (United Kingdom, 2002), 2nd edition.
5. G. Audisio, Harun ar Rashid, Caliph of Baghdad, N, Abbott, Two Queens of Baghdad, (il Chicago1946) .
6. M.A.Shaban, Islamic History, Cambridge University Press,Vol,2(Cambridge:1976)
7. The Silk Rood : Rood of Pialogue: Hostorical of the silk Rood, (Unisci m 1998).

### د. ژێده‌ر به‌ زمانی فه‌ره‌نسی

8. L. Bouvat, Les Barmecides d,après les historiens arabes et person,( Paris, 1912). Lane Poole: The Muhammadan Dynasties, Publishers to The India, (London :1965)

**چوارەم: نامەی ئەکادیمی بڵاونەکراوە**

**١. بە زمانی عەرەبی**

**جاسم حسن:**

١. المقاومة العربية للتسلط البويهي في العراق و الجزيرة الفراتية، رسالة الماجستير،كلية الآداب-جامعة بغداد، (بغداد:١٩٨٦).

**رضا بن حسين:**

٢. ولاية الجزيرة التحولات الأجتماعية والسياسية من بداية القرن الثاني هجري(الثامن ميلادي)إلى نهاية حكم المعتصم، رسالة دكتوراه، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية-جامعة تونس الأولى، (تونس-٢٠٠٠) .

**رغدة سعيد عابد :**

٣. أبو مسلم الخراساني ودوره في قيام الدولة العباسية، رسالة الماجستير، كلية الدراسات والبعث العلمي-جامعة الخليل، (الخليل:٢٠١٥).

**زنار عبدالسلام عبدالحكيم:**

٤. الترك في كوردستان من القرن ٥-٧هـ/١١-١٣م، رسالة دكتوراه، كلية العلوم الانسانية-جامعة دهوك، (دهوك:٢٠٢٠).

**عادل عاجل روضان القزويني:**

٥. المؤسسات الإدارية البويهية في العراق، رسالة الماجستير، كلية الدراسات العليا-جامعة مؤتة، (الأردن:٢٠١٥).

**عبدالرزاق قنيفي:**

٦. مدرسة التعليم بالمشرق في عهد السلاجقة و الزنكينن، رسالة الماجستير، كلية العلوم الأسلامية-جامعة الجزائر٢بوزريعة، (الجزائر:٢٠١٦).

**عمر خلف عبدالمحسن الزواهرة:**

٧. العـراق خـلال عهـد عضدالدولـة (٦٧-٣٧٢هـ/ ٩٧٨-٩٨٣ز)، رسـالة ماجسـتير، جامعـة آلبيـت، (الأردن:٢٠١٠)

**فهد مطر المطيري:**

٨. التاريـخ الاقتصـادي للدولـة العباسـية في العـصر العبـاسي الثـاني٢٤٧-٣٣٤هــ ، رسـالة دكتـوراه، كليـة الشريعـة و الدراسـات الإسـلامية-جامعة اليرمـوك، (اليرمـوك:٢٠١٦) .

**محمد عبداللة نجم الجميلي :**

٩. الـوزراء والكتـاب للجهشياري(دراسـة تاريخيـة)، رسـالة دكتـوراه، كليـة الآداب-جامعـة بغـدا، (بغـداد:٢٠٠٥).

**محمد نواف عبدربة:**

١٠.واقـع الحيـاة العامـة في العـراق زمـن البويهيـين، رسـالة الماجسـتير، كليـة الآداب-جامعـة الإسـلامية، (غـزة:٢٠١٨).

**محمود ياسين التكريتى:**

١١.الأمـارة المروانيـة في ديـار بكـر والجزيـرة، رسـالة الماجسـتير، كليـة الآداب-جامعـة بغـداد، (بغـداد:١٩٧٠).

**مريزن سعيد مريزن:**

١٢.الحيـاة العلميـة في العـراق في العـصر السـلجوقي، رسـالة دكتـوراه، كليـة الشريعة-جامعـة أم القـرى، (مكـة المكرمـة:١٩٨٥)

**ممدوح محمد حسن:**

١٣.إقليـم الجبـال خـلال العهـد البويهـي و السـلجوقي الأول، رسـالة دكتـوراه،

كليـة الآداب-جامعـة جنوب الـوادي، (سـوهاج-١٩٩٩ز).

**نادية بنت عبد الصمد بنت عبد الكريم:**

١٤.دور العـماء في الحيـاة العلميـة في العـراق خـلال العـصر السـلجوقي(٤٤٧-٩٥٠هـ/١٠٥٥-١١٩٣م)، رسـالة دكتـوراه، كليـة الشريعة-جامعـة أم القـرى، (مكـة:٢٠١٤).

**ناريمان صادق عبدالقادر:**

١٥.الخلافـة العباسـية و عـصر أمـرة الامـراء، رسـالة الماجسـتير، كليـة الشريعة-جامعـة الملـك عبد العزيـز، (مكة المكرمـة-١٩٨٠).

١٦.الدولـة العباسـية في عـصر المعتضـد بالله، رسـالة دكتـوراه، كليـة الشريعة-جامعـة أم القرى، (مكـة المكرمة-١٩٨٨).

**نيشتمان بشير محمد:**

١٧.الأحـوال السياسـية و الأجتماعيـة و لأقتصاديـة الغـربي اقليـم الجبـال خلال القرنـين الرابـع و الخامـس الهجريين/العـاشر و العـادي العـشر الميلاديـين، رسـالة الماجسـتير، كليـة الآداب-جامعـة صـلاح الديـن، (اربيـل:١٩٩٤).

**يوسف فويل:**

١٨.تنظيـمات الجيـش في العـصر العبـاسي الأول، رسـالة الماجسـتير، كليـة العلـوم الاجتماعية-جامعـة بوزريعـة، (الجزائـر:٢٠١٠)

**٢. بە زمانی کوردی**

**سامان عثمان عالی:**

١. کــورد لــە ململانێــی پەراوێــز و ناوەنــدی دەســەڵاتی عەباســیدا لەنێــوان(٣٠٠—٥٠٠ك/٩١٣-١١٠٦ز)، نامــەی ماســتەر، کۆلێــژی ئــاداب-زانکــۆی ســۆران، (ســۆران:٢٠٢٣).

**سۆران بهاء احمد:**

٢. کشــتوکاڵ وخــۆراك لــە هەرێمــی چیــا لــە ســەدەی(چوارەمی کۆچــی/دەیەمــی زایینــی)دا، نامــەی ماســتەر، کۆلێــژی زانســتە مرۆڤایەتیــەکان-زانکــۆی ســلێمانی، (ســلێمانی:٢٠١٤).

**شیما بکر عبدالله:**

٣. بارودۆخــی ئابــووری و کۆمەڵایەتــی لــە هەرێمــی فــارس لەســەدەی(٤-٦ك/١٠-١٢ز)، نامــەی ماســتەر، کۆلێــژی ئەدەبیــات- زانکــۆی ســەڵاحەددین،(هەولێر:٢٠١٧).

**علی عبدالرحمان خدر :**

٤. میرنشــینی دۆســتەکی(مەروانی)لە گۆشــەنیگایی خوێندنــەوەی شارســتانیەتی بــۆ مێژوو(تیــۆری ئیــبن خەلــدون)، نامەیــەی ماســتەر، کۆلێــژی زانســتە مرۆڤایەتیەکان-زانکــۆی ســلێمانی، (ســلێمانی:٢٠١٥).

**نەوزاد خالد رؤوف:**

٥. ململانــێ ناوخۆیەکانــی ناومیرنشــینە کوردیــەکان لــە ســەدەی پێنجــی کۆچــی /یــازدەی زایەنیــدا، نامــەی ماســتەر، کۆلێــژی ئەدەبیات-زانکــۆی ســەلاحەددین، (هەولێــر:٢٠١٤).

**همزه كاكه ياسين:**

٦. كـورد لـه كتێبی(مسـالك الابصـار في ممالـك الامصـار)ی ابـن فضـل اللـة العمـري، نامـەی دكتۆرايـە، كۆلێـژی ئەدەبيات-زانكـۆی سـەڵاحەددين، (هەولێــر:٢٠١٤).

**پێنجەم : توێژینەوەکان**

**یەکەم : بە زمانی عەرەبی**

**إحسان ذنون عبد اللطيف:**

١. الخلافـة العباسـية في عهـد الضعـف بـين فقـدان السـيادة و معـاولات إسـتردادها، مجلـة جامعـة الطيبـة، س٧، ع٢٠، (روتردام-هولنـدا: ١٤٤١).

**أحمد ميرزا ميرزا :**

٢. أشـهر قـادة فتـح كوردسـتان في العـصر الإسـلامي الأول، مجلـة كليـة العلـوم الأسـلامية، مـج٨، ع١٥/٢، (اربيـل:٢٠١٤).

**اری كاكل محمد:**

٣. إبـن بلخـي مؤرخـا مـن خـلال كتابـة (فارسـنامه) ،مجلـة جامعـة كركـوك، مـج١٦، ع١ (كركـوك:٢٠٢١).

**بسمة طه اسماعيل-نعمود عباد محمد:**

٤. أثـر المدرسـة النظاميـة في بغـدا وخريجيهـا عـلى الحركـة العلميـة في العـراق و الجزيـرة الفراتيـة و الشـام، مجلـة آداب الرافديـن، مـج١٣، ع٤٤ (جامعـة التكريـت:٢٠١١).

**حسين أمين:**

٥. الدولة السامانية، مجلة مؤرخ العرب، ع١٥، (بغداد:١٩٨٠).

**حيدر خضير مراد لفته:**

٦. الأمير بدر بن حسنوية(ت٤٠٥هـ/١٠١٤م)سيرته ودوره السياسي في العصر البويهي، مجلة جامعة كربلاء العلمية، مج١٦، ع٤، (كربلاء:٢٠١٨)

**حيدر ناظم:**

٧. حركة البساسيري (ت٤٥١هـ/١٠٥٩م)،مجلة جامعة كربلاء العلمية، مج١٦، ع٤ (كربلاء:٢٠١٨).

**رضا رافع:**

٨. ظاهرة الشعوبية في العصر العباسي، مجلة المدونة، ع٤، (الجزائر:٢٠١٥).

**سهاد نصيف جاسم:**

٩. مقومات النشاط الاقتصادي في الجزيرة الفراتية خلال القرنين السادس و السابع الهجريين الزراعة أنموذجاً، مجلة دراسات الموصلية، ع٦٣، ق١، (الموصل:٢٠٢٢)

**شمال حميد محمد-زرار صديق توفيق:**

١٠.هۆكارە ناوخۆییەكانی لە ناوچونی میرنشینەكانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی لە سەدەكانی سێیەم و چوارەمی كۆچی/نۆیەم و دەیەمی زایینی، گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتییەكان، ژ٣، (زاخۆ:٢٠١٩).

**شيماء سيد كامل محمد:**

١١.أتابكة الشبنكاره في شرق فارس، مجلة المؤرخ العربي، ج١، ع٢٧ (د.م:٢٠١٩).

**طارق فتحي سلطان الدليمي :**

١٢.أبومسلم الخراسانى(١٠٠-١٣٩هـ/٧١٨-٧٥٥م) دراسة تاريخية تحليلية،

مجلة جامعة موصل، مج٢، ع٣ (موصل:٢٠٠٥).

**ظاهر نباح الشمري:**

١٣.محلات الحلة القديمة، مجلة جامعة بابل، مج١٥، ع٤، (بابل:٢٠٠٨).

**عبد الستار نصيف جاسم:**

١٤.إقليم خراسان دراسة في نشاطه التجاري من خلال كتب البلدانيين، مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية، مج٧، ع١ (جامعة بابل:٢٠١٧).

**عبد الكريم عبده حتاملة:**

١٥.دور الخليفة المسترشد بالله قي مواجهة نفوذ السلاجقة، مجلة جامعة أم القرى، ع١٨(مؤتة:١٩٩٨).

**عطا عبدالرحمان-صلاح كانبي -شوان عثمان:**

١٦.الصراع داخل الاسرة البويهية ودور إمارتي بني حسنوية وبني عناز فيها، مجلة كلية التربية، ع٤٠ (واسط:٢٠٢٠).

**على بن صالح بن على المحيميد:**

١٧.إمارة بني حسنويه الاكراد و علاقتها بالدولة البويهية، مجلة تاريخ العربي، ع٢٧ (الرياض:٢٠٠٣).

**عمر أحمد سعيد-وجدان عبد الجبار حمدي:**

١٨.الإمارة العقيلية في الموصل ودورها في التصدي للبويهيين، مجلة دراسات الموصلية، ع٣٩ (موصل:٢٠١٣).

**عمر أحمد سعيد:**

١٩.الإمارة الحمدانية في الموصل و دورها التصدي للبويهيين، مجلة دراسات الموصلية، ع٤٦ (موصل:٢٠١٧).

٢٠.باد الكوردي أبو عبدالله الحسين بن دوستك وصراعاتة مع الأمير البويهي عضد الدولة وأولاده، مجلة اداب الرافدين، ع٨١ (موصل:٢٠٢٠).
٢١.إمارتا العيشانية وديسم الكردي في إقليم أذربيجان، مجلة جامعة الموصل، مج١٣، ع٢(الموصل:٢٠١٤).
٢٢.العلاقات السياسية بين العقيليين و البويهيين، مجلة إضاءات الموصلية، ع٨٧ (موصل:٢٠١٧).

**محمد عيساوي :**

٢٣.العصر العباسي الثاني بين سلطة النفوذ التركي و الزحف الزنجي، مجلة الجزائرية للدراسات التاريخية، مجلة الجزائرية للدراسات التاريخية و القانونية، ع٤، ج٢ (الجزائر:٢٠١٧).

**محمد نزار الدباغ:**

٢٤.بنو الرواد الموصليون و دورهم السياسي في أذربيجان خلال القرنين(٤-٥هـ/١٠-١١م)، مجلة دراسات موصلية، ع٤٦ (الموصل:٢٠١٧).

**محمود ياسين التكريتي :**

٢٥.الدور السياسي للقبائل العربية في الشام و الجزيرة الفراتية منذ منتصف القرن الرابع الهجري، مجلة اداب الرافدين، ع٧ (الموصل:١٩٧٦).

**نافع توفيق العمود :**

٢٦.جهود الخلافة للتحرر من النفوذ السلجوقي خلال القرن السادس الهجري، مجلة المورد، مج١٩، ع١ (بغدا:١٩٩٠).

**نورة بنت إبراهيم الظوبهر :**

٢٧.الأبعاد التاريخية لعداء الفرس للعرب من ظهور الاسلام حتى العصر العباسي، مجلة عصور، مج١٧، ع٢ (السعودية:٢٠١٨).

**دووەم: بە زمانی کوردی**

**ئاکۆ بورهان:**

١. بـازاڕی شـارە کوردییـەکان لەسـەردەمی عەباسـیەکاندا، گۆڤـاری مێـژوو، ژ١١، (هەولێـر:٢٠٠٩).

**ئەبوبەکر دێوانە حەمەد و موسا محەممەد خزر:**

٢. هـۆکاری ڕاپەڕینـی خەڵکـی ڕۆژهەڵاتـی ئیسـلامی دژی خیلافەتـی عەباسـیی، گۆڤـاری توێـژەر، ب٣، ژ٣ (سـۆران:٢٠٢٠).

**حكيم احمد مام بكر-حسين شاكر شريف:**

٣. کـورد و ناوچـە کوردنشـینەکان لـە کتێبـی (المسـالك و الممالـك)ی (الاصطخـري)، مجلـة العلـوم الانسـانية لجامعـة زاخـو، ژ٥، (زاخـۆ:٢٠١٧).

**رسول ابراهيم رسول:**

٤. سیسـتەمی کارگێـری کوردسـتان لـە مـاوەی نێـوان سـەدەکانی (٤-٨ك/١٠-١٤ز)دا، گۆڤـاری زانکـۆی ڕاپەڕیـن، ژ١، (ڕانیـە:٢٠١٤).

٥. زیادبونـی قەبـارەی دانیشـتوانی ناوچـە کوردنشـینەکان لەسـەردەمی عەبباسـیدا(١٣٢-٦٥٦ك/٧٤٩-١٢٥٨ز)، گۆڤـاری زانکـۆی ڕاپەریـن، ژ٩، ب٣ (ڕانیـە:٢٠٢٢).

**زرار صديق تۆفيق:**

٦. میـر هـەزار ئەسـپ کـوڕی بەنگێرکـوڕی عەیـازی کـورد، گۆڤـاری زانکـۆی سـلێمانی، ژ٨، بB (سـلێمانی:٢٠٠١).

**شاکر رضا:**

٧. سـەلجوقییەکان سـەرهەڵدانیان و پەیوەندیـان بەخەلافـەت و کـورد،

گۆڤـاری مێـژوو، ژ٢٢، (هەولێـر:٢٠١٢).

**کامەران عزیز عبدالله :**

٨. جەدەلـی کەنـارو سـەنتەر لـە مێـژووی کـورددا، گۆڤـاری توێـژەر، ژ١، ب٣ (سـۆران:٢٠٢٠).

**کەیوان ئازاد -عەلی عبدالرحمان:**

٩. دەمارگیـــری دۆســـتەکی و هەنگاوەکانـــی بـــەرەو دەســـەڵات لـــە گۆشـە نیگایـی ئیـبن خەلدوونـەوە، مجلـة جامعـة التنميـة البشريـة، مـــج٤، ع٢، (د.م:٢٠١٨).

**م.س.لازاريف:**

١٠.چەنـــد کێشـــەیەکی دیمۆگرافـــی و مێـــژووی سیاســـی و پەیوەنـــدی کۆمەڵایەتـــی و ئابـــووری کـــورد، وەرگێرانـــی لـــە روســـیەوە:کاوێس قەفتان،گۆڤـــاری کـــۆڕی زانیـــاری عێـــڕاق دەســـتەی کـــورد، بەرگـــی ١٦و١٧ (بەغـــداد:١٩٨٧).

**محەمەد شوانی :**

١١.ڕۆڵـی چینـی ناوەنـد لـە پێکەوەنانـی ناسـنامەی نەتەوەییـدا ، گۆڤـاری زانکۆی سـلێمانی، ژ٣٢، بB (سـلێمانی:٢٠١١).

**مەهدی عوسمان هەروتی:**

١٢.کـورد و دیـاردەی کـۆچ کـردن لـە سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا، گۆڤـاری نێودەوڵەتـی ljoks، ژ٣/٢ (ئامـەد:٢٠١٦).

**نەریمان عبدالله علی**

١٣.ڕەهەنـدە سیاسـییەکانی فتوحاتـی ئیسـلامی لـە ناوچـە کوردیەکانـدا،

گۆڤـاری زانکـۆی سـلێمانی، ژ٤٩، بB (سـلێمانی:٢٠١٦).

**نیشتمان بشیر محمد:**

١٤.المصاهـرات السياسـية بـين خلفـاء العباسـيين وسـلاطين السـلاجقة، گۆڤـاری زانکـۆ بـۆ زانسـتە مرۆڤایەتیـەکان، ب٢٠، ژ٦ (اربیـل:٢٠١٦).

**شەشەم: پەیپەر و کۆنفرانس**

**١٥.مەهـدی عوسـمان هەروتـی:** نادیاریـی مێـژووی کۆیـە لـە سـەرچاوەکانی سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا، کۆنفرانسـی نێودەوڵەتـی، بڵاوکـراوەی ژمـارە١٨ (کۆیـە:٢٠١٩).

## Summery

A part of history refers to the various conflicts among nations and ethnicities, and then leads to huge wars and battles in order to solve the problems and take over the targets. The conflicts cause different geographical effects on political, economical and social situations; the effects lead to a new situation that differs from the nature of the previous one. Humans as a social being have always contemplated for his needs in life. Hence, Kurdish residencies have always been the centre of nations' conflicts because of the strategical location of the area. This thesis is under the title of "Kurds in the Conflicts Among Abbasid Caliphate's Ethnicitie". The study contains an introduction, three sections, reference's list, appendix and a summary. First section includes: the ethnicities historical background, the reasons of the conflict and competition in Abbasid caliphate. The first section also incudes two sub-sections. First one contains different nations historical backgrounds such as Arabs, Persians and Turkish till their power in the Abbasid caliphate, Kurdish are included in the issue as well; second one contains the main reasons of those conflicts. Second section contains the conflicts among the authority ethnicities in Abbasid caliphate and the role of Kurdish in those conflicts. This section is also divided into two sub-sections. First one includes: the conflicts of Bwayhy and Abbasid Caliph, Arabic forces, Bwayhy and Persian forces, and the role of Kurds in those conflicts;

second one contains the conflicts of ethnicities at the time of Seljuk Empire, the Seljuk Empire conflicts with other ethnicities, Seljuk family conflicts and the role of Kurds in those conflicts to the downfall of Seljuk power. Section three is specialized to the reflection of ethnicities conflicts on Kurdish residencies. This section is divided into three sub-sections. First one contains the effects of those conflicts on Kurdish politics and military. Second one includes economical consequences of the conflicts on Kurdistan. The last one contains the social consequences on Kurdish society including: demographic, culture and identity. Finally, this thesis analyzes all the reasons of those conflicts and their effect on Kurdish reside

# ناسنامەی دەستە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەری کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.